PDF 4 KURD

غەزەلنووس

# فەرهەنگی زاراوەکانی
# ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان

د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

PDF 4 KURD

غەزەلنووس

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی
ناوەندی **غەزەلنووس**- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرەی کتێب ٧١

# فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان

د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

- بەرگ: باسم ڕەسام
- نەخشەسازیی ناوەوە: سینا حەکیمزادە
- چاپ: یەکەم- ٢٠١٥
- چاپخانە: تاران
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٩٠٠٠ دینار
- بڵاوکار: ناوەندی **غەزەلنووس**- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ١٣٠٣ی ساڵی ٢٠١٥ی پێ دراوە.

# فەرهەنگی زاراوەکانی
# ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان

د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

# ناوەڕۆک

پێشەکی ١٣
بایەخی زاراوە لە ڕەخنە و زانستە مرۆڤایەتییەکاندا ١٧

(ئا)
ئاپۆریا ..... ٢٩
ئاتیزم ..... ٣٠
ئارکیۆلۆجیا ..... ٣٢
ئایدیۆلۆجیا، ئایدیۆلۆژی ..... ٣٤
ئەدەبی بەراوردکاری ..... ٣٧
ئارگۆمێنت ..... ٤٢
ئەفسانە ..... ٤٤
ئەفسانەی ئەدۆنیس و ڤینۆس ..... ٤٨
ئەکادیمیزم ..... ٥١
ئەنترۆپۆلۆژی ..... ٥٤
ئیتنۆلۆژی ..... ٥٧
ئیتنۆگرافی ..... ٥٩
ئەویدی ..... ٦١
ئیپستیمۆلۆژیا ..... ٦٣
ئیپیکۆریزم ..... ٦٩
ئیتمۆلۆجی ..... ٧٣
ئیرۆتیکا و ئیرۆتیزم ..... ٧٤
ئیستاتیکا ..... ٧٦
ئیکۆلۆجی ..... ٨٠

PDF 4 KURD

ئینسایكلۆپیدیا ........................................................... ٨١
ئۆریجیناڵ ........................................................... ٢١٠
ئۆریێنتالیزم ........................................................... ١٦٦
ئیندیڤیدوالیزم ........................................................... ١٢٤
ئیلیێت ........................................................... ١٨١

(ب)

بالاد ........................................................... ٨٢
باوكسالاری ........................................................... ٨٣
بونیادگەری ........................................................... ٨٧
بونیادگەریی پێكهێنەرانە ........................................................... ٩٢
بۆگێڕەوە ........................................................... ٩٧
بیۆگرافیا و ئۆتۆبیۆگرافی ........................................................... ١٠١

(پ)

پارادیگم ........................................................... ١٠٥
پراگماتیزم ........................................................... ١٠٧
پەخشانەشیعر ........................................................... ١٠٩
پەرناسیزم ........................................................... ١١٣
پەیگانیزم ........................................................... ١١٥
پۆرنۆگرافی ........................................................... ١١٦
پۆزیتیڤیزم ........................................................... ١١٩
پەتریاركی ........................................................... ٨٣

PDF 4 KURD

(ت)


تاکگەرایی ........................................ ١٢٤
تریلۆگی ........................................ ١٢٦
تۆتالیتاریزم ........................................ ١٢٨
تۆتەمیزم ........................................ ١٣٢
تیشکۆسازی ........................................ ١٣٤
تێرمینۆلۆجی ........................................ ١٣٧
تێما ........................................ ١٤١
تیۆری ئەدەبی ........................................ ١٤٣
تیۆری ڕەنگدانەوە ........................................ ١٤٧
تیۆری وەرگرتن ........................................ ١٥٠


(ج)


جێندەر ........................................ ١٥٥


(چ)


چیرۆکبێژ ........................................ ١٥٩


(خ)


خۆرهەڵاتناسی ........................................ ١٦٦
خۆرئاواناسی ........................................ ١٧١


(د)


داهێنان ........................................ ١٧٨
دەستەبژێر ........................................ ١٨١

PDF 4 KURD

دەقاویزان ........................................................................ ١٨٩
دەقی کراوە ........................................................................ ١٨٥
دوالیزم ........................................................................ ١٩٤
دابڕانی ئیپستیمۆلۆژی ........................................................................ ٦٣
دیاکرۆنی ........................................................................ ٢٣٦

(ر)

ڕەخنەی ئەدەبی ........................................................................ ١٩٥
ڕەخنەی ڕۆشنبیری ........................................................................ ٢٠٠
ڕەخنەی فێمینیستی ........................................................................ ٢٠٥
ڕەسەنایەتی ........................................................................ ٢١٠
ڕۆشنگەری ........................................................................ ٢١٣
ڕۆمان ........................................................................ ٢١٨
ڕیالیزمی سیحری ........................................................................ ٢٢٣
ڕەخنەی سۆسیۆلۆژی ........................................................................ ٢٥٧
ڕەخنەی سایکۆلۆژی ........................................................................ ٢٤١

(ز)

زانستی میتۆد ........................................................................ ٣٧٦
زانستی گێڕانەوە ........................................................................ ٣٨٥
زانستی زاراوە ........................................................................ ١٣٧

(ژ)

ژانرە ئەدەبییەکان ........................................................................ ٢٢٧

PDF 4 KURD

(س)


ساتیر ........................................ ٢٣٢
سادیزم ........................................ ٢٣٤
سانکرۆنی ........................................ ٢٣٦
سایکۆلۆژی ........................................ ٢٣٨
سایکۆلۆژیای ئەدەب ........................................ ٢٤١
سەرمایەی ڕۆشنبیری ........................................ ٢٥٠
سۆسیۆلۆژی ........................................ ٢٥٣
سۆسیۆلۆژیای ئەدەب ........................................ ٢٥٧
سۆسیۆلۆژیای زمان ........................................ ٢٦٦
سۆسیۆلۆژیای شارنشینی ........................................ ٢٧٠
سۆسیۆلۆژیای گوندنشینی ........................................ ٢٨٥
سۆسیۆلۆژیای زانین ........................................ ٢٩٢
سۆسیۆلۆژیای مەعریفە ........................................ ٢٩٢
سیاق ........................................ ٣٤٧
سیمبۆلیزم ........................................ ٢٩٩
سیمیۆلۆژیا ........................................ ٣٠٣


(ش)


شەپۆلی هۆش ........................................ ٣٠٧
شێوازگەری ........................................ ٣١٣
شێوەگەری ........................................ ٣١٧
شیعری ئازاد ........................................ ٣٠٩

(ف)

فاشیزم ........................................ ٣٢١
فەنتازیا ........................................ ٣٢٣
فینۆمینۆلۆژی ........................................ ٣٢٧
فۆرمالیزم ........................................ ٣١٧
فرانکفۆرت ........................................ ٣٣٥

(ق)

قوتابخانەی ئەنالیس (حەولییات) ........................................ ٣٣١
قوتابخانەی فرانکفۆرت ........................................ ٣٣٥
قوتابخانەی کۆنستانس ........................................ ٣٣٨

(ڤ)

ڤینۆس ........................................ ٤٨

(ک)

کاریزما ........................................ ٣٤٠
کەرنەڤاڵ ........................................ ٣٤٤
کۆنتێکست ........................................ ٣٤٧
کۆمیونیتی ........................................

(گ)

گرووپ ........................................ ٣٤٩
گرێی ئۆدیپ ........................................ ٣٥٠
گرێی ئەلیکترا ........................................ ٣٥٣
گرێی ئەنتیگۆنا ........................................ ٣٥٦



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

گرێی ئۆریست ........................................ ٣٥٦
گرێی گریزلدە ........................................ ٣٥٧
گرێی دیانا ........................................ ٣٥٧
گرێی میدیا ........................................ ٣٥٨
گرێی نێرینەیی ........................................ ٣٥٥
گرێی مێینەیی ........................................ ٣٥٥
گرێی ناپلیۆن ........................................ ٣٥٨
گرێی قابیل ........................................ ٣٥٦
گنۆسیەت ........................................ ٣٥٩
گوتار ........................................ ٣٦٣

(ل)
لۆگۆس ........................................ ٣٧٠

(م)
ماسۆشیزم ........................................ ٣٧٢
مۆنۆتیزم ........................................ ٣٧٤
میتۆدۆلۆجی ........................................ ٣٧٦
مێژووی ئەدەبی ........................................ ٣٨١

(ن)
ناراتۆلۆجی ........................................ ٣٨٥
نۆرم ........................................ ٣٨٩
نۆستالجیا ........................................ ٣٩١
نەرسیزم، نێرگسیزم ........................................ ٣٩٢

PDF 4 KURD

(ه)
هەڵوەشاندنەوەگەری ........................................ ٣٥٤
هێرمینیۆتیکا ........................................ ٣٩٨
هیومانیزم ........................................ ٤٠٢

(و)
وێنەی شیعری ........................................ ٤٠٦

(ی)
یۆتۆپیا ........................................ ٤١٠

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی ........................................ ٤١٥
سەرچاوەکان بە زمانی فارسی ........................................ ٤٢٤
سەرچاوەکان بە زمانی کوردی ........................................ ٤٢٥
زاراوەکان بەپێی پیتی ئینگلیزی ........................................ ٤٢٧
سیڤی و بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر ........................................ ٤٣٣

PDF 4 KURD

## پێشەکی

لە فەرهەنگسازی و کولتووری عەرەبیدا، بۆ فەرهەنگی زاراوەکان سێ وشە بەکار دەهێنرێن: (القاموس) و (المعجم) و (الموسوعة). ئێمە لە کوردیدا هەمووی هەر بە (فەرهەنگ) ناودەبەین، یان ڕاستتر بۆ قامووس و موعجەم هەر فەرهەنگ بەکار دەهێنین کە بە ئینگلیزیش Dictionary بەکار دەهێنرێت، ئەو زانستەیشی کە لە فەرهەنگسازی دەکۆڵێتەوە پێی دەوترێت زانستی فەرهەنگ (لێکسیکۆلۆجی Lexicology) بە عەرەبی: "علم المعجم"، جگە لە مەوسوعە کە دەیکەین بە (ئینسایکلۆپیدیا Encyclopedia) و ئەمەش وشەیەکی ئینگلیزی و بە بنەچە گریکی و یۆنانییە، لە کاتێکدا جیاوازی هەیە لە نێوان قامووس وموعجەم و مەوسوعە، قامووس بریتییە لە مانای وشە بە وشە، واتە مانای وشەیەک یان زاراوەیەک بەیەک وشە یان دوو وشە دەبرێت، مەوسوعەش بەرینتر و فراوانترە و لەوێدا هەموو شتێک دەربارەی زانستەکان دەخرێتە ڕوو، بەڵام لە موعجەمدا مانای زاراوەیەک بە چەندین وشە و ڕستە دیاری دەکرێت و بگرە هەندێجار چەندین لاپەڕەش دەگرێتەوە، کە ئێمە لێرەدا ئەو ڕێگەیەمان بەکارهێناوە.

ئەم کتێبەی ئێمە لە ڕاستیدا فەرهەنگە بە مانای موعجەم، واتە ئەمە موعجەمی زاراوەکانە، چونکە زاراوەسازی، یان فەرهەنگی زاراوەکان، یان تێرمینۆلۆجی Terminology بریتییە لە پێشکەوتنێکی سروشتیی فەرهەنگسازی، کە لێرەدا فەرهەنگسازی بە مانای زانستی فەرهەنگ

PDF 4 KURD

Lexicology دێت، بۆیە لێرەدا هەوڵم داوە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاسان مانای زاراوەکان ڕوون بکەمەوە و شیکردنەوەیان بۆ بکەم. بۆ هەریەکێک لەم زاراوانەش هەندێ کتێب و موعجەمم وەک سەرچاوە بۆ خوێندوونەتەوە، تا بتوانم بە شێوەیەکی ڕوون و ئاسان و چڕ، ناوەڕۆکی زاراوەکان بخەمە ڕوو. لە کۆتایی هەر زاراوەیەکیشدا ناوی سەرچاوەکانم نووسیوە، تا خوێنەر ئەگەر بیەوێت، زانیاریی زیاتری دەست بکەوێت، بگەڕێتەوە بۆیان، یان ئاگاداری ئەو سەرچاوانە بێت کە من پەنام بۆ بردوون.

لە نێوان دەیان کتێب و سەدان زاراوەدا ئەم زاراوانەم هەڵبژاردوون، بێگومان چەندین زاراوەی دیکەی گرنگ ماون، زاراوەی دیکە ئێجگار زۆرن و لە ڕاستیدا ئەم کتێبەی ئێمە پرۆژەیەکە تەواو نابێت. لەم فەرهەنگەدا هەوڵم داوە ئەو زاراوانە هەڵبژێرم کە تا ئەندازەیەکی زۆر هاوبەشن لە نێوان ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی و سەرجەم زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکانی تردا. هاوبەشیی زاراوەکانیش لەوێوە هاتووە کە لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا هاوکاری و بەنێویەکداچوونێکی زۆر لە نێوان زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، ئێمە لە ساڵی ۲۰۱۱دا کتێبێکمان لە بەرێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی چاپ کرد بە ناونیشانی (فەرهەنگی زاراوەی ئەدەب و ڕەخنە) و لەوێشدا هەمان ڕێچکەمان لە هەڵبژاردنی زۆربەی زاراوەکاندا گرتبوو، لێرەدا زاراوەکانی ئەو کتێبە و کۆمەڵێ زاراوەی دیکەی بڵاوکراوە و بڵاونەکراوە، بە شێوەیەکی ڕێکتر و بەپێی ڕێکخستنی پیتی هیجایی کوردی، دانراون، هەروەها لەوێدا پێشەکییەکمان دەربارەی بایەخی زاراوە نوسیبوو، لێرەشدا جارێکی تر لە گرنگیی زاراوە لە ڕۆشنبیریی کوردیدا دواوین.

هەندێ لە زاراوەکان هەم بە وشە کوردییەکەی باو و ناسراون، هەم بە وشە ئینگلیزی و یۆنانییەکەی، بۆیە لە فیهرەستدا بە هەردوو شێوەکە دامانناوە، تا خوێنەر ئاسانتر بتوانێت ئەو زاراوەیەی بە وشە ئینگلیزی، یان کوردییەکەی بۆی دەگەڕێت، لێرەدا دەستی بکەوێت، بۆ نموونە زاراوەی (سیمبۆلیزم- هێماگەری) هەم لە پیتی (س)دا دامانناوە هەم لە پیتی (ه)، هەروەها زاراوەی (ئۆرێنتالیزم- خۆرهەڵاتناسی) لە پیتی (ئا) و (خ)یشدا دەدۆزرێنەوە، دیسان زاراوەی (ئیلیت-دەستەبژێر) لە هەردوو پیتی (ئا) و (د)دا دەبینرێن، کە ژمارەی هەمان لاپەڕەیان لەسەرە.

ئەو زاراوانەی لەم کتێبەدا خراونەتە ڕوو، زۆربەیان لە پاشکۆی (ڕەخنەی چاودێر)ی ڕۆژنامەی (چاودێر)دا بڵاوکراونەتەوە، کە پێشتر لەگەڵ سەرپەرشتیار و نووسەرانی ئەو پاشکۆیەدا و بەپێی داواکاریی ئەوان، ڕێککەوتبووین گۆشەیەک بۆ زاراوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان بکەینەوە؛ ئەم فەرهەنگەش بەرهەمی ئەو کۆششە هاوبەشەیە.

ئەم هەوڵەی ئێمە، لەو هەستکردنەوەیە بە پێداویستیی گرنگیدان بە زاراوە؛ کە هیوادارم ببێتە سەرچاوەیەک بۆ سەرجەمی خوێنەران و بۆ خوێندکارانی زانکۆ و خوێندنی باڵا، هاوکات بتوانێت گفتوگۆیەکیش دروست بکات و بابەتی دیکە بورووژێنێت، چونکە مانا و دەلالەتی زاراوەکان لە بنەڕەتدا هەڵگری مانای فرەڕەهەند و فرەلایەنن، ئەمە جگە لەوەی ئەم زاراوانەی من هەڵم بژاردوون و ناساندوومن، لە کەموکورتی بەدەر نین. ئەگەرچی وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، بۆ هەریەکێک لەم زاراوانە ژمارەیەک کتێب و فەرهەنگی ئەدەبی و زانستە مرۆڤایەتییەکانم بۆ خوێندوونەتەوە و کردوومن بە سەرچاوە، لەگەڵ ئەوەشدا مومکینە تۆی خوێنەر، یان تۆی پسپۆڕ لەم بوارەدا قسەی ترت هەبێ و ئاڕاستەی تر لەم زاراوانەدا بهێنیتە ئاراوە و

دەرگای تر بۆ گفتوگۆ بکەیتەوە، کە دواجار ئامانجی ئەمانە بۆ دەوڵەمەندکردنی مانای زاراوەکانە و بۆ تێگەیشتنێکی فراوانترە لێیان.

لێرەدا دەبێ ددان بەوەشدا بنێین کە مەسەلەی زاراوەکان مەسەلەیەکی ئاڵۆز و پڕ لە ئیشکالیەتە، هیچ توێژەرێک توانای زانستیی هەرچەندێک بێت، بە تەنها ناتوانێت ئەو ئاڵۆزییانە بکاتەوە و ئەو ئیشکالیەتانە یەکالا بکاتەوە، ئەمە پێویستی بە هاوکاری و کۆششی ژمارەیەک توێژەری پسپۆڕ هەیە کە پێویستە وەک گرووپ کاری بۆ بکەن، بە ئامانجی ئەوەی بگەنە مانایەکی گشتی و زانستی بۆ هەر زاراوەیەک.

هیوادارم لە کولتووری کوردیدا بایەخی زیاتر بە فەرهەنگی زاراوەکان بدرێت و کتێبی زیاتر لەو بوارەدا چاپ بکرێن.

د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

سلێمانی

نیسانی ٢٠١٤

PDF 4 KURD

## بایەخی زاراوە
## لە ڕەخنەی ئەدەبی و زانستە مرۆڤایەتییەکاندا
### دەروازەیەک

ئەمڕۆ فەرهەنگی زاراوەکان لە ئاستی جیهاندا بە ئەندازەیەکی زۆر گەشەیان کردووە، هەم لە لایەنی تەکنیکی چاپ و هەم لە لایەنی بایەخدان بە زاراوە، بە قەبارەی زۆر بچووک و فەرهەنگی گیرفانیش چاپ دەکرێن تا مرۆڤ لە هەر شوێنێکدا و بۆ هەر جێگەیەک بچێت پێی بێت؛ هەروەک بە قەبارەی زۆر گەورە و بە چەند بەرگ و چەند هەزار لاپەڕەیش چاپ دەکرێن. بێگومان ئەم پێشکەوتنەی فەرهەنگی زاراوەکان پێی گەیشتووە، مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و لەوەتەی فەیلەسووف و بیرمەندان هزری مرۆڤایەتییان پەرە پێداوە، لەتەکیدا بایەخیان بە زاراوە و فەرهەنگی زاراوەکان داوە.

زاراوە بەرهەمی ئەو وشانەیە کە لە بواری کایە زانستی و مەعریفییەکاندا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، هەروەک بەرهەمی ئەو وشە و موفرەدە و واژانەشە (التلفظ) کە بیرمەندێک لە بوارێکی هزریدا دای دەهێنێت، ئیدی وشە لە مانا زمانەوانییەکەیەوە دەگۆڕدرێت بۆ مانا فەرهەنگی، یان زاراوەییەکەی، بۆیە زۆر جار هەموو زاراوەیەک بە مانا زمانەوانییەکەی و بە مانا فەرهەنگییەکەیشی شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی بۆ دەکرێت لە پێناو خستنەڕوویەکی زیاتری ئەو زاراوەیە.

وشە سیفەتێکی گشتیی لە زماندا هەیە، هەموو خەڵکی بەکاری دەهێنن و گوزارشتی پێدەکەن، بەڵام زاراوە سیفەتێکی تایبەتیی هەیە، بەزۆری زاناکان و پسپۆڕانی بوارێکی تایبەتی بەکاری دەهێنن، هەر

PDF 4 KURD

وەکو خوێنەران و نووسەران و ڕۆشنبیران و سیاسەتمەداران بە فۆرمی جیاجیا بەکاری دەهێنن؛ واتە زاراوە مانا زمانەوانییەکەی لە دەست نادات، ئەگەرچی گۆڕانکاریشی بەسەردا دێت. ئیدی لێرەدا زاراوە هەڵگری هەردوو مانای زمانەوانی و فەرهەنگیشە، بەو پێیەی زاراوە لە منداڵدانی وشەوە دێتە دەرێ و مانای هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، بەڵام مانا فەرهەنگییەکەی زاڵتر دەبێت. زۆر جاری تریش ئەو زاراوەیە لە وشە بنەماییەکە جیادەبێتەوە و تایبەتمەندیی خۆی دەبێت و تەنانەت هەندێجار لە واژەی وشەکەیش جیاواز دەبێت.

**تایبەتمەندییەکانی زاراوە**

زۆربەی زانایانی بواری زاراوەناسی یان زاراوەسازی (تێرمینۆلۆجی Terminology)هەندێ مەرج و تایبەتمەندی بۆ زاراوە دادەنێن تا بە شێوەیەکی باشتر ڕۆڵی هەبێت، بە گشتی دەتوانین تایبەتمەندییەکانی زاراوە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

**یەکەم:** دەبێت زاراوە واژەیەک بێت، نەک دەستەواژە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بەکار بهێنرێت و بناسرێتەوە.

**دووەم:** دەبێ زاراوە مانایەکی دیاریکراو و ڕوونی هەبێت تا هاوواتا نەبێت لەگەڵ زاراوەیەکی دیکە کە لە ڕووی واژەوە نزیک بن لە یەکدی.

**سێیەم:** دیسان پێویستە پەیوەندییەکی کەم هەبێت لە نێوان مانای زمانەوانی و مانای فەرهەنگیی زاراوەکە، ئەگەرچی لە هەندێ ڕووەوە مانای هاوبەش کۆیان دەکاتەوە. ئەمە بۆ ئەوەی مانا فەرهەنگییەکە زاڵتر بێت نەک مانا زمانەوانییەکە و ئەمەش سروشتی زاراوەی زانستییە.

**چوارەم:** پێویستە زاراوە دوور بێت لە وشە و واژەی قورس کە نەچێتە سەر زمان یان بە زەحمەت واژە بکرێت.

PDF 4 KURD

**پێنجەم**: دەبێ زاراوە سەر بە کایەیەکی زانستی و مەعریفی بێت و بتوانێت بە ئاسانی هزری ئەو کایەیە ڕوون بکاتەوە، بێ ئەوەی ڕێگری بکات لە چوونە نێو کایەیەکی ترەوە.

ڕەخنەی ئەدەبی وەک بەشێک لە زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان

ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی، بەشێکن لە زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، جا لەبەر ئەوەی ئەم زانستانە بەردەوام دەگۆڕێن و پێشدەکەون و چەمک و زاراوە و تیۆری تازەیان دێتە ناو، ئەم گۆڕانکارییانە بە شێوەیەکی ئاسایی کاریگەری لەسەر چەمک و تیۆر و زاراوەکانی ڕەخنەی ئەدەبیش بەجێ دەهێڵن، بەو پێیەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە بە زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکانی وەک سۆسیۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا و مێژوو و فەلسەفە و ئیستاتیکا و ئیپستیمۆلۆژیا و زانستی زمان و ئاڕاستە نوێیەکانی فیکر و مەعریفە.

ئەدەب بە لقە جیاجیاکانیەوە، لەپاش سەرهەڵدانی ژمارەیەک تەوژم و ڕەوتی فیکری و ئەدەبی و ڕەخنەیی نوێ، پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکی گەورەی لە ئاستی چەمک و میتۆد و دیدی جیاوازدا، بەسەردا هات. ئەم گۆڕانکارییە گەورانە لە سەدە نوێیەکاندا، بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەدواوە، کاریگەرییەکی زۆریان کردە سەر زاراوەکانی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی و بە ئاڕاستەیەکی فراوانتریاندا برد. ئەمە لە ژمارەیەک لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی نووسەران و ڕەخنەگران و توێژەرانی ئەورووپیدا دەرکەوت، ژمارەیەکی زۆری ئەم زاراوانەش داهێنراوی ڕەخنەی ئەورووپین.

ئەمڕۆ زاراوەکانی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ زاراوەکانی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکاندا ئاوێزانی یەکدی

PDF 4 KURD

بوون و سوودیان لە مانا و چەمکەکانی یەکدی وەرگرتووە، بۆیە ئێمەش لەم فەرهەنگەدا هەوڵمان داوە ئەو زاراوە سەرەکی و بنەڕەتییانەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی بخەینە ڕوو کە زۆربەیان تەنها لە ئەدەبدا قەتیس ناکرێن، بەڵکو لە پەیوەندیدا بە مانا و چەمک و میتۆدەوە، پەل بۆ زانستە نزیکەکانی دیش دەهاون، بۆیە دەشێت بڵێین ئەم زاراوانە هاوبەشن لە نێوان ڕەخنەی ئەدەبی و زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکانی تریشدا. ئەمە لەبەر ئەوەی سەرجەمی هزر و مەعریفە بریتییە لە یەکەیەکی هاوبەش و یەکگرتوو، نابێت بە ناوی "پسپۆڕیی تایبەتی" و "پسپۆڕیی ورد"ەوە زاراوەکانی هزر و مەعریفە و زانستە مرۆڤایەتییەکان پەرت بکرێن یان لە یەکدی دوور بخرێنەوە، (کە لە سەردەمەکانی پێشوودا و بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدەهەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، ئەم کارە کراوە، بەڵام بۆ ئەمڕۆ هیچ پێداویستییەک بۆ ئەو لێکدابڕانە نەماوە). ئەم هاوبەشییە لە هەمان کاتدا دەتوانێت لە "دۆگمای میتۆدی" و "دۆگمای تیۆری" دوورمان بخاتەوە و لە بەرامبەردا دەرگای بەرینمان بۆ "فرەیی میتۆدی" و "فرەیی تیۆری" و "فرەیی زاراوە" بۆ بکاتەوە.

ئەمڕۆ لە ژینگە زانستییە پێشکەوتووەکاندا سنوورێکی داخراو و تۆکمە بۆ هیچ یەکێک لە زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان دانانرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەو زانستانە سنوور بۆ یەکدی دەکەنەوە و سوود لە زاراوە و دەرەنجامەکانی یەکدی وەردەگرن لە پێناو ئەنجامدانی کاری هاوبەش، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕوونتر و زانستیتر هەموو لایەنەکانی تێکست و ژیانی هزریی مرۆڤ و کۆمەڵگە ڕۆشن بکرێنەوە.

PDF 4 KURD

## کێشەی ناساندن و وەرگێڕانی زاراوەکان

یەکێک لە گرفتەکانی ئەم زانستانە (لەوانە ڕەخنەی ئەدەبی)، بریتییە لە کێشەی ناساندن و شیکردنەوە و وەرگێرانی زاراوەکان، کە بێگومان بەشی هەرە زۆری ئەو زاراوانە لە ئەورووپا و خۆرئاوا سەریان هەڵداوە و بە زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئەڵمانی و هۆڵەندی و ئیسپانی و ڕووسی و زمانە ئەورووپی و خۆرئاواییەکانی تر داهێنراون، ئەو زاراوانە مەرجەعێکی مێژوویی و فیکری و ڕۆشنبیرییان هەیە و لەخۆرا و بە ڕێکەوت دروست نەبوون، هەر زاراوەیەک سیستمێکی مەعریفی و هزرێک و بیریارێکی لەپشتە .

وەرگێڕانی زاراوەکان پێویستی بە توانا و لێهاتوویی هەیە لە زمانەوانیدا، بەو مانایەی پێویستە وەرگێڕی زاراوە، لێهاتوویی لە زمانی زانستیی هەردوو زمانەکەدا هەبێت؛ هەروەها پێویستە وەرگێڕی زاراوە شارەزایی و زانیاریی لەسەر مێژووی زاراوەکە هەبێت، دیسان پێویستە وەرگێڕی زاراوە ئاگاداری بەکارهێنانی زانستی و هاوچەرخانەی زاراوەکە بێت؛ ئاگاداری ئەوەش بێت لە کایە مەعریفییە جیاجیاکاندا چۆن بەکار دەهێنرێن و لە لای بیرمەندێکی دیاریکراویشدا چۆن بەکارهاتووە. ئەمانە بە سروشتی، خۆیان کێشە لە جۆری وەرگێڕانی زاراوەکاندا دروست دەکەن، بۆیە زۆر جار دەبینین لە یەک زماندا وشە و واژەی جیاجیا بۆ زاراوەیەک دادەنرێت، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا بۆ زاراوەی (بونیادگەری-ستراکچرالیزم-Structuralism) – چەندین وشەی بۆ پێشنیارکراوە، لەوانە (البنيوية) و (البنوية) (البنائية) و (الهيكلية) و (التركيبية)، یان زاراوەی (هەڵوەشاندنەوەگەری-Deconstruction) بە چەند جۆرێک وەرگێڕدراوە، لەوانە (التفكيكية) و (التقويضية) و (التهديمية) و (التشريحية)، هەر لە زمانی عەرەبیدا بۆ وەرگێڕانی هەردوو زاراوەی (سانکرۆنی) و (دیاکرۆنی) ژمارەیەکی زۆر وشەی جیاجیا

پێشنیارکراوە کە هەر توێژەر و ڕەخنەگرێک بە جۆرێکی جیاواز وشەی بۆ دارشتووە بێ ئەوەی تا ئێستا توانیبێتیان لەسەر یەک زاراوەی دیاریکراو ڕێک بکەون، لە زمانی کوردیشدا زاراوەی (الراوي Narrator) بە چەند جۆرێک دەنووسرێت، لەوانە: (حیکایەتخوان) و (گێڕەرەوە) و (گێڕەوە) و (چیرۆکبێژ) و (حیکایەتبێژ) و (چیرۆکخوان).

زاراوە بەرهەمی فیکرە. وەک چۆن کلیلی هەموو زانستێک زاراوەکانیەتی، بە هەمان شێوە بەروبوومی زانستیش بریتییە لە زاراوە، بەها و گرنگیی زاراوە لەو بۆچوونەدا پتر ڕوون دەبێتەوە کە دەڵێ: "زاراوەکان پوختەی زانستەکانن"، بۆیە پێویستە بایەخێکی گەورە و جیددی بە مەسەلەی زاراوەکان بدرێت. زاراوە شوێنێکی گرنگ لە گۆڕەپانی هزر و ئەدەب و زانستدا دەگرێت، بەبێ تێگەیشتن لە مانای زاراوەکان، مومکین نییە لە مەعریفە جیاجیاکانی وەک ئەدەب و فیکر و فەلسەفە و ئیستاتیکا و سەرجەمی زانستەکانی دی، تێبگەین.

زاراوە بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە، زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی و زاراوەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکانی دی جێگیر نین، زەحمەتە زاراوە لە پێناسێکدا چوارچێوەی بۆ دابنرێت و قەتیس بکرێت و یەک مەودای پێ ببەخشرێت. ئەم زاراوانە، مانای کۆتایی و پێناسی کۆتاییان نییە، بەڵکو لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤ و هزر و مەعریفەی بەشەریدا، ئەویش دەگۆڕدرێت و پێشدەکەوێت، زاراوە پەیوەستە بە داهێنانەوە، مادامەکی داهێنان هەیە، کەواتە زاراوەی نوێش دێتە ئاراوە.

هەموو هزرێکی نوێ لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێ زاراوەی نوێ دادەهێنێت، بەڵام هەمیشە کێشەی زاراوە، وەک کێشەیەکی زمانەوانی و مەعریفی، دەمێنێت، بە تایبەتی لە وەرگێڕانی زاراوەدا. ئەمە لە فیکری خۆرئاواییدا بیرمەندان دانی پێدا دەنێن، کاتێکیش ئەم گرفتە دەگاتە

نێوەندی ڕۆشنبیریی عەرەبی، کە ئێمە لەم زاراوانەدا پتر پشتمان بە سەرچاوە عەرەبییەکان بەستووە، کێشەکان ئاڵۆزتر دەبن. ئەم ئاڵۆزییە لە ئاستی وەرگێڕانی زاراوەکان بۆ کوردی، لە وشەیەک یان چەند وشەیەکدا ناوەستێت، بەڵکو کێشە بۆ تێگەیشتن لە مانا و ناوەڕۆکی زاراوەکانیش دروست دەکات. لە زۆربەی ژینگە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکاندا هەوڵدراوە کێشەی زاراوەکان چارەسەر بکرێت و زاراوەکان یەک بخرێن، بەڵام زۆر جار ئەم هەوڵە بێئاکام بووە، ئەمە لەبەر ئەوەی گرفتی یەکخستنی زاراوەکان، هەمیشە گرفتێکی ئامادەیە و بووەتە مایەی خولقاندنی گفتوگۆ و بگرە مشتومڕی جیاوازیش، ئەمە وای لە نووسەری فەڕەنسی "جول ماروزو" کردووە کە بڵێت: یەکخستنی زاراوەکان خورافەیەکی مەحاڵە.

لە هەموو حاڵەتێکدا بایەخدان بە وەرگێڕان و ناساندنی زاراوەکان لە ڕووی زمانەوانی و مەعریفی و ژیارییەوە، بایەخدانێکی پێویست و بنچینەییە، چونکە زمانی زاراوە لە هەمان کاتدا زمانێکی جیهانییە. زاراوە شوێنی بەیەکگەیشتنی کولتوورە جیاجیاکانی مرۆڤایەتییە، پردێکی شارستانییە کە زمان و مەعریفەکانی جیهان پێکەوە دەبەستێتەوە. دواجار، زاراوە زمانی ئەمڕۆیە، واتە زمانی سەردەمی جیهانگیری و گلۆباڵیزەیشنە.

PDF 4 KURD

**بایەخی زاراوە لە ڕۆشنبیریی کوردیدا**

ماوەیەکی زۆر نییە لە ڕۆشنبیریی کوردیدا تا ئەندازەیەک بایەخ بە زاراوە دەدرێت و دەرک بە گرنگیی زاراوەکان دەکرێت، ئەگەرچی ئەم بایەخپێدانە زۆر کزە و هەوڵێکی ئەوتۆی بۆ نەدراوە، ئەو کتێبانەش لەم بوارەدا بە زمانی کوردی چاپ کراون، ئێجگار کەمن، واتە ڕۆشنبیریی کوردی و کتێبخانەی کوردی لە مەسەلەی زاراوەسازی و چاپکردنی کتێبی زاراوەکاندا ئێجگار هەژارە، بە تایبەتی لە ئینسایکلۆپیدیا و موعجەمدا کە وشە و زاراوەکان تیادا شیدەکرێنەوە. ڕۆشنبیری و کتێبخانەی کوردی هەمیشە پێویستییان بە گرنگیدان بە زاراوەکانی مەعریفە جیاجیاکان هەیە، بۆیە پێویستە هەوڵ بدەین بەپێی پێشکەوتن و داهێنانی فیکر و ڕەخنە و مەعریفە، زاراوەکانیان بناسێنین.

جا لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ زانستی زاراوە (تێرمینۆلۆجی) گرنگییەکی گەورەی لە ئاستی دنیادا پەیدا کردووە، چەندین ڕێکخراو و دەستە و مەجمەع و ئەکادیمیا و کۆڕی زانیاریی نێودەوڵەتی و نێوخۆییش دروست بوون کە بایەخی سەرەکییان بریتییە لە فەرهەنگسازی و زاراوەسازی و هەوڵدان بۆ یەکخستنی زاراوەکان. یەکێک لەوانە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی پێوەرسازییە (ڕێکخراوی ئیزۆ ISO) کە بارەگاکەی لە جنێڤە و لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا لقی هەیە، سەرەتای ئەم ڕێکخراوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەندازیاری نەمساوی ئۆگین فۆستەر (١٨٩٨-١٩٧٧) کە لە ساڵی ١٩٣١دا لە زانکۆی ڤیەننا تێزی دکتۆراکەی لەسەر بایەخدان بە زاراوە و هەوڵی یەکخستنی زاراوەکان پێشکەش کرد، پاشان (سەنتەری زانیاریی نێودەوڵەتی بۆ زاراوەکان) کە لە ساڵی ١٩٧١دا بە یارمەتیی یونیسکۆ لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا دامەزراوە. هیلمۆت فیلبەر شارەزا لە بواری تێرمینۆلۆجی، بەڕێوەی دەبات؛ هەروەها قوتابخانەی سۆڤییەتی بۆ زاراوە کە زانای ڕووسی

د.س.لۆت لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا دایمەزراندووە و ئەمڕۆ بە ناوێکی ترەوە بۆ هەمان ئامانج کار دەکات.
هاوکات (کۆڕی زانیاری) لە زۆربەی وڵاتانی جیهان و وڵاتانی عەرەبیدا، بۆ هەمان ئامانج، دروست بوو، لەوانە (کۆڕی زانیاری عێراق) کە لە ساڵی ١٩٤٨دا لە شاری بەغدای پایتەخت دامەزراوە و چەندین کتێبی کەلەپوورئامێز و فەرهەنگنامەی چاپ کردووە. لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا و بە دیاریکراوی لە ساڵی ١٩٧٠دا (کۆڕی زانیاری کورد) هەر لە بەغدای پایتەخت دامەزرا، پاشان لە ساڵی ١٩٧١ەوە دەستی کرد بە دەرکردنی گۆڤارێک بە هەمان ناونیشان، هەروەها ژمارەیەک کتێب و فەرهەنگی چاپ کرد، لە ساڵانی دواتردا لکێنرا بە کۆڕی زانیاری عێراقەوە و ناوەکەی بوو بە (کۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی کورد)، بەڵام لەپاش ڕاپەڕین (کۆڕی زانیاری کوردستان) لە شاری هەولێر، پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ هەمان مەبەست دامەزرا، کە دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (ئەکادیمیای کوردی).
لێرەولەوێ و لەم دەزگای چاپ و ئەو دەزگای چاپدا هەوڵێکی باش دراوە بۆ چاپکردنی چەندین فەرهەنگ و ئینسایکلۆپیدیا، لەوانە هەر بۆ نموونە، ئەو فەرهەنگانەی بە کۆششی مامۆستا کەمال جەلال غەریب چاپ کراون؛ هەروەها هەوڵ و ئیجتیهاد و کۆششی مامۆستا جەمال عەبدول کە چەندین فەرهەنگی ناوازەی لێ بەرهەم هاتووە؛ هەروەها فەرهەنگی ئەستێرەگەشە و فەرهەنگی "شیرین"ی مامۆستا فازیل نیزامەدین، ئینجا ئەو زنجیرە فەرهەنگە زانستییانەی سەرنووسەری پێشووی گۆڤاری (زانستی سەردەم) مامۆستای خوالێخۆشبوو ئەکرەم قەرەداغی لە بوارە زانستییە جیاجیاکاندا بە چاپی گەیاندوون؛ هەروەها ئینسایکلۆپیدیاکەی مامۆستا یاسین سابیر ساڵح. بێگومان فەرهەنگی دیکە زۆرن کە ئەمەیان باسێکی ترە.

تێبینی: بۆ ئەم بابەتە، جگە لە پێشەکییەکانی زۆربەی ئەو فەرهەنگانەی وەک سەرچاوە بەکارم هێناون، سوودم لەم سەرچاوانەی خوارەوەش وەرگرتووە:


- د. احمد مطلوب، في المصطلح النقدي، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد، ٢٠٠٢.
- د. يوسف وغليسي، إشكالية المصطلح في الخطاب النقدي العربي الجديد، الدار العربية للعلوم ناشرون و منشورات الاختلاف، لبنان و الجزائر، ٢٠٠٨.
- حبيبة طاهر مسعودي، قراءة جديدة للمصطلح في التراث النقدي العربي من العصر الجاهلي الى القرن الثالث الهجري، مكتبة وهبة، القاهره، ٢٠٠٨.
- السيد بوطاجين، الترجمة والمصطلح دراسة في إشكالية ترجمة المصطلح النقدي الجديد، الدار العربية للعلوم ناشرون و منشورات الاختلاف، لبنان و الجزائر، ٢٠٠٩.
- د. سناني سناني، فی المعجمية والمصطلحية، عالم الكتب الحديث، إربد- الاردن، ٢٠١٢.




PDF 4 KURD

زاراوەکان

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

# (ئا، ئە)

## ئاپۆریا Aporia

ئاپۆریا Aporia، بە عەرەبی (اللغزية) و (العماية)، یەکێکە لە زاراوەکانی زانستی لۆجیک. ئاماژەیە بۆ بابەتی ناڕۆشن و تەماوی و ئاڵۆز و لوغزامێز. ئەم وشەیە لە زمانی گریکیی کۆندا بەم واتایانە بەکار هاتووە: لوغزێکی تاریک، قورسییەکی شڵەژێنەر، ڕێگەی داخراو، کەسێکی ون و سەرلێشێواو.

ئاپۆریا بریتییە لە وروژاندنی بابەتی قورس و پرسیارکردن و دەربڕینی نارەزایی، بەبێ پێشکەشکردنی چارەسەر. هەردوو فەیلەسووفی فەرەنسی "جاک دێریدا" و "پۆل دویمان" ئەم زاراوەیەیان بۆ خوێندنەوەی دووسەرە "مزدوج" بەکارهێناوە، کاتێک ڕەخنە لە فیکری خۆرئاوایی دەگرن نایانەوێ بگەنە حەقیقەتێکی دیاریکراو، چونکە حەقیقەتی دیاریکراو بوونی نییە، بەڵکو دەیانەوێ بگەنە ناوچەیەکی نیمچەداخراو، ناوچەیەک هاوکات مانای جیاواز و دژ بە یەک، بەرهەم دەهێنێت کە تاکمانایی ڕەت دەکاتەوە ، چونکە ئەگەر یەک مانای دیاریکراو هەڵبژێرین و گرنگیی پێ بدەین، مانای وایە ماناکانی تر دەشارینەوە و ڕێگە لە بڵاوبوونەوەیان دەگرین. کەواتە حەقیقەتی ڕاستەقینە بریتییە لە بوونی ئاپۆریا، واتە لوغز.

**بڕوانە:**


١- مفاتيح اصطلاحية جديدة-معجم مصطلحات الثقافة والمجتمع، ترجمة: سعيد الغانمي.

٢- دليل الناقد الأدبي، د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي.

٣- معجم المصطلحات الأدبية، ترجمة: د. محمد حمود.

٤-معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة، د. سعيد علوش.

## ئاتیزم Atheism

ئاتیزم Atheism لە وشەی "Atheos"ی یۆنانییەوە وەرگیراوە. واتە نکوڵیکردن لە بوونی خوداوەند. بە عەرەبی (الإلحاد) یان (الدهرية)، ئەمەش تێڕوانینێکی فەلسەفییە و لە مانا گشتی و باوەکەیدا نکوڵی لە بوونی خواوەندێک دەکات لە دەرەوەی ئەقڵی بەشەری، خواوەندێک ئەم دونیایەی خەڵق کردبێت و حوکمی بکات، بەڵام ئەم وشەیە مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە دروستبوونی ئایینە تاکخوداییەکان یان مۆنۆتیزم. لە مێژوودا ئەم زاراوەیە مانای چەشناوچەشنی لەخۆ گرتووە و بۆ ماوەیەکی زۆر فیکری بەشەریی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، بەڵام هەموو جارێک ئەو مانایانە هەڵگری بارگەیەکی نێگەتیڤی-سەلبی نین، بۆ نموونە بەشێک لە ئاتیزم لە مێژوودا نکوڵی لە بوون یان نەبوونی خواوەند ناکات، بەڵکو نکوڵی لەوە دەکات خواوەند حوکمی هەموو دنیا بکات و نکوڵی لەوە دەکات خواوەند ژیان و چارەنووسی مرۆڤ دیاری بکات. یان بەشێک لە ئاتیزم باوەڕی بە ئایین هەیە، بەڵام نکوڵی لە بوونی خواوەند دەکات، وەک ئایینی بودیزم (البوذية) کە پێغەمبەریان هەیە، بەڵام خواوەندێکیان نییە بۆ پەرستن. یان ئاتیست هەیە پێی وایە هەموو ئایینەکان دروستکراوی بەشەرن و هەمو تێکستە ئایینییەکان بەشەر نووسیونی، یان هەڵقوولاوی فیکری پەیامبەرن، بێئەوەی ئەو ئاتیستە نکوڵی لە بوونی خواوەند بکات. کەسانی وایش هەن لە نێوان مۆنۆتیزم و ئاتیزمدا سنووری یەکلاکەرەوە دانانێن و لە یەک کاتدا باوەڕیان بە هەندێ لایەنی هەیە و نکوڵی لە هەندێ لایەنی دیکەی دەکەن، واتە ڕێژەگەراییین، نە بەتەواوی ڕەتی دەکەنەوە و نە بەتەواویش باوەڕیان پێی هەیە.

هەروەها لە مێژووی فیکریی عەرەبی-ئیسلامیدا هەندێ شاعیر و فەیلەسووفی گرنگ بە ئاتیست ناوبران بێ ئەوەی بەتەواوی ئاتیست

بن، بۆ نموونە: ابن المقفع و ابوبكر الرازي و ابن الراوندي و ابوالعلاء المعري و المتنبي، هەروەها موعتەزیلەكان و ئەبوعەلای مەعەڕی و ئەبونەواس و ئیبن عەرەبی و ئیبن ڕوشد و ئیبن سینا و سیبەوەیە و میسكەوەیە و تەوحیدی كە هەوڵیان دەدا فەلسەفە و لاهوت (تیۆلۆژیا) پێكەوە گرێ بدەن، یان هەندێجار گومانیان لە هەندێ تێكست و كەلەپووری ئایینی دەكرد.

كەسی ئاتیست تا ئەندازەیەكی زۆر كەسێكی ماتریالیستە، بەو مانایەی باوەڕی بە فەلسەفەی ماتڕیالیزمی هەیە. هەردوو زاراوەی ئاتیزم و مۆنۆتیزم وەک چۆن دەچنە ناو دیبات و گفتوگۆی ئایینییەوە، بە هەمان ئەندازە دەچنە ناو گفتوگۆ و ئارگۆمێنتی فەلسەفیشەوە، واتە ئایین و فەلسەفە وەكو یەک بایەخ و گرنگی بەم دوو چەمكە دەدەن.

**بڕوانە:**

١- موسوعة لالاند الفلسفية، أندريه لالاند، ترجمة: د. خليل أحمد خليل، دار عويدات للنشر والطباعة، بيروت- لبنان، ٢٠٠٨.

٢- موسوعة علم الاجتماع-ج١، جون سكوت و جوردون مارشال، ترجمة: أحمد زايد واخرون، المركز القومي للترجمة، القاهره، ط٢، ٢٠١١.

٣- المعجم الفلسفي-ج١، د. جميل صليبا، منشورات ذوي القربى، ١٣٨٥-٢٠٠٦.

٤-المفكرون الاحرار في الاسلام، دومينيك اورفوا، ترجمة: د. جمال شحيد، رابطة العقلانيين العرب و دار الساقي، بيروت، ٢٠٠٨.

PDF 4 KURD

## ئارکیۆلۆجیا Archaeology

ئارکیۆلۆجیا Archaeology واتە هەڵکۆڵین یان هەڵکەندن یان شوێنەوار، کە لە شوێنەوارناسیدا بەکار دەهێنرێت. بە عەرەبی (الحفرية، دراسة الحفريات، علم الآثار)، لە بنەڕەتدا ئەم وشەیە لە "ئارکایۆس Arkaiosی" یۆنانییەوە وەرگیراوە کە بە مانای کۆن و دێرین دێت.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەم زاراوەیە لەو لێکۆڵینەوە زانستییانەدا بەکار دەهێنرا کە تایبەت بوون بە بارودۆخ و ژیانی مرۆڤی پێش مێژوو، یان مرۆڤی نیاندەرتاڵ. زانستی ئارکیۆلۆژیا، لە میانی پشکنینی بەرد و ئاسەواری کۆن و پاشماوەی ئێسکی مرۆڤی کۆندا، سەردەمی پێش مێژوو بەسەر سێ قۆناغی زەمەنی و سێ چەرخدا دابەش دەکات: چەرخی بەردین، چەرخی برۆنزی، چەرخی ئاسنین.

ئەمڕۆ لە فەلسەفە و فیکری هاوچەرخدا ئارکیۆلۆژیا بووە بە زاراوەیەکی باو کە پتر بە مانا مەجازییەکەی بەکار دەهێنرێت، نەک بە مانای زانستی شوێنەوار. ئەم زاراوەیە بۆ گەڕان و پشکنین بەدوای ڕەگوڕیشەی هەر فیکرێک، یان مەعریفەیەک، یان قووڵایی هەر مانایەک و بۆ هەڵکۆڵینی بنەمای هەر مەعریفەیەک بەکار دەهێنرێت تا شتە شاراوەکانی ژێرەوە و ڕەگەکان بدۆزرێتەوە. بیرمەندی فەڕەنسی "میشێل فۆکۆ (١٩٢٦-١٩٨٤)" ئەم زاراوەیەی هێنایە نێو باسەکانی فەلسەفە و بیری هاوچەرخەوە و لە بواری مەعریفەدا تەوزیفی کرد. کتێبێکیشی چاپ کرد بە ناونیشانی (ئارکیۆلۆجیای مەعریفە).

لێرەدا زاراوەی "ئارکیۆلۆجیای مانا" هەیە، ئەمەش واتە هیچ مانایەک ئەزەلی و کۆتایی نییە، بەڵکو هەر مانایەک چرکەساتی سەرهەڵدان و شکڵگرتنی هەیە، هەروەها ساتەوەختی تێکچوون و لەنێوچوونیشی

PDF 4 KURD

هەیە، بۆ ئەوەی مانایەکی نویّ، شوێنی مانا کۆن و بەسەرچووەکە بگرێتەوە.

ئارکیۆلۆجیا لە ناوەندە زانستییەکاندا زاراوەیەکی بڵاوە، بە تایبەتی پاش ئەوەی میشیل فۆکۆ بایەخێکی زۆری پێدا و خستیە بواری مەعریفە و زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکانەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

١ معجم العلوم الانسانية، ترجمة: د. جورج كتوره.

٢ د. منصور عيد، معجم الفكر الحضاري، دار الجيل للنشر والطباعة والتوزيع، بيروت، ٢٠١٠.

PDF 4 KURD

### ئایدیۆلۆجیا، ئایدیۆلۆژی Ideology

ئایدیۆلۆجیاIdeology واتە زانستی بیر، یان زانستی فیکرەکان. ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا لە دوو وشەی یۆنانی وەرگیراوە: ئایدیۆ واتە بیر، لۆجی واتە زانست. لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا سیاسەتمەدار و فەیلەسووفی فەرەنسی ئەنتوان دیستوت دوتراسی (١٧٥٥-١٨٣٦) یەکەم کەس بوو لە کتێبی (ڕەگەزەکانی ئایدیۆلۆژیا-١٨٠١)دا ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە و پێی وایە ئایدیۆلۆژیا ئەو زانستەیە کە لە ڕاستی یان ناڕاستیی ئەو فیکرانەی لای خەڵکی هەن، دەکۆڵێتەوە. دواتر ئەم زاراوەیە لە بواری فیکر و فەلسەفە و سیاسەتدا بە مانای جیاجیا بەکارهات. لە سەرەتادا ناپلیۆن داکۆکیی لە گرووپی ئایدیۆلۆژیستەکان دەکرد بەو پێیەی ئەمانە میراتگری فەیلەسووفانی شۆڕشی فەرەنسین، بەڵام دواتر بە گاڵتەجاڕییەوە باسی دەکردن و ڕەخنەی لە بیر و فەیلەسووفەکانیان دەگرت؛ ئیدی لەوێوە ئایدیۆلۆژیا لە ئاستی فیکردا مانایەکی سەلبی دەبەخشی. لە لای "کارل مارکس" ئایدیۆلۆژیا مانای بیری چینی بورژوازیی دەسەڵاتداری دەگەیاند لە بەرامبەر بیری شۆڕشگێڕانەی چینە چەوساوەکانی وەک پرۆلیتاریا، لێرەدا ئایدیۆلۆژیا بە سەرخان دادەنرێت لە بەرامبەر ئابووریدا کە ژێرخانە.

زانایانی بواری کۆمەڵناسی بە شێوەیەکی تر ئەم زاراوەیە شی دەکەنەوە، بۆ نموونە سۆسیۆلۆژیستی ئەڵمانی کارل مانهایم (١٨٩٣-١٩٤٧) پێی وایە هەموو فیکرێک، یان (یۆتۆپی)یە یان (ئایدیۆلۆژی)یە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی مێژوویی سەردەم و هەروەها بۆ چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان. فیکری یۆتۆپی هەوڵدەدات ئایندە بەدەست بهێنێت و گۆڕانکاری ئەنجام بدات، بەڵام ئایدیۆلۆژیا ئەو بیرەیە کە دەیەوێت هەلومەرجی ئێستا وەکو خۆی بمێنێتەوە و گۆڕانی بەسەردا نەیەت، (بۆ نموونە لە سەدەی هەژدەیەم لە

PDF 4 KURD

ئەورووپادا، لیبرالیزم فیکرێکی یۆتۆپی بوو، پاشان لە سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمدا بوو بە ئایدیۆلۆژیا). دەتوانین بڵێین فیکری یۆتۆپی فیکری ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتییانەیە کە لە بارودۆخێکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خراپدا دەژین و دەخوازن ئەو هەلومەرجە بەرەو باشتر بگۆڕن، بەڵام ئایدیۆلۆژیا فیکری چینی دەسەڵاتدار و چینە باڵاکانە کە نایانەوێت هیچ شتێک بگۆڕێت و بگرە دەیانەوێت دەسەڵاتی ئابووری هەر لەژێر دەستی خۆیاندا بمێنێتەوە. ئەم دید و تێڕوانینەی مانهایم تا ئەندازەیەکی زۆر هەمان تێڕوانینی مارکسە، بەڵام مانهایم لەوەدا لە مارکس جیادەبێتەوە کە پێی وایە ئەگەر ئایدیۆلۆژیا واقیع بپارێزێت و وەکو خۆی بیهێڵێتەوە، ئەوا "یۆتۆپیا" واقیع دەخاتە بەردەم گومان و پرسیارکردنەوە. لێرەدا مانهایم بۆ فیکری شۆڕشگێڕی و گۆڕانخواز وشەی "یۆتۆپیا" بەکار دەهێنێت، بەڵام بە مانا ئیجابییەکەی، چونکە یۆتۆپیا لای ئەو بریتییە لە پرۆسیسەکردنی خەیاڵ لە پێناو بیرکردنەوە بە پێچەوانەی ئاڕاستەی بوونی کۆمەڵایەتی.

ئایدیۆلۆژیا دواتر هەڵگری چەمکێک بوو کە بریتییە لە بیر و پرۆژەیەکی دوور لە واقیع، بەڵام لای "پۆل ریکۆر" مەرج نییە ئایدیۆلۆژیا هەموو کاتێ هەڵگری مانایەکی سەلبی بێت بەو پێیەی لە کۆمەڵگەدا چەندین ئایدیۆلۆژیای جیاواز هەن هەمیشە لە ململانێدان، لە لای میشێل فوکۆ ئایدیۆلۆژیا بریتییە لە دامەزراندنی گوتارێک هی زۆرینەیە. لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا مۆریس گۆدۆلێ و کۆرنالیۆس و کاستۆریادیس مانای سەلبییان لە ئایدیۆلۆژیادا سڕییەوە.

لیبرالیزم، مارکسیزم، ناسیونالیزم، ئیسلامیزم، کۆمۆنیزم، ئانارشیزم، فاشیزم... هتد، ئەمانە ئەو چەمکانەن کە بە ئایدیۆلۆژیا ناودەبرێن و

PDF 4 KURD

لە هەر قۆناغێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاریدا، یەکێک یان پتر لەم بیروباوەڕانە، دەبن بە ئایدیۆلۆژیای گشتی و باو.

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**

١- معجم المصطلحات الأدبية، ترجمة: د. محمد حمود، مجد المؤسسة لجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠١٢.
٢- معجم العلوم الانسانية، ترجمة: د. جورج كتورة، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠٩.
٣- موسوعة لالاند الفلسفية، ترجمة: د. خليل أحمد خليل، عويدات للنشر والطباعة، بيروت، ٢٠٠٨.
٤-المعجم الفلسفي، د. جميل صليبا، منشورات ذوي القربى، ٢٠٠٦ -١٣٨٥.
٥-معجم مصطلحات الأدب، مجدي وهبة، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٤.
٦-موسوعة علم الاجتماع، د. أحسان محمد الحسن، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ١٩٩٩.
٧-د. منصور عيد، معجم الفكر الحضاري، دار الجيل للنشر والطباعة والتوزيع، بيروت، ٢٠١٠.
٨ – بول ريكور، محاضرات في الايديولوجيا واليوتوبيا، تحرير وتقديم: جورج تايلور، ترجمة: فلاح رحيم، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت – لبنان، ٢٠٠٢.
٨-فرهنگ علوم اجتماعی قرن بیستم، ویلیام اوتویت و تام باتامور، ترجمه: حسن چاوشیان، نشر نی- تهران، ١٣٩٢.

PDF 4 KURD

## ئەدەبی بەراوردکاری Comparative literature

ئەدەبی بەراوردکاری comparative literature، (الأدب المقارن) بەشێکی نوێیە لە ئەدەب. سەرهەڵدانی ئەم ئەدەبە، بە شێوەیەکی پراکتیکی و زانستی، دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم.

ئەم ئەدەبە، بە شێوەیەکی گشتی، پەیوەندی و ڕوخساری لێکچووی نێوان ئەدەبی نەتەوە جیاجیاکان شی دەکاتەوە و لێیان دەکۆڵێتەوە، لەوێشەوە بە دوای کاریگەریی تێکستەکانی ئەدەبی نەتەوەیەکی دیاریکراو بەسەر ئەدەبی نەتەوەکانی دیدا دەگەڕێت، سا ئەمە پەیوەندیی بە "کارتێکردن" و "کاریگەری"یەوە هەبێت، یان بە کارلێکی سروشتیی نێوان ئەدەبی نەتەوەکان.

زۆر جار بارودۆخی لێکچووی کۆمەڵایەتی و ئابووریی نێوان دوو نەتەوە، لە ڕووی پێداویستییە ڕۆحییەکانەوە، بووەتە مایەی لێکچوونی بەرهەمی ئەدەبیشیان. هەندێ جار ئەم ئەدەبە ئاستی ئەدەبی نەتەوەیی بەرزدەکاتەوە بۆ ئاستی ئەدەبی جیهانی، چونکە وەک "پۆڵ ڤان تیگم" دەڵێ: ئەدەبی بەراوردکاری سەرێکی پەیوەستە بە ئەدەبی نەتەوەییەوە و سەرەکەی دیکەی پەیوەستە بە ئەدەبی جیهانییەوە. ئەم چەشنە ئەدەبە لە ئەورووپادا سەری هەڵداوە، بە شێوەیەکی بەرجەستەتر لە فەڕەنسەدا بڕەوی پێ دراوە و گەشەی کردووە، بۆیە لە پرۆسەی بەراوردکاریدا هەوڵدراوە مەزنیی ئەدەبی فەڕەنسی بە تایبەتی و ئەدەبی ئەورووپی بەگشتی دەربخرێت کە کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر ئەدەبیاتی نەتەوە جیاجیاکانی دیکەی دنیادا هەبووە.

گرنگترین ئەو کەرەستانەی کە توێژەری ئەدەبی بەراوردکاری پێویستی پێیەتی، بریتین لەم کەرەستانەی خوارەوە:

١. شارەزابوون لە ئەدەبی نەتەوەیی و ئەدەبی جیهانی.

PDF 4 KURD

٢. شارەزابوون لە میتۆدی توێژینەوەی زانستی.
٣. زانینی چەند زمانێکی بیانی.

وتمان لە سەرەتادا ئەم ئەدەبە لە فەرەنسە و لە ئەورووپادا سەری هەڵداوە و پەرەی سەندووە و شێوەیەکی زانستیی ئەدەبیی وەرگرتووە، بەڵام دواتر لە ئەمریکا و سۆڤییەتی جاران و وڵاتانی دیکەی ئاسیاشدا برەوی پەیدا کردووە. بەم پێیە دەتوانین سێ قوتابخانەی سەرەکی لە ئەدەبی بەراوردکاریدا دیاری بکەین کە هەریەکەیان تا رادەیەک سیمای تایبەتی و جیاوازی خۆیان هەیە.

**یەکەم**: قوتابخانەی فەرەنسی. دیارترین نوێنەرانی ئەم قوتابخانەیە بریتین لە: پۆڵ ڤان تیگم و فرانسوا گۆیار و جان ماری کاری، ئەمانە توانییان تا ماوەیەکی درێژ دید و تێروانینی فەرەنسی بەسەر ئەدەبیاتی ئەورووپی و ئەمریکیدا بسەپێنن.

گرنگترین میتۆدی ئەم قوتابخانەیە لەم سێ خاڵەدا دیاری دەکرێت:

١. لێکۆڵینەوە لە دیاردەی لێکچوونی نێوان ئەدەبی دوو نەتەوە، یاخود لە نێوان دوو بەرهەمی ئەدەبیدا کە سەر بە دوو ئەدەبی نەتەوەیی جیاواز بن.

٢. پێویستە ئەو لێکچوونە، یان ئەو جیاوازییە لە نێوان ئەدەبی دوو نەتەوەدا، لەسەر پەیوەندییەکی مێژوویی جێگیر و بەڵگەدار راوەستابێت.

٣. دەبێ توێژەری ئەدەبی بەراوردکاری، کۆششێکی زۆر بکات بۆ دۆزینەوەی ئەو رێگەیەی کە بە هۆیەوە بووەتە مایەی خوڵقاندنی پرۆسەی کاریگەری و کارتێکردن.

**دووەم**: قوتابخانەی ئەمریکی، دیارترین نوێنەرانی ئەم قوتابخانەیە بریتین لە: رینێ ویلیک و ئۆستن وارین کە لە کتێبی هاوبەشیاندا بە ناونیشانی "تیۆری ئەدەب"، رەخنە لە پۆڵ ڤان تیگم و قوتابخانەی فەرەنسی دەگرن، بەو پێیەی کە قوتابخانەی فەرەنسی تەنیا بایەخ بە

PDF 4 KURD

ئەدەبی نەتەوەیی خۆیان دەدەن لە کاتی بەراوردکردنیدا بە ئەدەبی نەتەوەیەکی دیکە، لە کاتێکدا پێویستە توێژەری ئەدەبی بەراوردکاری، بەدوای ڕاستییە هاوبەشەکانی ئەدەبی سەرجەم نەتەوەکانی تریشدا بگەڕێت. ڕینێ ویلیک بە ڕاشکاوی دەڵێت: ئەدەبی بەراوردکاری ناتوانێت نەریتی نەتەوە جیاجیاکان فەرامۆش بکات، بەڵام دەبێ سنوورەکانی ئارەزووی ناسیونالیستیی بەرتەسک جێبهێڵێت.

**سێیەم**: قوتابخانەی ڕووسی، یان سۆڤییەتی جاران. ئەم قوتابخانەیە درەنگتر سەری هەڵدا، لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا دەستیان کرد بە گرنگیدان بە ئەدەبی بەراوردکاری لە میانی چارەسەری ئەو مەسەلانەی پەیوەستن بەو پەیوەندییە ئاڵوگۆڕکارییەی کە ئەدەبی ڕووسی و سۆڤییەتی بە ئەدەبی وڵاتانی دیکەی دنیاوە دەبەستێتەوە. دیارترین نوێنەرانی ئەم قوتابخانەیە بریتین لە: جێرمۆنسکی و سامارین و ئە.ی.کۆنراد. ئەمانە ڕەخنەیەکی توندیان ئاڕاستەی میتۆدەکانی ئەدەبی بەراوردکاریی پێشوو کرد کە لە میانی سێنترالیزمی خۆرئاواییەوە ئەدەبی نەتەوەیی بەرزدەکەنەوە. ئەدەبی میللەتانی دیکە بە پاشکۆی ئەدەبیاتی خۆیان دەژمێرن، بۆیە پێویستە ئەدەب و شارستانیەتی گەلانی خۆرهەڵات و سەرانسەری دنیا بهێنرێنە نێو بواری توێژینەوە مێژوویی و بەراوردکارییەکانەوە.

لە ئەدەبی بەراوردکاریدا پێویستە توێژەر ئەم خاڵانە لە بەرچاو بگرێت و جێبەجێیان بکات:

١. زانین و شارەزایی لە ڕاستییە مێژووییەکانی ئەو سەدەیەی لێکۆڵینەوەکەی لەسەر دەکات.

٢. زانینی مێژووی ئەدەبیی ئەو نەتەوانەی توێژینەوەیان بۆ دەکات.

٣. خوێندنەوەی تێکستەکان بە زمانی ڕەسەنی خۆیان.

٤. شارەزابوون لە سەرچاوە گشتییەکان.

٥. دیاریکردنی جۆری ژانرە ئەدەبییەکە.

PDF 4 KURD

٦. خستنەڕووی ئەو بەڵگانەی دەیسەلمێنن کە نووسەر، یان تێکست، یاخود کتێبێک کاریگەریی چ ژانرێکی ئەدەبیی لەسەر بووە.
٧. دیاریکردنی فاکتەرەکانی کاریگەری.

ڤان تیگم لە ساڵی ١٩٣١دا کتێبێک دەنووسێت بە ناوی "ئەدەبی بەراوردکاری"، لەوێدا پێناسێکی سنووردار بۆ ئەم ئەدەبە پێشکەش دەکات و دەڵێ: "ئەدەبی بەراوردکاری بەزۆری لە پەیوەندییەکی دیواڵتی دەکۆڵێتەوە، واتە پەیوەندیی نێوان دوو ڕەگەز، جا ئەو دوو ڕەگەزە دوو کتێب بێت، یان دوو نووسەر، یاخود کۆمەڵێ کتێب و کۆمەڵێ نووسەر، یاخود تەواوی ئەدەبی دوو نەتەوە."

ئەم نووسەرە فەڕەنسییە جەخت لەوەش دەکات کە هەلومەرجی مێژووی خۆرئاوایی لە پشتی دروستبوونی میتۆدی لێکۆڵینەوەی بەراوردکارییەوەیە. ئەوەی کە زەین و بیری توێژەری بەراوردکاری ڕێنمایی دەکات بریتییە لە تایبەتمەندیی نەتەوەیی ئەو ئەدەبە لەسەر یەک و جەوهەری پەیوەندییە مێژووییەکان لە سەرێکی تر. ئەم پێداگرتنە لەسەر فاکتەری مێژوویی، لە لای جان ماری، ڕوونتر جەختی لێ دەکرێت بە ڕادەیەک دەڵێت: "ئەدەبی بەراوردکاری لقێکە لە مێژووی ئەدەبی."

فرانسوا گۆیار لە ساڵی ١٩٥٢دا لە کتێبی ئەدەبی بەراوردکاریدا بەم چەشنە پێناسەی ئەم ئەدەبە دەکات: "ئەدەبی بەراوردکاری بریتییە لە مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. توێژەری بەراوردکار لە ئاستی سنووری زمانەوانی و نەتەوەییدا دەوەستێت و چاودێریی ئاڵوگۆڕەکانی بابەت و فیکر و کتێب و سۆزی نێوان دوو ئەدەب، یان چەند ئەدەبێک دەکات". ئەمە جەختکردنێکی ڕوونە لە فاکتەری مێژوویی، بەو پێیەی میتۆدی ئەدەبی بەراوردکاری بریتییە لە میتۆدی مێژوویی . ماوەی چەند ساڵێکە ئەدەبی بەراوردکاری، لەنێو ئەدەبیاتی جیهانیدا، ڕەنگێکی کاڵی هەیە و بگرە ئەو بایەخپێدانەی جارانی نەماوە

PDF 4 KURD

کە تا هەفتاکانی سەدەی بیستەمیش برەوی هەبووە، بەڵام لەوە بەدوا، بە هۆی سەرهەڵدانی چەند فاکتەرێک و بە هۆی گۆڕانکاریی فیکری و ئەدەبی و ئابووری، لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری بەتەواوی بەرەو کزی ڕۆیشتووە. دەشێت چالاکیی بەردەوامی پرۆسەی وەرگێڕان لە سەرانسەری جیهاندا یەکێک بێت لەو هۆکارانەی کە ئەمڕۆ بە ئاسانی دەتوانێت ئەدەبی نەتەوەکانی دنیا بە یەکتر ئاشنا بکات و لە یەکتریان نزیک بکاتەوە، بە تایبەتی لە سەردەمی جیهانگیری (گلۆباڵیزەیشن) و پەیوەستکاری (کۆمیونیکەیشن) و پەیوەندیی خێرادا، هەروەها پەرەسەندنی میتۆدەکانی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی و سەرهەڵدانی چەمکی وەکو دەقاوێزان (تناص).

ئەمڕۆ بە دەگمەن لە ئەدەبیاتی جیهانیدا لێکۆڵینەوەیەک دەبینیت لەبارەی ئەدەبی بەراوردکاری، یان نووسەر و ڕەخنەگرێک نابینیت سەرقاڵی ئەم چەشنە ئەدەبە بێت، یان بڵێین بەشی زۆری ڕەگەزەکانی ئەم ئەدەبە لەنێو میتۆد و ژانر و ڕێبازە تازەکانی ئەدەبی پۆست مۆدێرندا پەرت بووە. ئەم بابەتە تەنیا لەنێو چوارچێوەی خوێندنی ئەکادیمی و زانکۆکاندا دەخوێنرێت، لە ڕەخنەی ئەدەبیی نوێدا ئامادەیی نەماوە، ئەمەش لە ڕاستیدا شوێنی پرسیار و گفتوگۆیە.

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**


١ – المعجم المفصل في الأدب، د. محمد آلتونجي.

٢– المعجم المفصل في اللغة والأدب، د. أميل بديع و د. ميشال عاصي.

٣ – دليل الناقد الأدبي، د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي.

٤ – الأدب المقارن، جميل نصيف التكريتي.

٥– الأدب المقارن، د. محمد غنيمي هلال.

٦ – مفاهيم نقدية، رينيه ويليك.

٧– نظرية الأدب، رينيه ويليك.

PDF 4 KURD

## ئارگۆمێنت Argument

ئارگۆمێنتArgument، واتە سەلماندن و بەڵگەهێنانەوە لە کاتی دیالۆگدا، بە عەرەبی (البرهان، المحاجة، الحجة)، هەروەها بە مانای (الجدل) و المجادلەش دێت، واتە دیالێکتیک، مانای ئەم زاراوەیە بریتییە بەکارهێنانی چەند ڕێگەیەک، یان چەند شێوازێکی ئاخاوتن و گفتوگۆ کە ببێتە مایەی سەرکەوتن لە ڕازیکردن و قەناعەتپێهێنانی گوێگرەکەت، یاخود ئەو کەسەی دیالۆگی لەگەڵدا دەکەیت لە بابەتێکی دیاریکراو، یان لە ڕوونکردنەوەی ئایدیا و جیهانبینییەک. لە ڕاستیدا ئەم زاراوەیە بریتییە لە تیۆرییەک کە بایەخ بە کاریگەریی گوتار دەدات، ئەمەش لە ڕێگەی بەڵگەهێنانەوەی زانستی و دەوڵەمەندیی مەعریفەوە دروست دەبێت.

لە هونەری ڕەوانبێژیدا بایەخێکی زۆر بە ئارگۆمێنت دراوە، بەڵام لە پەیوەستیدا بە هێزی زمان و هونەرەکانی زمانەوە؛ ئەمەش لە پێناو قەناعەتپێهێنانی جەماوەر بە ناوەڕۆکی وتار. لە یۆنانی کۆنیشدا سۆفسەتاییەکان گرنگییەکی زیاتریان بە ئارگۆمێنت داوە بەو پێیەی باشترین ڕێگەیە بۆ ڕازیکردن و تێگەیاندنی بەرامبەرەکەت. لێرەدا "هونەری گوتنی باش" دەبێتە چەقی ئارگۆمێنت بە مەرجێک بەڵگە و سەلماندنی لەگەڵدا بێت و بەرامبەرەکەت بهێنێتە قسە بە جۆرێک ببێتە مایەی هاتنەئارای گفتوگۆ.

لە سەدەی بیستەمدا هەردوو نووسەری فەرەنسی "ستیڤن تۆلیمان" و "شیم بیریلمان" چەندین لێکۆڵینەوەیان دەربارەی ئەم تێرمە نووسی. ئەم دوو نووسەرە پێیان وایە ئارگۆمێنت بە بەکارهێنانی لۆجیک و ئەقڵانییەت لە گوتاری ئەدەبی و فەلسەفیدا زۆر گرنگە؛ لێرەدا ئارگۆمێنت واتە هونەری قەناعەتپێکردن.

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

PDF 4 KURD

١- معجم المصطلحات الأدبية، ترجمة: د. محمد حمود، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠١٢.
٢- معجم العلوم الانسانية، ترجمة: د.جورج كتورة، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠٩.
٣- موسوعة لالاند الفلسفية، ترجمة: د. خليل احمد خليل، عويدات للنشر والطباعة، بيروت، ٢٠٠٨.
٤- المعجم الفلسفي، د. جميل صليبا، منشورات ذوي القربى، ٢٠٠٦ -١٣٨٥.
٥- معجم مصطلحات الأدب، مجدي وهبة، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٤.
٦- موسوعة علم الاجتماع، د. احسان محمد الحسن، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ١٩٩٩.

### ئەفسانە Myth, Mythology

ئەفسانە، بە عەرەبی (الاسطورة). ئەم وشەیە لە عەرەبیدا تەعریب کراوە و لە وشەی ئیستۆریا istoria ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، ئیستۆریاش لە زۆر ڕووەوە پەیوەندیی بە وشەی مێژوو Historyیەوە هەیە، وەک دواتر باسی دەکەین.

ئەفسانە چیرۆکێکی میتافیزیکی و بانسروشتی و خەیاڵییە. لە شارستانیەتە دێرینەکانەوە سەری هەڵداوە و لەو کاتانەدا باوەڕێکی تەواویان بە ناوەڕۆکی ئەفسانەکان بەخشیوە و بە پیرۆزیان زانیوە. بەشێک لە ئامانجی ئەفسانە بریتییە لە ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی سروشت و دیاردەکانی سروشت و ژیان و مردن. وەک: دروستبوونی گەردوون و کرداری خەڵقکردن و هۆیەکانی بروسکە و لافاو و زریان و بوومەلەرزە و دەسەڵاتی خواوەند و پاشاکان.

ئەفسانە، شیکردنەوەیەکی سەرەتاییە بۆ جیهان و سروشت و مرۆڤ؛ بۆ ئەوەی ئینسان هەوڵبدات دەسەڵاتی بەسەر ژینگە و بوونی خۆیدا هەبێت و پەرستگەی تایبەتی دروست بکات. ئامانج لە هەندێ ئەفسانەی دیدا بریتییە لە شیکردنەوەی دابونەریتی کۆمەڵایەتی و سرووتی ئایینی و بیرکردنەوە لە نهێنییەکانی ژیان و مردن. لێرەدا هەندێ جار خەیاڵ و خورافیات تێکەڵ دەبن و لە زۆر مەودادا ئایین و ئەفسانە ئاوێزانی یەکدی دەبن، بەڵام بەشی هەرە زۆری ئەفسانەکان بە مەبەستی فێرکردن و پەند و ئامۆژگاری و پیرۆزڕاگرتنی سرووتەکان داهێنراون، بەشێکی تریان بۆ پیشاندانی دەسەڵاتی بێسنووری پاشاکان و خواوەندەکان و نیمچەخواوەندەکان داڕێژراون.

پاڵەوانی ئەفسانەکان کەسانی ئازا و کەسایەتیی بوێرن، توانایەکی ئەفسوناوی و لەڕادەبەدەر و سروشتبەزێنیان هەیە؛ نازانن مەترسی

PDF 4 KURD

چییە، لەپاش شەڕ و ململانێ و دەردەسەرییەکی تاقەتپڕوکێن، دواجار نابەزن و بە سەرکەوتوویی دەگەڕێنەوە.

هەندێ کەس (ئەفسانە) و (خورافە) بە یەک دەچوێنن و لێکیان جیاناکەنەوە، بەڵام ئەمە هەڵەیە، ئەگەرچی هەردووکیان حیکایەتی خەیاڵین، بەڵام لەحیکایەتی خورافیدا خۆرسکی و زیادەڕەوییەکی بێئەندازە لە خەیاڵدا دەکرێت، بە جۆرێک لە باوەڕهێنان دوور دەکەوێتەوە. ئەفسانە گوزارشتێکی ئەدەبی-هێمایییە، سیمایەکی شیعرییانەی هەیە و دەچێتە نێو ڕەهایی و ئالۆجیکییەوە، تەشویق و وروژاندنی تیایە، مەبەستی فیکری و فێرکردن و پەروەردەیی هەیە، پەیوەندیی مرۆڤ بە ژیان و سروشت و بوونەوەرەکان دەردەبڕێت، لە شارستانیەتە گەورەکاندا زۆر جار شوێنی متمانەپێبەخشین بووە، واتە پیرۆز بووە و شایستەی پەرستن و سرووتی تایبەتی بووە، بەڵام خورافە زۆر دوور بووە لە واقیع و جێی باوەڕ نەبووە، لەسەر زمانی ئینسان یان ئاژەڵ پەند و حیکمەتی دەربڕیوە، بۆ نموونە (کلیلە و دیمنە) یان حیکایەتەکانی (هەزارویەک شەوە) پڕن لە حیکایەتی خورافی نەک ئەفسانەیی، کەچی داستانی (گەلگامش) یەکێکە لە دێرینترین ئەفسانەکانی دونیا کە ڕەهەندێکی فەلسەفیی هەیە و باس لە گەڕان بەدوای نەمریدا دەکات. هەروەها لە خۆرهەڵاتدا چەندین ئەفسانەی دی هەیە وەک: (سەندباد) و (عەلائەدین و فانۆسی سیحری).

لە زوربەی ئەفسانەکاندا مردن ئامادەیە، ئیدی کەسی مردوو دەچێتە ئەودیوی جیهان یان دەچێتە دونیای ژێر زەوی، یاخود دەچێتە دوورگەیەک لە فیردەوس. پاڵەوانە سەرەکییەکانیش کاری سەرسوڕهێنەر و لە توانای مرۆڤ بەدەر ئەنجام دەدەن. پاڵەوانەکان لەپاش خواوەندەکان بە پلەی دووەم دێن، بگرە هەندێکیان نیوەمرۆڤ و نیوەخواوەندن.

لە دۆڵی نیل و دۆڵی ڕافیدەیندا (میزۆپۆتامیا)، ئەفسانەگەلێکی بێشومار هەن. لە سەرەتادا سۆمەری و ئەکەدییەکان لە دۆڵی ڕافیدەین نیشتەجێ بوون و شاریان تیادا دروست کرد و ئەفسانەی باوەڕپێهێنراویان خوڵقاند، دواتر ئاشووری و بابلییەکان بوونەوەری خورافییان لە ئەفسانەکانیاندا داهێنا کە لەشیان لەشی مرۆڤە، بەڵام سەریان سەری ئاژەڵ، یاخود باڵندەن. زۆر جار ئەو بوونەوەرە خورافییانە باڵیان هەیە.

یۆنان و ڕۆمانی کۆن شوێنی سەرهەڵدانی ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسانە جیهانییەکانن کە دواتر بوون بە سەرچاوەیەکی سەرەکی و دەوڵەمەندی عەهدی کۆن –بە تایبەتی تەلمود- و کتێبە ئایینییەکانی دی. تەنانەت لە سەردەمی هێرۆدۆتی مێژوونووسی یۆنانیدا ئەفسانە و مێژوو تێکەڵ بووبوون؛ ئەمە ئەوە دەردەخات کە ئەفسانە، یاخود ئیستۆریا istoria لە بنەچەدا ڕووداوێکی واقیعی و مێژوویی بووە historyکە دواتر ئەو ڕووداوە پەرەی سەندووە، لەگێڕانەوە یەک لەدوای یەکەکانی نەوەکاندا قەبە و گەورە کراوەتەوە و زۆر شتی بۆ زیاد کراوە، بۆیە دەبینین پاڵەوانە ئەفسانەییەکان و کەسایەتییە ئایینییەکان، لە چنینی خەیاڵی ئینسانەکاندا، زۆر لە بارستایی و توانای خۆیان زیاتریان دراوەتێ و کراون بە کەسایەتیی پیرۆز و کاریزما و نیوەخواوەند و لەڕەخنەبەدەر.

ماکس مۆلەر و جێمس فریزەر، بە شێوەیەکی ورد و زانستی لە میتۆلۆژیا و ئەفسانەکانی گەلانی دنیایان کۆڵیوەتەوە. دواتر مارسیا ئیلیاد و کلۆد لیڤی ستراوس و ڕۆلان بارت چەندین کتێبیان لەبارەی ئەفسانە چاپ کرد و هەوڵیان دا هێما و کۆدە شاراوەکانی نێو ئەفسانەکان بکەنەوە. بەو پێیەی ئەفسانە، وەک مارسیا ئیلیاد دەڵێ، بریتییە لە "گەڕانەوەیەکی هەمیشەیی"، سایکۆلۆژیایش پێی وایە لە پشتی نالۆجیکی و نائەقڵانیی ئەفسانەدا، لۆجیکێکی دیاریکراو

PDF 4 KURD

شاردراوەتەوە، کە بریتییە لە لۆجیکی پاڵنەرە غەریزییە قووڵەکانی تاک، بۆ نموونە (فرۆید) لە چیرۆکی ئۆدیبی پاشادا گرێیەکی دەروونی دەدۆزێتەوە و ناوی دەنێت گرێی ئۆدیب، کە گوزارشت لە ئارەزووی کوڕ بۆ کوشتنی باوک و جووتبوون لەگەڵ دایکیدا دەکات. (کارل یۆنگ) کە داهێنەری زاراوەی (نائاگایی کۆ)یە، واتە (اللاوعي الجمعي)، پێی وایە ئەفسانە گوزارشتێکی مەجازییە لە نائاگایی کۆ لە لای کۆمەڵ و تاکەکەس.

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**

١ معجم العلوم الانسانية، ترجمة: د. جورج كتورة.
٢ معجم الاساطير، ترجمة: حنا عبود.
٣ معجم المصطلحات الاسطورية، د. خليل احمد الخليل.
٤ المعجم المفصل في الأدب، د. محمد آلتونجي.
٥ المعجم المفصل في اللغة والأدب، د. أميل بديع و د. ميشال عاصي.
٦ فرهنگ اصطلاحات ادبی، تالیف: سیما داد، انتشارات مروارید، تهران، چاپ سوم، ١٣٨٥

PDF 4 KURD

## ئەفسانەی ئەدۆنیس و ڤینۆس Adonis

لە زۆربەی ئەفسانە دێرینەکانی جیهاندا، خواوەندی جوانی و عەشق هەیە، لە هەر شارستانیەتێکدا ناوێکی جیاوازی هەیە، خواوەندی جوانیی پیاو ناوی ئەدۆنیسە، خواوەندی جوانیی ئافرەت ناوی ڤینۆسە، ئەم دوو خواوەندە عاشقی یەکدی دەبن.

لە شارستانیەتی بابلیدا خوای جوانیی پیاو ناوی (تەموز)ە، لە شارستانیەتی فینیقیدا ناوی (ئادۆن) یان (ئادۆنای)ە کە لە زمانی سامیدا (یان شامی، شامییەکان- سوورییەکان) بە مانای پیاوی گەورە یان (السید) دێت. ئادۆنای لە ناوچەی جوبەیلی لبنان ژیاوە و لەوێ دەپەرسترا. ئەم ناوە لە شارستانیەتی یۆنانی و ڕۆمانیدا پیتی (س)ی دەچێتە سەر و دەبێت بە (ئادۆنیس)، واتە خواوەند؛ پیتی (س) بۆ نێر (مذکر) زیاد دەکرێت. جێمس فرێزەر لە کتێبی (ئەدۆنیس یان تەموز)دا دەڵێ لە سەدەی پێنجەمی پێش زایینذا ئەدۆنیس لە لای نەتەوەکانی سامی (یان شامی) و سووریا و دۆڵی ڕافیدەیندا دەپەرسترا.

خوای جوانیی ژن لە یۆنانی کۆندا (ئەفرۆدێت)ە، لە شارستانیەتی ڕۆمانیدا دەبێت بە (ڤینۆس)، لای کەنعانییەکان (عەشتار) و لای فینیقییەکان (عەشتەروت)، لای ئێرانییەکان (ئاناهیتا)، لای هیندییەکان (مایادیهافانی)، لای ئاشوورییەکان (ئەناییتس).

شاعیری ڕۆمانی ئۆڤید (٤٣ پ.ز- ١٨ز) لە کتێبی (مەسخی کائینات)دا چیرۆکی ئەدۆنیس و ڤینۆس بەم جۆرەی خوارەوە دەگێڕێتەوە:

ڤینۆس عاشقی ئەدۆنیس دەبێت، ئەدۆنیس گەنجێکی زۆر جوان و ڕاوچییەکی لێهاتوو و بوێر دەبێت، توانیویەتی دڕندەترین ئاژەڵ بکوژێت، بەڵام ڕۆژێکیان، لە یەکێک لە ڕاوەکانیدا، بەرازێکی کێویی دڕندە پەلاماری ئەدۆنیس دەدات و دەیکوژێت. خوێنی ئەدۆنیس تێکەڵ بە ڕووبار و گژوگیاکان دەبێت. ڤینۆس دەست دەکات بە گریانێکی بێئامان و ڕووبارێک فرمێسک هەڵدەڕێژێت و هەوڵدەدات

PDF 4 KURD

زیندووی بکاتەوە. لە (زیوس)ی گەورەی خواکان دەپاڕێتەوە یارمەتیی بدات. زیوس بەزەیی بە ڤینۆسدا دێتەوە و بڕیار دەدات ئەدۆنیس زیندوو بکاتەوە، بەڵام لە ساڵێکدا شەش مانگ بێتەوە ناو ژیان، شەش مانگەکەی دی لە نەبوون و مردندا بمێنێتەوە. بەو پێیە ئەدۆنیس هەموو ساڵێک لە بەهار و هاویندا زیندوو دەبێتەوە و لە پاییز و زستانیشدا ون دەبێت.

لە کاتی خوێن لێ ڕۆیشتنی ئەدۆنیسدا، ڤینۆس بۆنێکی ئێجگار خۆش بە خوێنەکەیدا دەکات، لەپاش سەعاتێک، خوێنی ئەدۆنیس وەک چەند بڵقێکی سوور بەرز دەبێتەوە و ئەو بڵقانە دەبن بە گوڵێک لە ڕەنگی خوێن و بەنێو سروشتدا بڵاودەبنەوە. گوڵێکە لە گوڵەهەنار دەچێت، بەڵام تەمەنی کورتە و لە بەهاردا سەر دەردەهێنێت، ئەو گوڵە ناوی (گوڵاڵەسوورە)یە کە لە عەرەبیدا پێی دەوترێت (شقائق النعمان)، وشەی (شقائق) واتە برین و وشەی (نعمان) واتە ئازیز یان خۆشەویست، هەردوو وشەکە پێکەوە واتە: برینەکانی خۆشەویست.

بەم جۆرە هەموو ساڵێک ئەدۆنیس لە بەهاردا زییندوو دەبێتەوە و دەبێتە مایەی بەپیتکردن و بووژاندنەوەی گژوگیا و درەخت و گوڵ و کێڵگەکان. لەگەڵ ڤینۆسدا ژیان و سروشت و بوونەوەرەکان دەبووژێننەوە، بەڵام لە پاییز و زستاندا ئەدۆنیس دەچێتە دونیای نەبوونەوە و دۆخی سروشت دەگۆڕێت.

ئەفسانەی ئەدۆنیس چەندین هێما لەخۆ دەگرێت، دەشێت گرنگترینیان بریتی بێت لەوەی ئەدۆنیس ڕۆحی گژوگیا و گوڵەکان دەنوێنێت، واتە ژیان و مردنی ئەدۆنیس و سەرلەنوێ ژیانەوە و بووژانەوەی، هێمایە بۆ سروشت و وەرزەکانی ساڵ. لە بەهاردا سروشت دەبووژێتەوە، چونکە ئەدۆنیس دێتەوە نێو ژیان و لەگەڵ ڤینۆسدا یەک دەگرنەوە، بەڵام لە پاییز و زستاندا سروشت ڕەونەق و جوانیی نامێنێت و درەخت و گوڵ و گژوگیاکان سیس دەبن، چونکە ئەدۆنیس دەچێتە

دونیای مردنەوە و لە ڤینۆس دووردەکەویتەوە. ئەدۆنیس هەمو ساڵێک لە بەهاردا لە وێنەی گوڵاڵەسوورەدا جارێکی تر دێتەوە نێو ژیان و سروشت.

هەروەها ئەدۆنیس هێمایە بۆ هەتاو، چونکە خواوەندەکان وایان بڕیار داوە ئەدۆنیس هەر شەش مانگ جارێک بژیتەوە، ئەمە مانای وایە ئەدۆنیس لە بەها رو هاویندا، وەک هەتاو، بەهێز و تینێکی زۆرەوە دەردەکەویت، بەڵام لە پاییز و زستاندا دەڕوات و لەگەڵیدا هەتاویش لاواز و بێتین دەبێت و پاشان ئاوا دەبێت و نامێنێت.

بەگشتی ئەدۆنیس نیشانە و هێمایە بۆ پیتاندن و بووژانەوە و پێگەیشتنی بەروبوومی زەوی.

ئەفسانەی ئەدۆنیس و ڤینۆس لە چەندین تێکستی ئەدەبیی جیهانیدا بەکار هێنراوە و بەسەرهاتی ئەو ڕووداوە ئەفسانەییەیان گێڕاوەتەوە. گرنگترین تێکستی ئەدەبی، جگە لە کتێبەکەی ئۆڤید، تێکستی شیعریی (ئەفسانەی ئەدۆنیس و ڤینۆس)ی شەکسپیرە، هەروەها شانۆنامەی (ڤینۆس و ئەدۆنیس)ی شانۆنامەنووسی فەڕەنسی ئەندرێ ئۆبیە، ئینجا شیعری درامایی (زوهرە و مەنوچەهر)ی شاعیری ئێرانی ئیرەج میرزا، پاشان داستانە شیعری (عەشتەروت و ئەدۆنیس)ی نووسەری عەرەب دکتۆر حەبیب سابت.

١ – أسطوره فينوس و أدونيس، تأليف د. بديع محمد جمعة.
٢– أساطير الحب والجمال عند اليونان، تأليف دريني خشبة.
٣ – المعجم الأدبي، تأليف جبور عبدالنور.
٤ – معجم المصطلحات الاسطورية، تأليف د. خليل أحمد خليل.



PDF 4 KURD

## ئەكادیمیزم Academism

ئەكادیمیزم Academism (الاكادیمیة)، ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا و لە چەندین زمانی دنیادا بە مانای شوێنێک بۆ خوێندن و فێربوون دێت، بەو پێیە ئەكادیمیزم ناوەندێكە ئەدیبان و زانایان و ڕۆشنبیران بە شێوەیەكی ڕێكوپێک كۆدەكاتەوە. وشە یۆنانییەكەی ئەكادیمیزم مانای ئەو شوێنە دەگەیەنێت كە ئەفلاتون وانەی فەلسەفەی تیادا وتووەتەوە. كەواتە ئەكادیمیا قوتابخانەیەكی فەلسەفی بوو. ئەفلاتون لە ساڵی ٣٨٧پ.ز لە بێستانەكانی ئەكادیمۆس Academos لە ئەسینا دایمەزراندووە بۆ خوێندنی فەلسەفە و بیركاری. لەپاش خۆیشی چەندین قوتابی درێژەیان پێدا و هەر بە ناوی بێستانەكەوە ناوی ئەكادیمیایان لێناوە.

دواتر ئەم زاراوەیە تەنها لەم مانایەدا نەمایەوە، بەڵكو ئەم وشەیە بەو ناوەندانە دەوترا كە زانایان و ئەدیبان تیادا كۆ دەبوونەوە و كۆڕیان دەگێڕا و بیروڕایان ئاڵوگۆڕ دەكرد، پاشان ئەو ناوەندانە شێوەی ئینیستیتۆیان لەخۆ گرت، بۆ نموونە ئەكادیمیای فەڕەنسی كە ڕیشیلیۆ لە ساڵی ١٦٣٥دا لە پاریس دایمەزراند بە مەبەستی كۆكردنەوەی نوخبەیەک لە زانایان و هونەرمەندان و بیریاران بۆ گفتوگۆكردن و ڕاگۆڕینەوە دەربارەی بەشە جیاجیاكانی ئەدەب و هونەر و زانستەكان، دەرەنجامی ئەو گفتوگۆیانە بریتی بوو لە بەرهەمهێنانی ئینسایكلۆپیدیایەكی گەورە و قەبەی فەڕەنسی، هەروەها كتێبێک دەربارەی بایەخی زمان و ڕێزمان، كتێبێكیش دەربارەی ئەدەب و ڕەوانبێژی و بەشەكانی ڕەوانبێژی، دواتریش ئەكادیمیای هونەرەجوانەكانی پاریس دامەزرا و ئیدی لە زۆربەی وڵاتە ئەورووپییەكاندا ئەم وشەیە بەو مانایە بڵاوبووەوە.

مێژووی ڕاستەقینەی ئەكادیمیزم دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی ڕێنیسانسی ئەورووپی لە سەدەی پانزدەهەمی زایینیدا، چونكە لەساڵی ١٤٦٢دا لە

PDF 4 KURD

ئیتالیا بازنەیەکی ئەدەبی پێکهێنرا بە ناوی "ئەکادیمیای ئەفلاتونیزم"، کە دواتر ژمارەی ئەم جۆرە ئەکادیمییانە زیادی کرد بە چەشنێک لە سەدەی شانزەهەمدا ژمارەی ئەکادیمیا ئەدەبییەکان (واتە بازنە ئەدەبییەکان) تەنها لە ئیتالیادا گەیشتە سەدان ئەکادیمیا. لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمیشدا بازنەی برایانی "دۆپی" لە فەرەنسە دامەزرا کە بازنەیەکی ئەکادیمی بوو و پەیوەندییەکی پتەوی بە بیری ئینسایکلۆپیدیایی و سازدانی ئینسایکلۆپیدیا هەبوو، بۆیە لە کۆبوونەوەکانی ئەو حەلقە ئەدەبییەدا پتر گفتوگۆیان دەربارەی بابەتی جۆراوجۆری مەعریفە و بابەتە جیاجیاکانی ئەدەب و زانست دەکرد. لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەمدا بەشی هەرە زۆری ناوەندە ئەکادیمییەکان ئەرکی خۆیان لە گواستنەوەی بیری "ڕۆشنگەری"دا چڕکردبووەوە.

بۆ ئەمڕۆش ماناکانی ئەکادیمیا فراوانتر بوونەتەوە، ئەمڕۆ زاراوەی ئەکادیمیا پتر چووەتە نێو زانکۆکان و پەیمانگەکانی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەکادیمی و ئەکادیمیست بۆ ئەو کەس و بۆ ئەو توێژینەوە جیددییانە بەکار دەهێنرێت کە بە شێوەیەکی زانستی و میتۆدی و ورد و پسپۆڕیانە نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرای پێ دەنوسرێت.

ئەکادیمیست سیفەتی نووسەرێکە کە بە جیددی و وردبینی و زانستی، توێژینەوە دەکات و میتۆدی زانستی بەکار دەهێنێت، مەرج و بنەماکانی توێژینەوەی زانستی پەیرەو دەکات. ئەمڕۆ سیفەتی ئەکادیمیزم دەدرێتە پاڵ زانکۆ و پەیمانگە زانستی و هونەری و ئەدەبییەکان.

کەواتە ئەکادیمیزم پەیوەستە بە زانکۆکان و ئینستیتۆکانەوە و پەیوەستە بە جۆرێکی دیاریکراو لە توێژینەوە، هەروەها بریتییە لە

PDF 4 KURD

میتۆدی توێژینەوەی زانستی کە توێژەر پابەند دەکات بە چەند ڕێسایەکی تایبەتییەوە.
بەڵام ژمارەیەک لە زانایان و توێژەران بەم ڕێبازە قایل نین و ڕەخنە لە توێژینەوەی ئەکادیمی و لە ئەکادیمیزم و لە ڕێگەکانی توێژینەوەی زانستی دەگرن. ئەمانە پێیان وایە ڕێساکانی توێژینەوەی ئەکادیمی تا ئەندازەیەکی زۆر ئازادیی توێژەر بەرتەسک دەکاتەوە، چونکە میکانیزمەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی بۆچوونی توێژەر و ئازادیی بیروڕا بە هەند وەرناگرێت و پتر بایەخ بە سەرچاوەی زۆر دەدات، هەروەها ڕەخنە لە دوو مەرجی سەرەکیی توێژینەوەی ئەکادیمی دەگرن؛ یەکەم، مەرجەکانی نووسینی توێژینەوە کە دەبێ توێژەر پابەندی ڕێساکانی بێت. دووەم، بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆری سەرچاوە، کە ئەمەی دواییان لە توێژینەوەی ئەکادیمیدا هێڵی سوورە و بە پیرۆز دادەنرێت.

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**


١- معجم المصطلحات الأدبية، ترجمة: د. محمد حمود، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠١٢.

٢- المعجم المفصل في الأدب، د. محمد آلتونجي، دار الكتب العلمية، بيروت، ط٢، ١٩٩٩.

٣- الموسوعة الفلسفية، ترجمة: سمير كرم، دار الطليعة، بيروت، ط٥، ١٩٨٥.

٤- المعجم الأدبي، جبور عبدالنور، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٧٩.

٥- المعجم المفصل في اللغة والأدب، د. أميل بديع يعقوب و د. ميشال عاصي، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٨٧.

٦- معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة، د.سعيد علوش، دار الكتاب اللبناني، ١٩٨٥.

٧- د.منصور عيد، معجم الفكر الحضاري، دار الجيل للنشر والطباعة والتوزيع، بيروت، ٢٠١٠.

٨- موسوعة ويكيبيديا الحرة.

PDF 4 KURD

## ئەنترۆپۆلۆژی Anthropology

ئەنترۆپۆلۆژی Anthropology، واتە مرۆڤناسی. بە عەرەبی (علم الانسان)، ئەم زاراوەیە لە دوو وشەی یۆنانیی کۆن پێکدێت، ئەنترۆپۆس Anthropos، واتە مرۆڤ، Logos، واتە زانست، واتە زانستی لێکۆڵینەوە لە ژیان و ڕەفتاری مرۆڤ. دەتوانین بەم شێوەیە پێناسی ئەنترۆپۆلۆژی بکەین: ئەو زانستەیە لە مرۆڤ دەکۆڵێتەوە بە سیفەتی بوونەوەرێکی زیندوو لە کۆمەڵگەیەکدا دەژی کە ڕێکخستن و سیستمی کۆمەڵایەتیی لەژێر سایەی کولتوورێکی دیاریکراو تیادا بڵاوە و کاری جیاجیا دەکات و ڕەفتاری دیاریکراوی هەیە.

هەروەها دەتوانین بڵێین ئەنترۆپۆلۆژی ئەو زانستەیە لە ژیانی سەرەتایی و مرۆڤی سەرەتایی دەکۆڵێتەوە لەتەک ژیانی نوێ و هاوچەرخ. ئەم زانستە هەوڵدەدات لە ژیانی مرۆڤ بەگشتی بکۆڵێتەوە بە پشتبەستن بە پێشکەوتنی لە مێژووی دووردرێژی بەشەریدا. ئەنترۆپۆلۆژیا زانستێکی نوێ و پێشکەوتووە، لە سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە بە هۆی پرۆسەی داگیرکارییەوە دەستکرا بە لێکۆڵینەوە لە گەلانی دەرەوەی ئەورووپا. ئەم زانستە لە ڕەفتار و کارەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە لە لایەنی سروشتی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ژیارییەوە. ئەم زانستە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت: یەکەمیان "ئەنترۆپۆلۆژیای سروشتی-ئۆرگانی" کە بەگشتی لە فۆرم و لایەنی ئۆرگانیی مرۆڤ و لە سولالەی مرۆڤ لە هەموو سەردەمەکاندا دەکۆڵێتەوە، دووەمیان "ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری/ژیاری" کە لە کولتوور و ڕەفتار و دابونەریت و کارەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، بەڵام زۆربەی توێژەرانی ئەو بوارە وەک یەکەیەکی گشتی و وەک سیستم و میتۆدێکی پێکەوەبەستراو کار لەم زانستەدا دەکەن.

ئەنترۆپۆلۆژی بایەخ بە مرۆڤی تاک نادات، وەک ئەوەی لە زانستی دەروونی و فیسیۆلۆژیدا هەیە، بەڵکو بایەخ بە مرۆڤێک دەدات کە لە

PDF 4 KURD

گرووپ و ڕەگەزی جیاجیا پێکدێت و لە چوارچێوەیەکی سۆسیۆکولتووریدا جیاوازی و لێکچوونی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ لە ئیتنی و کولتووره جیاوازەکاندا شی دەکاتەوە.

بێگومان لێرەدا پەیوەندییەکی ئۆرگانی و ڕاستەوخۆ لە نێوان ئەنترۆپۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیدا هەیە، بەو پێیەی هەردوو زانستەکە لە مرۆڤ دەکۆڵنەوە، بەڵام یەکەمیان وەک بوونەوەرێکی کولتووری/ژیاری لە مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، دووەمیان وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی. هەروەها سایکۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژی هاوبەشن لەوەدا کە لە مرۆڤ دەکۆڵنەوە، بەڵام لەوەدا جیاوازن کە یەکەمیان لە دەروون و ڕەفتاری مرۆڤی تاک دەکۆڵێتەوە، کەچی دووەمیان لە ڕەفتارو کولتووری مرۆڤ بەگشتی دەکۆڵێتەوە.

گرنگترین ئامانجەکانی ئەنترۆپۆلۆژی بریتین لە: ١- وەسفی ڕواڵەتی ژیانی بەشەری لە میانی چوونە نێو ژیانی گرووپ و ڕەگەزەمرۆییە جیاجیاکان و تۆمارکردنی ڕەفتار و ژیانی ڕۆژانەیان.٢- پۆلێنکردنی ژیانی بەشەری و ژیاریی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە چەشنە جیاوازەکانی ژیانی بەشەری لە قۆناغە جیاجیاکانی وەک: سەرەتایی، ڕاوشکاری، کشتوکاڵی، پیشەسازی، مەعریفی، تێکنۆلۆژی.٣- دیاریکردنی گۆڕانکارییەکانی ژیانی مرۆڤ و هۆکارەکانی ئەو گۆڕانکارییە، ئەمەش بەگەڕانەوە بۆ کەلەپوری دێرینی مرۆڤ و گرێدانی بە ئێستاوە دابین دەکرێت لە میانی بەراوردکردنەوە. ٤-دەرەنجام و پێشبینییەکانی گۆڕانکاریی مرۆیی لە ئایندەدا و لێکۆڵینەوە لە ئایندەی گرووپەکان.

١- مدخل الى علم الانسان (الانثروبولوجيا)، د. عيسى الشماس، أتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٤.

٢- معجم الإثنولوجيا والأنثروبولوجيا، بيار بونت وميشال أيزار، ترجمة: مصباح الصمد، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠٦.

PDF 4 KURD

٣- معجم العلوم الانسانية، جان فرانسوا دورتيه، ترجمة: د. جورج كتورة، مجد المؤسسة الجامعين للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠٩.

٤- موسوعة علم الاجتماع، د. أحسان محمد الحسن.

٥- معجم المصطلحات الأدبية، ترجمة: د. محمد حمود.

٦- موسوعة علم الاجتماع،ج١، جون سكوت و جوردن مارشال.

٧- د. منصور عيد، معجم الفكر الحضاري، دار الجيل للنشر والطباعة والتوزيع، بيروت، ٢٠١٠.

## ئیتنۆلۆژی Ethnology

ئیتنۆلۆژیEthnology ، ڕەچەڵەکناسی، بە عەرەبی (علم الاعراق)، یان (علم السلالات البشرية)، لقە زانستێکە لە لقە زانستەکانی ئەنترۆپۆلۆژی، ئەسڵی ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ وشەیەکی کۆنی یۆنانی: ئیتنۆسEthnos واتە ڕەچەڵەکی گەلان و میللەتان، ئەم زانستەش بێگومان لە مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، بەڵام لەنێو تایبەتمەندییەکانی گەل و سولالەی خۆیدا (سولالە واتە نەژاد و ڕەچەڵەک)، کەواتە ئەم زانستە لە مرۆڤ دەکۆڵێتەوە لە پەیوەستیدا بە ڕەچەڵەکی ئیتنی و نەتەوەییەوە، هەروەها ئەم زانستە لە سەرهەڵدانی نەژاد و ڕەچەڵەکەکانی بەشەریەت و لە یەکەمین ئەسڵی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، دیسان لە تایبەتمەندییە زمانەوانی و کولتووری و نەژادییەکانی گەلان دەکۆڵێتەوە. کلۆد لیڤی ستڕۆس (١٩٠٨-٢٠٠٩) یەکێکە لەو زانا فەرەنسییە ناودارانەی لە ڕووی میتۆدی بونیادگەرییەوە تا ئەندازەیەکی زۆر پەرەی بە ئەنتترۆپۆلۆژیا داوە.

ئیتنۆلۆژی لە جوڵانەوە و تێکەڵبوونی گەلان دەکۆڵێتەوە لەو ساتەوەختەی بەر لە چەندین ملیۆن ساڵ کە مرۆڤ تیادا سەری هەڵداوە، لێرەوە بەدوای سەرچاوەی مێژوویی گەلانی سەر زەویدا دەگەڕێت، بۆ نموونە هۆزەکانی هیندییە سوورەکان لە ئەسڵدا لە کوێوە هاتوون و کام ڕێچکەیان گرتووە و کەی لەو شوێنانەدا نیشتەجێ بوون، لە کەیەوە لە ئەمریکای لاتیندا بڵاوبوونەتەوە، جیاوازییە زمانی و کولتوورییەکانیان چییە؟ دیسان ئەم لقەزانستە لە کولتوورەکان و جیاوازییان و پێشکەوتنیان و کۆچی کولتوورەکان و خاڵی جیاواز و لێکچونیان لە ڕووی بەراوردکارییەوە دەکۆڵێتەوە.



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

١- مدخل الى علم الانسان (الانثروبولوجيا)، د. عيسى الشماس، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٤.
٢- معجم الإثنولوجيا والانثروبولوجيا، بيار بونت وميشال ايزار، ترجمة: مصباح الصمد، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠٦.
٣- معجم العلوم الانسانية، جان فرانسوا دورتيه، ترجمة: د.جورج كتورة، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠٩.
٤- موسوعة علم الاجتماع، د. أحسان محمد الحسن./
٥- معجم المصطلحات الأدبية، ترجمة: د. محمد حمود.
٦- موسوعة علم الاجتماع،ج١، جون سكوت و جوردن مارشال.
٧- د. منصور عيد، معجم الفكر الحضاري، دار الجيل للنشر ووالطباعة والتوزيع، بيروت، ٢٠١٠.

PDF 4 KURD

## ئیتنۆگرافی Ethnography

ئیتنۆگرافی لقێکە لە لقەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بە عەرەبی (علم خصائص الشعوب)، ئەم زانستەش بەشێکی دانەبڕاوە لە ئەنترۆپۆلۆژی و ئیتنۆلۆژی و لەتەک ئەواندا کار دەکات. هەروەها پێی دەوترێت ئیتنۆلۆژیای وەسفی، بەو پێیەی ئیتنۆگرافی لایەنی پراکتیکی و وەسفی و مەیدانیی ئەنترۆپۆلۆژی و ئیتنۆلۆژییە. پشت بە تێبینی ڕاستەوخۆ و بە بەشداریکردنی فیعلی و بە دۆکیومێنت دەبەستێت، واتە توێژەران و کارکردووانی ئەم لقە هەوڵدەدەن بە فیعلی و بە شێوەیەکی پراکتیکی بچنە ناو هۆز و گەلە سەرەتاییەکانەوە و تێبینی بنووسن و بەشداری ژیانیان بکەن بۆ ئەوەی بە کۆمەڵێ دەرەنجامی زانستیی بەسوود و گرنگ و ورد بێنەدەرێ، بۆ نموونە دەشێت دۆزینەوەی هیندییە سوورەکان لە لایەن کریستۆڤەر کۆلۆمبس لە سەدەکانی پێشوودا و نووسینەوەی دابونەریت و تێبینی لەسەریان بە یەکەمین کاری ئیتنۆگرافی دابنرێت، لە سەدەی نوێشدا کلۆد لیڤی ستروس بەناوبانگترین زانای ئەورووپییە کە لێکۆڵینەوەی تیۆری و پراکتیکیی دەربارەی هۆزە سەرەتاییەکان کردووە و خۆیشی سەردانی ناوچە جیاجیاکانی بەرازیل و ئەرجەنتین و شیلیی کردووە .

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

١- مدخل الی علم الانسان (الانثروبولوجیا)، د. عیسی الشماس، اتحاد الکتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٤.

٢- معجم الإثنولوجیا والانثروبولوجیا، بیار بونت ومیشال ایزار، ترجمة: مصباح الصمد، مجد المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر، بیروت، ٢٠٠٦.

٣- معجم العلوم الانسانیة، جان فرانسوا دورتیه، ترجمة: د. جورج کتورە، مجد المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر، بیروت، ٢٠٠٩.

٤-موسوعة علم الاجتماع، د. أحسان محمد الحسن.

PDF 4 KURD

٥- معجم المصطلحات الأدبية، ترجمة: د.محمد حمود.
٦- موسوعة علم الاجتماع، ج١، جون سكوت و جوردن مارشال.
٧- د. منصور عيد، معجم الفكر الحضاري، دار الجيل للنشر والطباعة والتوزيع، بيروت، ٢٠١٠.

## ئەویدی Other The

ئەویدیOther، بە عەرەبی (الآخر)، لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە لە پێچەوانەی "من" یان "خود"، واتە "ئەویدی" و "من" هەمیشە وەک دوو دژ، یان وەک دوو هاوشێوە لەتەک یەکدا دادەنرێن. ئەم زاراوەیە لە لێکۆڵینەوەکانی گوتاری کۆلۆنیالی و پۆست کۆلۆنیالی و ڕەخنەی فێمینیزم و ڕەخنەی ڕۆشنبیری و جێندەر و خۆرهەڵاتناسی و خۆرئاواناسی و ئەنترۆپۆلۆجیادا بەکار دەهێنرێت، هەروەها لە فەلسەفەی فەرەنسیدا بایەخی زۆری پێدراوە و لێکۆڵینەوەی جیاجیای لەسەر کراوە، بە تایبەتی لە لای جان پۆل سارتەر و میشێل فۆکۆ و جاک لاکان و دێریدا و ئیمانۆیل لیڤیناس.

مەرج نییە هەموو جارێ "ئەویدی" سەبارەت بە "من" ئەویدییەکی دژ و نامۆ و نامەئلوف و بێگانە بێ و ترس و دڵەڕاوکێ بورووژێنێ و هەڕەشە لە یەکێتیی گرووپ بکات، بە پێچەوانەوە ئەویدی لە فەلسەفەی نوێدا هاوشێوەی "خود"ە و تەواوکەری یەکدین، لێرەدا تێگەیشتن و لێکۆڵینەوە لە "ئەویدی" زۆر پێویستە بۆ تێگەیشتن لە "خود"، جۆلیا کریستیڤا دەڵێ "ئەویدی لە ناوەوەماندا دەژی، ئەویدی ڕووەکەی تری شوناسەکەمانە"، ڕامبۆی شاعیریش دەڵێ "من ئەویدیم."

لە فەلسەفەی سارتەریزم و لاکانیزمدا و هەروەها لە فینۆمینۆلۆجی و فێمینیزمدا "ئەویدی" بایەخێکی زۆر گەورەی هەیە بۆ پێکهێنانی "خود" و بۆ دیاریکردنی شوناسی ئەو خودە، چونکە پرسیاری "ئەویدی" پەیوەستە بە پرسیاری "شوناس"، کە لە ڕاستیدا ئەویدی بەشدارە لە دامەزراندن و ڕێنوێنیکردنی سەرەتاکانی خودی کەسی و نەتەوەیی و کولتووری. ئەویدی لە لای سارتەر و لاکان فاکتەرێکی گرنگە بۆ پێکهێنانی خود و بۆ تێگەیشتن لە خود، چونکە ئاگایی خود لە تەماشاکردنی ئەویدییەوە دادەمەزرێت، بەڵام ئەم ئەویدییە لە لای

سارتەر ئەویدییەکی ئیجابی نییە، بەڵکو هەوڵدەدات دەست لە ئازادییەکانی خود وەربدات و ڕێگەی لێ بگرێت، بۆیە دواجار سارتەر گەیشتە ئەو وتە ناودارەی کە دەڵێ: "ئەویدی دۆزەخە."

کەچی فۆکۆ پێی وایە ئەویدی و خود بە شێوەیەکی پتەو و لێکهەڵنەوەشاو بەیەکەوە گرێدراون و مومکین نییە جیابکرێنەوە تەنها لە ساتەوەختی مەرگدا نەبێت، لێرەدا فۆکۆ، بە پێچەوانەی سارتەر، پێی وایە کاتێک خود ئەویدی دووردەخاتەوە، ئەوسا خودی مرۆڤەکە خۆی دووردەخاتەوە و بچووکی دەکاتەوە، واتە دژایەتیکردنی ئەویدی دژایەتیکردنی خودە، دێریدا دەڵێ: "ئەویدی جەوهەرە، ئەویدی سەرچاوەی ڕاستەقینەی منە، چونکە بەبێ بەریەککەوتنی خود بە ئەویدی مومکین نییە ئەو خودە لە خۆی تێبگات و شێوە بگرێت".

ئیدوارد سەعید لە کتێبی خۆرهەڵاتناسیدا ڕەخنە لەو چەمکەی "ئەویدی" دەگرێت کە سیستمی کۆلۆنیالی خۆرئاوایی لە ئاستی خۆرهەڵاتدا دایهێناوە، لەوێوە ویستوویەتی لە میانی دەرخستنی "ئەویدی"ی خۆرهەڵاتیدا، منی خۆرئاوای خاوەن ئەقڵ بەرجەستە بکات و ڕەوایی بە هەژمونی خۆرئاوایی ببەخشێت.

**بڕوانە:**


١- مفاتيح إصطلاحية جديدة-معجم مصطلحات الثقافة والمجتمع، ترجمة: سعيد الغانمي.

٢- دليل الناقد الأدبي، د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي.

٣- معجم المصطلحات الأدبية، ترجمة: د. محمد حمود.

٤- معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة، د. سعيد علوش.

PDF 4 KURD

## ئیپستیمۆلۆژیا و دابڕانی ئیپستیمۆلۆژی Epistemology

ئیپستیمۆلۆژی Epistemology، واتە تیۆری مەعریفە یان زانستی مەعریفە، بە عەرەبی: (نظرية المعرفة)، یان (علم المعرفة)، یان وەک لە وەرگێڕانی فەرهەنگی لالاندی فەلسەفیدا هاتووە: (المعلومية)، لقێکە لە لقەکانی فەلسەفە کە لە سروشت و تێڕوانینی مەعریفە و زانستەکان دەکۆڵێتەوە، هەروەها لە دیدێکی فەلسەفییەوە لە تیۆرەکانی زانست دەکۆڵێتەوە .

ئەم زاراوەیە لە دوو وشەی یۆنانی پێکدێت: episteme، واتە زانست یان مەعریفە، logy، یانlogos ، واتە تیۆر، یان زانست، هەردوو وشەکە بەسەریەکەوە واتە: تیۆری زانست یان تیۆری مەعریفە یان زانستی زانست، هەندێ جار بە مانای فەلسەفەی زانست بەکار دەهێنرێت. ئیپستیمۆلۆژیا یەکێکە لە ئاڵۆزترینی ئەو زاراوانەی بە شێوەی جیاجیا و بە مانای هەمەجۆر لە فەلسەفە و زانستەکاندا و لە لای بیرمەندانی ئەو بوارە بەکار هاتووە، بۆیە زەحمەتە لێرەدا بتوانین باس لە هەموو لایەن و مەوداکانی ئیپیستمۆلۆژیا بکەین، بەڵام هەوڵ دەدەین مانا سەرەکییەکان و هێڵە گشتییەکانی ڕوون بکەینەوە.

مانای فەرهەنگیی ئەم وشەیە جیاوازە لە مانای زاراوەیی. مانای ئاسایی وشەی ئیپستیم لە زمانی گریکدا واتە: زانست، بەڵام مانای زاراوەیی وەک ئەوەی میشێل فۆکۆ لە کتێبی "وشەکان و شتەکان"دا گەڵاڵەی کردووە، ئەوا شتێکی تری تەواو جیاواز دەگەیەنێت. ئەم زاراوەیە بە عەرەبی واتە (المنظومة الفكرية) یان (نظام الفكر)، لە کوردیدا سیستمی فیکر، یان فەزای عەقڵی.

ئیپستیمۆلۆژیا جۆرێکی تایبەت لە مەعریفە لەخۆ دەگرێت کە بریتییە لە مەعریفەی زانستی، بۆیە مانای ئەم زاراوەیە بریتییە لە زانستی مەعریفە، یان فەلسەفەی مەعریفە، ئەمەش جیاوازە لە تیۆری مەعریفە

که کۆنتره و لەگەڵ پرۆژەی کانت-دا سەری هەڵداوە بۆ ڕەخنەگرتن لە عەقڵ. وەک دەزانین وشەی مەعریفە، لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبییە و چاوگی ئەم وشانەیە: (عرف) و (یعرف) و (عارف) کە بە مانای (أدرک)یش دێت. لە زمانی کوردیدا دەشێت هەڵگری دوو مانا بێت، مانای یەکەم زانین (knowledge) دەگەیەنێت، مانای دووەمیش زانیاری یان زانست (ئیپستیمepisteme) دەگەیەنێت، هەروەها تیۆری مەعریفە (ئیپستیمۆلۆژیا Epistemology) کە لە دیدێکی فەلسەفییەوە لە تیۆرەکانی زانست دەکۆڵێتەوە.

ئیپستیمۆلۆژیا لە ڕەهەندێکی تردا ئەو زانستەیە کە لە سەرچاوە و کێشە و مەرجەکانی بەرهەمهێنانی مەعریفە و بەکارهێنانی مەعریفە دەکۆڵێتەوە. تیۆرەکانی ئیپستیمۆلۆژیا دەربارەی مەسەلەکانی هەستکردن، هۆشیاری، یادهاتنەوە، ڕاستی و گومان دەدوێن. ئیپستیمۆلۆژیا بریتییە لەو زانستەی پێمان دەڵێت زانیاری لە کوێوە دێت، سەرچاوەکانی کامانەن، مەرجەکانی چین و بە چ شێوەیەک بەکار دەهێنرێن؟ هەروەها گرنگییەکی گەورە بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی مەعریفە دەدات کە بریتین لە هەستەکانی مرۆڤ و ئەقڵ و یادەوەری و خەیاڵ و میکانیزمەکانی یادهاتنەوە و بیرچوونەوە.

ئیپستیمۆلۆژیا بریتی نییە لە بەرهەمهێنانی مەعریفە لەسەر بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگە، ئەمە کاری سۆسیۆلۆژیا و بەشەکانی تری زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکانە. لێرەدا مەبەست لە ئیپستیمۆلۆژیا زانستی تیۆری مەعریفەیە، یان فەلسەفەی مەعریفەیە، نەک مەعریفە لە خۆیدا، بەڵکو ئەو مەرجە سەرەتاییانەی وا لە مەعریفە دەکەن شیاوی هەبوون بن. کەواتە ئیپستیمۆلۆژیا = تیۆری مەعریفە، ئیپستیم = ژێرخانی مەعریفە.

لە فەرهەنگی لالاندی فەلسەفیدا بەم شێوەیە باس لە ئیپستیمۆلۆژیا کراوە: ئەم وشەیە، بە مانایەکی ورد، دەلالەت لە فەلسەفەی

زانستەکان دەکات، بەڵام لە میتۆدی زانستەکان ناکۆڵێتەوە، چونکە ئەمە کاری زانستی میتۆدۆلۆژییە و سەر بە زانستی لۆجیکە، هەروەها بە شێوەی پۆزەتیڤیزم لە یاساکانی زانستەکان ناکۆڵێتەوە. ئیپستیمۆلۆژیا لە جەوهەردا بریتییە لە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی لە پرەنسیپ و دەرەنجامی زانستە جیاجیاکان. هەروەها دەبێ ئیپستیمۆلۆژیا لە تیۆری مەعریفە جیابکەینەوە، ئەگەرچی ئیپستیمۆلۆژیا دەروازەیەکە بۆ تیۆری مەعریفە و یارمەتیدەریەتی، بەڵام ئیپستیمۆلۆژیا بە شێوەیەکی وردتر و درێژتر لە مەعریفە دەکۆڵێتەوە. ئەم جیاکردنەوەیە لە ئەزموونی فەڕەنسیدا کاری پێدەکرێت، کەچی لە ئینگلیزی و ئیتالیدا ئیپستیمۆلۆژیا و تیۆری مەعریفە لێکدی جودا ناکرێنەوە.

وشەی ئیپستیمۆلۆژیا لە زمانی فەڕەنسیدا لە سەرەتای سەدەی بیستەم و بە دیاریکراوی لە ساڵانی ۱۹۰۷ و ۱۹۰۸ لەسەر دەستی زانای فەڕەنسی ئیمێل مێریسۆن دەرکەوت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا پێشتر بەکار دەهێنرا، ئەم وشەیە لە زمانی ئینگلیزیدا لە ساڵی ۱۸۵٦دا دەرکەوت ئەو کاتەی فەیلەسووفی ئیسکۆتلەندی ج.ف.فیریێر فەلسەفەی دابەش کردە سەر ئەنتۆلۆژیا و ئیپستیمۆلۆژیا. لە زمانی عەرەبیشدا لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم لە لایەن ڕەخنەگرە مەغرییەکانەوە بەکارهات. لە ڕۆشنبیریی کوردیشدا، ئەم زاراوەیە لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، لە لایەن مەریوان وریا قانع بەکار هاتووە.

زانستەکان بەگشتی دابەش دەبنە سەر دوو بەش: بەشێکیان تایبەتە بە زانستە ورد و سروشتی و تێکنۆلۆژییەکان، بەشێکی تریان تایبەتە بە زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام لێرەدا زانستێک هەیە لە سەرووی هەموو زانستەکانەوە دەوەستێت، یان لە سەرەوە سەرپەرشتییان دەکات، ئەویش بریتییە لە زانستی ئیپستیمۆلۆژی.

PDF 4 KURD

ئەم زاراوەیە لە سەروەختی گەشەسەندنی بزووتنەوەی بونیادگەریدا لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، گەشانەوەیەکی گەورەی بە خۆوە بینی، ئیدی هیچ بیرمەند و فەیلەسووفێک نەبوو قسە دەربارەی ئیپستیمۆلۆژیا نەکات، وشەی ئیپستیمۆلۆژیا وردەوردە جێگەی زاراوەی فەلسەفەی زانستەکانی گرتەوە، گرنگترین زانا و بیرمەندانی بواری ئیپستیمۆلۆژیا لە چەرخی ئێستاماندا بریتین لە: کارل پۆپەر و برتراند ڕسل لە ئینگلتەرە، گاستۆن باشلار و جۆرج کانگیلیم و میشیل فۆکۆ و ڕینێ تۆم و جیل گاستۆن گرانجێ و محەمەد ئارکۆن لە فەڕەنسە، تۆماس کۆهین و پۆل فیرابند لە ئەمریکا، جان جینێ لە سویسرا، یۆرگن هابرماس لە ئەڵمانیا، هاشم ساڵح و مەتاع سەفدی و عەلی حەرب و ژمارەیەکی زۆر لە بیرمەندانی مەغریب لە وڵاتانی عەرەبیدا.

## دابڕانی ئیپستیمۆلۆژی چییە؟

دابڕانی ئیپستیمۆلۆژی، یان دابڕانی مەعریفی (القطیعة المعرفیة)، بریتییە لەو گۆڕانکارییە گەورەیەی کە لە ئەنجامی داهێنانێکی گەورەی زانستی و فیکریدا ڕوودەدات بە جۆرێک فیکری بەشەریی پێش ئەو داهێنانە جیادەکاتەوە لە فیکری بەشەریی پاش ئەو داهێنانە، واتە دابڕانێکی زانستی و مەعریفی لە بیرکردنەوەی مرۆڤدا دروست دەکات، زانا و فەیلەسووف و ئەدیبی فەڕەنسی گاستۆن باشلار (١٨٨٤-١٩٦٢) دامەزرێنەری ئەم چەمکەیە، یەکەم جار لە بواری زانستە سروشتییەکاندا باس لە دابڕانی ئیپستیمۆلۆژی کرا، بەڵام دواتر میشێل فۆکۆ لە بواری زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکاندا ئەم چەمکەی بەکارهێنا، بەڵام هەندێ لە زانایان و فەیلەسووفان باوەڕیان بە دابڕانی مەعریفی نییە، واتە باوەڕیان بەوە نییە کە داهێنانێکی دیاریکراو بتوانێت بەتەواوی قۆناغێک لە قۆناغێکی دی

PDF 4 KURD

دابېرێت، بەگشتی زانایان لە نێوان لایەنگریی ئەم چەمکە و ڕەتکردنەوەیدا دەبن بە سێ بەش، بەشێکیان پێیان وایە دابڕان مەسەلەیەکی ڕەها و حەتمییە و وەک شمشێر دوو شت، یان دوو قۆناغ لێکدی جیادەکاتەوە، بەشێکی تریان ئەم دابڕانە کتوپڕە ڕەتدەکەنەوە، بەشێکیش باوەڕیان بە دابڕان هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی لەسەرخۆ و پلەبەپلە.

جگە لە گاستۆن باشلار، چەند فەیلەسووفێکی تری وەک میشێل فۆکۆی دامەزرێنەری تیۆری ئیپستیم و هەروەها زانای ئەمریکی تۆماس کۆهن خاوەنی تیۆری پارادیگم، سەر بەو ڕەوتەن کە باوەڕیان بە دابڕانی کتوپڕ و یەکلاکەرەوە هەیە، پێیان وایە داهێنانێکی زانستی یان فیکری، مرۆڤایەتی لە قۆناغێکەوە دەگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی تەواو جیاواز، کەچی بەشی دووەمی فەیلەسووفان ئەم دابڕانە ڕەتدەکەنەوە و فەیلەسووفانی بەشی یەکەم بە نائەقڵانی وەسف دەکەن، پێیان وایە مێژووی فیکر بریتییە لە یەک هێڵی ڕاست و پێکەوەبەستراو، لە ئەرستۆوە تا ئەمڕۆ وێستگەکانی فیکری بەشەری لێکدی دانەبڕاون، بەڵام بەشی سێیەم لە فەیلەسووفانی وەک جیل گاستۆن گراجیە و ئالتۆسێر ددان بە دابڕانی ئیپستیمۆلۆژیدا دەنێن، بەڵام نەک بەو شێوەیەی کە فۆکۆ بانگەشەی بۆ دەکات.

باشلار لە میانی لێکۆڵینەوەی لە هەردوو زانستی فیزیا و کیمیادا، مەسەلەی دابڕانی گەڵاڵە کرد، ئەو لە کتێبی (ڕۆحی زانستی نوێ-١٩٣٤)دا باس لە دوو جۆر دابڕان دەکات، یەکەمیان پەیوەستە بەو دابڕانەی لە نێوان مەعریفەی زانستە وردەکان و مەعریفەی گشتی و باودا هەیە، دووەمیان تایبەتە بە دابڕان لە نێوان قۆناغە مێژووییە جیاجیاکانی فیکر، بۆ نموونە دابڕانی نێوان یۆنان و ڕۆمان لە لایەک و سەدەکانی ناوەڕاست لە لایەکی تر، یان دابڕانی نێوان سەدەکانی ناوەڕاست و چەرخی مۆدێرنە. گەورەترین دابڕانی ئیپستیمۆلۆژی لە

PDF 4 KURD

بواری زانستی و گەردووناسیدا لەسەر دەستی گالیلۆ و دیکارت و نیوتندا ڕووی داوە، مرۆڤایەتی بۆ چەندین سەدەی دوورودرێژ لەسەر ئەو باوەڕە دەژیا کە خۆر بە دەوری زەویدا دەسوڕێتەوە، بەڵام زانست بە دەرخستنی پێچەوانەی ئەو باوەڕە و بە سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە زەوی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، دابڕانێکی ئیپستیمۆلۆژیی گەورەی دروست کرد.

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**


١- موسوعة لالاند الفلسفية، ترجمة: خليل أحمد خليل.

٢- هاشم صالح، مخاضات الحداثة التنويرية.

٣- م. روزنتال و ب. يودين، الموسوعة الفلسفية، ترجمة: سمير كرم.

٤- الموسوعة الفلسفية المختصره، ترجمة: فؤاد كامل واخرون.

PDF 4 KURD

## ئیپیکۆریزم Epicurism

زاراوەی ئیپیکۆریزم Epicurism، لە عەرەبیدا پێی دەوترێت (الابیقوریة) دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسووفی یۆنانی ئیپیکۆر (٣٤١- ٢٧٠ پ.ز)، بریتییە لە ڕەوتێکی فەلسەفی کە باوەڕی بە بەدەستهێنانی چێژ و لەزەتەکانی ژیان هەیە، ئەم فەیلەسووفە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە پێویستە مرۆڤ بۆ ئەوەی خۆشی لە ژیان ببینێت دەبێت هەوڵ بۆ چێژ و لەزەتەکانی بدات و دەروونی ئاسوودە بکات. لە سەدە کۆنەکانەوە ئیپیکۆر لە لایەن نەیارانیەوە بە فجور و بەرەڵایی تۆمەتبار کرا و دەیانوت ئیپیکۆر و لایەنگرانی تەنیا شەیدای خواردن و خواردنەوە و سێکسن، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا وشەی ئیپیکۆر یان ئیپیکۆریزم بۆ وەسفی ئەو کەسانە بەکار دەهێنرێت کە دەزانن چۆن بژین و چۆن خۆشی و بەختەوەری و لەزەتەکانی ژیان بەدەست بهێنن.

ئیپیکۆر وای دەبینێ بۆ ئەوەی بگەینە هەستکردن بە خۆشی ئەوا دەبێ لە هەموو چەشنە ئازارێک دوور بکەوینەوە و بە دەنگ ئارەزووەکانی جەستەوە بچین، لەزەتیش بە تەنیا جەستەیی نییە، بەڵکو لەزەتی ڕۆحی و ئەقڵیش هەیە، هەروەها پێی وایە هاوڕێیەتی و دۆستایەتی ڕەگەزێکی بنەڕەتییە لە ڕەگەزەکانی بەختەوەری، ئەو هەمیشە بەو شێوەیە ئامۆژگاریی قوتابییەکانی دەکرد و لە شوێنێکیشدا وانەی پێدەوتن کە چواردەوری بە باخچە و گوڵ و گوڵزار تەنرابوو و ناوی (قوتابخانەی فەلسەفیی ئیپیکۆر)ی لێ نابوو . دەشێت ئەم فەلسەفەیە بۆ کاتی خۆی بەوە ڕاڤە بکرێت کە ئەو ساتەوەختەی ئیپیکۆر ساتەوەختێکی ناسەقامگیر بووە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە کە برسێتی و گۆڕانکاریی خێرای سیاسی لە ئارادابوو. جا بۆ ئەوەی مرۆڤ لە مەترسییەکانی مەرگ و لە دەستێوەردانی خواوەندەکان ڕزگاری بێت، ئیپیکۆر پەنای بردە بەر

جۆرە ماتریالیزمێک کە لە فەلسەفەی ئەتۆمیی دیمۆکریسەوە وەری گرتبوو (لێرەدا ئەتۆم بە مانای گەردیلەی هەرەبچووک دێت کە چاو بیبینێت و لەو دەمانەدا لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆناندا بەکار دەهات)، لەم تێڕوانینە فەلسەفییەدا بوون بریتییە لە چەندین گەردیلەی بچووک کە قابیلی دابەش بوون نییە و وەک باران بەناو فەزایەکی بێسنووردا دادەبارێت و هەندێجار ئەو گەردیلانە بەر یەک دەکەون و شێوە و وێنەی بینراوی سەرنجڕاکێش دەخوڵقێنن و بوون دەهێننە کایەوە، واتە هەموو تەنێک بریتییە لە ژمارەیەکی زۆری گەردیلە کە فۆرم و بارستایی و قورسایی بەو تەنە دەبەخشن، کەواتە "بوون" بەروونبوومی "ڕێکەوت"ە و ئیدی پێویست بەوە ناکات لە مەرگ بترسین، چونکە لەم دیدە فەلسەفییەدا مەرگ شتێکە ڕوونادات و مرۆڤ بێئاگایە لێی؛ ئەو کاتە مەرگ ڕوودەدات کە بوونی ئەو مرۆڤە لە ژیاندا نەماوە. بەگشتی فەلسەفەی ئیپیکۆریزم سەبارەت بە بوون و نەبوون لەسەر سێ پرەنسیپ وەستاوە:

١- هیچ شتێک لە نەبوونەوە نایەت.

٢- هیچ شتێک بەرەو نەبوون ناچێت.

٣- جیهان وەک ئەوەی ئێستا هەیە پێشتریش هەر هەبووە و تا هەتایە هەر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە .

فەلسەفەی ئیپیکۆریزم نکوڵی لە بوونی خودا ناکات، بەڵام باوەڕی بەو جۆری خواوەندانە نییە کە ئەفسانەکان باسی دەکەن، لە لای ئیپیکۆریزم خودا دەست وەرناداتە ژیانی ئینسانەوە و لێرەدا خودا مرۆڤەکان بە ئاگر و دۆزەخ ناترسێنێت، بۆیە ئیپیکۆر فەلسەفەکەی لە هەشت چەمکی سەرەکیدا کورت دەکاتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- لە خواوەند مەترسە

٢- لە مردن مەترسە

٣- سڵ لە ئازار مەکەرەوە

PDF 4 KURD

٤- به سادەیی بژی
٥- پەیوەندیی دۆستایەتی ببەستە و بەدوای هاورێدا بگەڕێ و هەمیشە نەرم و چاک بە لەگەڵیاندا
٦- لە ژیان و کارەکانتدا دڵسۆز و بە ئەمەگ بە.
٧- بە حیکمەتەوە بە دوای خۆشی و بەختەوەریدا بگەڕێ
٨- دوور بکەوە لە ناوبانگ و خواست و ئامانجی سیاسی.

لە هەموو سەدەکاندا بە شێوەی جیاجیا بایەخ بە ئیپیکۆریزم دراوە تەنانەت بەر لە چەرخی ڕێنیسانسیش، بۆ نموونە دانتی لە کۆمیدیای خواوەندیدا باسی ئیپیکۆر دەکات و دەیباتە دۆزەخ، بەڵام لە چەرخی ڕێنیسانسدا چاویان بەو ئیدانەیەدا خشاندەوە و ڤالا لە تێکستێکدا کە بریتییە لە گفتوگۆی نێوان مەسیحییەک و ڕواقییەک و ئیپیکۆریستێک، سۆزداریی خۆی بۆ ئیپیکۆر ناشارێتەوە، لەبەر ئەوەی لەزەتی ڕاستەقینە لە لای ئیپیکۆر بریتییە لە خۆشی و بەختەوەریی دەروونی.
لە سەدەی شازدەهەمدا لە کتێبی (دنیاکەی دیکە-١٦٥٧)ی سیرانۆ دی پیرژیراکدا ئیپیکۆریزم و ئاتەئیزم (بێباوەڕی-ئیلحادی) هاوشانی یەکدی بانگەشەیان بۆ ئیرۆس و ئیرۆتیکایەکی گەردوونی دەکرد کە لایەنی زانستی و ئەخلاقی پێکەوە کۆبکاتەوە. دواتر لاڤۆنتێن لە چیرۆکە خورافییەکانیدا کەوتە ژێر کاریگەریی لایەنی ئیتیکی-ئەخلاقیی ئیپیکۆریزم بەو پێیەی ڕەوشت (ئیتیک) بەشێکی گرنگی تیۆری ئیپیکۆریزمە، تەنانەت هەندێ کەس پێیان وایە ستاندال لە ڕۆمانەکانیدا وەک ئیپیکۆریستێک دەردەکەوێت بەو پێیەی ئاتەئیزم و لەزەتەکانی ژیان شکۆدار دەکات. کارل مارکس لە تێزی دکتۆراکەیدا داکۆکیی لە فەلسەفەی ئیپیکۆریزم کردووە. لە سەدەی بیستەمدا هێنری دی مۆنتلان و گابریێل ماتژنیف لە کتێبی (ماتریالیستەکانی چاخە کۆنەکان-١٩٣٨)دا سەرسامیی خۆیان بۆ فەلسەفەی ئیپیکۆریزم و حیکمەت و لەزەتەکانی سەدە دێرینەکان دەربڕیوە. لە ساڵی ١٩٨٣دا

ژیل لیبۆڤسکی لە کتێبی (سەردەمی بۆشایی)دا بایەخی ئیپیکۆریزم دەهێنێتە گۆڕێ و پێی وایە دۆخی ڕۆشنبیریی ئێستا ڕەنگدانەوەی ونبوونی میتافیزیکیا و گۆشەگیریی ئینسان و خۆخەریککردنە بە باخچەی ماڵەوەیە کە ئەمە بریتییە لە فۆرمێک لە فۆرمەکانی ئیپیکۆریزم.

١- معجم المصطلحات الأدبية، ترجمة: الدكتور محمد حمود، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت- لبنان، ٢٠١٢.
٢- مفاتيح اصطلاحية جديدة معجم مصطلحات الثقافة والمجتمع، ترجمة: سعيد الغانمي، المنظمة العربية للترجمة، بيروت-لبنان،٢٠١٠.
٣- اطلس الفلسفة، ترجمة: د. جورج كتوره، المكتبة الشرقية، بيروت-لبنان، ط٣، ٢٠١٢.
٤- المعجم المفصل في الأدب، د. محمد آلتونجي، دار الكتب العلمية، بيروت- لبنان، ط٢، ١٩٩٩.
٥- الموسوعة الفلسفية المختصره، ترجمة: فؤاد كامل واخرون، دار القلم بيروت- لبنان، مكتبة النهضه بغداد، ١٩٨٣.
٦- الموسوعة الفلسفية، ترجمة: سمير كرم، دار الطليعة- بيروت، ط٥، ١٩٨٥.
٧- موسوعة لالاند الفلسفية، ترجمة: خليل أحمد خليل، عويدات للنشر والطباعة، بيروت، ٢٠٠٨.
٨- د. منصور عيد، معجم الفكر الحضاري، دار الجيل للنشر والطباعة والتوزيع، بيروت، ٢٠١٠.

## ئیتمۆلۆجی Etemology

ئیتمۆلۆجیEtemology، واتە بنەمای وشە یان ئەسڵی وشە، ئەم زاراوەیە پتر لە زمانەوانیدا بەکاردێت، لێرەدا وشەی "ئەسڵ" جیاوازە لە وشەی "ئەسڵی" بە مانای ئۆریجیناڵ.Original

ئیتمۆلۆجی لە عەرەبیدا: (علم الإشتقاق وأصل الكلمة). لە یۆنانیدا (etumos)واتە ڕاستەقینە، (logy) واتە لێکۆڵینەوە، یان زانست. هەردوو وشەکە بەسەریەکەوە واتە زانستی ئەسڵی وشە، ئەم زاراوەیە ئەمڕۆ بە مانای: گەڕان بەدوای ئەسڵی وشەکان و پێشکەوتنیان لە سەرەتای دەرکەوتنیانەوە تا ئەمڕۆ، دەگەیەنێت. فردیناند دی سوسێر لە توێژینەوە زمانەوانییەکانیدا بایەخێکی تایبەتی بەم زاراوەیە دەدات.

ئەم زاراوەیە لە کایە زمانەوانییەکەیەوە دێتە نێو کایەی شیعری و ڕەخنەییەوە، بە تایبەتی لە لای شاعیرانی سەدەی نۆزدەهەم کە بایەخی زۆریان بە وشە و دەنگ و هەروەها وشە و مانا دەدا، بۆ نموونە مالارمێ و ڕامبۆ و پۆل کلۆدییل، دواتریش هینری میشۆ لە ئەسڵی وشەکان ورد دەبوونەوە و گەمەیان بە وشە شیعرییەکان دەکرد لەپێناو گۆڕینی مانا، یان بەخشینی مانای شیعریی دیکە بە وشەکان. لێرەوە ڕەخنەی ئەدەبیش بایەخی بە ئیتمۆلۆجی دەدا بۆ گەیشتن بە کاریگەرییەکانی دەق و بۆ شیکردنەوەی مانا شیعرییەکان و دەلالەتی وشە شیعرییەکان.

**بڕوانە:**

١- معجم المصطلحات الأدبية، ترجمة: الدكتور محمد حمود.
٢- المعجم الفلسفي، الدكتور جميل صليبا، الجزء الاول.
٣- موسوعة لالاند الفلسفية، اندريه لالاند، ترجمة: د. خليل أحمد خليل، الجزء الاول.
٤- المعجم المفصل في الأدب، د. محمد آلتونجي.

## ئیرۆتیکا و ئیرۆتیزم Erotism

ئیرۆتیزم Erotism بەو بەشەی ئەدەبیات دەوترێ کە ئەدەبێکی ئەویندارییە و جەخت لە خواست و ئارەزوو و چێژەکانی جەستە دەکات. بۆ یەکەم جار ئەم وشەیە لە ساڵی ١٧٩٤ لە لای نووسەری فەرەنسی ڕیتیف دی لابریتون بە مانای "ئارەزووی سێکسی" بەکار هاتووە. وشەی ئیرۆتیزم لە وشەی ئیرۆس eros وەرگیراوە کە وشەیەکی یۆنانیی کۆنە، ئیرۆس لە ئەفسانەی کۆنی یۆنانیدا خواوەندی ئەوین و خۆشەویستییە. لە ساڵی ١٧٩٦یشدا هەر لە لای ئەم نووسەرە فەرەنسییە وشەی پۆرنۆگرافی Pornography بەکار هاتووە لە نووسینێکدا بە ناونیشانی "پۆرنۆگرافی، لێکۆڵینەوەیەک لە لەشفرۆشی"، پۆرنۆگرافی واتە ئەدەبی سێکسی، واتە ئەو نووسین و وێنانەی لەبارەی ژیان و ڕەوشتی ژنی لەشفرۆش و ژنانی شەبەقی و سێکسی دەدوێت. لە ئەدەبی عەرەبیدا هەندێ جار بەم چەشنە ئەدەبە دەڵێن (الأدب الماجن) و بە شێوەیەکی دیار لە سەردەمی عەباسیدا ڕەواجی هەبوو. نموونەی هەندێ لەو شاعیرانەی بە ئاشکرا لە شیعرەکانیاندا باسی ئەندامە سێکسییەکانی مرۆڤ دەکەن و بە ناوی خۆیەوە وشەکان بەکار دەهێنن: عومەر بن ئەبی ڕەبیعە و ئیمرولقەیس و نابیغە و ئەبونەواس و ئەبوعەلای مەعەڕی. جگە لە ڕەواجی چەندین کتێبی سێکسی، وەک: (طوق الحمامة)ی ئیبن حەزم، (نزهة المتأمل و مرشد المتأهل) و (رفع الجناح عما هو من المرأة مباح)ی السیوطي، (المناكحة و المفاتحة في أصناف الجماع) کە نووسەرەکەی نەناسراوە، هەروەها، (أحكام النساء)ی ابن الجوزي، (الروض العاطر في نزهة الخاطر) و (تنوير الوقاع في أسرار الجماع)ی محمد النفراوي.



PDF 4 KURD

لێرەدا جیاوازی هەیە لە نێوان ئیرۆتیکا و پۆرنۆگرافیدا، ئەگەرچی ئامانجی هەردوو زاراوەکە بە ئاڕاستەی ئارەزووی سێکسی دەچێت، بەڵام لە ئیرۆتیکادا بە شێوازێکی ئیستاتیکی دەردەخرێت و لە پۆرنۆگرافیدا بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بە مەبەستیورووژاندنی ئارەزووی سێکسیی خوێنەر یان بینەر. لێرەدا ڕۆمانی ئیرۆتیکی و ڕۆمانی پۆرنۆگرافی هەیە هەروەک چۆن فیلمی ئیرۆتیکی و فیلمی پۆرنۆگرافیش هەیە.

لە ئەدەبی یۆنانیدا "ئۆڤید" لە کتێبی شیعریی "هونەری ئەوین"دا، کە لە سەدەی یەکەمی زاییندا نووسیویەتی، بە یەکەمین هێمای ئەدەبی ئیرۆتیکی دەژمێردرێت، هەروەها ژنە شاعیری یۆنانی "ساڤۆ" لە هەمان سەردەمدا یەکەمین دەنگی مێینەییە گوزارشت لە ئارەزووی ئەوین و سێکس بکات. لە سەدەی نۆزدەهەمدا مارکیز دی ساد و ئەلفرید دی موسیە و ڤێرلین لە ناوە دیارەکانی ئەدەبی ئیرۆتیکیی فەرەنسین، لە سەدەی بیستەمیشدا هەندێ لە شیعرەکانی شاعیری فەرەنسی لویس ئەراگۆن و ڕۆمانەکانی ڕۆماننووسی ئیتالی ئەلبێرتۆ مۆرافیا و ڕۆمانەکانی ڕۆماننووسی بەریتانی د.ه.لۆرانس، بە ئەدەبی ئیرۆتیکین دادەنرێن.

**بڕوانە:**

- الموسوعة النفسية الجنسية، د. عبدالمنعم الحفني، مكتبة مدبولي، القاهرة، ط٤، ٢٠٠٤.

PDF 4 KURD

## ئیستاتیکا Aesthetics

ئیستاتیکا، واتە زانستی جوانی، (علم الجمال)، یان فەلسەفەی جوانی و هونەر، لقێکە لە لقەکانی فەلسەفە کە لە هونەر دەکۆڵێتەوە، ئەم زانستە لە سەدەی هەژدەیەمی زاییندا، لە لایەن فەیلەسووفی ئەڵمانی ئەلیکساندەر باومگارتن (١٧١٤-١٧٦٢) داهێنراوە. باومگارتن ئەم زاراوەیەی لە کتێبی (ئیستاتیکا)دا شیی کردووەتەوە، کە لەنێو زانستە مرۆڤایەتییەکاندا سەربەخۆیی بە زانستی جوانی بەخشی. باومگارتن پێی وایە جوانی بریتییە لە دەرککردن لە ڕێگەی هەستەکانەوە.

ئەم وشەیە لە بنەچەدا وشەیەکی یۆنانییە و مانای هەست یان هەستەکان دەگەیەنێت، وشەیaesthesi لە یۆنانیدا واتە هەست، بەم پێیە ئیستاتیکا لقێکی تایبەتییە لە لێکۆڵینەوەی هەست و ویژدان.

ئەگەرچی هەوڵێکی زۆر دراوە پێناسێکی گونجاو بۆ ئیستاتیکا دابنرێت، بەڵام زەحمەتە ئەم زاراوەیە لە پێناسێکدا چوارچێوەی بۆ دابنرێت و قەتیس بکرێت و یەک مەودای پێ ببەخشرێت، ئەم زاراوەیە و(لە ڕاستیدا هەموو زاراوەکانی بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان) مانای کۆتایی و پێناسی کۆتاییان نییە، ئەمە لەبەر ئەوەی بەردەوام دیدگای جیاواز لە لایەن فەیلەسووفان و هونەرمەندان بۆ جوانی سەرهەڵدەدات.

(جوانی) و (هونەر) لە زۆر ڕووەوە لەیەک دەچن و لە زۆر خاڵی جەوهەریدا هاوبەشن، بە تایبەتی لە مەسەلەی هەست و ویژداندا، بۆ نموونە تابلۆیەکی هونەری، یان پەیکەرێک، یان کارێکی مۆسیقی، یان تێکستێکی شیعری، ئەگەرچی مرۆڤ ناتوانێت دەست لە ئاواز و لە وشە شیعرییەکان بدات، بەڵام هەستیان پێدەکات و خەیاڵی دەورووژێت، دەشتوانێت لە ڕێگەی ئامێرەکانی بەرهەمهێنانی ئەو هونەرەوە لە نزیکەوە هەستیان پێ بکات، بۆ نموونە گەمەکردن بە پیانۆ، یان بە قەڵەم.

له دیوێکی تردا ئیستاتیکا بریتییه له داهێنانی هونەری، ئاماژە بۆ بەهای جوانیی ئەو شتانە دەکات کە داهێنەران بەرهەمیان هێناوە، دیسان ئیستاتیکا بریتییە لە دەرککردنی بابەتە هونەرییەکان. فەیلەسووفی ئەڵمانی فریدریک هیگڵ (١٧٧٠-١٨٣١) دەڵێت ئیستاتیکا بریتییە لە فەلسەفەی هونەر، یان بریتییە لە فەلسەفەی هونەرە جوانەکان.

لێرەدا دوو جۆر جوانی هەیە: جوانیی سروشتی کە شتێکی هەستپێکراوە لە لایەن مرۆڤەوە، جوانیی هونەری کە مەسەلەیەکی فەلسەفییە. جوانی بە مانا فەلسەفییەکەی، جیاوازە لە جوانیbeuaty بەمانا ئاسایی و باوەکەی، جوانی لە گۆشەنیگای فەلسەفەدا بە مانای فەلسەفەی جوانی و هونەر بەکار هێنراوە، بەو پێیەی ئیستاتیکا بایەخ بە لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی چەمکی جوانی دەدات، لێرەدا فەلسەفە تێکەڵ بە جوانی و هونەر دەبێت، بۆیە دەبینین ژمارەیەکی زۆر لە فەیلەسووفان باس لە هونەر و جوانی دەکەن و لە دیدگا فەلسەفییەکانی خۆیانەوە ئاراستەی جوانی و هونەر دیاری دەکەن.

فەیلەسووفی ئێرلەندی ئیدمۆند بێرک (١٧٢٩-١٧٩٧) لە ئیستاتیکادا جوانی (جمال) و شکۆ (جلال) لێکدی جیادەکاتەوە، بەو پێیەی کە جوانی beauty ئارەزووی مرۆڤ دەجوڵێنێت و هەستی ڕازیبوون و دڵنیایی پێ دەبەخشێت. جوانی بەم مانایە سیفەتێکی مێیەتی هەیە، بەڵام شکۆ، هەستکردنە بە هەیبەت و سام کە سیفەتێکی نێرانەی هەیە. جوانی شتێکی ئاسان و ڕوون و دەستلێدراو و هەستپێکراوە، بەڵام شکۆ شتێکی ئاڵۆز و تەمومژاوییە.

لە (فەرهەنگی لالاندی فەلسەفی)دا، ئیستاتیکا بە حاڵەتێکی دەگمەن و هەڵچوونێکی جوانی دەوترێت کە هاوشێوەی خۆشی و چێژ و هەستی مۆراڵییە. بابەتی ئەم زانستە بریتییە لە حوکمی هەڵسەنگاندن لە نێوان (جوانی) و (دزێوی)دا، لێرەدا جوانی و ناشیرینی دەبن بە

دوو دیواڵتی دژ به یەک، واتە جوانی و ناشیرینی، دوو دیوی حوکمدانەکەن، بەبێ ناشیرینی جوانیش بوونی نییە، واتە بوونی ناشیرینی و بەرجەستەکردنی دزێوی شتێکی گرنگە بۆ دەرخستنی بەهاکانی جوانی.

ئیستاتیکا جوانییەک لە ناخی مرۆڤدا دەورووژێنێت کە بریتییە لە خواستی دڵنیایی و ئاسوودەیی، چونکە مرۆڤ لەگەڵ جوانیدا ئاسوودەتر و هەسەکانی بڵندتر و ئیدراکی قووڵتر دەبێت. کاریگەریی جوانی لە لای خەڵکی، پلەی جیاجیای هەیە، ئەم جیاوازیی پلەبەندییە بەپێی جیاوازیی فاکتەرە کولتووری و ژینگەییەکان دەگۆڕدرێت، دەشێت لە کولتوور و ژینگەیەکی دیاریکراودا شتێک جوان بێت، بەڵام لە کولتوور و ژینگەیەکی دیکەدا بە پێچەوانەوە ناشیرین بێت، بۆیە دەتوانین بڵێین باشترین مانا کە بشێت ببەخشین بە چەمکی جوانی، ئەوەیە کە بڵێین "جوانی ڕێژەییە"، هەروەها جوانی پەیوەندیی بە دۆخی سایکۆلۆژیی مرۆڤەوە هەیە، دەشێت تۆ لە دۆخێکی سایکۆلۆژیی دیاریکراودا وێنەی گوڵێک، یان دیمەنێکی سروشتیت پێ جوان بێت، بەڵام هەمان ئەو دیمەنە لە دۆخێکی سایکۆلۆژیی خراپدا ناشیرین دەبێت، یان لەزەت لەو جوانییەی نابینیت. لێرەدا جوانی بریتییە لە ئاوێزانیی خود و سروشت، ئەم جوانییە وەک بەهایەکی هونەری، لە دەرەوەی کەسی جوانبین ئامادەیی هەیە، کەچی لە خودی کەسەکاندا، بەپێی گۆڕینی دۆخی سایکۆلۆژی، ئەویش دەگۆڕێت.

**بڕوانە:**


١ علم الجمال، ترجمة: د. عبدالواحد لؤلؤة.

٢ علم الجمال في الفلسفة المعاصرة، د. مجاهد عبدالمنعم مجاهد.

٣ موسوعة لالاند الفلسفية.

٤ المعجم المفصل في الأدب، د. محمد آلتونجي.




PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

٥ المعجم المفصل في اللغة والأدب، د. أميل بديع و د. ميشال عاصي.
٦ د. منصور عيد، معجم الفكر الحضاري، دار الجيل للنشر والطباعة والتوزيع، بيروت، ٢٠١٠.
٧ فرهنگ اصطلاحات ادبی، تالیف: سیما داد، انتشارات مروارید، تهران، چاپ سوم، ١٣٨٥
٨ رابرت وینسنت جانسون، زیباگرایی، ترجمه: مسعود جعفری، نشر مرکز، تهران، ١٣٩٠.
٩ فرهنگ علوم اجتماعی قرن بیستم، ویلیام اوتویت و تام باتامور، ترجمه: حسن چاوشیان، نشر نی- تهران، ١٣٩٢.

PDF 4 KURD

## ئیکۆلۆجی Ecology

ئیکۆلۆجی Ecology واتە ژینگەناسی یان زانستی ژینگە، بە عەرەبی: (علم البيئة)، بریتییە لە لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ ئەو کارلێکانەی کە دابەشکردن و چڕیی دانیشتوان (واتە تۆبۆگرافیا) دەستنیشان دەکات، زانای بایۆلۆجیی ئەڵمانی ئەرنست هیکل لە ساڵی ١٨٦٦دا بۆ یەکەم جار ئەم زاراوەیەی لە بواری ڕووەکزانیدا بەکارهێنا، پاشان تیۆری داروینیزم (واتە چارڵز داروین) ئەم زاراوەیەی لە بواری زیندەوەرزانی و گەشەسەندنی جۆر و مانەوە بۆ بەهێزتر بەکارهێنا. دیسان ئەم زاراوەیە لە بواری نۆژداری (پزیشکی) و سایکۆلۆجیای بیناسازی و دیزاین (نەخشەسازی) و جوگرافیای بەشەریشدا بەکارهێنرا، لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا و لە ئاکامی سەرهەڵدانی چەندین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە بواری ژینگەدا ئەم زاراوەیە بۆ پاکژیی ژیانی مرۆڤ و گەردوون بەکارهێنرا بە تایبەتی لە لای ڕێکخراو و بزاوتە سەوزەکان لە ئەورووپادا کە بایەخیان بە ئیکۆلۆجیای کۆمەڵایەتی و ئیکۆلۆجیای شارنشینی و گوندنشینی دەدا.

### بۆ زایاریی زیاتر بڕوانە:

١- موسوعة علم الاجتماع، جون سكوت و جوردون مارشال، ترجمة: محمد الجوهري و آخرون، المجلد الاول، المركز القومي للترجمة، القاهره، ط٢، ٢٠١١.

٢- معجم العلوم الانسانية، جان فرانسوا دورتيه، ترجمة: د. جورج كتورة، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠٩.

## ئینسایكلۆپیدیا Encyclopedia

ئینسایكلۆپیدیا Encyclopedia ، بە عەرەبی (دائرة المعارف) یان (الموسوعة)، واتە دانراوێكی گشتی، یان كتێبێكی دانراو دەربارەی بابەتێكی سەرجەمگیر و گشتگیر، دانراوێك كە دەبێتە رێگە، یان وەسیلەیەك بۆ گەیشتن بە چەندین زانیاریی جیاجیا دەربارەی رۆشنبیری و زانیاریی گشتی، ئینسایكلۆپیدیا پتر رەهەندێكی وێنەیی-راڤەیی هەیە، واتە لە میانی وێنە و نەخشە و پۆرترێتدا زانیارییەكان بە شێوەیەكی وردتر روون دەكاتەوە و راڤەیان دەكات. لە راستیدا بابەت و موفرەداتەكانی ئینسایكلۆپیدیا تا ئەندازەیەك زانستئامێزن و دەروازەیەكن بۆ چوونە ناو بابەتەكان، ئەم دەروازەیە یارمەتیدەرێكی باشە بۆ خوێندكاران و هەموو ئەو كەسانەی بیانەوێ روونكردنەوە و زانیاریی گشتی سەبارەت بە مەعریفەیەك بزانن. ئەم زاراوەیە لە بنەرەتدا وشەیەكی كۆنی زمانی هێلینیی (enkuklios paideia) واتە پەروەردەیەكی گەرۆك، كە ئەمیش ئاماژەیە بۆ "رۆشنبیریی گشتی"، هەروەها وشەی kuklos واتە حەلقە یان بازنە، بۆیە بە ئینسایكلۆپیدیا دەوترێت: بازنەی زانیارییەكان، دائیرەتولمەعاریف، كە لە سەدەی شانزەهەمدا بە واتای زانیاریی گەردوونی بەكارهاتووە. لە سەدەی هەژدەیەمی رۆشنگەریدا بایەخێكی گەورە بە ئینسایكلۆپیدیا درا، بگرە سەدەی هەژدەیەم لەتەك ئەوەی بە سەدەی رۆشنگەری ناو دەنرێت، لە هەمان كاتدا بە سەدەی نووسینی ئینسایكلۆپیدیاش دەناسرێت. هەردوو فەیلەسووفی فەرەنسی دالانبێر و دیدرۆ لە نێوان سالانی ١٧٥١و ١٧٧٧دا ئینسایكلۆپیدیایەكی گەورەیان دانا، ناودارترین فەیلەسووفانی ئەوسای فەرەنسە بەشدارییان لە نووسینی ئەو ئینسایكلۆپیدیایەدا كردووە، لەوانە: ڤۆلتێرو رۆسۆ و مۆنتسكیۆ.

١- معجم مصطلحات الأدب، مجدي وهبة، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٤.

٢- معجم المصطلحات الأدبية، ترجمة: د. محمد حمود، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠١٢.

## باللاد Ballad

باللادBallade ، وشەیەکی فەڕەنسییە واتە گۆرانیی سەمائامێز، یان شیعری گۆرانی کە سەمای لەگەڵدایە، بە عەرەبی (الموشح) یان (الموشح الغنائي)، بێگومان ئەمە جیاوازە لە شیعری گۆرانی و شیعری لیریکLyric ، شیعری لیریک لە ڕووی ڕیتم و دارشتنەوە کورت و گۆرانیئامێزە و پتر شیعری غەزەلی و سۆزدارییە. هەروەها ئەمە جیاوازە لە زاراوەی ترۆبادۆر Troubadour کە ئەمەیان لە سەدەی دوانزەیەم و سیانزەیەمدا لە باشووری فەڕەنسە بەکارهاتووە و بە مانای شیعری سروودئامێز دێت لەسەر سۆز و سروشت و پاڵەوانێتی.

ئەم وشەیە لە وشەیbalada ی پرۆڤانسییەوە وەرگیراوە کە لە بنەڕەتدا بە مانای چەند جۆرێک لە گۆرانی دێت کە لە چەند پارچەیەک و چەند کۆپلەیەک پێکهاتووە و زۆر جار چەند بەشێکی دووبارە دەبێتەوە، بەڵام لە ڕووی ڕیتم و سەرواوە یەکگرتوون. باللاد لە مۆسیقادا پتر بۆ ئۆرکیسترا بەکار دەهێنرێت یان بۆ پیانۆژەنین، بۆ نموونە ئەو باللادەی مۆسیقاری پۆڵەندی فریدریک شۆپان دایناوە.

١- معجم مصطلحات الأدب، مجدي وهبة، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٤.
٢- معجم المصطلحات الأدبية، ترجمة: د. محمد حمود، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠١٢.
٣- فرهنگ اصطلاحات ادبی، تالیف: سیما داد، انتشارات مروارید، تهران، چاپ سوم، ١٣٨٥

PDF 4 KURD

## باوکسالاری Patriarchy

باوکسالاری یان پاتریارکی (الابوية، النظام الابوي)، لە دوو وشەی یۆنانی پێکدێت کە بە مانای (حوکمی باوک) یان دەسەڵاتی باوک و هاوشێوەکانی باوک دێت. بەکارهێنان و بڵاوبوونەوەی ئەم زاراوەیە لە سەرەتادا لە لێکۆڵینەوەکانی دوو کایەی مەعریفی جیاوازدا بووە: ئەنترۆپۆلۆژیا و فێمینیزم.

ئەنترۆپۆلۆژیستەکان، لە فۆرمی ژیانی کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا، بەدوای سیستمی حوکمڕانیدا گەڕاون، بۆیان دەرکەوتووە سیستمی حوکمی باوک سیستمێکی باو و پیرۆز بووە، پیاوێکی بەتەمەن و ڕیشسپی، وەک باوکێک، دەسەڵاتی بەسەر هەموو ئەندامانی هۆزەکەیدا هەیە. زانایانی بواری ئەنترۆپۆلۆژیا ئەم جۆرە سیستمە ناودەنێن (پاتریارکی) بۆ ئەوەی لە سیستمی دەسەڵاتی دایک یان دایکسالاری (ماتریارکی) جیای بکەنەوە، کە ئەمەی دوایی کۆنترە و لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی پێش مێژوودا حوکمی دایک برەوی هەبووە.

لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، ئەم زاراوەیە لە بواری لێکۆڵینەوەی فێمینیستی و جووڵانەوەی فێمینیزمدا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکارهێنرا. ئەم زاراوەیە لەم کایەیەدا ڕۆڵێکی گەورەی بینی بۆ لێکۆڵینەوە لە دەسەڵاتی نێرینە لە کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکاندا بە سیفەتی ئەوەی ئەم جۆرە دەسەڵاتە دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ کەبت و ژێردەستەیی سەپێنراو بەسەر مێینەدا.

شارەزایانی ئەم بوارە وای دەبینن باوکسالاری لە هەموو کۆمەڵگە بەشەرییەکاندا بوونی هەیە، واتە سیستمی حوکم لە سەرانسەری کۆمەڵگەکاندا سیستمی باوکسالارییە کە ڕێگە نادات ئافرەت سنوور و چوارچێوەی خۆی ببەزێنێت. لێکۆڵەرەوانی بواری فێمینیزم ئەم زاراوەیەیان کرد بە کەرەستەیەکی میتۆدی و مەعریفیی بەکەڵک بۆ ناساندنی پرۆسیسە جۆراوجۆرەکانی جێندەر. لەبارەی دەسەڵاتی

PDF 4 KURD

باوکسالاری هەمیشە ئەو پرسیارەیان دەخستە ڕوو کە ئایا سەرچاوەی پیاوسالاری دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی بایۆلۆژی و ئەندامە زاوزێکانی نێر و مێ، یان دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتیی سەپێنراو کە لە ڕاستیدا مێژووی کۆمەڵگەکان ئەم جیاوازی و سنوورەیان خوڵقاندووە.
لە هەمان کاتدا لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کۆمەڵگەیانە دەکرا کە کۆمەڵگەی سەرەتایین و بەڵام باوکسالاری نین، بەڵکو بە دیاریکراوی کۆمەڵگەی دایکسالارین (ماتریارکی)، هەروەها لەو ئەفسانانەیان دەکۆڵییەوە کە بەشێک لە خواوەندەکانیان ژن بوون و کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر پیاوەوە هەبوو. ئامانجی ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە بریتی بوو لە شکاندنی دەسەڵاتی پاتریارکی.
لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا کۆمەڵێ لێکۆڵینەوە دەرکەوتن لەژێر کاریگەریی نووسین و میتۆدەکانی پاش بونیادگەری، کە تیایدا چاویان بەو کاتیگۆرییانەدا دەخشاند کە پێیان وابوو دەسەڵاتی پیاو دەسەڵاتێکی سروشتی و حەتمییە.
باوکسالاری مێژوویەکی درێژی هەیە و بگرە دەگەڕێتەوە بۆ پێش مێژووش، بەڵام دیارترین نموونە لە سیستمی باوکسالاری، بریتییە لە سیستمی خێزانی ڕۆمانی، کە پیاو یان باوک دەسەڵاتی گشتی پرۆسە دەکا و مافی ئەوەی هەیە ژیانی ژن و منداڵەکانی دیاری بکات، هەروەها نموونەی خێزانی عەرەبی-ئیسلامی کە ژن و منداڵ لەژێر دەسەڵاتی سەرجەمگیری باوکدان. ئەم جۆرە سیستمە تەقلیدییەی خێزانی، تەنانەت لە کۆمەڵگە نوێیەکانیشدا بوونی هەیە و تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم باوک یان مێرد دەسەڵاتی خۆی بەسەر خێزاندا پرۆسیسە دەکرد.
زانای کۆمەڵناسیی فەرەنسی پییێر بۆردیو (١٩٣٠-٢٠٠٢) پێی وایە دەسەڵاتی نێرینە لە ئاکامی کارکردنی پیاودا هاتووەتە ئاراوە، کە بە

PDF 4 KURD

پلەی یەکەم پیاو لە دەرەوەی ماڵەوە کارەکان ئەنجام دەدات، بەمە پیاو توانی لە لایەک هەژموونی ئابووری بۆ خۆی قۆرخ بکات، لە لایەکی تر دەسەڵات و حوکمی بەسەر ژندا بسەپێنێت، واتە هۆکاری ئابووری و موڵکداریی تایبەتی –وەک پێشتر مارکس و ئەنگڵز ئاماژەیان بۆ کردووە– هۆکاری سەرەکین بۆ سیستمی پاتریارکی لە خێزاندا.

بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەدواوە و بە تایبەتی لەپاش چالاکبوونی بزووتنەوەکانی فێمینیزم، سیستمی باوکسالاری دوچاری قەیران و بەرەنگاری بووەوە و دەسەڵاتی پیاو کەم کرایەوە، بە تایبەتی لە کۆمەڵگە خۆرئاوایی و ئەورووپییەکاندا.

زانای کۆمەڵناسی مانوێل کاستلز، پێی وایە کاڵبوونەوەی دەسەڵاتی پیاو و نەمانی سیستمی پاتریارکی لە خێزان و حوکمداریی سیاسیدا، لە ئەورووپا و دواتر لە وڵاتانی دیش، دەگەڕێتەوە بۆ چەند فاکتەرێک، لەوانە:

**یەکەم**: زۆربوونی ژمارەی ڕەگەزی مێ لە قوتابخانەکاندا.

**دووەم**: زیادبوونی ژمارەی ئافرەتان لە بازاڕی کار و لە فەرمانگەکاندا.

**سێیەم**: بەردەستخستنی ئاسانی هۆیەکانی مناڵنەبوون و سکپڕی، کە ئەمە بواری بۆ ئازادیی جەستە و ئازادیی سێکسی خۆش کرد.

لەوە بەدوا وێنەی باوکێکی تووڕە و دڵڕەق و خاوەن دەسەڵاتی گشتگیر ون بوو. ئەم دۆخە بواری بۆ لەدایکبوونی خێزانی دیموکراتی خۆش کرد کە پتر سیستمی ئەقڵانی و ڕێزلەیەکگرتن و پاراستنی ئازادیی تاکەکان لە بەرچاو دەگیرێت. لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا ژن ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی سەلماند و چیدی دەسەڵاتی گشتی – جگە لە بواری سیاسی– لەژێر دەستی پیاودا نابێت.

PDF 4 KURD

**پەراوێز:**

١ دليل الناقد الأدبي، د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي.
٢ معجم العلوم الانسانية، ترجمة: د. جورج كتوره.
٣ فرهنگ علوم اجتماعی قرن بیستم، ویلیام اوتویت و تام باتامور، ترجمه: حسن چاوشیان، نشر نی- تهران، ١٣٩٢.

## بونیادگەری structuralism

میتۆدی بونیادگەریstructuralism، (البنیویة، البنائیة) بۆ یەکەم جار لە بواری زانستی زمانەوانیدا سەری هەڵدا، ئەم ڕەوتە، یان ئەم میتۆدە پێی وایە زمان بریتییە لە کۆی پێکهاتەی ڕەگەزە جیاواز و پێکەوەبەستراوەکان، بە جۆرێک ناشێت هیچ ڕەگەزێک بە جیا دیاری بکرێت و پێناس بکرێت، بەڵکو دەشێت ڕەگەزێک لە پەیوەندییدا بە کۆی ڕەگەزەکانی ترەوە دیاری بکرێت. دەتوانین مانای وشەی بونیاد یان بنیات و بونیادگەری یان بنەماخوازی لە یەکدی نزیک بکەینەوە، چونکە لە سەرەتادا ئەم وشەیە تەنها لە بواری تەلارسازیدا بە مانای ڕاستەوخۆی "دانانی بەردی بناغەی بینایەک" بەکار دەهات، بەڵام دواتر بە مانا مەجازییەکەی لە زانستی زمانەوانی و شێوازگەری و زانستەکانی تریشدا بەکار هێنرا.

زانای زمانەوانیی سویسری فردیناند دی سوسێر (١٨٥٧-١٩١٣) بە دامەزرێنەری بونیادگەریی زمانەوانی دەژمێردێت، ئەگەرچی ئەو لە لێکۆڵینەوەکانیدا وشەی بونیاد و بونیادگەریی بەکارنەهێناوە، بەڵکو وشەی سیستم systemی بە هەمان مانای بونیاد بەکار هێناوە. سوسێر سێ جومگەی گرنگی لەو زانستەدا دەسنیشان کرد کە دواتر بوون بە سێ دیواڵتی بنچینەیی بونیادگەری لە بوارە مەعریفییەکانی تریشدا:

١- زمان/ئاخاوتن.

٢ دال/مەدلوول (واتە: دەنگ و مانا).

٣ سانکرۆنی و دیاکرۆنی (واتە تزامني و تعاقبي).

PDF 4 KURD

دی سوسێر ئەم میتۆدە بە یاریی شەترەنج دەچوێنێت، بەو پێیەی هەر ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی گەمەی شەترەنج (بۆ نموونە سەرباز یان فیل یان قەڵا) بەبێ پەیوەندی لەگەڵ کۆی ڕەگەزەکانی دی، ڕۆڵێکی ئەوتۆی نابێت، بەڵام دەشێت ڕەگەزێکی دیاریکراو (بۆ نموونە وەزیر) لە پەیوەندیدا بە ڕەگەزەکانی ترەوە ڕۆڵێکی دیار و کاریگەر و بەرجەستەتر ببینێت. لاوازبوونی ڕەگەزێک یان چەند ڕەگەزێک کار لە سەرجەم ڕەگەزەکانی دیش دەکات. تەنانەت لە فسیۆلۆژیاشدا تیۆری بونیادگەری هەیە کە دەڵێت ئەندامەکانی جەستە ناتوانن بوونێکی سەربەخۆیان هەبێت، بەڵکو لە پەیوەندییەکی وەزیفیی دیاریکراودا دەتوانن وەزیفەی گشتی دیاری بکەن، بۆیە مومکین نییە ڕەگەزێک/ئەندامێک لە ڕەگەزەکانی دی جیا بکرێتەوە، ئەگینا کار لە وەزیفەی ئەندامەکانی تریش دەکات .

دواتر ئەم ڕەوتە زمانەوانییە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بوارە مەعریفیەکانی تریشدا جێهێشت، لەوانە ئەنترۆپۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا و ئابووری و تەلارسازی و فەلسەفە و مێژوو و هونەر و ئەدەب. گرنگترین نوێنەرانی ئەم میتۆدە لە زانستی زمانەوانیدا بریتین لە: دی سوسێر و ساپیر و چۆمسکی و ڕۆمان یاکۆبسن (کە بە ڕابەری زانستی نوێی زمانەوانیی بونیادگەری دەژمێردرێت) و ئیخنباوم و بلۆمفیلد و ترۆبتسکۆی و هلمسلیڤ، لە ئەنترۆپۆلۆژیادا کلۆد لیڤی ستراوس کە لەدوای سوسێر بە باوکی بونیادگەری دەژمێردرێت، جاک لاکان لە سایکۆلۆژیادا، ڕۆلان بارت و جۆلیا کریستیڤا و جیرار جینێت و ڤلادیمێر پرۆپ و جان کۆهین و ڕیڤاتێر و گریماس و تۆدۆرۆڤ و گۆڵدمان لە ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا، میشیل فۆکۆ و پۆل ڕیکۆر و دێریدا و جیل دۆلۆز لە بواری فەلسەفە و مەعریفەدا، لوی ئالتۆسێر لە مارکسیزمدا، فیرنان برۆدێل لە

زانستی مێژوودا، کە هەریەکەیان بە شێوەیەک سوودیان لەو میتۆدە وەرگرتووە.
بونیادگەری لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بایەخی سەرەکی بە تێکست دەدات، ئەم میتۆدە وای دەبینێت تێکستی ئەدەبی جیهانێکی سەربەخۆیە و لە چەندین توخمی جیاواز و پێکەوەبەستراو پێکدێت و لە نووسەرەکەی جیادەبێتەوە. چونکە تەنها ئەو توخمانەن کە لە پەیوەندییەکی تایبەتیدا دەق پێک دەهێنن. ڕەخنەگری فەرەنسی ڕۆلان بارت (١٩١٥-١٩٨٠) بە ڕابەری تیۆری بونیادگەری لە ڕەخنەی ئەدەبیدا دادەنرێت، بە تایبەتی لە کتێبی "نووسین لە پلەی سفردا" کە لە ساڵی ١٩٥٣دا چاپی کردووە، هەروەها لەو لێکۆڵینەوەیەیدا کە لە ساڵی ١٩٦٣دا بە ناونیشانی (س/ز) لەبارەی چیرۆکی "سارازین"ی بەلزاکی نووسیوە.
بونیادگەری وای دەبینێت ئەدەب بریتییە لە بونیادێک لەناو بونیادێکی گەورەتر و سەرجەمگیرتر کە زمانە، لێرەدا زمان و ئەدەب پێکەوە لکاون و کۆمەڵێ کۆد و ڕێسا و نەریتی دیاریکراو تەحەکومیان پێدەکات.

دەتوانین شیکردنەوەی بونیادگەری لە ئەدەبدا، لەم خاڵە سەرەکییانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:
١ بونیادگەری پتر گرنگی بە جەوهەری ناوەکیی تێکستی ئەدەبی دەدات، بێئەوەی پابەندی بکات بە واقیعی کۆمەڵایەتی و ڕاستییە فیکرییەکان و بارودۆخی سایکۆ-سۆسیۆلۆژیی نووسەر.
٢ بونیادی قووڵی تێکست و تۆڕی ئاڵۆزی پەیوەندیی توخمەکانی تێکست، دەبن بە بناغەی سەرەکیی کاری ئەدەبی، تەنیا پەیوەندییە ناوەکییەکان ئەدەبیەتی ئەدەب بەرجەستە دەکات.
٣ بونیادگەراکان ددان بە ڕەهەندی خودی و مێژوویی و کۆمەڵایەتیی ئەدەبدا نانێن، چونکە ئەوان وای دەبینن ئەدەب بریتییە لە قەوارەیەکی

زمانەوانی، یاخود بریتییە لە جەستەیەکی زمانەوانیی سەربەخۆ، یان بریتییە لە سیستمێک لە هێما و دەلالات کە هیچ پەیوەستێکی بە دەرەوەی تێکست نییە، بەڵکو پابەندە بە ڕستە لە هەر سێ ئاستی دەنگی و پێکهاتەیی و دەلالیدا.

ئەمڕۆ هەندێ لە ڕەخنەگران دەڵێن بونیادگەری لە قۆناغێکدا برەوی هەبووە و ئێستا بەسەرچووە، تەنانەت کاتی هەندێ لە ڕابەرانیشی لێی پاشگەز بوونەوە، بۆ نموونە بارت و دێریدا و فۆکۆ ڕەخنەی لێدەگرن، یان نکوڵی دەکەن سەر بەو ڕەوتە بن، تەنانەت تۆدۆرۆڤ لە دواکتێبیدا بە ناوی (ئەدەب لە مەترسیدایە) ڕەخنە لە بونیادگەری و ڕەوتە فۆرمالیستییەکان دەگرێت و بایەخی کۆمەڵایەتییانەی ئەدەب دەهێنێتە ئاراوە. گرنگترین ڕەخنەیەک کە ئاڕاستەی بونیادگەری دەکرێت ئەوەیە کە ئەم ڕەوتە مێژوو پشت گوێ دەخات و گرنگی بە مانا نادات و بە جۆرێک مامەڵە لەگەڵ تێکستدا دەکات وەک ئەوەی قەوارەیەکی زمانەوانیی سەربەخۆ بێت و لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی دابڕابێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم قسەیە بە ڕەهایی ڕاست نییە، چونکە ئەم میتۆدە لە پۆست سترەکچورالیزمدا بایەخێکی دیکە پەیدا دەکات، بە تایبەتی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدوای بونیادە قووڵ و شاراوەکانی کۆمەڵگەی بەشەریدا دەگەڕێت. ئەگەر بونیادگەری وەک مۆدێل و وەک ئایدیۆلۆژیا بەسەرچووبێت، ئەوا وەک میتۆدێکی توێژینەوەی زانستی بوونی هەیە، چونکە هەر بزاوتێکی فیکری کە لەنێو دەچێت، بەتەواوی لەنێو ناچێت، بەڵکو لایەنە باشەکانی دەمێنێت و لەنێو بزاوتی گشتیی مێژووی فیکردا دەتوێتەوە.

ئەم میتۆدە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا لەناو ڕەخنەی ئەدەبیی عەرەبیدا بڵاوبووەوە، لە ئەدەبی کوردیشدا لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا برەوی پەیدا کرد و هاتە نێو پرۆسەی ڕەخنەییەوە، بەڵام تەمەنی ئەو برەوپێدانە کورت بوو.

ئەمڕۆ ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی بونیادگەری لە ڕەخنەی کوردیدا نابینین بە دەگمەن نەبێت.

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**


١- فردیناند دی سوسیر، علم اللغة العام، ترجمة: د. یوئیل یوسف عزیز.

٢- د. صلاح فضل، في النقد الأدبي.

٣- د. صلاح فضل، نظریه البنائیة في النقد الأدبي.

٤- د. صلاح فضل، علم الاسلوب - مبادئه واجراءاته.

٥- ادیث کیرزویل، عصر البنیویة من لیفي شتراوس الی فوکو، ترجمة: جابر عصفور.

٦- د. ابراهیم محمود خلیل، النقد الأدبي الحدیث من المحاکاة الی التفکیک.

٧- د. شکري عزیز ماضي، في نظریة الأدب.

١٠- د. سید البحراوي، في نظریه الأدب.

١١- د. منصور عید، معجم الفکر الحضاري، دار الجیل للنشر والطباعة والتوزیع، بیروت، ٢٠١٠.

١٢- فرهنگ اصطلاحات ادبی، تالیف: سیما داد، انتشارات مروارید، تهران، چاپ سوم، ١٣٨٥

١٣- فرهنگ علوم اجتماعی قرن بیستم، ویلیام اوتویت و تام باتامور، ترجمه: حسن چاوشیان، نشر نی- تهران، ١٣٩٢.

## بونیادگەریی پێکهێنەرانە genetic structuralism

بونیادگەریی پێکهێنەرانە genetic structuralism (البنیویة التکوینیة) بەشێکی گرنگە لە بونیادگەریی گشتی، ئەم ڕەوتە لە ئەنجامی کۆششی هەندێ لە ڕووناکبیر و ڕەخنەگرە مارکسیستەکان دروست بوو، کە هەوڵیان دا گونجانێک برەخسێنن لە نێوان تێزە فۆرمالیستەکانی بونیادگەری لە سەرێک و نێوان بنەماکانی بیری مارکسیزم لە ڕاڤەکردنی ماتریاڵییانەی فیکر و کولتووردا لە سەرێکی تر.

چەند بیرمەندێک بەشدارییان لە داڕشتنی ئەم ڕەوتەدا کردووە، دیارترینیان بیرمەند و ڕەخنەگری مارکسیستی مەجەری (جۆرج لۆکاچ ١٨٨٥-١٩٧١)ە، بەڵام یەکێک لەو نووسەر و ڕەخنەگرانەی کە دواتر ڕۆڵێکی گەورەتریان لەو داڕشتنەدا هەبووە، ڕەخنەگری فەڕەنسیی بە ڕەچەڵەک ڕۆمانی (لوسیان گۆڵدمان ١٩١٣- ١٩٧٠)ە.

تێزەکانی لوسیان گۆڵدمان بە ڕوونی لە تێز و بۆچوونەکانی جۆرج لۆکاچەوە سەرچاوەیان گرتووە، لۆکاچ بە جۆرێک پەرەی بە تیۆری ڕەخنەیی مارکسیزم داوە کە ڕێگەی بۆ تەوژمێکی وەکو بونیادگەریی پێکهێنەرانە کردەوە تا دەربکەوێت و پرۆسەی کارە ڕەخنەییەکانی خۆی، بەپێی بنەماکانی بیری مارکسیزم، ئەنجام بدات، بەڵام گۆڵدمان سوودی لە شیکردنەوەی دەروونیش وەرگرت، بە تایبەتی لە لێکۆڵینەوە سایکۆلۆژییەکانی زانای دەروونیی سویسری (جان پیاجێ ١٨٩٦-١٩٨٠)، گۆڵدمان ددان بەوەدا دەنێت کە زاراوەی بونیادگەریی پێکهێنەرانە لە جان پیاجێ خواستووە.

لە ڕاستیدا بونیادگەری پێکهێنەرانە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی گۆڵدمان نوێنەرایەتیی دەکات، بریتییە لە کارلێک و ئاوێزانبوونی ژمارەیەک ئایدیا و تیۆر و فەلسەفە، مارکسیزم لەم ئاوێزانبوونەدا

PDF 4 KURD

پێکهاتەیەکی سەرەکییە، لەتەک بۆچوونە فەلسەفییەکانی کانت و هیگڵ و تێزەکانی پیاجێ و جۆرج لۆکاچ .
گۆڵدمان لە هەموو ئەمانەدا ویستی ئەلتەرناتیڤێکی زانستی بۆ بونیادگەریی کلۆد لیڤی ستراوس (١٩٠٨- ٢٠٠٩) و فەلسەفەی لوی ئالتۆسێر (١٩١٨-١٩٩٠) بدۆزێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگە و گۆڕانکارییەکانی کولتووری مرۆڤایەتی. ناکۆکیی گۆڵدمان لەگەڵ بونیادگەریی ستراوس و ئالتۆسێردا، بریتییە لەوەی کە ئەو دوو بیریارە ڕۆڵی مرۆڤیان لە دروستکردنی مێژوودا فەرامۆش کردووە، بە تایبەتی لە ئەنترۆپۆلۆژیای ستراوسدا فەرامۆشکردنی فاکتەری مێژوو –وەک گۆڵدمان دەڵێ- هاوپەیمان بوو لەگەڵ کاپیتالیزم و قەیرانەکانیدا، چونکە ڕەتکردنەوەی مێژوو لە لێکۆڵینەوەی بونیاددا لە سۆسیۆلۆژیای ئالتۆسێر و ئەنترۆپۆلۆژیای ستراوسدا، دەبێتە پاڵپشتێکی تیۆریی گەورە بۆ سیستمی نوێی کاپیتالیستی.
گۆڵدمان بەم شێوەیەی خوارەوە بونیادگەریی پێکهێنەرانە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ: "ئەگەر بونیاد لە واقیعدا کاردانەوەکانی خەڵکی بۆ ئەو گیروگرفتە جیاوازانە دیاری بکات کە لە ئەنجامی پەیوەندیی نێوان خۆیان و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیاندا دروست دەبن، ئەوا ئەم بونیادانە، بە شێوەیەکی هەمیشەیی، ڕۆڵێکی چالاک دەبینن، بەڵام لەناو بونیادێکی گەورەتردا کە بریتییە لە بونیادی کۆمەڵایەتی. کاتێکیش بارودۆخ گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەوسا چیتر ئەو بونیادانە ئەو ڕۆڵە چالاکە نابینن و بگرە ئەقڵانییەتی خۆیان لەدەست دەدەن، ئیدی چەند بونیادێکی نوێ و جیاواز شوێنی بونیادە بەسەرچووەکان دەگرنەوە.". گۆڵدمان وای دەبینێت ئەو پەیوەندییەی لە نێوان بونیادەکان و ڕۆڵەکاندا هەیە بریتییە لەو هێزانەی مێژوو دەجوڵێنن. لێرەدا بونیادەکان ستاتیک و جێگیر نین، بەڵکو دینامیک و پڕ لە جووڵە و بزاوتن، بێگومان ئەم بیرۆکەیە لە بونیادگەریی

PDF 4 KURD

ئەنترۆپۆلۆژیی کلۆد لیڤی ستراوس و بونیادگەریی زمانەوانیی ڕۆمان یاکۆپسنیشدا هەیە.

یەکێک لەو زاراوانەی گۆڵدمان لە بونیادگەریی پێکهێنەرانەدا کاری لەسەر دەکات، زاراوەی "ڕوانینی دنیا"یە، یان "جیهانبینی"، یاخود "سەیرکردنی دنیا و دەوروبەر"، ئەم ڕوانینە بریتییە لە کۆی ئەو سۆز و خواست و بیروباوەڕانەی تاکەکانی گرووپێک یان چینێک لە دەوریدا کۆدەبنەوە و کاری بۆ دەکەن، ئەوەیشی کە "ڕوانینی دنیا" دادەمەزرێنێت بریتییە لە دوو جۆر ئاگایی، یان دوو جۆر هۆشیاری: "هۆشیاریی باو" و "هۆشیاریی مومکین"، ئەوەی یەکەمیان بریتییە لە هەستکردن بە بارودۆخی هەنووکەیی کە تاکەکانی گرووپێک پێکەوە کۆدەکاتەوە، بەڵام ئەوەی دووەمیان بریتییە لەو ئاگاییەی دەشێت لە دواییدا خواست و ئامانجەکان بهێنێتە دی و واقیعی ئێستا بگۆڕێت.

گۆڵدمان دەڵێت خەڵکی ئەو بونیادانە دروست دەکەن کە مانایەک بە مێژوو دەبەخشێت، جا لەبەر ئەوەی خەڵکی بوونەوەری کۆمەڵایەتین، ئەوا مەحکومن بە جۆرێک لە بیرکردنەوە کە ڕوانینێکی تایبەتییان بۆ دنیا هەیە و ئەو ڕوانینەش پابەندە بەو چینە کۆمەڵایەتییەی ئینتیمای بۆ دەکەن، کەواتە "ڕوانین بۆ دنیا" یان "ڕوانینی دنیا" بریتییە لە کۆی ئاڵۆزیی ئەو بیروباوەڕ و هەست و خواستانەی ئەندامانی گرووپێک یان چینێک پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەو گرووپە یان ئەو چینە هەمیشە لە ناکۆکیدا دەبێت لەگەڵ گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا.

لە کاری ئەدەبیدا، بە تێڕوانینی ڕەخنەی بونیادگەریی پێکهێنەرانە، "ڕوانین بۆ دنیا" بەشێک نییە لە داهێنانی خودی نووسەر، بەڵکو بەشێکە لەو پێکهاتە مەعریفییەی گرێدراوە بە چینە کۆمەڵایەتییەکەیەوە، ئەم ڕوانینە بۆ دنیا لەچەند پەیوەندییەکی دینامیکیی نێوان ڕەگەزەکانی کاری ئەدەبیدا، ئەو بونیادەیە کە لە نائاگایی نووسەردا نیشتەجێ دەبێت، کەواتە ئەو بونیادە بریتییە لە

PDF 4 KURD

ڕوانینێک بۆ دنیا کە لە تێکستێکی ئەدەبیدا ڕەنگڕێژ کراوە. لێرەدا گۆڵدمان بە ڕوونی هەوڵدەدات تێزەکانی مارکسیزم بهێنێتە نێو بونیادگەرییەوە و پێی وایە مارکسیزم بە شێوەیەکی قووڵتر و زانستی تر لە بونیادەکانی کۆمەڵگە، واتە لە سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگە، دەکۆڵێتەوە.

گۆڵدمان لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، دوو نموونەی پراکتیکیی لەسەر هەردوو نووسەری فەرەنسی بلیز باسکال و جان ڕاسین پێشکەش کردووە، بە چەشنێک لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوون کە کارەکانی بەستوونەتەوە بە هەلومەرجی ئەو چەرخەی کارەکانیان تیادا نووسیوە، پاشان لە میانی گەڕان بەدوای بونیادەکانی ئەو دوو کارە ئەدەبییەدا، لەو کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژییانە ورد بووەتەوە کە بە سیفەتی ڕوانین بۆ دنیا، واتە بونیاد، دەردەکەون.

ئەگەر بونیادگەری پتر بەدوای ڕێسا و سیستمە ناوەکییەکانی تێکستی ئەدەبیدا بگەڕێت و وەک قەوارەیەکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ تێکستدا بکات و لە کاریگەرییە دەرەکی و کۆمەڵایەتییەکەی بترازێنێت و لە زمانی تێکستدا بەدوای بونیاددا بگەڕێت، ئەوا بونیادگەری پێکهێنەرانە "ڕوانین" دەکات بە بونیاد و تێکست دەهێنێتەوە بۆ نێو کۆنتێکستە کۆمەڵایەتییەکەی و ئەدەب دەبەستێتەوە بە کۆمەڵگە و چینە کۆمەڵایەتییەکان؛ واتە تێکستی ئەدەبی بریتییە لە ڕوانین بۆ دنیا کە ئەو ڕوانینە دەلالەتێکی کۆمەڵایەتیی هەیە. لێرەدا تێکست، سەرباری ئەو پەیوەندییە پتەوەی لەگەڵ کۆمەڵگەدا هەیەتی، سەربەخۆییەکی ڕێژەییشی هەیە. بە کورتی تێکستی ئەدەبی –وەک گۆڵدمان دەڵێ– بریتییە لە بونیادێکی بچووک کە لە هەناوی بونیادێکی گەورەتر لەدایک دەبێت، ئەویش بونیادی کۆمەڵایەتییە. لێرەوە میتۆدێکی نوێ سەری هەڵدا بە ناوی "سۆسیۆلۆژیای ئەدەب" کە گۆڵدمان بایەخ و برەوێکی زۆری پێداوە.

دەشێت لە ڕەخنەی ئەدەبیی عەرەبیدا، ئەم ڕەوتە لە ڕێبازە ڕەخنەییە خۆرئاواییەکانی دیکە، پتر برەوی هەبوویێت، لەوانەیە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ هەژموونی تەوژمی چەپەکان و پارتە مارکسیستە عەرەبییەکان کە لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا کاریگەرییان لەسەر ئەدەب و بەگشتی کولتووردا هەبوو. ئەم ڕەوتە وەک میتۆدێکی ڕەخنەیی، لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکانی محمد برادە و محمد بنيس و يمني العيد پراکتیزە کراوە.

لە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیشدا، مەریوان وریا قانیع، میتۆدی بونیادگەری پێکهێنەرانەی لە چەندین لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی پراکتیکیدا بەکار هێناوە بۆ خوێندنەوەی تێکستی مەحوی و گۆران و شێرزاد حەسەن و محەمەد عومەر عوسمان.

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**


١- د. بسام قطوس، المدخل الى مناهج النقد المعاصر.

٢- د. بشرى موسى صالح، المفكره النقدية.

٣- نظريه المنهج الشكلي، ترجمه: ابراهيم الخطيب.

٤- رامان سلدن، النظرية الأدبية المعاصرة، ترجمة: سعيد الغانمي.

٥- لوسيان غولدمان، المنهجية في علم الاجتماع الأدبي. ترجمة: مصطفي المسناوي.

٦- لوسيان غولدمان، مقدمات في سوسيولوجية الرواية، ترجمة: بدرالدين عرودكي.

٧- د. عبدالهادي أحمد الفرطوسي، تأويل النص الأدبي في ضوء علم اجتماع النص الأدبي.

١١- فرهنگ اصطلاحات ادبی، تالیف: سیما داد، انتشارات مروارید، تهران، چاپ سوم، ١٣٨٥

١٢- فرهنگ علوم اجتماعی قرن بیستم، ویلیام اوتویت و تام باتامور، ترجمه: حسن چاوشیان، نشر نی- تهران، ١٣٩٢.

PDF 4 KURD

## بۆگێڕەوە Narratee

بۆگێڕەوە، بە عەرەبی (المروي له)، یان (المسرود له)، لە چیرۆک و ڕۆماندا ئەو کەسە نادیار و بێدەنگەیە کە چیرۆکەکەی بۆ دەگێڕدرێتەوە، کە دەکاتە گوێگر، یان خوێنەر، یان خوێنەری ناوەکی.
ڕەخنەگر جیراڵد پرێنس لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا ئەم زاراوەیەی داهێناوە و وەک ڕەگەزێکی گرنگ لە ڕەگەزەکانی چیرۆک و ڕۆمان ناساندوویەتی. لە سەرەتای هەشتاکانیشەوە بوو بە یەکێک لە زاراوەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی گێڕانەوەیی، لەتەک جیراڵد پرێنسدا هەردوو ڕەخنەگر سیمۆر چاتمان و جان لینفلت پەرەیان پێدا.

بەپێی تیۆری جیراڵد پرێنس، ئەگەر چیرۆکبێژ ئەو کەسە بێت کە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، ئەوا بۆگێڕەوە ڕووداوەکانی –لەناو چیرۆکەکەدا– بۆ دەگێڕدرێتەوە، (واتە بۆگێڕەوە کەسێکە لەناوەوەی چیرۆک، واتە خوێنەری ئاسایی نییە)، ئەگەرچی هەندێ جار تێکەڵبوونێک دروست دەبێت لە نێوان خوێنەری خەیاڵی یان خوێنەری ناوەکی (القارىء الضمني) و بۆگێڕەوەدا، بە دەربڕینێکی تر: لە ساتەوەختی خوێندنەوەی تێکستی گێڕانەوەییدا، خوێنەر و خوێنەری ناوەکی دروست دەبن، بەڵام بۆگێڕەوە بەبێ خوێنەریش لەناو تێکستەکەدا بوونی هەیە، هەندێ جار بۆگێڕەوە نادیارە، واتە قسە ناکات و تەنها گوێ دەگرێت، هەندێ جاری دیش بەشدارە لە پێکهاتەی گێڕانەوەکەدا، لە شێوە دیارەکەیدا جیراڵد پرێنس نموونەی (هەزار و یەک شەوە) دەهێنێتەوە و (شەهرەیار) دەکات بە (بۆگێڕەوە) و شەهرەزادیش بە چیرۆکبێژ.

دەشێت لە ڕۆمانێکدا زیاد لە بۆگێڕەوەیەک هەبێت، چیرۆکبێژ هەر جارەی قسە بۆ یەکێک لە بۆگێڕەوەکان دەکات، یان چەند چیرۆکبێژێک قسە بۆ چەند بۆگێڕەوەیەک دەکەن.

کەمجار وا ڕێکدەکەوێت لە گێڕانەوەدا بۆگێڕەوە ببێت بە یەکێک لە کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە و بەشداری لە جوڵاندنی ڕووداوەکاندا بکات، کە زۆر جار چیرۆکبێژ لەم حاڵەتەدا ڕاناوی کەسی دووەم (تۆ) بەکار دەهێنێت و پاڵەوانەکەی هەڵدەسوڕێنێت، بەکارهێنانی ئەم ڕاناوەش بە بەراورد لەگەڵ ڕاناوی (من) و (ئەو)دا زەحمەت ترە و پێویستی بەوە هەیە نووسەر ئاگادار بێت لەوەی کە دەسەڵاتی گشتی بە چیرۆکبێژ نەدات.

جاری وا هەیە بە گوێرەی سیاقی ڕووداوەکان، بۆگێڕەوە و خوێنەری فیعلی تێکەڵ دەبن؛ جاری وایش هەیە بە زەحمەت کەسێتیی چیرۆکبێژ و بۆگێڕەوە لە یەکدی جودا دەکرێنەوە، بەڵام لە هەندێ حاڵەتی دیکەدا مەسافەیەک لە نێوانیاندا دەمێنێت.

خوێنەری ڕاستەقینە لە دەرەوەی تێکست بوونی هەیە، بەڵام خوێنەری ناوەکی پەیوەندی بە چیرۆکبێژەوە دەکات، کەچی بۆگێڕەوە لەناو تێکستەکەدا بوونی هەیە، واتە بۆگێڕەوە ئەو کاتە هەستی پێدەکرێت کە چیرۆکبێژ قسە بۆ کەسێک دەکات و لە ڕووداوەکان ئاگاداری دەکاتەوە بێ ئەوەی چاوەڕێی کاردانەوەی بۆگێڕەوەکە بکات، بۆیە هەندێ جار بۆگێڕەوە لە خوێنەر دەچێ و چیرۆکبێژ ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەودا قسە دەکات. ئەمە زۆر جار لە دەسپێکی ڕۆمان یان چیرۆکدا بەدی دەکرێت. ئەمە لە هەندێ ڕۆمانی میلان کۆندێرادا دەبینرێت، هەروەها لە ڕۆمانی "بابە گۆریۆ"ی بەلزاکدا کە چیرۆکبێژ لە دەسپێکدا یەکسەر دەڵێ: "تۆ ئەی ئەو کەسەی بە دوو دەستی سپییەوە کتێبەکە بە دەستەوە دەگریت و لەسەر قەنەفەیەکی جوان ڕاکشاویت و نهێنییەکانی ژیانی بابە گۆریۆ دەخوێنیتەوە..."، لە چیرۆکی کوردیشدا عەبدوڵڵا سەراج لە هەندێ چیرۆکیدا ئەم ستایلە بەکار دەهێنێت و لە دەسپێکدا قسە لەگەڵ خوێنەردا دەکات.

بۆگێڕەوە لە بونیادی گێڕانەوەییدا بریتییە لە ناوەندێک لە نێوان چیرۆکبێژ و خوێنەردا (کە چیرۆکبێژ -وەک ڕۆلان بارت دەڵێ- بوونەوەرێکە لە وەرەقە، بەڵام خوێنەر بوونەوەرێکە لە گۆشت و خوێن)، لێرەدا بۆگێڕەوە لە چوارچێوەی گێڕانەوەکەدا بەشدارە و یارمەتیی خوێنەریش دەدات تا ئاگاداری بیرکردنەوەکانی چیرۆکبێژ بێت. بە کورتی: مادامەکی چیرۆکبێژێک هەیە و قسە دەکات و ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، کەواتە بۆگێڕەوەیەکیش هەیە و گوێ دەگرێت و دەبێتە وەرگری گێڕانەوەکە، جا ئەو بۆگێڕەوەیە کەسایەتییەکی بەشدار بووبێت لەناو پێکهاتی چیرۆک و ڕووداوەکاندا، یاخود چاودێر بێت.

بۆگێڕەوە ڕەگەزێکی گرنگی بنیاتنانی گێڕانەوەیە، بەڵام لە پەیوەستیدا بە چیرۆکبێژ و بە ڕووداو، هەر یەکێک لەم سێ ڕەگەزە (چیرۆکبێژ، ڕووداو، بۆگێڕەوە) ئەگەر لەتەک کۆی ڕەگەزەکاندا نەچێتە نێو پەیوەندییەکی ئۆرگانی و زیندووەوە، ئەوا لەناو بونیادی گێڕانەوەدا هیچ ڕۆڵێکی نابێت، واتە ئەگەر چیرۆکنووس یان ڕۆماننووس ئاگای لەوە نەبێت کە لەناو چیرۆکەکەدا بۆگێڕەوەیەک هەیە بەشدارە یان چاودێرە و جیاوازە لە خوێنەری فیعلی و خوێنەری ناوەکی، ئەوسا بە شێوەیەکی ئاسۆیی و تەقلیدی لەسەر گێڕانەوەکەی بەردەوام دەبێت و دواجار دەنگی چیرۆکبێژ زاڵ دەبێت بەسەر دەنگەکانی تردا.

لە چیرۆک و ڕۆمانی نوێدا، زۆر جار بۆگێڕەوە بەتەواوی نادیار دەبێت، جاری وا هەیە بۆگێڕەوە شتێکی بێگیانە، بۆ نموونە کاتێک پاڵەوان یان چیرۆکبێژ ڕووداوەکان بۆ ئاوی ڕووبارێک یان بۆ تاشەبەردێک یان بۆ درەختێک دەگێڕێتەوە .



PDF 4 KURD

بۆ زیاتر شارەزابوون لەم زاراوەیە، بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

١- المصطلح السردي، جيرالد برينس، ترجمة: عابد خزندار.

٢- تحليل الخطاب الروائي، سعيد يقطين.

٣ – الصوت الآخر، فاضل ثامر.

## بیۆگرافیا و ئۆتۆبیۆگرافی Biography -Autobiography

بیۆگرافیا واتە چیرۆکی ژیان یاخود سەربوردەی ژیان (السیرة الذاتیة) کە بە مانای گێڕانەوەی بەسەرهاتی خودیی ژیانی مرۆڤێک دێتBiography، ئەم زاراوەیە لە دوو وشەی یۆنانی پێکدێت: bios، واتە ژیان و grapho، واتە نووسینەوە، هەردوو وشەکە بەسەریەکەوە واتە نووسینەوەی ژیان .

لە ڕابردوو و ئێستاشدا، مێژوونووسان و ئەدیبان بایەخیان بە گێڕانەوە و نووسینەوەی ژیانی کەسایەتییە گرنگەکان و ژیانی نەتەوەکان داوە، بۆ ماوەی چەندین سەدە نووسینەوەی بەسەرهات و کارە گەورەکانی سەرکردە و میر و پاشاکان و شاعیرە مەزنەکان فۆرمێک بووە لە نووسینەوەی مێژوو، کە دواتر مێژوونووسان سوودیان لە نووسینەوەی ئەو بەسەرهاتانە وەردەگرت، تا ئەمڕۆش مێژوو سوود لە بیۆگرافیاکان وەردەگرێت.

بیۆگرافیا کە بریتییە لە نووسینەوەی ژیانی کەسایەتی و پیاوە گەورەکان، بەزۆری کەسانێک دەیاننووسییەوە کە خزمی پلە یەک و پلە دووی ئەو کەسایەتییانە بوون، واتە ئەندامانی خێزان یان بنەماڵە بیۆگرافیای پاشا و شاعیرەکانیان دەنووسییەوە، بۆیە ئەو نووسینانە تا ڕادەیەکی زۆر بێلایەن و ڕاستگۆ نین، بۆ نموونە بیۆگرافیای شاعیری ناوداری ئینگلیزی تۆماس مۆر (١٤٧٨-١٥٣٥) زاواکەی نووسیویەتی کە ناوی ولیام ڕۆپێر بوو، هەروەها بیۆگرافیای شاعیری ئیسکۆتلەندی والتەر سکۆت (١٧٧١- ١٨٣٢) ئەویش هەر زاواکەی نووسیویەتی کە ناوی جۆن لۆک هارت بووە، بەڵام زۆربەی ڕەخنەگرانی ئینگلیز پێیان وایە باشترین بیۆگرافیا کە شوێنی متمانە و ڕاستگۆییە، بیۆگرافیاکەی شاعیری ئینگلیزی سامۆئیل جۆنسن (١٧٠٩-١٧٨٤)ە کە جێمس بۆزوێڵی هاوڕێی نووسیویەتی، پەیوەندیی نێوان بۆزوێڵ و جۆنسن بیست و یەک ساڵی خایاندووە، بۆیە

PDF 4 KURD

بابەتێکی بەپیتی لەلادا کۆبووەتەوە بۆ نووسینەوەی ئەو بیۆگرافیا دەگمەنە.

لێرەدا چەشنێکی تر لە بیۆگرافیا هەیە کە پێی دەوترێت (ئۆتۆبیۆگرافیا Autobiography)لە کوردیدا پێی دەوترێت (یادداشت) و لە عەرەبیدا (مذكرات)، ئەم زاراوەیە لە ساڵی ١٨٥٠دا لە فەڕەنسا فیلیپ لیجین دایهێناوە. لەم چەشنەدا ئەو کەسایەتییە خۆی چیرۆک و بەسەرهاتی ژیانی خۆی دەنووسێتەوە نەک کەسێکی تر، واتە دەتوانین بڵێین: بیۆگرافیا بریتییە لە نووسینەوەی چیرۆکی ژیانی نووسەرێک، یان سیاسەتمەدارێک یان زانایەک لە لایەن کەسێکی ترەوە، بەڵام ئۆتۆبیۆگرافی بریتییە لەو چەشنە نووسینەی کە نووسەرێک، یان سیاسەتمەدارێک، یان شاعیرێک و زانایەک خۆی چیرۆکی ژیانی خۆی دەنووسێتەوە.

نووسینەوەی چیرۆکی ژیان بە شێوی بیۆگرافیا بێت (واتە یەکێکی تر بینووسێت)، یان بە شێوەی ئۆتۆبیۆگرافیا (واتە نووسەرەکە خۆی بینووسێت)، بریتییە لەو تێکستەی کە تا ئەندازەیەکی زۆر هەم ڕاستگۆیی و ئەمانەتی مێژوویی لەخۆ دەگرێت، هەم بە زمانێکی ئەدەبیی جوان و ڕەوان دەنووسرێت.

بیۆگرافیا و ئۆتۆبیۆگرافیا مێژوویەکی نوێیان هەیە، واتە لە سەدە کۆنەکاندا ئەم چەشنەی نووسین نەزانراو بوو، بۆ نموونە لە ئەدەبی ئینگلیزیدا بیۆگرافیایەک بۆ شاعیر و شانۆنووسی مەزن ولیام شەکسپیر (١٥٦٤-١٦١٦) نەنووسراوە، تەنها دوای سەدەیەک لە مردنی، ئینجا نیکۆلاس ڕۆ لە ساڵی ١٧٠٩دا کتێبێکی دەربارەی ژیانی شەکسپیر نووسی، واتە بەر لە سەدەی هەژدەهەم بە دەگمەن بیۆگرافیا هەبووە، ئەوەش پێشتر نووسراوە تایبەت بووە بە بیۆگرافیای پاشا و میرەکان و ئەو جەنگانەی بەرپایان کردووە، بەڵام

لە سەدەی هەژدەیەمدا کتێبی (دانپیانانەکان)ی جان جاک ڕۆسۆ (١٧١٢-١٧٧٨) جۆرێکە لە ئۆتۆبیۆگرافی.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئۆتۆبیۆگرافیا پەیدا بوو، هەندێ نووسەر باوەڕیان وابوو کە دەبێ مرۆڤ خۆی چیرۆکی ژیانی خۆی بنووسێتەوە نەک کەسێکی دی بۆی بنووسێت، چونکە ئەو نووسەرە خۆی دەزانێت چی دەنووسێت و چۆن وردەکاری و نهێنییەکانی ژیانی خۆی دادەڕێژێت. ئەگەرچی تێبینی لەسەر ئەم جۆرە نووسینەش هەیە، بەو پێیەی کەسێک بیۆگرافیای خۆی بنووسێتەوە لەوانەیە تەنها لایەنە پۆزەتیڤەکانی خۆی دەربخات و خاڵە لاواز و نێگەتیڤەکان فەرامۆش بکات. جۆرێکی تر لە بیۆگرافیا هەیە کە نووسەر ڕۆژانە بیرەوەرییەکانی خۆی وەک یادداشت دەنووسێتەوە و لە دواییدا ئەو بیرەوەرییانە دەکات بە تێکستێکی ئەدەبیی بیۆگرافی .

لە کەلەپووری عەرەبیدا بیۆگرافیا بە چەشنێکی دی هەبووە، هەندێ جار لەبری (سیرە) پێیان وتووە (تەرجەمە)، واتە وەرگێڕانی ژیانی کەسایەتییەکی ناوداری کەلەپووری عەرەبی-ئیسلامی، بەڵام بەزۆری سیرە بەکار هاتووە، بۆ نموونە (سیرة ابن هشام) و (سیرة سیف بن ذی یزن) و (السیرة النبویة) و (سیرة عنترة)، هەروەها (معجم الأدباء)ی یاقوت الحموی کە کتێبێکی قەبەیە و لە بیست بەرگ پێکهاتووە و دەربارەی ژیانی ژمارەیەکی زۆر لە شاعیران و زمانزان و نەحوی و نووسەرە عەرەبەکانی تێدایە. لە چەرخی نوێشدا (الأیام)ی نووسەری میسری تەها حسێن (١٨٨٩-١٩٧٣) جۆرێکە لە ئۆتۆبیۆگرافیا .



PDF 4 KURD

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

١ - من اصطلاحات الأدب الغربي، تأليف: د. ناصر الحاني، دار المعارف- ١٩٥٩- مصر.
٢- المعجم المفصل في اللغة والأدب، د. أميل بديع يعقوب و د. ميشال عاصي، دار العلم للملايين -١٩٨٧- بيروت.
٣ - المعجم الأدبي، جبور عبدالنور، دار العلم للملايين -١٩٧٩-بيروت.
٤ - المعجم المفصل في الأدب، د. محمد آلتونجي، دار الكتب العلمية -١٩٩٩- بيروت.
٥- معجم العلوم الانسانية، بأشراف: جان فرانسوا دورتيه، ترجمة: د. جورج كتورة، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، ٢٠٠٩-بيروت.
٦- فرهنگ اصطلاحات ادبى، تاليف: سيما داد، انتشارات مرواريد، تهران، چاپ سوم، ١٣٨٥

PDF 4 KURD

# پ

## پارادیگم paradigm

پارادیگم، بە کوردی (نموونە)، بە عەرەبی (نموذج- مثال)، یان (النموذج المثالي)، واتە نموونەی شۆڕشی زانستی یان کودەتای زانستی، ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٢ زانای ئەمریکی تۆماس سامۆیل کۆهن (١٩٢٢-١٩٩٦) لە کتێبی (بونیادی شۆڕشە زانستییەکان) بەکاری هێناوە. بەپێی تۆماس کۆهن پارادیگم بریتییە لە بەرپاکردنی شۆڕشێکی زانستی کە سەرلەبەری تێڕوانینی مرۆڤ بۆ دنیا و ماتریاڵ دەگۆڕێت و لەوێشەوە سەرلەبەری ژیانی مرۆڤایەتی دەگۆڕێت، تۆماس کۆهن وایدەبینێت کاتێک زانایان ڕووبەڕووی چەند گرفتێکی زانستی دەبنەوە کە بەپێی شێوەی باوی زانست چارەسەر ناکرێن، ئەوسا شۆڕشی زانستی ڕوودەدات، ئەوسا دەبێ ئەو شێوە کۆنانە جێبهێڵرێن لە پێناو چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە و پێکهێنانی تیۆرییەکی نوێ. کەواتە پارادیگم بەم مانایە بریتی نییە لە تیۆریی باو، بەڵکو بریتییە لە ڕوانین بۆ دونیا.

هەروەها بە مانای "دیدی میتۆدی"، یان "نموونەگەرایی"یش دێ کە بەم مانایە پارادیگم بریتییە لە تیۆرییەکی گشتگیر، یان کۆمەڵێ باوەڕی پێکەوەبەستراو کە لقە زانستە جیاوازەکانی دیش دەگرێتەوە، پاشان قۆناغی گۆڕانکاریی خێرا دێت بە هۆی سەرهەڵدانی دیدێکی میتۆدیی نوێوە کە کۆمەڵێ باوەڕ و دۆزینەوەی زانستیی نوێ لەخۆی دەگرێت و باوەڕە کۆنەکان ڕەت دەکاتەوە. نموونە، یان نموونەگەراییش پێویستیی بە کۆبوونەوەی چەند تیۆرییە و چەند ئەگەرێکی زانستی هەیە، بەپێی کۆهن نموونەی کۆن، یان پارادیگمی کۆن لەنێو دەچێ و نموونەی نوێ، یان پارادیگمی نوێ جێگەی دەگرێتەوە.

PDF 4 KURD

بۆ نموونە لە ئەرستۆ و بەتلیمۆسەوە بۆ کۆپەرنیکۆس تێڕوانینی مرۆڤایەتی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەسەردا هاتووە دەربارەی ئەوەی ئایا زەوی سەنتەری گەردوونە یان خۆر، هەروەها خۆر بە دەوری زەویدا دەسوڕێتەوە، یان بە پێچەوانەوە زەوی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، چونکە وەک دەزانین بەتلیمۆس پێی وابوو زەوی جێگیر و وەستاوە و زەوی سێنتەری گەردوونە، ئەمە بۆ چەندین سەدەی دوورودرێژ (نزیکەی دووهەزار ساڵ) باوەڕێکی یەقینیی باو بوو، بەڵام لە سەدەی پانزدەهەمدا زانای پۆڵۆنی کۆپەرنیکۆس (١٤٧٣-١٥٤٣) هات و سەرلەبەری ئەو باوەڕەی ئاوەژوو کردەوە و سەلماندی کە زەوی بەردەوام دەجوڵێتەوە و بە دەوری خۆردا دەخولێتەوە و بە هیچ مانایەک زەوی سێنتەری گەردوون نییە. دواتر تیۆریی گالیلۆ (١٥٦٤-١٦٤٢) و نیوتن (١٦٤٢-١٧٢٧) و ئانیشتاین (١٨٧٩-١٩٥٥) دەربارەی کێشی موگناتیسیی زەوی و هەروەها دەربارەی زەمەن و خێرایی و تیۆریی ڕێژەگەرایی، لە سێ چرکەساتی مێژوویی گرنگ و یەکلاکەرەوەدا، سەرلەبەری تێڕوانینی مرۆڤیان گۆڕی و دابڕانێکی ئیپستیمۆلۆژیی گەورەیان دروست کرد کە بەو پێیە پارادیگمی کۆنیان هەڵوەشاندەوە.

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**


١- هاشم صالح، مخاضات الحداثه التنويرية-القطيعة الابيستيمولوجية في الفكر والحياة.

٢- سامي خشبه، مفكرون من عصرنا، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهره، ٢٠٠٨.

٣- غي هرمية وبيار بيرنبوم، معجم علم السياسة والمؤسسات السياسية، ترجمة: هيثم اللمع.

## پراگماتیزم pragmatism

پراگماتیزم، بە عەرەبی (الذرائعیة)، ڕەوتێکی فەلسەفیی و فیکرییە، زانایانی ئەمریکی ولیەم جێمس (١٨٤٢-١٩٠٧) و چارل ساندریس پێرس (١٨٣٩-١٩١٤) و جۆن دێوی (١٨٥٩-١٩٥٢) دایانمەزراندووە، ئەم ڕەوتە پێی وایە پێوەری ڕاستگۆیی بیروڕا بریتییە لە بەهای ئەو دەرەنجامەی بەدەستی دەهێنێت، پراگماتیزم پێی وایە حەقیقەتی ڕەها بوونی نییە، بەڵکو حەقیقەتی سوودبەخش یان مەعریفەی سوودبەخش بوونی هەیە و ئەزموون ئەمەی سەلماندووە، حەقیقەت لە لێوردبوونەوەی تیۆریدا کۆنابێتەوە، بەڵکو لە پراکتیکدا کۆدەبێتەوە. ڕیچارد ڕۆرتی یەکێکە لەو فەیلەسەفە ئەمریکییانەی سەر بە ڕەوتی پراگماتیزمە نوێیەکانە .

لێرەدا سوود (مەنفەعەت) ڕەگەزێکی گرنگی ئەو بەهایەیە، واتە حەقیقەت بە دەرەنجامەکانی دەناسرێت و دەردەکەوێت، هەر پرۆسەیەک سوود و مەنفەعەتی هەبوو بۆت ئەوە لە لای تۆ ئەو پرۆسەیە حەقیقەتە. کەسێک پراگماتیست بێت واتە تەماشای سوود و قازانجی کردەوەکان دەکات لەبری ئەوەی ڕێزی پرەنسیپەکان بگرێت. کاتێکیش دەڵێین فلانە سیاسەتمەدار پراگماتیستە، واتە ئەو پتر چاوی لە دەرەنجامەکانە نەک لە باوەڕەکان، واتە کەسێکی مەنفەعەتخوازە.

**بۆ شارەزایی زیاتر بڕوانە:**


١- سمير حجازي، معجم مصطلحات فروع الأدب المعاصرة ونظريات الحضارة.

٢- جان فرانسوا دورتيه، معجم العلوم الانسانية، ترجمة: د. جورج كتوره.

٣- د. أميل بديع و د. ميشال عاصي، المعجم المفصل في اللغة والأدب.

٤- د. محمد آلتونجي، المعجم المفصل في الأدب.

٥- م. روزنتال و ب. يودين، الموسوعة الفلسفية، ترجمة: سمير كرم.

PDF 4 KURD

٦- د. منصور عيد، معجم الفكر الحضاري، دار الجيل للنشر والطباعة والتوزيع، بيروت، ٢٠١٠.
٧- فرهنگ علوم اجتماعی قرن بیستم، ویلیام اوتویت و تام باتامور، ترجمه: حسن چاوشیان، نشر نی- تهران، ١٣٩٢.

PDF 4 KURD

### پەخشانەشیعر poetic prose

پەخشانەشیعر (قصیده النثر)، ژانرێکی شیعریی نوێیە و لە ئاکامی پەرەپێدانی شێوازی نووسینی شیعریدا هاتووەتە ئاراوە، هەندێ لە شاعیران و ڕەخنەگرانی نوێخواز بانگەشەیان بۆ جۆرێک لە شیعر دەکرد بەتەواوی ئازاد بێت لە کۆتەکانی کێش و سەروا، دواتر شاعیران جۆرە شیعرێکیان دەنووسی تەنها گرنگیی بە ڕیتم و مۆسیقای ناوەوە دەدا، لەتەک فەرامۆشکردنی کێش و سەروای تەقلیدی، جا لەبەر ئەوەی سنوورەکانی شیعر و پەخشانیان ئاوێزانی یەکدی دەکرد، ناویان لێنا: "پەخشانەشیعر."

هەندێ لە ڕەخنەگران و مێژوونووسانی ئەدەب دەڵێن ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم سەرەتایەکی ڕاستەقینەیە بۆ دەرکەوتنی پەخشانەشیعر لە ئەدەبی ئەورووپیدا، لێکۆڵەرانی ئەدەب پێیان وایە هەردوو شاعیری فەرەنسی شارل بۆدلێر (١٨٢١- ١٨٦٧) و ئارسەر ڕامبۆ (١٨٥٤-١٨٩١) بەر لە هەر شاعیرێکی دی پەخشانەشیعریان نووسیوە، باوەڕیان بە شیعری تەقلیدی نەبووە و کۆتەکانی سەر شیعریان شکاندووە و پەخشانیان هێناوەتە نێو ئیقاعی شیعرییەوە کە دواتر بە ئیقاعی ناوەوە ناسراوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خەیاڵی بەرینی شاعیر کە داوای ئازادییەکی زیاتری دەکرد بۆ نووسینی شیعری.

هەروەها چەندین شاعیری دیکەی وەک نێرفال (١٨٠٨-١٨٥٥) و مالارمێ (١٨٤٢-١٨٩٨) و لۆتریامۆن (١٨٤٦-١٨٩٠) و ئەپۆلینێر (١٨٨٩-١٩١٨) پەرەیان بەو چەشنە شیعرە دا و داهێنانی شیعریی گەورەیان تیادا بەرپا کرد. ئەگەرچی خانمە نووسەری فەرەنسی سوزان بێرنار، دانەری کتێبی (پەخشانەشیعر لە بۆدلێرەوە تا ئەمڕۆ)، پێی وایە بۆدلێر لەو بوارەدا پێشەنگە و هەر بۆدلێریش بوو پەخشانەشیعری کرد بە ژانرێکی سەربەخۆ.

سوزان بێرنار دەڵێ: ئەم کۆمەڵە شاعیرە داهێنەرە، خەمێکی ڕاستەقینەی شیعرییان هەبوو کە بە پلەی یەکەم بەدوای زمانێکی دیکەی شیعر و ڕیتمێکی جیاواز و ستایلێکی دەگمەندا دەگەڕان. ئێمە قەرزاری ئەو پۆلە شاعیرەین کە جوانترین هەوڵدانیان لە بواری نووسینی پەخشانەشیعردا هەیە.

تێکەڵکردنی هەردوو ژانری شیعر و پەخشان، ڕێگەیەکی بەرینی بۆ شاعیر کردەوە تا بە ئازادییەکی ڕەهاوە شیعر بنووسێت. وتیان شاعیر بۆی هەیە ستایلی پەخشان لە نووسینی شیعری نوێدا بەکار بهێنێت. ئەم چەشنە شیعرە هەوڵی داوە خۆی لە شیعری تەقلیدی و پەخشانی تەقلیدی و بگرە شیعری ئازادیش جیابکاتەوە و ئازادییەکی ڕەها بە نووسینی شیعر ببەخشێت، بە جۆرێک خۆی وەک ژانرێکی سەربەخۆ ناساند، بێگومان لەتەک نکوڵیکردن لە سنوورە تەقلیدییەکانی نێوان ژانرە ئەدەبییەکانی وەک شیعر و پەخشان و دراما، پاشان هێنانەئارای ئیقاعێکی تایبەتی کە پێی دەوترێت ئیقاعی ناوەکی، ئەم ئیقاعە پشت بە ئیستاتیکای وشە لە کۆنتێکستی ڕستەی شیعریدا دەبەستێت، لەتەک ڕیتمی ناوەکیدا بایەخ بە زمانی شیعری و ئیحای بێکۆتایی و وێنەی کراوە دەدرا.

پرۆسەی وەرگێڕان ڕۆڵێکی بەرجەستەی هەبوو لە ئاشناکردن و زەمینەخۆشکردنی سەرهەڵدانی پەخشانەشیعر، چونکە وەرگێڕانی شیعر لە شێوەی پەخشان و دوور لە کێش و سەروا ئەنجام دەدرا، ئەمەش سەرنجی شاعیرانی بۆ جۆرێکی تر لە نووسینی شیعر ڕاکێشا کە ئازادییەکی پتر بە شاعیر دەبەخشێت بۆ گوزارشتکردن لە ناخ و هەروەها بۆ دەربڕینی خەیاڵ. ئەم پرۆسەیە هەر لە وەرگێڕانی تێکستەکانی عەهدی کۆن (تەورات)ەوە تا وەرگێڕانی شیعری تازە، ڕۆڵی لە ناساندنی ستایلێکی دیکەی شیعری هەبوو. سوزان بێرنار دەڵێ: وەرگێڕان بیرۆکەی پەخشانەشیعری لای خوێنەران ئاشنا کرد،

PDF 4 KURD

لە ڕاستیدا وەرگێڕەکان یەکەم کەس بوون پێیان لەسەر ئازادکردنی زمانی شیعری دادەگرت تا فرەڕەنگی و سیحرێکی تری پێ ببەخشن.
سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانەشیعر لە ئەدەبی عەرەبیدا دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی شەستەکانی سەدەی بیستەم، کە شاعیر و بیرمەندی ناسراوی عەرەب د. عەلی ئەحمەد سەعید ناسراو بە (ئەدۆنیس) لەتەک یوسف ئەلخال لە گۆڤاری (شیعر)دا بڕەوی بەو جۆرە نووسینە دەدا و خۆیشی بەو ستایلە دەینووسی، هەر خۆیشی لە ئەدەبی عەرەبیدا زاراوەی (قصیده النثر)ی بۆ هەڵبژاردووە و لە دواییدا لە ڕەخنەی عەرەبیدا قبووڵ کراوە.
هەردوو شاعیری عەرەب، محەمەد ماغوت و ئەنسی ئەلحاج بە ڕاشکاوی داکۆکییان لەو چەشنە شیعرە دەکرد و بەو شێوازە دەیاننووسی، بەڵام لە لایەن هەندێ لە شاعیرانی لایەنگری شیعری ئازاد، ڕەخنەیان ئاڕاستە دەکرا و بە لادان لە شیعر تۆمەتبار دەکران، بە تایبەتی نازک مەلائیکە لە کتێبی "کێشەکانی شیعری هاوچەرخ"دا لەتەک داکۆکیکردن لە شیعری ئازاد، ڕەخنە لە پەخشانەشیعر دەگرێت، چونکە شاعیرانی پەخشانەشیعر -وەک نازک دەڵێ- دوو ڕەگەزی گرنگ لە شیعر فەرامۆش دەکەن کە بریتین لە کێشی شیعری و هۆنینەوەی شیعری.
ئەمڕۆ پەخشانەشیعر بە ئەندازەیەکی زۆر پەرەی سەندووە، بە جۆرێک بووە بە ستایلێکی باوی شیعری نوێ، تا ڕادەیەکی زۆریش باوەڕی بە جیاکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکان نییە، ئەمڕۆ چەشنە شیعرێک دەنووسرێت بە ناوی "تێکست" یان "تێکستی واڵا" کە شیعر و پەخشان و چیرۆک و دیالۆگی شانۆیی لەخۆ دەگرێت، پتر ڕیتمی گێڕانەوەیی بە سەریدا زاڵە بێئەوەی پشت لە ئیقاعی ناوەکی بکات.

بروانه:

١ - قصيده النثر من بودلير الى أيامنا، سوزان بيرنار.

٢ - فرهنگ اصطلاحات ادبی، تالیف: سیما داد، انتشارات مروارید، تهران، چاپ سوم، ١٣٨٥



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

## پەرناسی Parnasse

ناوی چیایەکە لە یۆنان، لە ئەفسانەی کۆنی یۆنانیدا باوەڕیان وابوو لوتکەی ئەو شاخە شوێنی نیشتەجێبوونی ئەپۆلۆ و خواوەندەکانی شیعر و مۆسیقا و سەما و گۆرانی و هونەرەکانە، دواتر مانای ئەم وشەیە لە ڕووی مەجازییەوە فراوانتر بووەوە و ناوی ئەم شاخە بە مانای شیعر و شاعیران دەهات.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا پارناسی و پارناسیزم ناوی قوتابخانەیەکی شیعریی فەڕەنسی بوو. ئەم ناوەش لە ناوی گۆڤاری "پارناسۆسی هاوچەرخ" وەرگیراوە کە لە ساڵانی (١٨٦٦-١٨٧٦) دەردەچوو و شاعیرانی ئەو قوتابخانەیە تیایدا دەیاننوسی، ناودارترینیان بریتی بوون لە لیکۆنت دی لیل (١٨١٨-١٨٩٤)، ستیفان مالارمێ (١٨٤٢-١٨٩٨)، پۆل ڤێرلین (١٨٤٤-١٨٩٦)، شارل بۆدلێر (١٨٢١- ١٨٦٧)، ناوەڕۆکی شیعری شاعیرانی ئەم قوتابخانەیە کاردانەوەیەک بوو لە دژی زیادەڕۆیی لە سۆزی ڕۆمانتیکیدا، بە جۆرێک شیعری پارناسییەکان خاڵی بوو لە ڕەگەزی خود و خودگەرایی، بەڵام باوەڕیان بە تیۆری "هونەر بۆ هونەر" هەبوو و بایەخی زۆریان بە سەنعەتکاریی شیعری و کێش و سەرواى ئاڵۆز و ئیستاتیکای شیعری دەدا، دەیانوت ئەدەب خۆی لە خۆیدا ئامانجە و دوورە لەوەی ببێت بە وەسیلەیەک بۆ چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، لەمەشدا کەوتبوونە ژێر کاریگەریی شاعیری فەڕەنسی تیۆفیل دی گۆتیێ (١٨١١- ١٨٧٢) کە لە سییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بانگەشەی بۆ دەکرد، لیکۆنت دی لیل لە ساڵی ١٨٥٢دا لە پێشەکیی دیوانی "شیعرە کۆنەکان"دا، کە لە شێوەی مانیفێستێکی پارناسیدا نووسیبووی، بە گژ لیریکیەتی ڕۆمانسییەکاندا دەچێت و داوای زیندووکردنەوەی فۆرمی شیعری دەکات، بەگشتی مانیفێستەکەی دی لیل بریتی بوو لە: ڕەتکردنەوەی ڕۆمانسیزم و

PDF 4 KURD

لیریکیەت، بێلایەنی لە ئیتیک و سیاسەتدا، بەپیرۆزڕاگرتنی شیعری پەتی، بەرجەستەکردنی بابەتی نێهلیستی (واتە: نەبوونگەرایی) و هەروەها نامۆگەرایی و ڕابردووخوازی (کە ئەمە لە لای پارناسییەکان شێوەیەک بوو بۆ خۆدوورخستنەوە لە دنیای نوێ کە بەپێی قسەی ئەوان دنیایەکی ناچیزە و قێزەونە).

گەشەکردنی پارناسی لە دواییدا بووە هۆی سەرهەڵدانی هێماگەرایی (سیمبۆلیزم) لە شیعردا، بێئەوەی پارناسیش لەناو چووبێت، ئەمانە بایەخێکی زۆریان بە زمانی شیعری دەدا لەتەک ڕوونی و جیاوازیی شیعری، هەروەها تێکشکاندنی بڕگە و بەیت و تەفعیلەی شیعری ئازاد لە لای مالارمێ و ڤێرلین و ڕامبۆ، دەرچوون لە هەموو سیستمێک کە شیعر کۆت دەکات بە تایبەتی لە لای ڕامبۆ، بایەخدان بە فۆرم و ئیستاتیکا و تەمومژ لای زۆربەیان، جەختکردنەوە لە سەربەخۆیی ئەدەب.

**بڕوانە:**

١ - معجم المصطلحات الأدبية، بول آرون واخرون، ترجمة: د. محمد حمود.٢- معجم مصطلحات الأدب، مجدي وهبة. ٣- الأدب تعريفه وأنواعه ومذاهبه، د. أنطونيوس بطرس.٤- المعجم الأدبي، جبور عبدالنور. ٥- المعجم المفصل في الأدب، د. محمد آلتونجي

PDF 4 KURD

## پەیگانیزم Paganism

پەیگانیزم، Paganism، بە عەرەبی (الوثنية)، بە مانای بتپەرستی و هاوبەش بۆ خودا دێت، باوەڕهێنانە بە بوونی چەندین خواوەند کە هەریەکەیان بەرپرسن لە لایەنێکی ژیانی مرۆڤ. ئەمە زیاتر لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا باو بوو، دیسان پەیگانیزم کۆمەڵێ بیروباوەڕە کە باوەڕی تەواوی بە هێزی سروشت و ڕەگەزەکانی سروشت بەخشیوە، بۆیە هەرچی زیاتر ڕەگەزەکانی سروشت دەپەرستێ. جگە لەمە پەیگانیزم چەند فۆرمێکی تر لەخۆ دەگرێت، وەک: یەکێتیی بوون (واتە سروشت یەکە و لە دەرەوەی ئەم سروشتە شتێکی تر بوونی نییە)، فرەیی خوداوەند (واتە باوەڕهێنان بە پتر لە خواوەندێک). ئەم باوەڕە تێکەڵ بە چەندین داستانی خورافی و ئەفسانەئامێز بووە.

هەندێ باوەڕ پێی وایە ئاگر وێنەی خودایە لەسەر زەوی، بۆیە ئاگر پیرۆزە و پێویستە بپەرسترێ، بە هەمان شێوە ئاو یان هەر ئایکۆنێکی تر مومکینە پیرۆز بێت و بپەرسترێ، کە ئەم دیاردەیە پتر لە سەدە کۆنەکاندا هەبووە و ئەمڕۆ تا ئەندازەیەکی زۆر نەماوە. بێگومان هەر سێ ئایینە یەکتاپەرستییە سەرەکییەکان (جولەکە، مەسیحی، ئیسلام) ئەم چەشنە باوەڕە ڕەتدەکەنەوە و پێیان وایە ئەمانە ئایینی سەرەتایی و ناڕاستن کە بەر لە سەرهەڵدانی یەکتاپەرستی هەبوون.

١- المعجم الأدبي، جبور عبدالنور .
٢- المعجم المفصل في الأدب، د. محمد آلتونجي.

PDF 4 KURD

## پۆرنۆگرافی

## یان: ئەدەبی سێکسیPornography

پۆرنۆگرافی، واتە ئەدەبی سێکسی، بە عەرەبی (الأدب الجنسي)، یان (الأدب المكشوف) و (الأدب الفاضح)، ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا لە وشەی پۆرنۆگرافۆسی pornographos یۆنانییەوە وەرگیراوە، ماناکەی واتە ئەو نووسین و وێنانەی لەبارەی ژیان و ڕەوشتی ژنی لەشفرۆش و ژنانی شەبەقی و سێکسی دەدوێت.

مشتومڕی زۆر لەبارەی ماهییەت و ناوەڕۆکی ئەم زاراوەیە کراوە، بە تایبەتی ئەو بابەتە ئەدەبی و هونەرییانەی بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا باس لە جەستەی ژن و ئەندامە سێکسییەکان و پەیوەندیی سێکسی دەکەن. لێرەدا چەندین تێکستی ئەدەبی و تابلۆ و کاری هونەری هەن کە هەندێکیان بە کاری میللی دادەنرێن و هەندێکیشیان گەورەنووسەرانی دونیا و هونەرمەندانی ناودار بەرهەمیان هێناوە کە بەبێ ڕووپۆش و بە ڕاشکاوی لەبارەی سێکس دەدوێن. هەروەها ژمارەیەکی زۆر ڕۆمان و فیلمی سینەمایی هەن دیمەنی ئاشکرای سێکسی لەخۆ دەگرن و مۆرکێکی ئیستاتیکی بە پرۆسەی سێکسی دەبەخشن. بەو هۆیەوە ئەو ڕۆمان و فیلمە سێکسییانە ناوبانگێکی زۆر و ڕەواجێکی سەرسوڕهێنەریان پەیدا کردووە. ئەمانە لە ڕاستیدا کار لەسەر یەکێک لە غەریزە هەرە وورووژێنەرەکانی مرۆڤ دەکەن کە بریتییە لە غەریزەی سێکسی، بە چەشنێک توانیویەتی خوێنەر و بینەر و جەماوەرێکی بێشومار بە لای خۆیدا ڕابکێشێت؛ ئەگەرچی هەندێ جار ئەدەب و هونەری پۆرنۆگرافی بۆ مەبەستی قازانج و بازرگانی بەکار دەهێنرێت و بە شێوەیەکی ناچیزە سێکس و پەیوەندیی سێکسی دەخەنە ڕوو.

لە مێژووی کۆن و بگرە لە هەموو سەردەمەکان و لە هەموو کات و شوێنێکدا ئەدەب و هونەری سێکسی بوونیان هەبووە، چ بە شێوەی

نووسینی میللی و حیکایەت و پەند و گێڕانەوە بوو‌بێت، یان لە شێوەی ڕەسم و تابلۆ، کە هەندێ جار بە مەبەستی ئامۆژگاریی سێکسی و تەندروستی خراونەتە ڕوو، هەندێ جاری دیش بە مەبەستی ئاشنابوون بە ئەندامە سێکسییەکان و شارەزابوون لە چۆنێتی پرۆسەکردنی سێکس ئەنجام دراون.

دەشێت ئەدەبی سێکسی لە سەردەمە جیاوازەکاندا، نەریت و ئیتیکی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمە شیکار بکات، بۆ نموونە دەکرێت لە میانی حیکایەتەکانی هەزارویەک شەوەدا ڕەفتار و چەمکە سێکسییەکان لە لای خەڵکی ئەو سەردەمە ڕوون بکاتەوە کە بە چ شێوەیەک تەماشای سێکس و جەستەی ژن و پەیوەندیی سێکسییان کردووە.

لە ئیتالیادا، گێڕانەوەی باس و خواسە سێکسیەکان، لە شێوەی ڕۆماندا لە شاکاری (دیکامیرۆن)دا خراوەتە ڕوو، کە تا ئەندازەیەکی زۆر لە حیکایەتەکانی هەزارویەک شەوە، دەچێت. ڕۆماننووسی بەریتانی دیڤید هێربێرت لۆرانس (١٨٨٥-١٩٣٠)، بە ڕادەیەکی زۆر بایەخی بەم لایەنەی ئەدەب داوە و گرنگیی سێکس لە ژیانی سۆزداریی پاڵەوانەکانیدا بەرجەستە دەکات. ڕۆماننووسی ئیتالی ئەلبێرتۆ مۆرافیا (١٩٠٧-١٩٩٠) بە فۆرمێکی تر هەمان بابەت لە بەشێک لە ڕۆمانەکانیدا دادەڕێژێت.

ئەدەب و هونەری سێکسی لەو شوێنانەدا کە قەدەغە دەکرێن یان سانسۆر دەکرێن، ڕەواجێکی زیاتری دەبێت و بە نهێنی دەخوێنرێنەوە، ژمارەیەکی زۆری خوێنەرانیش -بە هەموو تەمەنەکانییەوە- چێژی لێوەردەگرن.

ئەم جۆرە ئەدەبە بەزۆری لە لایەن پیاوەوە دەنووسرێت، لە ئەفسانە کۆنەکانەوە تا ئەدەبی سێکسیی میللی و گێڕانەوەی باس و خواسە سێکسییەکان و ڕۆمانی پۆرنۆگرافی، پیاو نووسیونی، بەڵام لە سەدەی بیستەمەوە تا ئەمڕۆ، ئەدەب و هونەری پۆرنۆگرافی

PDF 4 KURD

بایەخێکی بەرچاوی پێ دەدرێت و بێ هیچ سانسۆرێکی خودی، دادەڕێژرێت، ئەمڕۆ لە ڕۆمانی عەرەبیشدا، تا ڕادەیەکی زۆر بایەخ بە سێکس دەدرێت. لەم ماوەیەدا چەند ڕۆماننووسێکی ژن لەبارەی ژیانی سێکسیی ئافرەتان ڕۆمانیان نووسیوە.
لە ئەدەبی عەرەبیدا هەندێ جار بەم چەشنە ئەدەبە دەڵێن (الأدب الماجن) و بە شێوەیەکی دیار لە سەردەمی عەباسیدا ڕەواجی هەبوو. نموونەی هەندێ لەو شاعیرانەی بە ئاشکرا لە شیعرەکانیاندا باسی ئەندامە سێکسییەکانی مرۆڤ دەکەن و بە ناوی خۆیەوە وشەکان بەکار دەهێنن: عومەر بن ئەبی ڕەبیعە و ئیمرولقەیس و نابیغە و ئەبونەواس و ئەبوعەلای مەعەڕی. جگە لە ڕەواجی چەندین کتێبی سێکسیی وەک: (طوق الحمامة)ی ابن حزم، (نزهه المتأمل و مرشد المتأهل) و (رفع الجناح عما هو من المرأة مباح)ی السیوطي، (المناكحة و المفاتحة في أصناف الجماع) کە نووسەرەکەی نەناسراوە، هەروەها، (أحكام النساء)ی ابن الجوزي، (الروض العاطر في نزهه الخاطر) و (تنوير الوقاع في أسرار الجماع)ی محمد النفراوي.

لە ئەدەبی کوردیدا چیرۆکنووس ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی لە کۆمەڵە چیرۆکی (دەستەویەخە)دا بایەخی بەم لایەنەی ئەدەب داوە و سەرجەمی چیرۆکەکانی تەرخان کردووە بۆ ئارەزووی سێکسی، کە لەوانەیە بڵێم تا ڕادەیەک لە پۆرنۆگرافی نزیک دەبێتەوە، هەروەها لە بەشێک لە ڕۆمانەکانی محەمەد موکریدا چەندین دیمەنی سێکسیی ئاشکرا خراونەتە ڕوو، بەڵام ئەمە ناچێتە ناو ئەدەبی پۆرنۆگرافییەوە، چونکە ئامانجی سەرەکی لەم چەشنە ڕۆمانانەدا سێکس نییە.

**بڕوانە:**

- الموسوعة النفسية الجنسية، د. عبدالمنعم الحفني.

PDF 4 KURD

## پۆزیتیڤیزم positivism

پۆزیتیڤیزم positivism، بە عەرەبی (الوضعیة)، ڕەوتێکی فەلسەفی و زانستی و فکرییە لە سەدەی نۆزدەهەم سەری هەڵداوە، فەیلەسووفی فەڕەنسی ئۆگیست کۆنت (١٧٩٨-١٨٥٧) دامەزرێنەری ئەم زاراوەیەیە کە پاشان بوو بە فیکری باوی سەدەی نۆزدەهەم و کاریگەریی لەسەر هەموو زانستەکانی تر جێهێشت، بە تایبەتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان. ئەم فەلسەفەیە پێی وایە هەموو شتێکی واقیعی و بینراو و هەستپێکراو ڕەوایی (بوون) پەیدا دەکات. هەر شتێکیش ئەقڵ پەی پێ نەبات و چاو نەیبینێت و تێبینی نەکرێت ئەوا بوونی نییە. ئەم وێناکردنە بۆ دنیا و گەردوون پێچەوانەی وێناکردنی میتافیزیکی و تیۆلۆجی و ئایینییە. ئەم فەلسەفەیە وای دەبینێت کە دەبێ ئەقڵ و زانست مرۆڤایەتی بەرەو پێشکەوتن ئاڕاستە بکەن. دەبێ زانست جێگەی ئایین بگرێتەوە. گرنگترین موفرەدەی ئەم ڕەوتە فەلسەفییە برتییە لە: بەڵگەهێنانەوە، ڕووداوی ڕاستەقینە نەک خورافی، حەقیقەت. سەرچاوەی ئەم وشەیە بریتییە لە پۆزیتیڤ positive کە لە یەکێک لە ماناکانیدا واتە "بوونێکی حەقیقی یان فیعلی" ئەم مانایە زۆر نزیکە لەو چەمکەی ئۆگیست کۆنت بۆ پۆزیتیڤیزمی داڕشتووە، ئەم وشەیە لە مانایەکی تردا واتە ئیجابی، یان شتی ئیجابی، لە ئاکارناسیشدا وشەی ئیجابی واتە ئەو شتەی کە ناوەڕۆکێکی ڕاستەقینەی هەیە. هەردوو ئەم مانایەش هەمیشە لەگەڵ وشەی ئیمبریقی empirical و تەجریبی emprisism باس دەکرێت. ئیمبیرقی/تەجریبی بەشێکە لە بزاوتێکی زانستی و فەلسەفی کە باوەڕی خۆی بە زانست و ئەزموون دەبەخشێت. ئۆگیست کۆنت هەوڵی دا میتۆدی ئیمبریقی/تەجریبی لە مەیدانی زانستی فیزیکەوە بگوازێتەوە بۆ کۆمەڵگە و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام دواتر زاراوەی پۆزیتیڤیزم لە لای ئۆگیست کۆنت بە تەنیا تیۆرێک نەبوو بۆ مەعریفە، یان تیۆرێک بۆ زانست،

PDF 4 KURD

بەڵکو بریتی بوو لە بزاوتێکی مێژووییش کە ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتیشی دەگرتەوە، هەر لێرەشەوە ئۆگیست کۆنت زاراوەیەکی تری داهێنا و کاری لەسەر کرد، ئەویش زاراوەی سۆسیۆلۆجیایە sociology کە پەیوەستی کرد بە پۆزیتیڤیزمەوە. کۆنت وای دەبینێت پێشکەوتنی مەعریفی (مەبەستی مەعریفەی پۆزیتیڤیزمە) دەبێتە مەرجێک بۆ سەرجەم پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان. ئیدی پۆزیتیڤیزم لە سەدەی نۆزدەهەمدا بوو بە بزووتنەوەیەکی فیکری ئازاد و ڕادیکاڵ. لەتەک ئەوەی بزووتنەوەیەکی زانستیش بوو، مانای سەرەکیی پۆزیتیڤیزم بوو بە "ئەنتی دۆگماتیزم" واتە خستنەڕووی ڕاستییەکان وەک خۆی لە ڕووی مێژوویی و زانستییەوە بەبێ ئەوەی تێکەڵ بە میتۆلۆجیا و خورافە بکرێت.

سان سیمۆنی مامۆستای ئۆگیست کۆنت پێشتر ئەم زاراوەیەی بەکار هێناوە وەک میتۆدێکی زانستی مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، واتە لە سەدەی هەژدەیەمی ڕۆشنگەری و فەلسەفەی ڕۆشنگەرییەوە ئەم زاراوەیە بەکار هاتووە، بایەخی ئەم وشەیە لەو کاتەدا دەرکەوت کە زانست شوێنگەیەکی گرنگی لە کۆمەڵگە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا گرت و پێیان وابوو کۆمەڵگەی پیشەسازی دەبێتە مایەی دروستبوونی گۆڕانکاریی گەورە لە ئاستی کۆمەڵگەکاندا.

ئۆگیست کۆنت پێی وابوو کۆمەڵگەکان لە پەرەسەندنی مێژووییاندا بە سێ قۆناغی سەرەکی و جیاوازدا تێدەپەڕن: قۆناغی یەکەم بریتییە لە قۆناغی تیۆلۆژی-ئایینی، قۆناغی دووەم بریتییە لە قۆناغی میتافیزیکی، ئەمانە بە تەبیعەتی حاڵ پەرەدەستێنن و دەچنە قۆناغی سێیەمەوە کە بریتییە لە قۆناغی زانستیی پۆزیتیڤیزم.

ئۆگیست کۆنت لە کتێبی (چەند لێکچەرێک دەربارەی فەلسەفەی پۆزیتیڤیزم) کە ساڵی ١٨٤٤ چاپی کردووە، وای دەبینێت زانست سەلماندوویەتی هەر شتێک بە ڕێگەی زانستی نەسەلمێنرێت ئەوا

دەچێتە خانەی وەهمەوە، وشەی پۆزەتیڤیست واتە بابەتی ڕاستەقینە کە پێچەوانە و دژی وشەی وەهمییە، لێرەدا ئەم فەلسەفەیە باوەڕێکی گەورەی بە زانست هەیە و وەک ئایینی ڕاستەقینە تەماشای دەکات و دەیگەیەنێتە ئاستی پیرۆز، لە ساتەوەختێکدا کە ئایین باوی نامێنێت و بەتەواوی پاشەکشە دەکات. هەموو شتێکی زانستی مومکینە بەدی بێت، بەڵام میتافیزیکا و تیۆلۆژیا بە حوکمی سروشتی ڕەهاگەرییان مومکین نییە بەدی بێن.

بابەتی ئیشکردنی پۆزەتیڤیزم بریتییە لە شیکردنەوەی شێوازە جیاوازەکانی فیکر و زانست. پۆزەتیڤیزم بە پلەی یەکەم فەلسەفەی زانستە، جەخت لەوە دەکات کە زانست دەتوانێت تەنها ئەو شتانە لێکبداتەوە کە شیاوی تێبینیکردنن و ڕاستەوخۆ هەستەکانی مرۆڤ دەرکیان پێ دەکات، شتێک کە شیاوی تێبینیکردن نەبێت زانست ناتوانێت لێی بکۆڵێتەوە. واتە پۆزەتیڤیزم کورتکردنەوە و سنووردارکردنی زانستە بۆ وەسفکردنێکی دەرەکی دیاردەکان کە لە مەودای تواناکانی هەستدایە بۆ بینین و تێبینیکردن.

پۆزەتیڤیستەکان باوەڕیان وایە کە زانستە مرۆڤایەتییەکان دەشێت وەک زانستە سروشتییەکانیان لێ بێت، وەک ئەوەی دەرەنجامی سەددەرسەد ڕاست بدەن بە دەستەوە. ئەوان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە بۆ تێگەیشتن لە دیاردەکان نابێت تەماشای ویست و ئارەزوو و بەربەست و ئیرادەی مرۆڤەکان بکەین، چونکە ئەمانە شتی ناوەکین و قابیلی بینین و پێوان نین، بەڵکو دەبێت تەماشای ئەو شتانە بکەین کە قابیلی پێوانن. کەواتە پۆزەتیڤیزم تەنها دیوی دەرەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی دەبینێت و شۆڕنابێتەوە بۆ ئاستی لێکدانەوەی ناوەکی و دۆزینەوەی ئەو میکانیزم و هێزانەی لە ناوەوەدا دیاردەکان بەرهەم دەهێنن و ئاراستەیان دەکەن و بڵاویان دەکەنەوە.

له مارکسەوە بۆ قوتابخانەی فرانکفۆرت و تا هابرماس ڕەخنەیەکی توندیان لە پۆزەتیڤیزم گرتووە و بە ئایدیۆلۆجیایەکی توندڕەو ناویان بردووە بەو پێیەی بە شێوەیەکی توندڕەوانە لایەنگری زانست دەکات، چونکە مومکین نییە هەموو لایەنێکی زانست ڕاست بێت و هەموو شتێکی زانست باش بێت، بەڵکو چەندین لایەنی زانست زیانیان بە مرۆڤایەتی گەیاندووە. زانست چەکێکی دوو سەرەیە، دەشێت هەم بۆ لایەنی چاکە بەکار بهێنرێت هەم بۆ لایەنی خراپە. بە تایبەتی لە سەدەی بیستەمدا لە چەندین لایەنەوە ڕەخنەی زانستی ئاراستەی ئەم ڕەوتە کرا، چونکە پۆزیتیڤیزم ڕەگەزی خەیاڵ بەتەواوی لە فیکری مرۆڤدا دەسڕێتەوە، بەڵام دواتر جارێکی تر خەیاڵ وەک ڕەگەزێکی گرنگی بیرکردنەوەی بەشەری گەڕێنرایەوە نێو فیکر و فەلسەفە. دیسان ڕەوتێکی تر سەری هەڵدا بە ناوی پۆزیتیڤیزمی لۆجیکی logical positivismکە لە لایەن بازنەی ڤییەننا ئەو ناوەی لێنرا و ئەمانە پتر کاریگەریی تیۆری ڕێژەگەرایی (ئاینیشتاین)یان بەسەرەوە بوو.

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**

١- معجم الماركسية النقدي، جيرار بن سوسان و جورج لابيكا، ترجمة: جماعية، دار الفارابي، بيروت، ٢٠٠٣
٢- موسوعة لالاند الفلسفية، أندريه لالاند، ترجمة: خليل أحمد خليل، عويدات للنشر والطباعة، بيروت، ٢٠٠٨,
٣- الكلمات المفاتيح، ريموند وليمز، ترجمة: نعيمان عثمان، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء-المغرب، ٢٠٠٧.
٤- أوغست كونت الفلسفة الوضعية ومفهوم التقدم، هاشم صالح، موقع الاوان.
٥- دەربارەی فەلسەفە و ئیسلام و ڕۆشنگەری، مەریوان وریا قانع، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٢.

PDF 4 KURD

٦- موسوعة علم الاجتماع، ج٣، تأليف: جون سكوت و جوردن مارشال، ترجمة: محمد الجوهري واخرون، المركز القومي للترجمة، القاهره، ط٢، ٢٠١١.

٧- الموسوعة الفلسفية المختصرة، ترجمة: فؤاد كامل واخرون، دار القلم- بيروت ومكتبة النهضة- بغداد، ١٩٨٣.

PDF 4 KURD

# ت

## تاکگەرایی Individualism

تاکگەرایی یان ئیندیڤیدوالیزم Individualism، بە عەرەبی (الفردانية)، بریتییە لە گرنگیدان بە خواست و ویست و ئازادییەکانی تاکەکەس وەک مرۆڤێکی سەربەخۆ. تاکەکەس وەک بوونەوەرێکی بایۆلۆجی هەمیشە بوونی هەبووە، بەڵام تاکگەرایی لە مێژوودا دەرکەوتەیەکی نوێیە و لەتەک چەرخی ڕێنیسانس لە سەدەکانی چواردە و پانزەدا و پاشان لە چەرخی ڕۆشنگەری لە سەدەی هەژدەیەمدا لە ئەورووپادا سەری هەڵداوە؛ لەوێوە بۆ یەکەم جار تاکەکەس قەدەری خۆی ناداتە دەست وەسیەیەک، یان پیاوێکی ئایینی، یان دەوڵەت، یان خێزان. بۆ یەکەم جار دەوێرێت بڵێ "من"، ئیدی تاکەکەس و تاکگەرایی دەبێت بە ئامانجی هەموو فیکرێکی فەلسەفی و ئەنترۆپۆلۆجی و سۆسیۆلۆجیی نوێ.

زانای ئەنترۆپۆلۆجیی فەرەنسی لویس دیمۆنت یەکەم کەس بوو گرنگیی بە ئایدیۆلۆژیای تاکگەرایی نوێ داوە و کتێبێکی لەسەر نووسیوە. لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان و لە سیستمە تۆتالیتارییەکاندا هیچ بایەخێک بە تاکەکەس نادرێت، بەڵکو لەناو گرووپ و هۆزدا دەتوێتەوە و ژیان و قەدەری پەیوەستە بە هۆز، یان عەشیرەت، یان خێزان، یان نەتەوە، یان دەوڵەت، یان چینێکی داخراوەوە، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بایەخێکی گەورە بە تاکگەرایی و تاکەکەس دەدرێت، بیرمەندانی وەکو لویس دایمۆنت و شارل تایلۆر و میشیل فۆکۆ و مارسیل گوشێ و ڕینێ کاستل دەرگایەکی بەرینیان بۆ ئازادییەکانی تاکەکەس لە سەرانسەری جیهاندا کردەوە.

PDF 4 KURD

بڕوانە:

١- معجم العلوم الانسانية، جان فرانسوا دورتيه، ترجمة: د. جورج كتوره/
٢- الكلمات المفاتيح، ريموند وليامز، ترجمة: نعيمان عثمان
٣- موسوعة لالاند الفلسفية، ج٢، أندريه لالاند، تعريب: د. خليل أحمد خليل/
٤- مفاتيح أصطلاحية جديدة، ترجمة: سعيد الغانمي
٥- د. منصور عيد، معجم الفكر الحضاري، دار الجيل للنشر والطباعة والتوزيع، بيروت، ٢٠١٠.

PDF 4 KURD

## تریلۆگی Trilogy

تریلۆگی Trilogy واتە سێینە (الثلاثیة) ، زاراوەیەکی ئەدەبییە و بەزۆری لەو چەشنە ڕۆمانانەدا بەکار دەهێنرێت کە لە سێ بەش پێکهاتوون و لە هەزار لاپەڕە زیاترن، بۆ نموونە سێینەکەی ڕۆماننووسی میسری نەجیب مەحفوز (ثلاثیة: بین القصرین، قصر الشوق، السکریة)، هەروەها بە ڕۆمانی سێینە دەوترێت "ڕۆمان-ڕووبار" بەو پێیەی ڕۆمانێکی دوورودرێژە و ماوەیەکی زەمەنیی درێژ لەخۆ دەگرێت.

سێینە فۆرمێکە لە نووسینی ڕۆمان کە ڕووداوەکانی لە سێ قۆناغی مێژوویی جیاواز و بەیەکداهاتوودا ڕوو دەدەن، کەسایەتییەکانی ئەو سێینەیەش سەر بە سێ نەوەی جیاوازی یەک خێزان، یان یەک بنەماڵەن. ئەگەرچی خوێنەری سێینە دەتوانێت بە جیا هەر یەکێک لەو سێ ڕۆمانە بخوێنێتەوە و هەروەها دەشتوانێت بەدوای یەکدا بیانخوێنێتەوە، چونکە هەر یەکێک لەم سێ ڕۆمانە سەربەخۆن، بەڵام هەرسێکیان بەسەریەکەوە جیهانی سێینەکە تەواو دەکەن کە بریتین لە کۆمەڵێ ئەڵقەی پێکەوەبەستراو.

سێینەی ڕۆمان ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و ئابوورییانە وێنە دەگرێت کە لە سێ قۆناغی مێژوویی ناوچەیەکدا ڕوو دەدەن. لە میانی کارەکتەرەکانی سێ نەوەی جیاوازدا گۆڕانکارییەکانی بیرکردنەوە و نەریت و ئایدیۆلۆژیای باوی کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو کە لە دەرەنجامی ململانێی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەو سێ نەوەیەدا گۆڕانکاریی مێژوویی دێتە دی.

دیارترین سێینەی ڕۆمان لە ئەدەبی عەرەبیدا، وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، سێینە ناودارەکەی نەجیب مەحفوزە، هەروەها سێینەکەی حەننا مینا (بقایا صور، المستنقع، القطاف) و سێینەکەی ئەحلام موستەغانمی (ذاکرة الجسد، فوضی الحواس، عابر سریر) و

سێینەکەی زوهدی داوودی (اطول عام، زمن الهروب، التحولات)، سێینەکەی عبدالخالق الرکابی (الراووق، قبل ان یحلق الباشق، سابع ایام الخلق)، بەڵام لە لای ڕۆماننووس عەبدولرەحمان مونیف سێینە دەبێت بە پێنج بەش کە بە پێنجینەی (شارەکانی خوێ) ناو دەبرێت، (خماسیة مدن الملح: التیه، الاخدود، تقاسیم اللیل والنهار، المنبت، بادیة الظلمات). هەروەها (سێینەی مۆز)ی ڕۆماننووسی گواتیمالایی ئەنگیل ئەستۆریاس (زریان، پاپای سەوز، ناشتنی چاوەکان)، لە ئەدەبی ئەورووپیشدا سێینەی (وەهمی ونبوو)ی بەلزاک (دوو شاعیرەکە، پیاوێکی گەورە لە پاریس، ئازارەکانی داهێنەرێک)، سێینەی (نیویۆرک)ی ڕۆماننوسی ئەمریکی پۆل ئۆستر، سێینەی (ریگاکانی ئازادی)ی جان پۆل سارتەر، هەروەها ئیمیل زولا و فلوبێر خاوەنی سێینەن کە لە ڕاستیدا ڕۆمانی سێینە لە ئەدەبی ئەورووپییەوە سەری هەڵداوە.

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**

١- محمد القاضی واخرون، معجم السردیات، الرابطة الدولیة للناشرین المستقلین، تونس ولبنان والجزائر ومصر والمغرب، ٢٠١٠.
٢- فخری صالح، قبل نجیب محفوظ وبعده، الدار العربیة للعلوم ناشرون، بیروت و الجزائر، ٢٠١٠



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

## تۆتالیتاریزم Totalitarism

تۆتالیتاریزمTotalitarism، واتە ڕژێمی گشتگیر و سەرتاپاگیر، بە عەرەبی (الشمولیة) و (النظام الشمولي)، جۆرە سیستمێکی سیاسی و چەشنە حوکمێکی سیاسییە کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم سەری هەڵدا، لەم جۆرە حوکمەدا تاکە حیزبێک و تاکە ڕژێمێک دەست بەسەر دەوڵەت و بگرە سەرانسەری کۆمەڵگەشدا دەگرێت و کۆنترۆڵی تەواوی دەسەڵات دەکات، هەر هەموو دوای تاقە سەرکردەیەک دەکەون و هەندێجار دەگاتە ئاستی پەرستنی ئەو سەرکردەیە.

لە سەرەتادا حوکمی فاشیزم بە سەرۆکایەتی مۆسۆلینی لە ئیتالیا و نازیزم بە سەرۆکایەتی هیتلەر لە ئەڵمانیا و کۆمۆنیزم بە سەرۆکایەتی ستالین لە یەکێتیی سۆڤییەتی جاران، بە تۆتالیتاریزم ناسران. خاڵی هاوبەشی ئەم سیستمانە بریتیە لە گرتنەدەستی دەسەڵاتێکی گشتگیر و سەرجەمگیر لە لایەن یەک حیزب و سەپاندنی ئایدیۆلۆژیای ئەو حیزبە بەسەر هەموو حیزب و ئایدیۆلۆژیاکانی تردا و بگرە قەدەغەکردنیان، واتە کۆنترۆڵکردنی سەرانسەری کۆمەڵگە و لەناوبردنی فرەیی حیزبی و فرەیی ئایدیۆلۆژی و فرەیی لە دەسەڵاتدا. زۆربەی بیرمەندانی وەک کارل پۆپەر لە کتێبی (کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنەکانی- ١٩٤٥)، هەروەها هانا ئارێنت لە کتێبی (بنەماکانی تۆتالیتاریزم- ١٩٥١) بایەخی زۆریان بە شیکردنەوەی ئەم زاراوەیە داوە.

لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا حوکمی حزبی بەعس لە عێراقدا نموونەی دەسەڵاتی تۆتالیتاری بوو کە دەستی گرتبوو بەسەر سەرجەم لایەنی ئابووری و سەربازی و سوپا و بگرە هەموو کۆمەڵگە و تاکەکانی کۆمەڵگەدا. ئەمڕۆ بەشی هەرە زۆری حیزب و ڕێکخراوە ئاینییەکانی ئیسلام لە وڵاتانی عەرەبیدا بە شێوەیەکی

ترسناک سیمای تۆتالیتاریزم دەنوێنن و هەوڵی گرتنەدەستی حوکمی تۆتالیتاری دەدەن، کە نەک تەنها فرەیی حیزبی لەناو دەبەن، بەڵکو فرەیی کولتووری و فرەیی ئیتنی و فرەیی ئایینیش ناهێڵن.
زەحمەتە بتوانین پێناسێکی سادە و چوارچێوەدار بۆ ئەم چەمکە دابرێژین، چونکە ئەمە چەمکێکی فرەلایەن و فرەئاست و ئاڵۆزە، بەڵام ئەگەر بشێت هەندێک لایەنی لە چەند ڕستەیەکی چڕوپڕدا ڕوون بکەینەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین تۆتالیتاریزم وەک چەمک بریتییە لە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری کە دەوڵەت تیایدا دەست دەخاتە ناو گشت ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵگەوە. بە دەستخستنەناو تەفاسیلە ورد و تایبەتییەکانی ژیانی ڕۆژانەی هاوولاتیانیشەوە.
سەرچاوەی زاراوەی تۆتالیتێر Totaliter دەگەڕێتەوە بۆ زمانی ئیتالی و کولتووری سیاسی لە ئیتالیا. ئەم زاراوەیە لە سەرەتادا لە ڕووی سیاسییەوە لە لایەن مۆسۆلینی و پاشان لە لایەن ئەنتی فاشیستەکانەوە (دژە فاشیستەکان) لە دژی مۆسۆلینی و بزووتنەوەکەی بەکار هێنرا. "جیۆڤانی ئامێندۆلا" کەسێکی لیبرال و ئەنتی فاشیست بوو، لە میانی خەباتی سیاسییدا لە پەرلەمانی ئیتالیا و لە دەرەوەی پەرلەمانیشدا دژی دەسەڵاتی سەرجەمگیر و گشتگیر و سەرتاپاگیر (واتە تۆتالیتاری) دەوەستا، دواتر بوو بە پێشڕەوی ئەو بەرە پەرلەمانتارییەی کە دژایەتیی فاشیستەکانی دەکرد.
پاش ساڵێک لە گرتنەدەستی دەسەڵات لە لایەن فاشیستەکانەوە بە سەرۆکایەتیی مۆسۆلینی، جیۆڤانی جێنتێل ئامێندۆلا سیستمی سیاسیی فاشیستەکانی بە "تۆتالیتێر" ناوبرد و وتی ئەمانە خوازیاری دامەزراندنی سیستمێکی تۆتالیتارین کە دەیانەوێت هاوولاتی بەتەواوی گوێڕایەڵی دەسەڵاتەکانی ئەوان بێت و ڕێگە نەدات ئینسانەکان ڕای خۆیان هەبێت و داوای مافەکانی خۆیان بکەن.

PDF 4 KURD

رایمۆند ئارۆن کە یەکێکە لە پایەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی فەرەنسا، لە کتێبی (دیموکراسی و تۆتالیتاریزم- ١٩٦٥)دا، پێنج ڕەگەزی سەرەکیی تۆتالیتاریزم دیاری دەکات کە ئەمانەی خوارەوەن:

١- تاکە حزبێک مۆنۆپۆلی چالاکیی سیاسی دەکات.

٢- ئەو حزبە لە سەر ئایدیۆلۆژیایەک دروست دەبێت، ئەو ئایدلۆژیایە دەبێت بە حەقیقەتی ڕەسمیی دەوڵەت.

٣- ئەو حزب و ئایدیۆلۆژیایە بە تەنیا مۆنۆپۆلی زەبروزەنگ و قەناعەتپێکردن دەکات.

٤- دەوڵەت دەست دەگرێت بەسەر بەشێکی زۆری چالاکییە ئابووری و سەربازی و پیشەییەکان، ئەو چالاکییانەش ملکەچی حەقیقەتی ڕەسمیی دەوڵەت دەبن.

٥- هەر هەڵەیەکی ئابووری یان پیشەیی، دەبێت بە هەڵەیەکی ئایدیۆلۆژی کە خاوەنەکەی لەسەر سزا دەدرێت.

دواتر هەندێ سیاسەتمەداری ئەمریکی وەک کارل.ج.فریدریک و زبیگنۆ بریجنسکی هەندێ ڕەگەزی تریان بۆ زیاد کرد، وەک: بوونی حیزبێکی جەماوەری کە سەرکردەیەکی کاریزمی ڕابەرایەتی بکات، سانسۆرێکی بەردەوامی حیزبی و ئایدیۆلۆژی و سەربازی بەسەر هەموو کۆمەڵگەدا بوونی هەبێت، دەست بەسەرداگرتنی هۆیەکانی ڕاگەیاندن، سوپای تاکە حیزب، کۆنترۆڵی ئابووری.

ڕژێمی تۆتالیتاری تەنها بەوە ناوەستێ کە ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت بە دەسەڵاتی سیاسی بپارێزێت، بەڵکو ئایدیۆلۆژیای خۆی بە سەر هەموو کەسێکدا دەسەپێنێت و بوارێک ناهێڵێتەوە بۆ کشانەوە. واتە ڕژێمی تۆتالیتاری لە بابەتی ڕژێمە دیکتاتۆرە تەقلیدییەکان نییە کە ئاسایشی هاوڵاتییان دەستەبەر بکات بەرامبەر بێدەنگبوونیان و کشانەوەیان لە کاری سیاسی. لە سایەی ئەو ڕژێمەدا دەبێت هەموان سیاسەت بکەن و هەموان بانگەشە بۆ ئایدیۆلۆژیای دەسەڵات بکەن

PDF 4 KURD

بەو جۆرەی کە بۆیان دیاری دەکرێت نەک بەو جۆرەی کە خۆیان هەڵی دەبژێرن.

کاتێک ڕژێمی تۆتالیتاری دێتە سەر حوکم، هەمیشە پەیمانی سەقامگیرکردنی دۆخی وڵات دەدات بە جەماوەرەکەی، بەڵام هەرگیز ئەو پەیمانەی خۆی جێبەجێ ناکات و وڵات لە دۆخێکی ناجێگیر و نائاسایی بەردەوامدا دەهێڵێتەوە؛ واتە هەرگیز ڕێگە نادات هەستکردن بە ئارامی و کۆتاییهاتنی باری نائاسایی لە ناخی خەڵکیدا بچەسپێت. لەو پێناوەدا ڕژێم پێویستیی بە شەڕی بەردەوام و سازدانی سیناریۆی بەردەوام هەیە سەبارەت بەوەی کە دەسەڵات و شۆڕش لە بەردەم مەترسیدان.

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**

١- معجم العلوم الانسانية، جان فرانسوا دورتيه، ترجمة: د. جورج كتورە،

٢- موسوعة علم الاجتماع، جون سكوت و جوردن مارشال، ترجمة: محمد الجوهري واخرون،

٣- معجم المصطلحات الأدبية، ترجمة: الدكتور محمد حمود،

٤- معجم المصطلحات السياسية والفلسفية والدولية، د. ناظم عبدالواحد الجاسور،

٥- دیکتاتۆریەت و تۆتالیتاریزم، مەریوان وریا قانع،

٦- بنەماکانی تۆتالیتاریزم، هانا ئارێنت وەرگێڕانی: حمە ڕەشید،

٧- لە فەیسەڵەوە تا تاڵەبانی، عیراقی پۆست سەدام لە تاقیکردنەوەی دیموکراسیدا، عادل باخەوان.

٨- تیۆرییەکانی تۆتالیتاریزم، ئاراس فەتاح .

PDF 4 KURD

## تۆتەمیزم Totemism

تۆتەمیزم Totemism، بە عەرەبی (الطوطمية) Totem لە لای خێڵە سەرەتاییەکانی ئەمریکا و ئەفریقیا و ئوسترالیای کۆن ناوی باڵندە، یان ئاژەڵێکە، یان ناوی ڕووەکێکە باوەڕیان وایە بنەچەیان لەو ئاژەڵ، یان ڕووەکەوە هاتووە، چونکە باوەڕیان وایە لە سەردەمێکی دێریندا ئینسان بریتی بووە لە نیوەمرۆڤ و نیوەئاژەڵ کە لەسەر زەویدا ژیاوە، ئەگەر هەر هۆزێک چەند لقێکی هەبێت، ئەوا هەر یەکێک لەو لقانە تەوتەمێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە لەبری خواوەندێکە و دەیانپارێزێت، لێرەدا تەوتەم پیرۆزە، بە ڕێز و پیرۆزییەکی تایبەتی تەماشا دەکرێت، واتە لێرەدا تەوتەم بریتییە لە حەرام یان تابوTaboo، فرۆید کتێبێکی هەیە بە ناونیشانی (تەوتەم و حەرام). ئەگەر ئەو تەوتەمە ئاژەڵ، یان باڵندە بێت ئەوە نابێت بکوژرێت یان گۆشتەکەی بخورێت، ئەگەر ڕووەک بێت ئەوە نابێت بخورێت، بەڵکو موبارەک دەکرێت و لە ماڵەوە دەپارێزرێت. لە کاتی ئاهەنگ و کەرنەڤاڵەکانیاندا کارلێک لەگەڵ ڕۆحی ئەو ئاژەڵەدا دەکەن. ئاژەڵەکانیش بەزۆری بریتین لە: ورچ، گا، کیسەڵ، چەقەڵ، سمۆرە، و زۆری تریش، یان خۆر و درەخت، کە لەسەر دیواری ماڵ و لەسەر چەکەکانیان و لەسەر قاپوقاچاخ و جەستەیاندا وێنەیان دەکێشا.

زانای کۆمۆڵناسی ئیمیل دۆرکهایم و زانای دەروونناسی سیگمۆند فرۆید پێیان وایە تۆتەمیزم یەکەمین وێنە و یەکەمین دەرکەوتەی ژیانی ئایینی و ژیانی ئەخلاقی و ژیانی کۆمەڵایەتییە. بەو پێیەی لەو چەشنە ژیان و سیستەمەدا هەندێ شت حەرام و قەدەغە کراوە و هەندێ شتی دیش ڕێگەی پێدراوە. تۆتەمیزم قۆناغێکە هەموو کۆمەڵگە بەشەرییەکان پیایدا ڕۆیشتوون.

PDF 4 KURD

**پەراوێز:**

١- المعجم الفلسفي، د. جميل صليبا، ج
٢- معجم العلوم الانسانية، جان فرانسوا دورتيه، ترجمة: د. جورج كتوره
٣- موسوعة علم الاجتماع، ج١، جون سكوت و جوردون مارشال، ترجمة: محمد الجوهري واخرون
٤- الموسوعة الفلسفية، م. روزنتال و ب. يودين، ترجمة: سمير كرم
٥- موسوعة لالاند الفلسفية، ج٣، أندريه لالاند، ترجمة: د. خليل أحمد خليل.
٦- د. منصور عيد، معجم الفكر الحضاري، دار الجيل للنشر والطباعة والتوزيع، بيروت، ٢٠١٠.

## تیشکۆسازی Focalisation

تیشکۆسازی، یان تیشکۆبوون. بە عەرەبی (التبئیر) کە لە وشەی (بؤرة)ەوە وەرگیراوە. هەندێ جار لە لایەن ڕەخنەگرە عەرەبەکانەوە بە (الرؤیة السردیة) و (بؤرة السرد) وەرگێڕدراوە. زاراوەیەکی نوێیە و لە ڕەخنەی ئەدەبیی نوێدا داهێنراوە. بە مانای گۆشە، یان گۆشەنیگای چیرۆکبێژ (الراوي) دێت، تیشکۆسازی چەمکێکی ڕەخنەیی نوێیە و لە گێڕانەوەناسی (ناراتۆلۆجی)، یان زانستی گێڕانەوە، وەرگیراوە، ڕەخنەگری بونیادگەری فەڕەنسی جیرار جینێت لە کتێبی "گوتاری ناراتۆلۆجی"دا پەرەی پێداوە.

چەمکی تیشکۆ لە بواری گێڕانەوەدا، لە بنەڕەتدا دەچێتەوە سەر ئیشکردن لەسەر زاراوەیەکی باوی ڕەخنەی ئەدەبی کە بریتییە لە (گۆشەی بینین) یان (گۆشەنیگا) واتە (زاویة الرؤیة)، یان (وجهة النظر point of view)هەروەها تا ڕادەیەکیش پەیوەندیی بە زاراوەی تێڕوانین perspective هەیە کە بایەخ بە دیاریکردنی دەنگی گێڕانەوەیی دەدات، واتە ئەو دەنگەی لەو گۆشەنیگایەوە تێکستی ڕۆمانێک دەگێڕێتەوە. ئەگەر بشێت مانای ئەم زاراوەیە ڕوونتر و نزیکتر بکەینەوە، ئەوا دەڵێین: تیشکۆسازی بریتییە لە شوێنگەی چیرۆکبێژ لە پرۆسەی گێڕانەوەدا و پەیوەندیی ئەو چیرۆکبێژە بە کەسایەتیی سەرەکی و کەسایەتییەکانی دی.

پێشتریش ڕۆماننووسی ئەمریکی هێنری جێمس زاراوەی "گۆشەنیگا"ی گەڵاڵە کردبوو، بەڵام جێگیرکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ پێرسی لۆبۆک-ی ڕەخنەگر. بەر لەمانیش هەردوو ڕەخنەگر کلینیت برۆکس و ڕۆبێرت وارین لە ساڵی ١٩٤٣دا، لەبری گۆشەنیگا زاراوەیەکی تریان بۆ چەشنەکانی گێڕەرەوە (یان چیرۆکبێژ) پێشنیار کرد، ئەویش زاراوەی "تیشکۆی گێڕانەوەیی"یە، واتە (البؤرە السردیة focus of narration)، پاشان جیرار جینێت

PDF 4 KURD

هەوڵی دا زاراوەی (تیشکۆسازی-التبئیر) بە جۆرێکی تر بچەسپێنێت، بە شێوەیەکی تایبەتیش لە میانی جیاکردنەوەیدا لە نێوان دارشتە، یان کەشی گشتی (mode واتا ئەو تیشکۆیەی بابەتەکەی لێوە دەبینرێت و دەنگ (voice واتا گێڕانەوە) لە کاری گێڕانەوەییدا، چونکە رەخنەگرانی پێشوو لە میانی بەکارهێنانی "گۆشەنیگا"دا، ئەم دوو رەگەزەیان تێکەڵ دەکرد، ئیدی نەدەزانرا کێ ڕووداوەکان دەبینێت و کێ قسە دەکات. هەروەها جیرار جینێت جەخت لە بوونی مەسافەیەک دەکات لە نێوان ئەو کەسەی ڕووداوەکان دەبینێت و ئەوەی دەیگێڕێتەوە، یان ئەوەی لەنێو ڕووداوەکاندا ژیاوە و بەسەرهاتەکانی بینیوە، لەگەڵ ئەو کەسەی دەیگێڕێتەوە. ئەو مەسافەیەش فەزایەکی تیشکۆسازی دەخولقێنێت تا چۆنێتی تەماشاکردنی ڕووداوەکان دیاری بکات.

لە کاری گێڕانەوەییدا (واتە لە تێکستی ڕۆماندا)، چەند چەشنێک لە تیشکۆسازی هەیە، لەوانە:
١ - تیشکۆسازیی نزم، یان تیشکۆسازی لە پلەی سفردا، لێرەدا کەسایەتییەک نییە لە گۆشەیەک، یان لە تیشکۆیەکەوە ئەو شتانەمان بۆ بگێڕێتەوە کە بینیویانی، بەڵکو چیرۆکبێژێک هەیە هەموو شتێک دەزانێت و لە هەموو گۆشەیەکەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، وەک ڕۆمانە تەقلیدی و کلاسیکییەکان.
٢- تیشکۆسازیی ناوەکی، ئەمیش دوو جۆرە: جێگیر و گۆڕاو، لە یەکەمیاندا (واتە تیشکۆسازیی ناوەکیی جێگیر) ڕووداوەکان بەپێی بینینی یەکێک لە کەسایەتییەکان دەگێڕدرێتەوە، بۆ نموونە کاتێک "میرسۆ" لە ڕۆمانی "نامۆ"ی ئەلبێر کامۆدا ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، تا کۆتایی ڕۆمانەکە هەر ئەو قسە دەکات. بەڵام لە دووەمیاندا (واتە تیشکۆسازیی ناوەکیی گۆڕاو) ژمارەی ئەو کەسایەتییانەی

PDF 4 KURD

بەسەرهاتەکان دەگێڕنەوە زۆرن، واتە ئەوانە لە گۆشە و لە تیشکۆی جیاجیاوە ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕنەوە، بۆ نموونە ڕۆمانی "برایانی کارامازۆڤ"ی دۆستویێڤسکی.

٣- تیشکۆسازیی دەرەکی، لێرەدا ئێمە بەتەواوی لە هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکان و لە مەبەست و ئامانجەکانیان شتێکی ئەوتۆ نازانین. دەشێت ئێمە خۆمان لە ئاستی ڕووداوەکاندا تیشکۆسازی ئەنجام بدەین.

**پەراوێز:**


١- جيرار جينيت، خطاب الحكاية بحث في المنهج، ترجمة: محمد معتصم واخرون.

٢- سعيد يقطين، تحليل الخطاب الروائي- الزمن السرد التبئير.

٣ - محمد عزام، شعرية الخطاب السردي.

٤ - د. حميد لحمداني، بنية النص السردي من منظور النقد الأدبي.

٥ - بوريس اوسبنسكي، شعرية التأليف، ترجمة: سعيد الغانمي وناصر حلاوي.

٦- سيزا قاسم، بناء الرواية.

٧- جيرالد برينس، المصطلح السردي، ترجمة: عابد خزندار.

٨- د. شاهو سعيد، التبئير الفلسفي في الرواية.

PDF 4 KURD

## تێرمینۆلۆژی- (زانستی زاراوە) Terminology

زانستی زاراوە، یان زاراوەسازی Terminology، بە عەرەبی: (علم المصطلح)، یان (المصطلحية)، بە شێوەیەکی زانستی لە بنەمای زاراوەکان و لە سەرهەڵدان و کێشە و گرفتەکانی زاراوەکان و چۆنێتی یەکخستنیان دەکۆڵێتەوە. ئەمڕۆ سەرجەمی ئەو زاراوانەی لە زانستە جیاجیاکان و لە کایە مەعریفییە جۆراوجۆرەکاندا بەکار دەهێنرێن، بوون بە بابەتێک بۆ زانستێکی نوێ کە پێی دەوترێت تێرمینۆلۆژی. ئەم زانستە پەیوەندیی بە چەند کایەیەکی نزیک لە زاراوەسازییەوە هەیە، وەک: زانستی ئاماژەکان (سیمیۆلۆژیا) و فەرهەنگناسی (لێکسیکۆلۆژی) و زانستی پۆلێنکاری (کلاسۆلۆژی) و زانستی ڕەسەنخوازیی وشەکان (ئیتمۆلۆژی).

زاراوەی تێرمینۆلۆژی لە دوو وشە پێکهاتووە: termino کە لە وشەی لاتینی terminus وەرگیراوە و بە واتای "دەربڕین" دێت، هەروەها وشەی logos کە بە واتای گوتار یان زانست دێت، هەردوو وشەکە بەسەریەکەوە لە یۆنانیی کۆندا واتە: زانستی دەربڕین، بەڵام دواتر لە ڕووی مانا و چەمکەوە گۆڕانکاریی زۆری بەسەر هاتووە.

ئەم زانستە مێژوویەکی نوێی هەیە، یەکەم جار لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم لە ئەڵمانیادا کریستیان گۆتفرید (١٧٤٧-١٨٣٢) وشەی terminologishی بەکار هێناوە، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمیشدا لە هەردوو زمانی فەرەنسی و ئینگلیزیدا تێرمینۆلۆژی بەکارهێنرا. لە سییەکانی سەدەی بیستەمیشدا بایەخدان بە زاراوەسازی و چەمکی تێرمینۆلۆژی پێشکەوتنێکی گەورەی بە خۆوە بینی، نووسەری نەمساوی ئۆگین ویستێر (١٨٩٨-١٩٧٧) داوای کرد هەوڵ بدرێت کێشەی ئاڵۆزی زاراوەکان چارەسەر بکرێت و لە بێسەروبەریی ماناکان ڕزگار بکرێت و هەوڵ بدرێت زاراوەکان یەک بخرێن.

PDF 4 KURD

هەندێ لە توێژەرانی ئەم بوارە چەند وەزیفەیەکیان بۆ زانستی زاراوە دیاری کردووە، لەوانە:

١- وەزیفەی زمانەوانی، بەو مانایەی دینامیکیەتی زاراوە دەتوانێت ئاستی دەوڵەمەندی و بلیمەتیی زمان و فەرهەنگی زمان دەربخات.

٢- وەزیفەی مەعریفی، چونکە زاراوە بریتییە لە زمانی زانست و مەعریفە، هیچ زانستێک بەبێ زاراوە بوونی نییە، بۆیە زاناکان وتوویانە: زاراوە کلیلی زانستەکانە.

٣- وەزیفەی پەیوەستکاری (کۆمیونیکەیشن)، چونکە زاراوە تیشک دەخاتە سەر مانا و ناوەڕۆکی زانستەکان بۆ ئەوەی لە لای وەرگر ڕۆشن بێت.

٤- وەزیفەی ئابووری، واتە زاراوە وامان لێ دەکات بتوانین مەعریفەیەکی زۆر، لە وشەیەک، یان چەند وشەیەکدا، کۆبکەینەوە.

٥- وەزیفەی ژیاری، ئەمە لەبەر ئەوەی زمانی زاراوە زمانێکی جیهانییە، زاراوە شوێنی بەیەکگەیشتنی کولتوورە مرۆییەکانە، دەرکەوتنی زاراوە لە هەر شارستانییەکدا واتە قۆناغێکی پێشکەوتوو لە پێگەیشتن و فیکر و هۆشیاری.

زۆربەی توێژەران و ڕەخنەگران پێیان وایە یەکێک لە گرفتەکانی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان (لەوانە ڕەخنەی ئەدەبی) بریتییە لە کێشەی ناساندن و شیکردنەوە و وەرگێڕانی زاراوەکان، کە بێگومان بەشی هەرە زۆری ئەو زاراوانە لە ئەورووپا و خۆرئاوا سەریان هەڵداوە و بە زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئەڵمانی و زمانە ئەوروپییەکانی تر داهێنراون (بە پشتبەستن بە ڕیشە یۆنانییەکەی)، ئەو زاراوانە مەرجەعێکی مێژوویی و فیکری و ڕۆشنبیرییان هەیە و لە خۆڕا و بە ڕێکەوت دروست نەبوون، هەر زاراوەیەک سیستمێکی مەعریفی و بیریارێکی لەپشتە. زاراوە (یان تێرم Term) بەرهەمی فیکرە، وەک چۆن کلیلی هەموو زانستێک زاراوەکانیەتی، بە هەمان

شێوە بەروبوومی زانستیش بریتییە لە زاراوە، زاراوەکان پوختەی زانستەکانن، بۆیە پێویستە بایەخێکی گەورە و جیددی بە مەسەلەی زاراوەکان بدرێت. زاراوە شوێنێکی گرنگ لە گۆڕەپانی فیکر و ئەدەب و زانستدا دەگرێت. بەبێ تێگەیشتن لە مانای زاراوەکان، مومکین نییە لە مەعریفە جیاجیاکانی وەک ئەدەب و فەلسەفە و سەرجەمی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان تێبگەین.

ئەم کێشەیە، کە لە هەمان کاتدا گرفتیشە، بە پلەی یەکەم توێژەران و ڕەخنەگران و وەرگێڕەکان هەستی پێدەکەن و بە دەستیەوە دەناڵێنن. ئەوەی ئەم کێشەیە بەرینتر دەکات، پەیوەندیکردنی زمان و ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبییە بە سۆسیۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا و فەلسەفە و ئەنترۆپۆلۆژیا و ئابووری و مێژووەوە، چونکە لێرەدا زاراوەکانی هەریەکە لەو بوارانە تێکەڵ بە یەکدی دەبن و ماناکان لە یەکدی دەخوازن تا لەگەڵ مانا و مەبەستی سەرەکیی هەر زانستێک لەو زانستانە، بگونجێت، لێرەدا دەرخستنی دەلالەتی زاراوەکان و شیکردنەوەیان بە شێوەیەکی دروست، دەوەستێتە سەر لێهاتوویی و شارەزایی توێژەر، یان ڕەخنەگر، باکگراوندێکی دەوڵەمەندی ڕۆشنبیری و زانینی زیاد لە زمانێکی ئەورووپی دەبن بە یارمەتیدەرێکی گەورەی ئەو توێژەرە، چونکە لێرەدا توێژەر و ڕەخنەگر لە بەردەم جیاکردنەوەی زاراوەکاندان لە ئاستی چەمک و تیۆر و میتۆددا، واتە دەبێ لێکۆڵیار و ڕەخنەگر لەوەدا وریا بن ئاخۆ ئەو زاراوەیە وەک چەمک، یان وەک تیۆر، یاخود وەک میتۆد بەکار دەهێنن کە دەشێت زاراوە لە یەک کاتدا هەرسێکیان بێت، زاراوە و میتۆد دوو ڕووی یەک دراون.

زاراوە بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە، زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی و کایەکانی دی جێگیر نین، بەڵکو لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤ لە چەرخێکەوە بۆ چەرخێکی دی، ئەویش دەگۆڕدرێت و پێشدەکەوێت،



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

زاراوە پەیوەستە بە داهێنانەوە، مادامەکی داهێنان هەیە، کەواتە زاراوەی نوێش دێتە ئاراوە. هەموو فیکرێکی نوێ لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێ زاراوەی نوێ دادەهێنێت، بەڵام هەمیشە کێشەی زاراوە، وەک کێشەیەکی زمانەوانی و مەعریفی، دەمێنێت، بە تایبەتی لە وەرگێڕانی زاراوەدا، ئەمە لە فیکری خۆرئاواییدا بە ڕوونی دەرکی پێدەکرێت و کاتێکیش دەگاتە نێوەندی ڕۆشنبیریی عەرەبی، کێشەکان ئاڵۆزتر دەبن، ئەم ئاڵۆزییە لە ئاستی وەرگێڕانی زاراوەکان لە وشەیەک، یان چەند وشەیەکدا ناوەستێت، بەڵکو کێشە بۆ تێگەیشتن لە مانا و ناوەڕۆکی زاراوەکان دروست دەکات، بەڵام گرفتی یەکخستنی زاراوەکان، هەمیشە گرفتێکی ئامادەیە. نووسەری فەڕەنسی جول ماروزو دەڵێ: یەکخستنی زاراوەکان خورافەیەکی مەحاڵە.

لە هەموو حاڵەتێکدا بایەخدان بە وەرگێڕان و ناساندنی زاراوەکان لە ڕووی زمانەوانی و مەعریفی و ژیارییەوە، بایەخدانێکی پێویست و بنچینەییە، چونکە زمانی زاراوە لە هەمان کاتدا زمانێکی جیهانییە، زاراوە شوێنی بەیەکگەیشتنی کولتووره جیاجیاکانی مرۆڤایەتییە، پردێکی شارستانییە کە زمان و مەعریفەکانی جیهان پێکەوە دەبەستێتەوە. دواجار، زاراوە زمانی ئەمڕۆیە، واتە زمانی سەردەمی جیهانگیری و گلۆبالیزەیشن.

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**


١ - د. یوسف وغلیسي، إشکالیة المصطلح.

٢- حبیبة طاهر مسعودي، قراءة جدیدة للمصطلح في التراث النقدي العربي.

٣ - د. أحمد مطلوب، في المصطلح النقدي.

٤ - د. سمیر حجازي، معجم المصطلحات اللغویة والأدبیة الحدیثة.

PDF 4 KURD

### تێم، تێما Theme

تێم Theme، یان تێما، ثیمة، لە عەرەبیدا واتە (الموضوعة)، یان (الموضوعاتي)، لە کوردیدا بە مانای (جەوهەری بابەت)، یان (مانایەکی دیاریکراوی زاڵ لە نێو بابەتەکە)، یان (فیکرەی جەوهەری دێ، ئەمە جیاوازە لە (بابەت)، چونکە دەتوانرێت لە ناوەڕۆکی چیرۆکێک، یان ڕۆمانێکدا بابەتێک، یان زیاد لە بابەتێک بگێڕدرێتەوە و لەناو ئەو بابەتانەشدا بابەتێکی دیاریکراو هەیە پێی دەوترێت (تێم Theme) کە بریتییە لە ئەسڵی مەبەست و بنەمای مەبەست و بنەڕەتی بابەتەکە. زۆر جار ڕەخنەگری ئەدەبی لە تێکستێکدا بەدوای ئەو تێمایەدا دەگەڕێت و لەوێوە تێکستەکە شی دەکاتەوە، ئەم چەشنە ڕەخنەیە پێی دەوترێ ڕەخنەی تیماتیک.

وەرگێڕی کتێبی (مدخل لجامع النص)ی جیرار جینێت لە بەرامبەر وشەی Thematiqueی فەڕەنسیدا وشەی (المواضيعية)ی داناوە، بەڵام وەرگێڕی کتێبی (عصر البنيوية) وشەیThemeی ئینگلیزیی کردووە بە (عنصر موضوعي) و بەم جۆرە پێناسی تێم دەکات: "یەکەیەکی دەلالیە و لەناو بواری ئەدەبدا دەکەوێتە نێو دەقێک یان کۆمەڵە دەقێکەوە، بۆ نموونە: تێمای مردن، تێمای خۆشەویستی... هتد."

تێما ئەو بابەتە جەوهەرییەیە کە بەرهەمێکی ئەدەبی داکۆکیی لێ دەکات، هەندێجار تێما ڕاستەوخۆ دەردەکەوێت و هەندێجاری تریش بە شێوەیەکی ناوەکی و ناڕاستەوخۆ دەرکی پێدەکرێت. دەتوانین لە ڕۆمانی "ماڵێکی خەمۆک"ی چارلس دیکنزدا چەند تێمایەک بدۆزینەوە؛ لەوانە: دڕندەیی یاسا، لێپرسراوێتیی باوکایەتی، نەبوونی خۆشەویستی. هەروەها لە ڕۆمانی "تاوان و سزا"ی دۆستۆیێفسکیدا دەتوانین تێمای "پاساوەکانی ڕەوایی" لە سەرانسەری ڕۆمانەکەدا دەستنیشان بکەین، هەروەک دەکرێ لە ڕۆمانی "قەڵا"ی کافکاشدا

تێمای "نامۆبوون" دیاری بکەین. (تێما) لە (مانا)وە لەدایک دەبێت، مانای ڕوون تێمای ڕوونمان دەداتێ، بەڵام مانای نارۆشن و ئاڵۆز تێمای لێڵ و نائاشکرامان دەداتێ، لەم حاڵەتەشدا خوێنەر خۆی تێما دیاری دەکات.

١- معجم مصطلحات الأدب، مجدي وهبة، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٤.
٢- معجم المصطلحات الأدبية، ترجمة: د. محمد حمود، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠١٢.
٣- مدخل لجامع النص، جيرار جينيت، ترجمة: عبدالرحمن ايوب، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩.
٤- الصوت الاخر- الجوهر الحواري في الخطاب الأدبي، فاضل ثامر، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٢.
٥- عصر البنيوية من ليفي شتراوس الى فوكو، ترجمة: جابر عصفور، دار آفاق عربية، بغداد، ١٩٨٥.



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

## تیۆری ئەدەبی Theory of literature

تیۆری ئەدەب Theory of literature، بە عەرەبی (نظرية الأدب)، یەکێکە لە هونەرە ئەدەبییە نوێیەکان و هەروەها لقێکە لە زانستی ئەدەب (یان: ئەدەبناسی)، کە لە بنەماکانی ئەدەب و لە هونەر و ڕێبازەکانی ئەدەب دەکۆڵێتەوە، هەروەها ڕێسایەکی گونجاو بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدەبیات دادەنێت و چەمکە ئیستاتیکییەکان شی دەکاتەوە.

تیۆری ئەدەبی جیاوازە لە ڕەخنەی ئەدەبی، بەو پێیەی ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕووی هونەرییەوە لە تێکستی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە و هەڵی دەسەنگێنێت، بەڵام تیۆری ئەدەبی بنەما تیۆرییەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دادەڕێژێت. لە چەرخی یۆنانی کۆندا کتێبی "هونەری شیعر"ی ئەرستۆ بە نۆبەرەی لێکۆڵینەوەی تیۆری لەبارەی ئەدەب دادەنرێت.

ڕینێ ویلیک-ی ڕەخنەگر لە کتێبی (چەند چەمکێکی ڕەخنەیی)دا دەڵێ: تیۆری ئەدەبی لە پرەنسیپەکانی ئەدەب و لە جۆر و پێوەرەکانی ئەدەب دەکۆڵێتەوە، بەڵام ئەو لێکۆڵینەوانەی بایەخی سەرەکی بە کارە ئەدەبییەکان دەدەن، دەچنە سەر ڕەخنەی ئەدەبی، یاخود سەر بە مێژووی ئەدەبن، بەڵام زۆر جاریش ڕەخنەی ئەدەبی بە جۆرێک بەکار دەهێنرێت کە تیۆری ئەدەبیش بگرێتەوە.

هەر سێ چەشنەکەی لێکۆڵینەوە لە ئەدەب، واتە: تیۆری ئەدەبی و مێژووی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی، پەیوەندی و هاوکارییەکی پتەویان لەگەڵ یەکتردا هەیە. لێرەوە ئێمە ناتوانین بەبێ ڕەخنەی ئەدەبی و مێژووی ئەدەبی، وێنای تیۆری ئەدەب بکەین، هەروەک چۆن ناتوانین بەبێ تیۆری ئەدەبی و مێژووی ئەدەبی وێنای ڕەخنەی ئەدەبی بکەین و بە هەمان شێوە ناتوانین بەبێ ئەو دوانە وێنای مێژووی ئەدەب بکەین، بەڵام سنوور و جیاوازیشیان لە نێواندا هەیە و هەریەکەیان لە کارکردندا سەربەخۆن.

ڕینێ ویلیک پێی وایە ئەم زاراوەیە، واتە تیۆری ئەدەب، ڕاستتر و گونجاوترە وەک لە بەکارهێنانی هەندێ زاراوەی تر کە جاروبار هەندێ ڕەخنەگر و تیۆریستی ئەدەبی بەکاری دەهێنن، بۆ نموونە زاراوەی وەک: زانستی ئەدەب، توێژینەوەی ئەدەبی، پۆیتیکا، واتە هونەری شیعر، یاخود هونەری ئەدەب.

لە کتێبی (فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییە هاوچەرخەکان)ی د. سەعید عەلوشدا تیۆری ئەدەبی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی بنەماکانی ئەدەب، کە لە چەرخە جیاوازەکاندا لە هونەر و ڕێباز و تیۆرە ئەدەبییەکان دەکۆڵێتەوە، دیسان تیۆری ئەدەب لێکۆڵینەوەیەکی ئەبستراکتییە هەوڵدەدات کۆمەڵێ ڕێسای گشتی و فەلسەفەی چەمکەکان و بنەماکانی ئیستاتیکا دەربهێنێت.

لە بۆچونێکی دیکەی لێکۆلیارانی ئەدەبیدا، تیۆری ئەدەب بریتییە لە کۆمەڵێ ڕا و بۆچوون و بیری بەهێز و گونجاو و پێکەوەبەستراو کە پشت بە تیۆرێکی مەعریفی، یان فەلسەفەیەکی دیاریکراو دەبەستێت، بایەخ دەدات بە لێکۆڵینەوە لە دەرکەوتن و سروشت و وەزیفەی ئەدەب.

بەڵام ئەم پشت بەستنە بە فەلسەفەیەک، یاخود بە تیۆرێکی مەعریفی، مانای ئەوە نییە کە تیۆری ئەدەبی خاڵی بێت لە کەموکورتی و خاڵی لاواز، لە ڕاستیدا هەموو چالاکییەکی کولتووری بەندە بە قۆناغە کۆمەڵایەتی و ژیارییەکەی خۆیەوە. هەموو چالاکییەکیش لە تیۆری ئەدەبدا پەیوەستە بەو دۆخە مێژوویی و ئەدەبییەی لە بیرەکانیدا پشتی پێدەبەستێت.

ئەرکی تیۆری ئەدەب لە گەڕان بەدوای دەرکەوتن و سروشت و وەزیفەی ئەدەبدا خۆی دەنوێنێت، واتە بایەخدان بە ئەدەب وەک ڕاستییەکی گشتی. ئیدی لە هەر کاتوساتێکدا بێت و بە هەر زمانێک نوسرابێت.

لێکۆڵینەوە لە "دەرکەوتنی ئەدەب" واتە دەرخستنی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان ئەدیب و کاری ئەدەبیدا هەیە، بەڵام لێکۆڵینەوە لە "سروشتی ئەدەب" واتە دەرخستنی جەوهەری کارە ئەدەبییەکان و دەرخستنی تایبەتمەندی و سیما گشتییەکانی کارە ئەدەبییەکان، بەڵام لێکۆڵینەوە لە "وەزیفەی ئەدەب" واتە دەرخستنی پەیوەندیی نێوان ئەدەب و جەماوەری خوێنەران؛ واتە دەرخستنی کاریگەریی ئەدەب بەسەر وەرگردا، گومانیشی تیا نییە کە ئەدیب و کاری ئەدەبی و خوێنەر، سێ کۆڵەکەی سەرەکین بۆ بوونی ئەدەب، ئەگەر هەریەکێ لەو سێ کۆڵەکە سەرەکییە بوونی نەبێت، واتە ئەدەبیش بوونی نابێت.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بایەخدان بەم سێ کۆڵەکە سەرەکییە مانای ئەوەیە ئەرکەکانی تیۆری ئەدەب و ئەرکەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و مێژووی ئەدەب بەنێویەکدا دەچن. بۆ نموونە دەشێت ڕەخنەگری ئەدەبی بایەخ بەو سێ کۆڵەکەیە بدات، یان وەزیفەی کۆمەڵایەتیانەی تێکستی ئەدەبی بەرجەستە بکات، واتە هەر دەبێ ڕەخنەگر، بەرلەوەی ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ تێکستێکی ئەدەبیدا بکات، بە چەمکێکی گشتیی ئەدەبی و بە تیۆرییەکی ئەدەبی چەکدار بێت.

وتمان ئەو پەیوەندییە پتەو و بەهێزەی نێوان ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی و مێژووی ئەدەبی، سەربەخۆیی هەریەکێک لەم بوارانە ڕەت ناکاتەوە، چونکە هەریەکێکیان بە ڕێگەی تایبەتیی خۆی مامەڵە لەگەڵ کاری ئەدەبی و تێکستی ئەدەبیدا دەکات. بۆیە دەبینین: مێژوونووسی ئەدەبی بە جۆرێک ڕەفتار لەگەڵ دەقدا دەکات تا بارودۆخی ئەو ساتەوەختەی نووسەر و دەقەکەی دەربخات. ڕەخنەگریش بە جۆرێک ڕەفتار لەگەڵ تێکستدا دەکات تا لایەنی جوانی و ناشیرینی و هۆکارەکانیان دەربخات، یان حوکمێک لەسەر دەقەکە بدات و هەڵی سەنگێنێت. کەچی تیۆریستێکی ئەدەبی گرنگی بە



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

ژمارەیەک تێکست دەدات نەک بۆ ئەوەی حوکمێک بەسەر ئەو تێکستانەدا بدات و هەڵیان سەنگێنێت، بەڵکو بۆ ئەوەی کۆمەڵێک پرەنسیپی گشتی دەربهێنێت و حەقیقەتی ئەدەب و کاریگەریی ئەدەب، وەک دیاردەیەکی گشتی، دەربخات.

**بۆ شارەزایی زیاتر بڕوانە:**

١ - نظرية الأدب، رينيه ويليك واوستن وارين.
٢- مفاهيم نقديه، رينيه ويليك.
٣ - دليل الناقد الأدبي، د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي.
٤ - المعجم المفصل في الأدب، د. محمد آلتونجي.
٥ - معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة، د. سعيد علوش.
٦ - مناهج النقد المعاصر، د. صلاح فضل.
٧- النقد الأدبي الحديث، د.محمد غنيمي هلال.

PDF 4 KURD

## تیۆری ڕەنگدانەوە Theory of Reflection

تیۆری ڕەنگدانەوە، یاخود: تیۆری پێچەوانەکردنەوە Theory of Reflection، بە عەرەبی (نظرية الإنعكاس)، ئەو تیۆرەیە کە لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە لە ئەدەب و تێکستی ئەدەبی و هونەری دەڕوانێت. ئەم تێڕوانینە بە درێژایی سەردەمی یەکێتی سۆڤییێت و شەڕی سارد ڕەواجێکی زۆری هەبوو. لە سەرەتادا ڕابەری شۆڕشی بۆلشەفیک ڤلادیمێر ئیلیچ لینین (١٨٧٠-١٩٢٤) لە ڕووسیادا و پاشان ڕەخنەگری مەجەری جۆرج لۆکاچ (١٨٨٥-١٩٧١) بایەخێکی زۆریان بەم تیۆرە داوە. لۆکاچ لە چەندین کتێبیدا تیۆریزەی بۆ کردووە.

ئەم تیۆرە وای دەبینێت هەموو شتێک لە واقیعدا ڕەنگدانەوەی هەیە، وەک چۆن هەموو شتێک لە ئاوێنەدا دەردەکەوێت، لێرەدا ئەدەب بە ئاوێنەی واقیع دەچوێنرێت، چونکە ئەدەب ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتیی ژیانی ئینسانە، ئەمەش لەسەر پایەی دوو تیۆری گرنگی مارکسیزم ڕادەوەستێت کە بە ماتریالیزمی دیالێکتیک و ماتریالیزمی مێژوویی ناسراون. لەم دیدەدا —وەک مارکس دەڵێ- هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بوونی کۆمەڵایەتی دیاری ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە بوونی کۆمەڵایەتی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات. لە بەرامبەریشدا ژێرخانی مادی (واتە ئابووری، یان هۆیەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان) دەبێتە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ گۆڕینی سەرخانی کۆمەڵایەتی (واتە هزر و ئەدەب و هونەر و فەلسەفە و سیاسەت و ئایین و کولتوور)، لێرەوە چەمکی "ڕەنگدانەوە- الانعکاس" سەری هەڵدا: هۆشیاری، یان ئەقڵ، ڕەنگدانەوەی ماتریاڵ، یان واقیعە. دواتر جۆرج لۆکاچ چەمکی "یەکەی سەرجەمگیر"ی بەرهەم هێنا، واتە ئەوەی هونەر بەرهەمی دەهێنێت بریتییە لە گشتێکی سەرجەمگیر کە لە قووڵایی واقیعدا بوونی هەیە، چونکە دونیا بریتی نییە لە چەند دیاردە و دەرکەوتەیەکی پەرتوبڵاو،

PDF 4 KURD

بەڵکو بریتییە لە گشتێکی یەکگرتوو کە بوونێکی هەمیشەجوڵا و و دینامیکی هەیە نەک بوونێکی وەستا و و ستاتیک.

پەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە کە سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتون و ئەرستۆ، بەڵام لە سەدەی نۆزدەهەمەوە چەشنە ئەدەبێک سەرهەڵدەدات پێی دەوترێت ئەدەبی ڕیالیزم. دواتر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە پەرەدەستێنێت بۆ ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیزم.

هیبۆلیت تێن یەکێکە لەو نووسەرانەی لە ساڵی ١٨٦٨دا هەوڵی داوە ئەدەب ببەستێتەوە بە واقیعی کۆمەڵگەوە، ئەو پێی وایە سێ فاکتەری سەرەکی کاریگەرییان لەسەر ئەدەب هەیە، یەکەمیان بریتییە لە (ڕەگەز)، واتە تایبەتمەندیی نەتەوەیی کە ئەدەبی نەتەوەیەک لە ئەدەبی نەتەوەیەکی دی جیادەکاتەوە. دووەمیان (ژینگە) بەو پێیەی جۆری ژینگە کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە و ئەدەبەکەیدا هەیە. سێیەمیان (مێژوو یان زەمەن) بەو پێیەی هەر ئەدەبێک سەردەم و مێژووی خۆی هەیە. دواتر سانت بێف و فردیناند برۆنتێر پەرەیان بەم تێڕوانینە دا و ئەدەب و هونەریان بە مێژوو و کۆمەڵگەوە گرێ دا، دواتر تیۆری ڕەنگدانەوە سوودی لەم جیهانبینییە وەرگرت. لەم دیدەدا گەشەکردنی ئەدەب ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و جۆری سیستمی کۆمەڵایەتییە. لەبەر ئەوەشە ئەدەبی کلاسیکی لە قۆناغی دەرەبەگایەتی (فیوداڵیزم)دا پەیدا دەبێت و ئەدەبی ڕۆمانسیزم لە قۆناغی سەرمایەداری (کاپیتالیزم) و شۆڕشی بورژوازیدا پەیدا دەبێت، تا دەگاتە ئەدەبی ڕیالیزم و ڕیالیزمی سۆشیالیزم کە لە قۆناغی سیستمی سۆشیالیستی و شۆڕشی پرۆلیتاریادا سەرهەڵدەدات. لێرەوە تیۆری ڕەنگدانەوە دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئەدەب و داهێنان بریتین لە کارکردێکی کۆمەڵایەتی. نووسەر لەو ساتەوەختەی تاکەکەسێکە و دەست بە نووسین دەکات، خۆبەخۆ

دەبەستریتەوە و بە ئەوانیدی، واتە کارەکەی لە کاریکی خودی و تاکەکەسییەوە دەبیت بە کاریکی هەمەگیر و بەکۆمەڵ، بۆیە مومکین نییە ئەدەب لە کۆمەڵگە جیا بکریتەوە.

لەژێر کاریگەریی تیۆری مارکسیزم و گەشەکردنی کۆمەڵناسیدا، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا زاراوەی (سۆسیۆلۆژیای ئەدەب) سەری هەڵدا کە جاک لینهارت و ڕۆبێرت ئیسکارپیت بە دوو توێژەری ئەو بوارە دادەنرێن.

جگە لە جۆرج لۆکاچ، چەندین نووسەری دیکە دەربارەی تیۆری ڕەنگدانەوە بابەتیان نووسیوە، لەوانە گیۆرگی پلیخانۆڤ و ئەرنست فیشەر و ئینجا ئەنتۆنیۆ گرامشی و لوسیان گۆڵدمان و تزڤیتیان تۆدۆرۆڤ.

**بڕوانە:**

١- في نظرية الأدب، د. شكري عزيز ماضي
٢- الموسوعة الفلسفية، م، روزنتال و ب. يودين، ترجمة: سمير كرم
٣- معجم المصطلحات الأدبية، بول أرون و أخرون، ترجمة: د.محمد حمود



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

## تیۆری وەرگرتن Reception theory

تیۆری وەرگرتن، Reception Theory. بە عەرەبی (نظرية التلقي)، لە ڕەخنەی ئەدەبیی نوێدا، یەکێکە لە تیۆرە نوێیەکانی پاش بونیادگەری. ئەم تیۆرە بایەخی سەرەکی بە خوێندنەوە و خوێنەر، یان وەرگر دەدات. لەم چەمکەدا خوێنەر تەوەری سەرەکی پێکدەهێنێت. گرنگترین ڕەگەز لە پرۆسەی ئەدەبیدا و لە کارلێکی نێوان (نووسەر- تێکست-خوێنەر)دا، بریتییە لە بەشداریی کاریگەری خوێنەری وەرگر لە داڕشتن و بەرهەمهێنانەوەی مانادا.

میتۆدە ڕەخنەییەکانی تێکست و خوێندنەوە، بەگشتی، بە سێ قۆناغی مێژووییدا تێپەڕیون:

١- ڕۆڵی نووسەر: لێرەدا لە هاوکێشەی (نووسەر-دەق-خوێنەر)دا بایەخی سەرەکی بە ڕەگەزی یەکەم، واتە نووسەر، دەدرێت. ئەم ڕەوتە لە میتۆدە ڕەخنەییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا باو بوو، بە تایبەتی لە لای سانت بۆڤ (١٨٠٤-١٨٦٩) و تێن (١٨٢٨-١٨٩٣) و برۆنتێر (١٨٤٩-١٩٠٦) و ئێرنست رینان (١٨٢٣- ١٨٩٢).

٢- ڕۆڵی تێکست: لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیستەمدا و لە قۆناغی یەکەمی بونیادگەریدا بایەخی سەرەکی بە ڕەگەزی دەق دەدرا، بە تایبەتی لای ڕۆلان بارت کە چەمکی (مەرگی نووسەر)ی داهێنا، هەروەها جۆلیا کریستیڤا و تۆدۆرۆڤ.

٣- ڕۆڵی خوێنەر: کە لە میتۆدەکانی قۆناغی دووەمی بونیادگەریدا، واتە پاش بونیادگەری، بایەخی پێدراوە و لێرەدا باسی دەکەین.

لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، دوو تیۆریستی ڕەخنەی ئەدەبی ئەڵمانی: هانز ڕۆبێرت یاوس(١٩٢١- ١٩٩٧) و ولفگانگ ئایزەر(-) لە زانکۆی کۆنستانسی ئەڵمانیدا، ڕۆڵی ئاکتیڤانەی خوێنەریان هێنایە نێو ڕەخنەی ئەدەبییەوە. لە بەرجەستەکردنی مانادا خوێنەریان کرد بە سێنتەری هەر تێکستێکی ئەدەبی. ئەمانە بەردی

بناغەی تیۆرییەکی نوێیان لە تێگەیشتن و ڕاڤەی ئەدەبیدا دامەزراند. دوابەدوای ئەمانیش، ئۆمبێرتۆ ئیکۆ و ستانلی فیش و میکائیل ڕیڤاتێر و جۆناسان کیلەر، هەریەکەیان بەو ئاراستەیە، یان بە جۆرێکی تر، بۆچوونی خۆیان لەبارەی خوێنەر و مانای کراوە، خستە ڕوو.

یاوس لە ساڵی ١٩٦٧دا وتارێکی پێشکەش کرد بە ناونیشانی (مێژووی ئەدەبی چییە و بۆچی لە مێژووی ئەدەب دەکۆڵینەوە؟) و لەوێدا چوارچێوە گشتییەکانی تیۆرییەکەی خستە ڕوو، یاوس لەو باوەڕەدایە میتۆدە کۆنەکانی لێکۆڵینەوە ناتوانێت پارسەنگی پێشکەوتنە نوێیەکانی ئەدەب بێت، چونکە ئەمانە ڕەگەزی وەرگریان لە هاوکێشەی نووسەر-دەق-خوێنەردا فەرامۆش کردووە، واتە تیۆری وەرگرتن سێنتەری بایەخدانەکە لە نووسەر و تێکستەوە دەگوازێتەوە بۆ خوێنەر. ئەوەی لەم تیۆرییەدا گرنگە، ئەوە نییە تێکست چی دەڵێت و چ مانایەک ڕادەگەیەنێت و دەقنووس مەبەستی چییە، کە ئەمانە ڕێژەیین، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەو کاریگەرییە هەستی و ئیستاتیکییەیە کە دەق لە لای خوێنەر جێی دەهێڵێت. لەوێشەوە کاردانەوەی وەرگر لە سەرلەنوێ دارشتنەوەی ماناکاندا دەردەکەوێت. ئەم میتۆدە، لە میانی بایەخدان بە خوێنەر و خوێندنەوە، هەوڵدەدات سنوورێک بۆ پیرۆزیی تێکست و داخرانی دەق دابنێت؛ ئەمەش بەزۆری لە میتۆدە ڕەخنەییەکانی پاش بونیادگەریدا دەردەکەوێت، بە تایبەتی لە: تیۆری خوێندنەوە و وەرگرتن، تەفکیکیەت، هێرمینیۆتیکا، سیمیۆلۆژیا. ئەم ئاراستە ڕەخنەییانە، تێکستیان لە بازنە و سنوورەکانی هێنایە دەرێ و خستیانە بەردەمی شیکردنەوە و تەئویلی خوێنەر. ئەم بایەخدانە بە خوێنەر لەنێو چەندین تیۆر و لێکۆڵینەوەی جیاوازدا گەشەی کردووە. هەر لە نووسینە سەرەتاییەکانی ڤێرجینیا وۆلفەوە لەبارەی خوێنەری ئاسایی و خوێنەری ڕەخنەگر، تا نووسینەکانی هیرش و ئینگاردن و یاوس و ئایزەر. هەروەها ئەو

PDF 4 KURD

لێکۆڵینەوانەی بە ئاراستەی بایەخدان بە وەرگر، پرۆسەی خوێندنەوەیان هێناوەتە پێشێ. وەک هەندێ لە نووسینەکانی ڕۆلان بارت و جۆلیا کریستیڤا و تزڤیتیان تۆدۆرۆڤ، و دواتریش هەندێ لە سیمیۆلۆژیستەکانی وەک ئۆمبێرتۆ ئیکۆ کە ئەمانە لە ڕووی تیۆرییەوە چەمکی وەرگر و وەرگرتنیان لە ڕەخنەی نوێدا چەسپاند.
تیۆری وەرگرتن، بنەماکانی خۆی لە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژیای هۆسرێل و هایدیگەر و گادامێر وەردەگرێت. ئەم فەلسەفەیە (خود) دەکات بە سەرچاوەی (تێگەیشتن). لێرەشەوە خودی وەرگر توانای بەرهەمهێنانەوەی تێکستی هەیە لە میانی پرۆسەی تێگەیشتن و دەرککردن کە دەتوانێت فرەمانایی لەنێو بونیادی دەقدا ببینێت. فینۆمینۆلۆژیا ئەو ڕەوتە فەلسەفییەیە کە لە دیاریکردنی مانادا ڕۆڵێکی گەورە بە وەرگر دەبەخشێت. لەمەشەوە دیالۆگ لە نێوان بونیادی دەق و بونیادی وەرگرتندا دروست دەبێت.
ئایزەر، جگە لە فینۆمینۆلۆژیا، پشتی بە چەند سەرچاوەیەکی دیکە بەستووە، وەک زانستی زمان و سایکۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا. تا بە شێوەیەکی وردتر و قووڵتر (خود)ی (وەرگر) بەشداری لە بیناکردنی مانادا بکات. ئایزەر گریمانی ئەوە دەکات کە لە هەر تێکستێکدا چەندین بۆشایی و کەلەبەر هەن، ئەمانە وا لە خوێنەر دەکەن، لە ڕێگەی کارلێکیدا لەگەڵ دەقەکە، هەوڵبدات ئەو کەلەبەر و بۆشاییانە، لە ڕووی بەرهەمهێنانی مانای تردا، پڕبکاتەوە.
یاوس، بەسوودوەرگرتن لە هێرمینیۆتیکای گادامێر، زاراوەیەکی تری لە پرۆسەی خوێندنەوەدا داناوە بە ناوی (ئاسۆی چاوەڕوانی) کە بریتییە لە کۆی ئەو نەریت و پێوەرانەی لە لای خوێنەردا هەن. ئەم زاراوەیە لە ئیستاتیکای وەرگرتندا پێی وایە جگە لە خوێنەر، کاری ئەدەبیش ئاسۆی چاوەڕوانیی خۆی هەیە، ئەم خوێنەرە بە کۆمەڵێ تێڕوانینی تایبەتی و مەرجەعی دەرەکی و مەعریفیی خۆیەوە دەچێتە

ناو ئاسۆکانی دەقەوە. لێرەدا ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەر لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانیی دەقدا کارلێک دەکەن. کاتێک خوێنەر کارێکی ئەدەبی دەخوێنێتەوە و بەتەواوی لێی تێدەگات و لەگەڵیدا دەگونجێت، ئەمە واتە ئەو کارە ئەدەبییە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەردا ڕێکدێتەوە، بەڵام کاتێک دەقێکی نوێی دیکە دەخوێنێتەوە، دەقەکە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانیی ئەو خوێنەرەدا ناگونجێت. دەشێت لێرەدا ناکۆکی، یاخود ململانێ، یان دیالۆگ لە نێوان ئاسۆی دەق و ئاسۆی خوێنەردا دروست ببێت. بۆ نموونە ئەگەر خوێنەرێک لەگەڵ خوێندنەوەی دەقی کلاسیکیدا ڕاهاتبێت، ئاسۆی چاوەڕوانیی ئەو خوێنەرە لەگەڵ ئەو چەشنە دەقەدا دەگونجێت و هەست بە ڕەزامەندی و خۆشی دەکات، بەڵام لەگەڵ خوێندنەوەی دەقی نوێدا هەست بە نامۆیی دەکات و ئاسۆی چاوەڕوانییەکەی تێکدەچێت.

لێرەدا دەشێت ئاسۆی چاوەڕوانیی دەق بە سێ شێوە کار لە ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەر بکات: یەکەم، لەوانەیە دەق لەگەڵ خوێنەردا بگونجێت. دووەم، لەوانەیە دووچاری نامۆیی و نائومێدیی بکات. سێیەم، لەوانەیە ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەر بگۆڕێت.

دواجار یاوس و ئایزەر دەگەنە سەرەنجامێک کە پەرەپێدانی ئاسۆی چاوەڕوانی، پێویستیی بە تەئویلێک هەیە لە چەشنی تەئویلی گادامێری کە لەسەر (تێگەیشتن) و (ڕاڤەکردن) و (دیالۆگ) دامەزرابێت. بۆ ئەوەی ئاسۆکانی چاوەڕوانی لە لای خوێنەر و کارە ئەدەبییەکەدا ئاوێزانی یەکدی بن، تا خوێنەریش لە ڕێگەی تەئویل و لێکدانەوەی زەینییەوە بۆشاییەکانی دەق پڕبکاتەوە و ماناکانی خۆی پێ ببەخشێت.

کەواتە خوێندنەوە و تەئویلی خوێنەر تەوەرێکی سەرەکییە لە تیۆری وەرگرتندا، ئەم تیۆرییە پێی وایە خوێنەر خوڵقێنەری ڕاستەقینەی مانایە.

**پەراوێز:**


١- نظريات القراءة والتأويل الأدبي وقضاياها، د. حسن مصطفى سحلول.

٢- النظرية الأدبية المعاصرة، رامان سيلدن.

٣- جمالية التلقي من بنية النص الى بنية الفهم، د. بشرى موسى صالح.

٤- الفينومينولوجيا عند هوسرل، سماح رافع محمد.

٥- تجلي الجميل ومقالات أخرى، هانز جورج غادامير، ترجمة: د. سعد توفيق.

٦- المفكرة النقدية، بشرى موسى صالح.

٧- فرهنگ اصطلاحات ادبی، تاليف: سيما داد، انتشارات مرواريد، تهران، چاپ سوم، ١٣٨٥




PDF 4 KURD

## جێندەر Gender

جێندەرGender (الجنوسة) چەمکێکە سەرجەمی ئەو توێژینەوانە لەخۆ دەگرێت کە لەبارەی کاروبار و کێشەی ژنان دەکۆڵێتەوە لە هەموو بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و بایۆلۆژی و نوژداری و سایکۆلۆژی و یاسایی و ئایینی و فێرکردن و پەروەردە و ئەدەب و هونەر و پەیوەستکاری و کارکردن و ڕاگەیاندن. جێندەر لە زانکۆکانی خۆرئاوادا بایەخێکی زۆری پێ دەدرێت و لە لیکچەری گشتیدا دەخوێنرێت. داینەمۆی سەرەکیی ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە بریتییە لەو بانگەشەی ئازادییەی کە بزووتنەوەکانی ژنان لە ئاستە جیاجیاکاندا ئەنجامی دەدەن و پتر جەخت لە چەمکی جێندەر دەکەن و یەکسانیی ژن و پیا و لە هەموو ئاستەکاندا بەبێ جیاوازی دەسەلمێنن. هەروەها جێندەر لە مەسەلەی ڕەگەزی نێر و مێ و نێرەموک و هۆمۆسێکسواڵ و ئەو بابەتانەش دەکۆڵێتەوە. بۆ نموونە هەندێجار ژنان جلوبەرگی پیاوان لە بەر دەکەن، یان پیاوان جلی ژنان و ملوانکە و گوارە و ماکیاژ بەکار دەهێنن بۆ سڕینەوەی جیاوازیی جێندەری. ئەمە لە ڕاستیدا دەرهاویشتەی پۆست مۆدێرنە و پۆست فیمینیزمە.

ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی زمانەوانییە و لە ئەسڵە لاتینییەکەیەوە وەرگیراوە (gunes) و ئاماژە بۆ دابەشکردنی سینتاکسی ڕێزمان دەکات. هەروەها بە مانای جۆر، یان چەشن، یان بنەچە دێت، پاشان لە زمانی فەڕەنسیدا بووە بە (gender) کە لەوێشدا هەمان مانا دەبەخشێت، بەڵام بۆ ڕەگەزی مرۆڤ بەکاردێت. هەر لەو زاراوەیەشەوە وشەی ژانر پەیدابووە کە بۆ ژانرە ئەدەبییەکان بەکارهێنرا.

لە ڕاستیدا ئەم زاراوەیە لقوپۆپدار و ئاڵۆزە و زیاد لە مانایەک هەڵدەگرێت. سەرچاوەی ئاڵۆزییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم



PDF 4 KURD

زاراوەیە بونیادێکی ڕوون و دیاریکراوی نییە. لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەگۆڕێ و مانای جیاواز و بگرە دژبەیەکیشی هەیە.

دەتوانین بڵێین جێندەر، لە یەکێک لە ماناکانیدا، نایەوێت ددان بە ڕەگەزی بایۆلۆژی مرۆڤ و ئەندامە زاوزێکانی مرۆڤدا بنێت. بەو پێیەی ئەم جیاوازییە نایەکسانی لە نێوان نێر و مێدا دروست دەکات. جێندەر وای دەبینێت جیاوازیی بایۆلۆژی نێر و مێ هیچ پەیوەندییەکی بە ئاستی تێگەیشتن و توانای بیرکردنەوەوە نییە. کەچی لە مانایەکی تردا و لە هەندێ زمان و کۆمەڵگەی دیکەدا، جێندەر دەبێتە بنەمایەک بۆ جیاکردنەوەی ڕەگەزی نێر و مێ کە لەم جیاکردنەوەیەدا پشت بە جیاوازیی بایۆلۆژی دەبەستێت.

جێندەر بە مانا نوێیەکەی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەم جۆرە پێناس دەکرێت: جیاوازیی ڕەگەزی لە نێوان نێر و مێدا بریتییە لە جیاوازییەکی پێکهاتەیی و دامەزراوەیی و کولتووری، نەک جیاوازییەکی سروشتی و بایۆلۆژی. بۆیە ئەو جیاوازییانەی لە نێوان نێر و مێدا دەکرێت، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی بایۆلۆژی و ئەندامەکانی زاوزێ، کە ئەمە لە ڕاستیدا هیچ بنەمایەکی نییە و بە زۆر سەپێنراوە. توێژینەوەکانی ژنان هەوڵی داوە هەرەمیەتی پەیوەندیی نێوان نێر و مێ هەڵبوەشێنێتەوە، کە لە ڕاستیدا کولتووری پیاو و ڕۆشنبیریی باوی کۆمەڵگە ئەو هەرەمیەتەی خوڵقاندووە. لە لوتکەی ئەو هەرەمەشدا پیاو نیشتەجێیە؛ بە بیانووی ئەوەی گوایە پێکهاتەی بایۆلۆژی پیاو لە پێکهاتەی بایۆلۆژی ئافرەت باشتر و پتەوترە، بۆیە ئافرەت لە پلەیەکی نزمتری ئەو پەیوەندییە هەرەمییەدا دادەنرێت، جێندەر ئەم تێڕوانینە ڕەت دەکاتەوە .

پسپۆڕانی بواری جێندەر باس لەوە دەکەن کە جیاوازیی پیاو بە سیفاتە ئیجابییەکانیەوە و ژن بە سیفاتە سەلبییەکانیەوە (کە ئەمە هەرەمیەتی پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو دیاری دەکات) جیاوازییەکی

ئایدیۆلۆژی و کولتووری و کۆمەڵایەتییە. کۆمەڵگە و کولتوورە جیاجیاکان بە زەبری هێز و یاسا و چەک، داکۆکی لێدەکەن، واتە باڵەپەستۆی کۆمەڵایەتی و کولتووری، بونیادی جێندەر بە لای هەژموونی پیاودا دەبەن. کەواتە ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە کۆت و سنوور بۆ جۆری بیرکردنەوە و داهێنان و ڕەفتارەکان دادەنێت نەک سروشتی بایۆلۆژی.

جێندەر، هەردوو چەمکی (ڕەگەز) و (جۆر) لە یەکدی جیادەکاتەوە، بەو پێیەی ڕەگەز (نێر بێت، یان مێ) مەسەلەیەکی بایۆلۆژییە، بەڵام جۆر (بۆ نموونە مێینەیی) بریتییە لە وێناکردن و تێڕوانینی کۆمەڵایەتی. لێرەدا جێندەر جەخت لەوە دەکات کە ڕەگەزی مرۆڤ، نێر بێت یان مێ، دەتوانێت لە هەموو ئاستەکاندا داهێنان بکات. لێرەدا ژنیش دەتوانێت لە ئاستی پیاودا بیربکاتەوە و داهێنانی گەورە بکات، دەتوانێت لە بواری ئەتۆمی و گەردوونیشدا ڕۆڵی سەرەکیی هەبێت، بەڵام هەژموونی پیاو بە درێژایی مێژوو نەیهێشتووە زانایەکی ژن لە بواری ئەتۆمیدا پسپۆڕ بێت، یان لە بواری گەردووناسی و چوونە ناو مانگ و فەزا و هەروەها لە بواری فڕۆکەوانیدا پسپۆڕ و شارەزا بێت.

ئیلین شوالتەر، پێی وایە جێندەر بریتییە لە بونیادێکی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی نەک ڕاستییەکی سروشتی و جەستەیی، بۆیە جێندەر زاراوەیەکە لەو بونیادە کۆمەڵایەتی و کولتووری و سایکۆلۆژییانە دەپێچێتەوە کە سەپێنراون بەسەر جیاوازیی ڕەگەزی و بایۆلۆژیدا.

پاشان خاتوو "جوان سکۆت" لە لێکۆڵینەوەیەکی جێندەریدا دەیسەلمێنێت کە (زانست) ئەدگاری پیاوانەی وەرگرتووە و مەعریفەی زانستی هەمیشە ژنی لەو بوارە دوور خستووەتەوە، بۆیە لە هەندێ پسپۆڕیدا تەنها پیاو تیایدا باڵادەستە. جوان سکۆت سێ ئامانج بۆ جێندەر دیاری دەکات:



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

یەکەم: شیکردنەوەی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی کە جیاوازیی بایۆلۆژی بە زۆر دەسەپێنێت بەسەر جیاوازیی ڕەگەزیدا.
دووەم: ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری، لە نێوان ژن و پیاو لە یەک کایەی پسپۆڕیدا بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو جیاوازییەی لە نێوان ئاستی بیرکردنەوەی ژن و پیاودا دادەنرێت.
سێیەم: گۆڕینی نموونەکانی پسپۆڕی بەپێی میتۆدی جێندەر، واتە هەر پسپۆڕییەک کە تایبەتە بە پیاو یان پیاو تیایدا باڵادەستە، لە ئافرەتیشدا ئەزموون بکرێت بۆ سڕینەوەی جیاوازیی جێندەری.
وەک پاڵپشتێک بۆ ئەو بۆچوونە، هەندێ لێکۆڵینەوە ئەنجام دراون بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ڕەگەزی بایۆلۆژی نابێتە هۆکارێک بۆ دیاریکردنی توانای ئیدراکی، بەڵکو توانای دەرککردن و بیرکردنەوە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە چوارچێوەی بۆ دادەنرێت، بۆیە ژنان لەم چوارچێوە بەزۆرسەپێنراوەدا ناتوانن لە هەموو پسپۆڕییەکاندا ڕۆڵیان هەبێت.
هەندێ جار لێکۆڵینەوەی جێندەری زیادەڕۆیی دەکات و جیاوازیی نێوان نێر و مێ پێچەوانە دەکاتەوە، واتە دەیەوێ دەری بخات کە مێ لە پێشترە و دەبێ ژن هەژموونی بەسەر پیاودا هەبێت، یان هەوڵدەدات بیسەلمێنێت مێینە بنەما و سەرچاوەی هەموو ژیانە و تەنها مێینە ڕەسەنە، بۆیە دەبێ هەژموونی گشتیی هەبێت و پیاو لە خزمەتی ئەودا بێت. لێرەدا ئەم تێڕوانینە دەکەوێتە ناو هەمان ئەو هەڵە و ئەو داوەی پێشتر پیاو تێی کەوتبوو.
بۆ زانیاریی زیاتر، خوێنەر دەتوانێت ئەم کتێبانە بخوێنێتەوە:

١ – دليل الناقد الأدبي – د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي.
٢– الجنوسه – تأليف: ديفيد غلوفر و مورا كابلان، ترجمة: عدنان حسن.
٣ – النسوية ومابعد النسوية – تأليف ساره جامبا، ترجمة: أحمد الشامي.
٤ – جێندەر لە سێ کتێبی سویدیدا – وەرگێرانی: شۆخە عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر، سلێمانی.

PDF 4 KURD

## چیرۆکبێژ Narrator

چیرۆکبێژ یان گێڕەرەوە، یان چیرۆکگێڕەوە. بە عەرەبی (الراوي)، یان (السارد)، لە پرۆسەی گێڕانەوەدا کەسێکە ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە، یان، بە شێوەیەکی زارەکی یان لە میانی نووسراو، یان کتێبێکەوە. دەشێت چیرۆکبێژ خۆی کەسایەتییەکی سەرەکی بێت لە ڕۆماندا و بەسەرهاتەکانی خۆی بگێڕێتەوە، هەندێ جاری دیش لە دەرەوەی ڕووداوەکاندایە، یان ڕووداوەکەی بینیوە و بە بێلایەنی دەیگێڕێتەوە. دەبێ چیرۆکبێژ بەتەواوی جیاواز بێت لە نووسەر.

چیرۆکبێژ وەک ڕەگەزێکی گرنگی گێڕانەوە، پەیوەستە بە دوو ڕەگەزی دیکە کە بە شێوەیەکی ئۆرگانی پێکەوە بەستراون؛ یەکێکیان بابەتی گێڕانەوە، یاخود چیرۆکەکەیە، ئەوی دیکەیان وەرگر، یان گوێگر، یان خوێنەر، یان خوێنەری ناوەکی، یان ئەو کەسەیە کە چیرۆکەکەی بۆ دەگێڕدرێتەوە و پێی دەوترێت (بۆگێڕەوە ( Narrateeالمروي له)، یان (المسرود له)، بەم شێوەیەی خوارەوە:

چیرۆکبێژ--- چیرۆک ----- بۆگێڕەوە

چیرۆکبێژ فۆرم و چەشنی جیاواز و جۆراوجۆری هەیە. چیرۆکبێژ هەیە ئاگاداری هەموو لایەنەکانی ڕووداوە و هەموو شتێک دەزانێت؛ چیرۆکبێژیش هەیە زانیارییەکی کەمی لەسەر ڕووداوەکان هەیە بە بەراورد لەگەڵ زانیارییەکانی کەسایەتیی سەرەکیدا، کە ئەمە دەرگا بۆ فرەیی چیرۆکبێژ دەکاتەوە. بەم پێیە لێرەدا دوو جۆر گێڕانەوە هەیە، گێڕانەوەی خودی و گێڕانەوەی بابەتی.

ڕەخنەگری فۆرمالیستی ڕووس تۆماشۆفسکی، گێڕانەوە دابەش دەکاتە سەر دوو جۆر:

یەکەم: گێڕانەوەی بابەتی (السرد الموضوعي (bjective narrativeلەم جۆرە گێڕانەوەیەدا چیرۆکبێژ هەموو شتێک دەزانێت

PDF 4 KURD

و تەنانەت ئاگاداری ناخی پاڵەوان و جۆری بیرکردنەوەشیەتی، واتە چیرۆکبێژ خۆی بەسەر خوێنەر، یان بۆگێڕەوەدا دەسەپێنێت.

دووەم: گێڕانەوەی خودی (السرد الذاتي Subjective narrative)

لەم جۆرە گێڕانەوەیەدا تا ئەندازەیەک چیرۆکبێژ بێلایەنە و ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی پاڵەوانەکە هەڵبسووڕێنێت.

هەردوو ڕەخنەگری فەرەنسی جان پۆیۆن و تزڤیتیان تۆدۆرۆڤ بەدوای شوێنگە و وەزیفەی چیرۆکبێژەوەن و بەپێی بینین vision و دیدی ئەو چیرۆکبێژە، سێ شێوەی جیاوازی بینین و گێڕانەوە، دیاری دەکەن:

١- بینین لە پشتەوە: لێرەدا چیرۆکبێژ هەموو شتێکی پاڵەوان و کەسایەتییەکان دەزانێت و پێشبینی چۆنێتی بیرکردنەوەشیان دەکات و سایکۆلۆژیای ناوەوەیان ئاشکرا دەکات. لەم چەشنە بینینەدا چیرۆک و ڕۆمانی تاکدەنگی (مۆنۆفۆنی) بەرهەم دەهێنرێت.

٢- بینین لەگەڵ... (یان بینینی وەک یەک) لێرەدا زانینەکانی چیرۆکبێژ یەکسانە بە زانینەکانی قارەمانی سەرەکی، مەودای ڕووداو و بینین کەمێک فراوان دەبێتەوە.

٣- بینین لە دەرەوە: لێرەشدا زانینەکانی چیرۆکبێژ کەمترە لە زانینەکانی قارەمان. چیرۆکبێژ بەپێی کردار و ڕەفتارەکانی پاڵەوان بابەتەکان دەگێڕێتەوە و ئاگاداری سایکۆلۆژیا و بیرکردنەوەکانی پاڵەوان نییە و ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی چارەنووسی پاڵەوان دیاری بکات، ئەمەش ڕۆمانی فرەدەنگی (پۆلیفۆنی) بەرهەم دەهێنێت.

جان پۆیۆن ئەم فۆرمانەی بینین بە شێوەیەکی ماتماتیکی بەم جۆرەی خوارەوە دادەڕێژێت:

١- چیرۆکبێژ > پاڵەوان

٢- چیرۆکبێژ = پاڵەوان

٣- چیرۆکبێژ < پاڵەوان

PDF 4 KURD

نیشانەی یەکەم (>) واتە گەورەترە؛ ئەمە بە چیرۆکبێژێک دەوترێت کە هەموو شتێک دەزانێت و دەسەڵاتی گشتیی هەیە و چارەنووسی پاڵەوان دیاری دەکات، لێرەدا ڕۆماننووس بە زۆری ڕاناوی کەسی یەکەمی نادیار (ئەو) بەکار دەهێنێت، وەک زۆربەی ڕۆمانە کلاسیکی و تەقلیدییەکان لە چەشنی ڕۆمانەکانی دیکنز و ڤیکتۆر هۆگۆ و هەمەنگوای و نەجیب مەحفوز، بەڵام نیشانەی سێیەم (<) واتە بچووکترە؛ لێرەدا چیرۆکبێژ لە دەرەوە ڕووداوەکان دەبینێت و بە بێلایەنی دەیانگێڕێتەوە، لەم حاڵەتەدا زۆر جار پتر لە چیرۆکبێژێک قسە دەکەن و ڕووداوەکان دەگێڕنەوە، واتە زیاد لە بینینێک هەیە، بەم جۆرە فرەدەنگی (پۆلیفۆنی) دەردەخسێت و فرەڕەهەندی بە ڕووداوەکان دەبەخشێت و چەند کەسێک بە چەند جۆرێک و لە چەند بینینێکەوە ڕووداوەکان دەگێڕنەوە، بۆ نموونە ڕۆمانەکانی دۆستویڤسکی و جێمس جۆیس و ولیام فۆکنەر و عەبدولڕەحمان مونیف. هەرچی نیشانەی دووەمە (=) واتە یەکسانە؛ ئەمەشیان هەوڵدەدات گونجانێک لە نێوان نیشانەی یەکەم و نیشانەی سێهەم بخولقێنێت، لێرەدا چیرۆکبێژ بەزۆری ڕاناوی (من) بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی ڕەوایی بە وتنەکانی خۆی ببەخشێت و بوارێک بۆ وتنەکانی ڕاناوەکانی دی بکاتەوە.

بەڵام ڕەخنەگرێکی دیکەی وەک نۆرمان فریدمان، خاسیەتەکانی جۆری یەکەمی چیرۆکبێژ (واتە ئەوەی هەموو شتێک دەزانێت) بەوە دیاری دەکات کە لە یەک کاتدا لە گشت شوێنێک بوونی نابێت، بەڵکو تاوێ لێرەیە و تاوێ لەوێ، لەگەڵ گواستنەوەی ڕووداوەکاندا بۆ شوێنێکی تر، ئەویش دەگوازێتەوە بۆ شوێنە تازەکە تا لەوێش دەست بە گێڕانەوە بکات. فریدمان پێی وایە ئەم جۆرە چیرۆکبێژە دواجار ناتوانێت لەنێو ڕووداوەکاندا قووڵ بێتەوە، بەڵام بە ئاسانی کات و شوێن و ڕووداو و کەسایەتییەکان دەگوازێتەوە. وەک ئەو یاریزانە

PDF 4 KURD

لێهاتووه وایه کە سەما بە بووکەشووشەکان دەکات؛ بەم جۆرە لە یەک کاتدا یاری بە چەند کەسایەتییەک دەکات و ڕۆڵێکی باشیش بە خۆی دەدات، ئەمە بەزۆری لە ڕۆمانی مێژوویی و ڕۆمانی ڕیالیستی و ناچورالیستیدا هەیە.

تزڤیتان تۆدۆرۆڤ بە دارشتنێکی نزیک لە تیۆرییەکەی جان پۆیۆن، بینین -رؤية- "vision"ی چیرۆکبێژ دەکات بە دوو بەش: بینین لە دەرەوە، بینین لە ناوەوە، کە هەریەکێک لەم بینینانە لقی تری لێدەبێتەوە بەڵام تۆماشۆڤسکی گێڕانەوە دابەش دەکاتە سەر گێڕانەوەی خودی و گێڕانەوەی بابەتی. دواجار دەتوانین تیۆرەکەی پۆیۆن و تۆدۆرۆڤ و فریدمان و سیمۆر چاتمان سەبارەت بە بینین-ی چیرۆکبێژ، بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژینەوە:

١- بینین لە پشتەوە، کە لێرەدا چیرۆکبێژ > لە پاڵەوان (واتە چیرۆکبێژ هەموو شتێک دەزانێت).

٢- بینین لەگەڵ... لێرەدا چیرۆکبێژ = پاڵەوان (واتە چیرۆکبێژ بەقەدەر پاڵەوان دەزانێت).

٣- بینین لە دەرەوە، لێرەشدا چیرۆکبێژ < لە پاڵەوان (واتە چیرۆکبێژ لە پاڵەوان کەمتر دەزانێت).

دواتر تۆدۆرۆڤ و جیرار جینێت کەمێک زاراوەکانیان گۆڕی، بەڵام بەگشتی هەر لە تەوەری ئەو سێ خاڵەدا دەجوڵانەوە. جینێت لە گێڕانەوەی چیرۆکبێژدا لەبری بینین، زاراوەیەکی دیکە دادەنێت، ئەویش زاراوەی تیشکۆسازییە (التبئير focalization) و دابەشی دەکاتە سەر: تیشکۆسازی لە پلەی سفردا، تیشکۆسازیی ناوەکی، تیشکۆسازیی دەرەکی. دەشێت هەر سێ چەشنەکەی تیشکۆسازی لە ڕۆمانێکدا هەبن، واتە بەپێی جیرار جینێت مەرج نییە لە ڕۆمانێکدا یەک جۆری تیشکۆسازی هەبێت و لە سەرەتاوە تا کۆتایی گێڕانەوەکە بۆ نموونە تیشکۆسازیی ناوەکی بێت (واتە مۆنۆلۆگی

ناوەکی)، بەڵکو بۆی هەیە لە گواستنەوەیەکدا و لە دیمەنێکی تردا تیشکۆسازییەکە ببێت بە دەرەکی. لێرەدا جینێت ڕۆمانی (مەدام بۆڤاری)ی ڕۆماننووس فلوبێر دەکات بە نموونە.

ڕەخنەگری ڕووسی بۆریس ئۆسپینسکی لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، بینین، یان گۆشەنیگای چیرۆکبێژ بە شێوەیەکی تر دەردەبڕێت کە پەیوەندیی بە بینیی نووسەریشەوە هەیە. ئەو بینینیی چیرۆکبێژ و نووسەر بەسەر چوار تێڕوانینی جیاوازدا دابەش دەکات:

١- تێڕوانینی ئایدیۆلۆژی: لەم تێڕوانینەدا نووسەر، یان چیرۆکبێژ بەپێی ئایدیۆلۆژیای خۆی هەڵوێستەکان هەڵدەسەنگێنێت، بۆ نموونە لە ڕۆمانی کلاسیکی و ڕیالیستیدا نووسەر و چیرۆکبێژ ئایدیۆلۆژیای چینی دەسەڵاتدار، یان ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم، یان ئایدیۆلۆژیای ئایینی، یان ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی دەسەپێنن، بەڵام کە لە ڕۆمانی تازەدا دەنگی چیرۆکبێژ لاواز دەبێت و زیاد لە چیرۆکبێژێک قسە دەکەن و هەریەکەیان لە تێڕوانینی خۆیەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، ئەوا لێرەدا تێڕوانینی ئایدیۆلۆژی ناتوانێت خۆی بسەپێنێت. ئەگەر یەک تێڕوانینی ئایدیۆلۆژی هەبێت، ئەوسا یەک بینین و یەک گۆشەنیگا ئامادە دەبێت، کە ڕەخنەگری ڕووسی میخائیل باختین ئەمە ناو دەنێت (تاکدەنگی، یان مۆنۆفۆنی)، ئۆسپینسکی ڕەخنە لەم تێڕوانینە تاکڕەهەندییە دەگرێت و دەڵێ پێویستە ڕۆماننووس کەسایەتییەکی تر و دەنگێکی تری جیاواز بخوڵقێنێت و بیهێنێتە ناو ڕووداوەکان تا بە هەمان هێزی تێڕوانینی نووسەر و چیرۆکبێژ، بەڵام بە ئایدیۆلۆژیایەکی جیاواز، قسە بکات و کەشی فرەدەنگی-پۆلیفۆنی بڕەخسێنێت.

٢- تێڕوانینی گوزارشتئامێز-تەعبیری: لەم تێڕوانینەدا چیرۆکبێژ، کە لە هەمان کاتدا یەکێکە لە کەسایەتییەکانی ناو ڕووداو، باسی خۆی

دەکات؛ واتە ئەمە شێوازێکە تیایدا کەسایەتیی سەرەکی گوزارشت لە خۆی دەکات. ڕەگەزی دیالۆگ باشترین داڕشتنە بۆ ئەو کەسایەتییە تا ڕاستەوخۆ گوزارشت لە خۆی بکات. ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندیی بە شێوازی زمانەوانییەوە هەیە؛ بەو پێیەی شێوازی دەبڕینی زمانەوانیی نەخوێندەوارێک جیاوازە لە کەسێکی خوێندەوار، یان گوزارشتی زمانیی جوتیارێک جیایە لە گوزارشتی ئەندازیارێک... هتد. لێرەدا ئۆسپینسکی لە گۆڕینی گۆشەنیگاکان ورد دەبێتەوە، واتە گواستنەوە لە گۆشەنیگایەکەوە بۆ یەکێکی دی، لە میانی ئەو پەیوەندییەی چیرۆکبێژ لەگەڵ کەسایەتییە جیاجیاکاندا هەیەتی. چیرۆکبێژ ئەم پەیوەندییە لە دوو گۆشەنیگادا دیاری دەکات، لە یەکەمیاندا چیرۆکبێژ بابەتی دەبێت و قسەکانی کەسایەتییەکە وەکو خۆی دەگوازێتەوە، کە ئەمەیان گۆشەنیگا، یان بینینی دەرەکییە، لە دووەمیشیاندا چیرۆکبێژ زۆر بایەخ بە گواستنەوەی قسەکانی کەسایەتییەکە نادات، بەڵکو زیاتر قسەکانی ڕوون دەکاتەوە و ڕاڤەی دەکات، ئەمەشیان گۆشەنیگا، یان بینینی ناوەکییە.

٣- تێڕوانینی سایکۆلۆژی: ئۆسپینسکی لەم تێڕوانینەدا دوو جۆر، دیاری دەکات، یەکەمیان تێڕوانینی "بابەتی" کە چیرۆکبێژ خۆی ڕووداوەکان و بارودۆخی کەسایەتییەکان دەگێڕێتەوە، دووەمیان تێڕوانینی خودی کە کەسایەتیی سەرەکی خۆی ڕووداو و دۆخی دەروونی دەخاتە ڕوو، دەشێت هەریەکە لەم دوو جۆرەی تێڕوانینی سایکۆلۆژی، هەم دەرەکی بن و هەم ناوەکی، هەروەها دەشێت تێڕوانینی بابەتی و تێڕوانینی خودی لە یەک ڕۆماندا بەنێویەکدا بچن. لێرەدا ئۆسپینسکی دەگاتە دابەشکردنێکی چوارینەیی: ١- تێڕوانینی بابەتیی دەرەکی (بینین لە دەرەوە)،٢- تێڕوانینی بابەتیی ناوەکی (بینین لە پشتەوە)،٣- تێڕوانینی خودیی دەرەکی (بینین لەگەڵ...)، ٤-

PDF 4 KURD

تێڕوانینی خودیی ناوەکی (بینین لەگەڵ...). دەشێت لە ڕۆمانێکدا هەموو ئەم تێڕوانینانە، بەپێی کەسایەتییەکان، بوونیان هەبێت.

٤- تێڕوانینی شوێنکات: لێرەدا پێویستە شوێنگەی چیرۆکبێژ، یان کەسایەتیی سەرەکی لە ڕووی شوێن یان کاتەوە یان هەردووکیان پێکەوە، تێبینی بکرێت، واتە ئەو چیرۆکبێژە لە چ کاتێک و لە چ شوێنێکی دیاریکراودا ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە و قسە دەکات .

بۆ زیاتر شارەزابوون دەربارەی شوێنگە و جۆرەکانی چیرۆکبێژ، هەروەها دەربارەی زاراوەی تیشکۆسازی، بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

١ - جيرار جينيت، خطاب الحكاية بحث في المنهج، ترجمة: محمد معتصم واخرون.
٤- سعيد يقطين، تحليل الخطاب الروائي- الزمن السرد التبئير.
٣ - محمد عزام، شعرية الخطاب السردي.
٤ - د. حميد لحمداني، بنية النص السردي من منظور النقد الأدبي.
٥ - بوريس اوسبنسكى، شعرية التأليف، ترجمة: سعيد الغانمي وناصر حلاوي.
٦ - سيزا قاسم، بناء الرواية.
٧- جيرالد برينس، المصطلح السردي، ترجمة: عابد خزندار.
٨- د. شاهو سعيد، التبئير الفلسفي في الرواية.
٩- فرهنگ اصطلاحات ادبى، تاليف: سيما داد، انتشارات مرواريد، تهران، چاپ سوم، ١٣٨٥

PDF 4 KURD

## خۆرهەڵاتناسی Orientalism

خۆرهەڵاتناسی، یان ئۆرێنتالیزم orientalism، بە عەرەبی (الاستشراق)، بریتییە لە توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی لە کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی دوور و نزیک لە دید و تێڕوانینی خۆرئاواوە. وشەی ئۆرێنتالیزم لە زمانە ئەورووپییەکان و لە خەیاڵدانی خۆرئاواییەکاندا، ئەو کۆمەڵگەیانە دەگرێتەوە کە دەکەونە ئەوبەری دەریای سپیی ناوەڕاست. ئەمەش، لە سەدەکانی پێشوودا، پشتی بە زانیارییەکانی ئەو گەشتیار و هونەرمەندانە دەبەست کە سەردانی وڵاتانی خۆرهەڵاتیان کردووە و خۆرهەڵاتیان وەک ناوچەیەکی پڕ لە ئەفسانە و فەنتازیا و خەیاڵی جوان بینیوە کە دواتر بووە بە ئیلهامبەخشی هونەر و کارە ئەدەبییەکانی ئەوان. لێرەدا خۆرهەڵات، هەردوو خۆرهەڵاتی دوور (واتە وڵاتانی ئاسیا وەک چین و ژاپۆن و هیند) و خۆرهەڵاتی نزیک (واتە وڵاتانی عەرەبی و تورکیا و ئێران) دەگرێتەوە.

خۆرهەڵاتناسی واتە گەشت و گەڕان بە خۆرهەڵاتدا لە لایەن زانایانی خۆرئاواوە بە مەبەستی زانین و فێربوونی زمانەکەیان و کەشفکردنی نهێنییەکانی ژیانیان و ناسینی ئەدەب و هونەر و کولتوور و ئایین و دابونەریتەکانیان. ئەو زانا و گەشتیارە خۆرئاواییانە بە مەبەست و ئامانجی جیاواز هاتوون بۆ خۆرهەڵات. هەندێکیان بە مەبەستی زانست و فێربوون و ناسینی گەلانی تر و دۆزینەوەی نهێنییەکانی ژیانیان، هەندێکی تریان بەنیازی کاری سیاسی و هەندێکی تریش بۆ تەبشیر، یان بۆ کاری بازرگانی هاتوون.

شارەزایان پێیان وایە دەرکەوتنی ڕاستەقینەی خۆرهەڵاتناسی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم. واتە بۆ ڕۆژگاری هەڵمەتی ناپلیۆن بۆناپارت بۆ سەر میسر (١٧٨٩-١٨٠١)، ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ دامەزراندنی زانستی

خۆرهەڵاتناسیی نوێ، چونکە ناپلیۆن لەو هەڵمەتەدا پتر لە سەد و شەستوحەوت زانای لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ میسر کە پسپۆڕی جیاجیای وەک ئەندازیاری و کیمیاگەری و پزیشک و گەردوونناس و فەیلەسووفیان تیادا بوو. واتە لێرەدا ئیرادەی مەعریفە پاڵپشتێک بوو بۆ ئیرادەی هێز. ئەمە مانای وایە سەرجەمی خۆرهەڵاتناسی بریتی نییە لە هێز و هەژموون و داگیرکاری، بەڵکو وەک زانستێکی ڕاستەقینەش دەرکەوت کە خزمەتێکی زۆری کەلەپوور و کۆمەڵگەکانی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی کردووە، بۆ نموونە لە ساڵانی (١٨٠٩-١٨٢٨)دا نزیکەی سێسەد توێژەر بەشدارییان کرد لە دانانی کتێبێکی گەورە بە ناونیشانی "وەسفی میسر" کە لە نۆ بەرگی قەبە پێکهاتوە و و باس لە شارستانیەتی کۆنی میسری دەکات.

خۆرهەڵاتناسی لە ڕاڤەکردنێکی تردا، ئەو زانستەیە کە لە سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا، لە سەردەمی قۆناغی داگیرکاریدا، بە تایبەتی لە ڕۆژگاری داگیرکردنی میسر لە لایەن ناپلیۆنەوە، لە خۆرئاوا برەوی پەیدا کردووە، خۆرئاوا لەو قۆناغەدا کە هەندێ لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی داگیرکردووە، ویستوویەتی توێژینەوە لە هەموو لایەنەکانی گەلانی ئەو ناوچەیە بکات؛ لەوانە ئەدەب و هونەر و بیروباوەڕ و ئایین و فۆلکلۆری ئەو گەلانە، تا بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاریان بهێنێت. ئەم دیدە تا ئەندازەیەکی زۆر لە کتێبی (خۆرهەڵاتناسی)ی نووسەری ئەمریکی بەڕەگەز فەلەستینی ئیدوارد سەعید (١٩٣٥-٢٠٠٣) باس کراوە، ئیدوارد سەعید ئەم کتێبەی لە ساڵی ١٩٧٨دا بە زمانی ئینگلیزی چاپ کردووە، لەوێدا ڕەخنە لە خۆرهەڵاتناسی دەگرێت بەو پێیەی ئەمە گوزارشتێکی ڕەمزییە لە کۆنترۆڵکردن، هەروەها پرۆسێسەکردنێکی کولتوورییە لە دەسەڵات، بۆیە خۆرهەڵاتناسی –لە دیدی ئیدوارد سەعید- بریتییە لە سیستمێکی ئیتنیکیی سێنترالیزمی ڕەگەزپەرست و داگیرکاری. ئەم

ڕەخنەیەی ئیدوارد سەعید تا ڕادەیەکی زۆر زیادەڕەوی تێدایە، چونکە مەرج نییە خۆرهەڵاتناسی تەنها لەو خاڵەدا ببینرێت، لێرەدا چەندین وڵات و کەسی گرنگ هەن دوور لە دەسەڵات و دوور لە نیازی داگیرکاری و لە تێڕوانینێکی هیومانیستییەوە خزمەتی خۆرهەڵاتیان کردووە کە دواتر میللەتانی ئەو ناوچەیە کولتووری خۆیانیان پێ زیندوو کردووەتەوە .

دەتوانین توێژینەوەکانی خۆرهەڵاتناسان لە چەند بابەتێکی گرنگدا کۆبکەینەوە، وەک: بابەتی مێژوویی و ئابووری و جوگرافی و زمان و ئەدەب و هونەرەکان و ئایین و ئەنترۆپۆلۆجیا و فەلسەفە و شوێنەوارناسی. ئەمڕۆ لە زانکۆکانی خۆرئاوادا بەشی تایبەتی بۆ خوێندنی خۆرهەڵاتناسی هەیە کە لە مێژووی نەتەوەکان و بارودۆخی کولتووریی ئەو میللەتانە دەکۆڵێتەوە، بۆ نموونە: بەشی لێکۆڵینەوە لە میسرییەکان، بەشی لێکۆڵینەوە لە ئاشوورییەکان، بەشی لێکۆڵینەوە لە ئێرانییەکان، هەروەها بەشی لێکۆڵینەوە لە عەرەبەکان و بەشی تورکەکان و بەشی چینییەکان و بەشی هیندییەکان و بەشی ژاپۆنییەکان .

ئەو کەسانەی وەک خۆرهەڵاتناس هاتوونەتە ئەو ناوچەیە، کەسانی جیاجیا بوون و بە مەبەستی جیاجیا هاتوون. تیایاندا هەبووە بە پۆشاکی سەربازی هاتوون، تیاشیاندا هەبووە بە جلوبەرگی مەدەنی هاتوون، یان وەک پزیشک و وەک مامۆستا، یان بە سیفەتی قەشەیەک هاتوون کە ئامانجی ئەمانەی دوایی پتر بریتی بوو لە تەبشیری مەسیحییەت، بەزۆری دەچوونە ناوچەکانی لبنان و سوریا و میسر، بۆیە هەندێ جار ئەو کەسانە دەبوونە جێی گومان. تێڕوانینی خەڵکی ئەو ناوچەیەش بۆ ئەو کەسانە جیاواز بوو. تیایاندا هەبوو بە چاوێکی پڕ لە ڕێزەوە سەیری خۆرهەڵاتناسەکانیان دەکرد بەو پێیەی ئەمانە لێکۆڵینەوە لە ئەحواڵی گەلانی ئەو ناوچەیە ئەنجام

دەدەن، بەڵام تیایشیاندا هەبوو بە پێچەوانەوە بە چاوێکی پڕ لە گومانەوە تەماشایان دەکردن، پێیان وابوو ئەمانە ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ داگیرکاریی خۆرئاوایی و ئەمانە ئامرازێک بوون بۆ دەسەڵاتی خۆرئاوا بەسەر خۆرهەڵاتدا .

خۆرهەڵاتناسی مێژوویەکی دێرینی هەیە، کە سەرچاوەی یەکەمی بریتییە لە گەشتیاری. دیارترین نمونەش نووسینەکانی مارکۆ پۆلۆ (١٢٥٤-١٣٢٤)ی گەشتیارە کە دەربارەی خۆرهەڵاتی نووسیوە، بەڵام لە سەدەی نۆزدەهەمدا، خۆرهەڵاتناسی لە یەکێک لە ماناکانیدا، بریتی بوو لە بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەری و شێوەکاری، کە بە شێوەیەکی تایبەتی گەشتیان بۆ جیهانی ئیسلامی، واتە خۆرهەڵاتی نزیک و باکووری ئەفریقیا دەکرد. گەشتکردن بۆ خۆرهەڵات سرووتێکی سەرنجڕاکێش بوو بۆ کەشفکردنی جوانییەکان و دەوڵەمەندکردنی خەیاڵ، بە تایبەتی لە لای نووسەرانی وەک ئەلفۆنس دی لامارتین و جیرار دو نێرڤال و گۆستاڤ فلوبێر و ئەرنست ڕێنان (١٨٢٣- ١٨٩٢)، لە هاوچەرخەکانیش: لویس بلانشێر (١٩٠٠-؟)، تیۆدۆر نۆلدکە (١٨٣٦-١٩٣٠)ی خاوەنی کتێبی ناوداری "مێژووی قورئان"، کارل برۆکلمان (١٨٦٨-١٩٥٦)، مەکسیم ڕۆدنسۆن (١٩١٥-٢٠٠٤)، بێرنارد لویس (١٩١٦-...)، هەروەها فرانسیسکۆ گابریللی و کلۆد کاهین و ئالان ڕوسیۆن.

لە ساڵی ١٨١١دا شاتوبریان کتێبێک دەنووسێت بە ناونیشانی "گەشتێک لە پاریسەوە بۆ قودس"، لە ساڵی ١٨٣٥دا لامارتین بابەتێک دەنووسێت بە ناونیشانی "گەشت بۆ خۆرهەڵات"، پاشان جیرار دو نێرڤال لە ساڵی ١٨٥١دا و گۆستاڤ فلوبێر لە ساڵی ١٨٦٢دا و ڤیکتۆر هۆگۆ لەساڵی ١٨٢٩دا گەشتەکانی خۆیان بۆ خۆرهەڵات دەنووسنەوە. ئەوان لەو نووسینانەدا باسی دنیای جوانی و سیحر و فەنتازیا و نامۆگەرایی جیهانی ئیسلام دەکەن. لە تورکیاوە بۆ میسر و

لەویێشەوە بۆ مەغریب شارستانیەتێکی تر و کولتووریێکی تریان بینی کە پڕە لە جوانی و خەیاڵ، بۆ نموونە تورکیای عوسمانییان وەک حیکایەتە سەیروسەمەرەکانی "هەزارویەک شەوە" دەبینی. تورکیای کۆشکی جوان و پاشای شەهوانی و حەریمی نیمچەڕووت وسیحری جوانی و سەمای خۆرهەڵاتی و کەنیزەکی دڵڕفێن.

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**

١- دليل الناقد الأدبي، د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي.

٢- هاشم صالح، الاستشراق بين دعاته ومعارضيه.

٣ - هاشم صالح، المثقفون العرب بين الاستشراق والاستغراب.

PDF 4 KURD

## خۆرئاواناسی Occidentalism

خۆرئاواناسیoccidentalism، بە عەرەبی (الاستغراب)، بریتییە لە توێژینەوە لە کولتوور و شارستانیەتی خۆرئاوا لە دەرەوەی خۆرئاواوە، ئەمەش دەبێتە زانستێک لە بەرامبەر زانستی خۆرهەڵاتناسی کە خۆرئاواییەکان لە گۆشەی جیاجیاوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر خۆرهەڵات کردووە. بەڵام خۆرئاواناسی زاراوەیەکی زۆر نوێیە، بە پێچەوانەی خۆرهەڵاتناسی کە مێژوویەکی دێرین و دووروودرێژی هەیە.

خۆرئاواناسی، وەک زاراوە، لە ئەنجامی کۆشش و نووسینەکانی ژمارەیەک توێژەری عەرەب و موسڵمان سەری هەڵداوە، لەوانە توێژەری میسری حەسەن حەنەفی (ساڵی ١٩٣٥ لە قاهیرە لەدایک بووە)، کتێبێکیشی نووسیوە بە ناونیشانی "سەرەتایەک دەربارەی زانستی خۆرئاواناسی"، (مقدمة في علم الاستغراب)، بەڵام وەک زانستێک بۆ توێژینەوە بەر لە حەسەن حەنەفیش پرۆسێسە کراوە و چەند توێژەرێک ئاماژەیان بۆ کردووە، بەو پێیەی خۆرئاواناسی پەیوەندیی بە پۆست کۆلۆنیالیزمەوە هەیە.

یەکێک لەو توێژەرە عەرەبانەی کە لێکۆڵینەوەی لەسەر چەمکی خۆرئاواناسی کردووە: ئەنوەر عەبدولمەلیک (ساڵی ١٩٢٤ لە قاهیرە لەدایک بووە)، کە ئەویش توێژەرێکی میسرییە و لە فەرەنسا خوێندنی تەواو کردووە و هەر لەوێشدا وانە دەڵێتەوە، ئەنوەر عەبدولمەلیک لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا بابەتێکی بڵاوکردەوە دەربارەی ئەوەی کە دەشێت خۆرهەڵاتناسی کۆتایی پێهاتبێ و لەوانەیە کایەیەکی تر لەم زانستە سەرهەڵبدات بە ناوی خۆرئاواناسی. لەوێدا ڕەخنە لە بزووتنەوەی خۆرهەڵاتناسی دەگرێت و کۆمەڵێ تێزی گرنگ پێشکەش دەکات. دواتر تێزەکانی ئەنوەر عەبدولمەلیک دەبن بە هاندەرێکی گەورە بۆ ئیدوار سەعید تا کتێبی

(خۆرهەڵاتناسی) بنووسێت و تیایدا ڕەخنە لەو زانستە بگرێت و هەوڵبدات لە دەرەوەی خۆرئاواوە لێکۆڵینەوە لەسەر خۆرئاوا بکات. ئیدوارد سەعید لەو کتێبەدا ددان بەو ڕاستییەدا دەنێت کە سوودی لە نووسینەکانی ئەنوەر عەبدولمەلیک وەرگرتووە بۆ ڕەخنەگرتن لە خۆرهەڵاتناسی و لێکۆڵینەوە لە کولتووری خۆرئاوایی.

لە نووسینەکانی ئەنوەر عەبدولمەلیکدا هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ دامەزراندنی زانستێک بە ناوی خۆرئاواناسی، بەڵام وەک خۆی دەڵێ، ئەو هەوڵانە نەبوون بە هۆی ئەوەی خۆرئاواناسی وەک زانستێکی ورد شکڵ بگرێت، بەڵام حەسەن حەنەفی کاتێکی زۆری ژیانی بۆ ئەم زانستە تەرخان کرد. خۆرئاواناسیی کرد بە پرۆژەیەکی سەرجەمگیر بە ناوی "پرۆژەی کەلەپوور و نوێکردنەوە"، واتە ترادیشناڵ و مۆدێرنیزەیشن، کە هەوڵی داوە لە سێ لایەنەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات، لایەنی یەکەم بریتییە لە ڕەخنە و لێکۆڵینەوە دەربارەی کەلەپووری کۆن، یان وەک خۆی دەڵێ: هەڵوێستمان لە بەرامبەر کەلەپووری کۆن؛ لایەنی دووەم بریتییە لە ڕەخنە لە خۆرهەڵاتناسی و لە خۆرئاوا، یان: هەڵوێستمان لە بەرامبەر کەلەپووری خۆرئاوایی؛ لایەنی سێهەمیش بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە واقیعی هاوچەرخ، یان: هەڵوێستمان لە بەرامبەر واقیعی ئەمڕۆ.
حەسەن حەنەفی لە کتێبی "سەرەتایەک دەربارەی زانستی خۆرئاواناسی"دا وای دەبینێت جیاوازییەکانی نێوان خۆرهەڵاتناسی و خۆرئاواناسی، لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت دەبێتەوە:
١- خۆرهەڵاتناسی لە قۆناغی داگیرکاریی ئەورووپی و سەرکەوتنی گەلانی ئەورووپیدا سەری هەڵداوە، بەڵام خۆرئاواناسی لە سەردەمی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی گەلانی ژێردەستەدا سەرهەڵدەدات، بۆیە خۆرئاواناسی وەک فۆرمێک لە داکۆکی لەخۆکردن دەردەکەوێت و

PDF 4 KURD

هەوڵدەدات خۆی ڕزگار بکات لە گرێی خۆبەکەمزانین و گرێی ترس لە ئەویدی.

٢- خۆرهەڵاتناسی هەڵگری کۆمەڵێک میتۆدی کۆنی سەدەی نۆزدەهەمە، وەک میتۆدی پۆزەتیڤیزم و مێژووگەرایی و ناسیونالیستیی ڕەگەزپەرستی، بەڵام خۆرئاواناسی بە میتۆدە زانستییەکانی وەک میتۆدی زمانەوانی و ئایدیۆلۆژیای ڕزگاریی نیشتمانی، کار دەکات.

٣- خۆرهەڵاتناسی فۆرمی خۆی گۆڕیوە و ئەمڕۆ لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا دەردەکەوێتەوە، بە تایبەتی لە ئەنترۆپۆلۆژیای ژیاری و سۆسیۆلۆژیای کولتووریدا. خۆرئاواناسی هێشتا لە سەرەتادایە و جارێ پەرەی بە هیچ فۆرمێک نەداوە.

٤- خۆرهەڵاتناسیی کۆن بێلایەن نەبووە، بەڵکو گوزارشتی لە هۆشیاریی ئەورووپی کردووە و پتر خواستی کۆنترۆڵکردنی هەبووە، بەڵام خۆرئاواناسی تا ڕادەیەکی زۆر بێلایەنە و خۆی بەدوور دەگرێت لە هەژموون، بەڵکو دەیەوێت خۆی لە کۆتەکانی ئەویدی ڕزگار بکات.

حەسەن حەنەفی هەر لە کتێبی ناوبراودا دەڵێ: "خۆرئاواناسی ڕوویەکی دیکەی خۆرهەڵاتناسییە، بگرە ڕوویەکی بەرامبەر و دژی خۆرهەڵاتناسییە. ئەرکی ئەم زانستە ئەوەیە گرێی مێژوویی خۆبەکەمزانین، لە پەیوەندیی من بە ئەویدی، بکاتەوە و گرێی مەزنێتیی خۆرئاوا لە بەرامبەر خۆرهەڵات نەهێڵێت، هەروەها ئۆرۆسێنترالیزم، یان سێنترالیزمی ئەورووپی ڕەت بکاتەوە، لە ناوبردنی گرێی خۆبەکەمزانین وەک زمان و وەک کولتوور و وەک ژیار، دەبێتە مایەی ئەوەی ئەو خودە لە بابەتێک لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوەوە ببێتە بابەتێک خۆی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەویدیی خۆرئاوا بکات"، هەروەها پێی وایە خۆرئاواناسی، بە پێچەوانەی

خۆرهەڵاتناسی، دەتوانێت بێلایەنی و بابەتگەرایی دابین بکات، چونکە خۆرئاواناسی نایەوێت کۆنترۆڵی ئەویدی بکات.

بیرمەندی عەرەبی لوبنانی عەلی حەرب ڕەخنە لە تێزەکانی حەسەن حەنەفی دەگرێت و پێی وایە ئەم دیدە تا ئەندازەیەکی زۆر هەڵەیە و فیکری عەرەبی ناتوانێت گەمارۆی فیکری خۆرئاوایی بدات بە هۆی باڵادەستیی خۆرئاوا لە ڕووی فیکر و زانست و هێزی ئابووری و تێکنۆلۆژییەوە. ئەمە جگە لەوەی بیرۆکەی ئۆرۆسێنترالیزم لە بنەڕەتدا بیرۆکەیەکی خۆرئاواییە و یەکەم جار بیرمەندانی خۆرئاوا خۆیان ڕەخنەیان لە سێنترالیزمی خۆرئاوایی، یان ئەورووپی گرتووە، بەو پێیەی لێرەدا کولتووری پێشکەوتووی تر و ژیاری دیکە هەن کاریگەرییان لەسەر جیهان هەیە، هەروەها بیرمەندی عەرەبی مەغریبی نورەدین ئەفایە لە کتێبی "خۆرئاوای خەیاڵکراو: وێنەکانی ئەویدی لە فیکری عەرەبی ئیسلامیدا" بۆچوونێکی تر پێشنیار دەکات، ئەو وای دەبینێ کە پێویستە خۆرئاواناسی ببێت بە گوتار، گوتارێک بتوانێت دیالۆگ لەگەڵ ئەویدی و لەگەڵ خۆرئاوادا بکات. پاشان ئەلتاهیر لەبیبی بیرمەندی عەرەب پرسیاری ئەوە دەکات ئاخۆ تا چ ڕادەیەک کارلێک لەگەڵ خۆرئاوادا بووەتە مایەی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە بونیادی فیکری و زەینیی کۆمەڵگە عەرەبییەکاندا.

لە سەرەتادا وتمان خۆرهەڵاتناسی، وەک دیاردە و وەک زانست، مێژوویەکی دێرینتری هەیە وەک لە خۆرئاواناسی. ئەمە بەو مانایەیە خۆرئاوا لە خۆرهەڵاتناسیدا کار و پرۆسێسەی کاریگەری ئەنجام داوە و دەرەنجامی گرنگی بەدەست هێناوە، دەنا خۆرئاواناسیش بە جۆرێک لە جۆرەکان لە سەدەی نۆزدەهەمەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەبووە.

دەتوانین بڵێین لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، گەلانی خۆرهەڵات دەستیان کرد بە ناردنی ژمارەیەکی زۆری نوێنەر و



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

قوتابییانی خۆیان بۆ زانکۆکانی ئەوروپا، وەک زانکۆی سۆربۆن و بەرلین و ئۆکسفۆرد و کامبێردگ. بۆ نموونە لە میسر ڕەفاعە ئەلتەهتاوی و ئەحمەد لوتفی ئەلسەیید و تەها حسێن و محەمەد مەندور و ژمارەیەکی زۆری مامۆستایانی زانکۆ لەو کەسانە بوون کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەرچووی زانکۆکانی ئەوروپیان.

دەشێت بڵێین خۆرئاواناس ئەو کەسەیە کە بەشێکی ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ لێکۆڵینەوە لە کولتوور و ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆرئاوا و زمانە ئەوروپییەکان، وەک زمانی ئینگلیزی، یان فەرەنسی، یان ئەڵمانی. هەروەها خۆرئاواناس کەسێکە ئاگاداری ڕۆشنبیریی ئەوروپی و میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستییە و دەیەوێت لە ئەدەب و فەلسەفە و ئەخلاق و کولتوور و کەلەپوور و ژیانی تایبەتیی کۆمەڵگەکانی ئەوروپا بکۆڵێتەوە.

خۆرئاواناسی تەنها لە لای عەرەب و موسڵمانەکاندا نەبووە، بەڵکو لە لای ژاپۆنی و چینی و هیندییەکانیشدا هەبووە، چونکە پاش سەرکەوتنی شارستانیەتی ئەوروپی و باڵادەستبوونی ئەوروپا لە ڕووی فەلسەفی و زانستی و تێکنۆلۆژیدا، سەرجەمی گەلانی دنیا بەدوای ئەو سەرکەوتنانەوە بوون و لاسایی ئەوروپایان دەکردەوە و هەروەها دەیانویست بزانن نهێنیی ئەو سەرکەوتنە هەمەلایەن و سەرسوڕهێنەرە گەورانەی ئەوروپا و خۆرئاوا چییە.

بەم شێوەیە وڵاتی ژاپۆن بە فراوانی بەرامبەر ئەوروپا کرایەوە، کە پێشتر بۆ ماوەی چەندین سەدە وڵاتێکی داخراو بوو بەسەر خۆیدا، بەڵام لە شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە خۆرئاواناسی لە ژاپۆندا لە سەردەمی حوکمی بنەماڵەی "میجی"یەوە دەستی پێکرد. ئەم بنەماڵەیە دروشمی "کرانەوە لە بەرامبەر شارستانیەت و ڕۆشنگەریدا"ی بەرز کردەوە و بەپێی ئەو دروشمە کاریان لەسەر پێشخستنی خۆیان دەکرد تا ئەوانیش بتوانن بگەن بە جیهانی

PDF 4 KURD

پێشکەوتوو. بەر لە حوکمی بنەماڵەی میجی، ئەو قوتابییانەی نێردرابوونە ئەورووپا نەدەگەیشتنە سێسەد کەس، کەچی لە قۆناغەکانی دواتردا بە هەزاران قوتابی دەنێردرانە زانکۆکانی ئەورووپا تا لەوێوە هەموو زانست و پێشکەوتن و ئەزموونەکانی ئەورووپا بگوازنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، بە تایبەتی لە بوارە زانستییەکان، وەک پزیشکی و ئەندازیاری و تێکنۆلۆژی. بیرمەندی ژاپۆنی فوکوزاوا یوکیشی (١٨٣٥-١٩٠١) ڕۆڵێکی گرنگی لەو بوارەدا بینیوە، پاش ئەوەی گەشتێکی دوورودرێژی بۆ خۆرئاوا کرد، ئیدی دەستی کرد بە بانگەشەکردن بۆ گۆڕانکاریی سەرجەمگیر لە کۆمەڵگەی ژاپۆنیدا و هەروەها باسی لە پێویستیی خۆرئاواناسی دەکرد؛ ئینجا دەستی کرد بە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی مۆنتسکیۆ و جان جاک ڕۆسۆ و جۆن ستیوارت میل و سپینسەر بۆ سەر زمانی ژاپۆنی، هەروەها بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری دەستی پێکرد و یەکەمین ڕۆژنامەی ژاپۆنی لە ساڵی ١٨٦١ لە شاری ناکازاکی بە زمانی ئینگلیزی دەرچوو. ساڵێک دوای ئەوە ڕۆژنامە بە زمانی ژاپۆنی دەرچوو. دواجار شەپۆلی گۆڕانکاری و نوێبوونەوە لە ژاپۆندا سەرکەوت و دەستکەوتی گرنگی بەدەست هێنا.

لە وڵاتی چینیشدا خۆرئاواناسی لە سەدەی نۆزدەهەمدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەبوو، بیرمەندی چینی "ین فۆ" (١٨٥٣- ١٩٢١) بە ڕێبەری ئینتلجینسیای چینی دادەنرێت. بزووتنەوەیەکی گەورەی وەرگێڕانی بەرپا کرد کە دواتر کولتوور و ئایدیۆلۆژیای وڵاتی چینی بەتەواوی گۆڕی. هەروەها ین فۆ یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ڕۆژنامەگەریی چینی، هەموو ئەمانە لەژێر کاریگەریی کولتووری ئەورووپیدا بوو، چونکە ین فۆ چەندین وڵاتی خۆرئاوا گەڕاوە و بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ئینگلتەرە خوێندوویەتی و شارەزای کولتووری کۆمەڵگەکانی خۆرئاوا بووە و لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوون. خۆیشی

زۆر سەرسام بوو بە خۆرئاواو ئەورووپا. بەردەوام ڕەخنەی لە کولتوور و کەلەپووری چینی دەگرت، ژمارەیەک کتێبی بیرمەندە ئەورووپییەکانی وەک سپینسەر و هێکسلی و ئادەم سمیت و مۆنتسکیۆی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی چینی، لەگەڵ کۆنفوشیۆسە تەقلیدییەکاندا هەمیشە لە ململانێدا بوو.

بۆ ئەم زاراوەیە، سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

١ - د. حسن حنفي، مقدمة في علم الاستغراب.

٢- هاشم صالح، الاستشراق بين دعاته ومعارضيه.

٣ - هاشم صالح، المثقفون العرب بين الاستشراق والاستغراب.

٤ - دليل الناقد الأدبي، د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي.



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

## داهێنان Creation

داهێنان، یان ئەفراندن، یان نقار، یان خوڵقاندن، creation. بە عەرەبی (الابداع، الابتكار، الاختراع، الخلق)، لە ئەدەب و هونەر و فیکر و فەلسەفە و سایکۆلۆجیادا مانا و ڕاڤەی جیاجیای بۆ کراوە، بەڵام زۆربەی ماناکان تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر ئەوە یەکدەگرن کە داهێنان بریتییە لە هێنانی شتێکی نوێ کە پێشتر وێنەی نەبووە، یان کەس پەی پێ نەبردووە، هەروەها بریتییە لە داهێنانی شێوازێکی نوێ بۆ دەربڕینی ئەدەبی و هونەری. واتە داهێنان سیفەتی هەموو بزووتنەوەیەکی فیکری و ئەدەبی و هونەرییە کە بابەتی نوێ و زمان و ستایلی جیاواز بخوڵقێنێت. لێرەدا داهێنان پێچەوانەی لاساییکردنەوەیە، بەو پێیەی لاساییکردنەوە هەمان ئەو شتانە دەڵێتەوە کە پێشتر وتراون، بەڵام داهێنان ئەو شتانە جێدەهێڵێت و بەدوای گوزارشتی تازەدا دەگەڕێت. ئەدۆنیس دەڵێت داهێنان بریتییە لە جێهێشتن؛ داهێنان نەفیکردنێکە بۆ پێشەوە.

لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی creation بە مانای خوڵقاندن، یان ئەفراندن دێت، creator واتە داهێنەر، creative واتە داهێنەرانە. ڕەگی ئەم وشەیە لە زمانی لاتینیی کۆندا بریتییە لە creare واتە: دروستی دەکات، یان بەرهەمی دەهێنێت. لە سەدەی شانزەهەمدا تۆرگواتۆ تاسۆ دەنووسێت: "لێرەدا دوو داهێنەر هەن: خودا و شاعیر؛ خودا سروشت و ئینسان دادەهێنێت تا دواتر قودرەتی خەیاڵ بە مرۆڤ ببەخشێت، بۆ ئەوەی ئەو مرۆڤە شتی تر بخوڵقێنێت."

داهێنان لە ڕووی زانستییەوە پەیوەندیی بە مێشک و ئەزموون و شارەزایی و خەزێنی مەعریفیی مرۆڤەوە هەیە. واتە داهێنان مەسەلەیەکی ئەقڵی و ئیرادەگەرییە و لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی ئەزموون و مەعریفەی زانایەک، یان نووسەرێکەوە لەدایک دەبێت، بەڵام لە ئەدەب و هونەردا داهێنان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە

خەیاڵ و ڕوانین و بەهرەی شاعیرەوە هەیە. خەیاڵ سێنتەری داهێنانە، واتە هێزی خەیاڵ لەتەک بوونی بەهرە و خوێندنەوەی بەردەوام و هەستی تیژبین و دەرککردنی پێشوەخت بە شتەکان لە لای شاعیر و هونەرمەند و نیگارکێش، دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی کاری داهێنەرانە. هەندێ لە زانایان پێیان وایە ئەقڵ و خەیاڵ پێکەوە ڕۆڵێکی دیاریان لە خوڵقاندنی بەرهەمی داهێنەرانەدا هەیە. واتە بەپێی زانست داهێنان لەخۆیەوە و لەپڕێکدا دروست نابێت، بەڵکو لە ئەنجامی بوونی چەند ڕەگەزێکی پێشوەخت و ئەزموون و کەڵەکەبوونەوە دروست دەبێت؛ کەچی خەیاڵی ئەدەبی پێی وایە داهێنان لەپڕێکدا و بەبێ مەرجی پێشوەخت لەدایک دەبێت.

لە سایکۆلۆژیادا داهێنان پەیوەندیی بە حاڵەتی دەروونیی مرۆڤەوە هەیە، بەو پێیەی کە بارودۆخی سایکۆلۆژیی شاعیرێک، یان نووسەرێک، یان هونەرمەندێک دەبێتە هۆی خەملاندن و گەڵاڵەبوونی بەرهەمی داهێنەرانە. سیگمۆند فرۆید (١٨٥٦-١٩٣٩) سەرچاوەی داهێنان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو نەخۆشییە دەروونییانەی لە لای نووسەر و هونەرمەنددا هەن، بە تایبەتی نەخۆشیی دەرونیی هیستیریا و هەڵچوون و کەبتی سێکسی. ئەمانە لە نائاگایی و نەستی مرۆڤی هەستناسک و هونەرمەندی خەیاڵفراواندا کاری پڕ لە داهێنان بەرهەم دەهێنن.

فرۆید لە دوو لێکۆڵینەوەی درێژدا ئەم هۆکارانە دەبەستێتەوە بە پاڵنەرە سەرەکییەکانی داهێنانەوە، بە تایبەتی لە لای ڕۆماننووسی ڕووسی فیۆدۆر دۆستویێفسکی (١٨٢١- ١٨٨١) و هونەرمەندی ئیتالی لیۆناردۆ داڤینشی (١٤٥٢-١٥١٩). هەر لە زانستی دەرووندا داهێنان لە ئەنجامی ململانێ و پێکدادانی سێ لایەنە سەرەکییەکەی خود و کەسایەتیی ئینسانەوە لەدایک دەبێت، واتە ململانێی نێوان (من) و (ئەو) و (بەرزەمن، یان منی باڵا)، لێرەدا (من) بە هۆی نەریت و کۆتە

کۆمەڵایەتییەکان دوچاری متبوون و کەبتی دەروونی دەبێت و ئەمە کار لە تواناکانی دەکات تا دواجار لە ناشعور و نائاگاییەوە دەتەقێتەوە و لە کارێکی ناوازە و دەگمەن و جیاوازدا بەرجەستە دەبێت و گوزارشت لە خۆی دەکات. بۆیە دەوترێت داهێنەران لە کەسانی ئاسایی ناچن، چونکە جگە لەوەی دۆخی دەروونییان جێگیر نییە، هاوکات هەمیشە هەوڵدەدەن سنوورەکان بشکێنن و حەرامەکان بلەقێنن و دەست بۆ بابەتی هەستیار و نائاسایی بەرن، بۆیە دەبینین لە سەرەتادا بەرهەمەکانیان دەبنە شوێنی گومان و ڕەت دەکرێنەوە و هەندێ جار ئەو داهێنەرە دەکەوێتە بەر نەفرەتی نەریت و ئەقڵیەتی باو، بە تایبەتی لە کۆمەڵگە تەقلیدی و دواکەوتووەکاندا.

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**


١ - معجم مصلطحات الأدب، مجدي وهبة.
٢- المعجم المفصل في الأدب، د. محمد آلتونجي.
٣ - المعجم المفصل في اللغة والأدب، د. أميل بديع و د. ميشال عاصي.
٤ - المعجم الأدبي، جبور عبدالنور.
٥ - الكلمات مفاتيح، ترجمة: نعيمان عثمان.
٦ - موسوعة لالاند الفلسفية، ترجمة: خليل أحمد خليل.
٧- سايكولوجية الابداع في الحياة، د. عبدالعلي الجسماني.

PDF 4 KURD

## دەستەبژێر – ئیلیت Elite

دەستەبژێر Elite، بە عەرەبی (النخبة)، یان (الصفوة) بریتییە لە گرووپێک کە خاوەنی توانای جیاواز و لێهاتوویی دیارن لە بوارێک لە بوارەکانی ژیاندا، ئەم زاراوەیە لە سەدەی بیستەمدا مانایەکی سۆسیۆلۆجی وەرگرت کە مۆرکی "جیاوازبوون"ی لەخۆگرت، پێشتر ئەم وشەیە(elite –ئیلیت) لە فەرەنسیدا بە مانای کەسی هەڵبژێردراو دەهات و مانای ئەوەی ئەو کەسە بە شێوەیەکی فەرمی لە لایەن خەڵکییەوە هەڵبژێردراوە. هەروەها وشەیelection، واتە هەڵبژاردن و elect، واتە هەڵدەبژێرێت. هەندێ جار مانای ئیلیت لەگەڵ وشەی چین class تێکەڵ دەکرێت و هەندێ کەس پێیان وایە چین و دەستەبژێر لە جەوهەردا هەڵگری هەمان واتان. بە پێچەوانەی ئەدەبیاتی مارکسیزم کە دەڵێت چین بە ژمارە و بە هێز گەورەتر و کاریگەرترە لە دەستەبژێر، کە ئەمەی دووەمیان گرووپێکی ڕۆشنبیرن و لە بوارێکی پسپۆڕیدا شارەزان و بەژمارە کەمترن.

لێرەدا چەندین وشەی هاوواتای تر هەن بۆ دەستەبژێر کە تا ئاندازەیەکی زۆر هەمان مانا دەبەخشن، بۆ نموونە clerisy، واتە ئەهلی مەعریفە، The best، واتە باشترین، excellenceواتە نایاب، Standards، واتە پێوەر، vanguard، واتە پێشڕەو، caders، واتە کادیر، یان کارمەندی چاک، کە ئەمانە هەمووی لە سیفەتەکانی دەستەبژێرن. بەگشتی دەشێت دەستەبژێر لە باوترین مانایدا بریتی بێت لەو دەستەبژارکراوە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەی کەمایەتییەک لە زۆرینە جیادەکاتەوە. لێرەدا کەمایەتیی دەستەبژێر بە تەنیا لە زۆرینە جیاواز نییە، بەڵکو حوکمیشی دەکات و دەسەڵاتیشی بەسەردا دەسەپێنێت.

ئەو نووسەرانەی بەر لەهەر کەس سەرنجی ئەم بابەتەیان دا و لەسەر نوخبە "دەستەبژێر"، یان "کەمایەتیی فەرمانڕەوا" وتاریان

PDF 4 KURD

نووسی، بریتی بوون لە: فیلفریدۆ پاریتۆ و گیتانۆ مۆسکا و ڕۆبێرتۆ میشێل و سی ڕایت میڵز. ئەمانە دەیانوت دەستەبژێر بریتییە لە توێژێکی جیاواز کە فەرمانڕەوایی وڵات دەکەن و کاروبارەکان بەڕێوە دەبەن و ئەمانە لەناو میللەتەوە دروست دەبن. پاریتۆ لە کتێبی "ئەقڵ و کۆمەڵگە"دا جیاوازییە سەرەکییەکانی نیوان دەستەبژێری فەرمانڕەوا و دەستەبژێرەکانی دی دیاری دەکات، کە لێرەدا مەبەستی لە دەستەبژێرەکانی دی ئەو گرووپانەن کە لە کۆمەڵگەدا ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە، وەک دەستەبژێری ئابووری و دەستەبژێری ئایینی و دەستەبژێری سەربازی و دەستەبژێری وەرزشکاران و دەستەبژێری ئەدیبان و نووسەران و هونەرمەندان و دەستەبژێری دادوەران و دەستەبژێری ڕۆژنامەنووسان و زۆری دیش.

ت.بۆتۆمۆر لە کتێبی (نوخبە و کۆمەڵگە)دا دەڵێ: وشەی "دەستەبژێر" لە سەدەی حەڤدەهەمدا بۆ وەسفی ئەو شتومەکانە بەکار دەهێنرا کە کوالیتییەکی بەرزیان هەبوو و ئەسڵی بوون، بەڵام لە سەدەکانی دواتردا ئەم مانایە فراوانتر بووەوە، بە چەشنێک ئەم وشەیە ئاماژە بوو بۆ چەند توێژێکی کۆمەڵایەتی جیاواز وەک چینە بڵندەکانی خانەدانان و ئۆرۆستۆکراتییەکان و یەکەی سەربازی و گرووپی پزیشکان.

چەمکی دەستەبژێر "نوخبە" بەپێی زانای ئیتالی پاریتۆ بریتییە لە ئەندازەی ئەو سەرکەوتن و لێهاتووییەی بکەرە کۆمەڵایەتییەکانی ناو گرووپێکی جیاواز بەدەستی دەهێنن. لێرەدا لە تیۆری زانای ئیتالی مۆسکادا دوالیزمی "دەستەبژێر/جەماوەر" هەیە. ئەم دابەشکردنە بەپێی مۆسکا لەوەوە هاتووە کە دەستەبژێری کەمایەتی زۆر جار دەتوانێت بە باشی خۆی ڕێکبخات و کارەکانی سیستماتیزە بکات، بۆیە دەشتوانێت پرۆسەی دەسەڵات بەسەر زۆرینەی ناڕێکخراودا

PDF 4 KURD

پیادە بکات. هەندێ جار دەستەبژێر دەتوانێت لە ڕێی دیموکراسی و دەنگدانەوە متمانەی زۆرینەیەکی ناڕێکخراو و ناهۆشیار بە ڕادەیەک بەدەست بهێنێت کە دەسەڵاتی خۆی بە جۆرێک فراوان و بەهێز دەکات، دەرەنجامەکەی بریتی دەبێت لە هاتنەئارای سیستمێکی سەرجەمگیر و گشتگیر (تۆتالیتاریزم)، وەک ئەوەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لە ئەزموونی کۆمۆنیزم و فاشیزم و نازیزمدا پرۆسە کراوە.

زۆربەی ئەو نووسەرانەی دەربارەی ئەم گرووپانەیان نووسیوە وای دەبینن دەستەبژێر توێژێک، یان کەمایەتییەکن لەنێو ڕیزەکانی کۆمەڵگەوە سەرهەڵدەدەن و ژمارەیان زۆر کەمترە لەو "چین"ەی حوکمیان دەکەن. دەستەبژێر هەندێ سیفاتی ئیجابیی تیادایە یارمەتیی دەدات کە خاوەن کاریگەری بێت و هەمیشە سەرکەوتوو بێت. یەکێک لەو سیفەتانە ئەوەیە کە تاکەکانی دەستەبژێر یەکگرتوون و یارمەتیی یەکتر دەدەن. سی ڕایت میلز لە کتێبی "هێزی دەستەبژێر"دا، کە ساڵی ١٩٥٦ چاپی کردووە، جەخت لە سیفەتی هاریکاری و پێکەوەکارکردنی دەستەبژێر دەکات و پێی وایە ئەم سیفەتە لەوەوە هاتووە کە تاکەکانی دەستەبژێر لە یەک ژینگەی کۆمەڵایەتیدا ژیان دەگوزەرێنن، هەڵوێست و بەها و فیکرەکانیان وەک یەکن، بەڵام لەم هەلومەرجەی ئێستاماندا پشت بە دەستەبژێرێکی دیاریکراو نابەسترێت، بەڵکو گرنگی دەدرێت بە فرەدەستەبژێری چونکە ئەمە یارمەتیی پرۆسەی دەسەڵاتێکی ئاسان دەدات، هەروەها بایەخدان بە فرەدەستەبژێری لە پرۆسەی فەرمانڕەواییدا بۆ ئەوەیە تا دەسەڵات لە یەک شوێن و لە لای یەک توێژدا کۆنەبێتەوە.

PDF 4 KURD

١- معجم العلوم الانسانية، ترجمة: د. جورج كتوره، مجد المؤسسة الجامعية، بيروت، ٢٠٠٩.
٢- النخبة والمجتمع، ت. بوتومور، ترجمة: جورج جحا، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٧٢.
٣- علم الاجتماع المفاهيم الاساسية، جون سكوت، ترجمة محمد عثمان، الشبكة العربية للابحاض والنشر- بيروت، ط٢، ٢٠١٣.
٤- معجم علم السياسة والمؤسسات السياسية، ترجمة: هيثم اللمع، مجد المؤسسة الجامعية، بيروت، ٢٠٠٥.
٥- المعجم النقدي لعلم الاجتماع، ترجمة: د. سليم حداد، مجد المؤسسة الجامعية، بيروت، ١٩٨٦.
٦- مفاتيح اصطلاحية جديدة، ترجمة: سعيد الغانمي، مركز دراسات الوحدة العربية و المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ٢٠١٠.
٧- الكلمات المفاتيح، ترجمة: نعيمان عثمان، المركز الثقافي العربي، بيروت، ٢٠٠٧.

PDF 4 KURD

## دەقی کراوە Open text

دەقی کراوە، یان بەرهەمی کراوە، یان تێکستی والا open text، بە عەرەبی (النص المفتوح)، یان (الأثر المفتوح)، یان (العمل المفتوح)، زاراوەیەکی ڕەخنەیی نوێیە و لە لێکۆڵینەوەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و هونەریی نوێدا بەکاردێت. ڕۆماننووس و سیمیۆلۆژیستی ئیتالی ئۆمبرتۆ ئیکۆ (١٩٣٢–...) ئەم زاراوەیەی داهێناوە و کتێبێکیشی بەو ناونیشانە چاپ کردووە. مانای ئەم زاراوەیە پەیوەندیی بە ڕاڤەکردن و تەئویلی تێکستی ئەدەبی و هونەرییەوە هەیە، بەو پێیەی تێکست کراوەیە لەوەی چەند مانا و چەند تەئویل هەڵدەگرێت، واتە مانای زاراوەکە ئەوە نییە کە تێکستەکە تەواو نەکراوە و کۆتاییەکی کراوەی هەیە و خوێنەر خۆی دەتوانێت تەواوی بکات. هەندێ کەس بە هەڵە بەو شێوەیە لەم زاراوەیە دەڕوانن. هەروەها بەو مانایەش نایەت کە کۆمەڵێ ژانری ئەدەبی لە تێکستێکدا کۆبکرێنەوە و ناوی لێبنرێت دەقی کراوە یان تێکستی والا.
ئۆمبێرتۆ ئیکۆ لە ساڵی ١٩٥٨دا و لە کۆنگرەیەکی فەلسەفیدا، وتارێکی دەربارەی (بەرهەمی کراوە) پێشکەش کرد و دواتر ناوەڕۆکی ئەو وتارەی کرد بە کتێبێک بە ناونیشانی "کاری کراوە" کە بە ئیتالی پێی دەوترێت opera aperta، ئەم زاراوەیەش لە ئەدەب و تێکستی ئەدەبیدا قەتیس ناکرێت، بەڵکو دەچێتە سەر چەندین بواری دیکەی وەک مۆسیقا و هونەری شێوەکاری و تەلارسازی و تەلەفیزیۆن و چەندین بواری تری پەیوەست بە ژیانی کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ.
ئۆمبێرتۆ ئیکۆ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم زاراوەیە تەرکیز دەکاتە سەر ژمارەیەک لەو کارە مۆسیقییە کلاسیکییانەی دانەرەکانیان ئازادییەک بە مۆسیقاژەنەکان دەبەخشن کە لە چەند بەشێکی سیمفۆنیاکەدا ئازاد بن لە ڕێکخستنی هارمۆنیای ژەنیندا. هەروەها لە ڕۆمانەکانی ڕۆماننووسی ئێرلەندی جێمس جۆیس دەکۆڵێتەوە و بە تایبەتی

PDF 4 KURD

نموونەی ڕۆمانی (یۆلیسیس) دەهێنێتەوە، پاشان هەندێ لە شانۆنامەکانی برتۆلد بریخت و نموونەی تێکستە شیعرییەکانی فێرلین و مالارمێ وەک دەقی کراوە پێشکەش دەکات، بە تایبەتی دەقی (وەرزێک لە دۆزەخ)ی شاعیری تازەگەری فەڕەنسی ئارسەر ڕامبۆ (١٨٥٤-١٨٩١).

ئیکۆ لەو کتێبەدا داکۆکی لە ڕۆڵی ئاکتیڤ و کاریگەریی خوێنەر، یان (تەئویلکار)ی تێکستەکە دەکات و ئارگۆمێنتێک لە نێوان مافی تێکست و مافی تەئویلکاردا دادەمەزرێنێت. پێی وایە لەم نێوەدا تەئویلکار بەشێکی زۆرتری لە مافی خوێندنەوە و تەئویلدا هەیە، واتە تەئویلکار بایەخێکی زیاتری پێدەدرێت، بەو پێیەی تێکست بریتییە لە جیهانێکی کراوە. خوێنەر و تەئویلکار دەتوانن لە فەزای بەرینی ئەو تێکستەدا مەلە بکەن و پەیوەندیی دیکە و مانای تری بێشوماری تیادا بدۆزنەوە. لێرەدا، وەک ئیکۆ دەڵێ، نابێت وا لە چەمکی دەقی کراوە تێبگەین کە ژانرێکی جیاواز و سەربەخۆی تێکستە و لە تەنیشت ژانرە ئەدەبییەکانی ترەوە دابنرێت، بەڵکو ئەمە بریتییە لە توانای خوێندنەوەیەکی جیددی بۆ نوێکردنەوەی تێکستی خوێنراو لە میانی بەردەوامیدان بە تەئویلی ناوەڕۆکی تێکستەکە. ئەگەرچی لە هەندێ ناوەندی ئەدەبیدا و بە تایبەتی لە ڕەخنەی نوێی عەرەبیدا، بەو تێکستانەی پتر لە ژانرێکی ئەدەبی لەخۆ دەگرن دەوترێت دەقی کراوە، یان تێکستی والا. لەم دواییەدا لە ئەدەبی کوردیدا شێرکۆ بێکەس هەندێ تێکستی نووسیوە کە چەند ژانرێکی ئەدەبیی وەک شیعر و چیرۆک و شانۆنامە لەخۆ دەگرێت و ناوی ناوە تێکستی والا. ئەم زاراوەیە پەیوەندیی بە تیۆری (ئیستاتیکای وەرگرتن)ەوە هەیە کە هەردوو ڕەخنەگری ئەڵمانی هانس ڕۆبێرت یاوس و ولفگانگ ئایزەر دایان هێناوە، لە ڕاستیدا ئەم دوو ڕەخنەگرە بیرۆکەی (ئیستاتیکای

وەرگرتن) و (ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەر)، یان لە (دەقی کراوە)ی ئۆمبێرتۆ ئیکۆوە وەرگرتووە، چونکە سەرەتای سەرهەڵدانی زاراوەی دەقی کراوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٨، دوای چەند ساڵێک ئینجا کتێبەکەی ئیکۆ وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئەڵمانی، بەڵام سەرەتای سەرهەڵدانی زاراوەی ئیستاتیکای وەرگرتن دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم. دواتر ئیکۆ لە ساڵی ١٩٧٩دا پەرەی بەم زاراوەیە دا و لە کتێبی (خوێنەر لە حیکایەتدا) بایەخی دا بە زاراوەی (سیمیۆلۆژیای خوێندنەوە).

کتێبی (کاری کراوە)ی ئیکۆ چەمکی خوێندنەوەی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا جێگیر کرد و بایەخێکی شایستەی گەڕاندەوە بۆ ڕۆڵی خوێنەر و وەرگر لە جوڵاندنی تێکستدا. هەروەها ئەو تێڕوانینە تەقلیدییەی گۆڕی کە لە یەک لایەنەوە دەق ڕاڤە دەکات، واتە خوێندنەوەی تاکڕەهەندیی گۆڕی بە خوێندنەوەی فرەڕەهەندی. دیسان خوێنەری کاری ئەدەبی توانیی سنوورەکانی شەرح و ڕاڤە جێبهێڵێت و پرۆسەی ڕەخنەیی فراوان و بەرین بکات. لێرەدا خوێنەر و تەئویلکار، لە بەرامبەر تێکست و لە ڕووبەڕووبونەوەی تێکستدا، هەموو خەزینە مەعریفییە فیکری و ڕۆشنبیری و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی، بەکار دەهێنێت.

لە بەرامبەر (دەقی کراوە) و (دەقی داخراو)ی ئیکۆدا، ڕەخنەگری فەڕەنسی ڕۆلان بارت (١٩١٥-١٩٨٠) دوو زاراوەی دیکە دادەهێنێت کە بریتین لە: (دەقی خوێنراو) و (دەقی نووسراو). دەقی کراوە لە لای ئیکۆ لە مانادا، نزیک دەبێتەوە لە دەقی خوێنراو لە لای ڕۆلان بارت، دەقی داخراویش هاوشانی دەقی نووسراوە .

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**

١ - الاثر المفتوح، تأليف أمبرتو أيكو، ترجمة: عبدالرحمن بوعلي.

٢- دليل الناقد الأدبي، د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي.

٣ - المفكرة النقدية، د. بشرى موسى صالح.

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

## Intertext, Intertextuality دەقاوێزان

دەقاوێزان، یان دەقئاوێزان، یان بەنێویەکداچوونی دەقەکان، بە عەرەبی (التناص)، وەک زاراوەیەک بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٦دا ڕەخنەگری فەرەنسیی بەڕەچەڵەک بولگاری خاتوو جۆلیا کریستیڤا (١٩٤١- ...) دای هێناوە، بە تایبەتی لەو توێژینەوانەیدا کە لە هەردوو گۆڤاری (ڕەخنە) و (تیل کویل)ی فەرەنسیدا بڵاوی کردوونەتەوە.

کریستیڤا وای دەبینێت دەقاوێزان یەکێکە لە سیما بنەڕەتییەکانی هەموو تێکستێک. بەو پێیەی دەق دەچێتەوە سەر چەندین دەقی دیکەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی پێش خۆی، یان هاوچەرخی خۆی. هیچ دەقێک نییە لە سفرەوە دەست پێبکات. میشێل فوکۆ (١٩٢٦-١٩٨٤) دەڵێ هیچ گوزارشتێک نییە گریمانی گوزارشتی دیکە لەخۆ نەگرێت، هیچ گوتارێک نییە گوتاری دیکەی لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرتبێت، هیچ شتێک لەخۆیەوە و لە خودی خۆیەوە لەدایک نابێت، بەڵکو لە ئاکامی لەدایکبوونی شتەکانی پێش خۆی و لە ئاکامی زنجیرەیەک ڕووداوی دیکە دێتە ئاراوە. ڕۆلان بارت (١٩١٥-١٩٨٠) پێی وایە دەقئاوێزان چارەنووسی هەموو تێکستێکە، سا چەشن و ژانری ئەو تێکستە هەرچییەک بێت، واتە لە دەقدا یاسایەک هەیە کە بێکۆتاییبوونی تێکست دەسەلمێنێت. دەشێت بڵێین تێکست بریتییە لە چەند چینێکی جیۆلۆجیی نووسینامێز کە ئاوێزانی چەندین تێکستی دیکەی بەرلەخۆی بووە.

دەتوانین بڵێین دەقاوێزان زاراوەیەکی ڕەخنەیی نوێیە و جۆلیا کریستیڤا وەک ئاماژەیەک بۆ پەیوەندیی ئاڵوگۆڕی نێوان تێکستێک و ژمارەیەک تێکستی دیکە، دای ڕشتووە، کریستیڤا لە بنەڕەتدا ئەم بیرۆکەیەی لە چەمکی دیالۆگیزمی ڕەخنەگری ڕووسی میکائیل باختین (١٨٩٥-١٩٧٥) وەرگرتووە، بە تایبەتی لەو لێکۆڵینەوەیەی باختیندا کە ساڵی ١٩٢٩ لەبارەی شیعرییەتی ڕۆمانەکانی

دۆستۆیڤسکیی نووسیوە. بەو پێیەی باختین پەیوەندیی نێوان تێکستەکان بە (دیالۆگیزم) ناودەبات. هەموو واژەیەک، یان هەموو دەستەواژەیەک لە پەیوەندییەکی دیالۆگامێزدایە لەگەڵ دەستەواژەکانی دیدا. هیچ تێکستێک خاڵی نییە لە دیالۆگیزم، یاخود لە ڕەهەندی دەقاوێزان، بۆیە باختین وتوویەتی: ڕاستە شێواز بریتییە لە مرۆڤ خۆی، بەڵام دەشێت بڵێین شێواز بریتییە لە پتر لە مرۆڤێک، یان بریتییە لە مرۆڤێک پابەند بە گرووپ و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەی. تزڤیتان تۆدۆرۆڤ (١٩٣٩-...) لە کتێبی "پرەنسیپی دیالۆگیزم" ئەم مەسەلەیەی ڕوون کردووەتەوە.

ئەم زاراوەیە لە تیۆرەکانی بونیادگەری و پاش بونیادگەریدا بایەخێکی پتری پەیدا کردووە، ژمارەیەکی زۆری ڕەخنەگران و بیرمەندانی ئەو بوارە بۆچوون و چەمک و بابەتی خۆیان لەبارەیەوە بڵاوکردووەتەوە، سەرجەمیان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەموو تێکستێک ئاوێزانی چەندین تێکستی تر دەبێت. تێکست بریتی نییە لە قەوارەیەکی زمانەوانیی داخراو، تێکست بەسەر خۆیدا دانەخراوە، بەڵکو بە بێئاگایی نووسەر، تێکەڵ بە تێکستەکانی دی دەبێت. بۆرخێس (١٨٩٩-١٩٨٦) دەڵێ لە هیچ تێکستێکدا شتی نوێ نییە و هەموو شتەکان پێشتر وتراون و ئێمە بە ستایل و دارشتنێکی تر دەیلێینەوە. سۆلێرز و ستارۆبنسکی وای دەبینن هەموو تێکستێک بریتییە لە بەرهەمی بەرهەمهێنراوی دی. باختین پێی وایە تێکست بریتییە لە فرەدەنگی (پۆلیفۆنی) و دیالۆگیزم. جیرار جینێت (١٩٣٠-...) ئەم زاراوەیە بە (کۆکردنەوەی تێکستەکان) ناو دەبات، چونکە هەموو تێکستێک لە پەیوەندییەکی ئاشکرا، یان نهێنیدایە لەگەڵ ژمارەیەک تێکستی تردا. لە لای جۆلیا کریستیڤا ئەم زاراوەیە چەمکی (کۆچکردنی دەقەکان بۆ لای یەکدی) لەخۆ دەگرێت، بەو پێیەی لە فەزای هەموو دەقێکدا چەندین بەشی دەقەکانی دی یەکتر دەبڕن،

PDF 4 KURD

هەموو تێکستێکیش بریتییە لە تابلۆیەکی فرەڕەنگ و پڕ لە وەرگرتن و زنجیرەیەک لە پەیوەندی. کریستیڤا پتر جەخت لەم پەیوەندییە دەکات و دەڵێ هەموو تێکستێک بە مسۆگەری بریتییە لە بەنێویەکداچوونی تێکستەکانی دی.

بەگشتی دەتوانین پێناس و چەمکەکان بۆ زاراوەی دەقاوێزان، لەم ڕستانەدا کورت بکەینەوە: لەدایکبوونی تێکست لە منداڵدانیی تێکستەکانی دییەوە. بەنێویەکداچوونی دەقەکان. دەق کورتکراوەی ژمارەیەکی بێشومار لە دەقەکانی ترە. هەموو دەقێک پشت بە دەقەکانی دی دەبەستێت. هەموو دەقێک لە پەیوەندییەکی هەمیشەییدایە بە دەقەکانی ترەوە. دەق سنووری نییە. دەق بریتییە لە هەڵمژینی دەقە نادیار و نائامادەکانی دی. هەموو دەقێک مەحکوومە بە دەقاوێزان. لێرەوە دەق یەک خوێندنەوە هەڵناگرێت و بونیادێکی دیاریکراویشی نییە، بەڵکو ژمارەیەکی بێشومار بونیادی هەیە.

لە ساڵی ١٩٧٩دا لە زانکۆی کۆلۆمبیا سیمینارێکی جیهانی لەبارەی دەقاوێزان ئەنجام درا بە سەرۆکایەتیی میشال ڕیڤاتێر، کە ژمارەیەکی زۆر ڕەخنەگری ئەورووپی گفتوگۆیان لەبارەیەوە کرد.

هەندێ لە توێژەران وای دەبینن ئەم زاراوەیە ئاماژە بۆ چەندین زاراوەی دیکە دەکات کە دەشێت ببن بە هاوواتای دەقاوێزان؛ لەوانە: وەرگرتن، لەخۆگرتن، دزی، لێکچوون، لاساییکردنەوە، کاریگەری، مەجاز. بگرە هەندێ ڕەخنەگر پێی وایە ئەم زاراوەیە پاساوێکە بۆ دزیی ئەدەبی، بەڵام ڕەخنەگری عەرەب د. عبدالملک مرتاچ لە وتاری "بیرۆکەی دزینی ئەدەبی و تیۆری دەقاوێزان"دا ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە دەقاوێزان هاوواتای دزی بێت، چونکە دەق بەپێی چەمکی دەقاوێزان سنووری نییە و دەق هەمیشە لە بزاوتێکی دینامیکی و گۆڕاودایە لە میانی ئاوێزانبوونی بە دەقەکانی دییەوە.

PDF 4 KURD

دەقاوێزان لە هەندێ ڕووکاردا لە ئەدەبی بەراوردکاری نزیک دەبێتەوە، بەڵام لە کەرەستە و ئامانجدا جیاوازن. ئەدەبی بەراوردکاری بایەخ بە کاریگەری و کارتێکردنی نێوان تێکستە ئەدەبییەکانی نەتەوە جیاجیاکان و زمانە جیاوازەکان دەدات؛ بایەخ بە شوێن و کات و بیۆگرافیا و ڕۆشنبیریی نووسەر دەدات و بەدوای کارلێکی نێوان تێکستەکاندا دەگەڕێت، کەچی دەقاوێزان لە بێسنووریی تێکست و بەنێویەکداچوونی تێکستەکان دەکۆڵێتەوە کە زۆر جار ئەم ئاوێزانبوونە لە نائاگایی نووسەردا خەزن بووە. پاشان دەقاوێزان پشت بە کاتیگۆرییەکانی بونیاد و سەرخان و ژێرخان نابەستێت، چونکە لە بنەڕەتدا دەقاوێزان سێنتەری دەق و سنووری دەق ڕەت دەکاتەوە .

هەندێ لە توێژەران و تیۆریستانی ئەدەب پێیان وایە دەقاوێزان تا ئەندازەیەکی زۆر تەمومژاوییە و شوێنی ڕەخنەلێگرتنە. دەشێت ڕەخنەکان لەم چوار خاڵەدا کورت بکەینەوە:

١- دەقاوێزان ئەو بەهایە ڕەت دەکاتەوە کە لە تێکستدا هەیە. سەنگی ئەو بەهایە ناهێڵێت کە ڕەخنەگر بایەخی پێدەدات و بەدوایدا دەگەڕێت.

٢- دەقاوێزان ددان بە هاوکێشەی نووسەر-تێکست-خوێنەردا نانێت لە پەیوەستیدا بە بەها هاوچەرخ و ئایندەییەکانەوە، واتە هەموو تێکستێک دەبەستێتەوە بە تێکستەکانی دی و لە گرنگیی داهێنەر کەم دەکاتەوە، تایبەتمەندی و ئەفراندنی بێهاوتای تێکست نەفی دەکات.

٣- دەقاوێزان مێژووگەرایی تێکست ڕەت دەکاتەوە، تێکست دەگەڕێنێتەوە بۆ چەند کانگایەکی بێسنوور و بێڕوخسار.

٤- چەمکی دەقاوێزان یەکێکە لە دەرکەوتەکانی فەلسەفەی ئایدیالیزم کە هیچ بایەخێک بۆ تایبەتمەندیی سەردەم و بۆ کاریگەریی واقیعی کۆمەڵایەتی، لە شێوەگرتنی چەمک و ئایدیا و وێنادا، ناهێڵێتەوە.

ئەم زاراوەیە لە ڕەخنە و ئەدەبی کوردیدا بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە، نە لە نووسینی تیۆری و نە لە ڕەخنەی پراکتیکی و نە لە وەرگێڕانیشدا سەرچاوەی زۆرمان لە بەردەستدا نییە.

**بڕوانە:**


١- في نظرية الأدب، د. شكري عزيز ماضي.
٢- شعرية الخطاب السردي، محمد عزام.
٣- علم التناص المقارن، د. عزالدين المناصرة.
٤- الكلمات المفاتيح، ريموند وليمز.
٥- مصطلحات النقد العربي السيماءوي، د. مولاى على بوخاتم.
٦- المصطلح السردي، جيرالد برينس.
٧- معجم المصطلحات اللغوية والأدبية الحديثة، د. سمير حجازي

PDF 4 KURD

## دواليزم Dualism

دواليزم Dualism، یان دواڵیتی Duality، بە عەرەبی (الثنائية، الثنوية)، واتە دوانەییەکی دژ، یان دوانەییەکی بەرامبەر. لە یۆنانی کۆندا دەیانوت هەمیشە دوو خواوەند هەیە؛ خواوەندی خێر و خواوەندی شەڕ، چونکە دونیا بریتییە لە دووانەی خێر و شەڕ، لە ئایینی زەردەشتیدا (ئەهریمەن) خواوەندی شەڕە و یەزدان، یان (ئەهورامەزدا) خواوەندی خێرە. سەرانسەری سروشت و ژیانی ئینسان بریتییە لە دووانەیەکی بەرامبەر کە هەمیشە پێکەوە مانا دەبەخشن؛ وەک: ڕەش و سپی، تاریکی و ڕووناکی، یان شەو و ڕۆژ، خەیاڵ و واقیع، نێر و مێ، ئازاد و کۆیلە، ڕۆح و جەستە، ئایدیالیزم و ماتریالیزمی.

ئەم زاراوەیە لە چەندین بواری ئایینی و مەعریفی و فەلسەفی و ئەدەبیدا بەکار دەهێنرێت، بەو پێیەی هەموو سیستمی فیکری لە بنەڕەتدا بریتییە لە دوو ڕەگەزی دژ، یان دوو ڕەگەزی جیاواز. بە پێچەوانەی ئەو سیستمەی لە یەک ڕەهەندەوە، یان لە یەک پرەنسیپەوە تەماشای واقیع دەکات.

**بڕوانە:**

١- موسوعة علم الاجتماع، جون سكوت و جوردون مارشال، ترجمة: محمد الجوهري و آخرون، المجلد الاول، المركز القومي للترجمة، القاهره، ط٢، ٢٠١١.

٢- معجم العلوم الانسانية، جان فرانسوا دورتيه، ترجمة: د. جورج كتوره، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠٩.

٣- موسوعة لالاند الفلسفية، أندريه لالاند، تعريب: د. خليل أحمد خليل، ج١، عويدات للنشر والطباعة، بيروت، ٢٠٠٨.

PDF 4 KURD

## ڕەخنەی ئەدەبی Critical literature

لەوانەیە بشێت، لە پێناسێکی سەرەتاییدا، بەم شێوەیە باسی ڕەخنەی ئەدەبی (النقد الادبي) بکەین: ڕەخنە لە ئەدەبدا بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە تێکستە ئەدەبییەکان، واتە شیکردنەوە و ڕاڤەکردن و دەرخستنی ڕەگەز و هونەرەکانی تێکستی ئەدەبی، نیشاندانی لایەنی جوان و ناشیرینی ئەو تێکستە و پاشان، حوکمدان و هەڵسەنگاندنی بەپێی ئاستی داهێنان و بەهای هونەریی تێکستەکە.

کەواتە ڕەخنەی ئەدەبی بریتییە لە هەڵسەنگاندنی دەق و حوکمدان بە سەریدا لە ڕووی ئەدەبی و هونەرییەوە، لەتەک لەبەرچاوگرتنی شێوازی نووسینی تێکستەکە، بەڵام پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و حوکمدان لە چەرخێکەوە بۆ چەرخێکی دی و لە ڕەخنەگرێکەوە بۆ ڕەخنەگرێکی دی دەگۆڕێت.

ڕەخنەی ئەدەبی لە سەدەی بیستەم بەدواوە فۆرمێکی تۆکمەتر و زانستی تری لەخۆگرت، هەڵسەنگاندنەکان تا ئەندازەیەک لە یەکدی نزیک بوونەوە بە هۆی لێکچوون و نزیکبوونەوەی قوتابخانە و ڕێبازە ڕەخنەییەکان، واتە دەسنیشانکردنی تێکستی داهێنەر و سەرکەوتوو لە زۆربەی ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبی و ڕەخنەییەکاندا لەیەک دەچوو، بۆ نموونە لە لای بەشی هەرەزۆری ڕەخنەگران و بەپێی میتۆد و قوتابخانە ڕەخنەییە جیاجیاکان، فیۆدۆر دۆستویڤسکی داهێنەرێکی گەورەیە و ڕۆمانەکانیشی شاکاری جیهانین.

د. کامیل بەسیر لە کتێبی (مێژووی ڕەخنەسازی)دا شەش خاڵی سەرەکی بۆ سروشتی ڕەخنەسازی دیاری دەکات: یەکەم خوێندنەوەیەکی قووڵ بۆ دەقێکی وێژەیی کە دەبێتە هۆی بنیاتنانی پەیوەندییەکی هەستونەستی لە نێوان ئەو دەقە و خوێنەردا، دووەم چێژوەرگرتن لەو دەقە و بەیەکاچوون لەگەڵیدا، سێیەم لێکدانەوەی مەبەستی دەقەکە و شیکردنەوەی توخمەکانی، چوارەم

PDF 4 KURD

دەستنیشانکردنی جوانی و ناجوانی و ڕاست و چەوتەکانی ئەو دەقە، پێنجەم چەسپاندنی حوکمێک و وەرگرتنی بڕیارێک لەبارەی پلە و نرخی ئەو دەقە، شەشەم دەربڕینی ئەو هەنگاوانە هەموویان بە شێوازێکی ڕاست و ڕەوان و کاریگەر.

ڕەخنەگر، بە ئەندازەیەکی زیاتر، لەم ڕەگەزانەی تێکست دەکۆڵێتەوە:
١- فۆرم، واتە دەرخستنی واژەکان و کاریگەرییان، هەروەها مەودا و ئیحا و سەلیقەیی لە هەڵبژاردنی وشەکان، دەرخستنی بەهێزیی، یان لاوازیی تەکنیک و پێکهاتەکانی تێکست، جۆری شێواز و پەیوەندیی ئەو شێوازە بە کەسایەتی و ژینگە و سەردەمی نووسەر.
٢- لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆکی بابەتەکە. ناوەڕۆک تا چەند قووڵ و ڕاستگۆیە و تا چەندە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا شوێنی بایەخە و تا چەندە ئەو ناوەڕۆکە، کاریگەر و نوێیە.
٣- دەرخستنی هێزی سۆز و خەیاڵ لە تێکستدا و نیشاندانی سادەیی، یان بە پێتیی خەیاڵی ناو تێکست بەو پێیەی کە دەبێ خەیاڵ لە تێکستی ئەدەبیدا هەستپێکراو بێت.
لێرەوە دەتوانین بڵێین ڕەخنەی ئەدەبی بریتییە لە هونەری لێکۆڵینەوە و حوکمدان لەسەر تێکستی ئەدەبی. ڕەخنەگر هەوڵدەدات مانا شاراوەکانی ناو تێکست و نادیارەکانی ئەودیوی زمان بخوێنێتەوە و ئاشکرایان بکات. بۆ ئەمەشیان دەبێ ڕەخنەگر بە عەشقەوە لەگەڵ تێکستدا بژی، لەگەڵ بیر و زمانی تێکستەکەدا ئاوێزان بێت.
لێرەدا ڕەخنەگر دەکەوێتە بەرامبەر جۆر و چۆنێتیی بەکارهێنانی زاراوە و میتۆدی ڕەخنەیی. دەبێ بە شارەزاییەوە مامەڵە لەگەڵ زاراوە ڕەخنەییەکان و هەڵبژاردنی میتۆدێک، یاخود زیاد لە میتۆدێکدا بکات. دەبێ ڕەخنەگری شارەزا و لێهاتوو بزانێت چۆن پەرە بە زاراوەکانی ڕەخنەی ئەدەبی بدات کە دەشێت هەندێجار زاراوەی نوێ

PDF 4 KURD

دابهێنێت، چونکە داهێنانی بەشی هەرەزۆری زاراوەکان لە ئەنجامی خوێندنەوە و کارلێکی نێوان ڕەخنەگر و تێکست و میتۆد و زاراوەکاندا هاتووەتە ئاراوە.

دەرگای ڕەخنە دەرگایەکی پان و فراوان و بگرە چەندین دەرگا هەیە تا ڕەخنەگر لێیانەوە بچێتە نێو پرۆسەی ڕەخنەوە و بە لێهاتووییەوە بچێتە قووڵایی خوێندنەوەی تێکستەوە.

ئەگەر ڕەخنەگر زیاد لە زاراوەیەک و زیاد لە میتۆدێکی بۆ خوێندنەوەی تێکست پێ نەبێت، ئەوا ڕەنگە نەتوانێت بە هێزێکی مەعریفییەوە لایەنە گرنگەکانی تێکست بپشکنێت و دەشێت بە لاوازی لە پراکتیزەدا بێتە دەرێ. بەو پێیەی پراکتیک لە پرۆسەی ڕەخنەییدا ئێجگار گرنگ و کاریگەرە. لێرەوە ڕەخنەش بە داهێنانی دووەم، یاخود بە داهێنانێکی تر دادەنرێت و ئەمە بە "داهێنان لەسەر داهێنان" ناو دەبرێت، چونکە ڕەخنەی ئەدەبی ڕاستەقینە بریتییە لە خوڵقاندنی تێکستێکی هاوشان بە تێکستە ئەدەبییەکە، واتە تێکستی ڕەخنەیی داهێنەر دەتوانێت بە تەریبی لەتەک تێکستە ئەدەبییە داهێنەرەکەدا ڕێبکات.

خوێنەر، تا ئەندازەیەکی زۆر، دەتوانێت لە ڕێگەی ڕەخنەوە تێکستێکی باش و داهێنەر لە تێکستێکی لاواز و بێوزە جیابکاتەوە و بزانێت بایەخ بە کام تێکست بدات و کام تێکست فەرامۆش بکات.

ڕەخنەگر ناتوانێت بە تەنیا پشت بە لایەنی تیۆریی ڕەخنە ببەستێت و هەر بە تەنیا بە زاراوە ڕەخنەییەکان و بە میتۆدی ڕەخنەیی خۆی پڕ چەک بکات، چونکە ئەمانە سوودێکی ئەوتۆیان نابێت ئەگەر ئەو کەرەستە و ئامرازانەی بەردەستی لە پراکتیزەدا نەخاتە گەڕ. لێرەدا دەبێ ڕەخنەگر هەڵگری فیکرێکی کراوە بێت و سەلیقەی ڕەخنەیی هەبێت تا بتوانێت لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکەی لە هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکیدا بگەیەنێتە ئاستی داهێنان لە ڕەخنەی ئەدەبیدا. کەواتە

PDF 4 KURD

بەبێ پراکتیک ڕەخنە ناتوانێت تەنها بە تیۆر ئاست و لایەنەکانی تێکست دەربخات.

ڕەخنە لە لای ئیمپریشنیستەکان وەک قوتابخانەی چێژ وەسف دەکرێت. ئەناتۆل فرانس یەکێکە لەو ئەدیبانەی بەپێی ڕەخنەی ئیمپریشنیزم حوکمی بەسەر دەقە ئەدەبییەکاندا دەدا، واتە بەپێی تێگەیشتن و کاریگەریی خودی خۆی، بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش، قسەی لەبارەی دەقەوە دەکرد، بەڵام لە لای ڕەخنەگری فەرەنسی (ماشێری) ڕەخنە بریتییە لە لایەنی تیۆری بۆ بەرهەمهێنانی کاری ئەدەبی، هەروەها ڕەخنە بەپێی لوی ئالتۆسێر هەم هونەرەو هەم زانست.

د. محەمەد غونەیمی هیلال لە کتێبی (ڕەخنەی نوێی ئەدەبی)دا دەڵێ: دواتر ڕەخنە سوودی لە زانستە مرۆڤایەتییەکانیش وەرگرت، ئیدی ڕەخنەگران لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و مێژوویی و زمانەوانی و ئیستاتیکییان بۆ تێکست دەکرد. ئەمە بەو پێوەرەی کە ڕەخنە بەشێکە لە زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵیاندا هەیە

ڕەخنە لە چەرخی یۆنانی کۆندا، بە شێوە سەرەتاییەکەی، لە لای ئەفلاتون و ئەرستۆ و هۆراسدا دەرکەوت. ڕەخنە لەو سەردەمەدا پەیوەست بوو بە فەلسەفەوە، بگرە لقێک بوو لە لقەکانی فەلسەفە. ئەم پەیوەندییە لە چەرخە نوێیەکاندا بە شێوەیەکی ڕوونتر دەرکەوت، بە تایبەتی لە چەرخی بیستەمدا ڕەخنە بەتەواوی پەیوەست بوو بە ئیستاتیکاوە، ئیستاتیکاش لقێکە لە لقەکانی فەلسەفە.

لەتەک پێشکەوتنی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکاندا، ڕەخنەش پێشکەوت، ڕەخنە لە چەندین ڕووەوە لەگەڵ فەلسەفەی مێژوودا یەک دەگرێت، بۆیە چەشنێک لە ڕەخنە سەری هەڵدا کە بە "ڕەخنەی مێژوویی" ناوبرا. دیسان ڕەخنە سوودی لە سۆسیۆلۆژیا وەرگرت و

لەسەر شێوازی "ڕەخنەی سۆسیۆلۆژی" ڕاڤەکانی خۆی پێشکەش دەکرد، ڕەخنەی ئەدەبی بە ئەندازەیەکی زیاتر پشت بە سایکۆلۆژیا دەبەستێت، بگرە ئەدەب –وەک فرۆید دەڵێ- سەرچاوەی سەرەکیی سایکۆلۆژیایە. ئیدی لێرەوە "ڕەخنەی سایکۆلۆژی" پەیدا بوو. زۆر جاریش ڕەخنە پەنا دەباتە بەر زانستی زمانەوانی، چونکە ئەدەب و تێکستی ئەدەبی بە پلەی یەکەم بریتین لە زمان، مادەی سەرەکیی ئەدەب زمانە، بە هەموو مانا و دەلالەت و پێکهاتەکانی ڕستە.

**بۆ شارەزایی زیاتر بڕوانە:**


١ – نظرية الأدب، رينيه ويليك واوستن وارين.
٢– مفاهيم نقدية، رينيه ويليك.
٣ – دليل الناقد الأدبي، د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي.
٤ – المعجم المفصل في الأدب، د. محمد آلتونجي.
٥ – معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة، د. سعيد علوش.
٦ – مناهج النقد المعاصر، د. صلاح فضل.
٧– النقد الأدبي الحديث، د. محمد غنيمي هلال.
٨– مێژووی ڕەخنەسازی، د. کامل حەسەن بەسیر.

PDF 4 KURD

## ڕەخنەی ڕۆشنبیری Cultural criticism

ڕەخنەی ڕۆشنبیری (النقد الثقافي)، دەتوانین لە مانا گشتییەکەیدا بەم شێوەیە پێناسی بکەین: بریتییە لە چالاکییەکی فیکری کە "ڕۆشنبیری"، بە مانا سەرجەمگیرەکەی، دەکات بە بابەتی توێژینەوە و بیرکردنەوە. بەم مانایە دەکرێت بڵێین ڕەخنەی ڕۆشنبیری ڕەخنەیەکی بەرینە و هەموو ئاراستەکان لەخۆ دەگرێت.

پەرەسەندنی ئەم ڕەوتە، وەک زاراوەیەکی ڕەخنەیی، لە ڕەخنە و توێژینەی خۆرئاواییدا شێوەی گرتووە، بەڵام وەک میتۆدێک بۆ توێژینەوە دەرنەکەوتووە، یان وەک تەوژمێک کە سیمای دیاریکراوی هەبێت، بەڵکو وەک چالاکییەکی ڕۆشنبیریی گشتی دەرکەوتووە کە ژمارەیەک بیر و تیۆر و میتۆد و تەوژم لە خۆیدا کۆدەکاتەوە.

سەرەتای سەرهەڵدانی ڕەخنەی ڕۆشنبیری لە ئەورووپادا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەیەم، بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، لە هەردوو ئاستی مەعریفی و میتۆدیدا، هەندێ سیمای دیاریکراوی لەخۆ گرت بۆ ئەوەی لە چەشن و پرۆسە ڕەخنەییەکانی دی جیابێتەوە.

لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا، توێژەری ئەمریکی ڤینسینت لیتچ برەوی بەم چەشنە پرۆسە ڕەخنەییە دا و ناوی نا (ڕەخنەی ڕۆشنبیری، پاش بونیادگەری) بەو پێیەی ئەم جۆرە ڕەخنەیە خۆی بە ڕێبازێکی دیاریکراو، یان بە میتۆدێک و بە ڕێچکەیەکی دیاریکراو نابەستێتەوە، بەڵکو مومکینە ئەم پرۆسە ڕەخنەییە، لە خوێندنەوەی تێکستدا، سوود لە سەرجەم ڕۆشنبیری و فیکر و و میتۆد و مێژوو و زانستەکان وەربگرێت و پراکتیزەیان بکات، واتە لە سنوورە تەقلیدییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی دەردەچێت و دەچێتە نێو هەموو بوارە ڕۆشنبیرییەکانەوە.

ڕەخنەگری فەڕەنسی بە ڕەگەز بولگاری، تزڤیتیان تۆدۆرۆڤ (١٩٣٩-...) لە کتێبی "ئەدەب لە مەترسیدایە"، بە شێوەیەکی تر داکۆکی لەم پرۆسە ڕەخنەییە دەکات، ئەو ڕەخنە لە ڕەوتەکانی فۆرمالیستی و بونیادگەری دەگرێت کە ئەدەب و ڕەخنە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا سنووردار دەکەن و پێیان وایە تێکست بریتییە لە قەوارەیەکی زمانەوانیی داخراو، لە کاتێکدا ئەدەب سنووری نییە و بۆی هەیە سوود لە هەموو میتۆد و کولتوورێک وەربگرێت بۆ گوزارشتکردن لە پەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، یان ئەدەب و واقیع.

فەیلەسووفی ئەڵمانی تیۆدۆر ئادۆرنۆ (١٩٠٣- ١٩٧٠) لە ساڵی ١٩٤٩دا وتارێک دەنووسێت بە ناونیشانی "ڕەخنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگە"، لەوێدا ڕەخنەیەکی توند ئاڕاستەی چالاکییە ڕەخنەییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دەکات، بەو پێیەی ئەو جۆرە ڕەخنەیە سیمای بۆرژوازی هەڵگرتووە و دووردەکەوێتەوە لە گیانی ڕاستەقینەی ڕەخنەگرتن و پتر بەدوای ڕووکار و فۆرمی بابەتەکاندا دەچێت، بۆیە داوا دەکات ڕەخنە فراوانتر بکرێت، هەموو ڕەنگ و شێوە و چەشنەکانی ڕۆشنبیری تیادا بەکار بهێنرێت و ڕەخنە بە قووڵی پرۆسە بکرێت. دواتر فەیلەسووفی ئەڵمانی یۆرگن هابرماس (١٩٢٩-...) لە کتێبی (ڕەخنەی ڕۆشنبیری و دیالۆگی مێژوویی)دا، پتر پەرە بە ماناکانی ڕەخنەی ڕۆشنبیری دەدات. هەروەها نووسەری ئەمریکی هیدن وایت لە کتێبی (چەند وتارێک لەبارەی ڕەخنەی ڕۆشنبیری-١٩٧٨) پێی وایە ڕەخنەی ڕۆشنبیری مانایەکی فراوان و گشتیی هەیە، واتە سەرجەم ڕێباز و میتۆدە ئەدەبی و زانستە مرۆڤایەتییەکان دەچنە نێو بایەخ و بوارەکانی ڕەخنەی ڕۆشنبیرییەوە. ڤینسینت لیتچ دەڵێ: ڕەخنەی ڕۆشنبیری مێژوویەکی درێژی هەیە، بەڵام لە سەدەی بیستەمدا چەندین ڕێگری هاتووەتە پێش کە

نەیانهێشتووە بەتەواوی دەربکەوێت و پرۆسەی خۆی بکات. لەو ڕێگریانە ڕەخنەی فۆرمالیستی و بونیادگەرین کە بە ئەندازەیەکی زۆر باڵادەست بوون. ئەم دوو ڕەوتە نەدەچونە نێو ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە ڕۆشنبیرییەکانی دەرەوەی تێکست هەیە. ئەمانە خۆیان لە چوارچێوەی سنوور و مەرجەکانی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا دیل دەکرد، بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا قۆناغی پاش بونیادگەری هاتە ئاراوە و ڕەخنەی ڕۆشنبیری یەکێک لە دەرکەوتەکانی ئەو قۆناغە بوو. ئەم ڕەخنەیە سوود لە سۆسیۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا ومێژوو و هونەر و ئابووری و سیاسەت وەردەگرێت بێئەوەی پشت لە میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی بکات، بەڵام ڕەخنەی ڕۆشنبیری میتۆدی ڕەخنەی ئەدەبی بۆ خوێندنەوەی تێکستە فەرامۆشکراوەکان بەکار دەهێنێت کە ڕەخنەی ئەدەبی نکوڵی لە بایەخ و بەهای ئەو تێکستانە دەکرد. بە پلەیەکی زیاتریش سوود لە میتۆدی هەڵوەشانەوەگەری دێریدا دەبینێت.

لیتچ وای دەبینێت ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنەی ڕۆشنبیری جیاوازییان لەگەڵ یەکدیدا هەیە، بەڵام لە ژمارەیەک خاڵدا هاوبەشن، دەشێت ڕۆشنبیرانی ئەدەب پرۆسەی ڕەخنەی ڕۆشنبیری بکەن بێئەوەی واز لە بایەخدان بە ئەدەب بهێنن. بەو پێیەی ڕەخنەی ڕۆشنبیری خۆی لە سنوور و مەرجەکانی ئەدەبدا قەتیس ناکات، بەڵکو پەنا دەباتە بەر ڕۆشنبیریی میللی و جەماوەری و ئاستی هوشیاری و حیکایەتی میللی و گێڕانەوەی بیۆگرافیایی.

PDF 4 KURD

ڤینسینت لیتچ سێ سیمای سەرەکی لە ڕەخنەی ڕۆشنبیریدا دیاری دەکات:

١- ڕەخنەی ڕۆشنبیری لە بایەخدانەکانی خۆیدا، لە چوارچێوەی ئەدەبدا نامێنێتەوە، بەڵکو فراوان دەبێتەوە و پەل بۆ ڕۆشنبیرییەکانی دەرەوەی ئەدەبیش دەهاوێت.

٢- ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنبیری و شیکردنەوەی چالاکییە دەزگاییەکان دەکات بە ئەرکی سەرەکیی خۆی، جگە لەوەی پشت بە سەرجەم میتۆدەکان دەبەستێت، لەوانە ئەو میتۆدانەی کە فۆرمالیستەکان و بونیادگەراکان بە میتۆدی تەقلیدی و بەسەرچوو ناویان دەبرد، وەک میتۆدی سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و مێژوویی.

٣- ڕەخنەی ڕۆشنبیری پەنا دەباتە بەر میتۆدەکانی پاش بونیادگەری، بە تایبەتی لە خوێندنەوەی تێکستدا پشت بە بۆچوون و کارەکانی بارت و دێریدا و فۆکۆ دەبەستێت.

ڕەخنەی ڕۆشنبیری بە مانا گشتییەکەی، لە ئەدەبی عەرەبیدا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پرۆسە کراوە، بە تایبەتی تەها حسێن (١٨٨٩-١٩٧٣) لە کتێبی (في الشعر الجاهلي) بەم ئاقارە کاری کردووە، لە حەفتاکانیشدا ئەدۆنیس لە کتێبی (الثابت و المتحول)دا ڕەخنەی ڕۆشنبیریی پرۆسە کردووە، بەڵام یەکێک لەو ڕۆشنبیرە عەرەبانەی ڕاستەوخۆ ئەم زاراوەیەی، بە مانا خۆرئاواییەکەی، لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بەکار هێنابێت، ڕەخنەگری سعودی (عبدالله الغذامي)-یە کە لە ساڵی ٢٠٠٠دا کتێبێک دەنووسێت بە ناونیشانی (النقد الثقافي: قراءة في الانساق الثقافية العربية). عەبدوڵڵا غوزامی وای دەبینێت ڕەخنەی ڕۆشنبیری لەسەر تیۆری بونیادی شاراوە دادەمەزرێت کە بونیادێکی کولتووری و ژیارییە و لەژێر پەردەی تێکستەکاندا خۆی دەشارێتەوە، بۆیە ڕەخنەی ڕۆشنبیری ڕەخنەیە لە گوتاری ڕۆشنبیری و لە سیستم و بونیادە شاراوەکان.

PDF 4 KURD

بڕوانه:

١- النقد الثقافي: قراءة في الانساق الثقافية العربية، د. عبدالله الغذامي.

٢- دليل الناقد الأدبي، د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي

## ڕەخنەی فێمینیستی Feminist criticism

ڕەخنەی فێمینیستی Feminist criticism (النقد النسوي)، وەک گوتارێکی ڕێکخراو و وەک زاراوەیەکی ڕەخنەیی، لە دەیەی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، لە ئەورووپا، سەری هەڵدا، ئەم چەشنە ڕەخنەیە پشت بە بزووتنەوەی ڕزگاریی ژنان دەبەستێت کە داوایان دەکرد تەواوی مافە ڕەواکانی ژنان دەستەبەر بکرێت. تا ئەمڕۆش ڕەخنەی فێمینیستی پەیوەندیی بە بزووتنەوەی ژنانەوە هەیە کە داوای ئازادی و یەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری دەکەن. ڕەخنەی فێمینیستی لەو ئەدەبە دەکۆڵێتەوە کە ژنان دەینووسن، بۆ نموونە ڕۆمانەکانی مارگرێت دۆراس، هەروەها ئەو ئەدەبەی پیاوان لە پێناوی ئازادیی ژناندا دەینووسن، بۆ نموونە فلوبێر لە ڕۆمانی مەدام بۆڤاری و تۆلستۆی لە ڕۆمانی ئانا کارنینا و جۆرج ئامادۆ لە ڕۆمانی تیریزا پاتێستا و زۆری تریش.

ژنە ڕۆماننووسی بەریتانی ڤێرجینیا وۆلف (١٨٨٢-١٩٤١) یەکێکە لە پێشەنگانی ئەم ڕەخنەیە و لە چەندین وتاردا کۆمەڵگەی خۆرئاوایی بە کۆمەڵگەی باوکسالاری وەسف کردووە کە تیایدا ئافرەت ناتوانێت خواستە ئەدەبی و هونەرییەکانی دابین بکات، سەرباری ئەوەی بێبەشە لە ئازادیی ئابووری و ڕۆشنبیری. لە ڕووسیاشدا ڕۆزا لۆکسمبۆرگی پۆلۆنی (١٨٧١- ١٩١٩). لە فەرەنسەشدا سیمۆن دو بۆڤوار (١٩٠٨-١٩٨٦) ڕۆڵێکی چالاک و کاریگەری لەو بوارەدا هەبوو، بە تایبەتی لە کتێبی (ڕەگەزەکەی دی- الجنس الآخر) کە لە ساڵی ١٩٤٩ چاپی کردووە، جەختی لەوە دەکرد کە لە باسکردن و ناساندنی ئافرەت و شوناسی ئافرەتدا، هەمیشە لەتەک پیاودا دەهێنرێتە ئاراوە، لێرەدا ئافرەت دەبێت بە ئەویدییەکی نێگەتیڤ، کەچی پیاو گرنگییەکی پتری هەیە و بە چاوێکی بەرزتر لە ئافرەت تەماشا دەکرێت و خاوەنی هەژموون و شکۆدارییە. لەدوای شۆڕشی قوتابییان لە

PDF 4 KURD

فەڕەنسە و بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٦٩دا، ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیە بە ئەندازەیەکی گەورەتر پەرەی سەند. ژمارەیەک وتار و کتێب لەبارەی چارەسەری کێشەی ژنان و ئازادییەکانی ژنان و ڕەخنەی فێمینیستی، چاپ و بڵاوکرانەوە.

ئەم چەشنە ڕەخنەیە تیۆرییەکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو بەپێی جۆر و شێوەی بۆچوونەکان پرۆسە دەکرێت، بەڵام بەزۆری سوود لە تیۆری سایکۆلۆژی و تیۆری مارکسیزم و تیۆرەکانی پاش بونیادگەری وەردەگرێت، بە تایبەتی تیۆری هەڵوەشاندنەوەی دێریدا و ڕەتکردنەوەی دوالیزمی نێر/مێ کە لێرەدا باڵادەستیی نێر بەرجەستە کراوە. ئەگەرچی ئەم ڕەخنەیە شێوە و مەودای جیاجیای هەیە، بەڵام لێرەدا چەند چەمکێک هەیە بەشەکانی ئەم ڕەخنەیە پێکەوە کۆدەکاتەوە، لەوانە: فاکتەری جیاوازیی ڕەگەزی لە بەرهەمهێنانی کاری ئەدەبیدا، هەروەها جیاوازیی فۆرم و ناوەڕۆک و بەها و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو بابەتە ئەدەبییانەی ژنان دەینووسن. لێرەدا دەتوانین چەند خاسیەتێک لە ڕەخنەی فێمینیستیدا دەستنیشان بکەین:

١- کولتووری خۆرئاوایی کولتوورێکی نێرانەیە، واتە کولتووری پیاوسالاری تیایدا زاڵە، بۆیە ئەم جۆرە کولتوورە بە جۆرێک کار دەکات هەژموونی پیاو و ژێردەستەیی ژن لە هەموو ئاستەکاندا دەرەخسێنێت، بە تایبەتی لە ئاستی خێزانی و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئەدەبی و هونەریدا، ئەم هەژموونە مێژووییەی پیاو وای لە ئافرەت کردووە کە ئەم بونیادە ئایدیۆلۆژییەی قبووڵ بێت و لە ژیان و بیرکردنەوەی خۆیدا بەرجەستەی بکات، تەنانەت زۆر جار وەک مەسەلەیەکی سروشتی و ڕەها تەماشای نزمی و ژێردەستەیی خۆی دەکات.

PDF 4 KURD

٢- لەم کولتوورەدا ئەوە باوە کە لە کاتێکدا هۆکارە بایۆلۆژی و سروشتییەکان جۆر و ڕەگەزی مرۆڤ دیاری دەکەن (نێر، یان مێ)، کەچی ئەمە لە بونیادی کولتووری کۆمەڵگەدا دەبێت بە چەمکێک کە لایەنگریی هەژموونی پیاو بەرهەم دەهێنێت، بە جۆرێک پیاو وەک کەسایەتییەکی ئیجابی و ئەقڵانی و سەرکێش و داهێنەر، پیشان دەدات؛ کەچی ژن وەک کەسایەتییەکی سەلبی و ملکەچ و دوودڵ و ڕاڕا و سۆزداری و خۆبەستنەوە بە دابونەریتەکان دەردەخات.

٣- ئەم دیدە پیاوسالارییە و ئەم ئایدیۆلۆژیا نێرسالارییە، هەر لە چەرخی گریک و داستانی ئۆدیبی پاشاوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، سەرانسەری نووسینە ڕۆشنبیرییەکانی تەنیوە. ئەمە بە ڕوونی لە شاکارە ئەدەبییەکاندا ڕەنگدەداتەوە کە سەرجەمیان سیمای پیاوەتی و ئازایەتی و ژیریی پیاو پیشان دەدەن. بە پێچەوانەوە ئافرەت پەراوێز و لاواز نیشان دەدرێت کە پتر لە خزمەتی خواست و ئارەزووەکانی پیاودایە. ئەم کارە ئەدەبییانە خوێنەری ئافرەت دوچاری نامۆبوون دەکەن، یان هەمان بۆچوونی پیاو وەردەگرن و هەمان هەستی پیاویان بەرامبەر بە ڕەگەزەکەی خۆیان دەبێت.

٤- تەنها شاکارە ئەدەبییەکان ئەم تێڕوانینە بەرهەم ناهێنن، بەڵکو ڕەخنەی ئەدەبی تەقلیدی و پێوەرەکانی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی کارە ئەدەبییەکانیش بایەخێکی بەرجەستەکراو بە هەژموونی پیاو دەدەن، واتە وشە و دەستەواژە و گوتار و میتۆدەکانی ڕەخنەگران و ڕەخنەی ئەدەبی، لایەنگری دەسەلاتی پیاون.

لێرەدا ڕەخنەی فێمینیستی ڕەخنە لەو بۆچوون و چەمکانەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی دەگرێت و ژنان لە فێڵی نووسەرە پیاوەکان ئاگادار دەکاتەوە کە بە هۆی سروشتی بایۆلۆژی ڕەگەزی مێیینەییەوە، لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە، پەراوێز دەخرێن. ئەم چەشنە ڕەخنەیە پتر بایەخ بە نووسین و بەرهەمی ژنان دەدات، پێی وایە دەبێ سیما و

شێواز و زمانی جیاوازی خۆیان هەبێت تا وردتر بتوانن گوزارشت لە واقیعی ژیانی ئافرەت بکەن. دەشێت گرنگترین سیماکانی ئەم ڕەخنەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

١- دیاریکردن و ناساندنی ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی ژنان دەینووسن، واتە دەرخستنی ئەدگاری مێینەیی و جیهانی ناوەکیی ژنان و کێشە تایبەتییەکانیان.

٢- بایەخدان بە مێژووی ئەدەبیی ژنان و دەرخستنی نووسین و ستایلی مێینەیی لە بونیادی ڕستە و وێنەی مەجازی و خەیاڵیدا، هەروەها هاندانی خوێندنەوەی کارە ئەدەبییەکانیان.

٣- هەوڵدان بۆ چەسپاندنی ئەزموونی جیاوازیی ژنان لە بیرکردنەوە و هەست و هەڵسەنگاندن و دەرککردنی خود و جیهانی دەرەکی.

ڕەخنەی فێمینیستی وای دەبینێت کەلەپووری نووسینی ژنان لە لایەن ڕەخنەی ئەدەبیی پیاوانەوە فەرامۆش کراوە. ئیلین شوالتەر لە کتێبی (ئەدەبی تایبەتی - چاپی ١٩٨٦) سێ قۆناغ لە ئەدەبی ژنان دیاری دەکات. قۆناغی یەکەم لە ١٨٤٠ دەست پێدەکات تا ساڵی ١٨٨٠، لەم قۆناغەدا بەهای ئیستاتیکیی ئەدەب هەمان ئەو بەها ئیستاتیکیەیە کە پیاو نوێنەرایەتیی دەکات. قۆناغی دووەم تا ساڵی ١٩٢٠ دەخایەنێت، لەم قۆناغەدا شۆڕشی ژنان لە کۆمەڵگەی دەسەڵاتی پیاودا دەست پێدەکات و ژمارەیەک نووسین و تێکستی ژنانە سەرهەڵدەدەن. قۆناغی سێیەم لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە دەست پێدەکات کە بە قۆناغی ڕابوون و ڕاچەنینی ژنان ناودەبرێت و لەوێدا بزووتنەوەی فێمینیستی و ڕەخنەی فێمینیزم بە فراوانی پەرە دەستێنێت، دیارترین خانمی ڕەخنەگر لەو بوارەدا جۆلیا کریستیڤا(١٩٤١- ...)یە کە دەست دەکات بە شیکردنەوەی گوتاری ژنانە لە ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا، ئەو پێی وایە دەبێ شۆڕشێکی زمانەوانی لە ئاستی شۆڕشی سیاسیدا بێتە ئاراوە کە سنووری



PDF 4 KURD

ئازادییەکانی ژنان گەورەتر بکات. پاشان چەندین کتێبی تر سەریان هەڵدا، لەوانە: بیرکردنەوە لە ژنان -نووسینی ماری ئیلمان- ژنان و شێتی -نووسینی فیلس شیلۆ- سیاسەتی سێکسی -نووسینی کاتی میلیت-، ئەم کتێبەی دوایی ڕەخنە لە چیرۆکەکانی لۆرەنس و هێنری میللەر و جان جینێ دەگرێت کە ڕەگەزی نێرینە و سێکسی پیاو باڵادەست دەکەن.

ڕەخنەی فێمینیستی هەوڵدەدات نموونەیەکی تر لە ڕەخنەی ئەدەبی و فێمینیستیدا بچەسپێنێت کە جیاوازیی نێوان نێر و مێ ڕەت دەکاتەوە و چەمکێکی دی دەرەخسێنێت کە پێی دەوترێت "جێندەر". جێندەر لە شوناسی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی تاک دەکۆڵێتەوە، سا ئەو تاکە نێر بێت، یان مێ.

**بڕوانە:**


١- النظرية الأدبية المعاصرة، رامان سلدن.
٢- المدخل الى مناهج النقد المعاصر، د. بسام قطوس.
٣- المفكرة النقدية، د. بشرى موسى صالح.
٤- ذاكره النقد الأدبي، محمد عبدالمطلب.
٥- دليل الناقد الأدبي، د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي.
٥- النقد الأدبي الحديث من المحاكاة الى التفكيك، د. ابراهيم محمود خليل.
٦- فرهنگ علوم اجتماعی قرن بیستم، ویلیام اوتویت و تام باتامور، ترجمه: حسن چاوشیان، نشر نی- تهران، ١٣٩٢.




PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

## ڕەسەنایەتی –ئۆریجینالْ Originality

ڕەسەنایەتی- ئۆریجینالّیتی Originality بە عەرەبی (الأصالة)، دوو مانا هەڵدەگریّت، یەکەمیان بە مانای شتی سەرەتایی و ڕەسەن و یەکەمین دیّت. ئەوەی کە شویّنی هیچ نموونەیەکی تری هەڵنەگرتووە و ئەمە پیّچەوانەی نوسخەی کۆپییە copy، بۆ نموونە لە ئەدەبدا "دەستنووس"ی یەکەم، یان چاپی یەکەم بە ڕەسەن دادەنریّت. مانای دووەم واتە ئەو شتەی کە ساختە نییە و لە شویّنی ترەوە وەرنەگیراوە. ئەم دوو مانایە لە دوایيدا پەرەدەستیّنن و دەچنەوە سەر مانای داهیّنان و دۆزینەوە. بە دریّژایی چەندین سەدە ڕەسەنایەتی بریتی بوو لەو تیّکستانەی کە لە سەردەمی یۆنان و ڕۆماندا بەرهەم هیّنراون و لە سەدەی ڕێنیسانس و قۆناغی کلاسیزم و نیوکلاسیزمدا لاسایی دەکریّنەوە.

بەڵام هەموو نووسینیّک لەو ئاستەدا نەوەستایەوە کە هەر دەبیّ لاسایی ئەدەبیاتی یۆنان و ڕۆمان بکاتەوە، بەڵکو چەشنە نووسینیّکی دیکەی جیاواز داهات کە سیفەتی داهیّنانی درایە پاڵ و ئەویش بە ڕەسەن دانرا، بۆ نموونە مۆنتینی لە سەدەی شانزەهەمدا لە کتیّبی "لیّکۆڵینەوەکان-١٥٦٠"دا جۆرە نووسینیّکی دیکەی داهیّنا و ئەو تەقلیدەی شکاند، هەروەها کۆرنای لە سەدەی حەڤدەیەمدا و لە شانۆنامەی "داوای لیّبوردن لە ئیریست- ١٦٣٤"دا لەو ڕەوتە تەقلیدگەراییە لای دا و شیّوازیّکی تری داهیّنا. کەواتە لیّرەدا تیّکستی ڕەسەن بریتییە لە تیّکستی داهیّنراو کە سەربەخۆیی خۆی هەیە و دوای نموونەیەکی تر نەکەوتووە بەڵکو شتی نویّ و چاوەڕواننەکراوی بەرهەم هیّناوە کە دەشیّت لە سەرەتادا "ناشیرین" بووبیّت و ڕەت کرابیّتەوە، بەڵام لە دوایيدا جیّگیر بووە و بە ڕەسەن دانراوە و لاسایی کراوەتەوە. لە سەدەی هەژدەیەمدا وشەی ئۆریجینالْOriginal بە مانای شتی دەگمەن و داهیّنراو هاتووە و

PDF 4 KURD

پەیوەست بووە بە تیۆرییەکی نوێ لە هونەردا کە ئەمە زۆر جیاواز بووە لە وشەی کۆپیcopy.

ڕەسەنایەتی و ڕەسەن، بریتییە لە هەموو شتێکی نوێ و جیاواز لەوەی لەنێو خەڵکیدا باوە. زۆر جار دەوترێت ئەم هونەرە هونەرێکی ڕەسەنە، یان ئەم دەنگە دەنگێکی ڕەسەنە، یاخود فیکر و تیۆری ئەم زانایە فیکر و تیۆرێکی ڕەسەنن، واتە ئەم هونەر و دەنگ و تیۆرانە زانراو و باو نین و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، بێئەوەی لە کەلەپووری کۆن دابڕابن، بەڵام گرنگ ئەوەیە وەرگر هەست بەوە بکات کە هونەرێکی نوێ دەبینێت، یان گوێ لە دەنگێکی نوێ دەگرێت، یان بابەتێکی نوێ دەخوێنێتەوە، ئەگەرچی لە ڕابردوو و لە قووڵایی مێژوویش دانەبڕاوە.

لە فیکری سەدەی بیستەمدا وشەی ڕەسەن و ڕەسەنایەتی کەوتووەتە ژێر گومانەوە، واتە مەرج نییە شتی کۆن هەمیشە ڕەسەن بێت، یان مەرج نییە ڕەسەنایەتی لە هەموو سەردەمێکدا هەڵگری مانای پیرۆز و ئیجابی بێت. ئەم مانا نوێیەی ڕەسەنایەتی و ئەم گومانکردنە لێی بە تایبەتی لە فەلسەفەی نیچە و لە تیۆری هەڵوەشاندنەوەی جاک دێریدا و لە فیکری پۆست مۆدێرنەوە سەری هەڵداوە، لێرەدا گومان لە ڕەسەنایەتی دەکرێت و بگرە هەندێ جار ڕەت دەکرێتەوە بەو مانایەی کە ڕەسەن و ڕەسەنایەتی پێشتر نموونەی هەبووە، واتە ئەو وتەیە ڕەت دەکرێتەوە کە ڕەسەنایەتی داهێنانی بێوێنە بووبێت و پێشتر وێنە و نموونەی نەبووبێت. ئەم دیدە تازەیە وای دەبینێت هەموو ڕەسەنایەتییەک پێشتر وێنەی هەبووە، هیچ ڕەسەنایەتییەک نییە سەددەرسەد ڕەسەن بێت، بەو پێیەی هەموو سەرەتایەک پێشتر سەرەتای دیکەی هەبووە. لێرەدا "سەرەتا" وشەیەکی دینامیکی و هەمیشە گۆڕاوە بە پێچەوانەی "ڕەسەن" کە ئاماژە بۆ ترانسندێنتال (بڵندگەرایی-موتەعالی) و جێگیر دەکات.

ئەم مانا تازەیە بۆ چەمکی ڕەسەنایەتی لە لایەن چەمکێکی ترەوە پشتگیری دەکرێت پێی دەوترێت "دابڕانی ئیپیستیمۆلۆژی" (القطيعة المعرفية) کە چەند بیرمەندێک دایان هێناوە لەوانە میشێل فۆکۆ و تۆماس کۆهین، ئەمان دەڵێن هەموو فیکرێک یان تێکستێک دوچاری دابڕان و خزین دەبێت کە فیکری چەرخێک لە فیکری چەرخێکی دی جیادەکاتەوە، لێرەدا ئەستەمە بڵێین چەمکێکی نوێ پەیوەستە بە چەمکێکی پێشتر و لە سەدەیەکی پێشتر، کە مێژوویەکی درێژ لێکدیان جیادەکاتەوە، واتە هەم سیاقە مێژووییەکەیان جیاوازە هەم دابڕانیان لە نێواندا هەیە، ئیدی ڕەسەنایەتی لێرەدا ئەو بەها و گرنگییەی نامێنێت، بەڵام محەمەد ئارکۆن پێی وایە دەبێ دوو قۆناغ، یاخود دوو جۆری ڕەسەنایەتی لە یەکدی جیابکەینەوە: ڕەسەنایەتی کۆن و ڕەسەنایەتی نوێ، کە هەریەکەیان بەهای تایبەتیی خۆی هەیە.

١- الكلمات المفاتيح، ترجمة: نعيمان عثمان، المركز الثقافي العربي، بيروت-لبنان، ٢٠٠٧.
٢- دليل الناقد الأدبي، د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي، المركز الثقافي العربي، ط٥، ٢٠٠٧.
٣- معجم المصطلحات الأدبية، ترجمة: سعيد الغانمي، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، ٢٠١٢.
٤- المعجم المفصل في الأدب، د. محمد آلتونجي، دار المكتبة العلمية، بيروت-لبنان، گ٢، ١٩٩٩.
٥- المعجم المفصل في اللغة والأدب، د. أميل بديع يعقوب و د. ميشال عاصي، دار العلم للملايين، بيروت-لبنان، ١٩٨٧.
٦- معجم مصطلحات الأدب، مجيدي وهبة، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٤.
٧- موسوعة لالاند الفلسفية، ترجمة: خليل أحمد خليل، عويدات للنشر واالطباعة، بيروت، ٢٠٠٨.

PDF 4 KURD

## ڕۆشنگەری Enlightenment

زاراوەی ڕۆشنگەری Enlightenment، بە عەرەبی (التنوير)، ئاماژە بۆ چەشنێک لە بیرکردنەوە دەکات کە پشت بە ئەقڵ و ئەقڵانییەت دەبەستێت و ڕۆشنایی خۆی لە ئەقڵەوە وەردەگرێت. لەسەر چەند بەهایەک ڕادەوەستێت وەک ئازادی و دادپەروەری لەبری خورافات و زوڵم و ستەمگەری. ئەم تێگەیشتنە باکگراوندی سەرەکیی خۆی لە ڕۆشنگەریی فیکر و ڕۆشنبیریی خۆرئاواییەوە وەردەگرێت، بەو پێیەی یەکەم جار ئەم بیرۆکەیە لە فیکری خۆرئاواییدا پەرەی سەندووە.

لە ڕاستیدا زیاد لە سەرەتایەک و کۆتاییەک بۆ سەردەمی ڕۆشنگەری هەیە. ڕۆشنگەری بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە کۆی ئەو کۆمەڵە تێڕوانینە فەلسەفی و فیکری و مەعریفییانەی لە لایەن کۆمەڵێک فەیلەسووفەوە لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا نیشان دراون و لە نێوان شۆڕشی ئینگلیزی ١٦٨٨ و شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩ هاتوونەتە کایەوە.

بەڵام کۆتایی ڕۆشنگەری، بە مردنی هۆلباخ لە ساڵی ١٧٨٩ دیاری دەکرێت. هۆلباخ لە نەوەی سێیەمی ڕۆشنگەرانی فەرەنسی بوو. هەر لەو ساڵەشدا شۆڕشی فەرەنسی هەڵگیرسا کە ڕۆشنگەری لە ڕووی فیکری و ڕۆشنبیرییەوە کەش و زەمینەیەکی گونجاوی بۆ ئەو شۆڕشە خوڵقاند.

لە ڕاستیدا پێشکەوتنەکانی چەرخی ڕۆشنگەری دەرەنجامی ململانێ فیکری و ڕۆشنبیرییەکانی چەرخی ڕێنیسانس بوو، چونکە ڕۆشنگەری زنجیرەیەکە لە مێژووی عەلمانییەتی ئەورووپیدا کە دەرکەوتەکانی لەگەڵ چەرخی ڕێنیسانسدا، لە هەردوو ئاستی فەلسەفی و ڕۆشنبیریدا، بەدیار کەوت، بە تایبەتی لەگەڵ پرۆسەکانی

ڕیفۆرمی ئاییندا، که لهتهک بڵندگهرایی کڵێسه و ڕۆحانییهتی ئاینی مهسیحیدا بهریهک کهوتن.

میشێل فوکۆی فهیلهسووفی فهڕهنسی وای دهبینێت پرسیاری "ڕۆشنگهری چییه؟" پرسیارێکه تا ئهمڕۆش فهلسهفهی نوێ له بهرامبهریدا دۆشداماوه. فوکۆ له وهڵامی پرسیاری یهکێک له گرنگترین فهیلهسووفانی ئهورووپادا، واته ئیمانۆیل کانت، ئهو قسهیه دهکات، وهک دهزانین پێشتر کانت وتارێکی به ههمان ناونیشان، واته "ڕۆشنگهری چییه؟"، بڵاوکردووهتهوه، دواتر فوکۆش له وتارێکی تردا به ناونیشانی کانت و شۆڕش، بۆچوونی خۆی دهردهبڕێت.

کانت له پهرهگرافی یهکهمی وهڵامی ئهو پرسیارهدا "ڕۆشنگهری چییه؟" که گۆڤارێکی ئهڵمانی له ساڵی ١٧٨٤دا ئاراستهی کردبوو، دهڵێت: "ڕۆشنگهری بریتییه له ڕزگاربوونی ئینسان لهو ڕاسپارده و فهرمانهی (الوصاية) که خۆی بهسهر خۆیدا دهیسهپێنێت"، ڕاسپارده و فهرمان -الوصاية- له دیدی کانتدا بریتییه له بێتوانایی مرۆڤ له بهکارهێنانی تواناکانی خۆی بۆ تێگهیشتن، کانت دهڵێ: "با بوێرییهکی وات تیادا بێت بتوانیت توانای خۆت له تێگهیشتندا پرۆسیسه بکهیت- ئهمهیه دروشمی ڕۆشنگهری"، له ڕاستیدا ئهم وتهیه، یاخود ئهم دروشمه ههر له سهرهتاوه بزوێنهری بزاوتی ڕۆشنگهری بوو.

ههندێ له توێژهران وای دهبینن که ئهم بزاوته مێژوویيه گرنگه، له سهدهی ههژدهیهمدا سهرانسهری ئهورووپا و خۆرئاوای گرتهوه، بهڵام فهڕهنسا شوێنی ڕهسهنی لهدایکبوونی ڕۆشنگهرییه، ههرلهوێشدا ژمارهیهک بیرمهند و فهیلهسووف بانگهشهیان بۆ کرد، لهوانه: مۆنتسکیو، ڤۆلتێر، هۆلباخ، دیدرۆ، ڕۆسۆ. بیروباوهڕی تازهی ئهم بیرمهندانه لهگهڵ دامهزراوه تهقلیدییهکانی سیاسهت و ئاییندا بهریهک کهوتن. ئیدی لهوێوه جهنگی ڕۆشنگهری دهستی پێکرد.

PDF 4 KURD

دەشێت بە شێوەیەکی گشتی دید و بۆچوونەکانی ڕۆشنگەری بەم شێوەیە کورت بکەینەوە:

١- مرۆڤ بوونەوەرێکی ئەقڵانییە، دەبێت بەهایەکی ئەقڵانی بەسەر کۆمەڵگە و مرۆڤ و دیاردەکاندا پیادە بکرێت. (مرۆڤی عەقڵی خۆی بە سەربەخۆیی و بەبێ فەرمانی یەکێکی دی بەکار دەهێنێت).

٢- ئەقڵ سەرچاوەی هەمو ڕاستییەکە و لە دەرەوەی ئەقڵدا هیچ ڕاستییەک بوونی نییە.

٣- ئەقڵ شتێکی گەردوونییە، بۆیە دەشێت لەسەر بنەمای ئەم پرەنسیپە گەردوونییەدا، هەموو جیهان ببێت بە یەک و مرۆڤ وەکو هاووڵاتییەکی جیهانی سەیر بکرێت.

٤- مێژوو لە جوڵانەوەیەکی بەرەوپێشچوونی بەردەوامدایە.

٥- جیهان لەناو ئەوپێشکەوتنە بەردەوامەدا، بە هۆی پێشکەوتنی ئەقڵی و زانستی، دەبێت بە نیشتمانی هەموو هاووڵاتییەک کە ئیتر ئاشتییەکی سەرتاسەری و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دابین دەبێت.

زۆر کەس وای دەبینن کە مۆدێرنەی هاوچەرخ درێژەپێدانی ڕۆشنگەرییە، بەو پێیەی ڕۆشنگەری و مۆدێرنە چەند بەهایەکی لیبراڵیی وەک: ئازادیی تاکەکەس و دادپەروەری و سەروەریی ئەقڵ، لەخۆ دەگرن، بەڵام مۆدێرنە، کە دیاردەیەکی مێژووییە و ڕیشەیەکی قووڵی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە قۆناغی ڕۆشنگەریش. هەروەک پەیوەستە بەو بزووتنەوانەی لە چەندین ڕووەوە لەگەڵ ڕۆشنگەریدا ناکۆک بوون. بەو پێیە مۆدێرنەیش لە پێکهاتەدا هەڵگری چەندین جیاوازییە لەگەڵ ڕۆشنگەریدا و دژی هەندێ لە پرەنسیپ و بیروڕاکانیەتی.

لە ساڵی ١٩٤٤دا ماکس هۆکهایمەر و تیۆدۆر ئادۆرنۆ کتێبێکیان بڵاوکردەوە بە ناونیشانی "دیالێکتیکی ڕۆشنگەری" کە تیایدا ڕەخنەیەکی توندیان ئاڕاستەی ڕۆشنگەری کرد. لە دیدی ئەم دوو

بیرمەندەدا، گرفتی ڕۆشنگەری لە چەند خاڵێکدا کۆدەبێتەوە، لەوانە: تۆتالیتاریزم، یان سەرجەمگیری لە باسکردنی دیاردە سروشتی و مرۆڤایەتییەکاندا، گرتنەبەری میتۆدێکی ماتماتیکی و ماتریالیی سادە، ئەمە جگە لەوەی کە ڕۆشنگەری، سەرباری ئەوەی بانگەشەی ئەقڵانییەت و زانستگەرایی دەکات، بەڵام نەیتوانیوە خۆی لە قورسایی نەریتی ئەفسانەیی و سیحری ڕزگار بکات، هەروەها ڕۆشنگەری وەک هەر سیستمێک، تۆتالیتارییە.

ڕۆشنبیریی عەرەبی لە ماوەیەکی زوودا کەوتە ژێر کاریگەریی ڕۆشنگەریی ئەوروپییەوە، ناپلیۆن لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا و بە دیاریکراوی لە ساڵی ١٧٩٨دا، نامەیەکی ڕۆشنگەرانەی ئاراستەی وڵاتی میسر کرد. هەندێ لە بیر و دەستکەوتەکانی ڕۆشنگەریی فەرەنسیی لەگەڵ خۆیدا هێنا، بۆ ئەوەی میسر و سەرانسەری وڵاتانی خۆرهەڵات بهێنێتە سەر ڕەوتی گۆڕانکارییە گەورەکانی ڕۆشنبیریی فەرەنسی و ئەورووپی، تا دواتر بتوانێت بە ئاسانی کۆنترۆڵیان بکات . کەواتە ڕێنیسانسی عەرەبی، لە سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، لە ئاکامی کاریگەرییەکانی ڕۆشنگەریی ئەوروپییەوە، هاتە ئاراوە، بەو سیفەتەی سەدەی بووژانەوەی عەرەبی بریتی بوو لە کارلێکی نێوان ڕۆشنبیریی عەرەبی و ڕۆشنبیریی هاوچەرخی خۆرئاوایی.

جابر عصفور لە کتێبی (چەند پەراوێزێک لە دەفتەری ڕۆشنگەریدا) دەڵێت: بووژانەوەی ئەدەبی و فیکری، بەبێ ئازادیی فیکر و دەرچوون لە تاریکی و چوونە نێو ڕۆشنکردنی ئەقڵ و کردنەوەی دەرگای ئیجتیهاد، نایەتە دی. یەکەم هەنگاوی ڕۆشنگەری بریتییە لە بەدیهێنانی دادپەروەری و ڕەخساندنی ئازادییەکان. ڕۆشنگەری کوڕی سەردەمە و پەیوەندیی بە ڕابردوو و کەلەپوورەوە نییە،

PDF 4 KURD

چونکە لێرەدا ناکۆکی هەیە لە نێوان مەعریفەی ئایینی و مەعریفەی ئەقڵانیدا.

**بڕوانە:**

-دليل الناقد الأدبي، د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي.
-فرهنگ علوم اجتماعی قرن بیستم، ویلیام اوتویت و تام باتامور، ترجمه: حسن چاوشیان، نشر نی- تهران، ١٣٩٢.

PDF 4 KURD

## ڕۆمان Novel

ڕۆمان Novel، Roman، (الرواية)، لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەوترێت نۆڤێل و لە زمانی فەرەنسیشدا پێی دەوترێت ڕۆمان یان ڕۆمانس، بریتییە لە چیرۆکێکی درێژ کە بە شێوەی پەخشانی دەنووسرێتەوە، گێڕانەوەی ڕووداوەکان و نووسینەوەیان بە شێوەی پەخشان لە سەدەی شانزەهەم لە ئینگلتەرە دەستی پێکرد و شێوازێکی جیاواز بوو لە داستان، بەڵام سەرهەڵدانی ڕاستەقینەی ئەم هونەرە نوێیە وەک ژانرێکی ئەدەبیی سەربەخۆ، دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی ڕۆشنگەریی ئەورووپا لە سەدەی هەژدەهەمدا، کە لەگەڵ گەشەکردن و گەورەبوونی چینی بورژوازیدا و هەروەها گەشەکردنی شار و بایەخدان بە تاکەکەس، برەوی زیاتری پەیدا کرد.

ڕۆمان بریتییە لە گێڕانەوەیەکی چیرۆکئامێزی دوورودرێژ. لە میانی چیرۆکبێژێکەوە وێنەی ژیانی کەسایەتییەکان لە چەندین ڕوودا و لە چەندین شوێن و کاتی بەریندا دەردەخات، زۆر جار خەیاڵ ڕۆڵی لە دارشتنی ڕووداوەکاندا هەیە، لە ڕۆماندا چەند ڕەگەزێکی گرنگ کۆدەبێتەوە، لەوانە: ڕووداو، کەسایەتیی سەرەکی، شوێن، کات، چیرۆکبێژ (یان گێڕەرەوە)، گێڕانەوە، بۆگێڕەوە، خەیاڵ، وەسف، دیالۆگ، گۆشەنیگا.

ڕۆمان وەک ژانرێکی سەربەخۆ، هونەرێکی نوێیە و بەرهەمی شار و چەرخی مۆدێرنەیە، واتە ڕۆمان (بێگومان چیرۆکیش) لەگەڵ گەورەبوون و فراوانبوونی شار و لە ئاکامی کاریگەرییە هەمەلایەنەکانی شۆڕشی پیشەسازیدا، یەکەم جار لە ئەورووپادا سەری هەڵداوە. دەتوانین بڵێین ڕۆمان هونەرێکی شارییە بە پلەی نایاب، تا گوزارشت لە دۆخە نوێیەکانی شار و کۆمەڵگەی شارستانی و مرۆڤی نوێی شاری بکات. سەرهەڵدانی ڕۆمان کاریگەرییەکی زۆری لە پێشخستنی ئەدەب و میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کرد.

PDF 4 KURD

سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمان بریتی بوو لە ڕۆمانی سەرکێشی، لە سەدەی حەڤدەهەمدا چەند ڕۆمانێک سەریان هەڵدا، لەوانە: ڕۆمانی "پامێلا"ی نووسەری ئینگلیزی سامۆیل ڕیچاردسۆن (١٨٣٨-١٨٨٦)، بەر لەوەش نووسەری ئیسپانی سێرڤانتس (١٥٤٧-١٦١٦) ڕۆمانی "دۆن کیخۆتە"ی نووسیوە، بەڵام بەشێکی زۆری ڕەخنەگران و مێژوونووسانی ئەدەبی لە ئەورووپادا، سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمان دەگەڕێننەوە بۆ سەدەی هەژدەیەم و بۆ ڕۆمانی "ڕۆبنسن کرۆزۆ"ی نووسەری ئینگلیزی دانیال دیڤۆ (١٦٦٠-١٧٣١) و ڕۆمانی "پامێلا"ی ڕیچاردسۆن و ڕۆمانی "تۆم جۆنز"ی فیلدینگ و ڕۆمانی "ئازارەکانی ڤارتەر"ی شاعیری ئەڵمانی گۆتێ (١٨١١- ١٨٧٢).

گەشەکردنی هونەریی ڕۆمان لە ئەورووپادا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم، چونکە لەو سەدەیەدا، لەدوای شکستی ناپلیۆن لە ساڵی ١٨١٥دا، شەڕی گەورە و جەنگەکان هەڵنەگیرسان. هونەرەکانیش لە دۆخی ئاشتیدا گەشە دەکەن. لەو سەدەیەدا شۆڕشێک لە هونەر و زانست و ئەدەب و سیاسەتدا بەرپابوو، سەدەی نۆزدە سەدەی نووسینی ڕۆمانی درێژ و خوێندنەوەی ڕۆمانی دووروودرێژ بوو.

رووسیا و فەرەنسا دوو خاکی بەپیت بوون بۆ گەشەکردنی ڕۆمان لەتەک گەورەبوون و گەشەکردنی چینی بورژوازیدا، تەنانەت ڕۆماننووسە گەورەکانی فەرەنسە: بەلزاک (١٧٩٩-١٨٥٠) و ئیمیل زۆلا (١٨٤٥-١٩٠٢) و ستەندال (١٧٨٣- ١٨٤٢) و فلوبێر (١٨٢١-١٨٨٠)، بورژوازی بوون. ناوەڕۆکی ڕۆمانەکانیان دەربڕینی خواستی چینەکانی ناوەڕاست و سەرخستنی چینی بورژوازی بوو، بە تایبەتی ڕۆمانی "کۆمیدیای مرۆڤایەتی"ی بەلزاک و ڕۆمانی "سوور و ڕەش"ی ستاندال و ڕۆمانی "مەدام بۆڤاری"ی فلوبێر، هەروەها ڕۆماننووسی ڕووسی تۆلستۆی (١٨٢٨-١٩١٠) لە خێزانێکی دەوڵەمەند و خانەدان بوو، بەڵام لە ڕۆمانی "جەنگ و ئاشتی" و "ئانا کارنینا" و "ژیانەوە"دا

پتر کەسێکی هیومانیست بوو، بەڵام فیۆدۆر دۆستویڤسکی (١٨٢١-١٨٨١) پتر بیری لە لایەنی ئیمان و چاکە و خراپەی ناخی مرۆڤەکان دەکردەوە و سایکۆلۆژیای پاڵەوانەکانی دەردەخست و گوزارشتی لە بێدەرامەتیی مرۆڤی تاک دەکرد، بە تایبەتی لە ڕۆمانەکانی "برایانی کارامازۆڤ" و "تاوان و سزا" و "گێلەپیاو"دا. هەروەها ئیڤان تورگنێڤ (١٨١٨-١٨٨٣) لە ڕۆمانی "باوکان و کوڕان"دا ململانێی دوو نەوە و بیرۆکە ئازادەکان بەرجەستە دەکات و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی نۆزدەهەمی ڕووسیا پیشان دەدات.

جۆرە ڕۆمانێکی تر هەیە پێی دەوترێت "نۆڤلێت" کە لە ڕووی وشە و ژمارەی لاپەڕەکانی، بچووکترە لە ڕۆمان، واتە بە چیرۆکێکی درێژ دادەنرێت، بەڵام هەمان سیمای ڕۆمان و هەمان ئەو تەکنیکە هونەرییانەی تیادایە کە لە ڕۆماندا بەکار دەهێنرێن، بۆ نموونە نۆڤلێتی "پیرەمێرد و زەریا"ی ڕۆماننووسی ئەمریکی ئەرنست هەمەنگوای (١٨٩٩-١٩٦١)، هەندێ لە ڕەخنەگران و ڕۆماننووسان بە هەمووی هەر دەڵێن ڕۆمان و وشەی نۆڤلێت وەک چەشنێکی تری ڕۆمان ڕەتدەکەنەوە.

لە سەدەی بیستەمدا ڕۆمان گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هات و بە چەندین فۆرم و شێوازی دیکە دەنووسرا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕووداو و کارەساتە گەورانەی لەو سەدەیەدا ڕوویاندا، بۆ نمونە دوو جەنگی جیهانیی وێرانکەر و جەنگەکانی جینۆساید و بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی، لەو سەدەیەدا لەتەک ڕۆمانی ڕیالیزمیدا فۆرمی دیکەی ڕۆمان سەری هەڵدا، وەک "ڕۆمانی نوێ"ی ئالان ڕۆب گریێ (١٩٢٢-...) و "ڕیالیزمی سیحری"ی گابریل گارسیا مارکیز(١٩٢٧-٢٠١٤)، هەروەها ڕۆمانی غەرائیبیی وەک ڕۆمانەکانی فرانس کافکا (١٨٨٣- ١٩٢٤)، جگە لە ڕۆماننووسی دیکەی وەک جیمس جۆیس (١٨٨٢-١٩٤١) و هێرمان هیسە (١٨٧٧-١٩٦٢) و میلان کۆندێرا



PDF 4 KURD

(١٩٢٩-...) گۆنتەرگراس (١٩٢٧-...) و ئەلبێر کامۆ (١٩١٣- ١٩٦٠) و ولیام فۆکنەر (١٨٩٧-١٩٦٢)جۆرج ئۆروێل (١٩٠٣- ١٩٥٠) و ئیتالۆ کالڤینۆ (١٩٢٣- ١٩٨٥) و ئەمبرتۆ ئیکۆ (١٩٣٢..-).

ڕۆمان چەندین جۆری هەیە، لەوانەیە گرنگترینیان ئەم جۆرانەی خوارەوە بن:

- ڕۆمانی پۆلیسی و ڕۆمانی سەرکێشی، پتر لە ئەدەبی ئینگلیزیدا باو بوو.
- ڕۆمانی سایکۆلۆژی، بۆ نموونە ڕۆمانەکانی دیستویڤسکی کە پتر ناخی پاڵەوانەکانی دەردەخات، هەروەها ڕۆمانەکانی فلوبێر و ستاندال و فرانسوا مۆریاک و ڤێرجینیا وۆڵف و جیمس جۆیس کە تەکنیکی مۆنۆلۆگ و شەپۆلی هۆش بەکار دەهێنن.
- ڕۆمانی کۆمەلایەتی، کە بەزۆری هەوڵدەدات ژیانی کۆمەلایەتیی قارەمانەکان و دابونەریتی کۆمەلایەتی و هەلومەرجی پێشکەوتنی کۆمەڵگە پیشان بدات.
- ڕۆمانی خەیاڵی و ڕۆمانی زانستی کە ڕووداوی سەرسوڕهێن و نامۆگەری و ژیانی پیاوانی فەزا پیشان دەدات.
- ڕۆمانی بیۆگرافی، کە نووسەر سەربوردەی ژیانی خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ دەنووسێتەوە.
- ڕۆمانی فێرکاری کە بە ئامانجی فراوانکردنی زانیاریی مرۆڤ دەنووسرێت.
- ڕۆمانی مێژوویی، کە ڕووداوەکانی لە مێژووی نەتەوەیی، یان مێژووی جیهانییەوە وەردەگرێت.
- ڕۆمانی فەلسەفی، بۆ نموونە ڕۆمانی "پاژنەی ئاسنین"ی جاک لەندەن، یان ڕۆمانی "جیهانی سۆفیا"ی یۆستاین گاردەر.

PDF 4 KURD

- ڕۆمانی نوێ کە لە فەڕەنسەدا لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم سەری هەڵدا و گرنگترین نوێنەرەکانی بریتین لە ئالان ڕۆب گرێ و ناتالی سارۆت و میشال بۆتۆر.

- ڕۆمانی سۆزداری و ئەڤین- د. ه.لۆرانس، هەروەها ڕۆمانی سێکسی- ئەلبێرتۆ مۆرافیا.

**بڕوانە:**


١- في نظرية الرواية- د. عبدالملک مرتاض.

٢- معجم مصطلحات الأدب، مجدي وهبة.

٣- نشوء الرواية، إيان واط.

٤- المعجم المفصل في الأدب، د. محمد آلتونجي.

٥- المعجم المفصل في اللغة والأدب، د. أميل بديع و د. ميشال عاصي.

PDF 4 KURD

## ڕیالیزمیی سیحری Magic Realism

ڕیالیزمیی سیحری یان ڕیالیزمی ئەفسوناوی، بە عەرەبی (الواقعية السحرية)، Magic realism، ئەم زاراوەیە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا لە ئەدەبی ئەمریکای لاتیندا دەرکەوت، ئەم شێوازە لە چیرۆک و ڕۆمانی ژمارەیەک ڕۆماننووسی گەورەدا بەکارهێنرا، بە تایبەتی لە بەرهەمەکانی نووسەری ئەرجەنتینی خۆرخێ لویس بۆرخیس (١٨٩٩-١٩٨٨) و نووسەری کۆلۆمبیایی گابریل گارسیا مارکیز (١٩٢٨-٢٠١٤) و ژنە نووسەری چیللی ئیزابێل ئەلیندی (١٩٤٢-١٩٩٢) و نووسەری گواتیمالایی میگیل ئانخل ئەستوریاس (١٨٩٩-١٩٧٤) و نووسەری کوبی ئەلیخۆ کارپینتییر (١٩٠٤-١٩٨٠)، وهەروەها نووسەری مەکسیکی خوان ڕۆلفۆ (١٩١٨-١٩٨٦) و نووسەری ئەرجەنتینی خۆلیۆ کۆرتاسار (١٩١٤-١٩٨٤).

بەڵام سەرهەڵدانی ڕاستەقینەی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی دوورتر. لە ساڵی ١٩٢٥دا نووسەری ئەڵمانی فرانس ڕوە (١٨٩٠-١٩٦٥) لە کتێبێکدا بە هەمان ناونیشان، کە دەربارەی فۆرم و تایبەتمەندییەکانی هونەری نیگارکێشانە لە ئەڵمانیا، ئەم زاراوەیە شی دەکاتەوە، دواتر لە هونەری شێوەکاریدا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکار هێنرا، ئەم زاراوەیە بۆ ئەو تابلۆیانە بەکار دەهێنرا کە نزیک بوون لە سوریالیزمی و بابەتەکانیان نامۆگەرایی بوون و فۆرم و هێماکانیان نائاسایی و نامەئلوف بوون.

نامۆگەرایی بەشێکی بنەچینەیە لە ڕیالیزمی سیحریی کاری ئەدەبی، بە تایبەتی لە چیرۆک و ڕۆماندا، زۆر جار ڕۆماننووس وردەکارییەکانی واقیعێک زۆر سادە دەکاتەوە و لە هەمان کاتدا تێکەڵ بە بابەتی نامۆ و مەحاڵی دەکات، ڕووداوێکی سادە و واقیعی بە شێوەیەکی سیحری و نامۆگەرایی دەگێڕێتەوە کە مەحاڵە ڕوووبدات، بەڵام ئەو هەستە بە خوێنەر دەبەخشێت کە ئەو ڕووداوە

PDF 4 KURD

بە ڕاستی ڕووی داوە، یان دەشێت ڕوووبدات. ئەمە وەکو لە چیرۆکی "کتێبی لم"ی خۆرخێ لویس بۆرخێسدا دەردەکەوێت، ئەم چیرۆکە بە سادەیی ژیانی پیاوێک دەگێڕێتەوە حەزی لە کتێب و کۆکردنەوەی شتی دەکمەنە. ڕۆژێکیان پیاوێکی نامۆ دێت و کتێبێکی نامۆ و نائاسایی پێدەفرۆشێت، ئەو کتێبە سەرەتای هەیە بەڵام کۆتایی نییە و ناوی کتێبی لمە. بۆرخێس وەسفێکی زۆر واقیعی ئەو پیاوە دەکات کە چۆن لاپەڕەکان هەڵدەداتەوە و دوچاری حەپەسان و سەرسووڕمان دەبێت. ئەو پیاوە بۆ نموونە لاپەڕەیەکی دیاریکراو دەخوێنێتەوە و ژمارەی لاپەڕەکەیشی لەسەرە، بەڵام کە دایدەخاتەوە ئیتر ناتوانێت ئەو لاپەڕەیە بدۆزێتەوە. ئەم حاڵەتە چەندین جار دووبارە دەبێتەوە. نووسەر دەیەوێ لە ڕێگەی بیرۆکەیەکی فەلسەفییەوە بیسەلمێنێت کە ئەو جیهانەی بە ئاسایی و مەئلوفی دەیبینین، لە ڕاستیدا نامۆگەراییەکی زۆری تیادایە.

دەتوانین بڵێین ڕیالیزمی سیحری لە ڕۆماندا بریتییە لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە واقعییانەی تا ئەندازەیەکی گەورە خەیاڵی تیادایە و زەحمەتە تەفسیر بکرێت، چونکە خەون و ئەفسانە و چیرۆکی خورافی، بە زمانێکی شاعیریی سەرنجڕاکێش، تێکەڵ بە واقیع و ژیانی ڕۆژانە دەکرێت. لێرەدا سیحر و واقیع، وەهم و ڕاستی، خەیاڵ و لۆجیک، ڕوونی و تەمومژ، خورافە و ئەقڵ، تێکەڵ دەبن. ئەم ئاراستەیە لە ئەدەب دەیەوێ بڵێ هەموو شتێک لە ژیاندا مومکینە ڕوووبدات، تەنانەت توانای فڕینی مرۆڤ و مەلەکردن لە فەزادا، کە ڕیالیزمی سیحری ئەو دوو حاڵەتە بە ڕادەیەکی زۆر دەردەخات. ڕیالیزمی سیحری پەیوەستە بە سێ لایەنەوە، یەکەم: سیحر و نامۆگەرایی، دووەم: سوریالیزمی، سێیەم: ئەفسانە.

لە دەرەوەی ئەمریکای لاتیندا، چەندین نووسەری ناودار بەرهەمەکانیان بە واقیعی سیحری ناسراوە، لەوانە: نووسەری ئیتالی

PDF 4 KURD

ئیتالۆ کالڤینۆ (١٩٢٣- ١٩٨٥) و نووسەری ئینگلیزی جۆن فاولز (١٩٢٦-...) و نووسەری ئەڵمانی گۆنتەرگراس (١٩٢٧-...) و نووسەری بەریتانی بە ڕەگەز هیندی سەلمان ڕوشدی (١٩٤٧-...)، هەروەها دەشێت چەندین لایەنی ڕیالیزمی سیحری لە کارەکانی ڕۆماننووسی ئەڵمانی فرانس کافکا (١٨٨٣- ١٩٢٤) ببینرێت.
دیارترین نموونەی ئەدەبی واقیعی سیحری، لە هەندێ لە ڕۆمانەکانی گابریێل گارسیا مارکیزدا بەدی دەکرێت، بە تایبەتی لە هەردوو ڕۆمانی "سەد ساڵ تەنیاییدا" و "پاییزی پاتریارک"، کە سیحر و واقیع یان فانتازیا و واقیع، لە چەند ڕووداوێکدا، پێکەوە کۆدەکاتەوە و کەشێکی نامۆگەرایی دەخوڵقێنێت، بەڵام، وەک مارکیز دەڵێت، ئەو سیحر و نامۆگەراییە پەیوەستێکی زۆری بە واقیعەوە هەیە، مارکیز دەڵێ هەموو ڕستەیەکی ڕۆمانەکانم پەیوەندییان بە واقیعەوە هەیە. لە ڕاستیدا مارکیز، وەک خۆی دەڵێ، سێ کاریگەریی گرنگی لەسەر بووە، یەکەم: داپیرەی کە بەردەوام حیکایەتی نامۆگەرایی بۆ دەگێڕایەوە، دووەم: ئەو نووسەرانەی واقیع و خەیاڵ و ئەفسانە تێکەڵ دەکەن، وەک ولیەم فۆکنەر و فرانس کافکا و هەروەها حیکایەتەکانی هەزارویەک شەوە، سێیەم: دیدی شیعرییانە بۆ واقیع.
ڕیالیزمیی سیحری سیما و ڕێسای خۆی هەیە، واتە هەموو کەسێک ناتوانێت لەخۆیەوە ڕووداوی نامەئلوف و نائاسایی بخوڵقێنێت و وەک ڕیالیزمی سیحری بیناسێنێت، ئەگینا ئەمە نابێت بە ئەدەب، بەڵکو دەبێت بە جۆرێک لە درۆ، مارکیز دەڵێ مرۆڤ دەتوانێت بابەتی نائەقڵانی بخوڵقێنێت، بەڵام بە مەرجێک نەکەوێتە ناو فەوزا و گەڕەلاوژە و نائەقڵانییەتی ڕەهاوە. ڕاستە خەیاڵ ئامرازێکە بۆ پێکهێنانی واقیع، بەڵام سەرچاوەی سەرەکیی خوڵقاندن هەمیشە واقیع خۆیەتی. لە ژیانی مرۆڤدا لایەنێکی نادیار و ناوەکی هەیە، ناتوانرێت

PDF 4 KURD

بە ڕێگەی لۆجیکی و ئەقڵانی ئەو نادیارە کەشف بکرێت، بۆیە لێرەدا خەیاڵ و فەنتازیا ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن.

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**

١ - في الواقعية السحرية، د. حامد أبو أحمد.

٢- دليل الناقد الأدبي، د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي.

PDF 4 KURD

## ژانرە ئەدەبییەکان Literature genres

ئەدەب بەگشتی لە چەند ژانرێک پێکدێت، وەک: شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، شانۆنامە، بیۆگرافیا. هەریەکێک لەم ژانرانەش چەندین جۆر و چەندین فۆرمی لێ دەبێتەوە. مەسەلەی ژانری ئەدەبی لە مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا مەسەلەیەکی گرنگە، تا ئێستا چەندین لێکۆڵینەوەی جیاجیای لەسەر کراوە لەبارەی چۆنێتی سەرهەڵدان و شێوەگرتنی ژانرەکان و پاشان هۆکاری لەنێوچوونی هەندێکیان و مانەوەی هەندێکی تریان، چونکە لێرەدا ژانری ئەدەبیی وا هەیە لەنێوچووە و ئەمڕۆ بەکار ناهێنرێت و ژانری دیکە سەری هەڵداوە.

ژانری ئەدەبی، یان جۆری ئەدەبی، لە عەرەبیدا: (الجنس الأدبي). وشەی ژانر لە بنەڕەتدا وشەیەکی فەڕەنسییە(genres) و ئێمەش ئەم وشەیەمان لەو زمانەوە وەرگرتووە. لە سەدە کۆنەکاندا باوەڕیان وابوو هەر ژانرێک کۆمەڵێ ڕێسای تایبەتی و چەمکی جیاوازی خۆی هەیە و فۆرم و تەکنیکی تایبەتیی خۆی هەیە. نابێ لەو ڕێسایە لابدرێ، بەڵام لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا شۆڕشێک بەسەر ئەو سنوورە گەورە و تەقلیدییانەی نێوان ژانرە ئەدەبییەکاندا هەڵگیرسێنرا، کە دواتر ڕێسا و چەمکەکانیان گۆڕی.

ئەرستۆ بە دامەزرێنەری بنەماکانی تیۆری ژانرە ئەدەبییەکان دادەنرێت، ئەرستۆ لە کتێبی "هونەری شیعر"دا، ئەدەب بەسەر سێ جۆردا دابەش دەکات: تراژیدیا، کۆمیدیا، داستان. تایبەتمەندیی هەریەکە لە تراژیدیا و داستان لە ڕووی بابەت و ناوەڕۆک و کارفەرماوە دیاری کردووە. پێداگریی لەسەر ئەوە کردووە کە هەر ژانرێکی ئەدەبی، لە ڕووی چییەتی و بەهاوە، جیاوازە لە ژانرێکی دی، بۆیە دەبێ لە یەکدی جیابکرێنەوە، کە دواتر ئەمە بە ڕەوتی "پاکژیی جۆر" ناوبرا. ئەرستۆ و هۆراس بە دیارترین تیۆرسازی کلاسیکی دادەنرێن لە بواری ژانرە ئەدەبییەکاندا، ئەوان داڕێژەری ئەو

PDF 4 KURD

بیرۆکەیەن کە دەڵێت تراژیدیا و داستان دوو نموونەی گرنگی ئەدەبن کە سەرجەمی ژانرەکانی دی لەوانەوە سەرچاوە دەگرن.
دەشێت لێرەدا ئەم پرسیارانە بکەین: ئاخۆ ئەمڕۆ هیچ پەیوەندیەک هەیە لە نێوان ژانری (تراژیدیا) و هونەری (دراما)دا؟ ئاخۆ هیچ پەیوەستێکی نوێ هەیە لە نێوان (داستان) و (ڕۆمان)دا؟ لە بنەڕەتدا بۆچی ژانری ئەدەبی پەیدابووە؟ بنەماکانی پۆلێنکردنی ژانرە ئەدەبییەکان چین؟
بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، دەبێ بچینە نێو بابەتێک کە پێی دەوترێت زانستی ژانرە ئەدەبییەکان، یان تیۆری ژانرە ئەدەبییەکان. لە چەرخی نوێدا ژمارەیەکی زۆر لێکۆڵینەوەی زانستی و ڕەخنەیی هەن هەوڵیان داوە لە هۆیەکانی ئەو پۆلێنکردنە بکۆڵنەوە و ڕێساکانی هەریەکێک لەو ژانرە ئەدەبییانە دەستنیشان بکەن.
رینێ ویلیک و ئۆستن وارین، لە کتێبی "تیۆری ئەدەب"دا، دەڵێن: "تیۆری ژانرە ئەدەبییەکان پرەنسیپێکی سیستماتیکە. ئەم تیۆرە، ئەدەب بەپێی کات و شوێن و بەپێی قۆناغ و زمانی نەتەوەیی، پۆلێن ناکات، بەڵکو بەپێی بونیاد و سیستمی هەر ژانرێکی جیاواز پۆلێنی دەکات."

تا چەرخی ڕێنیسانس و بگرە تا سەدەی حەڤدەهەم، ئەدیبان لەسەر پێوەر و بۆچوون و پۆلێنکردنی ئەرستۆ کاریان دەکرد، بەڵام بەپێی کارەکانی شێکسپیر، تراژیدیا و کۆمیدیا پێکەوە هێنرانە ناو ژانرە ئەدەبییەکانەوە. سا ئەگەر ئەرستۆ بوونی ژانرە ئەدەبییەکان بگەڕێنێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی بابەتی، ئەوا تیۆریستانی ئەدەبی و ڕەخنەگرانی سەردەمی نوێ بەتەواوی ئەو بنەمایانەی ئەرستۆ هەڵدەوەشێننەوە، ئەو سنوور و جیاکارییە گەورەیەی نێوان ژانرەکان ڕەت دەکەنەوە. ئەمڕۆ چەندین ڕێباز هەن، پاکژی و بێگەردیی ژانری ئەدەبی ڕەت دەکەنەوە و ژانرەکان لەگەڵ یەکدی تێکەڵ دەکەن.

کەواتە ژانرە ئەدەبییەکان جێگیر نین، بەڵکو لە جووڵانەوەیەکی هەمیشەییدان، لە چەرخێکەوە بۆ چەرخێکی تر و لە ڕێبازێکی ئەدەبییەوە بۆ ڕێبازێکی ئەدەبیی دیکە، گۆڕانکاریی هونەرییان بەسەردا دێت. لەم گۆڕانکارییەدا دەشێت ژانری ئەدەبی ئەو مۆرکەی خۆی لەدەست بدات کە پێشتر بە مۆرکێکی جەوهەری دادەنرا، بۆ نموونە شانۆنامە لە ئەدەبی کلاسیکیی یۆنانیدا بە شیعر دەنووسرا و نمایش دەکرا، بەڵام لە سەردەمی نوێدا بوو بە پەخشان. داستان لە سەردەمی ئەرستۆدا کێشی تایبەتیی خۆی هەبوو، بەڵام دواتر بە شێوەی پەخشان دەنووسرا، تا گەیشتە ئەوەی لە چەرخی نوێدا ئەم ژانرە لەنێو چوو.

لێرەدا ڕاڤەکردنێک بۆ سەرهەڵدانی ژانری ئەدەبی هەیە کە تا ئەندازەیەکی زۆر لە ڕاڤەکردنی دەروونی نزیک دەبێتەوە، ئەم ڕاڤەکردنە وای دەبینێت کە ژانرەکان بە پێیی خواستی پێداویستی و ئاتاجەکانی مرۆڤ پەیدا دەبن و دیسان بە هۆی هەمەڕەنگیی پاڵنەرە ناوەکییەکانی ئێمەوە دێنە بوون، هیدسون ئەو پاڵنەرە ناوەکییانە بەسەر چوار جۆردا دابەش دەکات:

١- ئارەزوومان لە گوزارشتی ناوەکی، یان خودی، بووە مایەی هاتنەئارای شیعر.

٢- بایەخدانمان بە خەڵکی و بە کاروبارەکانیان، بووە هۆی سەرهەڵدانی شانۆنامە.

٣- بایەخدانمان بە دنیای واقیعی کە تیایدا دەژیین و بەو خەیاڵەش کە دەیگوازینەوە بۆ نێو واقیع و بوون، بووە هۆی سەرهەڵدانی هونەری چیرۆک.

٤- خۆشەویستیمان بۆ "وێنە" وەک ڕەنگدانەوەی ژیان و وەک ئەوەی ژیانی خۆمانی تیادا دەبینین، بووە مایەی خوڵقاندنی ئەدەب بەگشتی وەک قەوارەیەکی سەربەخۆ.

PDF 4 KURD

برۆنتێر پێی وایە وەک چۆن هیچ شتێک لە سروشتدا فەنا نابێت، بە هەمان شێوە لە ئەدەبیشدا هیچ شتێک لەنێو ناچێت، چونکە جۆری ئەدەبی وەک جۆری بایۆلۆژیا گەشە دەکات و پێشدەکەوێت و پاشان نامێنێت، بەڵام شتە لەنێوچووەکانی ژانرە ئەدەبییەکان، هەروەک شتە لەنێوچووەکانی بوونەوەرە زیندووەکان، بەتەواوی و بۆ یەکجاری لە بەین ناچن، بەڵکو ڕەگەزێک، یان چەند ڕەگەزێکیان لێ دەمێنێتەوە و ئاوێزانی ڕەگەزەکانی ژانری دیکە دەبن.

هیگڵ شیعری بەسەر دوو جۆردا دابەش کرد: شیعری داستان و شیعری لیریک. داستان پێش لیریک دەکەوێت، بەڵام دواجار ئەم دوو ژانرە بەنێو یەکدا دەچن و ژانرێکی دیکە دروست دەکەن کە پێی دەوترێت دراما. شیعری درامیش دوو جۆرە، یان بڵێین دوو فۆرمە: تراژیدیا و کۆمیدیا، کاتێک بەنێو یەکدا دەچن، فۆرمی سێیەم دروست دەکەن کە بریتییە لە درامای نوێ.

ڕینێ ویلیک لە کتێبی "چەند چەمکێکی ڕەخنەیی"دا دەڵێ: لەم چەرخەی ئێمەدا تیۆری ژانرە ئەدەبییەکان شوێنێکی گرنگ لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا داگیر ناکات، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە جیاکردنەوەی نێوان ژانرەکان بایەخێکی ئەوتۆی نەماوە.

ئەمڕۆ هەر نووسەرێک بە ئاسانی دەتوانێت سنووری نێوان ژانرە ئەدەبییەکان ببڕێت و لە ژانرێکەوە بپەڕێتەوە بۆ ژانرێکی تر. ئەمڕۆ ژانرەکان تێکەڵی یەکدی دەبن، ژانری بەسەرچوو و ڕەگەزی کۆن جێدەهێڵرێت و بەکەڵکی ئەمڕۆ نایەت. کۆمەڵێک ژانری نوێ سەرهەڵدەدەن، یان بڵێین تێکستێک دادەهێنرێت کە مومکینە هەموو ژانرەکان لەخۆ بگرێت.

PDF 4 KURD

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

١ - نظرية الأدب، رينيه ويليک و اوستن وارين.
٢- في نظرية الأدب، د. شكري عزيز ماضي.
٣ - المعجم المفصل في الأدب، د. محمد آلتونجي.
٤ - المعجم المفصل في اللغة والأدب، د. أميل بديع و د. ميشال عاصي.
٥ - قاموس مصطلحات النقد الأدبي المعاصر، د. سمير سعيد حجازي.
٦ - مفاهيم نقدية، رينيه ويليک.
٧- النقد الأدبي الحديث، د. محمد غنيمى هلال.

PDF 4 KURD

## ساتیر Satire

ساتیر Satire، لە کوردیدا (داشۆرین) و لە عەرەبیشدا (الهجاء)ی پێ دەوترێت، چەشنە دەربڕینێکی ئەدەبییە تیایدا هەوڵ دەدرێت کەموکورتی و نەزانییەکانی مرۆڤ دەربخرێت کە زۆر جار ئامانجێکی ئەخلاقی و تەعلیمی لەپشتە. شێوەی دەربڕین و زمانی نووسینی ساتیر لە تێکستێکەوە بۆ تێکستێکی تر دەگۆڕدرێت، بەو پێیەی ساتیر هەیە بە زمانێکی نەرمی گاڵتەئامێز دەنووسرێت و بە جۆرە گاڵتەپێکردنێکی ناڕاستەوخۆ دادەڕێژرێت، ساتیریش هەیە بە زمانێکی توندی ڕاستەوخۆ و سووککردنێکی پێکەنیناوی و داشۆرینێکی پڕ لە گاڵتەجاڕی دەنوسرێت بە چەشنێک هەندێ جار لە جنێو و ئیهانەکردن نزیک دەبێتەوە.

ساتیر پتر هەڵوێستێکی ئەدەبییە و لە زۆربەی ژانرە ئەدەبییەکاندا گوزارشتی لێکراوە، بە تایبەتی لە شیعر و شانۆنامە و ڕۆمان و وتاری ئەدەبی. وشەی ساتیر لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ وشەیەکی یۆنانیی کۆن (ساتۆرا Satura) کە لە سەرەتادا مانای تێکەڵاویی شیعریی دەگەیاند. بەو پێیەی لەو جۆرە نووسینەدا واقیع و پەیامی ئێتیکی ئاوێزانی یەکدی دەکران کە تا ئەندازەیەکی زۆر لە شانۆنامەکانی هۆراس (٦٥-٨ پ.ز) بەکار هێنراوە، بەڵام دواتر لە لای جۆڤیناڵس (٦٠ پ.ز-٤٠ز) شێوازێکی توندی وەرگرت کە پتر لە داشۆرین دەچوو.

ساتۆرا لە ئەدەبیاتی کۆنی یۆنانیدا بریتی بوو لە شانۆگەریی گاڵتەئامێز. جۆرە نواندنێکی هەزەلی بوو بە زمانێکی تێکەڵ لە دیالۆگی پەخشانئامێز و دیالۆگی بە شیعر هۆنراوە، بابەتی سەرەکیی ساتۆرا ڕەخنەگرتن بوو لە ئێتیک و دابونەریتی کۆمەڵایەتی.

لە سەدەی ڕێنیسانسی ئەورووپی و بە دیاریکراوی لە سەدەی شانزەهەمدا، وشەی ساتیر لە ئەدەبی فەرەنسیدا، بە مانای داشۆرین،

بەتەواوی دەرکەوت، شاعیرە گەورەکەکان ئەم چەشنە شیعرەیان بۆ داشۆرینی پیاوانی ئایین و ڕەخنە لە کەهنوتەکان دەنووسی، هەروەها لە وتەی میللی و پەخشانی ساتیرامێز و گۆرانیشدا بەکار دەهات. لە سەدەی حەڤدەهەمدا ساتیر لە ژانری دیکەشدا دەرکەوت، بە تایبەتی لە کۆمیدیای مۆلیێر و چیرۆکە خورافییەکانی لافۆنتێن و حیکمەکانی لارۆشفوکۆدا و شیعرەکانی پوالۆ و درایدن و سویفت، تەنانەت لە سەدەی هەژدەیەمدا، کە سەدەی زێرینی ساتیرە، لە نووسینە فەلسەفییەکانی ڤۆلتێریشدا دەرکەوت. لە سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ڤیکتۆر هۆگۆ و فلۆبیر و جاک بریڤێر ساتیریان بۆ تێڕوانینی ڕەخنەیی بەکارهێنا. لە ڕۆمانەکانی فرانس کافکا (١٨٨٣- ١٩٢٤) و شانۆنامەکانی یۆجین یۆنیسکۆ و سامۆئیل بیکێتیشدا ساتیر بەکار هاتووە.

لە ئەدەبی عەرەبیشدا داشۆرین لە شیعری جاهیلی و ئیسلامیدا بە ڕادەیەکی زۆر بەکار هاتووە، بە تایبەتی لە شیعرە داشۆرینەکانی (فرزدق) و (جریر). لە ئەدەبی کوردیشدا زۆربەی شیعرەکانی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) بە شیعری داشۆرین-ساتیر دادەنرێن.

**بڕوانە:**


١- معجم المصطلحات الأدبية، بول آرون واخرون، ترجمة: د. محمد حمود.
٢- معجم مصطلحات الأدب، مجدي وهبة.
٣- الأدب تعريفه وأنواعه ومذاهبه، د. أنطونيوس بطرس.
٤- المعجم الأدبي، جبور عبدالنور.
٥- المعجم المفصل في الأدب، د. محمد آلتونجي.
٦- فرهنگ اصطلاحات ادبى، تاليف: سيما داد، انتشارات مرواريد، تهران، چاپ سوم، ١٣٨٥

PDF 4 KURD

## سادیزم Sadism

سادیزم Sadism، (السادية)، زاراوەیەکی سایکۆلۆجییە و بە مانای ئارەزووکردن لە ئازاردانی کەسانی تر دێت، سادیست سیفەتێکە دەدرێتە پاڵ کەسێک بە توندوتیژی هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا بکات و حەز لەوە بکات ئازار و زیان بە خەڵکی دی بگەیەنێت، لە کاتی پرۆسەی سێکسیشدا بە ئەندازەیەکی نائاسایی توندوتیژە.

بۆ یەکەم جار زانای دەروونیی ئەڵمانی ڕیچارد فۆن کرافت ئیبینگ (١٨٤٠-١٩٠٢) ئەم زاراوەیەی بەکار هێناوە، ئەمەیشی لە ژیان و نووسینەکانی ڕۆماننووسی ناوداری فەرەنسیی سەدەی هەژدەیەم "مارکیز دی ساد" (١٧٤٠-١٨١٤) وەرگرتووە. ئەم ڕۆماننووسە زۆربەی ژیانی لە زیندان بەسەربردووە و نزیکەی ٢٧ ساڵ لە ماوەی جیاوازدا زیندانی کراوە، هۆکاری زیندانیکردنەکەیشی هەندێ جار سیاسی بووە، چونکە لە کاتی شۆڕشی فەرەنسیدا (١٧٨٩) بە شێوەیەکی توند و تووڕە ڕەفتاری کردووە. هەندێجاری تریش هۆکارەکەی ئەخلاقی بووە، چونکە بە شێوەیەکی توندوتیژ کاری سێکسیی کردووە و هێزی بەکار هێناوە و ئافرەتەکانی ئازار داوە. مارکیز دی ساد بە نووسەر و فەیلەسووفێکی یاخی ناودەبرێت کە بەرامبەر بە هەموو شتێک و بگرە بەرامبەر بە گەردوون یاخی دەبێت . لێرەدا کەسی سادیست لە یەکێک لەم دوو شێوەیەدا دەردەکەوێت، یان سادیستێکی نەرم و بێزیانە کە ئارەزووەکانی بە بینینی دیمەنی توندوتیژی و فیلمی دڵڕەقی تێر دەکات، یان سادیستێکی دڵڕەقە کە ئارەزووە سێکسییەکانی بە توندوتیژی تێر دەکات و بگرە لە ئاستێکی ترسناکدا تێرکردنی ئارەزوو، دەگاتە ئاستی کوشتن. کەواتە سادیزم بریتییە لە چێژوەرگرتن لە ئازاردانی کەسانی دی.

PDF 4 KURD

**بروانه:**


١- معجم العلوم الانسانية، جان فرانسوا دورتيه، ترجمة: د. جورج كتوره

٢- المعجم المفضل في الأدب، د. محمد آلتونجي

٣- الموسوعة الجنسية النفسية، د. عبدالمنعم الحفني

PDF 4 KURD

### سانکرۆنی و دیاکرۆنی Synchrony and Diachrony

سانکرۆنی synchrony، واتە هاوزەمەنی، یان زەمەنێتی، بە عەرەبی (التزامن، التزامني)، دیاکرۆنیdiachrony واتە زنجیرەی پێشکەوتن، یان بەدواییەکداهاتن، بە عەرەبی (التتابع، التعاقب، التعاقبي)، لە بنەڕەتدا دوو زاراوەی زمانەوانین، زانای زمانەوانیی سویسری فردیناند دی سۆسێر (١٨٥٧-١٩١٣) لە لێکچەرەکانیدا دەربارەی زانستی زمان، دای هێناون، بەڵام لە دواییدا لە زۆربەی بوارەکانی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەکار هێنران.

سانکرۆنی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی وەسفی، یان ڕاڤەکاری، یان "هەنووکەیی"ی زمان، واتە لێکۆڵینەوە لە زەمەنێکی دیاریکراوی زمانێکی دیاریکراو کە زەمەنەکەش زەمەنی ئێستایە، بەڵام دیاکرۆنی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی مێژوویی زمان، واتە لێکۆڵینەوە لە پەرەسەندنی مێژوویی زمانێکی دیاریکراو لە ساتە جیاجیاکانیدا و لە قۆناغە بەدوای یەکداهاتووەکانیدا، کەواتە سانکرۆنی لێکۆڵینەوەیەکی ستوونییە و دیاکرۆنیش لێکۆڵینەوەیەکی ئاسۆیی.

سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی سانکرۆنی نموونەی زمانی فەرەنسی دەهێنرێتەوە و پرسیاری ئەوە دەکرێت، ئاخۆ ئەو زمانە فەرەنسییەی ئێستا قسەی پێدەکەین هەمان ئەو زمانەیە کە لە ساڵانی چلەکان و پەنجاکان، یان حەفتاکاندا قسەمان پێ دەکرد؟ یان ئایا ئەمە هەمان ئەو زمانە فەرەنسییەیە کە لە پاریس، یان لە مارسیلیا، یان لە کیبیک قسەی پێدەکرێت؟ وەک دەبینین زمانێکی دیاریکراو لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی دی گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، بۆیە پێویستە زەمەنێکی دیاریکراو وەربگرێت و لێکۆڵینەوەی سانکرۆنی لەسەر بکەیت، بەڵام ئەگەر بتەوێ لە چۆنێتی پێشکەوتن پەرەسەندنی زمانێکی دیاریکراو وردبیتەوە، ئەوا پێویستیت بە لێکۆڵینەوەی دیاکرۆنی هەیە.

PDF 4 KURD

ئەم دوو زاراوەیە لە زانستەکانی تردا سوودیان لێ وەرگیراوە بۆ خوێندنەوەی (ئێستا-لێرە)ی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، یان سیاسی، یان بۆ خوێندنەوەی هەمان دیاردە لە مێژوودا و لە قۆناغە جیاجیاکاندا. دواتر ئەم چەشنە لێکۆڵینەوانە پەرەیان پێدرا و هەردوو جۆری لێکۆڵینەوەکە بەیەکەوە و لەیەک لێکۆڵینەوەدا بەکار دەهێنران. واتە مەرج نییە هەموو جارێ سانکرۆنی و دیاکرۆنی لە یەکدی جیابکرێنەوە و مەرج نییە هەریەکەیان لە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆدا بەکار بهێنرێن، بەڵکو بۆی هەیە توێژەرێک لە یەک کاتدا لێکۆڵینەوەیەکی سانکرۆنی و دیاکرۆنی بۆ زمان، یان بۆ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدات. پاساوی ئەم جۆرە تێڕوانینەش ئەوەیە کە ئەگەر تۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردەیەک بکەیت لە زەمەنی ئێستادا، ئەوا دەبێ ئاگاداری چۆنێتی پێشکەوتنی ئەو دیاردەیە بیت و نابێ مێژووی دیاردەکە فەرامۆش بکەیت. لێرەدا سانکرۆنی و دیاکرۆنی لە یەک لێکۆڵینەوەدا تێکەڵ دەبن.

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**

١ - القاموس الموسوعي الجديد لعلوم اللسان، ترجمة: د. منذر عياشي.
٢- إشكالية المصطلح في الخطاب النقدي العربي الجديد، تأليف: د. يوسف وغليسي.

## سایکۆلۆژی Psychology

سایکۆلۆژی، یان سایکۆلۆجی Psychology، واتە زانستی دەروون، بە عەرەبی (علم النفس)، ئەو زانستەیە کە لە دەروون و خود و ڕەفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، زانستێکی نوێیە و لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا سەری هەڵداوە. سایکۆلۆژی لەگەڵ دامەزراندنی شیکردنەوەی دەروونی لە لایەن سیگمۆند فرۆیدەوە سەری هەڵداوە، بە تایبەتی لە کاتی چاپکردنی وتارەکانی لە ساڵی ١٨٩٦دا بە ناونیشانی: (چەند تێبینییەکی نوێ دەربارەی نەخۆشیی نێرۆسیەت-عوصابی) و هەروەها لەپاش چاپکردنی کتێبە ناودارەکەی بە ناوی "ڕاڤەکردنی خەونەکان" لە ساڵی ١٨٩٩دا. کەواتە زانای دەروونناسیی نەمساوی سیگمۆند فرۆید (١٨٥٦-١٩٣٩) یەکەم کەس بوو لەبارەی بیرۆکەی ململانێی دەروونی چەندین لێکۆڵینەوەی زانستیی گرنگی پێشکەش کرد. بەگشتی کێشەی دەروونیی مرۆڤ لە لای فرۆید دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری سێکس و کێشەی سێکس و غەریزە سێکسییەکان. چەپاندن و بێبەشبوون لە سێکس گرفتی دەروونیی گەورە لە لای مرۆڤ دروست دەکات، هەروەها فرۆید پێنج ساڵی یەکەمی ژیانی منداڵ بە قۆناغێکی گرنگ وەسف دەکات بۆ دروستکردنی کەسایەتیی ئینسان لە گەورەبوونیدا.

فرۆید دەروونی مرۆڤ دابەش دەکات بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا کە بریتین لە (ئەو ID) و (منEgo) و (منی باڵا Super Ego)

ئەو ID: بریتییە لەو کەسەی ناوەوەی ئێمە کە بە غەریزە ئارەزووی لە هەموو شتێکە، تەنانەت شتە قەدەغەکراوەکانیش. لە پێناو تێرکردنی ئارەزووەکان بەبێ گوێدان بە پێوەر و ئێتیک و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان. ئامانجی سەرەکیی "ئەو" بریتییە لە لەزەت و چێژوەرگرتن. واتە لێرەدا غەریزەکان تەحەکوم بە مرۆڤەوە دەکەن نەک ئەقڵ و لۆجیک.

من Ego: ئەو بەشەی مرۆڤە کە هەوڵدەدات هاوسەنگی لە نێوان "ئەو"ی ئاڵۆش و ئارەزووی کۆنترۆڵنەکراو و "منی باڵا"ی خۆپارێزدا دروست بکات. هەوڵدەدات هەندێ ڕەفتاری "ئەو" و هەندێ ڕەفتاری "منی باڵا" قبووڵ بکات و بەپێی لۆجیک و نەریتی کۆمەڵایەتی بیانگونجێنێت. بۆ نموونە "من" هەندێ لە ئارەزووەکان تێر دەکات، بەڵام بەو شێوەیەی کۆمەڵگە و عورفی گشتی دەیەوێت، نەک بەو شێوەیەی "ئەو" داوای دەکات.

منی باڵا Super Ego: ئەو بەشەی مرۆڤە کە گوایە زۆر خۆپارێز و ئەقڵانی و بێگەردە و خۆی لە غەریزەکان دەپارێزێت، تەنها پرەنسیپ و بەها ئەخلاقییەکان تەحەکوم بە ڕەفتارەکانیەوە دەکەن. دەیەوێ بە پێچەوانەی "ئەو" و "من" ڕەفتار بکات، یان خۆی وا دەنوێنێت. لە ڕاستیدا منی باڵا لە مرۆڤدا واقیعی نییە، چونکە هەمیشە مەیلی بە لای ئارەزووەکاندا دەچێت.

بێگومان هەرسێ بەشی دەروونی مرۆڤ بەیەکەوە بەستراون و لە یەکدی دابڕاو نین. دەتوانین بڵێن "ئەو" لایەنی بایۆلۆجی و غەریزیی کەسایەتییە، "من" لایەنی سایکۆلۆجیی کەسایەتییە، "منی باڵا" لایەنی سۆسیۆلۆجیی هەمان کەسایەتییە.

لەپاش فرۆید، هەر یەک لە ئەلفرێد ئەدلەر (١٨٧٠-١٩٣٧) و کارل یۆنگ (١٨٧٥-١٩٦١) و جاک لاکان (١٩٠١- ١٩٨١) بە شێوەیەکی جیاواز پەرەیان بەم زانستە دا. بۆ نموونە جاک لاکان لەپاش خوێندنەوەی فرۆید و شیکردنەوەی دەروونیدا بەگشتی، زمان و بونیادگەریی زمانی تێکەڵ بە شیکردنەوەی دەروونی کرد.

هەروەها سایکۆلۆجی لەتەک سوودوەرگرتن لە سۆسیۆلۆجیدا چەندین لێکۆڵینەوەی گرنگیان پێشکەش کرد و دواتر زانستێکی دی سەری هەڵدا بە ناوی: سایکۆسۆسیۆلۆجی (علم النفس الاجتماعي) کە

PDF 4 KURD

گرنگی بە تاکەکەس و دەروونی تاکەکەس دەدات لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا، واتە کاریگەرییەکانی کۆمەڵگە لەسەر دەروونی مرۆڤ.

**بڕوانە:**


١- الموسوعة النفسية الجنسية، د. عبدالمنعم الحفني
٢- معجم العلوم الانسانية، جان فرانسوا دورتيه، ترجمة: د. جورج كتوره
٣- الموسوعة الفلسفية، م. روزنتال و ب. يودين، ترجمة: سمير كرم
٤- معجم العلوم الاجتماعية، د. فريدريک معتوق
٥- مدخل الى ميادين علم النفس و مناهجه، د. كمال بكداش و د. رالف رزق الله
٦- علم النفس وميادينه، تأليف: فريق من الباحثين، ترجمة: وجيه أسعد
٧- التحليل النفسي من فرويد الى لاكان، عدنان حب الله
٨- علم النفس الاجتماعي، د. شفيق رضوان.
٩- فرهنگ علوم اجتماعی قرن بیستم، ویلیام اوتویت و تام باتامور، ترجمه: حسن چاوشیان، نشر نی- تهران، ١٣٩٢.

PDF 4 KURD

## سایکۆلۆژیای ئەدەب

## یان: ڕەخنەی سایکۆلۆژی Psychology of literature

## النقد النفسي أو سايكولوجية الأدب

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ بریتییە لە سوودوەرگرتن لە میتۆدەکانی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان. ئامانج لەم سوودوەرگرتنەدا دەرخستنی بایەخی شیکردنەوەی تێکستە ئەدەبییەکانە بە پێی ئەو میتۆدە زانستیانە، ئەمە بۆ ئەوەی شیکردنەوە لە ئاستی ڕووکاردا نەمێنێ و بچێتە قووڵایی دەقی داهێنەر. دەشێت میتۆدی سایکۆلۆژی یەکێک بێت لەو میتۆدە گرنگانەی دەتوانێت لە قووڵایی خودێکی داهێنەردا کار بکات و ئەو شتانە کەشف بکات کە تێکستەکە لە ڕووکاردا ئاشکرایان ناکات.

خوێندنەوەی تێکستەکان بەپێی میتۆدی سایکۆلۆژی چەندین دەرگای ترمان بۆ دەکاتەوە بۆ بینینی لایەنە نادیار و شاراوەکانی و هەروەها بۆ خستنەڕووی دەرکەوتەکانی "نائاگایی" و "نائاگایی کۆ" لە ناواخنی تێکستدا، لێرەدا ڕەخنەی ئەدەبی دەچێتە نێو ئەو پەیوەندییەی لە نێوان ستایلی سایکۆلۆژی و ڕەفتاری مرۆڤدا هەیە.

میتۆدی سایکۆلۆژی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەگەڵ دامەزراندنی شیکردنەوەی دەروونی لە لایەن فرۆیدەوە سەری هەڵداوە، بە تایبەتی لەپاش چاپکردنی کتێبە ناودارەکەی بە ناوی "ڕاڤەکردنی خەونەکان" لە ساڵی ١٩٠٠دا. کەواتە زانای دەروونناسیی نەمساوی سیگمۆند فرۆید (١٨٥٦-١٩٣٩) یەکەم کەس بوو لەبارەی بیرۆکەی ململانێی دەروونی چەندین لێکۆڵینەوەی زانستیی گرنگی پێشکەش کرد و لەمەشدا پشتی بە تێکستە ئەدەبییەکان بەست، هەروەها یەکەم کەس بوو تێکستی ئەدەبی -بە تایبەتی ڕۆمان-ی لەژێر تیشکی سایکۆلۆژیادا شیکردەوە، چونکە وەک فرۆید خۆی دەڵێ: "مەبەستی ڕۆماننووس ئەوەیە وامان لێبکات هەست بەوە بکەین

PDF 4 KURD

کە قارەمانی ڕۆمانەکە لە ئێمەوە نزیکە و ئەمەش پەیوەندیی سۆزداریمان لەگەڵ قارەمانەکەدا بۆ ئاسان دەکات."

فرۆید لە دۆزینەوە سایکۆلۆژییەکانیدا و لە داهێنانەکانیدا لە بواری شیکردنەوەی دەروونیدا، بە ئەندازەیەکی گەورە پەنای بۆ ئەدەب و تێکستە ئەدەبییەکان بردووە، پتر سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەو تێکستانە بووە کە لایەنێک لە لایەنە سایکۆلۆژییەکانی کارەکتەرەکان دەخەنە ڕوو، بە تایبەتی ڕۆمانەکانی دۆستویڤسکی، زیاد لە جارێک ددانی بەوەدا ناوە کە قەرزاری ئەدیبەکانە و پێی وایە نووسەران دۆزەرەوەی ڕاستەقینەی "نائاگایی"ی مرۆڤن. ئەمە لەبەر ئەوەی شاعیران و ڕۆماننووسان توانایەکی گەورەیان لە وەسفکردنی قووڵایی نائاگایی کەسایەتییەکانیاندا هەیە.

لێرەوە ئەدیبان –بێئەوەی پێبزانن- نائاگایی قووڵی خۆیان ئاشکرا دەکەن، لەمەشدا ئەدیبان بە تێکستەکانیان یارمەتییەکی زۆری زانایانی دەروونی دەدەن تا لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن. فرۆید، لە وتارێکدا کە لە ئاهەنگی یادی حەفتاساڵەی تەمەنیدا خوێندویەتییەوە، نکوڵی لەوە دەکات کە خۆی دۆزەرەوەی نائاگایی و ئەقڵی ناوەکی بێت و دەڵێ لە ڕاستیدا نووسەران خاوەنی ئەو دۆزینەوەیەن. هەروەها دەڵێ شاعیران بەر لە من نائاگاییان کەشف کردووە.

کەواتە فرۆید هەر لە سەرەتاوە بۆ دۆزینەوە سایکۆلۆژییەکانی، پشتی بە ئەدەب بەستووە. لە ساڵی ١٨٩٧ەوە خوێندنەوەکانی بۆ "ئۆدیبی پاشا"ی سۆفۆکلیس و "هاملێت"ی شێکسپیر، گرێداوە بە شیکردنەوەی حاڵەتە سایکۆلۆژییەکانی نەخۆشەکانی، بە تایبەتی پاش ئەوەی یەکێک لە سەرەکیترین چەمکەکانی خۆی دارشت کە بە "گرێی ئۆدیب" ناونرا، لە ساڵی ١٩٢٨یشدا ڕۆمانی "برایانی کارامازۆڤ"ی دۆستویڤسکیی خوێندەوە و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر نووسینەکانیدا جێهێشت.

PDF 4 KURD

گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئەدیبان و هونەرمەندان و شاعیرانی داهێنەر شارەزاییان لە لایەنە شاراوەکانی دەروونی مرۆڤدا هەیە. فرۆید دەڵێ ئەدیبان لە سایکۆلۆژیادا مامۆستای ئێمەن، چونکە لە سەرچاوەیەکی گرنگی مرۆڤەوە بابەتەکانیان هەڵدەهێنجن. بگرە فرۆید دوورتریش دەڕوا و دەڵێ هونەرمەند چییە جگە لە زانایەکی شیکاریی دەروونی بە جۆرێکی تر. ئەمە لەبەر ئەوەی ئەدەب و سایکۆلۆژیا باس لە بابەتی هاوبەش و نزیک لەیەک دەکەن، وەک خەیاڵ و فیکر و خەون و هەستەکان و چوونە نێو هەرێمە تاریک و قووڵەکانی خودی مرۆڤ.
واتە فرۆید خوێنەرێکی زۆر چاکی کتێبە ئەدەبییەکان بوو. جارێکیان لێی دەپرسن کێن ئەو مامۆستایانەی کاریان لە پێکهاتەی تۆدا کردووە، ئەویش ئاماژە بۆ کتێبخانەکەی دەکات کە ژمارەیەکی زۆر لە شاکارە ئەدەبییە جیهانییەکانی تیادا ڕیزکرابوون.

تێکستی ئەدەبی، سەبارەت بە زانای دەروونی و ڕەخنەگری ئەدەبی، بریتییە لە خەزینێکی گەورەی بابەت و هێما و ڕەمز، ئەمانە لە ڕاستیدا چەند کلیلێکی گرنگن بۆ کردنەوەی نهێنی و کۆدەکانی تێکست سەبارەت بە ڕەخنەگر، هەروەها بۆ چوونە نێو قووڵایی سایکۆلۆژیای دەقەکە سەبارەت بە سایکۆلۆژیست، چونکە ئەدەب خەزێنەیەکی دەوڵەمەندە لە مانا و دەلالەت کە ئاماژە بۆ ژیانی نائاگایی مرۆڤ دەکەن. کەواتە ڕەخنەگر و لێکۆڵیاری ئەدەبی و توێژەری دەروونی دەتوانن سوود لە دەقە ئەدەبییەکان وەربگرن بێئەوەی بگەڕێنەوە بۆ سایکۆلۆژیای نووسەر، یان بۆ بیۆگرافیای ئەدیب.
لە ڕاستیدا فرۆید، لەپاش خوێندنەوە بەردەوامەکانی بۆ ئەدەب، میتۆدی سایکۆلۆژیای لە ڕەخنەی ئەدەبیدا دامەزراند و برەوی پێدا. بۆچوونەکانی فرۆید کاریگەرییکی گەورەیان لەسەر ئەدەبی هاوچەرخ بەگشتی و سەرانسەری ئەدەبی ئەورووپی جێهێشت. لەدواییدا

PDF 4 KURD

ژمارەیەک چەمک و زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی نوێ سەریان هەڵدا. دەشێت دیارترینیان بریتی بێت لە فلاشباک و مۆنۆلۆژی ناوەکی کە لە تێکستە ئەدەبییەکاندا بە ئەندازەیەکی زۆر بەکار دەهێنرێن.

لێرەدا ڕەخنەگرێکی سایکۆلۆژیی دیکە هەیە کە لەدوای فرۆید پەرەی بە میتۆدی سایکۆلۆژیی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا داوە، ئەویش ڕەخنەگری فەرەنسی "شارل مۆرۆن"ە (١٨٩٩-١٩٦٦) کە لە شیکردنەوە ئەدەبییەکانیدا پشتی بە تیۆرییەکانی فرۆید بەستووە. ئەو پێی وایە ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ سوودێکی زۆری لە دۆزینەوەکانی فرۆید وەرگرتووە بۆ زیاتر چوونە نێو قووڵایی کارە ئەدەبییەکان و ڕەگەز و پێکهاتە و هێما خودییەکانیان. ئیدی دەستی کرد بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی مالارمێ و بۆدلێر و ڕاسین و ڤالێری و ڤیکتۆر هۆگۆ و لێکۆڵینەوەی دەروونیی لەسەر کردن.

لە پرۆسەی داهێناندا پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان فاکتەرە ناوەکی و فاکتەرە دەرەکییەکاندا هەیە، بەڵام داهێنەران بە ئەندازەیەکی زیاتر کاریگەرن بە فاکتەرە ناوەکییەکان. بێگومان فاکتەری ناوەکیش بۆ کاری ئەدەبی بە تەنیا بەس نییە، چونکە خۆبەخۆ ژینگەی دەرەکیش کاریگەری لەسەر تێکستەکە جێدەهێڵێت، واتە داهێنەران نووسینەکانیان تەنها لەپێناوی خۆیاندا بەکار ناهێنن. د. مستەفا سوەیف دەڵێ: پەیوەندیی نێوان دەرەوە و ناوەوە (دەرەوەی کۆمەڵایەتی/ناوەوەی دەروونی) پەیوەندییەکە تا ئاستێکی زۆر ئاڵۆز و پێکەوەگرێدراوە، دەرەوە و ناوەوە لە یەکدی دانابڕێن و هەریەکەیان مەرجدارە بەوی دیکە. بگرە ئەم پەیوەندییە ئەوە دەردەخات کە فاکتەری ناوەوە بریتییە لەو قەوارە کۆمەڵایەتییەی گۆڕاوە بۆ کۆدێکی سایکۆلۆژی.

لێرەدا ژمارەیەک چەمک و کەرەستەی مەعریفی هەن کە پێشتر تایبەت بوون بە بواری شیکردنەوەی دەروونی و زانایانی ئەو بوارە

PDF 4 KURD

دایان هێناون، بەڵام دواتر ئەو چەمک و زاراوانە گواستراونەتەوە بۆ نێو کایە مەعریفییەکانی تر. لەوانە کایەی ڕەخنەی ئەدەبی. ئەو چەمک و زاراوانەی کە ڕەخنەی ئەدەبی بایەخێکی گەورەیان پێدەدات و لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا بەکار دەهێنرێن، بریتین لە: ئاگایی و نائاگایی، نائاگایی شەخسی، نائاگایی کۆ، فاکتەری ناوەکی، خودی قووڵ یان قووڵایی خود، نوستالیژیا، من و بەرزەمن و ئەو.

ڕەخنەی سایکۆلۆژی پتر بایەخ بە (من)ی نائاگایی قووڵ دەدات. دەکرێ (نائاگایی) بە ئاستێکی ڕوون لە تێکستە ئەدەبییەکاندا کەشف بکرێت، بە تایبەتی ئەگەر ڕەخنەگری سایکۆلۆژیست هەڵگری کەرەستە و چەمکەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان و ئیستاتیکا و تیۆرە فەلسەفییەکان بێت.

فرۆید (١٨٥٦-١٩٣٩) هەمیشە جیاوازیی لە نێوان ئاگایی و نائاگایی لە سەرێک و ئاستەکانی ژیانی ناوەکی لە سەرێکی تردا دەکات. ئەو پێی وایە نائاگایی ئەو کۆگا ناوەکی و تایبەتییەیە کە لە دەرەوە دیار نییە و بە ئاسانی کەشف ناکرێت و لە ڕاستیدا ئەمە کارکردێکی چالاکە لە جوڵاندنی ڕەفتاری تاکەکەس و داهێنانی هونەری و چالاکیی مرۆڤدا، لە ڕاستیدا بەرهەمی شاعیران و ئەدیبانیش هەڵێنجراوی نائاگاییە.

ئەریک فرۆم (١٩٠٠-١٩٨٠) دەڵێ ئاگایی بریتییە لە چالاکیی دەروونیمان لە کاتێکدا بە شێوەیەکی پراکتیکی سەرقاڵی جیهانی دەرەوەین، بەڵام نائاگایی بریتییە لە چالاکیی دەروونی لە کاتێکدا کە هەموو پەیوەندییەکمان بە جیهانی دەرەوە پچڕیوە. بەو پێیە ژیانی دەروونیی مرۆڤ، تێکەڵەیەکی ئاڵۆزە لە ئاگایی و نائاگایی. لە نێوانیشیاندا هێزێکی جیاکەرەوە پەنهانە کە بریتییە لە هێزی چەپاندن.

فرۆید نائاگایی بە چەپاندنەوە دەبەستێتەوە، ئەگەرچی جیاوازیشیان لە نێواندا هەیە. ئەو وای دەبینێ چەپاندن ناگاتە ئاستی ئاگایی. نائاگایی لە لای فرۆید چەمکێکی گشتیی هەیە، کەچی چەپاندن

چەمکێکی تایبەتییە. ئەو دەڵێ هەموو چەپاندنێک نائاگاییە، بەڵام ناکرێت بڵێین هەموو نائاگاییەک چەپێنراوە. زاراوەی نائاگایی زاراوەیەکی ستاتیکی-سکونییە، بەڵام چەپێنراو زاراوەیەکی دینامیکییە و ململانێی هێزە دەروونییەکان دەردەخات. یەکێک لە سیماکانی چەپێنراو، سەرباری بەهێزییەکەی، ئەوەیە کە بێتوانایە لە گەیشتن بە ئاگایی.

فرۆید لە لێکۆڵینەوە سایکۆلۆژییەکانیدا گرنگییەکی بەرچاوی بە زاراوەی "نائاگایی" داوە، بە تایبەتی لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانیدا لەبارەی ئەدەب و ڕۆمان بە ڕادەیەکی زۆر پشتی بەو زاراوەیە بەستووە. ئەمەیشی لەو لێکۆڵینەوانەدا پراکتیک کردووە کە لەسەر ئۆدیبی پاشای سۆفۆکلیس و هاملێتی شێکسپیر و برایانی کارامازۆڤی دۆستۆیێڤسکیی نووسیوە.

بەم شێوەیە فرۆید چەمکی "نائاگایی"ی لە شیکردنەوەی دەروونی و لە پرۆسە ڕەخنەییەکانیدا دەرخستووە، بەو پێیەی ئەم چەمکە ڕوویەکی نێگەتیڤانەی ئاگایی نییە، بگرە ئاگایی و نائاگایی وەک دوو دیوی دراوێک وان و پێکەوە پێکهاتە سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤ ئاشکرا دەکەن، چونکە نائاگایی لە پەیوەندییەکی دیالێکتیکیدا بە ئاگاییەوە، ئارەزوو و چەپاندنەکانی ناخ و هێما سایکۆلۆژییەکان دەهێننە ئاستی سەرەوە.

تەنانەت ڕەخنەگرێکی مارکسیستی وەک لوسیان گۆڵدمان (١٩١٣-١٩٧٠) گرنگی بەو زاراوە دەروونییانەی فرۆید دەدات و دەڵێ بۆ تێگەیشتن لە هەر کارێکی ئەدەبی، نابێ بە تەنیا بایەخ بە مەبەستە ڕووکەش و ئاگاییەکانی تاکەکەس و ئاگایی نووسەر بدەین، چونکە ئاگایی لە ڕاستیدا ڕەگەزێکی جوزئییە لە ڕەگەزەکانی ڕەفتاری مرۆڤ، کە زۆر جار ناوەڕۆکی ئەم نائاگاییە جووت و گونجاو نییە لەگەڵ سروشتی ڕاستەقینەی ڕەفتاردا.

PDF 4 KURD

لە نێو ڕەوت و ڕێبازەکانی شیکردنەوەی دەروونیدا، جگە لە ڕێبازی فرۆید، ژمارەیەک ڕەوت و قوتابخانەی تر سەریان هەڵداوە و ئەمانیش کاریگەرییان لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی جێهێشتووە، بۆ نموونە کارل یۆنگ (١٨٧٥-١٩٦١) و ئالفرێد ئیدلەر (١٨٧٠-١٩٣٧) و جاک لاکان (١٩٠١- ١٩٨١)، لەوانەیە گرنگترینیان ڕێبازی (کارل یۆنگ) بێت کە لەم بوارەدا خاوەنی چەمکێکی داهێنراوی تری ئەو زانستەیە کە بە "سایکۆلۆژیای کۆ" ناودەبرێت، لە ڕاستیدا یۆنگ داهێنەری زاراوەی "نائاگایی کۆ" یە کە ڕەخنەگری ناوداری ڕووسی ڤلادیمێر پرۆپ (١٨٩٥-١٩٧٢)، لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانیدا لەسەر ئەفسانە، پراکتیزەی کردووە.

کارل یۆنگ قوتابیی فرۆید بووە و لە سەرەتادا لەژێر کاریگەریی تیۆرییەکانی مامۆستاکەیدا دەینووسی، بەڵام دواتر ڕێچکەیەکی تری دۆزییەوە، کە مرۆڤی لە تاکێکی خودیی داخراو و سەربەخۆوە دەرهێنا و بەستیەوە بە سایکۆلۆژیای سەرجەمی مرۆڤەکانی ترەوە، بێئەوەی بایەخی گەورەی نائاگایی تاکەکەس ڕەت بکاتەوە، یان لە بەهاکەی کەم بکاتەوە.

یۆنگ پێی وایە ئاگایی تاکەکەس، یان کەسایەتیی مرۆڤ لە سنووری ئەزموونێکی فەردیدا قەتیس نابێت، بەڵکو درێژدەبێتەوە و دەگاتە ئەزموونی سەرجەم مرۆڤایەتی کە گرووپە مرۆییە هەرە کۆنەکانیش لەخۆ دەگرێت. ئەم ئەزموونە لە لای یۆنگ و لایەنگرەکانیدا دەگاتە گرنگیدان بە ئەفسانە هەرە دێرینەکانی بەشەرییەت.

بە بۆچوونی زانایانی دەروونی، کانگەی داهێنان بریتییە لە نائاگایی، بەڵام ئەم نائاگاییە لە لای فرۆید بریتییە لە نائاگایی تاکەکەس و لە لای یۆنگیش بریتییە لە نائاگایی کۆ. بەرهەمی ئەدەبی و هونەری، لە دیدی یۆنگ، تێکەڵەیەکە لە ئاگایی فەردیی داهێنەر و ئەو نائاگاییە جەماعییەی لە کولتوور و کەلەپووری کۆدا خەزن کراوە. لەمەشدا

ژمارەیەکی بێشومار کۆد و هێمای زیندوو هەیە کە شاعیر و نووسەر، بۆ وروژاندنی هەستەکان و بۆ گوزارشتکردن لە ئاگایی کۆمەڵگە، بەکاری دەهێنن.

لێرەوە یۆنگ وای دەبینێت (نائاگایی کۆ) قووڵاییەکی زیاتری هەیە وەک لە نائاگایی شەخسی. کەواتە هونەرمەندی داهێنەر دەتوانێت ئاسەوارە شاراوەکانی نائاگایی کۆ دەربخات، بە سیفەتی ئەوەی هونەرمەند مرۆڤێکی جەماعییە و هەڵگری ڕۆحی ئاکتیڤ و نائاگایی مرۆڤەکانی تریشە. هەروەها دەتوانێت بچێتە نێو قووڵاییەکانی ڕابردووی بەشەرییەت و بەقسەیان بهێنێت و دیوە پەنهانەکانیان ئاشکرا بکات. لێرەوە ئاساییە شاعیران لە کانیاوی سەرچاوە ئەفسانەییەکان بخۆنەوە، تا هێزی داهێنانێک بهێننە ئاراوە کە خود و نائاگایی بزوێنەری سەرەکیی ئەو داهێنانەن.

بە گشتی دەتوانین بڵێین بەشی هەرە زۆری ئەو کارکردە سایکۆلۆژییانەی وا لە هونەرمەند و ئەدیب دەکەن کاری داهێنەرانە بەرهەم بهێنن، دەگەڕێنەوە بۆ مەیلە ناوەکییە چەپێنراوەکان و بۆ ئەو ئارەزووانەی لە نائاگاییدا حەشاردراون.

لە ڕاستیدا سایکۆلۆژیای نوێ چەندین زاراوە و چەمک و ڕاڤەکردنی نوێی خستووەتە بەردەمی ڕەخنەگری ئەدەبی. ئەمرۆ کەرەستە و زاراوە و چەمکە سایکۆلۆژییەکان لە پەیوەستیاندا بە ڕەهەندە سۆسیۆلۆژییەکەی، بە ئاستێکی زۆر لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بەکار دەهێنرێن. لە ئەمڕۆدا میتۆدێکی سەربەخۆ لە کایەی ڕەخنەدا کار دەکات کە بە میتۆدی سایکۆلۆژی ناودەبرێت، بێئەوەی لە ژینگە سۆسیۆلۆژییەکەی جیای بکاتەوە، بە جۆرێک کە دەشێت بۆ خوێندنەوەی تێکستێکی ئەدبی، میتۆدی (سایکۆ-سۆسیۆلۆژی) بەکار بهێنرێت.

**بۆ شارەزایی زیاتر بڕوانە:**

١- دليل الناقد الأدبي، د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي.

٢- النقد الأدبي الحديث من المحاكاة الى التفكيك، د. ابراهيم محمود خليل.

٣- التفسير النفسي للادب، د. عزالدين اسماعيل.

٤- في النقد الأدبي و التحليل النفسي، د. خريستو نجم.

٥- مفاهيم نقدية، رينيه ويليک.

٦- دراسات نفسية في الابداع و التلقي، مصطفى سويف.

٧- النقد الأدبي و مدارسه الحديثة، ستانلي هايمن.

٨- فرهنگ علوم اجتماعی قرن بیستم، ویلیام اوتویت و تام باتامور، ترجمه: حسن چاوشیان، نشر نی- تهران، ١٣٩٢.



PDF 4 KURD

## سەرمایەی ڕۆشنبیری cultural capital

"سەرمایەی ڕۆشنبیری cultural capital"، بە عەرەبی (الرأسمال الثقافي)، زاراوەیەکی سۆسیۆلۆژییە و زانای کۆمەڵناسی فەڕەنسی پییێر بوردیۆ (١٩٣٠-٢٠٠٢) دای هێناوە لەتەک چەند زاراوەیەکی دیکەی نزیک لەم زاراوەیە وەک سەرمایەی کۆمەڵایەتی socity capital(الرأسمال الاجتماعي) و سەرمایەی ڕەمزی symbolic capital(الرأسمال الرمزي)، لەم سێ زاراوەیەدا ڕۆڵی مەعریفە و کولتوور و بنەماڵە و ئایین و خێزان و پلەی خوێندن و پسپۆڕی، لە دەوڵەمەندکردنی کەسایەتیدا، دەردەخرێت. لە کۆمەڵگەکانی پێش مۆدێرنەشدا ڕابردووی پاک و شەرەف و سومعە و بێگەردیی جەستەی ژن لە ڕووی ئەخلاقییەوە بە سەرمایەی ڕەمزی دادەنرێن. لێرەدا سەرمایەی ڕەمزی پەیوەندیی بە فەزای کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و سەرمایەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

مەبەست لە سەرمایەی ڕۆشنبیری کۆی ئەو کانگا و سەرچاوە ڕۆشنبیرییەیە کە تاک سوودی لێ وەردەگرێت و لە ژیاندا پایەی خۆی پێ بەرزدەکاتەوە بە جیاواز لە سەرمایەی مادی. گرنگترین ئەو سەرچاوانە بریتین لە پایەی کۆمەڵایەتی و دابونەریت و ناوبانگی خێزان و بوارێکی داهێنان و پلەی خوێندن و بڕوانامە.

بەڵام سەرمایەی کۆمەڵایەتی، کە زانای کۆمەڵناسیی ئەمریکی جێمس کۆڵمان بەکاری هێناوە، بریتییە لە تۆڕێک لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، کە کەسێک لە ڕێگەی خێزان و خزم و کەسوکار و هاوڕێکانییەوە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی خۆی فراوان دەکات و دەبێتە جێگەی متمانەی ئەوانی دی. لە هەموو مەسەلەیەکدا بە دەنگیانەوە دەچێت و ئەوانیش بە دەنگیەوە دێن. بەم شێوەیە ئەو کەسە سەرمایەی کۆمەڵایەتیی خۆی بەهێز دەکات. ئەم چەشنە سەرمایەیە بەزۆری لە کۆمەڵگەی کۆمیونیت، یان کۆمەڵگەی ناوچەییدا بوونی هەیە.

PDF 4 KURD

لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا پییر بۆردیۆ سەرنجی لە فۆرمەکانی سەرمایەداری دەدا و ویستی لە مانا تەقلیدییەکەی دەری بهێنێت و شێوەکانی تری سەرمایە ئاشکرا بکات. بەو پێیەی تاکەکانی چینی بۆرژوازی دەتوانن توانای مادی و غەیری مادیش بەدەست بهێنن بۆ پاراستنی هێز و ئیمتیازەکانیان و پاشان گواستنەوەی ئەو هێز و ئیمتیازاتە بۆ نەوەکانیان، کەواتە دەشێت لایەنی مەعنەوی بایەخی پێ بدرێت و لێرەوە سەرمایەی ڕۆشنبیری بکرێت بە فاکتەرێکی گرنگ بۆ گواستنەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی، بەو مانایە دەشێت کەسایەتییەک کە لە ڕێگەی بۆ نموونە شیعر و ئەدەبیاتەوە سەرمایەی ڕۆشنبیری و سەرمایەی ڕەمزیی بەدەست هێنابێت، بگوازێتەوە بۆ نەوەکانی، نەوەکانیشی دەتوانن پەرەی زیاتر بەو سەرمایە ڕۆشنبیرییە بدەن، کە هەندێ جار سەرمایەی ڕۆشنبیری و ڕەمزی دەبێتە مایەی بەدەستهێنانی سەرمایەی مادی. وەک ئەوەی بۆ نموونە کوڕێک بە هۆی ناوبانگ و پلەوپایەی باوکی هەوڵبدات سوود لەو سەرمایەیە وەربگرێت و بە هۆیەوە دەستکەوتی مادی بەدەست بهێنێت. واتە لێرەدا سەرمایەی ڕۆشنبیری بۆی هەیە ببێت بە هێزێکی مادی.

بۆردیۆ وای دەبینێت ئەم زاراوەیە مۆرکێکی کۆمەڵایەتیی کولتووری وەرگرتووە، بە سیفەتی ئەوەی ئەمە مەیلێکی بەرجەستەکراوە بۆ کارکردن و بیرکردنەوە و نووسین کە بە زۆری لە لای ڕۆشنبیراندا دەردەکەوێت. بۆردیۆ دەڵێت مومکینە سەرمایەی ئابووری هاوشانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی بێت، دەشێت ئەو سەرمایەیە وەبەر بهێنرێت و فۆرمی تر وەربگرێت، واتە وەک چۆن کەسێک سەرمایەیەکی ڕۆشنبیریی دەوڵەمەندی هەبێت دەتوانێت بیکات بە هۆیەک بۆ بەدەستهێنانی سەرمایەی ئابووری، بە هەمان شێوە کەسێک سەرمایەیەکی ئابووریی دەوڵەمەندی هەبێت دەتوانێت بۆ

PDF 4 KURD

بەدەستهێنان و دەوڵەمەندکردنی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سەرمایەی کولتووریش سوودی لێ وەربگرێت.

لەم نێوەندەدا باوکان دەتوانن توانایەکی زیاتری ڕۆشنبیری و پلەی خوێندن بۆ مناڵەکانیان دەستەبەر بکەن، بە جۆرێک کە لە ئاستی خوێندن و بڕوانامەدا سەرکەوتووبن. لێرەدا سەرمایەی مادی و سەرمایەی ڕۆشنبیری ئاوێزانی یەکدی دەبن و هەریەکەیان سوود لەوی دی وەردەگرێت بۆ خۆدەوڵەمەندکردن. کەسێک لە ڕووی سەرمایەی مادییەوە دەوڵەمەند بێت دەشێت هەوڵبدات لە ڕووی سەرمایەی کۆمەڵایەتی یان سەرمایەی ڕۆشنبیریشەوە دەوڵەمەند ببێت، یان بە پێچەوانەوە کەسێک سەرمایەی کۆمەڵایەتی، یان سەرمایەی ڕۆشنبیریی دەوڵەمەند بێت، دەشێت هەوڵبدات لەو ڕێگەیەوە سەرمایەی ئابووریی خۆی دەوڵەمەند بکات.

هەر بەپێی بۆردیۆ سەرکەوتن لە خوێندن و بەدەستهێنانی پلەی بەرزی بڕوانامە (کە ئەمە بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەبێتە سەرمایەی ڕۆشنبیری) ڕێگەیەکی گونجاوە بۆ دەستەبەرکردنی قازانج و وەزیفەی بەرز و موچەی زۆر. لە هەموو کۆمەڵگەکاندا ئەو دیاردەیە دەبینرێت و دەتوانین ئەو کەس و نموونانە دەستنیشان بکەین کە بە هۆی سەرمایەی ڕۆشنبیری و بە هۆی ناوبانگی باوکەوە، سەرمایەی مادی و ئابووریشیان دەوڵەمەند کردووە.

١- علم الاجتماع المفاهيم الاساسية، جون سكوت، ترجمة: محمد عثمان، الشبكة العربية للابحاث والنشر، ط٢، بيروت، ٢٠١٣.

٢- موسوعة علم الاجتماع، ج٢، جون سكوت و جوردون مارشال، ترجمة: محمد الجوهري واخرون، المركز القومي للترجمة، القاهره، ط٢، ٢٠١١.

## سۆسیۆلۆژی Sociology

سۆسیۆلۆژی، یان سۆسیۆلۆجی و سۆسیۆلۆگی Sociology، واتە کۆمەڵناسی، یان زانستی کۆمەڵ، یان زانستی کۆمەڵگە، بە عەرەبی (علم الاجتماع)، ئەو زانستەیە کە لە پەیوەندی و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و لە دیاردە کۆمەلایەتییەکان ورددەبێتەوە. فەیلەسووفی فەرەنسی ئۆگیست کۆنت (١٧٩٨-١٨٥٧) لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بە داهێنەری زاراوەی Sociology دادەنرێت، کە لە ساڵی ١٨٣٨دا ئەم زاراوەیەی لە کتێبی (چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی فەلسەفەی پۆزێتیڤیزم)دا جێگیر کرد، کۆنت ئەم زاراوەیەی لە وشەی Sociusی یۆنانییەوە وەرگرتووە کە بە مانای هاوبەش دێت، هەروەها وشەی Societasکە بە مانای کۆمەڵە، یان دەستە و گرووپ دێت، لەگەڵ Logy واتە زانست، یان لێکۆڵینەوە؛ هەردوو وشەکە بەسەریەکەوە واتە زانستی لێکۆڵینەوە لە هاوبەشییەکانی کۆمەڵگە واتە پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە. بەر لە ئۆگیست کۆنت، مامۆستاکەی (واتە سان سیمۆن) زاراوەی فسیۆلۆجیای کۆمەلایەتی Social physiologyی بەکار هێناوە، کۆنتیش یەکەم جار زاراوەی فیزیای کۆمەلایەتیSocial physics ی بەکار هێناوە و ئەم زاراوەیەشی لە زانای بەلجیکی "ئەدۆلف کاتللی" وەرگرتبوو، بەڵام دواتر لەو وشەیە پەشیمان بووەتەوە و سۆسیۆلۆجیای بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگە هەڵبژاردووە.

لەنێو فەیلەسووفە کۆنەکانیشدا یەکەم کەس لە پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان ورد بوویێتەوە و باسی کۆمەڵگەی کردبێت، فەیلەسووفێکە لە شارستانیەتی عەرەبی-ئیسلامی بە ناوی ئیبن خەلدون (١٣٣٢-١٤٠١)، بۆیە هەندێ کەس پێیان وایە ئیبن خەلدون بە دامەزرێنەری کۆمەڵناسی دادەنرێت، چونکە بەر لە ئیبن خەلدون

فەیلەسووفەکان تەنها باسی خودا و مرۆڤ و سروشت و ئەفراندنیان کردووە و لە لای ئەوان شتێک نەبووە بە ناوی کۆمەڵگە.

لە سەدەی نۆزدەهەمیشدا کارل مارکس (١٨١٨-١٨٨٣) گرنگییەکی زۆری داوە بە کۆمەڵگە و کۆمەڵناسی، بەڵام بە هۆی سەرقاڵیی زۆری بە بابەتەکانی ئابووری و فەلسەفە و سیاسەت نەپەرژاوەتە سەر ئەوەی کتێبێک لەسەر سۆسیۆلۆجیا بنووسێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەریەک لە ماکس فیبەر و ڕیمۆن ئارۆن پێیان وایە کارل مارکس یەکێکە لە مەرجەعە کلاسیکییەکانی کۆمەڵناسی و ئاماژەیان بۆ بلیمەتیی ئەو کردووە لەو بوارەدا. تێزی سەرەکیی مارکس لەوەدا کورت دەبێتەوە کە دەڵێ ژیانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە ململانێی چینایەتی. لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتیشدا سەرخانی کۆمەڵایەتی (فیکر و فەلسەفە و ئەدەب و هونەر و ئایین و کولتوور) ڕۆڵێکی گرنگی لە پەرەپێدان و پێشکەوتنی ژێرخانی کۆمەڵایەتی (ئابووری)دا هەیە و بە پێچەوانەشەوە، مارکس زاراوەی (کۆمەڵناسی-سۆسیۆلۆجیا)ی پێ ڕاست نەبووە، لەبری ئەوە پێشنیاری "زانستی کۆمەڵگە"ی کردووە، واتە (Science Society علم المجتمع)، هەروەها ڕەخنەی لە چەمکی پۆزێتیڤیزم گرتووە کە ئۆگیست کۆنت داهێنەریەتی.

دەیان پێناسی جۆراوجۆر بۆ کۆمەڵگە و کۆمەڵناسی کراوە، لە سەرەتادا ئۆگیست کۆنت سۆسیۆلۆژیای لە "پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان"دا کورت دەکردەوە، بەڵام سۆسیۆلۆژیستی ئەڵمانی ئیمیل دۆرکهایم (١٨٥٨-١٩١٧) سەرباری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، جەختی لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکرد و لە ڕاستیدا دۆرکهایم بە داهێنەری زاراوەی "دیاردە کۆمەڵایەتییەکان" دادەنرێت.

مۆریس کینزبێرگ دەڵێ سۆسیۆلۆژیا بریتییە لەو زانستەی کە لە سروشتی پەیوەندییەکان دەکۆڵێتەوە و هۆکار و دەرەنجامەکانی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە شی دەکاتەوە، کە لێرەدا مەبەست لە

PDF 4 KURD

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندیکردن و کارلێککردنی نێوان تاکەکان و گرووپەکانە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان.
سۆسیۆلۆژیستی ئەڵمانی ماکس فیبەر (١٨٦٤-١٩٢٠) دەڵێ سۆسیۆلۆژی ئەو زانستەیە کە لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە و ڕاڤەی دەکات، ڕەفتاری کۆمەڵایەتیش پەیوەندیی بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و بە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، بەڵام جۆرج زیمڵ (١٨٥٨-١٩١٨) دەڵێ سۆسیۆلۆژی ئەو زانستەیە بایەخ بە لێکۆڵینەوە لە تۆڕی پەیوەندییەکان و ئەو کارلێکە کۆمەڵایەتییانە دەدات کە لە نێوان تاکەکان و گرووپەکان و دامەزراوە جۆراوجۆرەکاندا ڕوودەدات. لێرەدا کۆمەڵگە بریتییە لە تۆڕێکی ئاڵۆز لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە کە پەیوەندیی هەمیشەیی و کارلێکی بەردەوامیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. هەریەکە لە تاکەکان و گرووپەکان و دامەزراوەکانیش فۆرم و وەزیفە و ئامانجی خۆیان هەیە و لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتیدا خۆیان دەگونجێنن. هێربێرت سپینسەر (١٨٢٠-١٩٠٢) وای دەبینێت کە سۆسیۆلۆجیا وەسف و ڕاڤەی گەشەکردن و پێشکەوتنی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی وەک خێزان و دیسپلینی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی نێوان سیستەمەکان دەکات. هەروەها بەراوردی نێوان کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان بە هۆی جیاوازی و هەمەڕەنگییان.
ئەگەر بشێت سۆسیۆلۆژیا لە چەند ڕستەیەکدا پێناس بکرێت (ئەگەرچی هیچ زانستێک لە پێناسەیەکدا کورت ناکرێتەوە و چوارچێوەی بۆ دانانرێت)، ئەوا دەتوانین ئەم چەند دێڕەی خوارەوە بخەینە ڕوو کە بریتییە لە کۆکردنەوەی پێناسەکانی تر سەبارەت بە کۆمەڵگە و تا ڕادەیەکیش کۆدەنگیی لەسەر بووە:
(سۆسیۆلۆژیا ئەو زانستەیە لە پەیوەندیی تاکەکان و گرووپەکان و لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە، کۆمەڵگەش بریتییە

لە تۆڕێک پەیوەندیی ئاڵۆز لە نێوان تاکەکان و گرووپەکان و دامەزراوەکان لە پانتاییەکی هاوبەشدا کە زمانێکی هاوبەش و کولتوورێکی هاوبەش و ئاینێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە بۆ دابینکردنی ئاتاج و پێداویستییەکانیان).

بەڵام لە ڕاستیدا ئەم پێناسەش تا ئەندازەیەکی زۆر پێناسێکی کلاسیکیانەیە، بەو پێیەی ئەمڕۆ بارودۆخی ژیانی کۆمەڵگەکان گۆڕاوە. ئەمڕۆ لەبری زمانی هاوبەش و کولتووری هاوبەش، فرەزمانی و فرەئایینی و فرەکولتووری (مۆڵتی کولتوور) سەرانسەری کۆمەڵگە پیشەسازی و پێشکەوتووەکانی گرتووەتەوە، ئەمە جگە لەوەی لە سەردەمی پۆست مۆدێرنە و گلۆبالیزمدا دەبێ بە جۆرێکی تر و بە چەمک و تیۆری دیکە لە کۆمەڵگە تازەکان بکۆڵرێتەوە.

**بڕوانە:**


١- موسوعة علم الاجتماع، جون سكوت و جوردون مارشال، ترجمة: محمد الجوهري واخرون، ج٢

٢- موسوعة علم الاجتماع، د. أحسان محمد الحسن

٣- معجم العلوم الانسانية، جان فرانسوا دورتيه، ترجمة: د. جورج كتوره

٤-قضايا علم الاجتماع المعاصر، د. علي عبدالرازق جلبي

٥- علم الاجتماع، د. عبدالحميد لطفي

٦- علم الاجتماع من النظريات الكبرى الى الشؤون اليومية- أعلام وتواريخ وتيارات، تحرير: فيليب كابان و جان فرانسوا دورتيه، ترجمة: د. إياس حسن

٧- مفاتيح علم الاجتماع، جورج لاباساد و رينيه لورو، ترجمة: فاروق الحميد

٨- د. منصور عيد، معجم الفكر الحضاري، دار الجيل للنشر والطباعة والتوزيع، بيروت، ٢٠١٠.

٩- فرهنگ اصطلاحات ادبی، تاليف: سيما داد، انتشارات مرواريد، تهران، چاپ سوم، ١٣٨٥

١٠- فرهنگ علوم اجتماعی قرن بيستم، ويليام اوتويت و تام باتامور، ترجمه: حسن چاوشيان، نشر نی- تهران، ١٣٩٢.




PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

## سۆسیۆلۆژیای ئەدەب
## یان: ڕەخنەی سۆسیۆلۆژی sociology of literature

سۆسیۆلۆژیای ئەدەب (النقد الاجتماعي أو سوسیولوجیا الأدب) Sociology of Literature ئەو زانستەیە کە لە پەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە، یان ئەو زانستەیە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە ئەدەب دەڕوانێت. لێرەدا ئەدەب پابەند دەکرێت بەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەی تیایدا دەژی.

لە ڕاستیدا ناوەڕۆکی ئەم بابەتە زۆر کۆنە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوویەکی دوور، دەبینین ئەفلاتون یەکەمین ڕەخنەگرە بایەخ بە لایەنی کۆمەڵایەتی دەدات. ئەفلاتون شاعیرانی لە کۆمارە یۆتۆپییەکەی وەدەرناوە، چونکە ئەخلاق تێکدەدەن، بەڵام ئەوانەی شیعر بۆ بەرزکردنەوەی ورەی جەنگاوەران دەهۆننەوە، شایستەی هەموو ڕێزێکن. ئەمە لە ڕاستیدا تێڕوانینێکی کۆمەڵایەتییانەیە بۆ ئەدەب.

ئەم زانستە یەکەم جار لە ئەورووپا سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە. ڕەنگە بتوانین سەردەمی مارکس و بیروباوەڕی مارکسیزم لەبارەی ئەدەب، بە سەرەتای ئەم تێڕوانینە بۆ ئەدەب، لە چەرخی نوێدا، دابنێین. مارکسیزم بەوەندە نەوەستا کە بڵێت ئەدەب گوزارشتە لە کۆمەڵگە، یان بەوەی ئەدەب کاریگەریی ژیانی کۆمەڵایەتیی لەسەرە. مارکسیزم سیفەتی ئایدیۆلۆژیای بە ئەدەب بەخشی، بەو پێیەی ئایدیۆلۆژیا ئامرازێکە بۆ ڕێنوێنی، یان بۆ کۆنترۆڵکردنی جەماوەر. لەبەر ئەوە ئەدەب وەک سەرخانی کۆمەڵگە، دواجار بەشێکە لە بونیادە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. لە تێڕوانینی مارکسیزمدا دەبێ ئەدەب گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، ئەگەر شۆڕش هەڵگیرسا و بونیادە بنچینەییەکانی کۆمەڵگەی هەڵتەکاند، ئەوسا ئەو

PDF 4 KURD

ئەدەبە دەبێت بە ئەدەبێکی نوێ و گوزارشت لە خەون و خواستەکانی کۆمەڵگەی نوێ دەکات.

دارِشتن و ناولێنانی ئەم زاراوەیە، وەک ڕۆبیر ئیسکارپیت لە کتێبی (سۆسیۆلۆژیای ئەدەب-١٩٥٨)دا دەڵێ، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی بیستەم و بە دیاریکراوی بۆ ساڵی ١٩٥٠. ئەم زانستە، وەک لە ناولێنانی زاراوەکەدا دەردەکەوێت، هەم زانای کۆمەڵناسی و هەم تیۆریستی ئەدەبی دەتوانن لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن، بەو مەرجەی هەردوو لایان پشت بە هەردوو زانستەکە پێکەوە (واتە سۆسیۆلۆژیا و ئەدەب) ببەستن، چونکە زانای کۆمەڵناسی بە تەنیا و بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەدەب ناتوانێت لەم بوارەدا توێژینەوە ئەنجام بدات، لێکۆڵیاری ئەدەبیش بەبێ گەڕانەوە بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگە و سۆسیۆلۆژیا ناتوانێت بە تەنیا لەم زانستەدا توێژینەوە بکات، بۆیە لێرەدا پێویستە توێژەر و ڕەخنەگر و تیۆریستی ئەدەبی سوود لە زانای کۆمەڵناسی و لە میتۆد و تیۆرییەکانی سۆسیۆلۆژیا وەربگرن تا بە شێوەیەکی ڕوونتر و قووڵتر کانگە سەرەکییەکەی ئەدەب بدۆزنەوە کە بریتییە لە کۆمەڵگە.

کەواتە سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، بە حوکمی بابەتەکەی و پێکهاتەی میتۆدەکەی، بابەتێکە پێویستیی بە توێژینەوەی بەکۆمەڵ هەیە. بگرە لە هەندێ ژینگەی زانستیی پێشکەوتوودا و لە هەندێ لە زانکۆکانی ئەورووپادا بووە بە بوارێکی جەماعی بۆ چەندین توێژەر لە بوارە جیاجیاکاندا. ئەو بوارانەش بە تەنیا سەر بە سۆسیۆلۆژیا و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نین، بەڵکو چەندین زانستی دیکە لە زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان پەیوەستن پێوەی، وەک: زانستی زمان، زانستی دەروون، زانستی ئابووری، زانستی مێژوو، فەلسەفە و ئیستاتیکا. سەرجەمی ئەم زانستانە، لە ڕووی بابەتەوە، لە چەندین لایەنی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب دەکۆڵنەوە، کە سەرەکیترینیان بریتییە

له "پەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە" و هەریەکە لەم زانستانە لە گۆشە و دیدی تایبەتی و تا ڕادەیەک جیاوازەوە تەماشای ئەو پەیوەندییە دەکەن.

ڕۆبێر ئیسکارپیت-ی تیۆریستی بواری سۆسیۆلۆژیای ئەدەب لە کتێبی "ئەدەب و کۆمەڵگە"دا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە هەردوو زانکۆی برۆکسێل و بوردیۆدا تیمێکی کارکردن لە زانایانی بواری ئەدەبی و زمانەوانی و مێژوویی و سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و ئابووری پێکهێنرا بۆ کارکردن و دارشتنی لایەنەکانی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب.

لێرەدا دوو تێڕوانینی جیاواز بۆ پەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە هەیە، دوو تێڕوانین سەبارەت بە چەمکی ئەدەب و ئەو گۆشەیەی لێیەوە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی تیا دەکرێت، لەتەک چەمکی کۆمەڵگە و ماناکانی کۆمەڵگە، ئینجا سروشتی ئەو پەیوەندییەی ئەم دووانە پێکەوە دەبەستێتەوە. دەتوانین بڵێین ئەم دوو تێڕوانینە لە دوو تیۆریدا کۆدەبێتەوە، تیۆری یەکەم پێی دەوترێت تیۆری ڕەنگدانەوە، یان پێچەوانەکردنەوە (نظرية الانعكاس) کە پێی وایە ئەدەب بریتییە لە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگە، واتە ئەدەب کاریگەریی کۆمەڵگەی لەسەر دەبێت و خۆیشی کار لە کۆمەڵگە دەکات. تیۆری دووەمیش وای دەبینێت ئەدەب قەوارەیەکی سەربەخۆ و دابڕاو نییە لە کۆمەڵگە، بەڵکو کۆمەڵگە لەنێو ئەدەبدا نیشتەجێیە. کۆمەڵگە لەنێو فۆرم و ناوەڕۆکی تێکستی ئەدەبیدا جێگیر بووە.

جاک لینهارت توێژەرێکی فەرەنسییە و پسپۆڕە لە بواری سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، هەروەها مامۆستای ئەم بابەتەیە لە بەشی خوێندنی باڵای زانکۆی پاریس، لەتەک ڕۆبیر ئیسکارپیت کە ئەمیش پسپۆڕە لە بواری سۆسیۆلۆژیای ئەدەب. ئەم دوو توێژەرە بایەخێکی بەرچاو بەم زانستە دەدەن و پێیان وایە ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی،

PDF 4 KURD

وەک بەشێک لە زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، دابڕاو نین لە کۆمەڵگە و توێژینەوە سۆسیۆلۆژییەکانی بواری کۆمەڵایەتی. تەنانەت سۆسیۆلۆژیستی فەرەنسی جۆرج گۆرڤیچ کە بە یەکێک لە گەورە زانایانی سۆسیۆلۆژیا دەژمێردرێت، بەشێکی توێژینەوەکانی خۆی بۆ سۆسیۆلۆژیای ئەدەب تەرخان کردووە و پێی وایە ئەدەب و تێکستی ئەدەبی گرنگییەکی گەورەیان لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا هەیە، بە تایبەتی ڕۆمان دەتوانێت یارمەتییەکی زۆری سۆسیۆلۆژیست و توێژەری کۆمەڵایەتی بدات.

لە ساڵی ١٩٥٧دا دوو کتێبی گرنگ چاپکران کە بوونە هۆی بازدانێکی گەورە لە بواری سۆسیۆلۆژیای ئەدەبدا، کتێبی یەکەمیان بە ناونیشانی "ئەدەب و وێنەی مرۆڤ" لە نووسینی (ل.لۆڤینتهال) کە ڕەخنەگرێکی ئەڵمانییە و لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی سۆسیۆلۆژیی لەبارەی تێکستەکانی سێرڤانتس و شێکسپیر و مۆلیێر ئەنجام داوە. دووەمیان بە ناونیشانی "هەڵکشانی ڕۆمان" لە نووسینی (یان وایت) کە ڕەخنەگرێکی بەریتانییە و لەم کتێبەدا لە ڕۆمانی ئینگلیزیی سەدەی هەژدەیەم دەکۆڵێتەوە، بە تایبەتی ڕۆمانەکانی دانیاڵ دیڤۆ و ڕیچاردسن و فیلدینگ.

دواتر جۆرج لۆکاچ چەند کتێبێکی لەو بوارەدا چاپ کرد، لەوانە: (ڕۆح و فۆرم)، (تیۆری ڕۆمان)، (ڕۆمانی مێژوویی)، (ڕۆمان وەک داستانی بورژوازی)، لۆکاچ تێزەکانی ئەم کتێبانەی لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی کانت و هیگڵ و مارکسدا نووسیوە و لەوێدا بونیادی ئەدەب و تێکستی ئەدەبیی بە بونیادە کۆمەڵایەتییەکان گرێداوە. پاشان لوسیان گۆڵدمان کتێبێک چاپ دەکات بە ناونیشانی "داکۆکی لە سۆسیۆلۆژیای ڕۆمان"، لەوێدا هەوڵی داوە میتۆدی بونیادگەریی پێکهێنەرانە بەسەر ڕۆمانەکانی ئەندرێ مالرۆدا پراکتیزە بکات و گرفتەکانی سۆسیۆلۆژیای ڕۆمان بخاتە ڕوو. ڕینیە ویلیک لە کتێبی

PDF 4 KURD

(تیۆری ئەدەب)دا دەڵێت: ئەدەب دامەزراوێکی کۆمەڵایەتییە، ئامرازی ئەو دامەزراوە بریتییە لە زمان، زمانیش کۆمەڵگە دەیخوڵقێنێت.

ژنە نووسەری فەرەنسی مەدام دی ستایل (١٧٦٦-١٨١٧) لە ساڵی ١٨٠٠دا کتێبێک چاپ دەکات بە ناونیشانی (ئەدەب لە پەیوەستیدا بە سیستمە کۆمەڵایەتییەکان)، دەشێت ئەمە یەکەم هەوڵدان بێت لە فەرەنسەدا بۆ کۆکردنەوەی هەردوو چەمکی ئەدەب و کۆمەڵگە لە لێکۆڵینەوەیەکدا.

مەدام دی ستایل لەوێدا هەڵوێستی خۆی بەم شێوەیە ڕادەگەیەنێت: "زۆر پێویستە تەماشای ئەوە بکەین کە ئایین و نەریت و یاساکان تا چەند کار لە ئەدەب دەکەن و ئەدەبیش لە لای خۆیەوە تا چ ئەندازەیەک کار لە ئایین و نەریت و یاساکان دەکات". ئەم تێزەی مەدام دی ستایل سەرەتایەک بوو بۆ کۆمەڵناسیی ئەدەب، چونکە ئەم خانمە توێژەرە لە توێژینەوە ئەدەبییەکانیدا سوودی لە چەمکەکانی سۆسیۆلۆژیای سەردەمەکەی خۆی وەرگرتووە، پێی وایە هەموو کارێکی ئەدەبی پابەندە بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی مێژوویی سەردەمەکەی خۆی.

ئەگەرچی مەدام دی ستایل بابەتێکی نوێی پێشکەش بەم زانستە کردووە، بەڵام نەیتوانی بە ڕوونی و دیاریکراوی ئەرک و پەیوەندیی ئاڵوگۆڕی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، یان ئەو پەیوەندییەی هەردوولایان پێکەوە کۆدەکاتەوە، دیاری بکات.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بیرمەندی ڕووسی پلیخانۆڤ (١٨٥٦-١٩١٨) تێڕوانینێکی ڕوونتر بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتییانەی ئەدەب دەخاتە ڕوو، پلیخانۆڤ وای دەبینێت پێویستە بە جۆرێک تەماشای ئەدەب بکرێت وەک ئەوەی لە پەیوەندییەکی هەمیشەیی و پتەودایە لەگەڵ پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا، هەروەها دەبێ ئەدەب

PDF 4 KURD

پەیوەست بێت بەو ڕەگەزە مێژوویی و کۆمەڵایەتییانەی کاری لێدەکەن، ئەم دیدەی پلیخانۆڤ لە ڕاستیدا پرەنسیپێکی گشتییە لە دیدی مارکسیزم بۆ پەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، لەم چەشنە دیدەدا ئەدەب و تێکستی ئەدەبی گەواهییەکی گەورەی ژیانی کۆمەڵایەتین.
کەواتە ژمارەیەک لە ڕەخنەگران و توێژەرانی ئەدەب لە لایەک و زانایانی بواری کۆمەڵناسی لە لایەکی تر، لە پەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە دواون، بەڵام دید و تێڕوانینی ئەو توێژەرانە، تا ئەندازەیەک، دیدێکی پێکەوەبەستراو و تۆکمە نەبوون، بە هۆی نەبوونی چوارچێوەیەکی زانستی کە بتوانێت مەرجە میتۆدییەکانی دابڕێژێت. ئەمەش لە لای خۆیەوە بووە مایەی ئەوەی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب بەتەواوی شێوە نەگرێت و لە نێوەندی ڕەخنەی ئەدەبی و توێژینەوەی سۆسیۆلۆژیدا پەرەنەستێنێ لە ڕووبەرێکی کەمدا نەبێت، بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەدواوە، کە دەشێت یەکێک لە هۆکارەکانی بریتی بێت لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕەوتە ئەدەبییەکانی بونیادگەری و پاش بونیادگەری.

لێرەدا چەند گۆشەنیگایەکی ڕەخنەئامێز هەیە بۆ سۆسیۆلۆژیای ئەدەب و بۆ ڕەخنەی سۆسیۆلۆژیا، دەشێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:
١- گەڕان بەدوای ژینگەی کۆمەڵایەتیی نووسەر و ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتییانەی کاری ئەدەبی، بووە بە مایەی فەرامۆشکردنی خودی کارە ئەدەبییەکە و پتر تەرکیز دەکرایە سەر کۆمەڵگە وەک لە ئەدەب.
٢- ڕەخنەی سۆسیۆلۆژی جەخت لەوە دەکات کە ئەدەب گوزارشتکردنە لە کێشەکانی ئەو چینەی نووسەر ئینتیمای بۆ دەکات، سا ئەگەر نووسەرەکە سەر بە چینی بورژوازیی بچووک بێت، ئەوە

له کارەکانیدا کێشەکانی ئەو چینە دەردەکەون، ئەمەش تێڕوانینێکە بۆ داهێنان، ڕێگەی ئەوەمان بۆ ناکاتەوە کە دەشێت نووسەر لە چینەکەی خۆی یاخی بێت و مەرج نییە هەمیشە تەعبیر لەو چینەی خۆی بکات.

٣- جەختکردن لە ڕۆڵی فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرهەمهێنانی ئەدەب و هونەردا، لایەنی تاکەکەسیی ئەدیب فەرامۆش دەکات. ڕەخنەی سۆسیۆلۆژی ناتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: بۆچی دوو نووسەر کە لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیی هاوبەشدا دەژین و یەک خواست و هیوایان هەیە، کەچی یەکێکیان دەبێت بە نووسەرێکی بلیمەت و ئەوی دیکەیان ناگاتە ئەو پلەیە لە داهێنان؟

٤- شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی، بەها و قورسایی بۆ بەهرەی تاکەکەس دانانێت، هەروەها لایەنە سایکۆلۆژی و مەسەلە ئیستاتیکییەکان فەرامۆش دەکات. خودی (تیۆری پێچەوانەکردنەوە) وێناکردنێکی میکانیکیمان بۆ پرۆسەی نووسین پێشکەش دەکات.

٥- دەرەنجامەکانی ڕەخنەی سۆسیۆلۆژی، لەوانە چاوخشاندنەوە بە کەلەپووردا، هیچ سوودێکیان بۆ تیۆری ئەدەب نییە، بەڵکو تەنها سوودیان بۆ زانستی دیکە وەک سیاسەت و کۆمەڵناسی و ئەخلاق و لەوانەیە بۆ فەلسەفەی ماتریالیزمی مێژوویی و ماتریالیزمی دیالێکتیکی هەبێت.

بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا جارێکی تر بایەخی پەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە گەڕێنراوەتەوە و ئێستا لە بەشێک لە زانکۆکانی ئەورووپادا بایەخێکی جیددی بە سۆسیۆلۆژیای ئەدەب دەدرێت، تەنانەت ڕەخنەگرێکی وەک تزڤیتان تۆدۆرۆڤ (١٩٣٣- لە ژیاندا ماوە) کە پێشتر سەر بە ڕەوتی بونیادگەری بووە و ڕەواجی بە تێزەکانی پاش بونیادگەریش داوە، ئەمڕۆ هەوڵدەدات پەیامی کۆمەڵایەتییانەی ئەدەب بهێنێتەوە نێو لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکان، لەدوا کتێبیشیدا بە ناونیشانی (ئەدەب لە مەترسیدایە) داوا دەکات

ڕەخنەگران بگەڕێنەوە بۆ بایەخدان بە ناوەڕۆک و بابەتی تێکستی ئەدەبی، بۆ ئەوەی ئەو بەها فیکری و ئیستاتیکیانەی تیادا کەشف بکەن کە تێکست پێکدەهێنن، بەو پێیەی ئەدەب ئامادەبوونێکی ئاکتیڤ و کاریگەرانەی لەنێو کۆمەڵگەدا هەیە.

دەشێت ئەم تێزە نوێیەی تۆدۆرۆڤ هەوڵێک بێت بۆ بایەخپێدانێکی قووڵتر بە ناوەڕۆکی فیکری و کۆمەڵایەتیی تێکستی ئەدەبی و بە ڕەخنەی ڕۆشنبیری و بە پەیامی مێژوویی ئەدەب و بە گەڕاندنەوەی گرنگیی میتۆدەکانی سۆسیۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا لە پراکتیزەی ڕەخنەی ئەدەبیدا، چونکە وەک تۆدۆرۆڤ دەڵێ ئەدەب توانایەکمان پێ دەبەخشێت بۆ بەردەوامبوون لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. ئامانجی ئەدەبیش بریتی نییە لە گەیشتن بە ڕاستییەکی زانستی، بەڵکو ئامانجی ئەدەب بریتییە لە ئامێزگرتنەوە بۆ خۆشەویستی کە فۆرمێکە لە فۆرمەکانی پەیوەندیی مرۆڤایەتی.

دواجار، سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، چەندین لقە زانستی دیکەی لێ دەبێتەوە، وەک: سۆسیۆلۆژیای ژانرە ئەدەبییەکان، سۆسیۆلۆژیای خوێندنەوە، سۆسیۆلۆژیای ڕۆمان، سۆسیۆلۆژیای تێکست، سۆسیۆلۆژیای ڕەخنە.

خوێنەر دەتوانێت، بۆ شارەزایی زیاتر لەبارەی ناوەڕۆک و بایەخی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، بگەڕێتەوە بۆ ئەم کتێبانەی خوارەوە کە ئێمە وەک سەرچاوە لەم باسەدا بەکارمان هێناوە:

١ - علم اجتماع الأدب - د. سيد البحراوي.
٢- سوسيولوجيا الأدب - روبير اسكاربيت.
٣ - المنهجيه في علم الاجتماع الأدبي - لوسيان غولدمان.
٤ - السوسيولوجيا و الأدب - د. قصي الحسين.
٥ - التحليل الاجتماعي للادب - السيد ياسين.
٦ - مدخل الى سوسيولوجيا الأدب العربي- محي الدين ابو شقرا.
٩- معجم المصطلحات اللغوية والأدبية الحديثة - د. سمير حجازی.
١٠- جامعه‌شناسی ادبیات، روبر اسکارپیت، ترجمه: دکتر مرتضی کتبی، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها، سمت، تهران، ١٣٨٧.
١١- فرهنگ علوم اجتماعی قرن بیستم، ویلیام اوتویت و تام باتامور، ترجمه: حسن چاوشیان، نشر نی- تهران، ١٣٩٢.



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

## سۆسیۆلۆژیای زمان و "سۆسیۆزمانەوانی "
## sociology of language ،Sociolanguagestics

بواری ئیشکردن لەم چەمکە زمانەوانییەدا بوارێکی زۆر تازەیە. چەمک و زاراوەکانی بواری سۆسیۆزمانەوانی دەگەڕێتەوە بۆ زانای زمانەوانی دکتۆر هیدسۆن کە لە ساڵی ١٩٨٠دا کتێبێک دەنووسێت بە ناونیشانی "سۆسیۆزمانەوانی sociolanguagestics"، بەڵام سەرەتای ئەم ئاڕاستەیە لە شەستەکانی سەدەی بیستەم لە ئەمریکادا سەری هەڵدا، بە تایبەتی لە لای چەند زانایەکی زمانەوانیی وەک ولیەم لاپۆڤ و جۆن گامبرز و ئیرڤین گۆڤمان. هەندێ سەرچاوە جەخت لەوە دەکەن کە ولیەم لاپۆڤ دامەزرێنەری ئەم ڕەوتەیە و بە ڕەخنەگرتن لە چۆمسکی دەستی پێکرد. لاپۆڤ هەلومەرجەکانی گۆڕانکاریی زمانەوانی دەبەستێتەوە بە سیاقە کۆمەڵایەتییەکان. بە دیاریکراویش دەیبەستێتەوە بە جۆری ژینگە و ڕەگەزی مرۆڤەکان و بە سیستمە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەم زانستە لقێکی نوێیە لە زانستی زمان، لە سروشتی پەیوەندیی نێوان دیالێکتە جیاجیاکان دەکۆڵێتەوە، لەتەک جیاوازیی زمانەوانی و پەیوەندیی نێوان زمان و کولتوور و فیکر، بە مەبەستی دەرخستن و ناسینی ئەو پەیوەندییە جۆراوجۆرانەی زمان و کۆمەڵگە پێکەوە دەبەستنەوە، یان بڵێین لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەی سەرەکیی زمان کە بریتییە لە کۆمەڵگە بە مانا مۆدێرنەکەی. ئەم زانستە بایەخی گشتی بە ئاخاوتن دەدات، هەوڵدەدات تیشک بخاتە سەر ئاخاوتن بە سیفەتی ئەوەی چەشنێکە لە چەشنەکانی مامەڵەی کۆمەڵایەتی. ئەم ڕەوتە نوێیە پێی وایە زمان سیستمێکی هێمایی و پەیوەستکارییە. مومکین نییە لە دەرەوەی کۆنتێکستی کۆمەڵایەتیدا لێی تێبگەین.

سۆسیۆزمانەوانی لە سەرێک لە دەرەنجامەکانی پەرەسەندنی زانستی گشتیی زمانەوە پێگەیشتووە، لە سەرێکی تر وەک کاردانەوەیەک بۆ

"قوتابخانەی تەولیدی شیکردنەوەیی زمانەوانی" دروست بوو. زانای زمانەوانیی ئەمریکی نۆام چۆمسکی لە چەندین توێژینەوەدا داکۆکیی لێ دەکات، ئەم قوتابخانەیە باوەڕی بە بوونی پەیوەندی نییە لە نێوان زمان و کۆمەڵگەدا، لەکاتێکدا ئەوەی یەکەمیان وای دەبینێت زمان جگە لە ڕەفتارێکی کۆمەلایەتی شتێکی تر نییە. تەنها کۆمەڵگە دەتوانێت بە پلەی یەکەم جۆر و فۆرم و پێشکەوتنەکانی زمان دیاری بکات.

سۆسیۆزمانەوانی بە دوو ئاڕاستە کار دەکات و دەبێت بە دوو بەش: بەشێکیان تیۆرییە و بەشێکی تریان پراکتیکییە، لە بەشی پراکتیکیدا توێژەر دەچێتە دەرەوە و دەگەڕێت و توێژینەوەیەکی مەیدانی ئەنجام دەدات بۆ کۆکردنەوەی بابەتە زانستییەکەی خۆی، بەڵام لە بەشی تیۆریدا هەوڵدەدات ئەو پرەنسیپە تیۆرییانە دەربێنێت کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەیدا بەدەستی هێناون.

لە چارچێوەی ئەم شیکردنەوەیەدا توێژەر کۆمەڵێ زاراوە وەردەگرێت، گرنگترینیان زاراوەی زمانە language، بەڵام بەو سیفەتەی کە زمان بریتییە لە کۆمەڵە ڕێسایەک لە مەعریفە، یان بریتییە لە سیستمێک لە مەعریفە. پاشان زاراوەی ئاخاوتن parole، هەروەها زاراوەی قسەکەر و قسەبۆکراو، هەروەها جیاوازییەکانی نێوان سۆسیۆزمانەوانی و زانستی گشتیی زمان، بەو پێیەی ئەم زانستەی دوایی لە لێکۆڵینەوەکانیدا تەنها گرنگی بە بونیاد، یان ستراکتۆری زمان دەدات بێئەوەی لایەک لە کۆنتێکستی کۆمەلایەتی و کاریگەرییە کۆمەلایەتییەکان بکاتەوە، چونکە ئەرکی زانستی گشتیی زمان بریتییە لە دۆزینەوە و دیاریکردنی ڕێسا و ڕێزمانی هەر زمانێک، ئیدی لێرەوە و دوای ئەوە زانا زمانەوانییەکانی بواری سۆسیۆزمانەوانی دەتوانن لە پەیوەندیی زمان بە کۆمەڵگەوە بکۆڵنەوە.



PDF 4 KURD

لێرەدا توێژەر دەبێ ئاگاداری ئەوە بێ کە بواری کارکردنی "سۆسیۆزمانەوانی" جیاوازە لە بواری کارکردنی "سۆسیۆلۆژیای زمان sociology of language"، چونکە سۆسیۆلۆژیای زمان لە کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە لە پەیوەندیدا بە زمانەوە، بەڵام سۆسیۆزمانەوانی لە زمان دەکۆڵێتەوە لە پەیوەندیدا بە کۆمەڵگەوە.

چەمک و زاراوەکانی سۆسیۆلۆژیای زمان لەگەڵ دەرکەوتنی لێکۆڵینەوە نوێیەکانی سۆسیۆلۆژیادا دەرکەوتن. ئەم چەمکە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان زمان و کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە و کاریگەریی قوتابخانەی سۆسیۆلۆژیی فەرەنسیی لەسەرە، بە تایبەتی سۆسیۆلۆژیستی ناوداری فەرەنسی ئیمیل دۆرکهایم.

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا پرۆفیسۆر تۆماس لۆکمان لە زانکۆی کۆنستانس بایەخێکی تایبەتی بەم زانستە دەدات. ئەگەرچی لۆکمان ماستەر و دکتۆرا لەسەر سۆسیۆلۆژیای گشتی وەردەگرێت، بەڵام دواتر گرنگی بە پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە و زمان دەدات. لۆکمان بە زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی چەندین توێژینەوە دەربارەی سۆسیۆلۆژیای زمان و سۆسیۆلۆژیای ئایین و سۆسیۆلۆژیای خێزان بڵاودەکاتەوە، لە ساڵی ١٩٦٦دا لەگەڵ سۆسیۆلۆژیستی ئەمریکی پیتەر بێرگەر، کتێبێکی گرنگ دەربارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە چاپ دەکەن بە ناونیشانی: "بونیادی کۆمەڵایەتیی واقیع- لێکۆڵینەوەیەک لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە" کە د. ئەبوبەکر ئەحمەد باقادر لە ساڵی ٢٠٠٠دا کردوویەتی بە عەرەبی.

سۆسیۆلۆژیای زمان وای دەبینێت زمان وێنەیەکە بۆ ژیانی کولتووری و ژیاریی کۆمەڵگە، کاتێک ئەو وێنە کولتووری و ژیارییە پێش دەکەوێت، ئەوسا زمانیش لەگەڵیدا پێش دەکەوێت. کاتێکیش کۆمەڵگە تێکدەچێت، زمانیش لەگەڵیدا تێکدەچێت، کەواتە زمان لەم



PDF 4 KURD

دیدەدا پابەندە بە سروشتی ئەو سیاقە ڕۆشنبیری و ژیارییەی تیایدا سەری هەڵداوە، ئەمە جگە لەوەی دیاردەکانی زمان ڕەنگدانەوەی سیستمی فیکری سیاسی و ئابوورییە. ئەگەر کۆمەڵگە لەسەر بنەمای یەکسانیی نێوان تاکەکان دامەزرابێت، ئەوسا کاریگەریی ئەم چەشنە سیستمە، لە زمان و ئاخاوتنیشدا دەردەکەوێت، بەڵام ئەگەر کۆمەڵگە لەسەر بنەمای نایەکسانی و جیاوازیی چینایەتی دامەزرابێت، ئەوا لە زمان و ئاخاوتنی کۆمەڵگەدا ئەو جیاوازی و نایەکسانییە ڕەنگدەداتەوە. لێرەوە بنەمای زمان دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤ. وەزیفەی زمان پەیوەستە بە بونیادە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەڵام ناتوانین وێنای هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆیی و هیچ کۆمەڵە و گرووپێک بکەین بەبێ زمان. زمان بەرهەمی تاکەکەس نییە، بەڵکو بەرهەمی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییە.

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**


١ - علم اجتماع اللغة، تألیف: توماس لوكمان، تعریب: د. ابوبكر أحمد باقادر.
٢- معجم مصطلحات فروع الأدب المعاصرة و نظریات الحضارة، تألیف: د. سمیر سعید حجازي.
٣- القاموس الموسوعي الجدید لعلوم اللسان، تألیف: اوزالد دیكرو و جان ماری سشایفر، ترجمة: د. منذر عیاشي.
٣- معجم العلوم الانسانیة، تألیف: جان فرانسوا دورتیه، ترجمة: د. جورج كتوره.
٤- فرهنگ اصطلاحات ادبی، تالیف: سیما داد، انتشارات مروارید، تهران، چاپ سوم، ١٣٨٥
٥- فرهنگ علوم اجتماعی قرن بیستم، ویلیام اوتویت و تام باتامور، ترجمه: حسن چاوشیان، نشر نی- تهران، ١٣٩٢.

## سۆسیۆلۆژیای شارنشینی Urban Sociology

سۆسیۆلۆژیای شارنشینی Urban Sociology (علم الاجتماع الحضري)، لقێکە لە لقەکانی سۆسیۆلۆژیای گشتی. ئەم لقەزانستە لە دروستبون و پێکهاتەی شار و لە ژیانی شارنشینی و بارودۆخی شارنشینان و جیاوازیی لەگەڵ گوندنشینیدا دەکۆڵێتەوە. ئەم زانستە پێی وایە شار دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی سەربەخۆیە. چەندین هۆکاری جیاجیا ڕۆڵیان هەبووە لە دروستبوون و گەشەکردنی شاردا، هەروەها ئەم زانستە لە گیروگرفتە کۆمەڵایەتی و ژیارییەکانی شار بەگشتی دەکۆڵێتەوە .

ئەم زانستە لەپاش سەرهەڵدانی سۆسیۆلۆژیای گوندنشینی Rural sociologyسەری هەڵداوە، ئەگەر سۆسیۆلۆژیای گوندنشینی وەکو زاراوە و وەک زانستێکی سەربەخۆ لە ساڵی ١٩١٦دا لە ئەمریکا سەری هەڵدابێت، ئەوا سۆسیۆلۆژیای شارنشینی لە ساڵی ١٩٢٥دا هەر لە ئەمریکادا سەری هەڵداوە. کەواتە ئەم زانستە، بە بەراورد بە زانستەکانی تر، زۆر نوێیە، هەروەک شاریش، بە بەراورد بە گوند، لە خۆیدا دیاردەیەکی نوێیە، بەڵام بێگومان شار، بەر لە سەرهەڵدانی سۆسیۆلۆژیای شارنشینی، بە ماوەیەکی ئێجگار درێژ، هەر هەبووە، تەمەنی سەرهەڵدانی شار وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا نزیکەی پێنج هەزار ساڵ، یان زیاتریش دەخەمڵێنرێت، کە لە ڕاستیدا ئەم زانستە دەچێتە نێو لێکۆڵینەوە لە بنجوبناوانی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی دروستبون و سەرهەڵدان و گەشەکردنی شار، واتە شار لە لای لێکۆڵەرانی بواری سۆسیۆلۆژیادا ماوەیەکی زۆر نییە بووە بە دیاردەیەک بۆ توێژینەوە.

بەگشتی سۆسیۆلۆژیای شارنشینی لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی شار و لە ژیانی شارنشینی دەکۆڵێتەوە بە هەموو پێکهاتە و سیستم و تەوژمە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان. هەروەک ڕاقەی ژیان و ڕێکخستنی

کۆمەڵایەتی دەکات لە هەموو ئەو شوێنانەی بە شار و نیمچەشار، یاخود بە شار و شارۆچکە ناودەبرێن. هەروەها لەو کاریگەرییانە ورد دەبێتەوە کە ژیانی شارنشینی بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و بەسەر ڕەفتاری تاکەکەسدا دەیهێنێت. دیسان لە گیروگرفتە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئایینی و کارگێڕییەکانی نێو شارەکان دەکۆڵێتەوە کە لە ڕاستیدا ئەم فاکتەرانە بە پلەی یەکەم لە ژینگەی شار و لە ژیانی شارنشینیدا بە ڕوونی دەردەکەون وکاریگەری بەجێ دەهێڵن.

لە ڕاستیدا بایەخدان و گرنگیدان بە دیاردەی شار لە لای هەندێ لە کۆمەڵناسان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و بەدیاریکراوی بۆ ساڵانی ١٨٩٠ لە لای گەورەزانایانی بواری کۆمەڵناسیی ئەڵمانیی وەک فردیناند تونیز و جۆرج زیمڵ و ماکس فیبەر و ئیمیڵ دۆرکهایم کە دواتر باسی تیۆرییەکانی هەریەکە لەو زانایانە دەکەین، بەڵام سەرەتای ئەم گرنگیدانە بە شار بە شێوەیەکی زانستی و سیستماتیک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆنگرەیەی کە کۆمەڵناسانی ئەمریکی لە ساڵی ١٩٢٥دا لە شاری شیکاگۆ بەستیان کە لە دەرەنجامدا ناوی "سۆسیۆلۆژیای شارنشینی"یان وەک زاراوە جێگیر کرد.

بایەخدان و بیرکردنەوە لە شار وەک پێکهاتە و سیستمێکی جیاواز لە لادێ، بیرکردنەوەیەکی تا ئەندازەیەک کۆنە. وەک دەزانن لە سەدە دێرینەکاندا بەشی هەرە زۆری مرۆڤایەتی لە لادێدا ژیانیان بەسەر دەبرد نەک لە شارەکاندا، واتە تا سەدەکانی ڕێنیسانسیش، سەدەی چواردە و پانزە و شانزە، زۆربەی هەرەزۆری مرۆڤەکان لە گوندا دەژیان، ژمارەی شارنشینان بە بەراورد بە گوندنشینان زۆر کەم بوو. لەپاش چەرخی ڕێنیسانس و بە تایبەتی لە ساتەوەختی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەورووپا ئیدی شارەکان گەورە و بەرفراوان بوون و

ژمارەی دانیشتووانی شار زۆر زیادی کرد بە هۆی کۆچ لە لادێوە بۆ شار.
زۆربەی فەیلەسووفانی یۆنان باسی دیاردەی شارنشینییان کردووە، بە تایبەتی ئەفلاتون و ئەرستۆ، کە یەکەمیان لە (کۆمار)ەکەیدا بە شێوەیەکی تایبەتی باسی شار دەکات و دووەمیشیان پێی وابووە مرۆڤ لە شاردا پتر دەتوانێت خۆشگوزەرانی دروست بکات، بەو پێیەی کاری پیشەی دەستی و بازرگانی لەوێدا کۆدەبێتەوە، بەڵام باسکردن لە شار لەسەر ئاستی زانستی و لێکۆڵینەوەدا ئەوا لەتەک سەرهەڵدانی سۆسیۆلۆژیادا وەک زانستێک دەستی پێکردووە لەو تێڕوانینەوە کە شار دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە. واتە لە سۆسیۆلۆژیادا شار وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی تەماشا دەکرێت، بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە گرنگییەکی بەرچاو بە شار دەدرێت، چونکە لەپاش شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی زانستەکان، شار بە ئەندازەیەک گەورە دەبێت کە دەبێتە شوێنی سەرنجدانی سەرجەم زانایانی بواری کۆمەڵناسی، بە تایبەتی لە لای ماکس فیبەر کە بۆ یەکەم جار کتێبێک بە ناونیشانی (شار) چاپ دەکات.
زۆربەی زانایان کە باسی شارنشینی دەکەن هەوڵدەدەن بە بەراورد لەگەڵ گوندنشینیدا سیما و تایبەتمەندییەکانی دەستنیشان بکەن، بێگومان بەر لە سەرهەڵدانی کۆمەڵناسیش بە شێوە زانستی و بە فۆرمە ئەورووپییەکەی، دەتوانین بڵێین بیرمەندی عەرەب (ئیبن خەلدون) پەی بەم مەسەلەیە بردووە، لە ڕاستیدا ئیبن خەلدون یەکەم کەس بوو جیاوازییەکانی نێوان کۆچەری و شارستانی، یاخود دەوارنشین و شارستانینشینی دیاری کردووە، کە ئەو پێی دەووت دووانەی (البدو/الحضر).
لە سەردەمی نوێشدا (فردیناند تونیز) دوو چەشنە کۆمەڵگە لە یەکدی جیادەکاتەوە کە ئاماژەن بۆ گوندنشینی و شارنشینی. ئەو دوو

چەشنە کۆمەڵگەیەش بریتین لە: یەکەم، کۆمەڵگەیەک پتر پەیوەندیی خزمایەتی و خوێن و عەشیرەتگەری تیایدا زاڵە و ئەمەش لە گوندەکاندا بە ئەندازەیەکی بەرچاو دەبینرێت. دووەم، کۆمەڵگەیەک لەسەر بنەمای بەرژەوەندیخوازی و پەیمانی کۆمەڵایەتی ڕادەوەستێت دوور لە مەیلی خزمایەتی و خوێن و ڕەچەڵەک کە ئەم چەشنە پەیوەندییە تا ڕادەیەکی زۆر لە شاردا بەرچاو دەکەوێت.

کەچی (هوارد بیکەر) ئەم دوو چەشنە کۆمەڵگەیە ناودەنێت (کۆمەڵگەی پیرۆز) و (کۆمەڵگەی عەلمانی) کە چەشنی یەکەمیان (واتە کۆمەڵگەی پیرۆز) پتر لە لادێکاندا هەیە و لەوێدا ئایین و دابونەریت و دەسەڵاتی نورانی و ڕیشسپی و هۆزگەرایی وەک پیرۆز تەماشا دەکرێن کە لادان لەو نەریت و پیرۆزییانە نەفرەت و دەرکردنی بەدوادا دێت، بەڵام کۆمەڵگەی عەلمانی بریتییە لە کۆمەڵگەی شارنشینی کە دانیشتوانی شارەکان بە جیاوازیی ڕەگەز و ئایین و نەتەوە پێکەوە ژیان بەسەردەبەن، چونکە لەوێدا تا ئەندازەیەکی دیار یەکتر قبووڵ دەکەن و ڕێز لە ئەویدیی جیاواز دەگرن.

جگە لەوانەی باسمان کردن، دەتوانین جیاوازییەکانی گوندنشینی و شارنشینی لەم خاڵانەی خوارەوەدا جیابکەینەوە:

١- پیشە: وەک دەزانین بەشی هەرەزۆری خەڵکی گوندنشین وەک پیشە خەریکی کاری کشتوکاڵین، کەچی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی شار خەریکی کاری پیشەسازی و بازرگانی و کارگێڕیی حکومین. (لێرەدا جیاوازی هەیە لە نێوان شاری بچووک و شارۆچکە و شاری گەورە، کە لە زمانی ئینگلیزیدا بەم شێوەیە جیادەکرێنەوە: شاری بچووک Town، شاری گەورە City، شاری هەرەگەورە و پیشەسازی Metropolitan.

٢- ژینگە: لە گوندنشینیدا پەیوەندیی مرۆڤ بە دەوروبەرەوە پتر پەیوەندییە بە ژینگەی سروشتەوە. بەو پێیەی خەڵکی لادێ پتر بە

PDF 4 KURD

خاک و زەوییەکەیەوە بەستراوەتەوە بۆیە پتر پەیوەندیی بە (سروشت)ەوە هەیە، کەچی لە شارنشینیدا پەیوەندیی مرۆڤ پتر (پەیوەندیی کۆمەڵایەتی)یە بە حوکمی ئەوەی ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوان هەریەکەیان بە کار و پیشەیەکەوە خەریکن کە سەرجەمی ئەمانە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، بە مانا سۆسیۆلۆجییەکەی، دروست دەکەن.

٣- بارستایی کۆمەڵگە: واتە لە گوندنشینیدا بارستایی کۆمەڵایەتی بچووکترە وەک لە بارستایی کۆمەڵایەتیی شارنشینی، چونکە جیاوازی لە جۆری پیشە و لە ژمارەی دانیشتوان، جیاوازی لە بارستایی کۆمەڵایەتیشدا دروست دەکات.

٤- چڕیی ژمارەی دانیشتوان: ژمارەی دانیشتوان

لە گوندی بچووکدا کەمترە لە هەزار کەس، بەڵام لە گوندی گەورەدا لە نێوان هەزار بۆ دووهەزار و پێنجسەد کەس دەبن.

لە شاری زۆر بچووکدا نزیکەی پێنج هەزار کەس دەبن.

لە شاری بچووک یان شارۆچکەدا دە هەزار کەس دەبن.

لە شاری گەورەدا لە دە هەزارەوە بۆ ملیۆنێک دەبن.

بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا و لە ئەنجامی کاریگەرییەکانی شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی زانستی و شۆڕشی تێکنۆلۆجی و زۆربوونی لە ڕادەبەدەری ژمارەی دانیشتووان، وای لێهاتووە ژمارەی دانیشتووانی شارەکان لە چەند ملیۆنێک تێدەپەڕێت. بگرە شاری وا هەیە دە ملیۆن کەس یان پتریش خەڵکی تیادا دەژی.

٥- هاونەتەوەیی: واتە خەڵکی یەک ناوچە و سەر بە یەک نەتەوە بن. بێگومان ئەمە لە گوندنشینیدا لە سەدا سەدە، چونکە هەموویان سەر بە یەک نەتەوەن و بە یەک زمان قسەدەکەن و هەر هەموو خزم و کەسی یەکترن، بەڵام لە شارنشینیدا ئەمە لە سەدا بیستە.

PDF 4 KURD

٦- فۆرمی جیاواز و پلەی کۆمەڵایەتی: لە شارنشینیدا مرۆڤەکان لە ڕووی فۆرم و ڕەنگی پێست و جۆری ئایین و پیشە و زمان جیاوازن، کە ئەمەش هەندێجار دەبێتە مایەی جیاوازی لە پلەوپایەی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام ئەم حاڵەتە لە گوندنشینیدا کەم و کاڵ دەبێتەوە.

٧- ڕەگەز: ژمارەی دەرکەوتنی ڕەگەزی مێ لە گوندەکاندا کەمە، کەچی ئافرەت لە شارنشینیدا پتر دەردەکەون و لە هەموو بوارەکاندا کار دەکەن.

٨- تەمەن: لە گوندنشینیدا تەمەنی مرۆڤ درێژتر دەبێت بە هۆی پاکیی ژینگە و سادەوساکاریی ژیانەوە، کەچی لە شاردا تەمەنی مرۆڤ کەمترە. ئەم خاڵە بەو مانایەش دێت کە ژمارەی پیر و منداڵ لە لادێدا زۆرە، بەڵام لە شاردا ژمارەی گەنج زیاترە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی بەردەوام گەنجان لە لادێوە بەرەو شارەکان کۆچ دەکەن بە مەبەستی کارکردن.

٩- منداڵخستنەوە: لە گوندەکاندا هەموو خێزانێک ژمارەیەکی زۆر منداڵ دەخەنەوە بۆ ئەوەی لە دواییدا لە کاری کشتوکاڵیدا یارمەتیدەر بن، بەڵام ئەمە لە شاردا کەم دەبێتەوە کە زۆر جار خێزان لە نێوان دوو بۆ چوار منداڵ دەخاتەوە.

١٠- پەیوەندیی خێزانی: لە گوندەکاندا پەیوەندیی خێزانی پەیوەندییەکی تۆکمە و پێکەوەبەستراوە، بەڵام لە شاردا ئەم پەیوەندییە کەم و کاڵتر دەبێتەوە و هەندێ جار دەگاتە ئاستی پەیوەندیی هەڵوەشاوەیی.

١١- ئایین: لە گوندنشینیدا مرۆڤ پتر بە ئایینەوە گرێ دراوە و کاتێکی زیاتری بۆ مەسەلەی ئایین و خوداپەرستی هەیە، کەچی ئەمە لە شاردا کەمتر دەبێتەوە بە حوکمی کاری زۆر و سەرقاڵی بە کاروباری ژیانەوە.

١٢- هاریکاری و یارمەتی لە کاتی پێویستدا: ئەم دیاردەیە لە گوندنشینیدا بە ئەندازەیەکی زۆر بوونی هەیە و لە کاتی تەنگانە و پێویستیدا هەرهەموویان بە دەنگ یەکترەوە دێن و یارمەتیی یەکتر دەدەن، بەڵام لە شاردا ئەم دیاردەیە نامێنێت، یاخود بە ئەندازەیەکی کەم دەبینرێت. ئەمە لەبەر ئەوەیە لە شاردا یاسا و حکومەت و بنکەی پۆلیس و دادوەری هەیە کە بە تەنگ کێشە و گیروگرفتەکانی خەڵکییەوە دەچێت.

١٣- دیاردەی ڕۆشنبیری: لە گوندنشینیدا ناوەندەکانی ڕۆشنبیری ئەگەر هەبن ئەوا زۆر کەمن، بۆیە لەوێدا مەسەلەی ڕۆشنبیری نەبووە بە دیاردەیەکی ڕۆژانە، کەچی لە شارەکاندا بە هۆی بوونی ژمارەیەکی زۆری سێنتەری ڕۆشنبیری و چالاکیی کولتوورییەوە خەڵکی بەردەوام سەردانیی شانۆگەری و سینەما و کۆنسێرتی موزیک و هۆڵی مۆزەخانە و پیشانگەی شێوەکاری و گۆڕەپانی یارییە وەرزشییەکان دەکەن.

سەرەتای بایەخدان بە سۆسیۆلۆژیای شارنشینی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، بە تایبەتی لە لای هەندێ لە زانایانی سۆسیۆلۆجیستی ئەڵمانیی وەک (فردیناند تونیز) و (جۆرج زیمڵ) و (ماکس فیبەر) و هەروەها سۆسیۆلۆجیستی فەرەنسی (ئیمیڵ دۆرکهایم) و سۆسیۆلۆجیستی ئەمریکی (ڕۆبیرت پارک)، لێرەدا هەوڵ دەدەین تیۆر و بۆچوونی هەریەکە لەم زانایانە ڕوون بکەینەوە کە بە تیۆری کلاسیکیی سۆسیۆلۆژیای شارنشینی دەناسرێن.



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

یەکەم: **فردیناند تونیز** (١٨٥٥-١٩٣٦)

گرنگترین کاری فردیناند تونیز بریتییە لە کتێبی (کۆمەڵگەی کۆمیونیتی و پەیوەستەگی) کە لەساڵی ١٨٨٧دا چاپی کردووە، تونیز لەو کتێبەدا چەمکی کۆمەڵگە socity جیادەکاتەوە لە چەمکی کۆمیونیتی community، لە چەمکی یەکەمدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا لەسەر بناغەی "پەیمانی کۆمەڵایەتی" و "پەیوەندیی مەنفەعەتخوازی" و "ئەقڵانی" و "تاکگەرایی" و "بەرژەوەندیی تایبەتی" ڕادەوەستێت، بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی کۆمیونیتییەوە کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەوێدا لەسەر پایەی "سۆز" و "کولتووری هاوبەش" و "خۆبەستنەوە بە دابونەریت" و "خزمخواهی" ڕادەوەستێت. ئەم چەشنە پەیوەندییە بەزۆری لە گوندی گەورە و لە شارۆچکەکاندا بەدی دەکرێت. ئیدی دواتر زانایانی بواری کۆمەڵناسیی گوندنشینی سوودیان لە تیۆر و بۆچوونەکانی تونیز وەرگرتووە. ئەو کتێبەی تونیز کە ئاماژەمان پێکرد و وەک هەندێ لە زاناکانی دی دەڵێن سەرەتایەکی تیۆریی بۆ زانستی شارنشینی دارشتووە.

دووەم: **ماکس فیبەر** (١٨٦٤-١٩٢٠)

ماکس فیبەر بە شێوەیەکی وردتر و ڕاستەوخۆتر لێکۆڵینەوەی لەسەر شار و پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەی شارنشینی کردووە و ڕەخنەی ئاراستەی تیۆرییەکانی پێش خۆی کردووە.

فیبەر پێی وایە بەبێ بایەخدان بە شارە گەورەکانی دنیا لە قۆناغە مێژووییە جیاجیاکانەوە مومکین نییە بتوانین شارنشینی وەک زانستێک پەرە پێبدەین. کتێبە گرنگەکەی فیبەر بە ناونشانی "شار" کە لە ساڵی ١٩٢١دا واتە پاش مەرگی خۆی چاپ کراوە، بریتییە لە چەندین لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژی بۆ شارە مێژووییەکانی ئەورووپا

و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، پێی وایە لە شارە گەورەکانی دنیادا هەندێ سیفات و ڕەگەز هەن تایبەتن بە شارنشینی، لەوانە "پەیوەندیی بازرگانی" و "پیشەسازی" و "بازاڕی گەورە" و "دادگا" و "سەربەخۆیی". واتە ماکس فیبەر پێی وایە شار لەسەر بنەمای پەیوەندیی بازرگانی وەستاوە کە مەسەلەی ئاڵوگۆڕی ئابووری ڕۆڵێکی گەورەی تیادا دەگێڕێت. هەروەها لە شاردا سەربەخۆیی تاک هەیە کە بوونی دادگا و پۆلیس ئەو سەربەخۆییە دەپارێزێت. ئەمەش وا لە تاک دەکات هەستی "هاووڵاتیبوون"ی لەلادا پتەوتر بێت و پەیوەندیی بە شوێنەوە (یان بە شارەوە) پتەوتر بێت.

هەروەها فیبەر وای دەبینێت کە ژیان لە شاردا پێویستیی بە پەرەپێدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان هەیە کە دەتوانێت وا لە دانیشتوان بکات "هەستی هاوبەش"یان لەلادا دروست بکات. بەڵام فیبەر پێی وایە لە سەدەی بیستەمدا شارەکان بە جۆرێک گەورە دەبن سیستمی کاپیتالیزم (سەرمایەداری) و لیبراڵیزم زاڵتر دەبێت و ئەقڵانیەتێکی توندڕەو باو دەبێت کە پرەنسیپی قازانج و دەستکەوت دەبنە ئامانجی سەرەکی لە لای تاک و کۆمەڵ.

سێیەم: **ئیمیل دۆرکهایم** (١٨٥٨-١٩١٧)

ئیمیل دۆرکهایم لە لێکۆڵینەوەکانیدا لەسەر ژیانی شارنشینی دوو زاراوە بەرهەم دەهێنێت کە گوزارشت دەکەن لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی گوندنشینی و کۆمەڵگەی کۆمیونیتی لە سەرێک و کۆمەڵگەی شارنشینی لە سەرێکی تر. ئەو دوو زاراوەیەش بریتین لە:
(کۆمەڵگەی هاوکاریی میکانیکی) و (کۆمەڵگەی هاوکاریی ئۆرگانی).

کۆمەڵگەی گوندنشینی و کۆمیونیتی ناو دەنێت کۆمەڵگەی هاوکاریی میکانیکی، کۆمەڵگەی شارنشینیش ناو دەنێت کۆمەڵگەی هاوکاریی ئۆرگانی. چەشنی یەکەمیان "واتە هاوکاریی میکانیکی" ئاماژە بۆ ئەو

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دەکات کە لەسەر بنەمای (لێکچوون) و (باوەڕی هاوبەش) و (هێمای هاوبەش) و (نەریتی پتەو) دەوەستێت. لێرەدا ئەم چەشنە هاریکاری و یارمەتیدانە بریتییە لە هاوکارییەکی خۆبەخۆ و میکانیکی، چونکە ئەندامانی گرووپ تا ئەندازەیەکی گەورە لەگەڵ یەکتردا گونجاون و هەر بە شێوەیەکی میکانیکی و بەبێ بیرکردنەوە و بەرژەوەندی پشتی یەکتر دەگرن. کەچی لە بەرامبەر ئەمەدا هاوکاریی ئۆرگانی ئاماژە بۆ سیستمێکی کۆمەڵایەتیی جیاواز دەکات کە لەسەر بنەمای (جیاوازبوون) و (لێکنەچوونی نێوان تاکەکان و گرووپەکان) دەوەستێت. لەیەک کاتیشدا جەخت لە دوالیزمی (جیاوازی/یەکگرتویی) پێکەوە دەکات ئەمەش بە تێڕوانینی دۆرکهایم لە ئەنجامی دابەشکردنی کار لە نێوان تاکەکان و گرووپەکاندا هاتووەتە کایەوە. دۆرکهایم وای دەبینێت "پەیوەندیی ئۆرگانی"، یاخود "هاوکاریی ئۆرگانی" لەوەوە هاتووە کە خەڵکی لە چەندین وەزیفە و کار و پیشەی جیاجیادا پسپۆڕیی جیاوازیان هەیە، هەریەکە لەو پسپۆڕییانەش پێویستیان بە یەکتر هەیە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان، هەروەک چۆن ئەندامانی لەشی مرۆڤ پەیوەندی و پێویستیان بە یەکتر هەیە و لە پەیوەندییەکی ئۆرگانیدا ژیانی مرۆڤ درێژە پێدەدەن، ئەمەش بەپێی دۆرکهایم بۆتە مایەی پێشکەوتن و باشتربوونی ژیانی کۆمەڵگەکان، بۆیە هاوکاریی ئۆرگانی گرنگترە لە هاوکاریی میکانیکی، چونکە ئەو فشارانەی لە ئۆرگانیدا بەسەر تاک و کۆمەڵگەوە هەیە زۆر کەمترە لەو فشارانەی لە میکانیکیدا بەسەر تاک و کۆمەڵگەدا هەیە؛ بەو مانایەی تاک لە هاوکاریی میکانیکیدا سەربەخۆ نییە و هەموو ژیانی بەستراوەتەوە بە کۆمەڵ و پەیوەندیی دەستەجەمعی، کەچی لە هاوکاریی ئۆرگانیدا تاک سەربەخۆیە و خۆی دەتوانێت بڕیار لەسەر چارەنووس و جۆری ژیانی خۆی بدات.

PDF 4 KURD

چوارەم: **جۆرج زیمڵ** (١٨٥٨-١٩١٨)

جۆرج زیمڵ لە میانی کتێبە ناودارەکەیدا بە ناونیشانی (میترۆپۆلیس و ژیانی ئەقڵی) کە لە ساڵی ١٩٠٣دا چاپ کراوە، هەوڵدەدات پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکان لە ژینگەی شارنشینیدا شی بکاتەوە.

زیمڵ لە شارە پیشەسازییە گەورەکان ورد دەبێتەوە و لێکۆڵینەوە لە میترۆپۆلیتیان (واتە شاری پیشەسازیی گەورە) دەکات کە کورتەی بۆچوونەکەی دەڵێت: "لە کۆمەڵگە نوێیەکاندا تاک و کەسایەتییەکان فێری ئەوە دەبن چۆن خۆیان لەگەڵ ژیانی نوێی شارنشینیدا ئاوێتە بکەن" و بتوانن ڕووبەڕووی ئاڵۆزییەکانی ژیانی شارنشینی ببنەوە و خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن.

زیمڵ لە تێزێکی دیکەیدا وای دەبینێت تاک لە شاردا بە ئەندازەیەکی زۆر فشاری دەروونیی لەسەر دەبێت و دوچاری حاڵەتە سایکۆلۆجییەکان دەبێت، چونکە شار بەردەوام و بە چەندین شێوە پەلاماری تاک دەدات، تاکیش فێر دەبێت چۆن ڕووبەڕوویان بێتەوە و خۆی لەگەڵ ژینگەی شارنشینیدا بگونجێنێت. بۆیە تاک لە شاردا، بە بەراورد لەگەڵ لادێدا، وریاتر و زیرەکتر و ئەقڵانیتر و واقعیترە.

زیمڵ جەخت لەوە دەکات کە دانیشتوانی شارەکان، بە تێپەڕبوونی کات، خۆیان لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ژیانی شار ڕادەهێنن و بەزۆری مەیلی بێپەروایی و گۆشەگیری و دوورکەوتنەوە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و میللییەکان دەبێت، ئەمەش بە تەبیعەتی حاڵ تاک بەرەو بەرژەوەندیخوازی و سوودی تایبەتی دەبات.

ئەم بۆچوون و تیۆریانەی زیمڵ، کاریان کردووەتە سەر زانای کۆمەڵناسیی ئەمریکی ڕۆبێرت پارک کە لە هەمان کاتدا قوتابیی زیمڵ بوو. ئەوە بوو دواتر ڕۆبێرت پارک لە ساڵی ١٩٢٥دا لە کۆنگرەی

PDF 4 KURD

سۆسیۆلۆژیای شارنشینیدا لە واشنتۆن پەرەی بەم زانستە دا و جێگیری کرد.

پێنجەم: **ڕۆبێرت پارک** (١٨٦٤-١٩٤٤)
زانای کۆمەڵناسی ئەمریکی ڕۆبێرت پارک لە ساڵی ١٩١٦دا کتێبێکی گرنگ لەو بوارەدا چاپ دەکات بە ناونیشانی (شار: گەڕان بەدوای ڕەفتاری مرۆیی لە ژینگەی شارنشینیدا). لەم کتێبەدا بنەما تیۆری و میتۆدییەکانی ئەم زانستە دەخاتە ڕوو.
دەتوانین بۆچوونی سەرەکیی ڕۆبێرت پارک لە دوو خاڵدا کورت بکەینەوە:
یەکەم: کاریگەریی بارودۆخی ژیانی شارنشینی لەسەر ڕەفتاری تاکەکەس. کە لێرەدا ڕۆبێرت پارک بایەخێکی تایبەتی بە ڕەفتاری مرۆڤ دەدات لە شارەکاندا و ئەو جیاوازییە گەورەیەی لە نێوان ڕەفتاری شارنشینی و ڕەفتاری گوندنشینیدا هەیە.
دووەم: خۆگونجاندنی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەی شارنشینیدا وەک سیستمێکی ئەخلاقی و سروشتی. لێرەشدا پارک سروشتی ئەخلاقی (ئیتیکی) لە لای تاکی شارنشینیدا شی دەکاتەوە و دواجار بۆی دەردەکەوێت سیمای ڕەوشتی تاک لە شاردا سیمایەکی سروشتییە و ڕەنگدانەوەی جۆری ژیانی شارنشینییە.
ئەمە جگە لەوەی ڕۆبێرت پارک لە سەرانسەری کتێبەکەیدا سەرسامیی خۆی بۆ ماکس فیبەر و هەروەها بۆ مامۆستاکەی (واتە جۆرج زیمڵ) ناشارێتەوە. ئەگەرچی لە چەندین لایەنیشدا بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە و بەتەواوی ناکەوێتە ژێر کاریگەریی تێزەکانی ئەوانەوە، بەڵام لە مەسەلەی باسکردنی بابەتگەلێکی وەک بازرگانی و ئابووری و پیشەسازی و بازاڕی گەورەدا هەمان بۆچوونی ئەو دوو زانایە وەردەگرێت و پەرەیان پێدەدات.

PDF 4 KURD

رۆبێرت پارک چوار ڕەهەندی دیاریکراو لە شارنشینیدا دەستنیشان دەکات کە دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە کورتیان بکەینەوە:

ڕەهەندی یەکەم: بنیاتی شار بریتییە لە بنیاتێکی بازرگانی، لێرەدا بوونی بازاڕ بە شێوەیەکی پێویست ململانێی پیشەسازی و بازرگانی دروست دەکات، ئەمەش بێگومان دەبێتە مایەی هاتنەئارای شێوازێکی نوێ لە ژیانی وەزیفی و پیشەیی.

ڕەهەندی دووەم: بوونی دادگا و دادوەرو بنکەکانی پۆلیس و دەزگاکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوە سیاسییەکان کە ئەمانە ژیانێکی سیستماتیک و ڕێکخراو لە سیستمی کۆمەڵایەتیدا بەڕێوە دەبەن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکدەخەن، ئەم سیستمە کۆمەڵایەتییە ڕێکخراوە لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و فراوانبوونی شاردا ڕیتمێکی گونجاو دروست دەکات.

ڕەهەندی سێیەم: بریتییە لە ڕەهەندی سایکۆلۆژیای ژیانی شارنشینی. لەم ڕەهەندەدا پارک دەڵێ لە شاردا سۆزداری کەم دەبێتەوە و ئەقڵانییەت پتر دەبێ. واتە پەیوەندیی سۆزداریی تەقلیدی کاڵ دەبێتەوە و لەبری ئەوە کۆمەڵێ پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نوێ پەیدا دەبن کە لەسەر بەرژەوەندی و قازانج دادەمەزرێن، لێرەدا پارک هەمان بۆچوونی ئیمیل دۆرکهایم وەردەگرێت و هەمان زاراوەی دۆرکهایم سەبارەت بە هاوکاریی "میکانیکی" و "ئۆرگانی" بەکار دەهێنێت.

ڕەهەندی چوارەم: بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە ئازادی و سەربەخۆیی لە شارنشینیدا، هەروەها بڵاوبوونەوەی پرەنسیپی تاکگەرایی و لێکبووردن و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی ئایینی و ئیتنی و فیکری.

بەگشتی زاناکان چوار قۆناغی سەرەکییان بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی شار دیاری کردووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

PDF 4 KURD

قۆناغی یەکەم: شوێنی سەرەتاییEopolis، ئەم قۆناغە لە سەرەتای دەرکەوتنی مرۆڤەوە لەسەر زەوی دەست پێدەکات و درێژ دەبێتەوە تا سالآنی ٥٥٠٠ پ.ز، لەم قۆناغەدا مرۆڤ بەتەواوی شوێنی نیشتەجێبوونی نەدەزانی و خەریکی ڕاوشکاری و کۆکردنەوەی بەروبوومی خۆراکی سروشتی بوو. دواتر فێری ئەوە دەبێت بە ژمارەی زۆر لە نزیک یەکترەوە بژین. فێری کشتوکاڵی و جۆرێک لە نیشتەجێبوون دەبێت و ماڵ و خانوو دروست دەکات و تیایدا سەقامگیر دەبێت. شوێن گەورەتر دەبێت و کۆمەڵگە فراوانتر دەبێت، بەلآم هێشتا نووسین و تەدوین پەیدا نەبوون. لە کۆتاییەکانی ئەم قۆناغەدا کە دەکاتە دروستبوونی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، وردەوردە شار لە شێوەی قەلآیەکی گەورەدا دروست دەبێت.

قۆناغی دووەم: سەرەتای شارنشینیpolis، لەم قۆناغەدا مرۆڤ لە هەوڵی بەرهەمهێنانی خۆراک و خەزنکردنیدا تێدەکۆشێت. هەردوو بواری ڕاوشکاری و کشتوکاڵیدا کە دواتر بۆ یەکجاری نیشتەجێ دەبێت، لە سەدەی پێنجەمی پێش زاینیەوە دەست پێدەکات و لەم قۆناغەدا شار بە شێوەیەکی فراوان لە کەنارەکانی ڕووباری نیل و هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات بنیات دەنرێت، کاری کشتوکاڵی و بازرگانی بە شێوەیەکی فراوان پەرەی پێ دەدرێت.

قۆناغی سێیەم: گەشەکردنی شارنشینیMetropolis، لە سەدەی پێنجەمی زایینی و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییەوە دەست پێدەکات تا سەرەتاکانی ڕێنیسانس و شۆڕشی پیشەسازی درێژ دەبێتەوە.

قۆناغی چوارەم: گەشەکردنی خێرای شارنشینیMegalpolis، لە سەرەتای سەدەی شانزەهەمەوە دەست پێدەکات، واتە لە سەدەی سەرهەڵدانی شۆڕشە زانستییەکان، بە تایبەتی شۆڕشی کشتوکاڵی و شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی تێکنۆلۆجی، کە یەکەم جار

شەمەندەفەر وەک هۆی گواستنەوە ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە زیادبوونی بەرهەم و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و گەورەبوونی شارەکان.

**بڕوانە:**


١- علم الاجتماع الحضري، د. سعيد أحمد هيكل، دار أسامه للنشر والتوزيع، الأردن- عمان، ٢٠١١
٢- علم الاجتماع الحضري مدخل نظري، محمد عاطف غيث، دار المعرفة الجامعية، مصر- الاسكندرية، ٢٠٠٩
٣- علم الاجتماع الحضري، ج١، مدخل نظري، د. السيد عبدالعاطي السيد، دار المعرفة الجامعية، مصر- الاسكندرية، ٢٠١١
٤- علم الاجتماع الحضري بين النظرية والتطبيق، ج٢، د. السيد عبدالعاطي السيد، دار المعرفة الجامعية، مصر- الاسكندرية، ٢٠١١
٥- موسوعة علم الاجتماع، د. أحسان محمد الحسن
٦- موسوعة علم الاجتماع، جون سكوت و جوردون مارشال، ترجمة: محمد الجوهري واخرون
٧- موسوعة العلوم الاجتماعية، د. فريدريك معتوق
٨- علم الاجتماع الريفي، د. سامية محمد جابر
٩- علم الاجتماع الريفي والحضري، د. غريب محمد أحمد و د. السيد عبدالعاطي السيد.
١٠- فرهنگ علوم اجتماعى قرن بيستم، ويليام اوتويت و تام باتامور، ترجمه: حسن چاوشيان، نشر نى- تهران، ١٣٩٢.

PDF 4 KURD

## سۆسیۆلۆژیای گوندنشینی Rural Sociology

سۆسیۆلۆژیای گوندنشینی Rural Sociology، (علم الاجتماع الريفي)، لقێکە لە لقەکانی سۆسیۆلۆژیای گشتی کە بە شێوەیەکی زانستی گرنگی بە ژیانی دانیشتوانی گوندەکان دەدات لە ڕووی جۆری هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و دابونەریتیان، واتا ئەو زانستە بریتیە لە وەسفکردن و شیکردنەوەی سیستەمی ژیانی لادێ و گرووپە لادێییەکان.

هەندێ لە زانایانی کۆمەڵناسی دانیشتوانی هەر وڵاتێک بە سەر دوو توێژی سەرەکی دابەش دەکەن: توێژی گوندنیشینان و توێژی شارنشینان. ئەوانەی کە لە ناوچە بچووک و لادێی و کشتوکاڵییەکاندا دەژین بە گوندنشین ناو دەبرێن، ئەوانەیشی کە لە ناوچە گەورە و قەرەباڵەخەکاندا دەژین بە شارنشین ناو دەبرێن، کە هەریەکە لەم دوو توێژە لە ڕووی ژمارە و کەسایەتی و بەها و دابونەریت و پیشەوە، تایبەتمەندیی خۆیان هەیە.

هەندێ لە سۆسیۆلۆژییە ئەمریکییەکان ژمارەی دانیشتوان دەکەنە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی گوند لە شار، بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٥٠دا پێیان وابوو ئەگەر ژمارەی دانیشتوان لە دوو هەزار و پێنجسەد کەس کەمتر بوو ئەوا بە تەبیعەتی حاڵ، ژیان لە دۆخی گوندنشینیدا بەسەر دەبەن و پیشەی سەرەکییان کشتوکاڵ دەبێت، بەڵام لەو ژمارەیە بەرەو ژووتر دەبێتە هۆی دروستکردنی کۆمەڵگەی گەورەتر کە بە شارنشینی ناو دەبرێت. ئەم توێژە پتر سەرقاڵی کاری دەستی و کاری پیشەسازی و فەرمانگەی حکومی دەبن.

ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی ناوچەیەک لە ژمارەی دانیشتوانی گوندنشینان زیاتر بێت، بەڵام لە ژمارەی دانیشتوانی شارێکی گەورە کەمتر بێت، ئەوا پێی دەوترێت ناحیە، یان قەزا کە دەشێت ژمارەیەکی زۆرتر لە مرۆڤ ناو خۆیدا کۆبکاتەوە و لە دەوری شارەگەورەکاندا

نیشتەجێ ببن. بەم پێیە بێت، لە بەینی گوندنشینی و شارنشینیدا ناوچەیەک هەیە دەشێت لە یەک کاتدا هەڵگری هەردوو سیفەتەکە بێت و هاوکات هەڵگری هەردوو پیشە و تایبەتمەندییەکە بێت.

سۆسیۆلۆژیای گوندنشینی لقە زانستێکی سەربەخۆیە کە بەپێی میتۆدی زانستی لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵگەی گوندنشینی ئەنجام دەدات. لێرەدا زانای کۆمەڵناسیی ئەو بوارە، تەنها لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی و تیۆریدا نامێنێتەوە، بەڵکو بۆی هەیە بایەخ بە وردەکاری و ڕاستییەکانی ژیانی گوندنشینی بدات و لە جۆری ژیان و بیرکردنەوە و دابونەریتیان بکۆڵێتەوە، تاکو لەوێوە ڕێگەیەک دەستنیشان بکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و بژێوییان. ئەمە خۆبەخۆ دەبێتە مایەی بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن و بیرکردنەوەیان.

ئەم لقە زانستەی سۆسیۆلۆژیا (واتە سۆسیۆلۆژیای گوندنشینی) پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ئۆرگانیی بە زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکانی ترەوە هەیە، چونکە هەموو ئەو زانستانە پێکەوە دەتوانن سەرجەم لایەنەکانی ژیانی گوندنشینی ڕووناک بکەنەوە و تیشک بخەنە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەمە جگە لەوەی ئامانجێکی سەرەکی هەیە ئەو زانستانە پێکەوە کۆدەکاتەوە، ئەویش لیکۆلینەوە و شیکردنەوەیە بەپێی میتۆدێکی زانستی، چونکە سوودوەرگرتنی زانستەکان لە یەکدی و ئاڵوگۆڕی فیکرەکان، ئاستی شیکردنەوە و دەستنیشانکردن بەرزتر دەکاتەوە و قووڵتر دەچێتە نێو نهێنییەکانی ژیانی مرۆڤەوە. بۆیە پێویستە سۆسیۆلۆژیای گوندنشینی ئاسۆکانی خۆی بۆ هەموو میتۆدێک و بۆ هەموو کەرەستەیەکی تری لێکۆڵینەوە بکاتەوە تا بە شێوەیەکی ڕوونتر و سوودبەخشتر لە کۆمەڵگەی گوندنیشنی تێبگات و چەشنی پەیوەندییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە شی بکاتەوە.

PDF 4 KURD

پیشەی سەرەکییان بریتییە لە کاری کشتوکاڵ و بە خێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر. واتە لە لایەک بەروبوومی کشتوکاڵی بەرهەم دێنن، لە لایەکی ترەوە شیرەمەنی بەرهەم دێنن و دەینێرنە شارەکان. پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە لای گوندنیشینان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە کە ئاگایان لە هەموو شتێکی یەک هەیە و بە بەردەوامی یەکتر بەسەردەکەنەوە و لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا یارمەتیی یەکتری دەدەن، بە ئەندازەیەکی زۆر خۆیان بە خاک و شوێنەوە دەبەستنەوە.

ئەگەر بمانەوێت لە بایەخی ئەم زانستە تێبگەین، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکان، چونکە لە سەرەتادا کۆمەڵگەکان بریتی بوون لە چەند گرووپێکی بچووک کە خەریکی ڕاوکردنی ئاژەڵ و لێکردنەوەی بەری درەختەکان بوون و دواتریش فێری کشتوکاڵ بوون، بەڵام لەگەڵ کاری کشتوکاڵیدا ئەو گرووپانە گەورەتر بوون و لە لادێدا کۆمەڵگەی جێگیریان دروست کرد. کەواتە ئەگەر بمانەوێت لە ڕەگوریشەی مێژووی کۆمەڵگەی گوندنشینی تێبگەین، ئەوا دەبێ شارەزاییمان لە ئەزموونی گوندنشینی دەوڵەمەند بکەین. مرۆڤی هاوچەرخ، سا شارنشینی بێت یان گوندنشینی، ناتوانێت وەکو ڕۆشنبیرێک تەماشای خۆی بکات ئەگەر شارەزایی لە جۆری ژیانی شێوەکەی تری بەشەریەت نەبێت (واتا ژیانی گوندنشینی)، واتا بایەخێکی تری ئەم زانستە لەوەدایە کە دەبێت مرۆڤ ئاگاداری سروشتی ژیانی گوندنشینی و شارنشینی بێت و پەیوەندییەکانی نێوانیان بزانێت و ئاگاداری خاڵی لێکچوون و خاڵی جیاوازی نێوانیان بێت.

لێرەدا ژمارەیەکی زۆر لە دەرچوانی زانکۆ و پەیماگاکان هەن کە لە بواری جیاجیادا پسپۆڕن، وەک پسپۆڕی لە بواری پزیشکی و یاسایی و کاری کۆمەڵایەتی و وانەوتنەوە کە لەپاش دەرچونیان بۆ ماوەیەکی گونجاو لە گوندەکان کار دەکەن. بۆیە ئەو کەسانە پێویستیان بەم

زانسته (واتا سۆسیۆلۆژیای گوندنشینی) دەبێت تا لە سروشتی ژیانی گوندنشینی تێبگەن و بزانن چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. هەروەها بۆ ئەوەی بیر لەوەش بکەنەوە چۆن ژیانی گوندنشینی بگۆڕن بەرەو ژیانێکی باشتر و بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان.

ئەگەر چی لەسەر ئاستی جیهاندا ژمارەی ئەو کەسانەی لە بواری کشتوکاڵیدا کاردەکەن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەم دەبێتەوە، ئەمەیش بە هۆی پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیای کشتوکاڵیەوەیە، بەڵام ژمارەی چەند چەشنەکارێکی تر زیاد دەکات و هەندێ پیشەی لادێیی پەیدا دەبێت کە پێشتر بونیان نەبووە وەک: ڤێتێرنەری (پزیشکی ئاژەڵی)، پسپۆڕی بواری ڕێنیوێنی کشتوکاڵی، بەرپرسانی بواری دابەشکردن و ناردنەبازاڕی بەرهەمی گەنم و دانەوێڵە.

ئێمە کاتێک جەخت لە جیاوازییەکانی نێوان ژیانی گوندنشینی و ژیانی شارنشینی دەکەین، بە مانای ئەوە نییە چاو بنوقێنین لە ئاستی ئەو خاڵە هاوبەشانەی لە نێوان ئەو دوو جۆرە ژیان و ژینگەدا هەیە. ڕاستە هەموو ژینگەیەک تایبەتمەندیی خۆی دروست دەکات، بەڵام ئەم تایبەتمەندییە نابێتە هۆی ئەوەی ئەم دوو جۆرە ژینگەیە بەتەواوی لە یەکتری جیاواز بن و لە یەکتری دابڕێن، بەڵکو لێرەدا بەنێویەکداچونێکی زۆریش لە نێوان ئەو دوو جۆرە ژیانەدا هەیە.



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

**کۆمەڵگەی کۆمیونیتی کۆمەڵگەی ناوچەیی Community Society**

ئەم زاراوەیە یەکێکە لە زاراوەکانی سۆسیۆلۆژیای گوندنشینی کە زۆربەی زانایانی ئەو بوارە بە مانای جیاجیا و بە فۆرمی جیاواز باسیان کردووە و ماناکانیان شی کردووەتەوە، بەڵام سەرجەمیان لەسەر ئەوە ڕێکن کە کۆمەڵگەی کۆمیونیتی بریتییە لەو کۆبوونەوە بەشەرییەی کە لە شێوەی گرووپێک، یان چەند گرووپێکی بچووکدا پێکەوە دەژین و سیمای تایبەتی و پەیوەندیی نزیک و ئۆرگانی پێکەوە کۆیان دەکاتەوە، سا ئەو گرووپانە لە لادێدا بن یان لە شار، بەڵام هەمیشە فەرقێک هەیە لە نێوان زاراوەی کۆمەڵگە society بەگشتی و زاراوەی کۆمەڵگەی کۆمیونیتی community society، بەو پێیەی کۆمەڵگە بریتییە لە تۆڕێکی ئاڵۆز لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، بەڵام لە کۆمەڵگەی کۆمیونیتیدا ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزە بوونی نییە و ژیانێکی سادەتر بەرێوەدەچێت بە جۆرێک کە زانای کۆمەڵناس سپینسەر بە کۆمەڵگەی ئاسان، یان کۆمەڵگەی سادە ناوی دەبات.

یەکێک لەو کۆمەڵناسانەی بایەخ بەم زاراوەیە دەدات "فردیناند تۆنیز"ە (١٨٥٥-١٩٣٦) کە کتێبێکی قەبەی بە ناوە (کۆمەڵگەی کۆمیونیتی) چاپ کردووە، تۆنیز لەو کتێبەدا چەمک و ماناکانی ئەم زاراوەیە شی دەکاتەوە کە لە دواییدا گفتوگۆیەکی هەمەلایەن لە نێوان زانایانی ئەو بوارەدا دروست دەبێت.

کۆمەڵگەی کۆمیونتی، بەپێی فردیناند تۆنیز، ئاماژە بۆ چەشنە بنیاتێکی کۆمەڵایەتی دەکات کە پەیوەندی و سیستمێکی تایبەتی تیایدا باوە. دوو فاکتەر ئەو جۆرە کۆمەڵگەیە ڕادەگرێت: یەکەم، گرووپی بەهێز، دووەم، پەیوەندیی بەهێز.

ئەو پەیوەندییە بەهێزەش بە هۆی چەند فاکتەرێک دروست دەبێت، لەوانە: خۆبەستنەوە بە دابونەریتی لۆکاڵی، پەیوەندیی سەرەتایی،

PDF 4 KURD

بەهای تایبەتی، سیستمی کۆمەڵایەتیی جێگیر، هەستکردن بە ئینتیمایەکی بەهێز بۆ گرووپ.
پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کۆمیونیتیدا، وەک تونیز دەڵێ، لەسەر پایەی سۆز و نەریت و بیروباوەڕی چونیەک و کولتووری هاوبەش دادەمەزرێت، هەروەها ئەم چەشنە کۆمەڵگەیە، یان ڕاستتر ئەم جۆرە لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی گرووپخواز بەوە جیادەکرێتەوە کە تا ئەندازەیەکی گەورە بەیەکەوە بەستراونەتەوە و بەرژەوەندییەکانیان پێکەوە گرێ دەدەن و هەریەکەیان ڕۆڵێکی ڕوون و دیاریکراوی هەیە و لەگەڵ یەکدیدا ناکەونە ململانێ و ناکۆکییەوە. سەربارى ئەوەی هەستێکی قووڵی دەستەجەمعی تیایاندا زاڵە و هەمیشە بە ڕاناوی "ئێمە" خۆیان دەنوێنن، لەو چەشنە پەیوەندییەشدا تاککەرایی تا ڕادەیەکی بەرچاو ون دەبێت.
دەشێت بتوانین کۆمەڵگەی کۆمیونیتی بەم شێوەیەی خوارەوە پێناس بکەین:
کۆمەڵگەی کۆمیونیتی بریتییە لە سیستمێکی کۆمەڵایەتیی جیاواز کە لەسەر چەندین بنیاتی کۆمەڵایەتی و سیستماتیکی گرووپەکان و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان ڕادەوەستێت، وەک گرووپ و ڕێکخراوی ئایینی، یان پیشەیی، یان ناوچەیی، سا لە لادێدا بێت، یان لە شار، ئامانجی ئەم گرووپانەش بریتییە لە دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەندامانی ناو گرووپەکە لە میانی پەیوەندییەکی تۆکمە کە تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە خۆیان دەبەستن. بۆیە دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەی کۆمیونیتی بریتییە لە بچووکترین یەکەی بنیاتی کۆمەڵایەتی لەنێو هەر کۆمەڵگەیەکدا، واتە بریتییە لە کۆمەڵگەیەکی بچووک لەناو کۆمەڵگەیەکی گەورەتردا.

**بڕوانە:**

PDF 4 KURD

١- علم الاجتماع الحضري، د. سعيد أحمد هيكل، دار أسامه للنشر والتوزيع، الأردن- عمان، ٢٠١١
٢- علم الاجتماع الحضري مدخل نظري، محمد عاطف غيث، دار المعرفة الجامعية، مصر- الاسكندرية، ٢٠٠٩
٣- علم الاجتماع الحضري، ج١، مدخل نظري، د. السيد عبدالعاطي السيد، دار المعرفة الجامعية، مصر- الاسكندرية، ٢٠١١
٤- علم الاجتماع الحضري بين النظرية والتطبيق، ج٢، د. السيد عبدالعاطي السيد، دار المعرفة الجامعية، مصر- الاسكندرية، ٢٠١١
٥- موسوعة علم الاجتماع، د. أحسان محمد الحسن
٦- موسوعة علم الاجتماع، جون سكوت و جوردون مارشال، ترجمة: محمد الجوهري واخرون
٧- موسوعة العلوم الاجتماعية، د. فريدريك معتوق
٨- علم الاجتماع الريفي، د. سامية محمد جابر
٩- علم الاجتماع الريفي والحضري، د. غريب محمد أحمد و د. السيد عبدالعاطي السيد.
١٠- فرهنگ علوم اجتماعى قرن بيستم، ويليام اوتويت و تام باتامور، ترجمه: حسن چاوشيان، نشر نى- تهران، ١٣٩٢.

PDF 4 KURD

## سۆسیۆلۆژیای زانین (مەعریفە) Sociology of knowledge

سۆسیۆلۆژیای زانین Sociology of knowledge، بە عەرەبی (علم اجتماع المعرفة)، لقێکە لە سۆسیۆلۆژیای گشتی، ئەم زانستە لە زانکۆکانی دنیادا وەک بەشێکی سەرەکی و گرنگی سۆسیۆلۆژیا بایەخی پێ دەدرێت و لە لێکچەری گشتیدا دەخوێندرێت، ئەم زانستە نوێیە، هەوڵدەدات لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەدا سروشتی کۆمەڵایەتییانەی مەعریفە (یان زانین) باس بکات. بۆیە دەتوانین سەرجەمی پێناسە و چەمکە جۆراوجۆرەکانی سۆسیۆلۆژیای زانین لەم چەند وشەیەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە و بڵێین:

بابەتی سۆسیۆلۆژیای زانین لەو پەیوەندییە دەکۆڵێتەوە کە لە نێوان (زانین-مەعریفە) و بنەما کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، بەو پێیەی فۆرمە هەمەڕەنگ و جیاوازەکانی مەعریفە بەندە بە کۆنتێکستە کۆمەڵایەتییە هەمەڕەنگ و جیاوازەکان. ئەرکی سەرەکیی ئەم زانستە بریتییە لە دۆزینەوەی پابەندبوونی زانین بە بوونە کۆمەڵایەتییەکەیەوە.

لە تێڕوانینی هەندێ کۆمەڵناسی دیکەدا سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لقێکە لە لقەکانی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان. باس لە پەیوەندیی نێوان (زانین) و (ژیانی کۆمەڵایەتی) دەکات. مەعریفەش (زانین) بریتییە لە کۆی ئەو بیروباوەڕ و زانیاری و بەها و مانایانەی لە کۆمەڵگەدا دروست دەبن، مەعریفە هەم کەلەپوور و هەم کولتووریش دەگرێتەوە.

ئەم زانستە جەخت لە پەیوەندییە وەزیفییەکانی شێوە جیاجیاکانی مەعریفە دەکات لە پەیوەستیدا بە کۆمەڵگەوە. هەروەها لەو تایبەتمەندی و جیاوازییانە دەکۆڵێتەوە کە لە نێوان مەعریفە و کۆمەڵگە لە ژینگە جیاجیاکاندا هەیە. بەو مانایەی هەر کۆمەڵگەیەک مەعریفەیەکی تایبەت بە خۆی بەرهەم دەهێنێت کە زۆر جار جیاواز دەبێت لە مەعریفەی کۆمەڵگەیەکی تر، بە پێی ئەوەی کۆمەڵگە

بەشەرییەکان تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و مەعریفەیش سیمای ئەو کۆمەڵگەیانە وەردەگریت.

بەڵام ئەم بۆچوونە بۆچوونێکی ڕەها نییە و سەددەرسەد لە سەرجەمی کۆمەڵگە بەشەرییەکاندا بەو شێوەیە شکڵ ناگرێت، چونکە دەشێت هەندێ جار جیاوازییەک بکەوێتە نێوان جۆری مەعریفە و سیمای تایبەتیی کۆمەڵگە، لێرەوە زۆر جار ململانێ لە نێوان پێکهاتەی کۆمەڵگە و مەعریفەدا سەرهەڵدەدات.

جاری وا هەیە لە هەندێک قۆناغی مێژوویی و ئابووریدا چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکان کار لە سیماکانی مەعریفە دەکەن و بگرە ڕێنوێنیشی دەکەن؛ کەچی جاری وایش هەیە بە پێچەوانەوە شێوە جیاجیاکانی مەعریفە کار لە کۆمەڵگە دەکەن و بونیادەکانی دەگۆڕن. لە حاڵەتی یەکەمیاندا بونیادەکانی کۆمەڵگە چەند بونیادێکی پێشکەوتوو و بەهێزن لە چاو بونیادەکانی مەعریفەدا، بۆیە لەو کاتەدا کۆمەڵگە دەتوانێت مەعریفەیەکی پێشکەوتوو بەرهەم بهێنێت، بەڵام لە حاڵەتی دووەمیاندا کۆمەڵگەیەکی سست و دواکەوتووت هەیە لە بەرامبەر مەعریفەیەکی پێشکەوتوودا. لەم حاڵەتەشدا مەعریفە دەتوانێت کاریگەرییەکی گەورە لە سەر بونیادەکانی کۆمەڵگە جێبهێڵێت و بەرەوپێشەوەی ببات، لێرەوە دەبینین ئیقاعی پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان جیاوازە، لە هەندێک کۆمەڵگەدا ڕیتمێکی خێرا بۆ بەرەوپێشچوون هەیە و لە هەندێکی تردا ڕیتمێکی خاو و لەسەرخۆ هەیە.

واتە دەتوانین بڵێین کۆمەڵگە بریتییە لە کایەیەک، یاخود بوارێک بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفە و لە هەمان کاتیشدا کایەیەکە مەعریفە ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانەوەیدا هەیە. کەواتە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە هەوڵدەدات پەیوەندیی نێوان فیکر و واقیع بەرجەستە بکات. بەو پێیەی (فیکر و واقیع) و هەروەها (مەعریفە و کۆمەڵگە) دابڕاو نین لە یەکتر و بە جیاواز لە یەکتر پرۆسەی کارەکانی خۆیان ناکەن، بەڵکو

PDF 4 KURD

لە پەیوەندییەکی هاوجومگەیی و هاوبەندیی پتەودا ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگە بەرەوپێش دەبەن.

کەواتە یەکێک لە ئەرکەکانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بریتییە لە هێنانی، یان گەڕاندنەوەی سیستمەکانی مەعریفە بۆ ناو واقیعی کۆمەڵایەتی، بۆیە دەبینین ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر لە بیرمەندانی بواری زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان هەوڵدەدەن فیکر و مەعریفە لە قاڵبە وشک و ئەبستراکتییەکەی دەربهێنن و بە شێوازێکی ئاسان و بە زمانێکی ڕوون بیهێننە ناو سەرجەمی کایە و جومگە گرنگەکانی کۆمەڵگەوە.

لەوانەیە بتوانین هەلومەرجی مێژوویی سەرهەڵدانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لە چەند خاڵێکدا دەسنیشان بکەین، کە دەشێت گرنگترینیان بریتی بێت لەو دۆزینەوە گرنگ و گەورەیەی ئەنیشتاین، کە لە تیۆری ڕێژەگەراییدا دای هێناوە، بەوپێیەی هیچ شتێک لە ژیاندا ڕەها نییە، بەڵکو هەموو شتێک ڕێژەییە.

خاڵێکی تر بریتییە لە گومانکردن لە میراتی بیروباوەڕەکان و توانا و جورئەتی ڕەخنەگرتن لە کەلەپوور. پاشان ئەو گۆڕانکارییە گەورە و بنەڕەتییانەی بەسەر بەها و سیستمە باوەکاندا هاتوون.

دەکرێت سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بەسەر چەندین لقەزانستی تردا دابەش بکرێت، بۆ نموونە: سۆسیۆلۆژیای زانست، سۆسیۆلۆژیای یاسا، سۆسیۆلۆژیای شەریعەت، سۆسیۆلۆژیای ئایین، سۆسیۆلۆژیای هونەر، سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، سۆسیۆلۆژیای ڕاگەیاندن، سۆسیۆلۆژیای فەلسەفە، سۆسیۆلۆژیای دابونەریت، سۆسیۆلۆژیای فیکری سیاسی، سۆسیۆلۆژیای پەروەردە، سۆسیۆلۆژیای شار، سۆسیۆلۆژیای لادێ، سۆسیۆلۆژیای مۆسیقا و سەما، سۆسیۆلۆژیای پۆشاک، سۆسیۆلۆژیای تەلارسازی، سۆسیۆلۆژیای ئاهەنگگێڕان و بۆنەکان، سۆسیۆلۆژیای حیکایەتی

PDF 4 KURD

میللی، سۆسیۆلۆژیای پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، سۆسیۆلۆژیای نوژداری، سۆسیۆلۆژیای هاوسەرگیری، سۆسیۆلۆژیای وەرزش... هتد.

وەک دەزانین وشەی مەعریفە، لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبییە، چاوگی ئەم وشانەیە: (عرف) و (یعرف) و (عارف) کە بە مانای (أدرک)یش دێت. لە زمانی کوردیدا دەشێت هەڵگری دوو مانا بێت. مانای یەکەم (زانین knowledge) دەگەیەنێت، مانای دووەمیش زانیاری، یان زانست (ئیپستیم epistem ) دەگەیەنێت، هەروەها تیۆری مەعریفە (ئیپستیمۆلۆژیا Epistemology) کە لە دیدێکی فەلسەفییەوە لە تیۆرەکانی زانست دەکۆڵێتەوە. لێرەدا لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا، مەبەست لە مانای یەکەمە (واتە: زانین)، کە دەڵێین سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، واتە (کۆمەڵناسیی زانین sociology of knowledge)، نەک ئیپستیم، یان ئیپستیمۆلۆژیا، کە ئەمەی دواییان پتر دەچێتە نێو بابەتی فەلسەفی و زانستەکانەوە، بەڵام مەعریفە وەک (زانین) و مەعریفە وەک (زانست)، بە ڕەهایی لێکدی دابڕاو نین، هەمیشە پەیوەندییەکی نزیک، یان دوور، لە نێوان ئەو دوو مانایەدا دەمێنێت.

(پیتەر بێرگەر) زانایەکی کۆمەڵناسیی ئەمریکیی بەڕەچەڵەک نەمساوییە، ڕۆڵێکی گرنگی لە بایەخدان بە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لە زانکۆکاندا هەبووە، بە تایبەتی لە ڕێگەی نووسین و کتێبەکانی لە بارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفەوە، کە لەوانەیە گرنگترین کتێبی ئەم زانایە بریتی بێت لە کتێبی (بونیادی کۆمەڵایەتیی واقیع- لێکۆڵینەوەیەک لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە) کە لەگەڵ تۆماس لۆکمان لە ساڵی ١٩٦٧دا پێکەوە نووسیویانە و چاپیان کردووە.

پیتەر بێرگەر لە تەک سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا، بایەخی بە سۆسیۆلۆژیای زمانیش داوە و پێی وایە زمان بەشێکی گرنگە لە

PDF 4 KURD

سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، هەروەک بایەخێکی بەرچاو و گەورەتری داوە بە سۆسیۆلۆژیای ئایین. وای دەبینێت مەحاڵە بەبێ سۆسیۆلۆژیای ئایین باس لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بکرێت.

لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا دوو زاراوەی سەرەکی هەن کە بریتین لە: واقیع reality و زانین، یان مەعریفە knowledge، کە ئەم دوو زاراوەیە مێژوویەکی درێژیان لە بەکارهێنان و چەمکدا هەیە. دەتوانین بڵێین واقیع سیفەتێکە پەیوەستە بەو دیاردانەی لە دەرەوەی ئیرادەی ئێمەدان و ئێمە دەرکیان پێ دەکەین و دەیانناسین، مەعریفەش بریتییە لە جەختکردن لەوەی کە دیاردەکان واقیعین و سیمای دیاریکراویان هەیە. تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی لە واقیع و مەعریفە، لە نێوان کەسێکی ئاسایی و زانایەکی بواری فەلسەفی و کۆمەڵناسیدا، جیاوازە. کەسی ئاسایی سەبارەت بە واقیع و زانینەکانی خۆی دڵنیایە و و هەست بە دروستیی زانین و واقیعی خۆی دەکات، بەڵام فەیلەسووف و زانای کۆمەڵناسی لە جیاوازیی کۆمەڵگەکان ورد دەبێتەوە و لەوێوە جیاوازیی واقیع و مەعریفەکان بە پێی جیاوازیی کۆمەڵگەکان دەردەخات.

پیتەر بێرگەر وای دەبینێت سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بایەخ بە پەیوەندیی نێوان بیری ئینسانی و کۆنتێکستی(سیاقی) کۆمەڵایەتی دەدات، بۆیە دەشێت بوترێت سۆسیۆلۆژیای مەعریفە تیشکۆیەکی کۆمەڵایەتییە بۆ پەیوەندیی فیکر و واقیع، بە تەنیا بیر لە فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان ناکاتەوە، بەڵکو دەچێتە سەر چەندین فاکتەری دیش، وەک فاکتەری مێژوویی و فاکتەری سایکۆلۆژی و فاکتەری بایۆلۆژی.

پیتەر بێرگەر دەڵێت سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بەشێکە لە کایەی ئەزمونکاریی سۆسیۆلۆژیای گشتی، واتە سۆسیۆلۆژیا لە جێهێشتنی تیۆرەکان و هێنانەوەی نموونەکان لە پراکتیکدا، پشت بە

سۆسیۆلۆژیای مەعریفە دەبەستێت، پرۆژەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە پرۆژەیەکە بۆ پراکتیککردنی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان، نەک بۆ میتۆدی کۆمەڵایەتی. بۆیە دەبێت –وەک پیتەر بێرگەر دەڵێت- سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بە پلەی یەکەم بایەخ بە مەعریفە، (زانین)ی خەڵکی بدات لە چوارچێوەی واقیعی ژیانی ڕۆژانەیاندا، نەک ژیانی تیۆرییان، واتە دەبێت لێرەدا مەعریفە بریتی بێت لە زانینی باو، نەک لە بیرەکان. واتە بایەخ بە بونیادی کۆمەڵایەتیی واقیع بدات و شیکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ئەم زانین و مەعریفەیە بکات.

**پەراوێز:**


١- د. فريدريك معتوق، تطور علم اجتماع المعرفة من خلال تسعة مؤلفات أساسية، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٢.

٢-فاطمه بدوي، علم اجتماع المعرفة بين الفكر الخلدوني والفكر الغربي، منشورات جروس برس، د.ت

٣-د. معن خليل عمر، علم اجتماع المعرفة، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بغداد، طبع بمطبعة جامعة الموصل، ١٩٩١.

٤-بيتر بيرغر و توماس لوكمان، البنية الاجتماعية للواقع -دراسه في علم اجتماع المعرفة، ترجمة: د. أبوبكر أحمد باقادر، الاهلية للنشر والتوزيع، الاردن- عمان، ٢٠٠٠.

٥-جورج غورفيتش، الاطر الاجتماعية للمعرفة، ترجمة: د. خليل أحمد خليل، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ط٣، ٢٠٠٨.

٦-د. كمال التابعي و د.ليلى البهنساوى، مقدمة في علم اجتماع المعرفة، الدار الدولية للاستثمارات الثقافية، القاهره، ٢٠٠٧.

٧-شفيق أبراهيم صالح، علم اجتماع المعرفة عند ابن خلدون، اطروحة دكتوراه مقدمة الى كلية الآداب-جامعة بغداد، سنه ٢٠٠٠.

٨-د. حەمید عەزیز، بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، پرۆژەی هاوبەشی دەزگای موکریانی و کۆمەڵەی کۆمەڵناسان، هەولێر، ٢٠٠٩.

PDF 4 KURD

٩-د. رەشاد میران، مەعریفە و تاک و کۆمەڵ لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢.
-١٠- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، سەرەتایەک لەبارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٩.
-١١ فرهنگ علوم اجتماعی قرن بیستم، ویلیام اوتویت و تام باتامور، ترجمە: حسن چاوشیان، نشر نی- تهران، ١٣٩٢.
-١٢ مایکل مولکی، علم و جامعەشناسی معرفت، ترجمە: حسین کچویان، نشر نی، چاپ دوم، تهران ١٣٨٤.
-١٣ تئودور ادورنو و مارتین.جی.جیمز اشمیت، مکتب فرانکفورت و جامعەشناسی معرفت، ترجمە: جواد گنجی، تهران ١٣٨٦.
-١٤ د. منوچهر آشتیانی، جامعەشناسی شناخت کارل مانهایم، تهران، نشر قطره ١٣٨٤.

## سیمبۆلیزم – هێماگەری Symbolism

سیمبۆلیزم Symbolism، یان هێماگەری، بە عەرەبی (الرمزية)، ڕەوتێکی ئەدەبی و هونەری و فەلسەفییە، پشت بە ئیحا دەبەستێت و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوزارشت لە لایەنە سایکۆلۆژییە پەنهانەکان دەکات، هەروەها ئەو لایەنانەی کە زمان ناتوانێت ڕاستەوخۆ دەریان ببڕێت. هێماگەری خاڵی نییە لە ناوەڕۆکی فیکری و کۆمەڵایەتی. ئەم ڕەوتە دەبێتە سەرەتایەکی کاریگەر لە گەشەکردنی مۆدێرنیزم لە ئەدەب و هونەر و فیکردا.

ئەگەرچی مەسەلەی هێما و هێماگەرایی لە ئەدەب و فیکردا زۆر کۆنە، بەڵام وەک ڕەوتێکی ئەدەبیی نوێ لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا سەری هەڵداوە، هێماگەری لە ڕێگەی هێما و ئاماژە و تەلمیح و ئیحاوە هەست و نیازەکانی شاعیر دەردەبڕێت.

ئەم زاراوەیە لە ساڵی ١٨٨٦دا لە فەڕەنسە وەک زاراوەیەکی ئەدەبی و شیعری دەرکەوت، شاعیری فەڕەنسی جین مۆریاس (١٨٥٦–١٩١٠) لەو ساڵەدا، لە ژمارەی ڕۆژی هەژدەی مانگی ئەیلولی ڕۆژنامەی (فیگارۆ) و لە مانیفیستێکدا، ئەم زاراوەیەی هەڵبژارد لە بەرامبەر وشەیەکی دی کە پێشتر بە سیمبۆلیستەکان دەوترا، ئەویش وشەی "نەویستراوەکان" (منبوذين) بوو، ئەم وشەیە لەوەوە هاتووە کاتێک هەندێ لە ڕەخنەگران شیعری "گوڵە بەدەکان"ی بۆدلێر و هەندێ شیعری سیمبۆلیستیان خوێندەوە، ئیدی بۆدلێر و شاعیرە هێماگەراییەکانیان بە نەویستراو و دەرکراو وەسف کرد. بەڵام سیمبۆلیزم بەر لەو مێژووەش هەر هەبووە، چونکە دیوانی "گوڵە بەدەکان" لە ساڵی ١٨٥٧ چاپ کراوە. لە ڕاستیدا شاعیرانی سیمبۆلیزم بانگەشەیان بۆ لەدایکبوونی ڕەوتێکی نوێی هێمایی لە شیعردا کرد.

دیارترین شاعیرانی سیمبۆلیزم لە فەڕەنسەدا بریتین لە بۆدلێر (١٨٢١- ١٨٦٧) و ئارسەر ڕامبۆ (١٨٥٤–١٨٩١) و مالارمێ (١٨٤٢–

١٨٩٨) و پۆل فێرلین (١٨٤٤-١٨٩٦) و پۆل فالێری (١٨٧١- ١٩٤٥). له ئەڵمانیادا ڕینێ ماریا ڕیلکه (١٨٧٥-١٩٢٦) و له بەریتانیادا ئۆسکار وایلد (١٨٥٤-١٩٠٠) و ولیەم بیتلەر ییتس (١٨٦٥-١٩٣٩) و ت.س.ئیلیۆت (١٨٨٨-١٩٦٤) و له ئەدەبی ڕووسیدا ئەلیکساندەر بلۆک (١٨٨٠-١٩٢١).

لەوانەیە بتوانین تایبەتمەندییەکانی سیمبۆلیزم لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

١- سیمبۆلیزم وەک ڕەوتێکی ئایدیالی له بەرامبەر ڕۆمانسیزم و ڕیالیزم و پەرناسیزمدا سەری هەڵداوە، چونکه سیمبۆلیستەکان باوەڕیان به ئەقڵی ناوەکی و نائاگایی هەبوو. پێیان وابوو واقیع ناتوانێت ئامانجەکانی ئەوان دیاری بکات و خواستەکانیان بۆ بەدی بهێنێت، بۆیه پەنایان بردە بەر جیهانێکی ئایدیالی که به خەیاڵ وێنایان دەکرد.

٢- لای سیمبۆلیستەکان جوانی و ئیستاتیکای شیعر له سەرووی ڕەگەزەکانی دیکەوەن. جوانی دوا ئامانجی شیعرە، تەنها ڕێگەش بۆ گەیشتن به جوانی، بریتییه له خەیاڵ و ئیحا و خەون، واته هێما و وێنەی هێمایی.

٣- بایەخدان به وێنەی شیعری و ئیقاعی شیعری، به باوەڕی سیمبۆلیستەکان وێنه و ڕیتم دوو کەرەستەی زۆر گرنگن بۆ بەکارهێنانی هێما، له ڕێگەی هێما و ئیحاوە دەشێت حاڵەتەکانی ئاگایی و نائاگایی به کەمێک تەمومژییەوە بگوازرێنەوە نێو شیعر. له ڕێگەی ڕیتم و مۆسیقای شیعریشەوە دەکرێت به ئاسانی گوزارشت له ناخی دەروون و حەزە شاردراوەکان بکرێت.

٤- خەیاڵێکی داهێنەرانه و چڕوپڕییەکی شیعری و تەکنیکی تازە و ئارەزوویەکی گەورە بۆ جوانی و ئازادی، ئەمانه خولیای سەرەکیی شاعیرانی سیمبۆلیزم بوون.



PDF 4 KURD

٥- تەمومژ ڕەگەزێکی سەرەکیی شیعری هێماگەرییە، چونکە تەمومژ ئایدیال و جوانی و خەون بە شیعر دەبەخشێت. بە پێچەوانەی ئەمەوە شیعری ڕوون و ڕاستەوخۆ، شتەکان لە جوانی و ئایدیال و سەرسوڕمان دادەماڵێت و خەون دەکوژێت.

٦- جێگۆڕکێی هەستەکان، یان گۆڕینەوەی وەزیفەی هەستەکان لەگەڵ یەکدی. ئەوەی لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت (تراسل الحواس)، واتە هەستەکانی (چێژ و بۆنکردن و دەستلێدان و گوێگرتن و بینین) لە وەزیفەدا شوێنی یەکدی دەگرنەوە، بۆ نموونە کاتێک شاعیرێک دەڵێت: بە گوێیەکانم دەتبینم، یان کە دەڵێ: بە چاو ماچت دەکەم.

٧- زمان و تێکدانی ڕێساکانی زمان، یارمەتیدەری سیمبۆلیستەکان بوو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە شیعردا. بانگەشەی زمانێکی نوێ و نائاساییان بۆ شیعر دەکرد، بۆ ئەوەی شیعر لە زمانی تەقلیدی و کێش و سەروای کۆن ڕزگاری بێت. زمان لە تێڕوانینی ئەواندا بریتیە لە چەند هێمایەک، هەم بۆ جیهانی دەرەکی، هەم بۆ جیهانی دەروونی.

سیمبۆلیزم لە دەیەی بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەمدا لە ئەورووپا، لەو فۆرمەی خۆیدا نەمایەوە، بەڵکو تێکەڵ بە چەندین ڕەوت و ڕێبازی دیکەی شیعری و هونەری بوو، لەوانە: سوریالیزم. ئەم زاراوەیەش (واتە سوریالیزم) لە ساڵی ١٩٢٤دا شاعیری فەرەنسی ئەندرێ بریتۆن بەکاری هێناوە بۆ ڕاگەیاندنی قوتابخانەیەکی ئەدەبی و هونەریی نوێ کە پشت بە نائاگایی و ئەقڵی ناوەوە دەبەستێت بۆ گوزارشتکردن لە هەست و توانا خەیاڵییەکان.

لە ئەدەبی عەرەبیدا جوبران خەلیل جوبران (١٨٨٣- ١٩٣١) بە پێشەنگی شاعیرانی سیمبۆلیزم دەژمێردرێت، هەروەها شاعیرانی دیکەی وەک ئیلیا ئەبومازی و سەعید عەقل و سەلاح لەبکی و بەدر شاکر سەییاب، لەژێر کاریگەریی شاعیرانی سیمبۆلیستی ئەورووپی،



PDF 4 KURD

بە تایبەتی بۆدلێر و ڕامبۆدا، بە ئەندازەیەکی زۆر هێما و تەمومژیان لە شیعرەکانیاندا بەکار دەهێنا. یەکێک لەو کتێبانەی بە درێژی باسی مێژووی هێما و سیمبۆلیزم دەکات لە ئەدەبی ئەورووپی و عەرەبیدا، کتێبەکەی (د. محمد فتوح أحمد)ە بە ناونیشانی (الرمز و الرمزية في الشعر المعاصر)، کە خوێنەر دەتوانێت زانیارییەکی زیاتر لەبارەی ئەم زاراوەیە پەیدا بکات.

**بڕوانە:**


١- الرمز والرمزية في الشعر المعاصر، د. محمد فتوح أحمد.

٢- د. منصور عيد، معجم الفكر الحضاري، دار الجيل للنشر والطباعة والتوزيع، بيروت، ٢٠١٠.

٣- چارلز چادويک، سمبوليسم، ترجمه: مهدى سحابى، نشر مركز، تهران، ١٣٨٨.




PDF 4 KURD

## سیمیۆلۆژیا Semiology

سیمیۆلۆژیا، یان زانستی ئاماژە، یان نیشانەناسی، بە عەرەبی (علم العلامات)، یان (علم الاشارة)، یان (علم الدلالة) یان (السیمیائیة)، بەشێکە لە زانستی زمان. بەپێی سیستمێکی میتۆدی لە ئاماژەکان، یاخود لە نیشانەکانی تێکستە ئەدەبییەکان و لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە، یان ئەو زانستەیە کە لە تێکستی ئەدەبی و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئاماژە و نیشانەکان دیاری دەکات. سیمیۆلۆژیا دەیەوێت سیستمێکی میتۆدی بەسەر هەموو ئاماژەیەکدا پراکتیک بکات، سا ئەو ئاماژەیە (نیشانەیە) لەناو زماندا بێت، یاخود لە دەرەوەی زمان. هەوڵدەدات بونیادی ئاماژەکان و جیاوازیی ئاماژەکان لە ناوچە جیاجیاکانی دنیادا کەشف بکات، سا لە نووسیندا بێت، یان لە هێمای تەعبیری و ئاماژەکانی هاتوچۆ. ئەم زانستە پەیوەندیی بە چەند زانستێکی دیکەوە هەیە وەک: زمانەوانی و لۆجیک و مێژوو و سۆسیۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا.

زانستی زمان تەنها لە زمان و نووسین و واژە دەکۆڵێتەوە، بەڵام سیمیۆلۆژیا، سەرباری ئەمانە، لە ئاماژەکانی دەرەوەی زمانیش دەکۆڵێتەوە، وەک ئاماژەکانی ئاخاوتن و نیشانەکانی هاتوچۆ و زمانی کەڕولاڵان و کۆدی نهێنی و مۆدێل و جلوبەرگ و شێوەی چێشتلێنان. زانای زمانەوانیی سویسری فردیناند دی سوسێر (١٨٥٦-١٩١٣) بە دامەزرێنەری ئەم زانستە دەژمێردرێت و یەکەم جار لە بواری زانستی زمانەوانیدا زاراوەی سیمیۆلۆژیا semiologyی بەکارهێنا، لە هەمان کاتدا زانای لۆجیکناسی ئەمریکی چارلس ساندریس پێرس (١٨٣٨-١٩١٤) ئەم زاراوەیەی بە ناوی سیمیۆتیکا semiotics بەکار هێناوە. واتە ئەورووپییەکان وای دەبینن سیمیۆلۆژیا بەرهەمێکی فەرەنسییە و دی سوسێر لە کتێبی (چەند لێکستێک لەبارەی زانستی گشتیی زمان) دای هێناوە، بەڵام ئەنگلۆساکسۆنییەکان پێیان وایە

PDF 4 KURD

سیمیۆتیکا داهێنانێکی ئەمریکییە و چارلس ساندریس پێرس دای هێناوە.

دەشێت بڵێین جیاوازیی ئەم دوو ناوە لە زاراوەکە، لەوەدایە کە سیمیۆلۆژیای فەرەنسی لە ئاماژەکانی زانستی زمان و دەرسە زمانەوانییەکان دەکۆڵێتەوە، بەڵام سیمیۆتیکای ئەمریکی لەئاماژەکانی لۆجیک و فۆرمی ڕەمزی و ماتماتیک دەکۆڵێتەوە. پێرس سیمیۆتیکا و لۆجیک پێکەوە کۆدەکاتەوە و دەڵێت: "لۆجیک بە مانا گشتییەکەی شتێک نییە جگە لە ناوێکی تر بۆ سیمیۆتیکا، سیمیۆتیکاش تیۆرییەکی فۆرمالیستییە بۆ نیشانەکان". لێرەدا زانستی ئاماژەکان لە لای پێرس دەچێتە فەزایەکی بەرینترەوە.

لە دواییدا، لە هەردوولادا، واتە لە سیمیۆلۆژیای ئەورووپی و سیمیۆتیکای ئەمریکیدا، ڕووبەری کارکردنی ئەم زانستە فراوانتر بووەوە، تەنانەت ڕەخنەگری فەرەنسی ڕۆلان بارت، سیمیۆلۆژیای بردە نێو ئاماژەکانی مۆدێل و جلوبەرگ و وێنەی فۆتۆگرافی و تابلۆ و خۆشتن و مکیاج و سابوون و چێشتلێنان. بەو پێیەی کاتێک بۆ نموونە لە مۆدێل دەکۆڵێتەوە، میتۆدی سیمیۆلۆژیای زمانەوانیی بەسەردا پراکتیک دەکات، هەروەک بەسەر ئەفسانەشدا پراکتیزەی کردووە، واتە: (دال + مەدلوول= ئاماژە) و ئەمە گرێدەدات بە مانا و ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و کولتوورییەکانەوە.

ژمارەیەکی زۆر لە زانایان و فەیلەسووفان و زمانناسان و ڕەخنەگرانی ئەدەبی بەشدارییان لە نووسین و گەڵاڵەکردنی ئەم زانستەدا کردووە. ئەگەر باسی سیمیۆلۆژیا لە بواری زمانەوانیدا بکرێت، ئەوا میتۆدی دی سوسێر و چارلس مۆریس دەخوێنینەوە، ئەگەر وەک میتۆدێکی ڕەخنەیی لە گوتاری داهێناندا خوێندنەوەی سیمیۆلۆژی ئەنجام بدەین، ئەوا دەچینە سەر ڕۆلان بارت و جاک

لاکان و جۆلیا کریستیڤا و گریماس، به کورتی دەتوانین لەم چەشنانەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:

١- سیمیۆلۆژیای دی سوسێر بە باکگراوندە زمانەوانییەکەی.

٢- سیمیۆلۆژیای پێرس لە بواری لۆجیک و ماتماتیک و فینۆمینۆلۆژیادا.

٣- سیمیۆلۆژیای پەیوەستکاری (کۆمیونیکەیشن)، لە لای بریتۆ و مۆنان.

٤- سیمیۆلۆژیای دەلالەت، لە لای بارت و لاکان.

٥- سیمیۆلۆژیای ڕۆشنبیری، لە لای ڕەخنەگری ڕووسی یوری لۆتمان و ڕەخنەگری ئیتالی ئۆمبرتۆ ئیکۆ.

دی سۆسێر وای دەبینێت زمان بەشێکە لە زانستێکی گەورەتر کە پێی دەوترێت سیمیۆلۆژیا، لەم بارەیەوە دەڵێ: "زمان بریتییە لە سیستمێک لە ئاماژە کە گوزارشت لە بیرەکان دەکات، دەشێت ئاماژە لە بواری کۆمەڵایەتیدا ببێت بە بەشێک لە دەروونناسیی کۆمەڵایەتی، لێرەدا ئەو زانستە بە سیمیۆلۆژیا ناو دەبەم"، بەڵام دواتر ڕۆلان بارت ئەم هاوکێشەیەی هەڵگێڕایەوە و وتی: "زانستی زمان بەشێک نییە لە سیمیۆلۆژیا، بەڵکو بە پێچەوانەوە سیمیۆلۆژیا بەشێک یان لقێک لە زانستی زمان پێکدەهێنێت، چونکە تێکست بریتییە لە بەروبوومی زمان، زمانیش لە هەموو ئاستەکاندا چنینی مانا و دەلالەت و نیشانە و ئاماژەکان پێکدەهێنێت، بەرهەمهێنانی مانا لە بنەڕەتدا لە زمانەوە دێت، بۆیە دەبینین تەنانەت سیمیۆلۆژیاش پەنا دەباتە بەر زمان تا مانای شتەکان دیاری بکات. ئەم زانستە ناوەڕۆکی ئاماژەکانمان بۆ ئاشکرا دەکات و ئەو یاسایانەمان بۆ دەردەخات کە تەحەکوم بە جووڵانەوەی ئاماژەکان دەکات."

لە ڕاستیدا ئەم زانستە، بە شێوە و مانایەکی تری نزیک لە مانای سیمیۆلۆژیا، مێژوویەکی دێرینتری هەیە، بۆ نموونە لە فیکری یۆنانیی

PDF 4 KURD

کۆندا ئەفلاتون و ئەرستۆ باسی (تیۆری مانا) دەکەن کە ئاماژەی جیاجیای لێ دەبێتەوە و ئەمە ناو دەنێن سیمیۆsemio، کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە و بە مانای ئاماژە دێت. لە کەلەپووری عەرەبیشدا باسی (واژە و مانا = اللفظ والمعنى) کراوە، یان (مانای مانا) لە لای عەبدولقاهیر جورجانی و غەزالی و ئیبن سینا و ئیبن خەلدون. لەم دیدەدا پەیوەندییەکی پێویست هەیە لە نێوان واژە و مانادا، هەروەک ئەو پەیوەندییەی لە نێوان ئاگر و دوکەڵدا هەیە.

لە ساڵی ١٨٩٧دا زانای زمانەوانیی فەڕەنسی میشال بریال ئەم زاراوەیە بە "زانستی دەلالەت" ناودەبات، میشال بریال دەڵێت: "زانستی زمان بایەخ بە فۆرمی وشەکان دەدات، بەڵام زانستی دەلالەت بایەخ بە جەوهەر و ناوەڕۆکی وشەکان دەدات و لەسەر ئەو یاسایانە دەوەستێت کە گۆڕین و پێشکەوتنی ماناکان ڕێکدەخەن."

دی سوسێر وای دەبینێت هەموو مانایەک لە دال و مەدلول پێکدێت، بەو سیفەتەی دال بریتییە لە وێنەی دەنگیی وشەکە، بەڵام مەدلول بریتییە لە مانای زەینیی وشەکە. پەیوەندیی نێوان دال و مەدلولیش پەیوەندییەکی خۆڕسکییە و هیچ پێوەرێکی پێشوەخت وەرناگرێت. لێرەدا ڕۆلان بارت نموونەی چەپکەگوڵێک دەهێنێتەوە، کە دەشێت ئاماژە بێت بۆ مانای سۆز، بەم شێوەیەی خوارەوە:

چەپکەگوڵەکە وەک (دال) بریتییە لە قەوارەیەکی کشتوکاڵی + چەپکەگوڵەکە؛ وەک (مەدلوول) بریتییە لە مانای ڕەمزی = چەپکەگوڵەکە؛ وەک ئاماژە، یان وەک (نیشانە) بریتییە لە سۆز.

**پەراوێز:**


١- القاموس الموسوعي الجديد لعلوم اللسان، ترجمة: د. منذر عياشي.

٢- دليل الناقد الأدبي، د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي.

٣- معجم مصطلحات الأدب، مجدي وهبة.

٤- المدخل الى مناهج النقد المعاصر، د. بسام قطوس.

٦- نظرية البنائية في النقد الأدبي، د. صلاح فضل.

PDF 4 KURD

## شەپۆلی هۆش Stream of consciousness

شەپۆلی هۆش، یان (تەوژمی ئاگایی)، Stream of consciousness لە عەرەبیدا (تیار الوعي، تیار الشعور)، یەکێکە لە تەکنیکە نوێیەکان لە چیرۆک و ڕۆمانی هاوچەرخدا. ئەم تەکنیکە پتر بایەخ بە لایەنی سایکۆلۆژیی کەسایەتیی سەرەکی دەدات، دەچێتە نێو خودی قارەمان و لە میانی مۆنۆلۆگەوە ئەقڵی ناوەوەی ئاشکرا دەکات، کە هەندێ جار قسە و دەربڕینەکانی ئەو خودەی دوورن، لە قسەی لۆجیکی و پتر لە وڕێنە دەچن، بەکارهێنانی شەپۆلی هۆش لە ڕۆماندا ڕاکردنە لە جیهانی دەرەکی و پەنابردنە بە جیهانی ناوەکیی خود، بەسوودوەرگرتن لە شیکردنەوەی دەروونی و تیۆرییەکانی فرۆید دەربارەی ئاگایی و نائاگایی، هەروەها بریتییە لە کەشفکردنی هەستی ڕاستەقینەی کەسایەتییەکان و دەرخستنی بیرکردنەوەی ناوەوەیان و ژیانی ڕاستەقینەی ناوەکییان.

ڕۆبێرت هەمفری دەڵێ: "شەپۆلی هۆش جۆرە تەکنیکێکە لە گێڕانەوەی ڕۆماندا، نووسەر لە بنەڕەتدا تەرکیز دەکاتە سەر ئاستەکانی بەر لە ئاخاوتن لە ئاگاییدا، بە مەبەستی ئاشکراکردنی حاڵەتی دەرونیی کەسایەتیی ڕۆمانەکە لە میانی ئەو ڕستە پچڕپچڕ و نالۆجیکییانەوە کە دەری دەبڕێت."

نووسەری ئەمریکی ولیام جێمس (١٨٤٢-١٩١٠) لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەم زاراوەیەی داهێناوە و لە کتێبی "پرەنسیپەکانی زانستی دەروون"دا شیی کردووەتەوە، ئەو پتر باسی ئەو کەسانە دەکات کە نەخۆشیی دەروونییان هەیە و بە کۆمەڵێ ڕستەی نارێک و نالۆجیکی ناخی خۆیان ئاشکرا دەکەن. پاشان ڕەخنەگرانی ئەدەب ئەم زاراوەیەیان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا لەسەر ڕۆمان و چیرۆک و

مۆنۆلۆگی ناوەکی بەکارهێنا، هەروەک ڕۆماننووسی ڕووسی فیۆدۆر دۆستویێڤسکی (١٨٢١- ١٨٨١) لە ڕۆمانی (تاوان و سزا)دا و لە لای قارەمانی سەرەکی ڕۆسکۆلینکۆف و لە ڕێگەی مۆنۆلۆگەوە ئەم حاڵەتە دەردەخات.

بەڵام ڕۆماننووسی ئێرلەندی جێمس جۆیس (١٨٨٢-١٩٤١)، بە شێوەیەکی هونەری و بە ئاگاییەوە، یەکەم کەس بوو ئەم هونەرەی لە ڕۆمانە ناودارەکەیدا (یۆلیسیس- ١٩٢١) بەکار هێناوە، کە دواتر لە زۆربەی چیرۆک و ڕۆمانەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بەکارهێنرا، بە تایبەتی لە چیرۆک و ڕۆمانەکانی خانمە ڕۆماننووسی ئینگلیزی ڤێرجینیا وۆڵف لە ڕۆمانی "مسز دالاوای"و ولیەم فۆکنەر لە ڕۆمانی "هەراوزەنا و توندوتیژی". لە عەرەبیشدا نەجیب مەحفوز ئەم هونەرەی لە ڕۆمانی "سەرەتا و کۆتایی" و "سەراب"و "دز و سەگەکان"دا بەکار هێناوە.

لەوانەیە باشترین سەرچاوە دەربارەی ئەم زاراوەیە، کتێبەکەی نووسەری ئینگلیزی ڕۆبێرت هەمفری بێت بە ناونیشانی (تيار الوعي في الرواية الحديثة) کە (محمود الربيعي) لە ساڵی ١٩٧٣دا کردوویەتی بە عەرەبی.

PDF 4 KURD

## شیعری ئازاد Free verse

شیعری ئازاد Free verse (الشعر الحر)، بۆ یەکەم جار لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئەورووپادا سەری هەڵدا، بەڵام پێشتر لە سەدەی حەڤدەهەمدا شاعیری فەڕەنسی لافۆنتێن (١٦٢١- ١٦٩٥) لەسەر زمانی ئاژەڵ ئەم جۆرە شیعرەی نووسی، پاشان شاعیری ئەمریکی واڵت ویتمان (١٨١٩-١٨٩٢) و شاعیری فەڕەنسی بۆدلێر (١٨٢١- ١٨٦٧) شاعیری ئینگلیزی ت.س.ئیلیۆت (١٨٨٨-١٩٦٥) و شاعیری ئەڵمانی ئیزرا پاوەند (١٨٨٥-١٩٧٢) بەتەواوی سەروایان لە شیعر داماڵی. ئەم چەشنە شیعرە هەوڵدەدات خۆی لە هەندێ لە کۆتەکانی شیعر ڕزگار بکات، بە تایبەتی سەروا، هەندێ جار خۆی بە کێش و سەروا نابەستێتەوە، بەڵام هەر لە ناو سنوورەکانی شیعردا دەمێنێتەوە و ڕێز لە تایبەتمەندییەکانی شیعر دەگرێت. پتر بایەخ بە ڕیتم دەدات و خۆی لە پەخشان جیادەکاتەوە. شیعری ئازاد گوزارشتێک بوو بۆ خۆدەربازکردن لە شیعری کلاسیکی.

دەتوانین سیمای شیعری ئازاد لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

١- ئازادی لە خۆنەبەستنەوە بە شەتری بەیتەکان.

٢- ڕەتکردنەوە، یان کەمکردنەوەی سەروا لە هەموو دێڕێکدا.

٣- ئازادکردنی شیعر لە تاکمانایی و یەکێتیی قەسیدە و بەحرە شیعرییە عەرەبییەکان.

٤- بایەخدان بە مۆسیقای شیعری لەبری کێشی تەقلیدیی شیعر.

٥- بەکارهێنانی هێمای ئەفسانەیی و مێژوویی و سوودوەرگرتن لە هونەرەکانی شیعر

٦- بڕەودان بە شیعری بڕگەیی (واتە: تەفعیلة).

PDF 4 KURD

لە شیعری عەرەبیدا ئەم جۆرە شیعرە لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا بەتەواوی شێوەی گرت. دیارترینی ئەو شاعیرانەی کۆتەکانی شیعری کلاسیکیان شکاند و شیعری ئازادیان داهێنا، بریتین لە: نازک مەلائیکە (١٩٢٣- ٢٠٠٧) و بەدر شاکر سەییاب (١٩٢٦-١٩٦٤) و بلّند حەیدەری و سەلاح عەبدولسەبور و ئەحمەد عەبدلموعتی ئەلحیجازی و ئەدۆنیس و یوسف ئەلخال و عەبدولوەهاب بەییاتی.

بەر لە شیعری ئازاد، لە شیعری عەرەبیدا هەندێ فۆرمی دیکەی شیعری هەبوون کە ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ دەرکەوتنی شیعری ئازاد؛ لەوانە: (الشعر المرسل)، ئەم جۆرە شیعرە خۆی لە سەروا ڕزگار کردبوو بەڵام پابەند بوو بە تاکە بەحرێک، هەردوو شاعیر جەمیل سدقی ئەلزەهاوی و زەکی ئەحمەد ئەبوشادی لەم شیعرەیان دەنووسی، ئەمانە پێیان وابوو سەروا ڕێگرێکی گەورەیە لە بەردەم ئازادیی خەیاڵی شاعیر و گوزارشتکردن لە توانا زەینییەکانی، بۆیە لابردنی سەروا بوار بۆ داهێنانێکی زیاتر دەکاتەوە. شیعری مرسل ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ دەرکەوتنی شیعری ئازاد، شیعری ئازادیش ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ سەرهەڵدانی پەخشانەشیعر.

لە شیعری ئینگلیزیدا شێکسپیر (١٥٦٤-١٦١٦) هەندێ لە شانۆنامەکانی بەپێی شیعری مورسەل نووسیوە، هەروەها میلتۆن شیعری "بەهەشتی ون"ی بەو ستایلە نووسیوە.

هەر لە ئەدەبی عەرەبیدا چەشنە شیعرێکی تر هەبوو پێی دەووترا (الشعر المنثور)، واتە شیعری پەخشانئامێز، یان شیعری پەخشاندار. ئەم فۆرمە لە شیعر لە لای ئەو شاعیرانەدا سەری هەڵدا کە کاریگەریی شاعیرە هاوچەرخەکانی خۆرئاوایان لەسەر بوو. لە سەرەتادا ئەمین ڕەیحانی و جوبران خەلیل جوبران بەو فۆرمە دەیاننووسی، ئەم جۆرە شیعرە جۆرە هۆنینەوەیەکی جیاواز بوو و پشتی بە کێش و سەروای تەقلیدی نەدەبەست، چونکە لایەنگرانی ئەم

جۆرە شیعرە پێیان وابوو کێشی شیعری، بیری شیعرەکە دەکوژێت، سەرواش شاعیر ناچار دەکات بەدوای وشەدا بگەڕێت و هەندێ جار وشەی ناشیعری و ناچیزەی تێ بئاخنێت، ئەمانە خەیاڵی شاعیر لاواز دەکەن.
پرۆسەی وەرگێڕان ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە شکاندنی کێش و سەروای شیعری و بایەخدان بە ئیقاع، چونکە کاتێک شیعرێکیان وەردەگێڕا، ناچار دەبوون کێش و سەروا فەرامۆش بکەن بۆ ئەوەی ڕۆح و فۆرمی شیعرەکە بپارێزن. دواتر بۆیان دەرکەوت کە ئەم پرۆسەی وەرگێڕانە جۆرێکی جیاواز لە شیعر بەرهەم دەهێنێت کە شیعرێکی جوانە و لە ئەدەبیاتی پێشکەوتوودا برەوی هەیە و ئازادییەکی پتریش بە شاعیر دەبەخشێت.
ئەم ئەزموونە لە ئەدەبی کوردیدا لە لای عەبدوللا گۆران (١٩٠٤-١٩٦٢) و نوری شێخ ساڵح (١٨٩٦-١٩٥٨) لە سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەمدا، لە ئاکامی خوێندنەوەی شیعری نوێی تورکی و ئینگلیزی، سەری هەڵدا، ئەم دوو شاعیرەی کورد بە پێشڕەوی شیعری ئازاد لە ئەدەبی کوردیدا دادەنرێن، بەڵام ڕەخنەگر عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی لە وتاری "شیعری کوردی و سەدەیەک بەهەڵە بەکارهێنانی ناونیشانەکانی نوێگەری"دا وای دەبینێت کە بەو جۆرە شیعرانە بوترێت "شیعری نوێ"، چونکە هەموو جۆرە شیعرە نوێیەکان: شیعری ئازاد و شیعری پەخشانامێز و پەخشانەشیعر و شیعری مورسەل و شیعری تەفعیلە و... تاد، لەژێر سایەی ئەم نوێگەرییەدا جێگەیان دەبێتەوە. بەرزنجی وای دەبینێت کە لای زۆرینە شیعری ئازاد، یان شیعری سەربەست بەو شیعرە وتراوە کە کێشدارە و سەروایشی هەیە، بەڵام کێش و قافیەکان گۆڕانکارییان تێدا دەکرێت، یەکێتی بەیت دەشکێت و لەجیاتی ئەوە دێڕ، یان ڕستە، یان وێنە دێتە کایەوە.

PDF 4 KURD

**پەراوێز:**

١- د. أميل بديع يعقوب و د. ميشال عاصي، المعجم المفصل في اللغة و الأدب.

٢- د. محمد آلتونجي، المعجم المفصل في الأدب.

٣- د. سمير حجازي، معجم المصطلحات اللغوية و الأدبية الحديثة.

٤- د. سمير سعيد حجازي، قاموس مصطلحات النقد الأدبي المعاصر.

٥- جبور عبدالنور، المعجم الأدبي، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٧٩.

٦- د.إميل بديع يعقوب، المعجم المفصل في علم العروض والقافية وفنون الشعر، دار الكتب العلمية، بيروت- لبنان، ١٩٩١.

٧- مجدي وهبة، معجم مصطلحات الأدب.

٨- فرهنگ اصطلاحات ادبى، تاليف: سيما داد، انتشارات مرواريد، تهران، چاپ سوم، ١٣٨٥

٩- د. فەرهاد پیرباڵ، شیعری ئازاد لە ئەدەبی کوردیدا، ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژ ٤٩٩٩ ڕێکەوتی ٢٠٠٩/١٠/١٥.

١٠- عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، شیعری کوردی و سەدەیەک بەهەڵە بەکارهێنانی ناونیشانەکانی نوێگەری، ڕەخنەی چاودێر، ژمارە ٣٩٨، ٢٠١٤/٢/٢٤.

## شێوازگەری Stylistic

سەرهەڵدانی شێوازگەری stylistic (الاسلوبية) لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بەسەر لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا هات، بە تایبەتی لە شۆڕشە زمانەوانییەکەی فردیناند دی سوسێر (١٨٥٧-١٩١٣) کە لە دواییدا لەسەر دەستی شارل بالی، یان چارلس بالی-ی قوتابیی دی سوسێردا، بووە مایەی لەدایکبوونی زانستی شێواز، یان شێوازگەرایی. واتە چارلس بالی (١٨٦٥-١٩٤٧) داهێنەری ئەم زاراوەیەیە و دامەزرێنەری زانستی شێوازە لە زمانەوانیدا. ئەو لە - زانکۆی ژنێڤ-دا جێگرەوەی دی سوسێر بووە، لە ساڵی ١٩٢٠دا کتێبێک دەنووسێت بە ناوی "توێژینەیەک لە زانستی شێوازگەریی فەرەنسی". پاشان، چەندین لێکۆڵینەوەی تیۆری و پراکتیکی درێژ ئەنجام دەدات کە پتر بایەخ بە زانستی شێوازی گوزارشتکردن دەدات. بەو پێیەی هەر کەسێک لە کاتی ئاخاوتن و گوزارشتکردندا شێوازی تایبەتیی خۆی هەیە لە دەربڕینی هەست و سۆزەکانیدا، بۆیە بالی لەم زانستەدا پتر بایەخ بە زمانی وتراو دەدات وەک لە زمانی نووسراو.

بالی بەم جۆرە پێناسی شێواز دەکات: "شێوازی گوزارشتکردن ئەو زانستەیە کە لە ناوەڕۆکە هەستییەکانی گوزارشتی زمانەوانی دەکۆڵێتەوە، واتە گوزارشتکردن لە واقیعی هەست و سۆزی مرۆڤ لە میانی زمانەوە، دیسان لە میانی هەست و سۆزیشەوە گوزارشت لە واقیعی زمان دەکرێت"، واتە شێوازگەرایی لە لای بالی مەبەستێکی زمانەوانیی هەیە و ئەو دەیوت شێوازگەرایی لقێکە لە زانستی زمان نەک ئەدەب، زانای زمانەوانی بەدوای ڕێساکانی زماندا دەگەڕێت نەک ڕێسا ئیستاتیکییەکان کە ئەمەی دواییان پتر ئەرکی ئەدەبە.

PDF 4 KURD

شێوازگەری، یان زانستی شێواز، چەندین ڕێباز و میتۆدی لێ دەبێتەوە، بۆیە دەبینین ئەم زانستە تەنیا لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا نەمایەوە، بەڵکو دواتر بوو بە بەشێکی گرنگی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی. لێرەوە شێوازگەری پێناسێکی تر لەخۆ دەگرێت، پوختەی ئەو پێناسە دەڵێت هەر لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی لە خزمەتی ئەدەبدا بێت پێی دەوترێت شێوازگەری.

ئەگەرچی چارلس بالی وای دەبینی زمانی ئەدەب جیاوازە لە ڕەگەزەکانی زانستی شێواز کە (وەک بالی دەڵێ) دەبێ هەریەکەیان پارێزگاری لە تایبەتمەندیی خۆی بکات، بەڵام "کریسۆ"ی قوتابیی بالی، هەڵوێستێکی تەواو جیاوازی لە مامۆستاکەی هەبوو. کریسۆ وای دەبینی کە کاری ئەدەبی چاکترین بوارە بۆ زانستی شێوازگەرایی. ئیدی ڕەخنەی ئاڕاستەی جیاکردنەوەی ئەدەب لە شێوازگەرایی دەکرد، چونکە پێی وابوو بەرهەمی ئەدەبی فۆرمێکە لە فۆرمەکانی پەیوەندی، یاخود پەیوەستکاری. ڕەگەزە ئیستاتیکییەکانی بەرهەمی ئەدەبیش بریتییە لە ڕاکێشانی خوێنەر بۆ تێکست و بەخشینی چێژ و خۆشی پێی.

بەڵام لە هەردوو ئاستی چارلس بالی و کریسۆدا، واتە لە ئاستی شێوازگەرایی زمانەوانی و شێوازگەرایی ئەدەبیدا، نکوڵی لە هێز و جوانیی گوزارشتکردن لە هەموو ئاستەکانیدا ناکرێت. مادامەکی ئەدەب بریتییە لە زمان، کەواتە زانستی شێوازگەرایی ناتوانێت، دوور لە ئەدەب و تێکستی ئەدەبی، پرۆسە و پراکتیکەکانی خۆی ئەنجام بدات.

یەکێک لەو توێژەرانەی بایەخی بە زانستی شێوازگەریی ئەدەبی داوە، زمانناس و ڕەخنەگری ئەڵمانی لیۆ سپیتزەرە (١٨٨٧-١٩٦٠)، پاش ئەوەی بە هۆی ستەمی نازیزم بەر لە جەنگی دووەمی جیهانی بەرەو ئەمریکا کۆچی کرد؛ لەوێدا درێژەی بە لێکۆڵینەوە زمانەوانی و

PDF 4 KURD

ئەدەبییەکانی داوە. دەتوانین کورتەی بۆچوونەکانی لەم ڕستەیەدا کورت بکەینەوە کە دەڵێ: "مومکین نییە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی جیا بکرێتەوە". ئیدی سپیتزەر لە لێکۆڵینەوەکانیدا هەوڵی داوە پردێکی تۆکمە لە نێوان زانستی زمان و ئەدەبدا دروست بکات و لەمەدا پشت بە میتۆدی شێوازگەرایی ببەستێت، بەو پێیەی کە مەزنترین دۆکیومێنت کە ڕۆحی گەلێک بەرجەستە دەکات بریتییە لە ئەدەب، جا لەبەر ئەوەی ئەدەب بریتییە لە زمان و گوزارشتی زمانەوانی، کەواتە دەتوانین بۆ تێگەیشتن لە ڕۆحی میللەتێک پەنا ببەینە بەر زمانی شاکارە ئەدەبییەکانی ئەو میللەتە.

کاتێک لە سەدەی هەژدەهەمدا نووسەری فەرەنسی "بۆفۆن" (١٧٠٧-١٧٨٨) دەڵێ: "شێواز بریتییە لە مرۆڤ خۆی"، دواتر زوربەی توێژەران و مێژوونووسانی ئەدەب لەو باوەڕەدابوون کە دەشێت لە میانی زمانی تایبەتییەوە نووسەرێک بناسین و شێوازەکەی دیاری بکەین. لێرەوە سپیتزەر پێی وایە زانستی شێوازگەری دەتوانێت بۆشایی نێوان زانستی زمان و مێژووی ئەدەب پڕ بکاتەوە.

ڕیڤاتێر پێناسێکی دیکە بۆ شێواز پێشنیار دەکات. ئەو دەڵێ شێوازی ئەدەبی بریتییە لە فۆرمی هەموو نووسراوێکی تاکەکەسی کە بە مەبەستی ئەدەبی داڕێژرابێت، ئەمەش شێوازی نووسەرەکە و کارە ئەدەبییەکە دەردەخات، ڕیڤاتێر وای دەبینێت کە "زمان گوزارشت دەکات و شێوازیش بەرجەستەی دەکات"، فۆرمی نووسینی تاکەکەسیش لە ڕووی شێوازەوە، لە (ئاخاوتن)ی تاکەکەس دەچێت، بەو پێوەرەی کە دی سوسێر (زمان) و (ئاخاوتن)ی لێکدی جیاکردووەتەوە، کاتێکیش نووسەر ڕەگەزەکانی زمانی ئەدەبی بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی تایبەتی جێبهێڵێت، ئەو ڕەگەزانە دەگۆڕدرێت بۆ ڕەگەزی شێوازگەری.

PDF 4 KURD

لەم تێڕوانینەوە، ڕیڤاتێر بەم جۆرە چەمکی شێوازگەری دیاری دەکات: "زانستێکە بە شێوەیەکی بابەتی لە بەرهەمی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە، چونکە بەرهەمی ئەدەبی بریتییە لە بونیادی زمانەوانی کە ئەو بونیادە زمانەوانییە دیالۆگێکی تایبەتی لەگەڵ ناوەڕۆکی تێکستەکەدا دەکات."

هەندێ لە ڕەخەگران دەڵێن شێوازگەریی نوێ درێژەپێدانی ڕەوانبێژیی کۆنە. هەن دەڵێن شێوازگەری بریتییە لە ڕەوانبێژیی نوێ، چونکە هەم زانستی شێواز و هەم ڕەوانبێژی بریتین لە هونەری زمانەوانی و هونەری ئەدەبی لە یەک کاتدا. بۆیە دەوترێ: ڕەوانبێژی شێوازگەریی شاعیرە دێرینەکانە، بەڵام بێگومان زانستی شێواز بەرینتر و فراوانترە و بەپێی پێشکەوتنەکانی ئەدەبی نوێ و نووسینی مۆدێرن هاتووەتە ئاراوە. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا شێوازگەرایی بەتەواوی لە ڕەوانبێژی جیابووەتەوە.

لێرەدا ژمارەیەکی زۆری کتێب بە زمانی عەرەبی هەن؛ مێژوو و چەمک و جۆر و ڕێبازە جیاجیاکانی زانستی شێوازگەری ڕوون دەکەنەوە. دەتوانین لەم کتێبانەی خوارەوەدا زانیارییەکی زیاتر لەبارەی زانستی شێوازگەری پەیدا بکەین کە من سوودم لێ وەرگرتوون:

١- علم الاسلوب - د. صلاح فضل.

٢- الاسلوبيه والاسلوب - د. عبدالسلام المسدي.

٣- الاسلوب والاسلوبية - كراهام هاف.

٤ - الاسلوبية في النقد العربي الحديث - فرحان بدري الحربي.

٥ - الاتجاة الاسلوبى في النقد الأدبي - د. شفيع السيد.

٦- النص والاسلوبية بين النظرية والتطبيق-عدنان بن ذريل.

٧- مفاهيم نقدية - رينيه ويليك.

PDF 4 KURD

## شێوەگەری – (فۆرمالیزم) Formalism

فۆرمالیزم، یان شێوەگەری (الشكلانية)، ڕەوتێکی ئەدەبی و هونەری و شیعرییە، لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە ڕووسیا سەری هەڵدا، ئەم ڕەوتە پتر بایەخ بە فۆرمی تێکست و بەهای ئیستاتیکی دەدات لە میانی بایەخدان بە زمانی تێکست. فۆرمالیستەکان پێیان وایە گوتاری ئەدەبی بە فۆرم لە گوتارەکانی دی جیادەکرێتەوە. تێکست دەکەن بە سێنتەری بایەخدانەکانی خۆیان و لە کاریگەرییە سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و فەلسەفییەکان دای دەبڕن، ئەوان دەڵێن مومکین نییە کاری ئەدەبی لە میانی بیۆگرافیای نووسەر، یان لە میانی ژیانی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتیی نووسەر ڕاڤە بکرێت، چونکە تێکست خۆی لە میانی زمانەوە ناوەڕۆکەکەی دەدرکێنێت، بۆیە دەشێت لە میانی فۆرم و ئیستاتیکا و زمانەوە لە تێکست بکۆڵرێتەوە.

فۆرمالیزمی ڕووسی، بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ی بەلشەفیکەکان سەری هەڵداوە، یەکەم جار لە ساڵی ١٩١٥دا لە مۆسکۆ (ئەڵقەی زمانەوانیی مۆسکۆ) بە ڕابەریی ڕۆمان یاکۆپسن (١٨٩٦–....) دروست بوو، پاشان لە ساڵی ١٩١٦دا گرووپی ئۆپۆیاز Opoyaz لە لایەن شکلۆڤسکی و تینیانۆڤ و جێرمۆنسکی و ئیخنباوم پێکهێنرا، وشەی ئۆپۆیاز بریتییە لە کورتکراوەی (کۆمەڵەی لێکۆڵینەوە لە زمانی شیعری) کە نەیارەکانیان ناوی فۆرمالیزمیان لێنا، ئەوانەیشی ئەو ناوەیان لێنا، زیاتر کەسانی ئایدیۆلۆژیست بوون، وەک ترۆتسکی کە لە ساڵی ١٩٢٤دا و لە کتێبی (ئەدەب و شۆڕش)دا ڕەخنەیان لێ دەگرێت و پێی وایە ئەمانە سیستمی ئایدیۆلۆژیی بەر لە شۆڕشن و ڕێگرن لە بەردەم مارکسیزمی سۆڤییەتیدا. هەروەها ڕەخنەگری مارکسیستی ڕووسی لۆناچارسکی، لە ساڵی ١٩٣٠دا دەنووسێت کە ئەم فۆرمالیستانە هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی تێکدەرانەن.

ئەم دوو گرووپە یەکیان گرت و بزووتنەوەی فۆرمالیزمیان پێکهێنا، ئەمانیش ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ دروستبوونی (ئەڵقەی زمانەوانیی پراگ) کە لە ساڵی ١٩٢٦دا بە ڕابەریی ڤیکتۆر شکلۆڤسکی (١٨٩٣-..) و بۆریس ئیخنباوم (١٨٨٦-١٩٥٩) پێکهێنرا. سەرجەمی ئەم ئەڵقە زمانەوانی و شیعرییانە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ستراکچرالیزمی زمانەوانییەوە، بە تایبەتی تێزەکانی زانای زمانەوانیی سویسری فردیناند دی سۆسێر (١٨٥٧-١٩١٣).

یەکێک لە پرەنسیپی فۆرمالیستەکان لەوەدا دەردەکەوێت کە پێیان وایە هونەر بریتییە لە ستایلی ئەدەبی. ئەم ستایلەش لە بنەڕەتدا پشت بە زمان و داڕشتنی زمانەوانی و فۆرم و وێنە دەبەستێت. فۆرم و زمان باشترین ڕێگەن بۆ گوزارشتکردن لە فیکری نووسەر. لێرەوە فۆرمالیستەکان فۆرم و ناوەڕۆکی کاری ئەدەبییان لە یەکدی جیادەکردەوە، سەرچاوەی دەرککردن بە ئیستاتیکا لە هەستکردنێکی قووڵەوە دێت بە فۆرم. ڕۆمان یاکۆپسن دەڵێ: "بابەتی زانستی ئەدەب بریتی نییە لە ئەدەب، بەڵکو بریتییە لە ئەدەبییەتی ئەدەب، واتە ئەوەی کە کارێک دەکات بە کاری ئەدەبی."

لێرەدا پایەی سەرەکیی فۆرمالیستەکان بریتی بوو لە دامەزراندنی ناکۆکییەک لە نێوان هونەر و واقیعدا. بۆیە ئەوان باوەڕیان بەو پرەنسیپە نەبوو کە دەیوت هونەر ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانی ئینسانە، بەڵکو دەیانوت هونەر بە پلەی یەکەم بریتییە لە داڕشتن و ئیستاتیکا و چێژ، چێژی ئیستاتیکیش بەتەواوی خۆی لە فیکری کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی دادەبڕێت، بەڵام لە لایەکی تر فۆرمالیستەکان پەیوەندییان بە ڕەوتی (فیوچەریزم-ئاییندەخوازی)یەوە هەبوو کە شاعیری ڕووسی مایکۆڤسکی (١٨٩٣- ١٩٣٠) یەکێک بوو لە نوێنەرەکانی و لەو کاتانەدا شیعری بەو ئاڕاستەیە -واتە شیعری نائەقڵانی- دەنووسی، هەندێ لە فۆرمالیستەکانی وەک یاکۆپسن و شکلۆڤسکی

لێکۆڵینەوەیان لەسەر شیعری مایکۆڤسکی کردووە، هەندێکی تریان لێکۆڵینەوەیان لەسەر شیعرە سایکۆلۆژییەکانی ژنە شاعیری ڕووسی ئانا ئاخماتۆڤا (١٨٨٩-١٩٦٦) کردووە. فیوچەریزم بزووتنەوەیەکی شیعری بوو، لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە ڕووسیا دەرکەوت و مانیفێستێکیان بەو ناوە بڵاوکردەوە.

لەپاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری بەلشەفیکەکان لە ساڵی ١٩١٧دا و هەڵکردنی بای سۆشیالیزم و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی، هەروەها گەشەکردن و برەوپێدانی زیاتری ڕیالیزمی سۆشیالیزم، شوێنگەی فۆرمالیستەکان لە ڕووسیادا بەتەواوی لەق بوو. لە ڕووی هونەری و فیکرییەوە دوچاری چەندین کێشە بوون، تەنانەت ڕەخنەگرێکی وەک لۆناچارسکی وتی: ئەمانە بەروبوومێکن کاتیان بەسەرچووە. بۆیە بەشی هەرە زۆری فۆرمالیستەکان، یان بێدەنگ بوون و وازیان لەو جۆرە ستایلە هێنا، یان بەرەو وڵاتانی دی کۆچیان کرد، لەوانە ڕۆمان یاکۆبسن کە لە ساڵی ١٩٢٠دا بەرەو پراگ کۆچی کرد و لە ساڵی ١٩٢٦دا لەگەڵ تینیانۆڤ ئەڵقەیەکی زمانەوانیی دروست کرد بە ناوی (ئەڵقەی زمانەوانیی پراگ).

لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا، فۆرمالیزم وەک دەستە و گرووپ، بەرەو کۆتایی دەچوو، بەڵام بە شێوەی تر و بە میتۆدی جیاواز لەناو ڕەوتە ئەدەبییەکانی تردا کاری دەکرد. لەوانە ڕەوتە ئەدەبییەکانی وەک ڕیالیزم و مارکسیزم، بۆ نموونە ڕەخنەگری ئەدەبی میخائیل باختین (١٨٩٥-١٩٧٥) توانی فۆرمالیزم و مارکسیزم پێکەوە کۆ بکاتەوە و کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی گرنگ بەرهەم بهێنێت. هەروەها تەنها وەک فۆرم و زمان بایەخی بە تێکست نەدەدا، بەڵکو وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە کۆی ڕەگەزی پێکهاتەکانی ئەدەبیی دەڕوانی. تەنانەت یاکۆبسن و تینیانۆڤیش لە ساڵی ١٩٢٨دا سنوورە تەسکەکانی فۆرمالیزمیان شکاند و پێکەوە چەند تێزێکی ئەدەبییان

بڵاوکردەوە و ڕایانگەیاند مەحاڵە ئەدەب لە فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان جیا بکرێتەوە.

ژمارەیەک کتێبی چاک لەبارەی تیۆری فۆرمالیزم هەیە، لەوانەیە باشترینیان، بە ڕای من، کتێبی (نظرية المنهج الشكلي) بێت کە ئیبراهیم ئەلخەتیب وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، هەروەها کتێبەکەی ڕامان سیلدن بە ناونیشانی (النظرية الأدبية المعاصرة) کە سەعید ئەلغانمی وەریگێڕاوە. هەروەها بڕوانە:

- فرهنگ علوم اجتماعی قرن بیستم، ویلیام اوتویت و تام باتامور، ترجمه: حسن چاوشیان، نشرنی- تهران، ١٣٩٢.

PDF 4 KURD

## فاشیزم Fascism

سەرچاوەی ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ حزبی فاشیستی ئیتالی کە مۆسۆلینی لە ساڵی ١٩١٩دا لە ئیتالیا دایمەزراند و لە ساڵی ١٩٢٢دا گەیشتە دەسەڵاتی حوکمڕانی. مۆسۆلینی بە پلەی یەکەم کەوتبووە ژێر کاریگەریی کتێبی "میر"ی میکیاڤیلی. پاشان، ئەم جۆرە فەرمانڕەواییە لە پارتەکەی هیتلەردا لە ئەڵمانیا بە شێوەیەکی بەرجەستەتر بە ناوی نازیزم دەرکەوت و لە ساڵی ١٩٣٣دا لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە گەیشتە دەسەڵاتی حوکمڕانی. لە ساڵی ١٩٣٩شدا فرانکۆ لە وڵاتی ئیسپانیادا هەمان سیستمی حوکمڕانی دامەزراند. لەپاش ڕوخانی فاشیزم و نازیزم لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیدا، ئەم چەمکە لە هزری سیاسیدا و لە جۆری حوکمڕانیی هەندێ لە وڵاتانی دنیادا، بە تایبەتی لە وڵاتانی کیشوەری ئاسیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، مایەوە.

فاشیزم بریتییە لەو بزووتنەوە سیاسییانەی هەوڵدەدەن کۆمەڵگە بەپێی سیستمی ئایدیۆلۆژیای فاشیستی ڕێکبخەن. خاڵی هاوبەشی نێوان بزووتنەوە و پارتە فاشیستییەکان بریتییە لە: هەژموون و دەسەڵاتی بێسنووری دەوڵەت، بوونی تاکە حزبێکی دەسەڵاتدار، تاکە سەرکردەیەکی بڕیاربەدەست و بەهێز و کاریزمی، جەختکردن لە ڕەگەزپەرستی و نەتەوەپەرستی، میلیتاریزم و دروستکردنی سوپایەکی گەورە و پڕچەککردنی ئەو سوپایە و چوونە نێو جەنگەوە، فاشیزم پێی وایە توندوتیژیی سیاسی و جەنگ و هەژموون و دەسەڵات بەسەر نەتەوەکانی تردا دەبێتە مایەی بوژانەوەی نیشتمانی و نەتەوەیی. فاشیزم وەک چەمک و وەک جۆری حوکمڕانی، هاوشێوەی دیکتاتۆریەت و تۆتالیتاریزمە، کە ئەمانە بە فۆرمی جیاجیا تێکەڵی یەکدی دەبن.

PDF 4 KURD

دەتوانین پرەنسیپەکانی فاشیزم، بە مانا کلاسیکیەکەی، لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

**یەکەم:** دەوڵەت لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە و دەسەڵاتێکی ڕەهای هەیە و دەبێ تاکەکەس و کۆمەڵگە لە خزمەتی دەوڵەتدا بن.

**دووەم:** دەوڵەت دەتوانێت دەست لە هەموو کاروبارێکی تاکەکەس و دامەزراوەکان وەربدات.

**سێیەم:** دەوڵەت دەبێ تا ئەوپەڕی، بەهێز و پڕچەک بێت، سەرجەم جومگە ئابوورییەکان لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێت.

**چوارەم:** تاکە سەرکردەیەکی بەهێز فەرمانڕوایی ئەو حکومەتە بکات بە چەشنێک هەموان ملکەچی بن.

**پێنجەم:** دەبێ دەوڵەت کۆنترۆڵی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و ئازادییەکانی تاکەکەس بکات.

**شەشەم:** گەشکردنەوەی گیانی نەتەوەپەرستی، دژایەتیکردنی کۆمۆنیزم و دیموکراسییەت.

**بڕوانە:**

- معجم الفكر الحضاري، د. منصور عيد، دار الجيل، بيروت، ٢٠١٠.
- موسوعة المصطلحات السياسية والفلسفية والدولية، د. ناظم عبدالواحد الجاسور، دار النهضة العربية، بيروت، ٢٠١١.
- معجم علم السياسة والمؤسسات السياسية، ترجمة: هيثم اللمع، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠٥.

PDF 4 KURD

## فەنتازیا Fantasy

فەنتازیا، یان فەنتازی Fantasy، چەشنێکی ئەدەبی و هونەرییە پشت بە خەیاڵ و سیحر و بابەتی ناماقووڵ و سروشتبەزێن دەبەستێت، یان فەنتازیا ئەو کارە ئەدەبییەیە کە خۆی لە کۆتەکانی لۆجیک و واقیع ڕزگار دەکات و بەتەواوی پشت بە خەیاڵێکی ڕەها و بەرین دەبەستێت. ئەمە ڕەگەزێکی سەرەکییە لە ڕۆمانی نوێدا، هەروەها ئەمە لە چیرۆک و حیکایەتی کۆن و سەربوردەی میللی و گێڕانەوەی ئەفسانەییدا بە ڕادەیەکی زۆر هەیە. لە کولتووری میللیدا مۆرکی خەیاڵ و خورافەی سەدەکانی ناوەڕاست بە ئەندازەیەکی زۆر زاڵە بەسەر گێڕانەوەکەدا و دەچێتە ناو فەنتازیایەکی بەرین و بێسنوورەوە. ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و هونەرمەندان و سینەماکاران و مۆسیقییەکان سوود لەو حیکایەتە فەنتازییانە وەردەگرن بۆ دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکی کارە فەنتازییەکانی خۆیان، بە تایبەتی سوودوەرگرتن لە لایەنی فەنتازیی حیکایەتەکانی هەزارویەک شەوە و داستانی گەلگامێش و ئەلیادە و ئۆدیسە.

نووسەری ئینگلیزی ت.ی.ئەپتەر لە کتێبی (ئەدەبی فەنتازیا، دەروازەیەک بۆ واقیع)دا وای دەبینێت فەنتازیا پەیوەندییەکی پتەوی بە واقیعی ڕۆژانەیی و دنیای مەئلوفی مرۆڤەوە هەیە، لە ڕووکاردا فەنتازیا لەگەڵ واقیعدا نایەتەوە، یان واقیع فەنتازیا ڕەت دەکاتەوە ، بەڵام لە ڕاستیدا خەیاڵێکی بەرین و جوان دەتوانێت واقیع و فەنتازیا پێکەوە ببەستێتەوە.

ئەپتەر پێی وایە حیکایەتی جنۆکە و خورافی و چیرۆکی پاڵەوانێتی و ئەفسانەیی، لە جیهانێکی دوور لە جیهانی ئێمە و دوور لە کات و شوێنی ئێمە ڕوو دەدەن، بۆیە ئەو کارانە پتر کاری خەیاڵی مێژوویی و هێمایین. ئەپتەر دەڵێ: "دنیای فەنتازیا لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە لە بەزاندنی یاساکانی سروشت و لۆجیک، بەڵام لە لایەکی تر

لۆجیکی تایبەتیی خۆی دادەمەزرێنێت، کە تا ڕادەیەک ڕەنگدانەوەی چەند لایەنێکی لۆجیک و یاسا مەئلوفەکانی ئێمەیە."

کەواتە ئەپتەر تێڕوانینێکی جیاوازی بۆ فەنتازیا هەیە، تێڕوانینێک دەیەوێت هەندێ سیمای دیاریکراو و جیاواز بۆ فەنتازیا دابنێت تا لە چەشنەکانی تری خورافە و ئەفسانە و سەربوردەی میللی جیای بکاتەوە، ئەگەرچی لە هەموو ئەو چەشنانەی دیکەی خەیاڵ و خورافە و ئەفسانەدا، جۆرێکی تر لە فەنتازیا هەیە.

لە قووڵایی فەنتازیای چیرۆکی نوێدا، گومانێک لەو جیهانە هەیە کە دەشێت جیهانی ئێمەش بێت، ئاخۆ ئەو جیهانە جیهانی ئێمەیە، یان جیهانێکی دوور و تەواو جیاوازە، بۆ نموونە چیرۆکەکانی نووسەری ئەرجەنتینی خۆرخێ لویس بۆرخێس (١٨٩٩-١٩٨٨) جۆرێک لە فەنتازیا بەرجەستە دەکات کە شتی ئاسایی و مەئلوف دەگۆڕێت بۆ بابەتی نامۆگەرایی و نامەئلوف. چیرۆکەکانی بۆرخێس سەر بەو جیهانە فەنتازییانەیە کە هەمیشە خوێنەر دەهێننە نێو گومانکردن لەو جیهانەی تیایدا دەژی. پرسیاری ئەوەی ئایا ئەمە ئەو جیهانەیە کە ئێمەی تیادا دەژین، یان جیهانێکی دیکەیە؟ جیاوازە لەو پرسیارەی کە هاملێت لە شانۆنامەی (هاملێت)ی شەکسپیردا لەبارەی ئەو تارماییەوە دەیکات کە بە ڕاستی دەیبینێت و دەپرسێت: ئایا ئەمە وەهم بوو، یان شەیتان، فریشتە بوو، یاخود باوکە کۆچکردووەکەی؟

خەیاڵی فەنتازی، سیمایەکی دیاری کارەکانی جۆزیف کۆنراد و ئەدگار ئالان پۆ و فرانس کافکا و دۆستویڤسکی و بۆرخێس و نابۆکۆف و ئیتالۆ کالڤینۆ پێکدەهێنێت، بەڵام خەیاڵ و فەنتازیای ئەمان بەگشتی، دابڕاو نییە لەو جیهانەی ئێمە تیایدا دەژین، ئەو چەشنە فەنتازیایەی ئەوان، پەیوەستە بەو حەقیقەتەی دەڵێ دنیای ئەوان بەبێ هیچ گومانێک دنیای ئێمەیە.

PDF 4 KURD

پەیوەندیی فەنتازیا و واقیع لە ڕۆمانی(مەسخ)ی کافکادا ڕوونتر دەردەکەوێت، بە تایبەتی لەو ساتەوەختە ڕاستەقینەیەی فەنتازیادا کە گریگۆری سامسا لە خەو هەڵدەستێت، دەبینێت بووە بە سیسرکێکی گەورە. ڕەفتارەکانی دواتری گریگۆری سامسا لەگەڵ خێزانەکەیدا، پەیوەندییان بە هەمان ئەو ڕووداوانەوە هەیە کە پێشتر تیایاندا ژیاوە، واتە دۆخی بەسیسرکبوونی سامسا لە دەرەنجامی ئەو غەدرەوە بووە کە لە سامسا کراوە. بێگومان گۆڕینی دۆخی سامسا لە مرۆڤێکی سروشتییەوە بۆ حەشەرەیەکی گەورە، بریتییە لە بەزاندنی یاساکانی سروشت و هێنانەئارای دۆخێکی نائاسایی و فەنتازی، بەڵام فەنتازیبوونی ئەم چیرۆکە لەو کاتەدا بەهێز دەبێت کە ئێمە وا هەست بکەین ئەو ڕووداوە لەنێو واقیع و دنیای ئێمەدا ڕووی داوە، ئەمە تا ڕادەیەک مۆرکی خەون لەخۆ دەگرێت، بێگومان لەگەڵ ئەو جیاوازییە گەورەیەی لە نێوان خەون و فەنتازیادا هەیە، بەڵام لە سایکۆلۆژیادا، فەنتازیا دەبەسترێتەوە بە نائاگاییەوە، ئیدی فەنتازیا بە زیندەخەون (حلم اليقظة) بەراورد دەکرێت، لێرەدا پەیوەستێک لە نێوان خەون و فەنتازیادا دێتە ئاراوە و فەنتازیا بە سیفەتی "خەیاڵێکی ڕوانینئامێز" بەکار دەهێنرێت.

هەندێ جار فەنتازیا fantasy لەگەڵ وشەی وەهم fancy، یان لەگەڵ وشەی خەیاڵimagination تێکەڵ دەکرێت، بەڵام ئەم سێ وشەیە جیاوازن و هەریەکەیان بەکارهێنانێکی جیاوازی لە ئەدەبدا هەیە. لە یۆنانی کۆندا ئەرستۆ وشەی فەنتاسیا fantasiaی بە مانای خەیاڵ بەکار هێناوە، لەویشەوە گواستراوەتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست کە بە مانای وێنە هەستییەکانی زەین هاتووە. لە سەردەمی ئەمرۆشماندا ئەم مانایە فراوان دەبێتەوە و واتای خەیاڵگە، یان خەیاڵدان دەگەیەنێت. فەنتازیا لە سەدەی بیستویەکەمدا لە ڕێگەی چیرۆکەکانی (هاری پۆتەر)ی نووسەری بەریتانی ج.ک.ڕۆلینگ، چ

وەک کتێب و چ وەک فیلم، ڕەواجێکی تر پەیدا دەکات. هەروەها ساڵانە کۆنگرەیەک بۆ ئەدەب و فیلمی فەنتازی و خەیاڵی زانستی ساز دەکرێت، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٥دا "کۆنگرەی جیهانیی فەنتازیا" بەسترا. لەوە بەدوا هەموو ساڵێک ئەو کۆنگرەیە دەبەسترێت و خەڵات بەسەر باشترین بەرهەمی فەنتازیدا دابەش دەکرێت.

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**


١ - أدب الفنتازيا مدخل الى الواقع، تأليف: ت.ی.أبتر، ترجمة: صبار سعدون السعدون.

٢- معجم مصطلحات الأدب، تأليف: مجدي وهبة.




PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

## فینۆمینۆلۆژی Phenomenology

فینۆمینۆلۆژی phenomenology، واتە دیاردەگەری، یان دیاردەناسی، بە عەرەبی: (الظاهراتیة)، ئەم وشەیە لە دوو بەش پێکهاتووە: فینۆمینە و و لۆجی، فینۆمینە لە زمانی یۆنانیدا بۆ شتێک دادەنرێت کە خۆی دەردەخات و بوونی ئاشکرا بووە، ئێمەش ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئەزموونی هەستەکییەوە دەیناسین و پێویست ناکات بیر لە بوونی بکەینەوە.

فینۆمینۆلۆجی قوتابخانەیەکی فەلسەفیی نوێیە پشت بە شارەزایی هەست و شعور دەبەستێت بۆ ناسینی دیاردەکان و شتەکان. بایەخ بە لێکۆڵینەوە لە دیاردەکان دەدات بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆک و ماهیەتی ئەو دیاردانە. وشەی فینۆمینۆن phenomenon لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە و بە مانای دیاردە دێت. ئەفلاتون ئەم وشەیەی بۆ جیاکردنەوەی دیاردە هەستپێکراوەکانی دنیای ماتریاڵ لە حەقیقەتە ئەقڵییەکان بەکار هێناوە. لە سەدەی هەژدەیەمدا فەیلەسووفی ئەڵمانی یۆحەنا هێنری لامبرت و لە سەدەی نۆزدەیەمیشدا کانت و هیگڵ وشەی "phenomona"یان بە مانای دیاردەکان بەکار هێناوە، یەکێک لە کتێبە ناودارەکانی هیگڵ بە ناونیشانی "فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح"ە.

فینۆمینۆلۆژی لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەییەوە ئەو واقیعە دەرەکییە دەگرێتەوە کە کار لە هەستەکان دەکات، وەک دیاردە فیزیایی و کیمیاییەکان، هەروەها ئەو واقیعە دەروونییە دەگرێتەوە کە لە شعورەوە دەرکی پێدەکرێت، وەک دیاردەکانی هەڵچوون و دیاردەکانی ئیرادەگەری، بەڵام لە ڕووی فەلسەفییەوە ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە پرۆسەی دەرککردندا خۆبەخۆ ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبنەوە. فەیلەسووفی ئەڵمانی ئیدمۆند هۆسرل (١٨٥٩-١٩٣٨) دامەزرێنەری ئەم میتۆدە فەلسەفییەیە. وشەی فینۆمینا لەگەڵ

هۆسرلدا مانایەکی تری وەرگرت جیاواز لەو مانایەی فەیلەسووفەکانی پێش خۆی بەکاریان هێناوە.
بایەخدانی میتۆدی فینۆمینۆلۆژی بە دیاردەکان لە پێناوی ئەوەیە تا ماهیەت و جەوهەری ئەو دیاردانە ئاشکرا بکات و لە ڕووی زانستییەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکات، ئەمە ئەو دیاردانەش دەگرێتەوە کە لە ماهیەتی شعوری ئینسانیدا هەن، واتە ئەو شتانەی لە دنیای دەرەوە دێنە ناو شعورەوە و پاشان لێیان دەکۆڵرێتەوە تا بە ڕوونی دەربکەون. پرەنسیپی سەرەکیی ئەم میتۆدە بریتییە لە مەبەستگەرایی (القصدية) کە هۆسرل ئەم زاراوەیەی لە مامۆستاکەی فرانز برینتانۆ (١٨٣٨-١٩١٧) وەرگرتووە، ئەم چەمکە هەوڵدەدات گونجانێک بخوڵقێنێت لە نێوان هەردوو فەلسەفە سەرەکییە دژ بەیەکەکەی ماتریالیزمی و ئایدیالیزم. مەبەستگەرایی بریتییە لەو پەیوەندییە بەتینەی کە شعور و بابەتەکانی پێکەوە کۆدەکاتەوە، لێرەدا ئەو شعورە هەست بە شتەکان دەکات. شعور لە فەلسەفەی دیاردەگەرایی هۆسرلدا جیاوازە لە شعوری بواری سایکۆلۆژیا، شعور لە فینۆمینۆلۆژیادا بریتییە لە کردەیەکی خودیی ترانسندێنتالی (متعالي) کە تەواوکەری شتی دەرەکیی دەرکپێکراوە.
وەک چۆن فینۆمینۆلۆژی هەوڵدەدات خاڵی بەیەکگەیشتن لە نێوان ئایدیالیزم و ماتریالیزمیدا دروست بکات، بە هەمان شێوە دەیەوێت گونجانێک لە نێوان خود و بابەتدا دروست بکات، لێرەدا شعور لە یەک کاتدا هەم خودە و هەم بابەت. ئیدمۆند هۆسرل دەیویست لە میانی فەلسەفەی دیاردەگەرایی-فینۆمینۆلۆژی و لە ڕێگەی بیرۆکەی مەبەستگەراییەوە، ململانێ و ناکۆکیی مێژوویی نێوان ڕەوتی ئەقڵانی و ماتریاڵی لە لایەک و ئایدیالیزم و میتافیزیک لە لایەکی تر، نەهێڵێت.
بنەمای ئەم میتۆدە لە وتە ناودارەکەی فەیلەسووفی فەرەنسی ڕینێ دیکارت (١٥٩٦-١٦٥٠) سەرچاوە دەگرێت کە بە کۆجیتۆی دیکارت

ناسراوه و دەڵێت: "من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم" ئەمە بنەمایەکی پتەوی بۆ فەلسەفەی ئایدیالیزم دروست کرد. لێرەدا ئیدمۆند هۆسرل ڕەهەندێکی تر بەم وتەیە دەبەخشێت و دەیگۆڕێت بۆ پرەنسیپێکی دی کە ناوی دەنێت کۆجیتاتۆم، ئەم پرەنسیپە نوێیە دەڵێت: "من بیر لە شتێک دەکەمەوە، کەواتە خودی بیرکەرەوەی من بوونی هەیە". لێرەدا هۆسرل کە دەڵێ من بیر لە "شت"ێک دەکەمەوە، ئەوا پەنا دەباتە بەر "شت"ی دەرەکی لە دەرەوەی خود، واتە هۆسرل شتی دەرەوەی خود، یان بابەتی ماتریاڵ، لەگەڵ بیر، یان بیرکردنەوە، یان ئایدیاڵ، پێکەوە کۆدەکاتەوە.

یەکێک لە بنەماکانی میتۆدی فینۆمینۆلۆژی بریتییە لەوەی کە وەڵامی کۆتایی و حوکمدانی کۆتایی، بە هەڵواسراوی دەهێڵێتەوە، ئەمە واتە بارودۆخی دونیا، یان بوون، لەنێو دوو کەوانەدا دابنرێت و هیچ حوکمێکی ڕاستەوخۆی بەسەردا نەدەین تا ئەو کاتەی بۆمان دەردەخسێت بە شێوەیەکی ڕاستەقینە دونیا و بوون بناسین و لێی تێبگەین. واتە ئەم میتۆدە، چ لە میتافیزیکا و چ لە زانستدا، باوەڕی بە حەقیقەتی ڕەها نییە. ئەو فەیلەسووفانەی دواتر دەربارەی فینۆمینۆلۆژییان نووسیوە، بریتین لە: هایدیگەر، سارتەر، میرلۆبۆنتی، پۆل ڕیکۆر، لیڤیناس.

فینۆمینۆلۆژیا وەک میتۆدێک هاتە نێو ڕەخنەی ئەدەبیی نوێوە، فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی، لەتەک هێرمینیۆتیکای گادامێردا، پاشخانێکی فەلسەفی و یارمەتیدەرێکی گەورە بوون بۆ سەرهەڵدانی تیۆری وەرگرتن (نظرية التلقي)، یان تیۆری وەرگر و خوێندنەوە، کە هەردوو ڕەخنەگری ئەڵمانی یاوس و ئایزەر لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا دایانمەزراند. لێرەوە چەمکێک لە ڕەخنەی ئەدەبیدا سەری هەڵدا دەربارەی (مانای فینۆمینۆلۆژی) لە تێکستی ئەدەبیدا و هەروەها پەیوەندیی تێکست بە ئاکتیڤبوونی خود و تێگەیشتنی خود و

PDF 4 KURD

ڕاڤەکردنی خود. هەروەها چەند ڕەخنەگرێکی وەک جۆرج بۆلیه و ڕۆمان ئینگاردن ئەم میتۆدەیان بۆ خوێندنەوەی تێکستی ڕۆمان بەکار هێناوه.

ئەگەرچی فینۆمینۆلۆژی هەوڵی دا سنووری فەلسەفەکانی پێشوو جێبهێڵێت و فەلسەفەی خودی و بابەتی دابمەزرێنێت (واتە فەلسەفەی خودبابەت)، بەڵام دواتر ڕووبەڕووی کۆمەڵێ ڕەخنە بووەوە، لەوانە: ئەم ئەزموونە پتر پشت بە ئەزموونی تاکەکەسی دەبەستێت، واتە بە شێوەیەکی ڕەها متمانە بە خودی تاکەکەس دەبەخشێت لە پێناوی کەشفکردنی ناوەڕۆک و ماهیەتی شتەکان و دیاردەکان. یەکێکی تر لەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی دەکرێتەوە ئەوەیە کە فینۆمینۆلۆژیا دیلی تیۆریزەکانی خۆیەتی و هەژارە لەوەی بتوانێت نموونەی زیندوو و واقیعی بهێنێتەوە و پراکتیزەی بکات تاوەکو توێژەران و لێکۆڵیاران بتوانن لە بیروباوەڕەکانی تێبگەن. زۆربەی ئەو تێزانەی هۆسرل پێشکەشی کردوون تێزی ناتەواو و نیوەناچڵن و پێویستییان بە ڕوونکردنەوە هەیە، هەروەها ئەم تێزانە تەنها تەرکیز دەکەنە سەر تێگەیشتن بەبێ ڕاڤەکردن.

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

١ - جان فرانسوا دورتيه، معجم العلوم الانسانية، ترجمة: د. جورج كتوره.

٢- اندريه لالاند، موسوعة لالاند الفلسفية- معجم مصطلحات الفلسفة النقدية والتقنية، تعريب: خليل أحمد خليل.

٣ - الموسوعة الفلسفية المختصرة، نقلها عن الانجليزية: فؤاد كامل.

٤ - م. روزنتال و ب.يودين، الموسوعة الفلسفية، ترجمة: سمير كرم.

٥ - د. بشرى موسى صالح، المفكرة النقدية.

٧- د. شاهو سعيد، التبئير الفلسفي في الرواية مقاربة ظاهراتية في تجربة سليم بركات.

٨- د. محەمەد کەمال، فینۆمینۆلۆجی، لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری کۆچ، بێ ساڵی چاپکردن.

PDF 4 KURD

## (ق)

### قوتابخانەی ئەنالیس (حەولییات) Annales School

قوتابخانەی ئەنالیس، یان قوتابخانەی ساڵانە Annales School، (مدرسه الحوليات الفرنسية)، ئەنالیس واتە ساڵانە، هەروەها پێیشی دەوترێت: قوتابخانەی ساڵانەی فەڕەنسی، قوتابخانەیەکی مێژوویی ناودار و کاریگەرە و بایەخ بە زانستی مێژوو دەدات. لە ساڵی ١٩٢٩دا هەردوو مێژووناسی فەڕەنسی لوسیان فیڤەر و مارک بلوخ لە زانکۆی ستراسبۆرگدا دایانمەزراندووە و گۆڤارێکی ساڵانەیان بەو ناونیشانە دەردەکرد، لەپاش ئەوان کۆمەڵێ مێژوونووس و بیرمەندی دیکە ئەو قوتابخانەیەیان بەڕێوە دەبرد، وەک فێرنان برۆدێل و جۆرج دۆبی و مۆریس هالفاکس و جاک لۆگۆڤ و ئیمانۆیل لوروا لادۆریێ و کەسانی دی کە ڕۆڵی گرنگیان تیادا بینی، لەو دەمەدا گۆڤارێکی ساڵانەیان دەردەکرد بە ناونیشانی "ساڵانە: مێژووی ئابووری و کۆمەڵگە و شارستانیەت" کە زۆربەی توێژینەوەکانیان دەربارەی زانستی مێژوو تیادا بڵاو دەکردەوە. لەسەر دەستی ئەمانەدا "زانستی مێژوو" بوو بە دایکی سەرجەم زانستە مرۆڤایەتییەکان.

قوتابخانەی حەولییاتی فەڕەنسی بریتییە لە شۆڕشێکی ئیپستیمۆلۆژی لە بواری نووسینی مێژوو و زانستی نوێی مێژوو لە فەڕەنسەدا، هەوڵی دا تێڕوانینی مێژوویی پەرە پێبدات و دابڕانێک لەگەڵ تێڕوانینی تەقلیدییانەی مێژوو بخوڵقێنێت، ڕەخنەی لەو میتۆدە مێژووییە دەگرت کە پێی وایە مێژوو تەنها بریتییە لە گێڕانەوەیەکی زەمەنیی ڕووداوەکان، لێرەدا سەرنجی توێژەرانیان بۆ ئەو لایەنە گرنگەی مێژوو ڕاکێشا کە بریتییە لە شیکردنەوەی بەرفراوانی مێژوویی بۆ کۆمەڵگەکان لە میانی چەندین قۆناغی دوورودرێژدا، ئەم ڕەوتە نوێیە لە مێژوو هەوڵی دەدا مێژوو دانەبڕێت لە سۆسیۆلۆژیا و کولتووری

PDF 4 KURD

کۆمەڵایەتی و جوگرافیا و زمان، واتە مێژوو ئاوێزانی جوگرافیا و کۆمەڵناسی و ئابووری دەکات بە ئامانجی پەرەپێدان و ڕۆشنکردنەوەی زیاتری زانستی مێژوو. بۆ نموونە فێرنان برۆدێل باوەڕی وا بوو "بۆ ئەوەی مێژوو سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، دەبێت لەگەڵ زانستە مرۆڤایەتییەکاندا هاوکاری بکات، لە بەرانبەریشدا بۆ سەرکەوتنی زانستە مرۆڤایەتییەکان پێویستە ڕەهەندی مێژوویی بە هەند وەربگیرێت، هیچ کێشەیەکی تاکی، یاخود کۆمەڵایەتی نییە ڕەهەندی مێژوویی نەبێت. هیچ کەسێکیش ناتوانێت دەستبەرداری مێژوو بێت، چونکە مێژوو بە دایکی هەموو زانستە مرۆڤایەتییەکان دادەنرێت". تەنانەت ئەدەب و تێکستە ئەدەبییە دێرینەکان دەکرێ ببن بە کەرەستەیەکی چاک بۆ مێژوو، بۆ نموونە ئەلیادە و ئۆدیسەی هۆمیرۆس پڕە لە ڕووداوی مێژوویی گرنگ کە تێکەڵ بە ئەفسانە کراوە و لێرەدا ئەرکی مێژووناس جیاکردنەوەی مێژووە لە ئەفسانە.

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە مێژوونووسی هاوچەرخ، هەر بە تەنیا مێژوونووس نییە، بەڵکو دەبێت جوگرافیاناس و ئابووریناس و کۆمەڵناس و دەروونناس و زمانناس و ڕەچەڵەکناسیش بێت و ئاگاداری مێژووی بەراوردکاریی ئایینەکانیش بێت.

مارک بلوخ لە ساڵی ١٩٦١دا کتێبێکی گەورەی چاپ کرد بە ناونیشانی "کۆمەڵگەی فیوداڵی" کە تیایدا شیکردنەوەیەکی مێژوویی بەرفراوانی بۆ کۆمەڵگەکانی سەدەکانی ناوەڕاست کرد. دواتر فێرنان برۆدێل (١٩٠٢-١٩٨٥) چەند بەرگێکی دەربارەی مێژووی فەرەنسە چاپ کرد کە لە دیدێکی نوێوە زانستی مێژووی خستە ڕوو، پێشتریش کتێبێکی تری چاپ کرد بە ناونیشانی "دەریای ناوەڕاست و جیهانی دەریای ناوەڕاست لە سەردەمی فیلیپی دووەمدا". لە ساڵی ١٩٨٠شدا کتێبێکی گەورەی لە سێ بەرگدا چاپ کرد بە ناونیشانی "شارستانیەتی

ماتریالی، ئابووری و کاپیتالیزم لە نێوان سەدەی پانزەهەم و هەژدەیەمدا ."

مێژووناسانی ئەم قوتابخانەیە تا ئەندازەیەک مێژووی سیاسی و دیپلۆماسی و سەربازییان فەرامۆش کرد. لێرەدا چەندین چەشنی مێژوو سەری هەڵدا وەک مێژووی ئەقڵەکان، مێژووی مەرگ، مێژووی سێکسوالیتی، مێژووی شێتی، مێژووی بەندیخانە، مێژووی خێزان، مێژووی ئابووری و دیمۆگرافیا، مێژووی ئەفسانەکان، هەروەها مێژووی مێژوو.

یەکێ لەو زاراوانەی فێرنان برۆدێل (١٩٠٢-١٩٨٥) لە قوتابخانەی سالآنەی فەرەنسیدا دای هێناوە، بریتییە لە: (ماوەی مێژوویی دورودرێژ) و (ماوەی مێژوویی مامناوەندی) و (ماوەی مێژوویی کورت) کە بەسەر مێژووی مەسیحی و ئەورووپیدا پراکتیزەی کردون، برۆدێل دەڵێ پێویستە توێژینەوەی مێژوویی ڕەچاوی ماوەی زەمەنیی دورودرێژ بکات، ڕارودۆخ و هەلومەرجەکان لە سیاقی خۆیاندا ببینێت، بۆ نموونە ئەگەر توێژەرێک بیەوێت لێکۆڵینەوەیەک لەسەر دیاردەی توندوتیژی، یان لەسەر تیرۆریزم، یان لەسەر ڕەگەزپەرستی بکات، ئەوا دەبێت ماوەی دورودرێژی مێژوو ڕەچاو بکات، ئەو دەڵێت: "کاتێک دەست دەکەین بە لێکۆڵینەوە لە مێژووی وڵاتێک، نابێت هەر بە تەنیا بە بیست، یان سی ساڵی ڕابردوویەوە بکەوین، بگرە پێویستە لە ڕوانگەیەکی دورودرێژترەوە سەیری بکەین، واتە بگەڕێینەوە بۆ دوو تا سێ سەدە و تەنانەت بۆ دە سەدە و درێژتریش". برۆدێل لەم چەمکە تازەیەدا ماوەی زەمەنی هەریەک لەو سێ دابەشکردنە دیاری دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ماوەی کورتی مێژوویی: لە چەند ساڵێکەوە تا بیست ساڵ، یان زیاتردەگرێتەوە.

PDF 4 KURD

٢- ماوەی مامناوەندیی مێژوویی: لە پەنجا ساڵ تا سەدەیەک دەگرێتەوە.
٣- ماوەی دوورودرێژی مێژوویی: لە چەند سەدەیەکەوە تا هەزار ساڵ و پتریش دەگرێتەوە.
دواتر بیرمەندی ناسراوی فەڕەنسیی بەڕەچەڵەک جەزائیری، دکتۆر محەمەد ئەرکون (١٩٢٨-٢٠١٠) ، سەرسامیی خۆی بۆ ئەو قوتابخانەیە ڕاگەیاند، خۆیشی هەوڵی دا بەپێی میتۆد و شیکردنەوەکانی ئەو قوتابخانەیە، توێژینەوە لەسەر مێژووی شارستانیەتی عەرەبی-ئیسلامی بکات.

**بڕوانە:**


١- موسوعة علم الاجتماع، ج٣، جون سكوت و جوردون مارشال، ترجمة: محمد الجوهري واخرون
٢- موسوعة العلوم الانسانية، جان فرانسوا دورتيه، ترجمة: د. جورج كتوره
٣- معجم مصطلحات الأدب، مجدي وهبة
٤- محمد أركون، الاسلام اوروبا الغرب، ترجمة: هاشم صالح، دار الساقي، ١٩٩٥
٥- د. کامەران محەمەد، فێرنان بڕۆدێل و گوتاری مێژوویی، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٢
٦- چەند بابەتێکی فیکری، وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ٢، هەولێر، ٢٠١٢.

PDF 4 KURD

## قوتابخانەی فرانکفۆرت Francfort School

قوتابخانەی فرانکفۆرت Francfort School بۆ توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، ساڵی ١٩٢٣ لە شاری فرانکفۆرت لە ئەڵمانیا دامەزرا. دامەزرێنەران و لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە کۆمەڵێ بیریار و نووسەری مارکسیست بوون، لەگەڵ دەرکەوتنی هیتلەر و گرتنەدەستی دەسەڵات لە لایەن نازییەکانەوە، بەرەو فەڕەنسە و سویسرا و ئەمریکا و ولاتانی دی هەڵاتن و لە زانکۆکانی ئەو ولاتانەشدا سێنتەری جیاجیای ئەو قوتابخانەیەیان کردەوە. دامەزرێنەرانی ڕاستەقینەی ئەم قوتابخانەیە بریتین لە (ماکس هۆرکهایمەر ١٨٩٥-١٩٧٣) و (تیۆدۆر ئادۆرنۆ ١٩٠٣- ١٩٦٩) کە لە زانکۆی گۆتەی شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیادا پەیمانگەیەکیان بۆ توێژینەوەی کۆمەڵایەتی دامەزراند، دواتر هەر یەک لە (هێربێرت مارکوزە ١٨٩٨-١٩٨١) خاوەنی کتێبە بەناوبانگەکەی بە ناونیشانی "مرۆڤی تاکڕەهەند"، و هەروەها (ئەریک فرۆم ١٩٠٠-١٩٨٠) خاوەنی کتێبی ناوداری "ترس لە ئازادی"، و (والتەر بنیامین ١٨٩٢-١٩٤٠) و (یۆرگن هابرماس ١٩٢٩-...)یش چوونە پاڵیان و بوون بە یەکێک لە کەسە چالاکەکانی ئەم قوتابخانەیە کە پرۆژەی سەرەکییان بریتی بوو لە "تیۆری ڕەخنەیی بۆ تێگەیشتن لە دنیا و گۆڕینی"، بەڵام لەنێو خۆیشیاندا ململانێی فیکری هەبوو و ڕەخنەیان لە تێزی یەکدی دەگرت. مارکوزە ماوەیەکی کەم لەو قوتابخانەیەدا مایەوە و هەر زوو لێیان جیابووەوە.

ئەگەرچی ئەم قوتابخانەیە ڕەوتێکی چەپگەرا و مارکسیستانەی لەخۆ گرتبوو، بەڵام هزری سەرەکییان بریتی بو لە "تیۆری ڕەخنەیی"، ئامانجیشیان بریتی بوو لە ڕەخنەگرتن، ڕەخنەی کولتووری و ڕەخنە لە ئایدیۆلۆژیاکان و ڕەخنە لە تەفسیری کلاسیکیانەی ئابووری و ڕەخنە لە کۆمەڵگەی پیشەسازی و تەنانەت ڕەخنە لە مارکسیزمیش،

واتە پەیوەندییان بە فیکری مارکسیزمەوە هەبوو، بەڵام بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە نەک بە شێوەیەکی دۆگمایی. لە میانی چەندین توێژینەوەی فەلسەفی و سۆسیۆلۆژی و ئەدەبیدا بیرۆکەکانی خۆیان خستە ڕوو. لە بواری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیشدا ڕەخەیان لە هەندێ ڕەوتی ئەدەبی مارکسیستی دەگرت، بە تایبەتی ئەدەبی ژدانۆڤیزم لە یەکێتی سۆڤیێتی جاران کە دەیوت دەبێ ئەدەب هەمووی لە خزمەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و ڕیالیزمی سۆشیالیزمدا بێت، هەروەها لە یەک کاتدا ڕەخنەیان لە تیۆری (هونەر بۆ هونەر)ی بورژوازی و (تیۆری ڕەنگدانەوە)ی مارکسیزم دەگرت.

لە ساڵی ١٩٤٧دا هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ کتێبێکی هاوبەشیان چاپ کرد بە ناونیشانی (دیالێکتیکی ڕۆشنگەری) و لەوێدا ڕەخنەیان لە ئەقلانیەتی ڕۆشنگەری و ئەقلانیەتی زانستی و تێکنۆلۆژی گرت، بەو پێیەی ئەم ئەقلانیەتە سروشت و مرۆڤ دەکات بە ئامێر و هەمووی دەخاتە بەر خزمەتی چینی دەسەڵاتدارەوە.

لەپاش تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی و ڕوخانی نازیزم لە ئەڵمانیا، زوربەی بیرمەندانی ئەو قوتابخانەیە گەڕانەوە بۆ ئەڵمانیا، پاشان لە لایەن زانکۆ و ئینستیتیوت و ڕاگەیاندنەکانی ئەڵمانیاوە بایەخێکی زۆریان پێدرا. دیسان لەپاش چاپکردنی کتێبی (ئیرۆس و شارستانیەت)ی هێربێرت ماکوزە لە ساڵی ١٩٥٥دا، قوتابخانەی فرانکفۆرت بوو بە جێگەی بایەخی نووسەران و بیرمەندان لە سەرانسەری ئەورووپادا، کە لە نێوان پشتگیری و ڕەخنەلێگرتندا گفتوگۆ و مشتومڕێکی زانستی و مەعریفیی زۆری بەرهەم هێنا و چەندین کتێب و وتاری جیاجیا لەو بوارەدا چاپ کران.

دەشێت یۆرگن هابرماس بە دوانوێنەری قوتابخانەی فرانکفۆرت دابنرێت بەو پێیەی بۆ ماوەی سێ ساڵ موعید بوو لە زانکۆی فرانکفۆرت و لەگەڵ ئادۆرنۆ کاری دەکرد، هەر لەوێشەوە هابرماس

PDF 4 KURD

سەرجەم پرۆژە ڕەخنەییەکەی لە ئەقلانیەتی تەکنیکیی خۆرئاوایی و ڕەخنە لە سیستمی ئۆرۆسێنترالی دامەزراند، بەڵام دواتر ڕێچکەیەکی تایبەتی گرت و لە قوتابخانەی فرانکفۆرت دوور کەوتەوە، دەستی کرد بە نووسینی کتێبی "گوتاری فەلسەفییانەی مۆدێرنە" کە لە ساڵی ١٩٨٥دا چاپی کرد، پرۆژەی سەرەکیی هابرماس بریتی بوو لە ڕەخنەگرتن لە هزر و هەژموونی خۆرئاوا و ئەورووپا، هەروەها ڕەخنەگرتن لە بیرۆکەی پۆست مۆدێرنیزم، چونکە ئەو پێی وایە مۆدێرنە هەمیشە بەردەوامە و تەواو نەکراوە. ئەو دەڵێ: "مۆدێرنە پرۆژەیەکە تەواو نەبووە."

**بڕوانە:**


١- معجم العلوم الانسانية، جان فرانسوا دورتيه، ترجمة: د. جورج كتوره
٢- معجم الماركسية النقدي، جيراربن سوسان و جورج لابيكا، ترجمه جماعية
٣- معجم المصطلحات الأدبية، بول آرون و آخرون، ترجمه: د. محمد حمود
٤- موسوعة علم الاجتماع، ج٣، جون سكوت و جوردون مارشال، ترجمة: محمد الجوهري واخرون
٥- النقد بين الحداثة و مابعد الحداثة، ابراهيم الحيدري.

PDF 4 KURD

## قوتابخانەی کۆنستانس Constance School

قوتابخانەی کۆنستانس Constance School لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، لە زانکۆی کۆنستانسی ئەڵمانی، دامەزرا، دامەزرێنەرانی ئەم قوتابخانەیە لە خوێندنەوەی تێکستی ئەدەبیدا پتر بایەخیان بە (خوێنەر) دەدا، دوو تیۆریستی ڕەخنەی ئەدەبیی ئەڵمانی: هانز ڕۆبێرت یاوس(١٩٢١- ١٩٩٧) و ولفگانگ ئایزەر(-) لە زانکۆی کۆنستانسی ئەڵمانیدا، ڕۆڵی ئاکتیڤانەی (خوێنەر)یان هێنایە نێو ڕەخنەی ئەدەبییەوە. لە بەرجەستەکردنی مانادا خوێنەریان کرد بە سێنتەری هەر تێکستێکی ئەدەبی. ئەمانە بەردی بناغەی تیۆرییەکی نوێیان لە تێگەیشتن و ڕاڤەی ئەدەبیدا دامەزراند. دوابەدوای ئەمانیش، ئۆمبێرتۆ ئیکۆ و ستانلی فیش و میکائیل ریڤاتێر و جۆناسان کیلەر، هەریەکەیان بەو ئاڕاستەیە، یان بە جۆرێکی تر، بۆچوونی خۆیان لەبارەی خوێنەر و مانای کراوە، خستە ڕوو.

یاوس لە ساڵی ١٩٦٧دا وتارێکی پێشکەش کرد بە ناونیشانی (مێژووی ئەدەبی چییە و بۆچی لە مێژووی ئەدەب دەکۆڵینەوە؟) و لەوێدا چوارچێوە گشتییەکانی تیۆرییەکەی خستە ڕوو. یاوس لەو باوەڕەدایە میتۆدە کۆنەکانی لێکۆڵینەوە ناتوانێت پارسەنگی پێشکەوتنە نوێیەکانی ئەدەب بێت، چونکە ئەمانە ڕەگەزی وەرگریان لە هاوکێشەی (نووسەر-دەق-خوێنەر)دا فەرامۆش کردووە، واتە تیۆری وەرگرتن سێنتەری بایەخدانەکە لە نووسەر و تێکستەوە دەگوازێتەوە بۆ خوێنەر. ئەوەی لەم تیۆرییەدا گرنگە، ئەوە نییە تێکست چی دەڵێت و چ مانایەک ڕادەگەیەنێت و دەقنووس مەبەستی چییە، کە ئەمانە ڕێژەیین، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەو کاریگەرییە هەستی و ئیستاتیکییە کە دەق لە لای خوێنەر جێی دەهێڵێت، لەوێشەوە کاردانەوەی وەرگر لە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ماناکاندا دەردەکەوێت.

ئەم میتۆدە، لە میانی بایەخدان بە خوێنەر و خوێندنەوە، هەوڵدەدات سنوورێک بۆ پیرۆزیی تێکست و داخرانی دەق دابنێت. ئەمەش بەزۆری لە میتۆدە ڕەخنەییەکانی پاش بونیادگەریدا دەردەکەوێت، بە تایبەتی لە: تیۆری خوێندنەوە و وەرگرتن، تەفکیکیەت، هێرمینیۆتیکا، سیمیۆلۆژیا. ئەم ئاڕاستە ڕەخنەییانە، تێکستیان لە بازنە و سنوورەکانی هێنایە دەرێ و خستیانە بەردەمی شیکردنەوە و تەئویلی خوێنەر. ئەم بایەخدانە بە خوێنەر، لەنێو چەندین تیۆر و لێکۆڵینەوەی جیاوازدا گەشەی کردووە. هەر لە نووسینە سەرەتاییەکانی ڤێرجینیا وۆڵفەوە لەبارەی خوێنەری ئاسایی و خوێنەری ڕەخنەگر، تا نووسینەکانی هیرش و ئینگاردن و یاوس و ئایزەر، هەروەها ئەو لێکۆڵینەوانەی بە ئاڕاستەی بایەخدان بە وەرگر، پرۆسەی خوێندنەوەیان هێناوەتە پێشێ، وەک هەندێ لە نووسینەکانی ڕۆلان بارت و جۆلیا کریستیڤا و تزڤیتیان تۆدۆرۆڤ، و دواتریش هەندێ لە سیمیۆلۆژیستەکانی وەک ئۆمبێرتۆ ئیکۆ کە ئەمانە لە ڕووی تیۆرییەوە چەمکی وەرگر و وەرگرتنیان لە ڕەخنەی نوێدا چەسپاند. بۆ شارەزایی زیاتر بڕوانە (تیۆری وەرگرتن) کە لەم فەرهەنگەدا هەیە.

**بڕوانە:**


١- نظريات القراءة والتأويل الأدبي وقضاياها، د. حسن مصطفى سحلول.
٢- النظرية الأدبية المعاصرة، رامان سيلدن.
٣- جمالية التلقي من بنية النص الى بنية الفهم، د. بشرى موسى صالح.
٤- الفينومينولوجيا عند هوسرل، سماح رافع محمد.
٥- تجلي الجميل ومقالات أخرى، هانز جورج غادامير، ترجمة: د. سعد توفيق.
٦- المفكرة النقدية، بشرى موسى صالح.
٧- فرهنگ اصطلاحات ادبی، تاليف: سيما داد، انتشارات مرواريد، تهران، چاپ سوم، ١٣٨٥




PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

## کاریزما charisma

وشەی کاریزما charisma لە بنەڕەتدا وشەیەکی گریکی کۆنە و بە مانای "ڕەحمەتی خودایی"، یان "بەهرەی خودایی" و "دیاریی خواوەند" دێت. کاریزما سیفەتێکە دەدرێتە پاڵ کەسایەتییەک کە بە هۆی هەیبەت و پەیام و نورانی و بیروباوەڕ و بلیمەتیەکەیەوە، ژمارەیەک خەڵکی سەرسام پێی، لە دەوریدا کۆ دەبنەوە و ڕێزی دەگرن و خۆشیان دەوێ. کەسایەتی کاریزمی کەسایەتییەکی پیرۆز و ڕێزلێگیراوە و لایەنگرانی، بە شێوەیەکی ئیرادی، ملکەچی خواست و پەیامەکەی دەبن. واتە لە سەرەتادا ئەم وشەیە مۆرکێکی ئاینیی هەڵگرتووە، بەڵام دواتر کەسایەتی کاریزما دەچێتە بواری سیاسەت و سوپا و حوکم و بواری کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەریش.

یەکەم کەس سۆسیۆلۆژیستی ئەڵمانی ماکس فیبەر ئەم زاراوەیەی بە دارشتنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی بەکار هێناوە، بەو مانایەی کەسی کاریزمی خاوەنی هێزی کاریگەرییە بەسەر کەسانی تردا لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا.

بەگشتی کاریزما واتە توانای کەسایەتییەک لە بەڕێوەبردن و پێشڕەوایەتیدا بە هۆی هێزی کەسایەتی و بلیمەتی و بیروباوەڕەکەیەوە نەک بە هۆی هێزی سوپا و جیهازی بیرۆکراتی و سەپاندنی دیسپلینێکی توند. واتە هێز و کاریگەریی کەسی کاریزمی لە سیستمە یاسایی و شەرعییەکانەوە نییە، بەڵکو لە توانای ڕاکێشانی خەڵکی و ڕازیکردن و قەناعەتپێکردنیانە بە پەیامەکەی کە وایان لێ بکات بە دەوری ئەودا کۆببنەوە. بۆ نموونە کەسایەتیی ئایینی، یان سیاسی، یان هەندێ جار شاعیر و نووسەر و کەسایەتیی کۆمەڵایەتیش دەتوانێت سیفاتەکانی کاریزما لە خۆیدا کۆبکاتەوە بەبێ ئەوەی پشت ببەستێت بە سامان و هەژموون و هێزی یاسایی و سەپاندنی زۆرەملێ.

له سەردەمە کۆنەکاندا سەرجەمی پێغەمبەرەکان خاوەنی کاریزمایەکی بەهێز بوون، بە تایبەتی پێغەمبەری ئیسلام و مەسیحییەکان، هەروەها لە سەردەمی نوێشدا چەندین کەسایەتیی سیاسی هەڵگری هەمان سیفاتی کاریزمین، بۆ نموونە گاندی و لینین و هیتلەر.

ماکس فیبەر دەڵێ: "کاریزما خاسیەتێکی جیاوازە و لە کەسایەتیی تاکەکەسێکدا دەردەکەوێت کە لە کەسانی دی جیای دەکاتەوە، خەڵکیش بەپێی کاریزماکەی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن بەو پێیەی کەسێکە خاوەنی هێز و توانایەکی سەرووسروشت و سەروومرۆڤایەتییە، یان لانیکەم ئەو کەسایەتییە کۆمەڵێ تایبەتمەندی و هێزی نائاسایی هەیە کەسانی تر نییانە، ئیدی وەک ڕابەر و پێشەوا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن"(موسوعة علم الاجتماع، جون سکوت و جوردون مارشال، ج٣، ل٥). کە زۆر جار لێرەدا ئاماژە بۆ مەسیح و هیتلەر دەکرێت.

ماکس فیبەر سێ جۆر دەسەڵات لە یەکدی جیادەکاتەوە، یەکەم: دەسەڵاتی ترادیشناڵی، یان دەسەڵاتی تەقلیدی، ئەم چەشنە دەسەڵاتە شەرعییەت و هێزی خۆی لە دابونەریتە جێگیرەکانەوە وەردەگرێت کە دەوروبەرەکەی باوەڕیان پێی هەیە. دووەم: دەسەڵاتی یاسایی، ئەم چەشنە دەسەڵاتە پشت بە کۆمەڵێ یاسا و ڕێسا دەبەستێت کە هەموان لەسەری ڕێک کەوتوون و هەوڵدەدات لەو ڕێگەیەوە دەسەڵاتێکی مەدەنی بهێنێتە دی. سێیەم: دەسەڵاتی کاریزمی، لێرەدا خەڵکی باوەڕێکی تەواویان بە هێزی سەرووسروشتیی سەرکردەکەیان هەیە و بەردەوام سۆز و خۆشەویستیی بۆ دوپات دەکەنەوە. هەندێ کەس توانای کەسی کاریزمی بە "سیحری کەسایەتی"، یان "هێزی کەسایەتی" ناو دەبەن. دەشێت کەسایەتیی

PDF 4 KURD

کاریزمی بتوانێت، لە بارودۆخێکی جیاوازدا، سیستمی سیاسی بگۆڕێت و گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە کۆمەڵگەدا دروست بکات.

لێرەدا جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان کەسی کاریزمی و کەسی زۆردار، یان ستەمکار، بەو پێیەی حوکمی کەسی زۆردار (بۆ نموونە کەسی وەک سەدام حسێن) پشت بە هێز و تۆقاندن دەبەستێت و هەمیشە ترس لە ناخی خەڵکیدا دەچێنێت، ئیدی ئەوانیش لە ترسی پایەکەی ملکەچی بۆ دەکەن و بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی دەجوڵێنەوە، بەڵام کەسی کاریزمی (بۆ نمونە گاندی) بە هۆی ڕەونەق و سەرنجڕاکێشیی کەسایەتی و بیروباوەڕ و پەیام و بەڵێنەکانی، خەڵکی لە دەوردا کۆدەبێتەوە و متمانەی پێدەبەخشن و خۆشیان دەوێ.

هەندێ سەرکردەی سیاسی و سەربازی هەن تا ئەندازەیەک هەڵگری کاریزمان، ئەگەرچی هێزی سوپا و جیهازی پۆلیس و بەڕێوەبردنێکی کارگێڕیی بیرۆکراتیشیان لەپشتە و پشتگیری حوکمەکەی دەکەن، بۆ نمونە جەنەراڵ دیگۆل لە فەرەنسە لە وڵاتەکەی خۆیدا لایەنگری زۆر بوو و تا ڕادەیەک کەسایەتییەکی کاریزمی هەبوو. هەروەها هیتلەر سەبارەت بە گەلی ئەڵمان کەسایەتیەکی کاریزمی بوو، بەڵام بێگومان مومکین نییە بۆ گەلانی دیش کاریزمی بووبێت، بگرە دواتر سیفاتە کاریزمییەکانی لەدەست دا.

ماکس فیبەر دەڵێ مەرج نییە کەسایەتی کاریزمی هەمیشە و بۆ هەتاهەتایە هەر بە کاریزما بمێنێتەوە، بەڵکو دەشێت ماوەکەی کورت، یان درێژ بێت. ئیدی بە ڕۆیشتنی زەمەن و بەپێی ڕۆژگار و هۆکاری دی، ئەو کاریزمایە کەم و کاڵ دەبێتەوە و نامێنێت، کەسی کاریزمی ئەگەر لایەنگرانی کەم بن و بەردەوام بانگەشەی دادپەروەری و یەکسانی بکات ئەوا سەرکەوتوو دەبێت، کە ئەمە زۆر جار لە سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی ئاینی، یان شۆڕشگێڕی، یان

PDF 4 KURD

کۆمەڵایەتی، یان ڕیفۆرمخوازیدا ڕوودەدات کە پێشەوایەکی کاریزمی ڕابەرایەتیی دەکات، بەڵام لەپاش سەرکەوتن و جێگیربوونی ئەو بزووتنەوانە، ژمارەی لایەنگرانی زیاد دەکات و ئەمە پێویستی بە ئامرازەکانی بەڕێوەبردن و داراییەکی زۆر و بەردەوام هەیە، لەتەک هێزێکی سەربازی و پۆلیسی کە لە کاتی جێبەجێنەکردن و ڕەتکردنەوەی ڕێسا و یاساکاندا بەکار دەهێنرێت. لەم بارودۆخەدا سەرکردایەتیی ئەو بزووتنەوەیە وردەوردە سیفاتە کاریزمییەکانی لەدەست دەدات و پتر دەبێت بە سەرکردایەتییەکی دەستووری و شەرعی.

کەواتە کەسایەتی کاریزمی هەمیشە بە کاریزمی نامێنێتەوە، بەڵکو کاریزما ڕێژەییە و لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی دی و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی دەگۆڕێ. واتە ئەوەی لە سەردەمەکانی پێشوودا کاریزمی بوو لەم سەردەمەدا کاریزمی نییە، یان ئەو کەسەی لە خاکەکەی تۆدا کاریزمییە لە شوێنێکی تر و لە کۆمەڵگەیەکی تردا کاریزمی نییە، واتە کاریزما ڕێژەگەراییە.

**پەراوێز:**


١- موسوعة علم الاجتماع، ج٣، جون سكوت و جوردون مارشال، ترجمة: محمد الجوهري واخرون، المركز القومي للترجمة، القاهره، ط٢، ٢٠١١.

٢- موسوعة علم الاجتماع، د. أحسان محمد الحسن، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ١٩٩٩.

٣- موسوعة المصطلحات السياسية والفلسفية والدولية، د. ناظم عبدالواحد الجاسور، دار النهضة العربية، بيروت، ٢٠١١.

٤- فرهنگ علوم اجتماعی قرن بیستم، ویلیام اوتویت و تام باتامور، ترجمه: حسن چاوشیان، نشر نی- تهران، ١٣٩٢.

## کەرنەڤاڵ Carnival

ریشەی وشەی کەرنەڤاڵ Carnival لە زمانی ئیتالیدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥٤٩، بەڵام زۆربەی توێژەران وای بۆ دەچن کە داهێنانی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەخنەگری ڕووسی میخائیل باختین (١٨٩٥-١٩٧٥) کە ئەم زاراوەیەی لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا لە تێزە بەناوبانگەکەیدا بەکار هێناوە دەربارەی ڕۆماننووسی چەرخی ڕێنیسانس فرانسوا ڕابیلیە کە لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا چاپ کرا، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٣دا و لە چاپی دووەمی کتێبە بەنرخەکەی دەربارەی ڕۆماننووسی ڕووسی دۆستویڤسکی، ئەم زاراوەیەی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا فراوانتر کردەوە، پێشتر لە ساڵی ١٩٢٩دا ئەم بابەتەی بڵاو کردبووەوە، بەڵام لە چاپی دووەمدا زاراوەی کەرنەڤاڵی لە ڕۆمانەکانی دۆستویڤسکیدا بەتەواوی گەڵاڵە کرد.

بەپێی تێڕوانینی باختین کەرنەڤاڵ لە ڕۆمانەکانی دۆستویڤسکیدا بریتییە لە فرەستایل و جیاوازی لە گۆشەنیگا و دەربڕین و جیاوازیی دەنگەکان. ئەم مانایەی کەرنەڤاڵ لە ئەدەبدا، زۆر لەو ئاهەنگانە دەچێت کە لە وەرزی ئاهەنگە جەماوەری و ڕۆشنبیرییەکاندا دەگوزەرێت، بە تایبەتی ئەو ئاهەنگانەی سنوورەکان ناهێڵن و ئازادییەکی زۆرتریان تێدایە و پڕن لە هیجا و گاڵتەجاڕی و جێهێشتنی بەربەستی چینەکان کە لەوێدا جیاوازیی نێوان چینەکان و جیاوازیی نێوان ڕۆشنبیریی بڵند و ڕەسمی و ڕۆشنبیریی نزم و میللی نامێنێت. لێرەدا کەرنەڤاڵی ڕۆمان بریتییە لە شۆڕشێک لە بواری ئەدەبدا.

مانای ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا ئەو وەرزی ئاهەنگێڕانە دەگرێتەوە کە لە لای مەسیحییەکان دەکەوێتە پێش "ڕۆژووگرتنی گەورە"وە، یان بریتییە لە هەر ساتەوەختێکی ئاهەنگئامێز، یان خرۆشانێکی گشتی و جەماوەری، یاخود گردبوونەوە و خۆپیشاندانێکی جەماعیی پڕ لە

فەوزا و ئاژاوە. باختینیش لەم سەرچاوەیەوە مانای کەرنەڤاڵی داڕشتووە. ئەمەی سەرەوە بریتییە لە کەرنەڤاڵی سەدەکانی ناوەڕاست کە بەتەواوی جیاوازە لەو ئاهەنگە ڕەسمی و ناڕەسمییانەی ئەمڕۆ بە بەرنامەوە ڕێکدەخرێن، چونکە کەرنەڤاڵی نوێ، بە بەراورد بە کەرنەڤاڵی هەراوزەنا و پڕ لە فەوزا و ئازادانەی سەدەکانی ناوەڕاست، بریتییە لە ئاهەنگێکی هێمن و سیستماتیزەکراو، کەچی کەرنەڤاڵی سەدەکانی ناوەڕاست بریتی بوو لە بەرجەستەکردنی ئەو کولتوورە جەماوەرییەی خۆی لە چەند سیفەتێکدا دەبینییەوە، وەک: هەڵوەشاندنەوەی هەموو سنوورەکان لە ساتەوەختی کەرنەڤاڵدا و هەروەها ڕەخساندنی ئەوپەڕی ئازادی و نەهێشتنی جیاوازیی چینایەتی و شکاندنی کۆتی کۆمەڵایەتی و کۆتی ئایینی، کفرکردن و چوونە نێو دنیای خواردنەوە و مەستبوونێکی بێسنوور و خۆرووتکردنەوە و بەرەڵایی سێکسی و هەندێ جار ڕەفتاری توندوتیژی، هەروەها گاڵتەجاڕی و پێکەنین و ئەوپەڕی گەشانەوە و خۆشی و لەزەت و بگرە پێکەنینی هیستیری.

باختین لە ڕۆمانەکانی ڕابلیەدا هەمان کەشەهەوا دەدۆزێتەوە و زاراوەی کەرنەڤاڵ دەهێنێتە نێو ڕەخنەی ئەدەبییەوە، بەو پێیەی ئەم زاراوەیە بریتییە لە فرەدەنگی و دیالۆگ و فرەیی لە هەموو شتێکدا و ڕوخانی چینەکان. ئەمە وەک باختین دەڵێ دەرفەتێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە دەرەوەی ژینگە کولتوورییەکەی خۆی، خۆی بەرجەستە بکات، تا بتوانێت لە دەرەوەی ئەو کولتوورە، لە ڕۆشنبیریی ڕەسمیی خۆی بڕوانێ، چونکە مرۆڤ ناتوانێت لەناو ژینگەکەی خۆیدا خۆی ببینێت و لە خۆی و لە ژینگەکەی تێبگات.

لێرەوە چەمکی دیالۆگیزم و فرەدەنگی لای باختین دروست دەبێت کە لە ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکیدا فرەدەنگی دەدۆزێتەوە و لێکۆڵینەوەی

لەسەر دەکات. دواتر چەمکی دەقاویزان لای جۆلیا کریستیڤا و چەمکی هێرمینیۆتیکا لای هانز جۆرج گادامێر سەرهەڵدەدەن.

**بڕوانە:**

- د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي، دليل الناقد الأدبي.



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

## کۆنتێکست- سیاق Context

سیاق، یان کۆنتێکست Context، ناوکۆ یان ڕەوت، واتە تەواوی تێکستێک کە ئەگەر تەنها بەشێکی لێ وەربگریت فیکرەیەکی ڕوون نادات بەدەستەوە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەرجەم ماناکانی تێکستەکە، یان وشەیەک بە تەنیا دەشێت مانایەکی ڕوونی نەبێت ئەگەر لە سیاقی ڕستەکە، یان ڕەوتی ڕستەکەدا نەبێت، واتە هەر وشەیەک، یان هەر تێکستێک، یان هەر شتێک لە سیاقی خۆیدا و لە ڕەوتی خۆیدا مانای تەواو دەبەخشێت، تەنانەت ئەمە بۆ ڕووداوی کۆمەڵایەتی و مێژووییش بەکار دەهێنرێت، بەو پێیەی هەر ڕووداوێک لە سیاقی مێژوویی خۆیدا لێکدەدرێتەوە، هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیش لە سیاقی کۆمەڵگەکەی خۆیدا دەردەکەوێت. لە ئاستی تێکستی ئەدەبی و شیعریشدا، هەر وشەیەکی شیعری لە سیاقی شیعرەکە خۆیدا مانا دەبەخشێت، بە دابڕانی لە سیاق مانایەکی تەماوی و ناڕۆشن دەدات.

سیاق وشەیەکی عەرەبییە و لە کوردیدا هەندێ کەس هەر هەمان وشە بۆ هەمان مانا بەکار دەهێنن، هەندێ کەسی دیش وشەی ناوکۆ، یان ڕەوت بەکار دەهێنن و هەیشە هەر وشە ئینگلیزییەکە، واتە کۆنتێکست، بەکار دەهێنێت.

ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا لە وشەیەکی یۆنانییەوە وەرگیراوە Contextus، کۆنتێکستیوس، واتە هەموو کۆیەک کە ڕەگەزەکانی بە شێوەیەکی توند و پتە و پێکەوە بەسترابن. لە شێوەی داوەکانی چنین. لە زمانی ئەدەبیدا کۆنتێکست بریتییە لە کۆمەڵێ وشە و کۆمەڵێ ڕستە لەنێو تێکستێکدا کە هەر یەکە لەو وشە و ڕستانە بەپێی مانا زمانەوانییە ڕاستەوخۆکەی، مانا وەردەگرێت. هەروەها ئەمە زۆر جار بۆ زاراوەی دەقاوێزانمان دەبات، واتە کۆی ئەو پەیوەندییانەی تێکستێک بە چەندین تێکستی دییەوە دەبەستێتەوە.

کۆنتێکست لە کردەی تەفسیر و ڕاڤە و هێرمینیوتیکادا مەسەلەیەکی بنەڕەتییە، چونکە هێرمینیۆتیکا، لەتەک ئەوەی سنورێکی ئازاد و بەرفراوانی هەیە، بەڵام ناهێڵێت مانا پەرت ببێت. سۆسیۆلۆجیای ئەدەب و مێژووی ئەدەبیش گرنگیی زۆر بە کۆنتێکست دەدەن. چونکە لێرەدا تێکست دەبرێتە سەر بارودۆخە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکەی خۆی. بۆیە هەندێ جار سیاق بریتییە لە شیکردنەوەی دەرەکیی تێکست، بێئەوەی سیاق بکەوێتە دەرەوەی تێکست، بگرە سیاق لەناو هەناوی تێکست خۆیدایە.

**بڕوانە:**


١- معجم المصطلحات الأدبية، ترجمة: الدكتور محمد حمود.
٢- المعجم الفلسفي، الدكتور جميل صليبا، الجزء الاول.
٣- موسوعة لالاند الفلسفية، اندريه لالاند، ترجمة: د. خليل أحمد خليل، الجزء الاول.
٤- المعجم المفصل في الأدب، د. محمد آلتونجي.

PDF 4 KURD

## گرووپ Group

گرووپ Group، واته دەستە، یان کۆمەڵە، بە عەرەبی (الجماعة، الزمرة، الفرقة، الفوج)، گرووپ بریتییە لە ژمارەیەکی کەم لە دەستە و کۆمەڵەیەک کە ئامانجێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە و پێکەوە کارێک ئەنجام دەدەن، بۆ نموونە دەوترێت گرووپی کار، یان گرووپی پەروەردە و خوێندن، یان گرووپی فشار، کە ئەمەی دواییان ئەو گرووپەن دەتوانن لە شێوەی ڕێکخراوێکدا فشار بخەنە سەر دەسەڵات بۆ گۆڕینی بڕیارەکان لە بەرژەوەندیی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، وەک گرووپی سەندیکاکان کە داکۆکی لە توێژێکی دیاریکراو، یان چینێکی دیاریکراو دەکات، یان هەوڵدەدات ڕای گشتی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، واتە ئامانجی گرووپی فشار بریتی نییە لە گۆڕینی حکومەت، یان گرتنەدەستی دەسەڵات، بەڵکو داکۆکیکردنە لە کێشەیەک، یان ئایدیایەک، یان توێژێک .

**بڕوانە:**


١- المعجم الفلسفي، د. جميل صليبا، ج١.

٢- معجم العلوم الانسانية، جان فرانسوا دورتيه، ترجمة: د. جورج كتوره.

٣- فرهنگ علوم اجتماعی قرن بیستم، ویلیام اوتویت و تام باتامور، ترجمه: حسن چاوشیان، نشر نی- تهران، ١٣٩٢.

PDF 4 KURD

## گرێی ئۆدیپ Oedipus Complex

گرێی ئۆدیپ، یان ڕاستتر گرێی ئۆدیپۆس (Oedipus Complex، عقدة أوديب)، یەکێکە لە گرنگترین گرێ دەروونییەکان، کە هەموو گرێ دەروونییەکانی تر، بە شێوەیەک لە شێوەکان، لەمەوە سەرچاوە دەگرن. ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ مەیلی کوڕ بۆ دایک و هەروەها ئارەزووی سێکسیی شاراوەی کوڕ بۆ دایک کە ئارەزوویەکی چەپێنراوە و لە نائاگاییدا خەزن کراوە.

ئەم زاراوە سایکۆلۆژییە، دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکی ئۆدیبی پاشا لە ئەفسانەی یۆنانیدا کە سۆفۆکلیس بە شیعر نووسیویەتی. چیرۆکەکە بەم شێوەیەیە: لە شاری تیبەدا پاشایەک هەبوو ناوی لایۆس بوو، ژنەکەیشی ناوی چوکاستا بوو، ساحیر و فاڵگرەوەکان پێیان وتبون کوڕێکیان دەبێت باوکی دەکوژێت و دایکی خۆی دەخوازێت و ئیدی منداڵەکانی خۆی دەبن بە خوشک و برای. کاتێکیش کوڕێکیان دەبێت، پاشا لەو پێشبینییەی فاڵگرەوەکان دەترسێت و منداڵەکە دەداتە دەستی شوانێک بیبات لە شوێنێکدا لەناوی بات، بەڵام شوانەکە دڵی نایەت لەناوی ببات و دەیبات بۆ شاری کۆرینسە و دەیدات بە بۆلیبۆسی پاشای ئەو شارە کە منداڵی نەدەبوو، پاشاکە زۆری پێخۆش دەبێت و دەیکات بە جێگرەوەی خۆی، کاتێک ئەو منداڵە گەورە دەبێت و وادەزانێت بۆلیبۆس باوکی ڕاستەقینەیەتی، تێدەگات کە ڕۆژێک دێ باوکی دەکوژێت و دایکی دەخوازێت، جا بۆ ئەوەی ئەم فاڵە نەیەتە دی، لەو چارەنووسە هەڵدێت و دەچێتە شاری تیبە، لە ڕێگادا ڕووبەڕووی لایۆسی پاشای تیبە دەبێت و دەبێ بە شەڕیان و لایۆس دەکوژێت کە نازانێ باوکی ڕاستەقینەیەتی، دواتر شارەکە لە دەستی دڕندەکان ڕزگار دەکات، بە تایبەتی ئەو ئاژەڵە دڕندەیەی جەستەی شێرە و سەریشی ئافرەتە. ئیدی خەڵکی تیبە وەک پاداشتێک دەیکەن بە پاشای تیبە و چوکاستای شاژن دەخوازێت کە

PDF 4 KURD

نازانێ چوکاستا دایکی ڕاستەقینەیەتی. خواوەندەکان لەم کارە تووڕە دەبن و نەهامەتی بەسەر ئەو شارەدا دەبارێنن.

زانای دەروونناسی بەناوبانگ سیگمۆند فرۆید (١٨٥٦-١٩٣٩) بایەخی بەم ئەفسانەیە داوە و ڕەهەندی سایکۆلۆژیی لێ دەرهێناوە و لەوێوە لە ڕەفتاری مرۆڤ ورد بووەتەوە و ڕاڤەیەکی زانستیی بۆ کردووە، لە ڕاستیدا فرۆید یەکەم کەس بوو ئەم زاراوەیەی داهێنا پاش ئەوەی لە ساڵی ١٨٩٧دا بە وردی لێکۆڵینەوەی لە ئەفسانەی ئۆدیبی پاشای سۆفۆکلیس کرد، فرۆید پێی وایە هەموو منداڵێک بەو قۆناغە ئۆدیبییەدا تێدەپەڕێت هەر لەو کاتەوەی شیری دایکی دەخوات، پاشان لە تەمەنی سێ ساڵی بەدواوە کە چێژ لە ڕەقبونی ئەندامی نێرینەی دەبینێت و خۆی بە دایکیەوە دەنوسێنێت، لەو تەمەنەدا وردە منداڵ حەز دەکات هەمیشە لەتەک دایکیەوە بێت و لەگەڵیدا بخەوێت و غیرە لە باوکی دەکات. لەپاش جێهێشتنی قۆناغی منداڵی بە تایبەتی لە قۆناغی باڵغبووندا، ئەو گرێیە بە شێوەی تر لە ڕەفتاری ئەو کەسەدا ڕەنگ دەداتەوە. کە گەورەش دەبێت تەجاوزی ئەو گرێیە دەکات، بەڵام بێئەوەی بە خۆی بزانێت حەز لەو جۆرە ژنانە دەکات کە لە دایکی دەچن. لێرەوە وزە و تواناکانی مرۆڤ ئاڕاستە دەکرێن. زۆر جار مرۆڤ وەک قەدیسێک تەماشای دایکی دەکات و ڕێزێکی لەئەندازەبەدەری دەگرێت بێئەوەی ئارەزوی سێکسیی بۆ بجوڵێت. فرۆید وای دەبینێت گرێی ئۆدیب ڕاستییەکی واقعییە لە ژیانی ئینساندا.

لێرەدا چەندین گرێی تری پەیوەست بە گرێی ئۆدیبەوە هەیە، وەک گرێی ئەلیکترا و گرێی خەساندن و گرێی ئاتریۆس و گرێی قابیل و گرێی ئەنتیگۆن و گرێی ئۆریست و گرێی میدیا و گرێی دایانا و گرێی ناپلیۆن و چەندین گرێی دیکە کە لەم کتێبەدا هەن.

PDF 4 KURD

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**

١- معجم المصطلحات الأدبية، بول ارون واخرون، ترجمة: د. محمد حمود، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت ٢٠١٣.

٢- الموسوعة النفسية الجنسية، د. عبدالمنعم الحفني، مكتبة مدبولي، القاهرة، ط٤، ٢٠٠٤.

PDF 4 KURD

## گرێی ئەلیکترا Electra Complex

گرێی ئەلیکترا Electra Complex، بە پێچەوانەی گرێی ئۆدیب، ئاماژەیە بۆ خۆشەویستیی کچ بۆ باوکی و ڕقلێبوونەوەی لە دایکی، ئەمە بەزۆری لەو خێزانانەدا ڕوودەدات کە لە ڕووی کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە ناکۆکیی زۆر لە نێوان دایک و باوکدا سەرهەڵدەدات. دەشێت لە کەشێکی وادا باوک پایە و دەستکەوتێکی گەورەی هەبێت و دایکیش کەسێکی ئاسایی بێت، یان باوک بەرپرسیارێتی و خۆشەویستیی زیاتر بۆ مناڵەکانی بنوێنێت و دایکیش پتر بایەخ بە خۆی بدات، دیسان دەشێت کچ غیرە لە دایکی بکات و هەوڵی کۆنترۆڵکردنی باوکی بدات.

فرۆید ئەم خۆشەویستی و غیرەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ قۆناغی منداڵی لە لای کچ. کاتێک هەست بەوە دەکات کە جیاوازیی ڕەگەزی لە نێوان خۆی و براکەیدا هەیە، بە تایبەتی لە ڕووی فسیۆلۆجییەوە، دیارترین ئەو جیاوازییانە بریتییە لە دەرککردنی کچ کە وەکو کوران ئەندامی نێرینەی نییە.

گرێی ئەلیکترا بریتییە لەو مەیل و ئارەزووەی لە لای کچان دروست دەبێت لە بەرامبەر باوکیاندا و دوورکەوتنەوەیان لە دایکیان؛ ئەمە لە قووڵایی دەروون و لە نائاگاییدا کۆدەبێتەوە و زۆر جار ئەم گرێیە تا قۆناغی هەرزەکاریش بەردەوام دەبێت. جا لە بەرئەوەی باوک تابو Tabooو حەرامە، ئیدی کچ پتر مەیلی بۆ ئەو پیاوانە دەچێت کە زۆر لە تەمەنی خۆی گەورەترن و لە باوکی دەچن.

لە ئەفسانەی یۆنانیدا "ئەلیکترا" کچی "ئاگامەمنون"ی پاشای مسینایە. دایکی ئەلیکترا ناوی "کلیتمنسترا"یە. ئەم شاژنە ئیجیسۆسی کوڕەمامی خۆی خۆش دەوێت و عاشقی دەبێت، پێکەوە پلان دادەڕێژن و ئاگامەمنون دەکوژن. دواتر ئەلیکترا هانی "ئۆریست"ی برای دەدات کە تۆڵەی باوکی بکاتەوە و کلیتمنسترای دایکی و ئیجیسۆسی عەشیقی

بکوژێت. ئۆریستیش دایکی و عەشیقەکەی پێکەوە دەکوژێت. لە سەردەمی نوێدا دیارترین ڕۆمان کە گوزارشت لە گرێی ئەلیکترا دەکات، بریتییە لە ڕۆمانی (لۆلیتا)ی ڕۆماننووسی ڕووسی فلادیمێر نابۆکۆف (١٨٩٩-١٩٧٧) کە لە ساڵی ١٩٥٨دا بڵاوی کردەوە. لەم ڕۆمانەدا پیاوێکی تەمەن سی ساڵی دان بەو پەیوەندییە ئەویندارى و سێکسییەدا دەنێت کە لەگەڵ لۆلیتای تەمەن ١٣ ساڵدا هەیەتی.

گرێی ئۆدیب و گرێی ئەلیکترا لە تەمەنی گەورەبووندا و لە ڕووکاردا نامێنن، بەڵام لە ڕەفتاری مرۆڤدا بە شێوەی جیاجیا دەردەکەون، واتە لە تەمەنی گەورەبوونیشدا هەندێ لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی گرێی ئۆدیبن لە لای کوڕ و ڕەنگدانەوەی گرێی ئەلیکتران لە لای کچ.

**بڕوانە:**


- الموسوعة النفسية الجنسية، د. عبدالمنعم الحفني، مكتبة مدبولي، القاهرة، ط٤، ٢٠٠٤.




PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

## گرێی نێرینەیی Masculinity Complex

لێرەدا کچ، بەپێی ئەم گرێیە، وەک کوڕ ڕەفتار دەکات، ئەمە پاش ئەوەی دەرک بەوە دەکات کە ئەم وەک کوڕان ئەندامی نێرینەی نییە و بە هۆی کولتووری کۆمەڵگەکەشەوە هەست بەوە دەکات کچ لە کوڕ کەمترە. ئەمیش ئەو دۆخە ڕەت دەکاتەوە و ئیدی وەک کوڕ هەڵسوکەوت دەکات، دەچێتە نێو ململانێ لەگەڵ کوڕاندا و ڕەفتاری شەڕانگێزی دەنوێنێت بەو پێیەی گوایە کوڕ شەڕانییە.

**بڕوانە:**

- الموسوعة النفسية الجنسية، د. عبدالمنعم الحفني، مكتبة مدبولي، القاهرة، ط٤، ٢٠٠٤.

## گرێی مێینەیی Femininity Complex

لێرەدا کوڕ وەک کچ ڕەفتار دەکات. لە کاتێکدا پێکەوە خۆیان دەشۆن بۆی دەردەکەوێت ئەندامی مێینەیی خوشکەکەی جیاوازە، لە وێناکردنی ئەم کوڕەدا دایکی وای لە خوشکەکەی کردووە واتە ئەندامی نێرینەیی بڕیوە، ئەمیش لە ترسا بۆ ئەوەی ئەندامی نێرینەیی نەبڕێت، وەک کچ ڕەفتار دەکات، ئەمە بەزۆری لەو خێزانانەدا ڕوودەدات کە دایک تیایدا تووڕە و توندوتیژ بێت و بە توندوتیژی مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیدا بکات

. **بڕوانە:**

- الموسوعة النفسية الجنسية، د. عبدالمنعم الحفني، مكتبة مدبولي، القاهرة، ط٤، ٢٠٠٤.

PDF 4 KURD

## گرێی قابیل Cain Complex:

گرێی غیره و ڕژدی و ململانێ له بەرامبەر برادا، لێرەدا براکان ڕق و ڕژدی بەرامبەر یەکدی هەڵدەگرن. له ئەفسانه ئایینییەکاندا قابیل و هابیل کوڕی ئادەمن و قابیل هابیلی برای دەکوژێت.

**بڕوانه:**

- الموسوعة النفسية الجنسية، د. عبدالمنعم الحفني، مكتبة مدبولي، القاهرة، ط٤، ٢٠٠٤.

## گرێی ئەنتیگۆنا Antigone Complex

لەم گرێیەدا خوشك به ئەندازەیەكی زۆر خۆشەویستی و مەیلی بۆ براكەی هەیە. بەپێی ئەفسانه یۆنانییەكه ئەنتیگۆنا كچی ئۆدیبی پاشایه، كاتێك براكەی دەكوژرێت، ئەنتیگۆن بەدزییەوه دەینێژێت. ئەم ئەفسانەیه ئاماژەیه بۆ خۆبەختكردنی خوشك لەپێناوی براكەیدا.

**بڕوانه:**

- الموسوعة النفسية الجنسية، د. عبدالمنعم الحفني، مكتبة مدبولي، القاهرة، ط٤، ٢٠٠٤.

## گرێی ئۆریست Orestes Complex

به پێچەوانەی گرێی ئۆدیب، لێرەدا كوڕ دایكی خۆی دەكوژێت و تۆڵەی باوكی دەكاتەوه بەو پێیەی له ئەفسانەی یۆنانیدا ئۆریستی كوڕی ئاگامەمنون كلیمنتسترای دایكی دەكوژێت، چونكه خیانەتی له باوكی كردووه و كوشتوویەتی.

**بڕوانه:**

- الموسوعة النفسية الجنسية، د. عبدالمنعم الحفني، مكتبة مدبولي، القاهرة، ط٤، ٢٠٠٤.

PDF 4 KURD

### گرێی گریزلدە Griselda Complex

گرێی خۆشەویستی زۆری باوک بۆ کچەکەی، کە حەز ناکات شوو بکات، یان نایەوێت بە هەموو کەسێکی بدات و بیانووی زۆر بۆ داواکارەکانی ئەهێنێتەوە تا شوو نەکات و هەر لە لای خۆی بمێنێتەوە. بڕوانە ئەفسانەی یۆنانی.

**بڕوانە:**

- الموسوعة النفسية الجنسية، د. عبدالمنعم الحفني، مكتبة مدبولي، القاهرة، ط٤، ٢٠٠٤.

### گرێی دیانا Diana Complex

ئارەزووی چەپێنراوی مێینە بۆ ئەوەی ببێ بە نێرینە. ئەمەش لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، ئەمە تا ئەندازەیەکی زۆر لە گرێی نێرینەیی نزیک دەبێتەوە، بڕوانە ئەفسانەی دیانا. دیسان جان دارک وەک نموونە دەهێنرێتەوە.

**بڕوانە:**

- الموسوعة النفسية الجنسية، د. عبدالمنعم الحفني، مكتبة مدبولي، القاهرة، ط٤، ٢٠٠٤.

PDF 4 KURD

## گرێی میدیا Medea Complex

ڕقی دایک لە مناڵەکانی، پاش ئەوەی باوکی مناڵەکانی خیانەتی لێ دەکات، یان ژنێکی تر دەهێنێت و ژنی یەکەم فەرامۆش دەکات و جێی دەهێڵێت، لێرەدا داخی خۆی بە مناڵەکانی دەڕێژێت. لە ئەفسانەی یۆنانیدا، میدیا هەردوو کوڕەکەی دەکوژێت لەبەر ئەوەی جیسۆنی مێردی، کچی پاشای کۆرینسە دەخوازێت.

**بڕوانە:**

- الموسوعة النفسية الجنسية، د. عبدالمنعم الحفني، مكتبة مدبولي، القاهرة، ط٤، ٢٠٠٤.

## گرێی ناپلیۆن Napoleon Complex

ئەم گرێیە لەو پیاوانەدا هەیە کە لە شولارێکی لاواز و بچووکیان هەیە، تەنانەت ئەندامی نێرینەشیان بچووکە. لێرەدا ئەو پیاوە بە شێوەی تر گوزارشت لەو دۆخە سایکۆلۆجییەی دەکات و ڕەفتاری شەڕانگێزی لە بەرامبەر ئافرەتان بەکار دەهێنێت، یان هەوڵدەدات ژمارەیەکی زۆریان کۆنترۆڵ بکات، یان زۆربەیان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و دڵیان داگیر بکات. دەڵێن ناپلیۆن بەو شێوەیە بووە و هەوڵی داوە لە یەک کاتدا لەگەڵ زۆرترین ژندا بنوێت.

**بڕوانە:**

- الموسوعة النفسية الجنسية، د. عبدالمنعم الحفني، مكتبة مدبولي، القاهرة، ط٤، ٢٠٠٤.

PDF 4 KURD

## گنۆسیەت، گنۆستیزم Gnosticism

گنۆسیەت، یان گنۆستیزمGnosticism، بە عەرەبی (الغنوصية)، وشەیەکی یۆنانییە و ئاماژە بۆ ڕەوتێکی ئایینیی و فەلسەفی دەکات کە لە سەدەی یەکەم و دووەمی زایینیدا گەشەی کردووە، ئەم تەوژمە ئاینییە تێکەڵەیەکە لە تێڕوانینی لاهوتی و تێڕوانینی فەلسەفی. لە سەرەتادا کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئایینە دێرینەکانی خۆرهەڵات، بە تایبەتی ئایینی زەردەشتی، دواتر کەوتە ژێر کاریگەریی فیکری یۆنانییەوە و پاشان ئاینی یەهودی و مەسیحییەوە.

گنۆسیەت لە بنەڕەتدا لە وشەی "Gnos"ی یۆنانییەوە وەرگیراوە کە بە مانای (مەعریفە)، یاخود (زانین)، یان (عیرفان) دێت، هەروەها بە مانای مەعریفەیەک دێت کە لە ڕێگەی باتینی و پرسیارکردنەوە بەدەست دێت نەک لە ڕێگەی گەڕانی ئەقڵانی و لۆجیکییەوە، وەک قوتابخانەیەکی لاهوتی و فەلسەفی بە مانای عارفیەت و (عیرفان)یش دێت، کە بە ڕەوتێکی (باطني)، واتە (ناوەکی-ئیزۆتێریک) ناسراوە، هەندێ کەس مێژووەکەی دەگەڕێننەوە بۆ سێ سەدە بەر لە لەدایکبونی عیسای مەسیح، کە لەنێو میسرییە کۆنەکاندا و لە ئیسکەندەرییە سەری هەڵداوە. هەروەها لە شێوەی چەند ئایینێکی دیکەدا دەردەکەوێت وەک ئایینی مانی و مەزدەکی.

لە ساڵی ١٩٤٥دا لە شاری ئیسکەندەرییەی میسری، کۆمەڵێ دەستنووسی دەگمەن دۆزرایەوە کە لە سەدەی پێنجەمی زایینیدا نووسراونەتەوە و بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی گنۆسیەت دادەنرێت، لەو دەستنوسانەدا نەفرەت لە خواردنی سێوەکە ناکرێت لە لایەن ئادەم و حەواوە، نەفرەت لە حەوا ناکرێت کە هانی ئادەمی داوە پێکەوە سێوی مەعریفە بخۆن و بە هۆیەوە لە بەهەشت دەردەکرێن و ڕەوانەی سەر زەوی دەکرێن بۆ ئەوەی ئیتر هەمیشە بەدوای مەعریفەدا بگەڕێن و بەردەوام پرسیار بکەن. ئەو دەستنوسانە بەهای

PDF 4 KURD

مەعریفە بەرز دەکەنەوە و تەنانەت دەڵێن مەسیحیش لایەنگری ئەو مارە بووە کە هانی ئادەم و حەوای داوە لە درەختی مەعریفە بخۆن. ئیدی لەوساوە گفتوگۆ و بڕەوێکی سەیر لە فیکری خۆرئاوادا سەبارەت بە فیکری گنۆستیزم هاتە ئاراوە و ژمارەیەکی زۆر نووسەر و بیرمەند گرنگییان پێدا و لە سەریان نووسی، بە تایبەتی لەو لایەنەوە کە فیکری بەشەری لە دێرزەمانەوە هەوڵی داوە (ئینسان و مەعریفە)، وەک دووانەیەکی پێکەوەبەستراو، پیرۆز بکات. مەعریفەیەک ئینسانەکە خۆی بە ئەقڵی باتنی خۆی پێی دەگات، نەک لە ڕێگەی وەسییەیەکەوە، ئەمەش لە ڕاستیدا ناوەڕۆکی بیری ڕۆشنگەرییە.

ئەگەرچی گنۆسیەت دژایەتیی لەگەڵ ئایینە یەکتاپەرستیەکاندا نییە، بەڵام ئایینی مەسیحی گنۆسیەت بە زەندەقە و هەرتەقە ناودەبات و پێی وایە لە دەرەوەی ئایینی مەسیحیدایە بۆیە بەردەوام دژایەتیی کردووە. لە ڕاستیدا دەرکەوتنی ڕەوتێکی جیاواز لە ئایین، وەک گنۆسیەت، فیکری مەسیحیی هێنایە سەر ئەوەی بە شێوەیەکی ڕوونتر گەڵاڵەی فیکری تیۆلۆجی (لاهوتی)انەی خۆی بکات، بە تایبەتی لە پێکهێنانی "کانون"دا (کانون، یان قانون وشەیەکی یۆنانییە) کە بەپێی قانونی مەسیحیەت تێکستی ئایینیی ڕاست و بڕواپێکراو لە تێکستی ناڕاست جیادەکاتەوە. لێرەوە بە تێکستی ناڕاست (لەوانەش تێکستەکانی گنۆستیزم) دەوترا (ئەبۆکریفا).

بێگومان گنۆسیەت بە تەنیا کاری لە ئایینی مەسیحی نەکردووە، بەڵکو ئەم ڕەوتە فەلسەفییە لاهوتییە کاری لە ئایینی ئیسلامیش کردووە و بووەتە هۆی ئەوەی بزووتنەوەی تەسەوف و سۆفیگەری سەرهەڵبدات، کە پاشان ڕەنگێکی تر لە باوەڕی ئایینی دروست دەبێت و بە عیرفانیەت دەناسرێت و کولتووری عیرفانی بڵاودەکاتەوە. لەم

کولتووره تازەیەدا ئینسان پرسیار دەکات، دەگەڕێت و ئەقڵ بەکار دەهێنێت و ناترسێ لەوەی پرسیاری بوێرانە بخاتە ڕوو.
گنۆسیەت وەک مەعریفەیەکی ناوەکی (باطني)، هانی هەندێ ڕەوتی ئایینی دا کە پرسیاری ئەقڵانی بکەن و بیرۆکەی ئەقڵانی گەڵاڵە بکەن، لەوانە موعتەزیلە، بێگومان موعتەزیلەکان بە ئاشکرا پرسیاریان لە ئەفراندن و ئەسڵی تێکستە ئایینییە دامەزرێنەرەکان دەکرد، بەو پێیەی ئایین ڕێگە لە پرسیاری فەلسەفی ناگرێت، بۆیە دواتر لە لایەن ڕەوتەکانی ترەوە کەوتنە بەر داپڵۆسین و چەوساندنەوە و لەناوبردن هەروەک چۆن گنۆسیەتیش لە لایەن مەسیحیەتەوە دژایەتی دەکرا.
بیری سەرەکیی گنۆسیەت لەو قەناعەتە بنەڕەتییەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێی وایە مەعریفە پیرۆزترین شتێکە کە ئینسان خاوەنیەتی. ئەم مەعریفەیە بە شێوەیەکی تاکەکەسی و بەهرەبەخش بوونی هەیە، واتە تاکەکەس دەتوانێت بگاتە نهێنییەکانی گەردوون و فیکر و ئایین و جەوهەری گەردوون، کە ئەمە مەعریفەیەکی بڵندگەرایی ترانسندێنتالییە (المعرفة المتعالية). مرۆڤ دەتوانێت پێی بگات بێئەوەی پێویستی بە یارمەتیی دەرەکی هەبێت و بێئەوی پێویستیی بە پەیامبەرێک، یان بە کتێبێکی دابەزیو هەبێت.
یەکێک لەو فەیلەسووفە فەرەنسییە بوونگەرایانەی بایەخێکی زۆری بە گنۆسیەت داوە و چەندین وتار و کتێبی لەسەر نووسیوە، (هانز جۆناس)ە، کە بیری گنۆسیەت دەبەستێتەوە بە فەلسەفەی بوونگەراییەوە و چەندین خاڵی هاوبەشیان تیادا دەدۆزێتەوە. گنۆسیەت شوێنێکی گرنگی لە فیکری هانز جۆناسدا گرتووە. ئەم فەیلەسووفە ڕای وایە گنۆسیەت بەر لە هەر شتێک لە خەمی بوونی مرۆڤدایە، وەک بوونێکی سەربەخۆ، کە ئەمەش لە زۆر فۆرمی فەلسەفی نوێدا دەرکەوتووە. جۆناس کە قوتابییەکی هایدیگەرە، پێی

PDF 4 KURD

وایە فەلسەفەی بوونگەرایی یەکێکە لە فۆرمە گرنگ و مۆدێرنەکانی گنۆسیەت.

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**

١- دليل الناقد الأدبي، د. ميجان الرويلي و د.سعد البازعي، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء- المغرب، ط٥، ٢٠٠٧.
٢- موسوعة لالاند الفلسفية، اندريه لالاند، عويدات للنشر والطباعة، بيروت، ٢٠٠٨.
٣- الموسوعة الفلسفية، م.روزنتال و ب.يودين، ترجمة: سمير كرم، دار الطليعة بيروت، ط٥، ١٩٨٥.
٤- معجم مصطلحات الأدب، مجدي وهبة، مكتبة لبنان، بيروت ١٩٧٤.
٥- المعجم المفصل في الأدب، د. محمد آلتونجي، دار الكتب العلمية، بيروت، ط٢، ١٩٩٩.
٦- بەختیار عەلی، ئیمان و جەنگاوەرانی- فیکری سەلەفی و دەرکەوتە نوێکانی لە ڕۆشنبیریی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٤.

PDF 4 KURD

## گوتار Discourse

زاراوەی گوتارdiscourse، بە عەرەبی (الخطاب)، زاراوەیەکی ڕەخنەیی نوێیە و لە ڕەخنەی خۆرئاوایی و جیهانیدا مانای جیاجیا و ئاڵۆزی هەیە. تیۆریستانی بواری زانستی زمانەوانی و شێوازگەرایی و هەروەها بیرمەندانی فیکر و فەلسەفە و ڕەخنەی ئەدەبی، مانا و دەلالەت و شیکردنەوەی جیاوازیان بۆ ئەم زاراوەیە کردووە. ڕیشەی ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ وشەیەکی یۆنانیی کۆن Discursis کە بە مانای وتار دێت، بەڵام گوتار جیاوازە لە وتار، وتار بە مانای وتارخوێندنەوە و وتاردان و وتاربێژی (الخطابة) دێت، بەڵام گوتار شتێکی ترە و لێرەدا هەوڵ دەدەین ماناکانی ڕوون بکەینەوە.

ئەگەر لە ڕابردوودا گوتار وەک داڕشتنی فۆرمی نووسین و ئاخاوتن و قسەکردن بەکار هاتبێت، ئەوا لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا چەندین مانا و دەلالەتی دیکەی جیاواز لەخۆ دەگرێت، چونکە لە سەرجەمی کایە مەعریفییەکاندا گوتار بە مانای جۆراوجۆر بەکار دەهێنرێت. لەوانەیە هۆکاری بنەڕەتیی ئەم فرەڕەنگییەی مانای گوتار بگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە زمانەوانییە نوێیەکان کە لە فردیناند دی سۆسێرەوە دەست پێدەکات؛ دواتر بزووتنەوەی بونیادگەری کەوتە ژێر کاریگەریی تێزەکانی ئەو زانایەوە، بەو پێیەی زاراوەی گوتار لە لای زمانەوانییەکان بریتییە لە یەکێتیی زمانەوانی کە پتر لە ڕستەیەک لەخۆ دەگرێت. دیسان شیکردنەوەی گوتار لە لای زمانەوانییەکان واتە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان یەکە زمانەوانییەکانی هەر زمانێک، سا زارەکی بێت، یان نووسراو. زانای زمانەوانی (ز.هاریس) یەکەم کەس بوو سنووری بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەی فراوان کردەوە و لە تاکە ڕستەیەکدا نەوەستا، بەڵکو لە ژمارەیەکی بێشوماری ڕستەدا، واتە لە گوتاردا، وەستا، بۆیە گوتار لای هاریس بریتییە لە واژەکراوێکی دووررودرێژ.

PDF 4 KURD

ماناكانی ئەم زاراوەیە لە ڕەخنەی هاوچەرخی خۆرئاواییدا لە سێ ئاڕاستەدا دەردەكەوێت؛ ئاڕاستەی یەكەم: لە توێژینەوەی زمانەوانی و شێوازگەراییدا گوتار بە (شیكردنەوەی گوتاری زمانەوانی) ناسراوە. ئاڕاستەی دووەم: لە لێكۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبیدا بە (گوتاری ڕەخنەیی)، یان (گوتاری ئەدەبی) ناودەبرێت. ئاڕاستەی سێیەم: لە فیكر و فەلسەفەدا گوتار بە مانای پەیام و هەژموون و ئایدیا و دەسەڵاتیش بەكار دێت.

لە ئاستی زمانەوانیدا گوتار لە مانا سەرەكییەكەیدا بریتییە لە هەموو ئاخاوتنێك كە لە یەك ڕستە زیاتر بێت، یاخود ڕستەیەك جێدەهێڵێت و ژمارەیەكی زۆری ڕستە لەخۆ دەگرێت، سا ئەو ڕستانە نووسراو بن، یان وتراو و واژەكراو، بەڵام ئەم زاراوەیە لە لای (ب.گرایس)ی فەیلەسووفدا مانایەكی تر وەردەگرێت. ئەو لە ساڵی ١٩٧٥دا دەنووسێت كە ئاخاوتن چەند دەلالەتێكی تری واژەنەكراوی هەیە، واتە چەند مانایەكی تری نەوتراو لە ئاخاوتندا هەیە، كە قسەكەر، یان گوێگر یەكسەر تێی دەگات بێئەوەی ڕاستەوخۆ واژە بكرێت، بۆ نموونە كەسێك بە كەسێكی تر دەڵێت: "سەردانیم ناكەیت؟"، ئەگەرچی ئەم وشەیە لە شێوەی پرسیاردایە، بەڵام گوێگر وەك پرسیار وەری ناگرێت، بەڵكو وەك ئەوەی ئەمە داوەتكردنێكە بۆ سەردان، لێرەدا گرایس ئەم چەشنە گوتارە لە شێوازگەراییدا دەبەستێتەوە بە سیمیۆلۆژیا و نیشانەناسی.

بەڵام گوتار لە فیكر و فەلسەفەدا مانایەكی تری تەواو جیاواز لە مانای زمانەوانی و شێوازگەرایی وەردەگرێت، بە تایبەتی لە لای هەندێ بیرمەندی هاوچەرخ. لە سەرووی هەموویانەوە میشێل فۆكۆی فەیلەسووفی فەرەنسی كە بایەخێكی زۆرتری بەم زاراوەیە داوە، بە تایبەتی لە هەردوو كتێبی (ئاركیۆلۆجیای مەعریفە) و (سیستمی گوتار)، فۆكۆ لەو كتێبانەدا بەو شێوەیە باس لە گوتار دەكات كە

PDF 4 KURD

بریتییە لە تۆڕێکی ئاڵۆزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان. لێرەدا ئاخاوتن وەک گوتارێکی خاوەن هەژموون دەردەکەوێت، هەروەها ئەمە پەیوەستە بە دەسەڵات و کۆنترۆڵکردن و چاودێرییەوە.

گوتار لە ڕەخنەی ئەدەبیدا لە ئیشکالیات بەدەر نییە. گوتار لەم کایە گرنگەشدا بە مانا و دەلالەتی جۆراوجۆر بەکار هاتووە و فۆرم و مانای هەمەڕەنگی هەیە. بەگشتی دەتوانین بڵێین هەموو قوتابخانەیەکی ئەدەبی، یان هەموو میتۆدێکی ڕەخنەیی گوتاری تایبەتی خۆی هەیە، تەنانەت ڕەخنەگرانیش گوتاری خۆیان هەیە کە لە چەمکەکان و لە پراکتیزە ڕەخنەییەکانیاندا دەردەکەوێت، یان لەو هەژموونەی لە بەرهەمەکانیاندا پرۆسەی دەکەن. کایە مەعریفییەکانی تریش گوتاری تایبەتیی خۆیان هەیە، بۆ نموونە گوتاری سیاسی، گوتاری مێژوویی، گوتاری ئایینی، گوتاری سێکسی، گوتاری باوکسالاری... تاد.

لە ڕەخنەی ئەدەبیدا ژمارەیەک توێژەر و ڕەخنەگر، لەوانە گریماس، گوتار و تێکست لە یەک ئاستی مانادا شی دەکەنەوە، واتە گوتار و تێکست هاومانای یەکترن، بەو پێیەی گوتار تایبەتمەندیی تێکستە لە هەموو ژانرێکی ئەدەبیدا. پۆل ڕیکۆر دەڵێ تێکست بریتییە لە گوتار کە بە هۆی نووسینەوە جێگیر دەکرێت.

لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا ڕۆمان یاکۆبسن تێزێکی ناوداری پێشکەش کرد کە دەڵێ: بابەتی زانستی ئەدەبی بریتی نییە لە ئەدەب، بەڵکو بریتییە لە ئەدەبییەتی ئەدەب، واتە ئەو شتەی بەرهەمێک دەکات بە بەرهەمێکی ئەدەبی، بریتییە لە ئەدەبییەت، بەڵام لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا ژمارەیەک توێژەری ئەدەبی، لەوانە تزڤیتیان تۆدۆرۆڤ، پێیان وابوو ئەم چەمکەی یاکۆبسن چەمکێکی ناتەواوە، چونکە بابەتی زانستی ئەدەبی بریتی نییە لە ئەدەبییەت، بەڵکو بریتییە

PDF 4 KURD

لە گوتاری ئەدەبی. ئیدی لەوە بەدوا چەمکی گوتاری ئەدەبی، یاخود گوتاری تێکستی ئەدەبی شوێنی چەمکی ئەدەبییەتی گرتەوە.

گوتار لە لای باختین بریتییە لە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی، نەک ڕووداوێکی تاکەکەسی، چونکە خودێکی واژەکار، یان قسەکەر، بەرهەمی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی بەنێویەکداچووە لە نێوان گوزارشتی ناوەکی (خودی) و گوزارشتی دەرەکی (کۆمەڵایەتی)دا. گوتاریش ئەگەرچی لە سەرەتادا وەک گوتاری دەربڕینی ناوەوە دەردەکەوێت، بەڵام لە ڕاستیدا بونیادی ئەو گوتارە بونیادێکی کۆمەڵایەتییە، بەپێی باختین هەموو گوتارێک لەناو سیاقێکی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت.

لای فۆکۆ گوتار بریتییە لە کۆمەڵێ واژەی وتراو کە لە یەکەیەکی گەورەتردا کۆ دەبنەوە و پێکهاتەی گوتار دروست دەکەن. دواجار فۆکۆ دەگاتە دەرەنجامێکی گرنگ لە توێژینەوەی زانستیدا. پوختەی ئەو دەرەنجامەش بریتییە لەوەی کە گوتار فۆرمێکە لە فۆرمەکانی هەژموون، هەروەها شێوەیەکە لە پرۆسێسەکردنی ئایدیۆلۆژی. ئەم پرۆسە ئایدیۆلۆژییە پەیوەستە بە ململانێی چینەکان بە گشتی و ململانێی ئێتنییەکان بە تایبەتی. دیسان گوتار لای فۆکۆ بریتییە لە دەسەڵات، بەڵام دەسەڵاتێکی ڕەمزی.

هەڵوێستی توێژەران و تیۆریستانی ئەدەب، دەربارەی سروشتی پەیوەندیی نێوان گوتار و تێکست، بەگشتی، لە دوو هەڵوێستی سەرەکیدا دەردەکەوێت:

١- هەڵوێستی یەکەم، هەڵوێستێکی گشتییە و گوتار و تێکست لە یەکدی جیاناکاتەوە، بەڵکو هەردووکیان وەک یەک مانا و یەک دەلالەت بەکار دەهێنێت، واتە بۆ کاری ئەدەبی هەندێ جار زاراوەی

PDF 4 KURD

گوتار بەکار دەهێنن و هەندێ جاری دی زاراوەی تێکست. ئەو توێژەرانەی ئەم هەڵوێستەیان هەیە ژمارەیان زۆرە.

٢- بەڵام لە هەڵوێستی دووەمدا گوتار لە تێکست جیادەکرێتەوە، واتە گوتار و تێکست وەک دوو مانای جیاواز بەکار دەهێنرێت، توێژەرانی ئەم هەڵوێستە بەگشتی چوار بەشن:

أ- بەشێک لەو توێژەرانە بەو پێیە تێکست و گوتار لێکدی جیادەکەنەوە کە تێکست فۆرمی کارە ئەدەبییەکە پێکدەهێنێت، یان تێکست بونیادی دەرەوە و ڕووکەشی کاری ئەدەبییە، کەچی گوتار بونیادی قووڵ و ناوەڕۆکی کاری ئەدەبی پێکدەهێنێت، واتە تێکست (دال)ی کاری ئەدەبییە و گوتاریش (مەدلوول).

ب- بەشی دووەمیان پێیان وایە تێکست و گوتار لە هەندێ خاڵدا یەکدەگرن و لە هەندێ خاڵی دیکەدا جیاوازن، بۆ نموونە هەردووکیان لەوەدا کۆکن کە یەک بنەما و یەک سروشتی کاری ئەدەبی پێک دەهێنن، بەڵام دوو گۆشەنیگای جیاوازیان بۆ کاری ئەدەبی هەیە.

ج- بەشێکی تر پێیان وایە جیاوازیی تێکست و گوتار بەپێی بنەمای تێکەڵبوون و ئاوێزانبوون دەردەکەوێت. لەم دیدەدا گوتار تێکست دەکات بە تێکست، واتە گوتار دەتوانێت تێکست دەربخات و بەرجەستەی بکات.

د- بەشی چوارەم لە توێژەران جیاوازیی نێوان تێکست و گوتار لەسەر بنەمای ڕواڵەتی نووسین دەردەخەن، بەو پێیەی نووسین تەنیا لە تێکستدا هەیە و لە گوتاردا نییە، بۆیە پۆل ڕیکۆر وتوویەتی هەموو گوتارێک بە هۆی نووسینەوە جێگیر دەبێت. گوتار بەرهەمی زمانی زارەکییە، بەڵام تێکست بەرهەمی نووسینە.

ڕەخنەگری فەرەنسی ڕۆلان بارت، لەناو چوارچێوەی زانستی زمانەوانیدا، باس لە گوتار دەکات؛ لە زمانیشدا پشت بە زمانی گێڕانەوە دەبەستێت. جا لەبەر ئەوەی ڕستە لە زمانەوانیدا دوا یەکەیە،

PDF 4 KURD

ئەمە واتە گوتار تەنها لە ڕستەدا بوونی هەیە، بەڵام گوتار ژمارەیەکی بێشوماری ڕستە لەخۆ دەگرێت. بارت وای دەبینێت گوتار بریتییە لە ڕستەیەکی گەورە، گێڕانەوەش دیسان بریتییە لە ڕستەیەکی گەورە، بەڵام جۆلیا کریستیڤا گوتار لەنێو زمانی شیعریدا دەبینێت، بە تایبەتی زمانی سیمیۆلۆژی، بۆیە کریستیڤا زاراوەیەکی نوێ دادەهێنێت بە ناوی سیمیۆلۆژیای گوتار، بەو پێیەی گوتار هەڵگری مانا و ئاماژە و دەلالاتی جۆراوجۆرە. کەچی تزڤیتان تۆدۆرۆڤ گوتار بەگشتی لەناو ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا دەبینێت، چونکە ئەدەب بریتییە لە گوزارشت.

گریماس پێی وایە زانایانی زمانەوانی بە جۆرێک زمانیان سنووردار کردووە کە قەبارەی ڕاستەقینەی گوتاریان لەبیر کردووە، بۆیە – بەپێی گریماس- دەبێ لە میانی سیمیۆلۆژیای ئەدەبەوە لێکۆڵینەوە لەسەر گوتار بکرێت، چونکە لێکۆڵینەوە سیمیۆلۆژییە پراکتیکییەکان لەسەر تێکستەکانی گێڕانەوەدا کۆمەڵێ دەرەنجامی گرنگیان بەدەست هێناوە، بە جۆرێک بومەلەرزەیەکیان لە ئاستی ئەدەبی نووسراودا خولقاندووە. لێرەدا (هەر بەپێی گریماس) نابێت گوتاری زمانەوانی و گوتاری ئەدەبی لە یەکدی جودا بکرێنەوە، چونکە بەشێکی سەرەکیی ئەدەب بریتییە لە زمان؛ بەشێکی گرنگی گوتاریش دیسان بریتییە لە زمان، سا زمانی نووسراو بێت، یان زمانی وتراو و واژەکراو، یان زمانی هێما و نیشانە.

دواجار، ئەوەی لێرەدا خستمانە ڕوو، کۆمەڵێک ئاماژەی سەرەکی بوون دەربارەی بابەتێکی زۆر بەرین و ئاڵۆز کە ئەویش چەمک و زاراوەی "گوتار"ە. گوتار چەمک و زاراوەیەکی نوێیە و تا ئەمڕۆش بۆچوونی جیاواز جیاواز لەسەر سروشت و چەمکی ئەم زاراوەیە بڵاو دەکرێتەوە و گفتوگۆی بەرفراوان لە ئارادایە.

PDF 4 KURD

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**

١ - الخطاب والنص: المفهوم، العلاقة، السلطة، د. عبدالواسع الحميري.
٢- تحليل الخطاب الروائي، سعيد يقطين.
٣ - دليل الناقد الأدبي، د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي.
٤ - القاموس الموسوعي الجديد لعلوم اللسان، ترجمة: د. منذر العياشي.
٥ - معجم مصطلحات فروع الأدب المعاصرة ونظريات الحضارة، د. سمير سعيد حجازي.
٦ - المعجم المفصل في الأدب، د. محمد آلتونجي.
٧- المعجم المفصل في اللغة والأدب، د. أميل بديع يعقوب و د. ميشال عاصي.
٨- معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة، د. سعيد علوش.
٩- مصطلحات النقد العربي السيماءوي، د. مولاى على بوخاتم.
١١- معجم السيميائيات، فيصل الاحمر.
١٢- فرهنگ اصطلاحات ادبى، تاليف: سيما داد، انتشارات مرواريد، تهران، چاپ سوم، ١٣٨٥

## لۆگۆس Logos

لۆگۆسLogos، (اللوغوس)، یەکێکە لە زاراوە ئاڵۆز و پڕ لە ماناکان، لە ڕووی فەلسەفی و زمانەوانییەوە دەگەڕێتەوە بۆ گریکە کۆنەکان. هەندێ کەس پێیان وایە وشەی "اللغة"ی عەرەبی لە لوگە و لۆگۆی یۆنانییەوە وەرگیراوە، هەروەها لۆجیک Logic لە لۆگۆسەوە هاتووە. لێرەدا لۆگۆس واتە بیرکردنەوە و عەقڵ، لە فیکری مەسیحیشدا لۆگۆس واتە ئەفراندن و خەلق، بۆیە ئینجیلی یوحەننا بەم ڕستەیە دەست پێدەکات: "لەسەرەتادا لۆگۆس هەبووە"، کە لێرەدا لۆگۆس واتە وشە، وشەیش، یانی خەلقکردن. سەرەتای ئینجیلی یوحەننا دەڵێ: "في البدء كان اللوغوس"، لە هەندێ وەرگێڕاندا کراوە بە "في البدء كان الكلمة"، پاشان لۆگۆس بە مانا ئەفلاتونییەکەی وەرگیرا کە بریتییە لە: عەقڵێکی دروستکەر، یان مەعریفەیەکی خوداوەندی، لێرەدا لۆگۆس یەکسانە بە عەقڵی خودایی و یەکەمین خەلقکردن لە گەردووندا. لێرەوە لۆگۆس لە هەر سێ ڕەهەندی فیکری و ئایینی و فەلسەفی بە مانای جیاواز بەکار هاتووە. لە لای فەلسەفەی هیراکلیتس لۆگۆس بریتییە لە هێزێکی سروشتبەزێنی نامرۆیی کە گەردوون و هەموو جیهان لە نارێکی و ئاژاوە دەپارێزێت و ڕێکی دەخات. لە لای ڕواقیەکانیش بریتییە لە خودی خودایی. دواجار دەشێت لۆگۆس لە مانایەکدا ڕابگرین، ئەو مانایەش بریتییە لە عەقڵ.

بەپێی لۆگۆس مرۆڤ ئاژەڵێکی قسەکەرە، کەواتە لۆگۆس تایبەتە بە مرۆڤ کە لە سەرجەم زیندەوەرەکانی دی جیای دەکاتەوە، چونکە تەنها مرۆڤ "زمان"ی دۆزییەوە و وشەی بۆ گەیاندنی مانا بەکارهێنا. لۆگۆس بریتییە لە زمان و عەقڵ.

PDF 4 KURD

سەرچاوە:

١- مفاتيح اصطلاحية جديدة-معجم مصطلحات الثقافة والمجتمع، ترجمة: سعيد الغانمي.
٢- دليل الناقد الأدبي، د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي.
٣- معجم المصطلحات الأدبية، ترجمة: د. محمد حمود.
٤- معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة، د. سعيد علوش.

PDF 4 KURD

## ماسۆشیزم Masochism

ماسۆشیزم Masochism، (المازوخیه)، زاراوەیەکی سایکۆلۆجییە. سیفەتێکە دەدرێتە پاڵ کەسێک حەز بە خودئازاری بکات، واتە کەسی ماسۆشیست بە پێچەوانەی کەسی سادیست، چێژ و خۆشی لەوە وەردەگرێت کە کەسێکی تر ئازاری بدات. ئەمە بە زۆری لەو ئافرەتانەدا هەیە کە لە کاتی پرۆسەی سێکسیدا چێژ لەو ئازارپێگەیاندنە دەبینن کە پیاو لە بەرامبەریاندا ئەنجامی دەدات.
زانای دەروونناسیی ئەڵمانی ریچارد فۆن کرافت ئیبینگ (١٨٤٠-١٩٠٢) ئەم زاراوەیەی بۆ جۆرێک لە لادانی سێکسی (الشذوذ الجنسي) داهێناوە کە ئەمرۆ بە "پارافیلۆ"ش دەناسرێت. کەسێک خۆشی و چێژ لە چۆکدادان و ملکەچی و ئازاردانی لە لایەن کەسێکی دیيەوە وەردەگرێت. ئەم زانا ئەڵمانییە ئەم زاراوەیەی لە نووسەر و رۆماننووسی نەمسایی "لیۆبۆلد فۆن سادر مازوش" وەرگرتووە، یان هەندێ جار ناوەکەی بەم جۆرە دەنوسرێت "لیۆبۆلد فۆن زاخر مازوخ(١٨٣٦-١٨٩٥) sacher masoch". مازوخ لە رۆمانەکانیدا ئەو کەسایەتی و کاراکتەرە قوربانییانە دەخاتە روو کە رازین بە ئازاردان و سوکایەتیپێکردن و سێکسی بەزۆر و توندوتیژ، بگرە چێژ و خۆشیشی لێ وەردەگرن و ئەو کەسەیان خۆشدەوێت کە ئازاریان دەدات.

لێرەدا جۆرێک لە ماسۆشیزم هەیە کە لە کاتی توورەبوندا ئازاری خۆی دەدات و سەری بەدار و دیواردا دەکێشێت و بگرە هەندێ جار دەبێتە مایەی خۆکوشتن. جۆرێکی تری ماسۆشیزم بریتییە لە سەبر و تەحەمولێکی زۆر و خۆخواردنەوە، بە تایبەتی لە کاتی وازهێنانی خۆشەویستەکەی، یان لە کاتی ناپاکی کە ئازاری دەروونیی پێدەگات. هەروەها ماسۆشیزمی جەماوەریش هەیە کە تەواوی جەماوەر تەسلیمی ئازاردانی فەرمانڕەواکەیان دەبن. دیسان "سادۆ-

PDF 4 KURD

ماسۆشیزم"یش هەیە کە کەسەکە لە یەک کاتدا هەم سادیستە هەم ماسۆشیست.

**بڕوانە:**

١- معجم العلوم الانسانية، جان فرانسوا دورتيه، ترجمة: د. جورج كتوره.
٢- المعجم المفصل في الأدب، د. محمد آلتونجي.
٣- الموسوعة الجنسية النفسية، د. عبدالمنعم الحفنى.

## مۆنۆتیزم Monotheism

مۆنۆتیزم Monotheism، واتە یەکتاپەرستی، یان ئایینە تاکخوداییەکان، بە عەرەبی (التوحيد) و (مذهب الواحد و الواحدية) هەروەها (الربوبية)، لە دوو وشەی یۆنانییەوە وەرگیراوە: Mono، واتە یەک، یان تاک، Theos، واتە خواوەند.

مۆنۆتیزم ڕەوتێکی ئایینی و فەلسەفییە، باوەڕی بە یەک خودای تاک و تەنیا هەیە کە جیاوازە لەم دنیایەی مرۆڤی تیادا دەژی، ئەم ڕەوتە ئایینییە لە هەر سێ ئایینە یەکتاپەرستییە سەرەکییەکەی دنیادا بەرجەستە دەبێت، واتە ئایینی جولەکە و مەسیحی و ئیسلام. ئایینی یەکتاپەرستی جیاوازە لە ئایینی دێرینی فرەخودایی و لەو ئایینانەی یەک خوداوەندیان دەپەرست، بەڵام نکوڵیشیان لە بوونی خوداوەندەکانی دیکە نەدەکرد. لە باوەڕی مۆنۆتیزمدا خودا بوونەوەرێکی جیاوازە و دابەشکردن قبووڵ ناکات، تاکخودایی بریتییە لە بوونی یەک خودا لە دەرەوەی دنیا، چونکە یەک بوون هەیە و پێی دەوترێت (وحدة الوجود)، ئەم بوونەش یەک خودا خەڵقی کردووە و هەر خۆیشی حوکمی دەکات. ئەم تێڕوانینە دەچێتە ناو تێڕوانینی ئایدیالیزم کە پێی وایە هۆش پێش بوون هەیە، ئەمەش بەتەواوی جیاوازە لە تێڕوانینێکی تر بۆ بوون کە بریتییە لە "ئاتیزم" واتە ئیلحاد، یان ماتریالیزم کە پێی وایە بوون پێش هۆش هەبووە.

لێرەدا زاراوەیەکی تر هەیە: مۆنیزمMonism، واتە (أحديە)، یان (وحدة الوجود) ئەمەش دیدێکی تری فەلسەفییە باوەڕی وایە هەموو شتەکان لە ڕووی ماتریاڵییەوە، یان لە ڕووی جەوهەر و یاسا و ئەخلاقەوە لە ڕاستیدا یەک شتن، لێرەدا فەلسەفەی ئەنتۆلۆجی (زانستی هەبوون) لەم دیاردەیە دەکۆڵێتەوە. هەموو دنیا و بوون یەک ماتریاڵ و ژیانیش بوونێکی بەردەوامە. بێگومان ماناکانی ئەم زاراوانە لە فەلسەفەی نوێدا، بە تایبەتی لای پاسکال و سپینۆزا و دیکارت و

کانت و هیگڵدا، مانای جیاواز و ئاڵۆز وەردەگرێت کە لێرەدا ناکرێت بچینە نێو ئەو تەفاسیلەوە.

**بڕوانە:**


١- موسوعة لالاند الفلسفية، أندريه لالاند، ترجمة: د. خليل أحمد خليل، دار عويدات للنشر والطباعة، بيروت- لبنان، ٢٠٠٨.

٢- موسوعة علم الاجتماع-ج١، جون سكوت و جوردون مارشال، ترجمة: أحمد زايد وآخرون، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ط٢، ٢٠١١.

٣- المعجم الفلسفي-ج١، د. جميل صليبا، منشورات ذوي القربى، ١٣٨٥- ٢٠٠٦.




PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

## میتۆدۆلۆجی- زانستی میتۆد Methodology

میتۆدۆلۆجی، یان زانستی میتۆد، Methodology، (علم المناهج أو المناهجية)، بریتییە لەو زانستەی لە مێژوو و سەرهەڵدان و جۆر و چەشنەکانی میتۆد دەکۆڵێتەوە. میتۆدیش بریتییە لە چەند چوارچێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی ئامانجی ئەوەیە تێکستێک شی بکاتەوە و ڕاڤەی بکات، واتە میتۆد بریتییە لە خوێندنەوەی تێکستێک بە شێوەیەکی زانستی و سیستماتیک و ڕێکخراو. ئەمە بۆ ئەوەی هەموو لایەنێکی ئەو تێکستە بە وردی بخوێنرێتەوە و کەشف بکرێت. هیچ توێژینەوەیەک نییە بتوانێت بەبێ میتۆد کار بکات؛ هەموو توێژەرێک، یان هەموو ڕەخنەگرێک میتۆدێک، یاخود زیاد لە میتۆدێک بەکار دەهێنێت بۆ خوێندنەوە و شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی تێکست بە شێوەیەکی زانستی و بەپێی ڕێسایەکی لۆجیکی. فەیلەسووفی ئینگلیزی جۆن ستیوارت میڵ لە ساڵی ١٨٩٨دا و لە کتێبی "سیستمی لۆجیک" یەکەم کەس بوو ئەم زاراوەیەی بەکارهێنا و جێگیری کرد، لای ئەم زانایە میتۆد بریتییە لەو شێواز و ڕێگەیانەی بە هۆیەوە بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێی و ئەو بەڵگانە دەدۆزیتەوە کە بۆچوونەکەت دەسەلمێنن.

میتۆد و پێداویستیی میتۆد بە هۆی گەشەکردنی خێرای زانستەکانەوە سەری هەڵداوە، بە تایبەتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان و لەوانەش ڕەخنەی ئەدەبی، کە لە سەدەی نۆزدەهەم و سەدەی بیستەمدا ئەو زانستانە بە شێوەیەکی زۆر خێرا پەرەیان سەند. بەر لەوەش لە بواری فەلسەفەدا فرانسیس بیکۆن و دیکارت و هیگڵ گرنگییەکی زۆریان بە میتۆد داوە.

لێرەدا میتۆد و فرەمیتۆدی هەیە؛ واتە توێژەر دەتوانێت تەنها یەک میتۆد بۆ لێکۆڵینەوەکەی بەکار بهێنێت و دەشتوانێت پتر لە یەک میتۆد لە یەک لێکۆڵینەوەدا بەکار بهێنێت، وەک چۆن میتۆدی

(مێژوویی) و (سۆسیۆلۆژی) و (سایکۆلۆژی) و (زمانەوانی) و (شێوازگەری) و (بونیادگەری) و (هەڵوەشاندنەوەگەری) و (بەراوردکاری) و (سیمیۆلۆژی) هەیە، بە هەمان شێوە فرەمیتۆدیی وەک (سایکۆ-سۆسیۆلۆژی) و (سۆسیۆ-مێژوویی) و (سۆسیۆ-دەلالی) و (سۆسیۆ-ڕۆشنبیری) و زۆری تریش هەیە .

میتۆد و فرەمیتۆدی بایەخێکی گەورەی لە لێکۆلینەوەی ڕەخنەیی و خوێندنەوەی تێکستدا هەیە. لە ڕاستیدا گرنگیی میتۆدی ڕەخنەیی لەوەدا دەردەکەوێ کە وەسیلەیەکە دەتوانێت لێکۆڵینەوەکە ڕێک بخات و تێڕوانینی ڕەخنەگریش ڕوون بکاتەوە.

میتۆد وەک ئەوەی ڕێگەیەکی زانستی و لۆجیکییە بۆ ڕێکخستنی بابەتەکە، ئێجگار پێویستە بۆ توێژینەوەی ئەکادیمی و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی، چونکە چوارچێوەی فیکریی بابەتەکە دیاری دەکات بە چەشنێک دەیەوێت بگاتە دەرەنجامێک کە لەگەڵ تیۆردا ڕێک بێتەوە.

میتۆدەکانی ڕەخنەش بەزۆری لە دوو جۆردا کۆ دەبنەوە: جۆری یەکەمیان پێی دەوترێت (میتۆدی سیاقخوازی)، بە عەرەبی (المناهج السیاقیة) و جۆری دووەمیشیان (میتۆدی تێکستخوازی) بە عەرەبی (المناهج النصیة)، ئەوەی یەکەمیان لە دیدێکی مێژوویی، یان دەروونی، یان کۆمەڵایەتی لە تێکستەکە دەکۆڵێتەوە، بەڵام ئەوەی دووەمیان لە ڕوانگەیەکی زمانەوانی، یان فۆرمالیستی، یان سیمیۆلۆجی، یان بونیادگەری، یان شێوازگەری لە تێکست ورد دەبێتەوە. هەموو ئەم میتۆدانە هەریەکەیان لە لایەکەوە خزمەتی تێکست دەکەن و هەریەکەیان لایەنێکی تێکست ڕۆشن دەکەنەوە و هەریەکێکیشیان باکگراوندێکی مەعریفیی، یان فەلسەفیی لە پشتە، بۆیە لێرەدا چەندین میتۆدی جیاجیا پەیدا بوون، وەک میتۆدی مێژوویی و میتۆدی سۆسیۆلۆجی و میتۆدی سایکۆلۆجی و میتۆدی زمانەوانی و میتۆدی بونیادگەری و میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەری و میتۆدی

PDF 4 KURD

شێوازگەری و زۆری تریش کە بە سەرچەمیان دەوترێت میتۆدەکانی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان.

بەڵام هەندێ جار لێکۆڵینەوە تەنیا لە یەک میتۆددا ناوەستێت و بە یەک میتۆد و بە یەک ئاراستە تێکستەکان ناخوێنێتەوە، واتە لێرەدا فرەمیتۆدی دێتە ئاراوە و توێژەر زیاد لە میتۆدێک بەکار دەهێنێت، لەبەر ئەوەی یەک میتۆد لە یەک لایەنەوە تێکستەکە ڕووناک دەکاتەوە، بەڵام فرەمیتۆدی لە چەندین لاوە چەندین ڕۆشنایی جوان دەخەنە سەر تێکستەکە و ڕووبەرێکی فراوانتر ئاشکرا دەکەن. بێگومان ئەم چەشنە میتۆدە لە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا پێی دەوترێت میتۆدی تەواوکاری واتە (المنهج التكاملي)، یان (المناهج التكاملية) کە لێرەدا میتۆدەکان یەکتر تەواو دەکەن و یارمەتیی یەکتر دەدەن بۆ هەرچی زیاتر کەشفکردنی ناوەڕۆک و تەکنیک و نهێنییەکانی تێکست.

واتە لێرەدا نەرمییەکی زۆر بۆ بەکارهێنانی میتۆد هەیە، ئەمڕۆ تا ئەندازەیەکی زۆر لە دنیادا پەیڕەوی لە فرەمیتۆدی دەکرێت و باوی ئەوە نەماوە بە یەک میتۆد تێکست بخوێنیتەوە، چونکە تاقە میتۆدێک دەرەقەتی ئاشکراکردنی هەموو سووچەکانی تێکست نایەت. ئێمە ئەمڕۆ لە قۆناغی فرەمیتۆدیدا دەژین. ئەمڕۆ دیواری ئەستوور لە نێوان میتۆدەکاندا نەماوە، بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆر سنوورەکانی خۆیان تێکەڵ بە یەکدی کردووە. وەک وتم مەبەستمان لە میتۆد لێرەدا باکگراوندی مەعریفیی و چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکەیە.

لێرەدا چەندین بیرمەند و ڕەخنەگر هەن باوەڕیان بە فرەمیتۆدی هەیە لە توێژینەوەکانیاندا، هەر بۆ نموونە: ئیدمۆند هۆسرێل و جۆرج گۆرڤیچ و پییێر بۆردیۆ و لوسیان گۆڵدمان و تزڤیتیان تۆدۆرۆڤ و میخائیل باختین و عەلی وەردی و محمود امين العالم و محمد بنيس و محمد بەرادە و هاشم صالح و جۆرج تەرابیشی و محەمەد ئارکۆن و ئەدۆنیس و يمنى العيد و زۆری تریش.

دەشێت هەر تێکستێکی ئەدەبی، یان مێژوویی، یان فیکری، یان سیاسی، زیاد لە خوێندنەوەیەکی بۆ بکرێت و بە زیاد لە میتۆدێک لێی بڕوانرێت. ئەمە لەبەر ئەوەی هەموو تێکستێک لە خۆیدا هەڵگری فرەمانا و فرەڕەهەند و فرەلایەنە، بۆیە تەنها خوێندنەوەیەک، یان تەنها میتۆدێک ناتوانێت بەتەواوی سەرجەم لایەنەکانی ئەو تێکستەمان بۆ ڕووناک بکاتەوە، فرەخوێندنەوەیی و فرەمیتۆدی ئێجگار پێویستن بۆ کەشفکردن و ڕوماڵکردنی تێکستەکان، بە تایبەتی تێکستی ڕۆمان، چونکە ڕۆمان گەلێ مانا و ڕەهەندی لەنێو خۆیدا حەشارداوە کە دەشێت لەو ڕێگەیەوە ئەو لایەنە نادیارانە ئاشکرا بکرێن.

**بڕوانە:**

١- موسوعة علم الاجتماع، د. أحسان محمد الحسن، الدار العربية للموسوعات، بيروت-لبنان، ١٩٩٩.
٢- المعجم المفصل في الأدب، د. محمد آلتونجي، دار المكتبة العلمية، بيروت-لبنان، ط٢، ١٩٩٩.
٣- المعجم المفصل في اللغة والأدب، د. أميل بديع يعقوب و د. ميشال عاصي، دار العلم للملايين، بيروت-لبنان، ١٩٨٧.
٤- معجم مصطلحات الأدب، مجدي وهبة، مكتبه لبنان، بيروت، ١٩٧٤.
٥- الموسوعة الفلسفية، ترجمة: سمير كرم، دار الطليعه للطباعة والنشر، بيروت، ط٥، ١٩٨٥.
٦- معجم مصطلحات فروع الأدب المعاصرة ونظريات الحضارة، سمير سعيد حجازى، مكتبة جزيرة الورد، القاهرة، د.ت.
٧- معجم علم السياسة والمؤسسات السياسية، ترجمه: هيثم اللمع، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٥.
٨- جان فرنسوا دورتيه، معجم العلوم الانسانية، ترجمه: د.جورج كتورة، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠٩.



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

٩- سعيد علوش، معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة، دار الكتاب اللبناني، بيروت و سوشبريس، الدار البيضاء المغرب، ١٩٨٥.
١٠- عمر محمد الطالب، المذاهب النقدية دراسة وتطبيق، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٣.
١١- رينيه ويليک، مفاهيم نقديه، ترجمة: محمد عصفور، سلسلة عالم المعرفة، الكويت، ١٩٨٧.

PDF 4 KURD

## مێژووی ئەدەبی History of literature

مێژووی ئەدەبی، یان مێژووی ئەدەب history of literature، بە عەرەبی (تاريخ الأدب)، بەشێکە لە ئەدەب بەگشتی، لەتەک تیۆری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبیدا دنیای بەرینی ئەدەب پێکدەهێنن. هەر سێ چەشنەکەی لێکۆڵینەوە لە ئەدەب، واتە: (تیۆری ئەدەبی) و (مێژووی ئەدەبی) و (ڕەخنەی ئەدەبی)، پەیوەندی و هاوکارییەکی پتەویان لەگەڵ یەکتردا هەیە، لێرەوە ئێمە ناتوانین بەبێ ڕەخنەی ئەدەبی و مێژووی ئەدەبی، وێنای تیۆری ئەدەب بکەین، هەروەک چۆن ناتوانین بەبێ تیۆری ئەدەبی و مێژووی ئەدەبی وێنای ڕەخنەی ئەدەبی بکەین و بە هەمان شێوە ناتوانین بەبێ ئەو دووانە وێنای مێژووی ئەدەب بکەین، بەڵام سنوور و جیاوازیشیان لەنێودا هەیە و هەریەکەیان لە کارکردندا سەربەخۆیە.

سەرچاوەی تیۆریی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ نووسەری فەڕەنسی گۆستاف لانسۆن (١٨٥٧-١٩٣٤) کە قوتابیی برۆنتێر بووە و مامۆستا بوو لە زانکۆی سۆربۆن، لە ساڵی ١٨٩٤دا کتێبێکی گەورەی چاپ کرد بە ناونیشانی "مێژووی ئەدەبی فەڕەنسی"، لە ساڵی ١٨٩٨یشدا کتێبێکی لەسەر کۆرنای نووسی و لە ١٩٠٦یشدا کتێبێک لەسەر ڤۆلتێر. دواتر فیهرەستێکی قەبە و مەزنی بۆ ئەدەبی فەڕەنسی دروست کرد لە سەدەی شانزدەهەمەوە تا سەدەی نۆزدەهەم.

مێژووی ئەدەبی، بریتییە لە لێکۆڵینەوە و نووسینەوە و دۆکیومێنتکردنی بابەتە ئەدەبییەکانی سەدەکانی پێشوو، یان ساڵانی پێشوو، کە ئەمە بە پلەی یەکەم ئەرکی مێژوونووسانی ئەدەبە، بەپێی زنجیرەی مێژوویی و بەپێی هەنگاوە یەک لەدوای یەکەکانی پێشکەوتنی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک دەنووسرێتەوە، مێژوونووسی ئەدەبی بە جۆرێک مامەڵە لەگەڵ ئەدەب و تێکستی ئەدەبی و هونەرەکانی ئەدەبدا دەکات تا هەلومەرجەکانی قۆناغێکی دیاریکراو

PDF 4 KURD

دەربخات و بارودۆخی مێژوویی ئەو سەردەمە ببەستێتەوە بە جۆر و چەشن و ژانری ئەدەبی، لەتەک پیشاندانی ئەو بابەت و ناوەڕۆکەی ئەدەب کە لە سەردەمێکی جیاوازدا پێشکەشی کردووە، هەروەها مێژووی ئەدەبی لە لایەکی تردا پێشکەوتنی هونەرەکانی ئەدەب و هونەرەکانی دەربڕین و گوزارشتی ئەدەبی، دەردەخات.

مێژووی ئەدەب تا ڕادەیەک زانستێکی نوێیە. لەگەڵ سەرهەڵدانی زانستی مێژووی سیاسی و مێژووی کۆمەلایەتی و مێژووی ئابووریدا سەری هەڵداوە، ئەم زاراوەیە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا لەگەڵ بزووتنەوەی ڕۆمانسیزم لە ئیتالیا و فەرەنسەدا دەرکەوت. ڕۆمانسیزمیش لەو دەمانەدا هەژموونی بەسەر زۆربەی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگە ئەورووپییەکاندا هەبوو، ڕۆمانسیزم بە حەماسەتێکی زۆرەوە بانگەشەی بۆ ئەدەب و زمانی نەتەوەیی و تایبەتمەندیی نەتەوە دەکرد وەک کاردانەوەیەک لە دژی گشتگەرایی مرۆیی لە لای کلاسیزمەکان، لێرەوە ڕۆمانسیستەکان داوایان دەکرد بایەخ بە مێژووی گەلان بدرێت و دەیانوت گەلان خۆیان مێژوو دروست دەکەن، نەک میر و پاشاکان، وەک کلاسیستەکان لەو باوەڕەدا بوون. بەم شێوەیە تەوژمی ڕۆمانسیزم ڕێگایەکی بەرینی بۆ گەشەکردنی مێژووی ئەدەب و بایەخدان بەم زاراوەیە کردەوە.

بەر لە بزووتنەوەی ڕۆمانسیزم شتێک نەبوو بە ناوی مێژووی ئەدەبی. ئەوەی هەبوو بریتی بوو لە لێکۆڵینەوەی بیبلۆگرافی، یان بیۆگرافیای کەسایەتییەکی ئەدەبی، بایەخدان بە دەستنووسەکان. هەروەها بەرهەمی ئەدەبی و دیاردە ئەدەبییەکان بە دابڕاوی لە یەکدی باس دەکران. هونەرەکانی ئەدەب گرێ نەدەدران بە بزاوتی سەردەمەکەی خۆیانەوە، بەلام چەرخی ڕۆمانسیزم توانیی ئەدەب ببەستێتەوە بە جوولانەوەی مێژوویی و بە سەردەمەکەی خۆی، بەم

شێوەیە لە سەدەی نۆزدەهەمدا مێژووی ئەدەب لەدایک بوو و خۆی جیاکردەوە لە ڕەخنەی ئیستاتیکی و فەلسەفی و بیبلۆگرافیا و بیۆگرافیا، لەوە بەدوا مێژوونووسانی ئەدەب هونەرەکانی ئەدەبیان بەستەوە بە سیاقە مێژووییەکەیەوە لە میانی گرێدانیەوە بە لایەنە جیاوازەکانی ژیانی ماتریالّی و ڕۆحیی گەلان.

سەرباری ئەمە، مێژووی ئەدەب بایەخ بە پێشکەوتنی زەمەنی دەدات. بەدوای ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەدا دەچێت کە شاعیران و نووسەرانی سەردەمە جیاوازەکان بەرهەمیان هێناون، بۆ ئەوەی کۆیان بکاتەوە و تەدوینیان بکات. وڵاتی فەرەنسە شوێنی لەدایکبوونی مێژووی ئەدەبییە، چونکە هەر لەو وڵاتەدا بۆ یەکەم جار بزووتنەوەی ڕۆمانسیزم سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە، وەک چۆن فەرەنسە شوێنی لەدایکبوونی زۆربەی تەوژم و ڕەوتە ئەدەبی و هونەرییەکان بووە. مێژووی ئەدەبی لەتەک هیبۆلّت تێن و برۆنتێر و سانت بێڤ و ماسیۆ ئارنۆڵد و لانسۆن و زۆری تریش پەرەی پێدرا و وەک میتۆدێکی گەشەکردوو گەیشتە سەدەی بیستەم. ئیدی چەند ناوێکی تری لەخۆگرت، وەک: ڕەخنەی مێژوویی، میتۆدی مێژوویی، مێژووی ڕەخنەیی. دواتر ڕەوتێکی تر سەری هەڵدا و ئەو ڕەوتەش باوەڕی وابوو کە سەرانسەری کاری ئەدەبی ملکەچی هۆکارە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانە. ئیدی لێرەوە میتۆدی مێژوویی و میتۆدی سۆسیۆلۆژی و میتۆدی سایکۆلۆژی لە ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا پەیدا بوون.

ئەم زاراوەیە درەنگ گەیشتە ئەدەبی گەلانی خۆرهەڵات. لە ئەدەبی عەرەبیدا یەکەم کەس کە لە مێژووی ئەدەبی عەرەبیی کۆڵیبێتەوە (حسن توفیق العدل) بوو کە پاش ئەوەی لە ئەڵمانیا گەڕایەوە بۆ میسر، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەدەبی عەرەبیی دابەش کردە

سەر پێنج قۆناغی مێژوویی: ئەدەبی جاهیلی، ئەدەبی ئیسلامی، ئەدەبی ئومەوی، ئەدەبی عەباسی، ئەدەبی نوێ.

لە ئەدەبی کوردیدا چەند نووسەرێک چەند بەشێکی گرنگیان لە مێژووی ئەدەبی کوردی نووسیوەتەوە، لەوانە ئەمین فەیزی (لە بیستەکاندا "ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد"ی نووسیوە) و ڕەفیق حیلمی (لە چلەکاندا "شیعر و ئەدەبیاتی کوردی"ی نووسیوە) و عەلائەدین سجادی (لە پەنجاکاندا "مێژووی ئەدەبی کوردی"ی نووسیوە) و سدیق بۆرەکەیی (لە کۆتایی هەشتاکاندا لە ئێران "مێژووی وێژەی کوردی"ی نووسیوە)، دواجار د. مارف خەزنەدار لەم چەند ساڵەی دواییدا "مێژووی ئەدەبی کوردی"ی لە حەوت بەرگدا چاپ و بڵاوکردەوە.

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**

١ - نظرية الأدب، رينيه ويليك و اوستن وارين.
٢- في نظرية الأدب، د. شكري عزيز ماضي.
٣ - المفكرة النقدية، د. بشرى موسى صالح.
٤ - المعجم المفصل في الأدب، د. محمد آلتونجي.
٥ - المعجم المفصل في اللغة والأدب، د. أميل بديع و د. ميشال عاصي.
٦ - قاموس مصطلحات النقد الأدبي المعاصر، د. سمير سعيد حجازي.
٧- معجم مصطلحات فروع الأدب المعاصرة ونظريات الحضارة، د. سمير سعد حجازي.
٨- مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مارف خەزنەدار، بەرگی ١.

PDF 4 KURD

## ناراتۆلۆجی- زانستی گێڕانەوە Narratology

ناراتۆلۆجیNarratology، یان زانستی گێڕانەوە، بە عەرەبی (علم السرد) یان (السردیة) و (السردیات)، لقێکە لە لقەکانی لێکۆڵینەوەی فۆرمالیزم و بونیادگەریی زمانەوانی. لە سیستمەکانی گێڕانەوە دەکۆڵێتەوە بە فۆرم و دەرکەوتە جیاجیاکانی، هەروەها لەو بنەمایانەش ورد دەبێتەوە کە گێڕانەوەی لەسەر دادەمەزرێت. ناراتۆلۆجی بریتییە لە تیۆری گێڕانەوە کە لە بونیادگەرییەوە وەرگیراوە، واتە بریتییە لە بونیادی گێڕانەوە.

ناراتۆلۆجی لە سروشت و شێوە و وەزیفەی گێڕانەوە دەکۆڵێتەوە، هەروەها هەوڵدەدات سیمای هاوبەش و هاوکات خاڵی جیاواز لە نێوان هەموو چەشن و فۆرمەکانی گێڕانەوەدا بدۆزێتەوە. یەکەم جار تزڤیتیان تۆدۆرۆڤ ئەم زاراوەیەی بەکار هێناوە.

ئەم زاراوەیە لە لێکۆڵینەوەکانی ئەنترۆپۆلۆژیستی فەڕەنسی کلۆد لیڤی ستراوس (١٩٠٨-٢٠٠٩) سوودێکی زۆری لێ وەرگیراوە، بە تایبەتی کاتێک لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەفسانەکانی میللەتە سەرەتاییەکان دەکات، ئەفسانە لای ستراوس بریتییە لە بونیادێکی دوو سەرە، یەکێکیان جیهانییە و ئەوی دیکەیان ناوچەییە، لایەنی جیهانییەکەی سەرجەمی ئەفسانەکان پێکەوە دەبەستێتەوە و توێژەری ناراتۆلۆجیش لەو لایەنە دەکۆڵێتەوە.

پاشان ئەم زاراوەیە لە لای هەندێ لە بونیادگەراکان پەرەی زیاتری پێدراوە، بە تایبەتی لە لای ڕەخنەگری فەڕەنسیی بەڕەچەڵەک بولگاری تزڤیتیان تۆدۆرۆڤ (١٩٣٣- ...) و لێکۆڵیاری فەڕەنسی جۆلیان گریماس (١٩١٧-١٩٩٢) و ڕەخنەگری فەڕەنسی جیرار جینێت (١٩٣٠...) و ڕەخنەگر و توێژەری ئەمریکی جیراڵد پرێنس. هەندێ کەس پێیان وایە تۆدۆرۆڤ یەکەم توێژەر و ڕەخنەگری ئەدەبییە کە ئەم زاراوەیەی لە بونیادگەریی ئەدەبیدا بەکار هێنابێت و ناوی

"ناراتۆلۆجی Narratology"ی لێ نابێت. هەروەها لە لای فۆرمالیستی ڕووسی ڤلادیمێر پرۆپ (١٨٩٥-١٩٧٢) کە خوێندنەوەیەکی ناراتۆلۆجییانەی بۆ حیکایەتە خورافییە میللییەکان کردووە.

لێرەدا هەندێ زاراوەی دی هەن پەیوەستن بە لێکۆڵینەوەکانی بواری ڕۆمان و هەموو تێکستێکی ئەدەبیی گێڕانەوەیی وەک نۆڤلێت و چیرۆک و کورتە چیرۆک و شانۆنامە و داستان و چیرۆکی میللی و زۆری تریش. ئەو زاراوانەش ئەمانەن: (گێڕانەوە، السرد، narrative) و (کاری گێڕانەوەیی، العملیة السردیة narration) و (گێڕەرەوە، السارد narrateur) و (بۆگێڕەرەوە، المسرود لە، narrataire).

زانستی گێڕانەوە تەنها لەسەر ئەو تێکستە ئەدەبییانە ناوەستێت کە بە شێوەیەکی تەقلیدی گێڕانەوەی تیادایە، وەک چیرۆک و ڕۆمان، بەڵکو دەچێتە سەر چەندین کاری هونەریی دیکە کە فۆرمی تری گێڕانەوە لەخۆدەگرن، بۆ نموونە: کارە هونەرییەکانی شێوەکاری وەک تابلۆ و پەیکەر، یان فیلمی سینەمایی، گێڕانەوەی زارەکی، مۆسیقا و سیمفۆنیا، مێژوو، بیۆگرافیا، هەروەها وێنەی جوڵاو، تەنانەت پۆستەرەکانی ڕیکلام و پرۆپاگەندەش، چونکە لە هەموو ئەم شێوانەدا چیرۆکێک هەیە و بەرێگەیەکی جیاواز دەگێڕدرێتەوە، لێکۆڵیاری ئەو بوارە ڕەگەزەکانی گێڕانەوەی تیا دەردەهێنێت و شییان دەکاتەوە، لێرەدا ناراتۆلۆجی لەگەڵ سیمیۆلۆژیادا یەک دەگرن، یان بەنێو یەکدیدا دەچن و یارمەتیی یەکدی دەدەن بۆ خوێندنەوەی کۆدەکانی گێڕانەوەیی لە ئاماژەکاندا.

جیرار جینێت بنەماکانی بونیادگەری دەکات بە تیۆریزە بۆ تێکستی گێڕانەوەیی، ئەمەش لە میانی پەیوەندیی نێوان ئەو سیستمەی تەحەکوم بە ڕووداوەکان دەکات بەو شێوەیەی تێکستەکە دەیگێڕێتەوە، لەگەڵ زنجیرەی زەمەنی مێژوویی ڕووداوەکان و

دواجار خودی پرۆسەی گێڕانەوەکە. لێرەدا جینێت پشت بە گوتاری گێڕانەوەیی دەبەستێت، واتە پرۆسەی گێڕانەوەکە، بە پێچەوانەی گریماس کە پشت بە بابەتی گێڕدراوە دەبەستێت، نەک پرۆسەی گێڕانەوە، بەڵام دواتر هەردوو شێوازەکەی گێڕانەوە، لە لای هەندێ لێکۆڵیاری ئەدەبی، تێکەڵ کرا و بایەخ بە دەنگی گێڕەرەوە و کەسایەتییەکانی ڕۆمان درا، تەرکیزیان دەکردە سەر ئەوەی ڕۆمان چی دەگێڕێتەوە و چۆنی دەگێڕێتەوە.

بەڵام ئەم ڕەوتە لە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییدا، دواجار، کەوتە بەر ڕەخنەیەکی زۆرەوە، بە تایبەتی لەو دەمانەدا کە ڕەخنە لە بونیادگەری و کەموکورتییەکانی دەگیرا، چونکە لایەنگرانی ناراتۆلۆجی تێکستیان لە زمانی گێڕانەوەیی و لە ڕەگەزەکانی گێڕانەوەدا سنووردار دەکرد، لە گرنگیی ئەو کۆنتێکستانەیان (سیاقات) کەم دەکردەوە کە تێکستی گێڕانەوەیی لەسەر دادەمەزرێت، بە تایبەتی کۆنتێکستی ڕیاڵی و کۆمەڵایەتی.

لە ئاراستەیەکی تردا، گێڕانەوە بریتییە لە زاراوەیەکی ئەدەبی و هونەری کە نووسەر، یان یەکێک لە کەسایەتییە سەرەکییەکان لە تێکستی گێڕانەوەییدا، ڕووداوەکان لە کات و شوێنێکی دیاری کراودا دەگێڕێتەوە، بە ئامانجی بەرجەستەکردنی ڕوودا و کێشە و قەیرانەکان لە جوانترین وێنەدا، یان گێڕانەوەی چەند ڕووداوێکی واقیعی، یاخود ڕووداوگەلێک کە هیچ پەیوەندییەکیان بە واقیعەوە نییە.

لە ڕەخنەی نوێی عەرەبیدا، ژمارەیەک نووسەر و ڕەخنەگری وەک سەعید یەقتین و فازڵ سامر و عەبدولمەلیک مورتاز، لە کتێبەکانیاندا بایەخێکی زۆریان بەم زاراوەیە و بەم ژانرە ئەدەبییە داوە. لەژێر تیشکی بنەماکانی ناراتۆلۆجیی خۆرئاواییدا، هەوڵیان داوە سیستمەکانی گێڕانەوە لە ڕەخنەی عەرەبیدا شی بکەنەوە.

PDF 4 KURD

خوێنەر دەتوانێت، بۆ فراوانکردنی زانیارییەکانی لەبارەی ئەم زاراوەیە، سەیری ئەم سەرچاوانە بکات:

١- دليل الناقد الأدبي- ميجان الرويلي و سعد البازعي.
٢- نظرية المنهج الشكلي- ترجمة: ابراهيم الخطيب.
٣- المعجم السردي- جيرالد برينس.
٤- مصطلحات النقد العربي السيماءوي- د. مولاي علي بوخاتم.
٥- ذاكرة النقد الأدبي- محمد عبدالمطلب.
٦- تحليل الخطاب الروائي- سعيد يقطين.
٧- الصوت الآخر- فاضل ثامر.
٨- في نظرية الرواية- د. عبدالملك مرتاض.
٩- فرهنگ اصطلاحات ادبى، تاليف: سيما داد، انتشارات مرواريد، تهران، چاپ سوم، ١٣٨٥

### نۆرم Norme

نۆرم Norme، واتە پێوەر، یان نموونە، یان ڕێسا، بە عەرەبی: (المعيار، النموذج، القاعدة)، ئەم زاراوەیە بە مانا بەرفراوانەکەی واتە حاڵەتێک لە شتەکان وەک ئەوەی لە لای گرووپ پێوەر بێت، یان نموونە بێت، یان لە دیدی دەستەی کۆمەڵایەتییەوە وەک ڕێسا تەماشا بکرێت. کاتێک کۆمەڵگەیەک دەکەوێتە بارودۆخێکی ئاڵۆزەوە، واتە نۆرمەکانی لە دەست داوە، یان تێکەڵوپێکەڵی کردوون، لێرەدا بۆ سیستماتیزەکردنی ماناکان دەبێ چەند نۆرمێک هەبن، چونکە نۆرم هەم مانا ڕێک دەخات، هەم ژیانی کۆمەڵایەتی سیستماتیزە دەکات. لێرەدا نۆرم جیاوازە لە دابونەریت، خۆبەستنەوەی کۆمەڵایەتی بە چەند نۆرمێک مانای وا نییە ئەو کۆمەڵگەیە نەریتخوازە، بەڵکو مانای وایە ئەو کۆمەڵگەیە (تەنانەت تاکەکەسیش) بەپێی سیستم پەیوەندییەکانی ڕێک دەخات.

لە ئەدەب و تێکستی ئەدەبیدا نۆرم دەبێتە هۆی ڕێکخستنی ناوەکیی فۆرم و ناوەڕۆک. نۆرم ئەدەبییەت بە ئەدەب و شیعرییەت بە شیعر دەبەخشێت. ئەدەب لە هەر سەردەمێکدا نۆرمی خۆی هەیە، بۆ نموونە نۆرمی ڕۆمانسیزم لە سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەم، یان نۆرمی ڕیالیزم و بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان لە سەدەی نۆزدەیەم و سەدەی بیستەم، یان نۆرمی فۆرمالیزم. دیسان وەک چۆن نۆرمی کۆمەڵایەتی و نۆرمی ئەدەبی هەیە، بە هەمان شێوە نۆرمی ئیتیکی و نۆرمی لۆجیکی و نۆرمی ئیستاتیکی و نۆرمی مێژووییش هەیە. نۆرم دەڵێ هەموو یاسایەک ڕێسای خۆی هەیە و هەموو ڕێسایەکیش بونیادی ناوەکیی هەیە.

PDF 4 KURD

پەراوێز:

١- معجم المصطلحات الأدبية، ترجمة: الدكتور محمد حمود.
٢- المعجم الفلسفي، الدكتور جميل صليبا، الجزء الاول.
٣- موسوعة لالاند الفلسفية، اندريه لالاند، ترجمة: د. خليل أحمد خليل، الجزء الاول.
٤- المعجم المفصل فى الأدب، د. محمد آلتونجي.

PDF 4 KURD

## نۆستالجیا Nostalgia

نۆستالجیا، یان نۆستالژیا nostalgia، واته سۆزی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو. (الحنين الى الماضي)، نوستالجیا وشەیەکی یۆنانیی کۆنە و ئاماژە بۆ ئەو ئازار و ناخۆشییانە دەکات کە نەخۆش دوچاری دەبێت بە هۆی سۆزی گەڕانەوەی بۆ ژینگەکەی خۆی و ترس لەوەی نەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی شوێن و ژینگە بنەڕەتییەکەی. ئەم زاراوەیە بە مانا مەجازییەکەی، واتە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، یان سۆز بۆ ڕابردوو، بۆ شوێنی یەکەم.

زەمەنی نۆستالژیا پەیوەستە بە زەمەنی ڕابردوو. گوتاری نۆستالژیا گوتارێکی ڕابردووخوازە. کەسی نوستالژیا دەخوازێ بوونی خۆی لە ڕابردوودا پایەدار بکات، بەو پێیەی ڕابردوو هەمیشە سەردەمی شکۆ و سەروەرییە، چونکە لە ئێستادا ئەو شکۆ و ڕەسەنێتییە بوونی نەماوە.

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**

- گوتاری نوستالژیا، دانا سەعید سۆفی، گۆڤاری (سەراب) ژمارە٣-٤-ساڵی١٩٩٦.

PDF 4 KURD

## نەرسیزم، نەرگسیزم Narcissisme

نەرسیزم Narcissisme، (النرجسية، حب الذات)، واتە خودخۆشویستن. کەسێک کە بە ئەندازەیەکی نائاسایی سەرسام بێ بە خۆی و خۆی خۆشبوێت. لە ئەفسانەی یۆنانیدا "نێرسیس" گەنجێکی زۆر جوان بووە و بە ڕادەیەکی زۆر شانازیی بە جوانییەکەیەوە کردووە، هەمیشە بە کەناری ڕووبارەکەدا دەرۆیشت و زوو زوو دەوەستا و لە ئاوەکەدا تەماشای جوانیی خۆی دەکرد، خواوەندەکان لێی تووڕە بوون و کردیان بە گوڵی نێرگز، ئیدی هەموو ساڵێک گوڵی نێرگز لە کەناری ئاوەکاندا لە سەرەتای بەهار و بۆ ماوەیەکی کورت دەردەکەوێت. ئەم ئەفسانەیە بە شێوەی جیاجیا، بەڵام نزیک لەم ناوەڕۆکە، دەگێڕدرێتەوە.

نەرگسیزم زاراوەیەکی ئەدەبی و سایکۆلۆجییە، گوزارشتە لە سەرسامبوون بە خود تا ئاستی عەشق و خودئەڤینی. ئەمە لە ژمارەیەکی زۆری تێکستی ئەدەبیدا بەکار هێنراوە، بە تایبەتی لە لای شاعیران، هەروەک لە مێژوودا چەندین کەسایەتی دوچاری خودئەڤینی بوون وەک نیرۆن و ئەسکەندەری گەورە و یۆلیۆس قەیسەر.

فرۆید لە لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی ١٩١٤دا پێی وایە ئەم حاڵەتە سایکۆلۆجییە لە هەموو کەسێکدا بەرێژەی جیاجیا هەیە و ئەمە بۆ داهێنان پێویستە، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی نائاسایی لە ئەندازەی خۆی زیادی کرد، ئەوا دەبێت بە نەخۆشیی دەروونی و لادانی سێکسی، چونکە ئەو کەسە لەو بارودۆخەدا سەرسام دەبێت بە جەستەی خۆی و بە شێوەی جیاواز ئەو سەرسامییە دەردەبڕێت. ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار لە لایەن ئەلفرێد بینی (١٨٥٧-١٩١١) بەکار هاتووە و پاشان هاڤلۆک ئالیس (١٨٥٩-١٩٣٩) لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووە و فرۆیدیش بایەخی پێداوە.

فرۆید وای دەبینێت دەرکەوتنی نێرگسیزم لە قۆناغی یەکەمدا کە قۆناغی منداڵییە، حاڵەتێکی سروشتی و ئاساییە و پەیوەندیی بە جۆری پەروەردەوە هەیە، بەڵام لە قۆناغی دووەمدا کە قۆناغی گەورەبوونە وردە وردە لە لای هەرزەکار کەم دەبێتەوە؛ خۆ ئەگەر کەم نەبووەوە و لەگەڵ گەورەبوونی تەمەندا ئەویش زیاد بکات، ئەوسا دەبێت بە نەخۆشییەکی سایکۆلۆجی. لێرەدا ئەو کەسە بە شێوەیەکی ناسروشتی هەڵسوکەوت دەکات و لە دنیای دەرەوە دادەبڕێت و تووشی وەهمی خۆبەزلزانین و خۆبەمەزنزانین دەبێت، ئیدی خۆی بە پیرۆز دەزانێت و بۆچوونەکانی خۆی دەسەپێنێت و هیچ ڕەخنە و گفتوگۆیەکیش قبووڵ ناکات، بەم دۆخە دەوترێت ئیگۆتیزم، لێرەدا خودئەڤینی یەکسان دەبێت بە خودپەرستی.

**بڕوانە:**


١- معجم العلوم الانسانية، جان فرانسوا دورتيه، ترجمة: د. جورج كتوره.

٢- المعجم المفصل في الأدب، د. محمد آلتونجي.

٣- الموسوعة الجنسية النفسية، د. عبدالمنعم الحفني.




PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

### هەڵوەشاندنەوە Deconstruction

هەڵوەشاندنەوە Deconstruction، یان هەڵوەشانەوەگەری، لە عەرەبیدا بە (التفكيك) و (التفكيكية) و (التقويض) و (التهديم) و (التشريحية) بەکار هێنراوە. مانای فەرهەنگیی ئەم وشەیە واتە هەڵوەشاندنەوەی بینایەک و بنیاتنانەوەی دەگەیەنێت، بەڵام لە مانای زاراوەییدا تەنها هەڵوەشاندنەوە دەگرێتەوە بەبێ بیناکردنەوە، یان بریتییە لە کردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی بنیاتی ئایدیۆلۆجیایەکی مەوروس. ئەم زاراوەیە وەک میتۆدێک لە کایە مەعریفییەکانی پۆست مۆدێرنەدا، لە فەلسەفە و مێژوو و ئەدەب و زانستی زمان و یاسا و تەلارسازیدا سوودی لێ وەرگیراوە و پراکتیک کراوە.

فەیلەسەفی فەڕەنسی جاک دێریدا (١٩٣٠-٢٠٠٤) داهێنەری ئەم زاراوەیە. لە لای دێریدا هەڵوەشاندنەوە بریتییە لە خوێندنەوە و هەڵوەشاندنەوەی فیکری میتافیزیکی ئەورووپی بە مانا پۆزەتیڤەکەی. خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەیی خوێندنەوەیەکی دوو سەرەییە: لە سەرێک هەوڵدەدات لیکۆڵینەوە لەسەر تێکست (هەر تێکستێک بێت) بە شێوەیەکی تەقلیدی ئەنجام بدات بۆ دەرخستن و سەلماندنی مانا دیار و ئاشکراکانی ئەو تێکستە، پاشان، لە سەرێکی تر هەوڵدەدات لە خوێندنەوەیەکی پێچەوانەدا، ئەو مانا ئاشکرایانە هەڵبوەشێنێتەوە و مانا شاراوە و نەوتراوەکانی ئاشکرا بکات. ئامانجی ئەم چەشنە خوێندنەوەیە بریتییە لە دۆزینەوەی درزەکانی نێوان مانای ئاشکرا و مانای نهێنیی تێکست، واتە درزی نێوان ئەوەی تێکست لە ڕووکاردا دەیڵێت و ئەوەیشی کە پەنهانە و ئاشکرای ناکات.

ئەم زاراوەیە پەیوەستە بە ڕەوتەکانی پۆست مۆدێرنیزم و لەپاش میتۆدەکانی بونیادگەری هاتووەتە ئاراوە. ئەم تیۆرییە ئارگۆمێنت و مشتومڕێکی زۆری وروژاندووە لە نێوان لایەنگران و ئەوانەیش کە ڕەخنەی لێ دەگرن و ڕەتی دەکەنەوە، چونکە ئەم تیۆرییە، تیۆرییەکی

ئاڵۆز و بەرین و لقوپۆپدارە و زەحمەتە ماناکانی لە پێناسێکدا کۆبکرێتەوە، بۆیە وەرگێڕ و ڕەخنەگرانی عەرەب لە گواستنەوەی ماناکانی ئەم زاراوەیەدا دوچاری پشێوی و ناهاوسەنگی و تەمومژ بوون؛ بۆ نموونە هاشم ساڵح بە (التفکیکیة) وەریگێڕاوە و عبدالسلام المسدی بە (التفکیک) و عبدالله الغذامی بە (التشریحیة)، واتە ئەناتۆمیکردنی جەستەی تێکست. لە شیکردنەوەی زاراوەکانی ئەم تیۆرییەشدا نارۆشنی و جیاوازی بەدی دەکرێت.

ئەم تیۆرییە لە یەکێک لە لایەنەکانیدا بایەخ بە خوێندنەوە دەدات و شوێنگەی خوێنەر بەرز دەکاتەوە، لە ڕێگەی هەڵوەشاندنی ماناکانی تێکستدا دەرگای فرەخوێندنەوەیی دەکاتەوە. جاک دێریدا جەخت لەوە دەکات کە خوێندنەوەکانی خۆیشی قابیلی هەڵوەشاندنەوە و خوێندنەوەی دیکەن، چونکە هەموو خوێندنەوەیەکی دیاریکراو تا ئەندازەیەک بەدحاڵیبوون هەڵدەگرێت و هەوڵدەدات ستراتیژی خۆی بەسەر تێکستدا بسەپێنێت، بۆیە پشت بە تەنیا یەک خوێندنەوە، یان دواخوێندنەوە نابەسترێت. لێرەدا هەڵوەشانەوەگەری لە دیدی دێریدا دەبێت بە تەوژمێک پارچە و بەشەکانی تێکست لێکدی دەترازێنێت بۆ ئەوەی بە وردی لایەنە شاراوەکانی ببینێت، چونکە وەک دێریدا دەڵێت هیچ تێکستێک بریتی نییە لە کۆیەکی هاوڕەگەز و پێکەوەگەنجاو، بگرە لە هەموو تێکستێکدا، تەنانەت لە تێکستە میتافیزیکە هەرە تەقلیدییەکانیشدا، هێزێک هەیە خودی تێکستەکە هەڵدەوەشێنێت. ئەم تەوژمە فۆرمێکە لە فۆرمەکانی خوێندنەوە و نووسین. دەشێت ئەم ڕەوتە لە لایەنێکی دیکەیدا بریتی بێت لە کایەیەکی ڕەوانبێژی، یاخود شێوازگەری، چونکە لە میتافۆر و خوازە و ستایلی تێکست ورد دەبێتەوە.

دێریدا لە بنەڕەتدا دەیەوێت لە میانی ئەم تیۆرییەوە ڕەخنە لە دوالیزمە دژەکانی فیکری خۆرئاوایی بگرێت، وەک: ئەقڵ/سۆز،

PDF 4 KURD

ئەقڵ/جەستە، خود/ئەویدی، جەستە/ڕۆح، نێر/مێ، خۆرئاوا/خۆرهەڵات. لەم تێڕوانینەدا هەمیشە بڵندگەرایی و ئیمتیازێکی پتر بە لایەنی یەکەمی دوالیزمەکە دەبەخشرێت و لایەنی دووەمیشی بە نزمگەرایی و پەراوێزگەرایی دەهێڵێتەوە. دێریدا لەم سێ کتێبەیدا: (نووسین و جیاوازی)، (گراماتۆلۆجی)، (دەنگ و دیاردە) هەوڵدەدات دید و فەلسەفەی هەڵوەشانەوەگەری ڕوون بکاتەوە، لەوێدا هەندێ زاراوەی داهێناوە وەک: جیاوازی، پاشکۆ، تەئجیل، بڵاوبوونەوە، یان پەرتبوون، هەندێ زاراوەی دیکە کە لە تێگەیشتنی چەمکەکانیاندا و لە وەرگێڕانیاندا ئاڵۆزی و مشتومڕ و نارۆشنی دەخوڵقێنن.

ئەم زاراوەیە لە فەلسەفە و مێژوودا پتر بەکار دەهێنرێت وەک لە ڕەخنەی ئەدەبی، بەڵام واقیعی ڕۆشنبیری ئەم زاراوەیەی هێنایە نێو لێکۆڵینەوەکانی ڕەخنەی ئەدەبیشەوە، بۆئەوەی لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ تێکستدا سوودی لێ وەربگیرێت و ئاسۆیەکی دیکە بۆ خوێندنەوەی تێکستی ئەدەبی بکاتەوە. تەنانەت دێریدا لە کتێبی (بڵاوبوونەوە)دا باس لە بیرۆکەی نووسین لای ئەفلاتون دەکات، هەروەها لە میانی کۆپلە شیعرێکی مالارمێدا باس لە چەمکی لاساییکردنەوە-موحاکات دەکات، لە بەشێکی تردا ڕۆمانێکی فیلیپ سۆلێر شی دەکاتەوە، هەروەها لەبارەی فەیلەسووفی ئەڵمانی نیچە و بیریاری فەرەنسی جاک لاکان دەنووسێت.

دێریدا لە نووسینێکیدا لە ساڵی ١٩٦٧ ڕەخنە لە دوالیزمی گوتاری ئەدەبی/گوتاری نا ئەدەبی، یاخود جیاوازیکردن لە نێوان زمانی ئەدەبی و زمانی کایە زانستییەکانی دی، دەگرێت، بەو پێیەی تێکست، سا لە هەر کایەیەکدا بێت، مومکینە هەڵبوەشێنرێت و لەناوەوە وردەکارییەکانی ببینرێت و خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ بکرێت. لێرەدا ئامانجی خوێندنەوەی تێکست بریتی نییە لە گەیشتن بە مانایەکی دیاریکراو، بەڵکو ئامانجی ئەم چەشنە خوێندنەوەیە بریتییە لە

PDF 4 KURD

ڕەتکردنەوەی بونیادێکی جێگیر، هەروەها ڕەتکردنەوەی ئاماژەکانی دال و مەدلوول کە دی سوسێر دای هێناوە. لە ئاکامی ئەمەشدا بیرۆکەی سێنتەر، یان سێنتەریزم ڕەت دەکرێتەوە. لەم خاڵەوە دێریدا ڕەخنە لە سێنترالیزمی ئەورووپی دەگرێت.

دێریدا تەنها لە ئاستی هەڵوەشاندندا دەوەستێت و پێشنیاری هیچ ئەلتەرناتیڤێک ناکات، واتە پاش ئەوەی لایەنی ستاتیک و جێگیری فیکری میتافیزیکیی خۆرئاوایی هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەلتەرناتیڤێک پێشکەش ناکات، چونکە پێی وایە ئەلتەرناتیڤ جۆرێکی ترە لە جێگیری و میتافیزیک، بۆیە تەنها بە پرۆسیسەکردنی هەڵوەشاندنەوە واز دەهێنێت. ئەم چەمکە بە پلەی یەکەم لە ئەمریکادا ڕەواجی زیاتری پەیدا کرد نەک لە فەرەنسە، دەبینین ناوبانگ و بیرە ستراتیژییەکانی دێریدا پتر لە زانکۆکانی ئەمریکادا و لە لای هەندێ فەیلەسووفی وەک جۆریف هیلیز میللەر و جیۆفری هارتمان و پۆل دی مان و هارۆڵد بلۆم برەویان هەیە، خۆیشی لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا لە زانکۆی کالیفۆرنیا و زانکۆی یالی ئەمریکیدا وانەی وتووەتەوە و لەو کاتانەدا لە ئەمریکا دەژیا.

دواجار، بیری هەڵوەشاندنەوەی دێریدا، ئاسۆی بیرکردنەوەیەکی دیکەی بۆ پەراوێزە فەرامۆشکراوەکانی واقیع کردەوە.

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**

١- النقد الأدبي الحديث من المحاكاة الى التفكيك، د. ابراهيم محمود خليل.
٢- ذاكرة النقد الأدبي، محمد عبدالمطلب.
٣ - دليل الناقد الأدبي، د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي.
٣- مصطلحات النقد العربي السيماءوي، د. مولاي علي بوخاتم.
٤- فرهنگ اصطلاحات ادبی، تالیف: سیما داد، انتشارات مروارید، تهران، چاپ سوم، ١٣٨٥

PDF 4 KURD

## هێرمینیۆتیکا Hermeneutics

هێرمینیۆتیکا Hermeneutics، بە کوردی: تیۆری شیکردنەوە و ڕاڤەکردن، بە عەرەبی: (نظرية التأويل)، بریتییە لە دیاریکردنی مانای زمانەوانی لە کاری ئەدەبیدا لە میانی شیکردنەوە و دارِشتنی ماناکان و هەروەها دەربڕینی بۆچوون و قسەکردن لەبارەی تێکستەکە. زۆر جار ئەم چەشنە ڕاڤەکردن و شیکردنەوەیە جەخت لە بەشە ئاڵۆز و پڕ لە مەجازییەکانی تێکست دەکات. دەشتوانین بڵێین هێرمینیۆتیکا لە فراوانترین مانایدا بریتییە لە ڕوونکردنەوەی ئامانجەکانی هەر کارێکی ئەدەبی، یان هونەری وەک گشتێک. لێرەدا هێرمینیۆتیکا دەچێتە نێو شیکردنەوەی تایبەتمەندی و سیماکانی تێکست و هەر کارێکی ئەدەبی و هونەری، کە پاشان لە ڕەگەز و بونیاد و نیاز و کاریگەرییەکانی ئەو کارانە ورد دەبێتەوە.

هەندێ لە توێژەران پێیان وایە زاراوەی هێرمینیۆتیکا بریتییە لە تیۆری تەئویل، بۆیە هیچ سنوورێک نییە چوارچێوە بۆ بوارەکانی ئەم زاراوەیە دابنێت تەنها گەڕان بەدوای مانا و پێویستیی ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردنی ئەو مانایە نەبێت.

پرۆسەی هێرمینیۆتیکا تەنها لە تەئویلی ئەدەبیدا قەتیس ناکرێت، بەڵکو دەتوانێت لە هەموو تێکستە ئایینی و ئەفسانەیی و شیعری و فەلسەفی و ئەدەبی و هونەری و فیکری و تەنانەت زانستییەکانیشدا پرۆسەی خۆی بکات، بەگشتی هێرمینیۆتیکا میتۆدێکی تەئویلی نییە کە سیفات و ڕێسای تایبەتی و تیۆریی ڕێکخراوی هەبێت.

هێرمینیۆتیکا مێژوویەکی قووڵ و دوورودرێژی هەیە، ڕیشەی ئەم مێژووە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شیکردنەوە هێماییانەی لە سەدەی شەشەمی پێش زایندا لە تێکستی شیعریی ئەلیادە و ئۆدیسەی هۆمیرۆسدا هەن، هەروەها لە کتێبە پیرۆزەکانی وەک عەهدی کۆن و عەهدی نوێ، بۆیە لە پرۆسەی هێرمینیۆتیکیدا هەوڵ دراوە چەند

PDF 4 KURD

ڕێسایەک دابنرێت بۆ ڕێکخستن و تۆکمەکردنی خوێندنەوەیەکی دروستی کتێبی پیرۆز و خوێندنەوەی پەراوێزەکانی ئەو تێکستانە و ڕاڤەکردنی ماناکانیان، واتە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ماناکانی ناو کتێبی پیرۆز و چۆنێتی پراکتیزەکردنیان لە ژیانی ڕۆژانەدا.

هێرمینیۆتیکا لە سەدەی نۆزدەیەمدا بە شێوەیەکی گشتی بە مانای (تیۆری تەئویلکردن) هاتووە بۆ تێگەیشتن لە ماناکانی تێکستی نووسراو، لەوانە تێکستی یاسایی و تەعبیری و ئەدەبی و ئایینی. لە ساڵی ١٨١٩دا فەیلەسووفی ئەڵمانی فریدریک شلایرماخر لەسەر ئەو بنەمایە تیۆرییەکی دامەزراند بە ناوی تیۆری هونەری تێکست، یان تیۆری چۆنێتی خوێندنەوە و دەرککردنی تێکستەکان، دوای ئەو ویلیام دیلتای (١٨٣٣- ١٩١١) هات و هەمان بیرۆکەی وەرگرت و پەرەی پێدا، هێرمینیۆتیکای بە چەشنێک پێشکەش کرد کە بریتییە لە شیکردنەوە و تەئویلکردنی فۆرمەکانی نووسین لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، بەو پێیەی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان جیاوازن لە زانستە سروشتییەکان.

دیلتای لە دواییدا پرۆسەی تەئویل و هێرمینیۆتیکا ناو دەنێت "بازنەی هێرمینیۆتیکی"، واتە: بۆ ئەوەی لە بەشەکانی هەر یەکەیەکی زمانەوانی تێبگەین، دەبێ پێشوەخت هەستێکمان بەرامبەر بە مانای گشتی هەبێت، بەڵام ئێمە ناتوانین ئەو مانا گشتییە بناسین تەنها لە میانی ناسینی مانای بەشەکان نەبێت. ئەم بازنەیە پەیوەندیی مانای وشەکان لەگەڵ مانای ڕستەدا لێکدەداتەوە، هەروەها پەیوەندیی نێوان ڕستەکانی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لەگەڵ سەرجەمی مانای ئەو کارە ئەدەبییە دەردەخسێنێت، بەڵام دیلتای پێی وا نییە ئەم بازنەیە بە مانا نێگەتیڤەکەی داخراو بێت و هەمیشە بە داخراوی بمێنێتەوە، بەڵکو دەتوانین هەستەکانی خۆمان تێکەڵ بەو مانایانە بکەین.

PDF 4 KURD

لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، لەتەک بایەخدانی فەلسەفە بە کێشەکانی زمان و مانادا، بایەخێکی بەرچاو بەم زاراوەیە درا، هەروەها ڕەخنەی ئەدەبی ئاوڕی لە ماناکانی تێکست دایەوە، بەو پێیەی تێکست بریتییە لە قەوارەیەکی زمانەوانیی پڕ لە مانا، ئامانجی سەرەکیی ڕەخنەش بریتییە لە شیکردنەوە و تەئویلکردنی ماناکانی تێکست.

دواتر تیۆریستی ئەمریکی ئیریک دۆناڵد هیرش و تیۆریستی ئەڵمانی هانز جۆرج گادامێر (١٩٠٠-٢٠٠٢) بایەخێکی ڕاستەوخۆیان بەم زاراوەیە دا، هیرش لەسەر ڕێڕەوی دیلتای دەڕواو پێی وایە خوێنەر دەتوانێت تەئویلێکی بابەتی بۆ ئەو مانایە بکات کە نووسەر گوزارشتی لێ کردووە. هیرش دەڵێ ڕاستە دەق ئەو شتەیە کە نووسەرەکەی مانای بۆ دیاری دەکات، بەڵام هەموو خوێنەرێکی بەتواناش دەتوانێت سەرلەنوێ ماناکان بەرهەم بهێنێتەوە.

گادامێر، لەسەر ڕێڕەوی مامۆستاکەی (مارتن هایدیگەر ١٨٨٩-١٩٧٦) دەڕوا و دەڵێ: تێگەیشتنی ڕاستەقینە لە ئەدەب و تێکستە مرۆییەکان، لەسەر بنەمای خوێنەر و ئەزموونی خوێنەر دادەمەزرێت، ئەگەرچی هایدیگەر بە فەیلەسووفێکی فینۆمینۆلۆژیست دادەنرێت، بەڵام دواجار تێزەکەی هێرمینیۆتیکییە، چونکە ئامانجی سەرەکیی  هایدیگەر بریتییە لە دیاریکردنی مانا کە دەبێ تەئویل ئەو مانایە بنیات بنێت و بەرجەستەی بکات.

گادامێر نکوڵی لە دیاریکردنی (مانای جێگیر) دەکات، گادامێر دەڵێ (مانا ڕێژەییە) و لە ئاکامی گفتوگۆی نێوان تێکست و خوێنەردا دروست دەبێت، مانا ڕێژەییە، چونکە پشت بە تایبەتمەندیی ئاسۆکانی خوێنەری تاک و شوێنکاتی ئەو خوێنەرە دەبەستێت. دیسان هێرمینیۆتیکا لە لای گادامێر بریتییە لە ڕەوتێک لە (ڕاڤەکردن) کە لەسەر (تێگەیشتن) و (دیالۆگ) دادەمەزرێت و لە بۆچوونی دۆگمایی

PDF 4 KURD

دووردەکەوێتەوە. ئەم ڕەوتە هەوڵدەدات ماناکانی ئەو دیاردانە ڕاڤە بکات کە لە بەرامبەریدا هەست بە نامۆیی دەکەین. پێویستە ماناکان، بەپێی کەرەستە مەعریفییەکانی خوێنەر، لە تەئویلێکی گونجاودا دەربخرێن، ئەمەش جیاوازی دەخاتە نێوان تەئویلێک و تەئویلێکی دی، بەو پێیەی هیچ تەئویلێکی کۆتایی، یان دوا تەئویل، بوونی نییە. گادامێر ئەو تێزانە لە کتێبی (ڕاستی و میتۆد- ١٩٦٠) دەخاتە ڕوو.

لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم بەدواوە، بە تایبەتی لەنێو ڕەوتەکانی پاش بونیادگەریدا، بایەخێکی ڕوونتر بە پەیوەندیی نێوان تێکست و خوێنەر دراوە و ڕۆڵی نووسەر فەرامۆش کراوە، لە بەرامبەریدا ڕۆڵی خوێنەر و وەرگر، لە ڕەخنەی ئەدەبیی نوێدا، بە ئەندازەیەکی زۆر برەوی پێدراوە. ئەم ڕەوتە بووە مایەی سەرهەڵدانی تیۆرییەکی نوێ بە ناوی تیۆرەکانی خوێندنەوە و خوێنەر، یان تیۆری وەرگرتن (نظرية التلقي).

**بڕوانە:**

١ – دليل الناقد الأدبي، د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي.
٢– معجم العلوم الانسانية، ترجمه: د. جورج كتوره.
٣– معجم المصطلحات الأدبية، د. مجدي وهبه.
٤ – المفكرة النقدية، د.بشرى موسى صالح.

PDF 4 KURD

## هیومانیزم Humanism

هیومانیزم یان مرۆڤدۆستی humanism، بە عەرەبی (المذهب الانساني)، (الانسانوية)، یان (الانسنة)، ڕەگی ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی "مرۆڤ"، لە زمانی یۆنانیی کۆندا وشەیhumanus بۆ پیاو بەکار هاتووە، هەروەها ئەم وشەیە پەیوەندیی بە چەند وشەیەکی تری نزیکەوە هەیە، وەک humanity واتە ئینسانی،humane واتە بەبەزەیی،humanitarian واتە یارمەتیبەخش و خەیری. ئەم زاراوەیە وەک تەوژمێکی فیکری و فەلسەفی تەرکیز دەکاتە سەر مرۆڤ وەک تەوەرێکی سەرەکی بۆ ڕاڤەکردنی دنیا و گەردوون. ئەگەرچی ڕیشەی ئەم زاراوەیە درێژ دەبێتەوە بۆ چەرخی کلاسیکیی یۆنان و ڕۆمان، بەڵام بە مانا هاوچەرخەکەی، چەمکێکی نوێیە و بەر لە سەدەی نۆزدەهەم لە فەرهەنگی خۆرئاواییدا بەکار نەهاتووە. شاعیری ڕۆمانتیکی کۆلریدج بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨١٢ ئەم زاراوەیەی بەکار هێناوە، بەڵام وشەی هیومانیست لە چەرخی ڕێنیسانسەوە بەکار براوە، لە ڕاستیدا ئەم زاراوەیە مانا و دەلالەتی جۆراوجۆری هەیە و لەهەر سەردەمێکدا بە چەشنێکی جیاواز بەکار هاتووە، هەروەها فۆرمی جۆراوجۆریشی هەیە، وەک: هیومانیزمی ڕێنیسانس، هیومانیزمی ڕۆشنگەری، هیومانیزمی عەلمانی، هیومانیزمی مەسیحی، هیومانیزمی ئیسلامی، هیومانیزمی ڕۆشنبیری، هیومانیزمی ئەدەبی، هیومانیزمی فەلسەفی، هیومانیزمی مارکسی، هیومانیزمی بوونگەرایی و زۆری تریش. لێرەدا هەوڵ دەدەین ماناکانی هیومانیزم ڕوون بکەینەوە.

بەرلەوەی ئەم وشەیە مانای مرۆڤدۆستی بگەیەنێت بەو مانایەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەکار دەهێنرێت، پێشتر بە مانای ئەو بزووتنەوە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییە ئاماژەی بۆ دەکرا کە لە چەرخی ڕێنیسانسدا سەری هەڵدا و لەو دەمانەدا ئەدەبی دێرینی

یۆنانی بایەخی پێدرا و هەوڵیان دا ئەدەب و ڕۆشنبیریی کلاسیکی یۆنانی ببووژێننەوە، بەڵام ئەم زاراوەیە لە مانا هاوچەرخەکەیدا بریتییە لە باوەڕهێنان بە ئینسان، پشت بەو هەڵوێستە فەلسەفییانە دەبەستێت کە باوەڕیان بە تواناکانی مرۆڤ هەیە و دەیانەوێت هەموو گەردوون و سەرجەمی دەستکەوتەکان لە خزمەتی بەختەوەریی مرۆڤ و یەکسانیی نێوان مرۆڤەکاندا بێت. کاری فەلسەفەش بریتی بێت لە بیرکردنەوە لە ئینسان و داکۆکیکردن لە ئازادی و یەکسانی و کەرامەتی مرۆڤ لە دژی هەموو جۆرە چەوساندنەوە و ستەم و داپڵۆسینێک. فەلسەفەی بوونگەرایی و بە تایبەتی جان پۆڵ سارتەر (١٩٠٥-١٩٨٠) ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ئەم زاراوەیە بە مانا هاوچەرخەکەی.

هیومانیزم لە ئیتالیای سەردەمی ڕێنیسانسدا تەرکیزی دەکردە سەر ئەدەب و هونەر، بەڵام لە چەرخی ڕۆشنگەریی سەدەی هەژدەهەمدا و هەروەها لە سەدەی نۆزدەهەمیشدا، لە سەرانسەری ئەورووپادا، هیومانیزم چووە ناو چەندین بواری تری وەک ئایین و پەروەردە و فێرکردنەوە، هەروەها بە مانای ئازادیی ڕەخنەگرتن لە ئایین بەکار هێنرا، واتە ڕەخنەگرتنی ئەقڵانی لە ئایین و کەلەپووری کۆن بە پشتبەستن بە ئەزموون و زانست و بیری ئەقڵانیی پێشکەوتوو، دواتر ئەم ڕەوتە ڕیفۆرمی ئایینیی بەرین و جێگیر کرد.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بزووتنەوەی هیومانیزم لە ئەورووپا و ئەمریکادا فراوان بووەوە، مێژوونووسان وای دەبینن هیومانیزمی نوێ بریتی بوو لە جووڵانەوەیەکی ئەمریکی کە لە ساڵی ١٩١٠ەوە تا ساڵی ١٩٣٣ لە لایەن هەردوو نووسەر ئێرفینگ بابیت و پۆڵ ئێلمەر مۆر، وەک کاردانەوەیەک لە دژی ژیانی زانستیی وشک و تەجریبی، برەویان پێدا. لە ساڵی ١٩٣٣دا یەکەمین مانیفێستی هیومانیزم لە لایەن کۆمەڵێ نووسەر و ڕۆشنبیری ئەورووپی دەرچوو. لە ساڵی

PDF 4 KURD

١٩٣٧یشدا دووەمین مانیفێست دەرچوو کە داوایان دەکرد بایەخی سەرەکی بە تاکەکەس و بە پێداویستییەکانی تاکەکەس لە کۆمەڵگەدا بدرێ.

فەیلەسووفی ئەڵمانی مارتن هایدیگەر (١٨٨٩-١٩٧٦) بابەتێک دەنووسێت بە ناونیشانی "پەیامێک لەبارەی هیومانیزم"، لەوێدا لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە جەخت لە جەوهەرگەرایی ئینسان دەکات و ڕەخنە لە شێواندنی ئینسان و هیومانیزم دەگرێت کە لە سەدەی بیستەمدا دوچاری بووە، بە تایبەتی لەپاش هەردوو جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم، لەوێدا هایگەر دەپرسێت، پاش ئەوەی ئەورووپا لە هەردوو جەنگی جیهانیی سەدەی بیستەمدا ڕووبەڕووی مەینەتی و وێرانی و کوشتنی بەکۆمەڵ و ئامێری وێرانکەر بووەوە، چ مانایەک لە هیومانیزمدا ماوەتەوە؟ هایدیگەر وای دەبینێت هەموو پێناسە کۆن و نوێیەکانی هیومانیزم لەو پێناسە جەوهەرییەی ئەرستۆوە سەرچاوە دەگرن کە دەڵێت: "مرۆڤ ئاژەڵێکی ئەقڵانییە"، ئەگەرچی لێرەدا ئەقڵانییەتی ئینسان لەبیر دەکرێ و لایەنە ئاژەڵییەکەی زاڵدەبێت، لێرەدا ئەخلاق و بەهاکانی مرۆڤ ون دەبن و مانای هیومانیزمیش ملکەچی پوچگەرایی و نیهلیزمی کۆمەڵگەی تەکنیکی دەبێت.

لە ساڵی ١٩٦٩دا نووسەری ئەرجەنتینی ماریۆ لویس ڕۆدریگۆس کۆبۆس کە بە ناوی خوازراوی (سیلۆ)وە دەنووسێت، بزووتنەوەیەکی هیومانیستیی نوێی دامەزراند و ناوی لێ نا هیومانیزمی سیلۆیزم. ئەم بزووتنەوەیە جگە لەوەی جەخت لە تێزەکانی هیومانیزمی عەلمانی دەکات بەو پێیەی مرۆڤ تەوەری سەرەکیی ئازادیی بیروڕایە، ڕەخنەیەکی توند لە سێنتەریزمی ئەورووپیش دەگرێت و ئەو چوارچێوەیە دەشکێنێت کە هیومانیزم تەنها لە کولتوور و جوگرافیای ئەورووپادا دەبینێت. سیلۆیزم بانگەشەی هیومانیزمێکی ڕۆشنبیریی

گەردوونی دەکات کە تایبەتمەندیی هەر ڕۆشنبیرییەکی مرۆیی لە بەرچاو بگرێت. بە پێچەوانەی هیومانیزمی گەردوونیی چەرخی کلاسیکی ئەورووپی، کە لە واقیعدا هیومانیزمی ئەورووپی پابەندی دۆخی ناوچەیی بوو، هەروەها پتر هیومانیزمێکی تیۆری و ئەبستراکتی بوو وەک لەوەی هیومانیزمێکی واقیعی و فیعلی بێت، بۆیە ئەم چەشنە هیومانیزمە ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بووەوە، تەنانەت لە لایەن هەندێ بیرمەندی ئەورووپی و خۆرئاوایی وەک میشیل فۆکۆ و جیل دۆلۆز و کەسانی تریش.
لە فیکر و فەلسەفەی ئیسلامی و عەرەبیدا، لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، بیرمەندی ناسراو د. محەمەد ئارکۆن بایەخێکی بەرچاوی بەم زاراوەیە لە کولتووری ئیسلامیدا داوە و چەند کتێبێکی لەو بوارەدا چاپ کردووە، لەوانە: (نزعة الانسنة في الفكر العربي) کە تێزی دکتۆراکەیەتی و باسی هیومانیزمی میسکەوەیە و ئیبن ڕوشد و فارابی و تەوحیدی و ئیبن سینا دەکات، هەروەها کتێبی (معارک من أجل الانسنة في السياقات الاسلامية)ی هەمان بیرمەند کە لە ساڵی ٢٠٠١دا چاپ کراوە.

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**

١ - دليل الناقد الأدبي، د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي.
٢- معجم العلوم الانسانية، ترجمة: د. جورج كتوره.
٣ - موسوعة لالاند الفلسفية، المجلد الثاني.
٤ - المعجم الأدبي، جبور عبدالنور.

## وێنەی شیعری Image poetry

وێنەی شیعریImage poetry (الصورة الشعرية)، هەندێ جار پێی دەڵێن وێنەی هونەری، بەڵام وێنەی هونەری فرەلایەن و فراوانترە و هەموو هونەرەکان دەگرێتەوە. ئێمە لێرەدا تەنها ئاماژەیەک بۆ وێنەی هونەری دەکەین و پاشان لەبارەی وێنەی شیعری دەدوێین.

وێنە، یان بریتییە لە بەرجەستەکردنی ماتریاڵی، وەک ئەو وێنەیەی پەیکەرتاشێک لە هەڵکەندنی پەیکەرێکدا دەری دەخات، یان ئەو وێنەیەی نیگارکێشێک لە تابلۆیەکدا بەرجەستەی دەکات، یان بریتییە لە خەیاڵ کە ئەدیب لە خەیاڵی خۆیدا دروستی دەکات و بە وشە دەری دەبڕێت. لە یەکەمیاندا وێنە بە چاو دەبینرێت و ماتریاڵ و هەستپێکراوە و خەیاڵ دەورووژێنێت، بەڵام لە دووەمیاندا خەیاڵێکی ڕووت دەبێتە دروستکەری وێنەکە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا خەیاڵ بوونی هەیە و هەست و سۆز دەورووژێنێت.

وێنە لە شیعردا دەبێت بە خوازە و میتافۆر و لێکچواندن. لێرەدا وێنەی شیعری پشت بە خەیاڵ و هەست دەبەستێت، هەروەها پشت بە ئەقڵ و ڕۆشنبیریش دەبەستێت. وێنە لە شیعردا وێنەیەکە خەیاڵی شاعیر بە وشە دروستی دەکات، شاعیریش وەک نیگارکێش وایە و وێنە دەکێشێ، بەڵام کەرەستەی وێنەکێشانی شاعیر جیاوازە. شاعیر بە هۆی زمان و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و شێوازگەرییەوە، لەتەک پشتبەستن بە خەیاڵ، وێنە دەکێشێت، بۆیە دەوترێت: شیعر وێنەیەکی قسەکەرە و تابلۆش شیعرێکی بێدەنگە.

لێرەدا ئەم وێنەیە پەیوەستە بە دۆخی دەروونیی شاعیر، ئەگەر ئەو شاعیرە لە حاڵەتێکی سایکۆلۆژیی گونجاو و لە دۆخی خۆشیدا بێت، ئەوا وێنە شیعرییەکان جوان و کاریگەر و گەشبین دەبن، بەڵام ئەگەر لە حاڵەتێکی سایکۆلۆژیی خراپ و خەمۆکیدا بێت، ئەوسا وێنەکانیش ڕەنگدانەوەی ئەو خەمۆکییە دەبن.

هەندێ جار وێنەی شیعری وێنەیەکی واقیعییە و دیمەنی ناوچەیەک کتومت وەک خۆی دەکێشێت کە لە واقیعدا بوونی هەیە، کەچی هەندێ جاری دیش بە پێچەوانەوە زیادەڕۆیی لە خەیاڵدا دەکرێت و بە ڕادەیەکی زۆر لە وێنەی واقیعی و بگرە خەیاڵێکی جوانیش دوور دەکەوێتەوە. جوانترین وێنەی شیعری ئەو وێنەیەیە کە خەیاڵ تیایدا ڕۆڵی فراوانکردنی ئەو خەیاڵە و وروژاندنی هەست و سۆز دەبینێت، بەو پێیە وێنەی خەیاڵی لە شیعردا جوانی و سەرنجڕاکێشانێکی کاریگەر دەخوڵقێنێت کە زۆر جار لە وێنە ڕاستەقینەکە کاریگەرتر و هەستپێکراوتر دەبێت. لێرەدا ئەو وێنەیە هەم بیرۆکەی قەسیدەکە دەوڵەمەند دەکات، هەم خوێنەر و وەرگریش دەجوڵێنێت و دەیباتە نێو کەشێکی خەیاڵیی جوان، جوانتر لەو واقیعەی تیایدا دەژی.

شیعر لە هەموو سەردەمێکدا پشتی بە وێنە بەستووە، لەو کاتەوەی شیعر هەبووە هەتا ئەمڕۆ، لەسەر وێنە بنیات نراوە. بەڵام بەکارهێنانی لە نێوان شاعیرێک و یەکێکی تردا دەگۆڕێت. دەشێت جۆر و هێزی بەکارهێنانی وێنەی شیعری، ئاستی داهێنانی شیعرەکە جیابکاتەوە.

وێنەی شیعری پێکهاتەیەکی گرنگی بنیاتی شیعرییە و شاعیر لە شێوەی تابلۆیەکی هونەریدا دەری دەبڕێت، لێرەدا کەرەستەکانی شاعیر بریتین لە وشەی جوان و ئەندێشە و خەیاڵ و دەروونی شاعیر کە بە هۆیەوە ئەزموونی خۆی و تێڕوانینی بۆ ژیان و سروشت، لە دەقێکی شیعریدا، دەردەخات.

وێنە لە شیعری نوێدا ڕەگەزێکی گرنگە، کە تەنها بۆ ڕازاندنەوە و جوانیی شیعرەکە داناهێنرێت، بەڵکو شاعیر بە هۆی ئەندێشەی بەهێز و خەیاڵی داهێنەرانەیەوە، وێنەیەکی بەرجەستەکراوی هەست و نەست و باری دەروونی دەخوڵقێنێت، کە ئەمە لە زۆر ڕووەوە دەبێتە

PDF 4 KURD

مایەی تێگەیشتن و نزیک بوونەوە لە فەزای گشتیی شیعرەکە، هەروەها دەبێتە کلیلێک بۆ کردنەوەی کۆد و هێماکان.

لە شیعری کلاسیکیدا بایەخێکی زۆر بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی دراوە، بۆیە دەبینین وێنەی شیعرییش هەر لەسەر پایەکانی ئەو هونەرە وەستاوە و بە هۆی ئەو هونەرەوە دروست کراوە، لە زۆر ڕووەوە تەنها بۆ جوانی و بۆ ڕازاندنەوەی دەقە شیعرییەکە بەکار هاتووە، بەڵام لە شیعری نوێدا ئەم چوارچێوەیە دەشکێت و وێنە شیعرییەکان گرنگییەکی زیاتر پەیدا دەکەن. دەتوانین بڵێین هونەری (مەجاز-میتافۆر) یەکێکە لەو هونەرە گرنگانەی کە لە شیعری کۆن و نوێ و هەروەها لە ڕەخنەی کۆن و نوێشدا، شوێنی بایەخپێدانێکی گەورەیە، چونکە شیعر تا ئەندازەیەکی زۆر لەسەر مەجاز ڕادەوەستێت. ڕەخنەگری ئینگلیزی هێربەرت ڕید (١٨٩٣- ١٩٦٨)، کە لەبارەی شیعر و هونەری شێوەکاریش دەنووسێت، دەڵێ: بۆ ئەوەی بتوانین بەتەواوی شاعیرێک هەڵبسەنگێنین، دەبێ هەمیشە سەیری هێزی مەجاز بکەین لە شیعرەکانیدا و لەوێوە ڕەسەنایەتیی شاعیرەکە بدۆزینەوە.

زاراوەی وێنەی شیعری، وەک زاراوەیەکی ڕەخنەیی، یەکەم جار لە ڕەخنەی ئەدەبیی خۆرئاواییدا بەکار هاتووە، لەوێدا لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە و سەرنجی توێژەرانی ئەدەبی و شاعیرانی بۆ ئەو ڕەگەزە گرنگەی شیعر ڕاکێشاوە، دواتر لە نێوەندی ئەدەب و ڕەخنەی گەلانی تریشدا بایەخی پێدرا و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە ئەنجام درا.

PDF 4 KURD

بۆ شارەزایی زیاتر، بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

١ - الصورة الشعرية – تأليف: سى دى لويس.

٢- الصورة في الشعر العربي – تأليف: د. علي البطل.

٣ - الصورة في شعر بشار بن برد – تأليف: د. عبدالفتاح صالح نافع.

٤ - المعجم المفصل في الأدب – تأليف: د. محمد آلتونجي.

٥ - المعجم المفصل في اللغة و الأدب – تأليف: ميشال عاصي و أميل بديع يعقوب.

PDF 4 KURD

## یۆتۆپیا Utopia

یۆتۆپیا، یان ئۆتۆپیا Utopia، بە عەرەبی: (الطوباوية)، چەمکێکی فەلسەفییە و پەیوەندیی بە شوێنەوە هەیە، شوێنێک لە ڕاستیدا لەم جیهانەدا بوونی نییە، واتە ئەو شوێنەی هەموو شتێک تیایدا ئارام و ئایدیالییە، شوێنێکی ئایدیالی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، شوێنێک هەژاری و نەخۆشی و ململانێ و چەوسانەوە، دەسەڵاتی تێدا نییە و خەڵکەکەی لەوپەڕی ئازادی و ئارامی و یەکسانی و ئاسوودەییدا ژیان بەسەر دەبەن. ئەم زاراوەیە لە زمانی یۆنانیی کۆندا لە دوو وشە پێکدێت: ou واتە (نا) و topia واتە (شوێن)، هەردوو وشەکە پێکەوە واتە (ناشوێن)؛ بۆیە پێی دەوترێت ناشوێن، چونکە لە مێژوودا کۆمەڵگەی لەو چەشنە بوونی نییە. ئەم وشەیە بەم چەمکە بۆ یەکەم جار نووسەری بەریتانی تۆماس مۆر (١٤٧٧-١٥٣٥) بەکاری هێناوە و لە ساڵی ١٥١٦دا کتێبێکی نووسیوە بە ناونیشانی (یۆتۆپیا)، تۆماس مۆر لەم کتێبەدا باسی دوورگەیەکی خەیاڵی دەکات کە ناوی یۆتۆپیایە و خەڵکەکەی لە ڕووی یاسا و حوکمڕانییەوە لەوپەڕی یەکسانی و تەباییدا دەژین.

لێرەدا چەندین کتێبی تر هەن باسی کۆمەڵگەی خەیاڵی و دەوڵەتی ئایدیالی دەکەن و دنیای یۆتۆپی بەرجەستە دەکەن؛ لەوانە کتێبە ناودارەکەی ئەفلاتون بە ناونیشانی (کۆماری ئەفلاتوون) کە لە ساڵی ٣٧٥پ.ز نووسراوە، هەروەها کتێبی (آراء أهل المدينة الفاضلة)ی فەیلەسووفی موسڵمان فارابی (٨٧٤ز-٩٥٠ز)، پاشان کتێبی (شاری خۆر)ی تۆماس کامپانێلا (١٥٦٨-١٦٣٩)، (شاری خوا)ی قەدیس ئۆگستین لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی زایینی، (ئۆرگانۆنی نوێ)ی فرانسیس بیکۆن (١٥٦١- ١٦٢٦)، هەروەها کتێبی (ئێریهۆن)ی سامۆیل بتلەر کە لە ساڵی ١٨٧٢دا چاپی کردووە.

لێرەدا وشەیەکی دی هەیە پێچەوانەی یۆتۆپیایە، ئەویش وشەی (دیستۆپیا)یە Dystopia، کە ئەمیش چەمکێکی فەلسەفییە و ئاماژە بۆ شوێنێکی زۆر خراپ و نالەبار دەکات کە پڕە لە نەخۆشی و هەژاری و چەوسانەوە، بۆ نموونە ڕۆمانە ناودارەکەی جۆرج ئۆرۆیل بە ناونیشانی (١٩٨٤)، زۆر جار ئەم وشەیە بۆ کۆمەڵگەیەکی وەهمی بەکار دەهێنرێت، بەو پێیەی ئەو بارودۆخە تراژیدییەی ڕۆمانەکەی جۆرج ئۆرۆیل دەری دەخات، تا ڕادەیەکی زۆر وەهمییە و زیادەڕەویی تیایە.

یۆتۆپیا لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا بەو ئایدیا و فیکر و بیروباوەڕانە دەوترێت کە دەیانەوێت دنیایەکی تر وێنا بکەن لە دەرەوەی ئەم دنیایە و کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی بهێننە ئاراوە جیاواز لە کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆ. کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان و بێ چین و بێ دەوڵەت و بێ ململانێ کە سەرجەم تاکەکانی وەکو یەک بژین، بۆ نموونە ئەو کۆمەڵگە کۆمۆنیزمەی کارل مارکس وێنای دەکات، بە یۆتۆپیا دادەنرێت، بەو پێیەی لە مێژووی بەشەری و لە ژیانی کۆمەڵگەی بەشەریدا کۆمەڵگە نییە بەبێ ململانێ و بەبێ جیاوازی، ژیان بەسەر بەرێت، چونکە بنەمای ژیانی کۆمەڵگە و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بریتییە لە ململانێ و جیاوازی، بگرە ژیان بەگشتی بەبێ جیاوازی و ململانێ مانایەکی نابێت.

لە لای سۆسیۆلۆژیستی ئەڵمانی کارل مانهایم (١٨٩٣- ١٩٤٧)، یۆتۆپیا بە مانا هاوچەرخەکەی، پەیوەستە بە ئایدیۆلۆژیاوە، لە ساڵی ١٩٢٩دا کتێبێک دەنووسێت بە ناونیشانی (ئایدیۆلۆژیا و یۆتۆپیا)، لەم کتێبەدا مانهایم وای دەبینێت هەموو فیکرێک، یان (یۆتۆپی)یە یان (ئایدیۆلۆژی)یە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی مێژوویی سەردەم و هەروەها بۆ چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان. مانهایم ڕۆشنبیرە ڕادیکالیستەکان بە یۆتۆپیست ناودەبات.



PDF 4 KURD

فیکری یۆتۆپی هەوڵدەدات ئاینده بەدەست بهێنێت و گۆڕانکاری ئەنجام بدات، بەڵام ئایدیۆلۆژیا ئەو بیرەیە کە دەیەوێت هەلومەرجی ئێستا وەکو خۆی بمێنێتەوە و گۆڕانی بەسەردا نەیەت. بۆی هەیە فیکرێک کە لە سەردەمێکدا بارگەیەکی یۆتۆپییانەی هەڵگرتووە، لە سەردەمێکی دواتردا بگۆڕێت و ببێت بە ئایدیۆلۆژیا، بۆ نموونە لە سەدەی هەژدەیەم لە ئەورووپادا، لیبرالیزم فیکرێکی یۆتۆپی بوو، پاشان لە سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمدا بوو بە ئایدیۆلۆژیا، سۆشیالیزم لە سەدەی نۆزدەهەمدا فیکرێکی یۆتۆپی بوو، بەڵام لە سەدەی بیستەمدا بوو بە ئایدیۆلۆژیا.

دەتوانین بڵێین فیکری یۆتۆپی فیکری ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتییانەیە کە لە بارودۆخێکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خراپدا دەژین و دەخوازن ئەو هەلومەرجە بەرەو باشتر بگۆڕن، بەڵام ئایدیۆلۆژیا فیکری چینی دەسەڵاتدار و چینە باڵاکانە کە نایانەوێت هیچ شتێک بگۆڕێت و بگرە دەیانەوێت دەسەڵاتی ئابووری هەر لەژێر دەستی خۆیاندا بمێنێتەوە. زۆر جار ئۆپۆزیسیۆن، لەپێناوی ورووژاندنی کۆمەڵگە و گۆڕینی بارودۆخ و واقیعێکی خراپدا، کۆمەڵێ پێشنیار و دروشم و بەرنامەی یۆتۆپییانە دەخاتە ڕوو. واتە دەشێت بڵێین ئۆپۆزیسیۆن هەڵگری یۆتۆپیایە و دەسەڵاتیش هەڵگری ئایدیۆلۆژیا.

ئەگەر ئایدیۆلۆژیا واقیع بپارێزێت و وەکو خۆی بیهێڵێتەوە، ئەوا یۆتۆپیا واقیع دەخاتە بەردەم گومان و پرسیارکردنەوە. یۆتۆپیا پرۆسێسەکردنی خەیاڵە لە پێناو بیرکردنەوە بە شێوەیەکی پێچەوانە، واتە پێچەوانەی ئاراستەی بوونی کۆمەڵایەتی.



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**

١- المعجم النقدي لعلم الاجتماع، ترجمة: د. سليم حداد.
٢- معجم علم السياسة والمؤسسات السياسية، ترجمة: هيثم اللمع.
٣- بول ريكور، محاضرات في الايديولوجيا و اليوتوبيا، تحرير وتقديم جورج تايلور، ترجمة: فلاح رحيم.
٤- الرواية واليوتوبيا، تأليف: محمد كامل الخطيب.
٥- موسوعة ويكيبيديا الحره.
٦- مفكرون من عصرنا، تأليف: سامي خشبه.
٧- موسوعة علم الاجتماع، تأليف: د. احسان محمد الحسن.
٨- پۆل ڕیکۆر، خەیاڵی کۆمەڵایەتی و مەسەلەی ئایدیۆلۆژیا و یۆتۆپیا، و: ئازاد سوبحی، گۆڤاری (سەراب)، ژمارە ١، ساڵی ١٩٩٥.

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

## سەرچاوە عەرەبییەکان


- د. إميل بديع يعقوب و د. ميشال عاصي، المعجم المفصل في اللغة و الأدب، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٨٧.
- د.إميل بديع يعقوب، المعجم المفصل في علم العروض والقافية وفنون الشعر، دار الكتب العلمية، بيروت- لبنان، ١٩٩١.
- د. محمد آلتونجي، المعجم المفصل في الأدب، دار الكتب العلمية، بيروت، ط٢، ١٩٩٩.
- بول آرون، دينيس سان جاك، آلان فيالا، معجم المصطلحات الأدبية، ترجمة: الدكتور محمد حمود، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠١٢.
- د. جميل صليبا، المعجم الفلسفي، طبعة ايران- قم، ٢٠٠٦.
- د. ناظم عبدالواحد الجاسور، موسوعة المصطلحات السياسية والفلسفية والدولية، دار النهضة العربية، بيروت، ط٢، ٢٠١١.
- د. سمير حجازى، معجم المصطلحات اللغوية و الأدبية الحديثة، دار الراتب الجامعية، بيروت-لبنان، سلسله (المتقن)، بلا تاريخ.
- د. سمير سعيد حجازي، معجم مصطلحات فروع الأدب المعاصرة ونظريات الحضارة، مكتبة جزيرة الورد- القاهره، بالتاريخ.
- د. سمير سعيد حجازي، قاموس مصطلحات النقد الأدبي المعاصر، دار الافاق العربية، القاهره، ٢٠٠١.
- جبور عبدالنور، المعجم الأدبي، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٧٩.
- د. سعيد علوش، معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة، دار الكتاب اللبناني، بيروت، ١٩٨٥.
- د. ناصر الحاني، من اصطلاحات الأدب الغربي، دار المعارف للطباعة و النشر، القاهرة، ١٩٥٩.
- جيرالد برينس، المصطلح السردي، ترجمة: عابد خزندار، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٣.
- مجدي وهبة، معجم مصطلحات الأدب، مكتبه لبنان، بيروت، ١٩٧٤.

PDF 4 KURD

- جان فرانسوا دورتيه، معجم العلوم الانسانية، ترجمة: د. جورج كتورة، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، ابوظبي، ٢٠٠٩.
- بيار بونت و ميشال ايزار، معجم الإثنولوجيا والأنثروبولوجيا، ترجمة: مصباح الصمد، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٦.
- اوزوالد ديكرو و جان مارى سشايفر، القاموس الموسوعي الجديد لعلوم اللسان، ترجمة: د. منذر عياش، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء-المغرب، ط٢، ٢٠٠٧.
- فيصل الاحمر، معجم السيميائيات، منشورات الإختلاف-الجزائر و الدار العربية للعلوم الناشرون-بيروت، ٢٠١٠.
- د. منصور عيد، معجم الفكر الحضاري، دار الجيل للنشر والطباعة والتوزيع، بيروت، ٢٠١٠.
- د. خليل أحمد الخليل، معجم المصطلحات الاسطورية، دار الفكر اللبناني، بيروت، ١٩٩٦.
- ماكس شابيرو و رودا هندريكس، معجم الاساطير، ترجمة: حنا عبود، منشورات دار علاءالدين، سوريه-دمشق، ط٢، ٢٠٠٦.
- د. عبدالمنعم الحفني، الموسوعة النفسية الجنسية، مكتبة مدبولي، القاهرة، ط٤، ٢٠٠٤.
- هادي العلوي، قاموس الانسان والمجتمع، دار الكنوز الأدبية، بيروت-لبنان، ١٩٩٧.
- د. أحمد مطلوب، في المصطلح النقدي، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد، ٢٠٠٢.
- د. يوسف وغليسى، إشكالية المصطلح في الخطاب النقدي العربي الجديد، منشورات الاختلاف، الجزائر، ٢٠٠٨.
- حبيبه طاهر مسعودي، قراءة جديدة للمصطلح في التراث النقدي العربي من العصر الجاهلي الى القرن الثالث الهجري، مكتبة وهبة، القاهرة، ٢٠٠٨.
- السيد بوطاجين، الترجمة والمصطلح دراسة في إشكالية ترجمة المصطلح النقدي الجديد، الدار العربية للعلوم ناشرون و منشورات الاختلاف، لبنان و الجزائر، ٢٠٠٩.

PDF 4 KURD

- د. سناني سناني، في المعجمية والمصطلحية، عالم الكتب الحديث، إربد- الاردن، ٢٠١٢.
- آرثر والدهورن و اولجا ويبر، دليل القاريء الى الثقافة الجادة، ترجمة: أحمد عمر شاهين، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٢.
- د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي، دليل الناقد الأدبي، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء- المغرب، ط٥، ٢٠٠٧.
- د. مولاي علي بوخاتم، مصطلحات النقد العربي السيماءوي، منشورات أتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥.
- محمد عبدالمطلب، ذاكرة النقد الأدبي، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة، ط٢، ٢٠٠٨.
- ريموند وليامز، الكلمات مفاتيح، ترجمة: نعيمان عثمان، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء- المغرب، ٢٠٠٧.
- اندريه لالاند، موسوعة لالاند الفلسفية-معجم مصطلحات الفلسفة النقدية والتقنية، تعريب: خليل أحمد خليل، دار عويدات للنشر و الطباعة، بيروت- لبنان، ٢٠٠٨.
- م. روزنتال و ب. يودين، الموسوعة الفلسفية، ترجمة: سمير كرم، دار الطليعة للطباعة و النشر، بيروت- لبنان، ط٥، ١٩٨٥.
- الموسوعة الفلسفية المختصرة، نقلها عن الانجليزية: فؤاد كامل، جلال العشري، عبدالرشيد الصادق، دار القلم-بيروت و مكتبة النهضة-بغداد، ١٩٨٣.
- المنجد في اللغة و الاعلام، دار المشرق- بيروت، ط٣٩، ٢٠٠٢.
- ويكيبيديا الموسوعة الحرة، www.ar.wikipedia.org
- غي هرميه و آخرون، معجم علم السياسة والمؤسسات السياسية، ترجمة: هيثم اللمع، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠٥.
- ر. بودون و ف. بوريكو، المعجم النقدي لعلم الاجتماع، ترجمة: سليم حداد، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٦.
- جون سكوت و جوردون مارشال، موسوعة علم الاجتماع، ترجمة: محمد الجوهري وآخرون، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ط٢، ٢٠١١.
- د. فريدريک معتوق، معجم العلوم الاجتماعية، اكاديميا انترناشيونال للنشر والطباعة، بيروت- لبنان، بلا.

PDF 4 KURD

- جوردن مارشال، موسوعة علم الاجتماع، ترجمة: محمد محى الدين وآخرون، المجلس الاعلى للثقافه- المشروع القومي للترجمة، القاهرة، ج٣، ٢٠٠١.
- د. احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ١٩٩٩ .
- محمد القاضي وآخرون، معجم السرديات، الرابطة الدولية للناشرين المستقلين، تونس ولبنان والجزائر ومصر والمغرب، ٢٠١٠.
- رينيه ويليک و اوستن وارين، نظرية الأدب، ترجمه: محى الدين صبحى، المجلس الاعلى لرعاية الفنون والأداب والعلوم الاجتماعية، ١٩٧٢.
- رينيه ويليک، مفاهيم نقدية، ترجمة: د. محمد عصفور، سلسله (عالم المعرفة) الكويتية (١١٠)، ١٩٨٧.
- د. علي جواد الطاهر، في النقد الأدبي، مطبعة وزارة المعارف، بغداد، ١٩٥٩.
- د. محمد غنيمى هلال، النقد الأدبي الحديث، دار الثقافة و دار العودة، بيروت-لبنان، ١٩٧٣.
- د. محمد غنيمى هلال، الأدب المقارن، دار العودة ودار الثقافة- بيروت، ط٥، بلا تاريخ.
- فان تيغم، الأدب المقارن، ترجمة: د. سامي الدروبي، دار الفكر العربي.
- د. جميل نصيف التكريتي، الأدب المقارن، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠٥.
- فرديناند دى سوسير، علم اللغة العام، ترجمة: د. يوئيل يوسف عزيز، دار الكتاب للطباعة والنشر-جامعة الموصل، ١٩٨٨.
- د. صلاح فضل، في النقد الأدبي، منشورات إتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٧.
- د. صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الأدبي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧.
- د. صلاح فضل، علم الاسلوب -مبادئه واجراءاته، النادى الأدبي الثقافي، المملكه العربية السعودية- جده، ١٩٨٨.

PDF 4 KURD


- اديث كيرزويل، عصر البنيوية من ليفى شتراوس الى فوكو، ترجمة: جابر عصفور، دار آفاق عربية، بغداد، ١٩٨٥.
- د. ابراهيم محمود خليل، النقد الأدبي الحديث من المحاكاة الى التفكيك، دار المسيرة للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٣.
- د. شكري عزيز ماضي، في نظرية الأدب، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت-لبنان، ٢٠٠٥.
- د. سيد البحراوي، في نظرية الأدب، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ٢٠٠٨.
- د. شفيع السيد، نظرية الأدب دراسة في المدارس النقدية الحديثة، مكتبة الآداب، القاهرة، ٢٠٠٨.
- نظرية الأدب في القرن العشرين، ترجمة واعداد: د.محمد العمري، أفريقيا الشرق- المغرب، الدار البيضاء، ٢٠٠٥.
- د. شفيع السيد، الاتجاه الاسلوبي في النقد الأدبي، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٨٦.
- د. بشير تاوريريت، مناهج النقد الأدبي المعاصر، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ٢٠٠٨.
- د. عبدالسلام المسدي، الاسلوبية والاسلوب، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت-لبنان، ط٥، ٢٠٠٦.
- فرحان بدري الحربي، الاسلوبية في النقد العربي الحديث، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠٣.
- عدنان بن ذريل، النص والاسلوبية بين النظرية والتطبيق، منشورات إتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٠.
- د. عزالدين اسماعيل، التفسير النفسي للأدب، دار العودة و دار الثقافة، بيروت.
- د. مصطفى سويف، دراسات نفسية في الابداع والتلقي، الدار المصرية اللبنانية، القاهره، ط٢، ٢٠٠٤.
- د. خريستو نجم، في النقد الأدبي و التحليل النفسي، دار الجيل، بيروت، ١٩٩١.

PDF 4 KURD

- جان بلامان نويل، التحليل النفسي والأدب، تعريب: د. عبدالوهاب ترو، منشورات عويدات، بيروت، ١٩٩٦.
- فريق من الباحثين، علم النفس وميادينه، ترجمة: وجيه أسعد، الدار المتحدة للطباعة والنشر- سوريه- دمشق، و مؤسسة الرسالة- بيروت، ط٢، ١٩٩٣.
- عدنان حب الله، التحليل النفسي من فرويد الى لاكان، مركز الانماء القومي، بيروت، بلا.
- د. شفيق رضوان، علم النفس الاجتماعي، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٦.
- د. سعيد أحمد هيكل، علم الاجتماع الحضري، دار أسامه للنشر والتوزيع، الأردن- عمان، ٢٠١١.
- محمد عاطف غيث، علم الاجتماع الحضري مدخل نظري، دار المعرفة الجامعية، مصر- الاسكندرية، ٢٠٠٩.
- د. السيد عبدالعاطي السيد، علم الاجتماع الحضري، ج١، مدخل نظري، دار المعرفة الجامعية، مصر- الاسكندرية، ٢٠١١.
- د. السيد عبدالعاطي السيد، علم الاجتماع الحضري بين النظرية والتطبيق، ج٢، دار المعرفة الجامعية، مصر- الاسكندرية، ٢٠١١.
- د. غريب محمد سيد أحمد و د. السيد عبدالعاطي السيد، علم الاجتماع الريفي والحضري، دار المعرفة الجامعية، مصر –الاسكندرية، ١٩٨٨.
- د. ساميه محمد جابر، علم الاجتماع الريفي، دار النهضة العربية، بيروت- لبنان، ١٩٩٠.
- د. السيد رشاد غنيم، دراسات في علم الاجتماع الريفي، دار المعرفة الجامعية، مصر- الاسكندرية، ٢٠١١.
- ستانلي هايمن، النقد الأدبي ومدارسه الحديثة، ترجمة: د. أحسان عباس و د. محمد يوسف نجم، دار الثقافة، بيروت، ١٩٥٨.
- محمد عزام، شعرية الخطاب السردي، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥.
- د. حميد لحمداني، بنيه النص السردي من منظور النقد الأدبي، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء- المغرب، ط٣، ٢٠٠٠.

PDF 4 KURD

- سعيد يقطين، تحليل الخطاب الروائي: الزمن السرد التبئير، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء- المغرب، ط٤، ٢٠٠٥.
- جيرار جينيت، خطاب الحكاية-بحث في المنهج، ترجمة: محمد معتصم واخرون، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ط٢، ٢٠٠٠.
- إيان واط، نشوء الرواية، ترجمة: د. ثائر الديب، دار الفرقد للطباعة والنشر، سوريه-دمشق، ط٢، ٢٠٠٨.
- عزالدين المناصرة، علم التناص المقارن، دار مجدلاوى للنشر والتوزيع، عمان-الاردن، ٢٠٠٦.
- د. بسام قطوس، المدخل الى مناهج النقد المعاصر، دار الوفاء لدنيا الطبع والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠٦.
- د. علي عبدالرازق جلبي، قضايا علم الاجتماع المعاصر، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت- لبنان، ١٩٨٤.
- د. بشرى موسى صالح، المفكرة النقدية، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠٨.
- نظرية المنهج الشكلي، ترجمة: ابراهيم الخطيب، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت-لبنان، ١٩٨٢.
- رامان سلدن، النظرية الأدبية المعاصرة، ترجمة: سعيد الغانمي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت-لبنان، ١٩٦٦.
- لوسيان غولدمان، المنهجية في علم الاجتماع الأدبي، ترجمة: مصطفى المسناوي، دار الحداثه، بيروت، ١٩٨١.
- لوسيان غولدمان، مقدمات في سوسيولوجية الرواية، ترجمة: بدرالدين عرودكي، دار الحوار للنشر والتوزيع، سوريه-اللاذقية، ١٩٩٣.
- د. عبدالهادي أحمد الفرطوسي، تأويل النص الأدبي في ضوء علم اجتماع النص الأدبي، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٩.
- ساره جامبل، النسوية وما بعد النسوية، ترجمة: أحمد الشامي، المجلس الاعلى للثقافة، القاهره، ٢٠٠٢.
- ديفيد غلوفر و كورا كابلان، الجنوسه الجندر، ترجمة: عدنان حسن، دار الحوار للنشر والتوزيع، سوريه-اللاذقية، ٢٠٠٨.

PDF 4 KURD

- د. حسن مصطفى سحلول، نظريات القراءة والتأويل الأدبي وقضاياها، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١.
- د. عبدالله الغذامي، النقد الثقافي: قراءة في الانساق الثقافية العربية،
- د. بديع محمد جمعه، اسطورة فينوس وأدونيس، دار النهضة العربية، بيروت- ١٩٨١.
- دريني خشبه، اساطير الحب والجمال عند اليونان، دار التنوير للطباعة والنشر، بيروت، ٢٠٠٩.
- د. علي البطل، الصورة في الشعر العربي، دار الأندلس للطباعة والنشر، ط٢، ١٩٨١.
- سى دى لويس، الصورة الشعرية، ترجمة: د. أحمد نصيف الجنابي واخرون، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨٢.
- د. عبدالفتاح صالح نافع، الصورة في شعر بشار بن برد، دار الفكر للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٨٣.
- سوزان بيرنار، قصيدة النثر من بودلير الى ايامنا، ترجمة: د. زهير مجيد مغامس، دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد، ١٩٩٣.
- د. محمد فتوح أحمد، الرمز والرمزية في الشعر المعاصر، دار المعارف، القاهره، ط٢، ١٩٧٨.
- مجاهد عبدالمنعم مجاهد، علم الجمال في الفلسفة المعاصرة، دار عالم الكتب، بيروت، ط٣، ١٩٨٦.
- إدوارد سعيد، الاستشراق: المفاهيم الغربية للشرق، ترجمة: د.محمد عناني، رؤية للنشر والتوزيع، ٢٠٠٦ .
- د. حسن حنفي، مقدمة في علم الاستغراب، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، ط٢، ٢٠٠٠.
- ابراهيم الحيدري، النقد بين الحداثة ومابعد الحداثة، دار الساقي، بيروت، ٢٠١٢.
- هاشم صالح (ترجمة وتحقيق)، الاستشراق بين دعاته ومعارضيه، دار الساقي، بيروت، ط٢، ٢٠٠٠ .
- هاشم صالح، مخاضات الحداثة التنويرية- القطيعة الابستمولوجية في الفكر والحياة، دار الطليعة، بيروت، ٢٠٠٨.

PDF 4 KURD

- هاشم صالح، المثقفون العرب بين الاستشراق والاستغراب، جريدة الحياة، ٢٢ ديسمبر ٢٠٠٧.
- الابيستيمولوجيا تعريف وتيارات، مجلة (الفكر العربي المعاصر) العدد ٤-٥، سنه ١٩٨٠.
- د. بشرى موسى صالح، المفكرة النقدية، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠٨.
- د. شاهو سعيد، التبئير الفلسفي في الرواية-مقاربة ظاهراتية في تجربة سليم بركات، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠٠٧.
- محمد كامل الخطيب، الرواية واليوتوبيا، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق، ١٩٩٥.
- سامي خشبه، مفكرون من عصرنا، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهره، ٢٠٠٨.
- د. عبدالملک مرتاض، في نظرية الرواية-بحث في تقنيات السرد، سلسلة عالم المعرفة (٢٤٠)، الكويت، ١٩٩٨.
- بول ريكور، محاضرات في الايديولوجيا واليوتوبيا، تحرير: جورج تايلور، ترجمة: فلاح رحيم، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت – لبنان، ٢٠٠٢.
- امبرتو ايكو، الاثر المفتوح، ترجمة: عبدالرحمن بو علي، دار الحوار للنشر والتوزيع، اللاذقيه-سوريه، ط٢، ٢٠٠١.
- د. عبدالواسع الحميرى، الخطاب والنص: المفهوم-العلاقة-السلطة، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت-لبنان، ٢٠٠٨.
- د. عبدالعلى الجسمانى، سايكولوجية الابداع في الحياة، الدار العربية للعلوم، بيروت، ط٢، ٢٠٠٠.

(تێبینی: سەرچاوە عەرەبییەکانم بەپێی حروفی هیجائی یان ئەبجەدی ریز نەکردووە، بەڵکو بەپێی سوودلێوەرگرتی زەمەنییان ڕیزم کردوون و لەپێشدا فەرهەنگەکانم داناون).

PDF 4 KURD



- فرهنگ اصطلاحات ادبی، تالیف: سیما داد، انتشارات مروارید، تهران، چاپ سوم ١٣٨٥.
- فرهنگ علوم اجتماعی قرن بیستم، ویلیام اوتویت و تام باتامور، ترجمه: حسن چاوشیان، نشر نی- تهران، ١٣٩٢.
-علم و جامعه‌شناسی معرفت، مایکل مولکی، ترجمه: حسین کچویان، نشر نی، چاپ دوم، تهران ١٣٨٤.
- مکتب فرانکفورت و جامعه‌شناسی معرفت، تئودور ادورنو و مارتین.جی.جیمز اشمیت، ترجمه: جواد گنجی، تهران ١٣٨٦.
- جامعه شناسی معرفت و معرفت شناسی نظریه، دکتر ح.ا.تنهایی، انتشارات بهمن برنا، تهران، ١٣٩١.
-جامعه شناسی شناخت کارل مانهایم، د. منوچهر اشتیانی، تهران، نشر قطره ١٣٨٤.
- درآمدی به جامعه‌شناسی دین و آراء جامعه‌شناسان بزرگ درباره دین، د. مسعود جلالی مقدم، تهران، نشر مرکز، چاپ دوم ١٣٨٤.
- جامعه‌شناسی ادبیات، روبر اسکارپیت، ترجمه: دکتر مرتضی کتبی، سازمان مطالعه و تدوین علوم انسانی دانشگاهها (سمت)، تهران، ١٣٨٧.
- رشد ادبیات- جلد اول ادبیات باستان اوروبا، ه.مونروچادویک و ن.کرشاوچادویک، ترجمه: دکتر فریدون بدره‌ای، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، ١٣٧٦.
- زیباگرایی، رابرت وینسنت جانسون، ترجمه: مسعود جعفری، نشر مرکز، تهران، ١٣٩٠.
- سمبولیسم، چارلز چدویک، ترجمه: مهدی سحابی، نشر مرکز، تهران، ١٣٨٨.

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی


- د. کامل حەسەن بەسیر، مێژووی ڕەخنەسازی، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٩٣.
- د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.
- مەریوان وریا قانع، شوناس و ئاڵۆزی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- د. فەرهاد پیرباڵ، شیعری ئازاد لە ئەدەبی کوردیدا، ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژ ٤٩٩٩ ڕێکەوتی ٢٠٠٩/١٠/١٥.
- جەمال عەبدول، فەرهەنگی ڕاگەیاندن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.
- کەمال جەلال غەریب، پرۆژەی زاراوەی زانستیی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠١٢.
- د. حەمید عەزیز، بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، پرۆژەی هاوبەشی دەزگای موکریانی و کۆمەڵەی کۆمەڵناسان، هەولێر، ٢٠٠٩.
- د. ڕەشاد میران، مەعریفە و تاک و کۆمەڵ لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆگیای مەعریفەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١٢.
- فەخرەدین ئامێدیان، فەرهەنگی شیکاریی زاراوەکانی کۆمەڵناسی، سنندج شمیم، ١٣٩٠/٢٠١٣.
- بورهان قانع، فەرهەنگی نوێ، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، چاپی چوارەم، سلێمانی، ٢٠١١. (وەرگێران).
- بەختیار سەجادی و محەمەد مەحمودی، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
- د. موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی ئەدەبی، لە بڵاوکراوەکانی ڕەخنەی چاودێر، سلێمانی، ٢٠١٢.
- د. کامەران محەمەد، فێرنان برۆدێل و گوتاری مێژوویی، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٢.
- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، سەرەتایەک لەبارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٩.

PDF 4 KURD

- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١١ .
- لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان، زاراوەی ئەدەبی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.
-جێندەر لە سێ کتێبی سویدیدا. وەرگێرانی: شۆخە عەبدوڵلا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر، سلێمانی.
-فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی: خەسرەو میراودەلی. خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٧.
-فەریدە ممتاز، کۆمەڵناسی شار، وەرگێڕانی: کەریم قادرپور و عوزەیر عوسمان، پرۆژەی شەست کتێبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، سلێمانی، ٢٠٠٧.
-د. محەمەد کەمال، فینۆمینۆلۆجی، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری کۆچ، بێ ساڵی چاپکردن.
-چەند بابەتێکی فیکری، وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چ٢، ٢٠١٢.
- پۆل ڕیکۆر، خەیاڵی کۆمەلایەتی و مەسەلەی ئایدیۆلۆژیا و یۆتۆپیا، و: ئازاد سوبحی، گۆڤاری (سەراب)، ژمارە ١، ساڵی ١٩٩٥.
- دانا سەعید سۆفی، گوتاری نۆستالژیا خوێندنەوەیەک بۆ زەمەنی کوردی، گۆڤاری (سەراب) ژمارە٣- ٤، ساڵی ١٩٩٦.
- عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی، شیعری کوردی و سەدەیەک بەهەڵە بەکارهێنانی ناونیشانەکانی نوێگەری- بەشی یەکەم، پاشکۆی "ڕەخنەی چاودێر"، ژمارە (٣٩٨)، ٢٠١٤/٢/٢٤.

PDF 4 KURD

# زاراوەکان بەپێی پیتی ئینگلیزی

| عەرەبی | کوردی | ئینگلیزی |
| --- | --- | --- |
| الاكاديمية | خوێندنی ئەکادیمی | Academism |
| اسطورة أدونيس | ئەفسانەی ئەدۆنیس | Adonis |
| مدرسة الحوليات(حەولييات) | قوتابخانەی ئەنالیس | Annales School |
| علم الجمال | زانستی جوانی | Aesthetics |
| عقدة انتيغونا | گرێی ئەنتیگۆنا | Antigone Complex |
| علم الانسان | مرۆڤناسی | Anthropology |
| اللغزية | بابەتی لوغزامێز | Aporia |
| الإلحاد | بێباوەڕی | Atheism |
| علم الحفريات | زانستی هەڵکۆڵین | Archaeology |
| البرهان والمحاجة | سەلماندن و بەڵگەهێنانەوە | Argument |
| الموشح الغنائي | گۆرانیی سەمائامێز | Ballade |
| السيرة الذاتية | ژیاننامە | Biography |
| عقدة قابيل | گرێی قابیل | Cain Complex |
| كرنفال | کەرنەڤاڵ | Carnival |
| الكاريزما | کاریزما | Charisma |
| الرأسمال الثقافي | سەرمایەی رۆشنبیری | cultural capital |
| الأدب المقارن | ئەدەبی بەراوردکاری | Comparative literature |
| المجتمع المحلي | کۆمەڵگەی کۆمیونیتی (ناوچەیی) | Community Society |

PDF 4 KURD

| | | |
|---|---|---|
| سياق | ناوكۆ | Context |
| مدرسة كونستانس | قوتابخانەی کۆنستانس | Constance School |
| الابداع | داهێنان | Creation |
| النقد الأدبي | ڕەخنەی ئەدەبی | Critical literature |
| النقد الثقافي | ڕەخنەی ڕۆشنبیری | Cultural criticism |
| التفكيكية | هەڵوەشاندنەوەگەری | Deconstruction |
| التعاقبي | بەدوای یەکداهاتن | Diachrony |
| عقدة ديانا | گرێی دیانا | Diana Complex |
| الخطاب | گوتار | Discourse |
| الثنائية | دوالیزم | Dualism |
| علم البيئة | ژینگەناسی یان زانستی ژینگە | Ecology |
| عقدة اليكترا | گرێی ئەلیکترا | Electra Complex |
| علم السلالات البشرية | ڕەچەڵەکناسی | Ethnology |
| علم خصائص الشعوب | زانستی تایبەتمەندیی گەلان | Ethnography |
| نظرية المعرفة | تیۆری مەعریفە | Epistemology |
| الابيقورية | ئیپیکۆریزم | Epicurism |
| علم الاشتقاق وأصل الكلمة | زانستی بنەمای وشە | Etemology |
| الايروتيكية | ئیرۆتیزم | Erotism |
| الموسوعة | ئینسایکلۆپیدیا | Encyclopedia |
| النخبة | دەستەبژێر | Elite |
| التنوير | ڕۆشنگەری | Enlightenment |
| الفنتازية | فەنتازی | Fantasy |
| الفاشية | فاشیزم | Fascism |
| عقدة الانوثة | گرێی مێینەیی | Femininity Complex |

PDF 4 KURD

| | | |
|---|---|---|
| النقد النسوي | ڕەخنەی فێمینیستی | Feminist criticism |
| التبئير | تیشکۆسازی | Focalisation |
| مدرسة فرانكفورت | قوتابخانەی فرانکفۆرت | Francfort School |
| الشكلانية | شێوەگەری | Formalism |
| الشعر الحر | شیعری ئازاد | Free verse |
| البنيوية التكوينية | بونیادگەریی پێکهێنەرانە | Genetic structuralism |
| الجنوسة | جێندەر | Gender |
| الغنوصية | گنۆسیەت | Gnosticism |
| عقدة كريزلدة | گرێی گریزلدە | Griselda Complex lex |
| الجماعة | دەستەوتاقم | Group |
| نظرية التأويل | تیۆری شیکردنەوە | Hermeneutics |
| تأريخ الأدب | مێژووی ئەدەب | History of literature |
| المذهب الانساني | مرۆڤدۆستی | Humanism |
| علم الافكار | زانستی بیر | Ideology |
| الصورة الشعرية | وێنەی شیعری | Image poetry |
| الفردانية | تاکگەرایی | Individualism |
| التناص | دەقاوێزان | Intertext |
| الاجناس الأدبية | ژانرە ئەدەبییەکان | Literature genres |
| اللوغوس | لۆگۆس | Logos |
| الواقعية السحرية | ریالیزمی سیحری | Magic Realism |
| عقدة الذكورة | گرێی نێرینەیی | Masculinity Complex |
| المازوخية | ماسۆشیزم | Masochism |
| عقدة ميديا | گرێی میدیا | Medea Complex |
| علم المنهج | زانستی میتۆد | Methodology |
| الواحدية، الربوبية | یەکتایەرستی | Monotheism |
| الاسطورة | ئەفسانە | Myth, Mythology |

PDF 4 KURD

| | | |
|---|---|---|
| عقدة نابليون | گرێی ناپلیۆن | Napoleon Complex |
| المروي له | بۆگێڕەوە | Narratee |
| الراوي | چیرۆکبێژ | Narrator |
| علم السرد | زانستی گێڕانەوە | Narratology |
| حب الذات | نێرگسیزم | Narcissisme |
| معيار | پێوەر | Norme |
| الرواية | ڕۆمان | Novel |
| الحنين الى الماضي | سۆز بۆ ڕابردوو | Nostalgia |
| الاستغراب | خۆرئاواناسی | Occidentalism |
| عقدة اوديب | گرێی ئۆدیپ | Oedipus Complex |
| النص المفتوح | دەقی کراوە | Open text |
| عقدة اوريست | گرێی ئۆریست | Orestes Comp |
| الآخر | ئەویدی | Other |
| الاستشراق | خۆرهەڵاتناسی | Orientalism |
| الأصالة | ڕەسەنایەتی | Originality |
| الوثنية | پەیگانیزم (بتپەرستی) | Paganism |
| النموذج المثالي | نمونەی ئایدیالی | Paradigm |
| البرناسية | پەرناسی | Parnasse |
| الأبوية | باوکسالاری | Patriarchy |
| الظاهراتية | دیاردەگەری | Phenomenology |
| قصيدة النثر | پەخشانەشیعر | poetic prose |
| الأدب المباح او الإباحية | ئەدەبی سێکسی | Pornography |
| الوضعية | پۆزیتیڤیزم | Positivism |
| الذرائعية | پراگماتیزم | Pragmatism |
| علم النفس | زانستی دەروون | Psychology |
| علم النفس الأدبي | سایکۆلۆژیای ئەدەب | Psychology of literature |
| نظرية التلقي | تیۆری وەرگرتن | Reception theory |

PDF 4 KURD

| | | |
|---|---|---|
| علم الاجتماع الريفي | سۆسیۆلۆجیای گوندنشینی | Rural Sociology |
| الهجاء | داشۆرین | Satire |
| السادية | سادیزم | Sadism |
| علم الإشارة | زانستی ئاماژە | Semiology |
| علم الاجتماع | کۆمەڵناسی | Sociology |
| علم اجتماع الأدب | کۆمەڵناسیی ئەدەب | sociology of literature |
| علم اجتماع اللغة | کۆمەڵناسیی زمان | sociology of language |
| علم اجتماع المعرفة | سۆسیۆلۆجیای مەعریفە (زانین) | Sociology of knowledge |
| تيار الوعي | شەپۆلی هۆش | Stream of Consciousness |
| البنيوية | بونیادگەری | Structuralism |
| الاسلوبية | شێوازگەری | Stylistic |
| الرمزية | هێماگەری | Symbolism |
| التزامن | هاوزەمەنی | Synchrony |
| علم المصطلح | زانستی زاراوە | Terminology |
| الموضوعة | تێما-جەوهەری بابەت | Theme |
| نظرية الأدب | تیۆری ئەدەب | Theory of literature |
| نظرية الإنعكاس | تیۆری ڕەنگدانەوە | Theory of Reflection |
| النظام الشمولي | ڕژێمی سەرجەمگیر | Totalitarism |
| الطوطمية | تۆتەمیزم | Totemism |
| سێینە | الثلاثية | Trilogy |
| علم الاجتماع الحضري | سۆسیۆلۆجیای شارنشینی | Urban Sociology |
| الطوباوية | یۆتۆپیا | Utopia |

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

**پرۆفایل**

**د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**

- ساڵی ١٩٦٢ لە کەرکوک لەدایک بووە.

- ساڵی ١٩٨٦-١٩٨٧ کۆلێجی ئەدەبیات- بەشی زمان و ئەدەبی عەرەبیی لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر تەواو کردووە.

- ساڵی ١٩٧٩ یەکەم بابەتی ئەدەبیی لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) و ڕۆژنامەی (پاشکۆی عێراق)دا بڵاوکردووەتەوە.

- ساڵانی ١٩٨٣- ١٩٨٤ لەگەڵ کۆمەڵێ خوێندکاری زانکۆی سەلاحەدیندا لە هەولێر گۆڤاری (ئاسۆس)یان دەرکردووە.

- ساڵانی ١٩٨٤-١٩٨٥ لەگەڵ زاهیر ڕۆژبەیانی و مارف عومەر گوڵ دوو ژمارەیان لە گۆڤاری (نێرگز) لە کەرکوک دەرکردووە.

- ساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨ لەگەڵ عەبدوللا سلێمان مەشخەڵ و جەمال کۆشش "حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست"یان دامەزراندووە و گۆڤاری نهێنیی "ڕابەر"یان دەرکردووە، بەدەست لەسەر کاربۆن و وەرەقەی ڕایز نوسیویانەتەوە و بە نهێنی دابەشیان کردووە.

- ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٦ لەگەڵ ژمارەیەک نووسەردا پێنج ژمارەیان لە گۆڤاری (سەراب) لە هەولێر دەرکردووە.

PDF 4 KURD

- ساڵی ١٩٩٢ تا ساڵی ١٩٩٨ مامۆستای زمان و ئەدەبی عەرەبی بوو لە ئامادەیی ئازادی کوڕان لە هەولێر.

- لە نێوان ساڵانی ١٩٩٥-٢٠١٠دا لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەدا کاری کردووە، لەوانە: گۆڤاری کاروان، گۆڤاری ڕامان، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ڕۆژنامەی ئاسۆ، گۆڤاری سردم العربي، ڕۆژنامەی چاودێر، گۆڤاری اشراقات کردیە.

- ساڵانی ٢٠٠٣- ٢٠١٠ سکرتێر و پاشان بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (سردم العربي) بووە لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە سلێمانی، (٢٨) ژمارەی لەو گۆڤارە دەرکردووە.

- ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی ماستەری لە بواری ئەدەب و ڕەخنەی نوێدا لە زانکۆی سلێمانی-کۆلێجی زمان-بەشی عەرەبی بەدەست هێناوە. نامەی ماستەرەکەیشی بە ناونیشانی: شار لە چیرۆکەکانی جەلیل قەیسیدا- خوێندنەوەیەکی سایکۆسۆسیۆلۆژی. (بە زمانی عەرەبی).

- لەساڵی ٢٠١٢دا بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان بەشی عەرەبی بەدەست هێناوە، ناونیشانی تێزی دکتۆراکەی: گێڕانەوە لە نێوان ڕۆمان و مێژوودا لە سێینەی (وادی کوفران)ی ڕۆماننووس زوهدی داوودی- خوێندنەوەیەکی سۆسیۆمێژوویی. (بە زمانی عەرەبی).

- لەساڵی ١٩٩١ەوە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە.

- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی جیهانیە.

- لەساڵی ٢٠١١ەوە سەرۆکی بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژە.
- خاوەنی بیست کتێبی چاپکراوە لە بوارەکانی ئەدەب و وەرگێڕان و بابەتی فیکریدا.

- حاڵی حازر مامۆستایە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان-بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆی سلێمانی.

**بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر**

- ئەرکەکانی ڕێکخراوی لاوان، نووسینی: لینین، وەرگێڕانی بە ناوی خوازراوی (هەڵگورد) لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی خوێندکارانی کوردستان، بالیسان، ١٩٨٤.

- شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، (دەق و ڕەخنە)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠١.

- بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ، (کۆمەڵێ وتاری وەرگێڕدراو)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١.



PDF 4 KURD

- گفتوگۆ لەگەڵ ئەدۆنیس، منداڵی-شیعر-تاراوگە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم- ٢٠٠١.
- چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٨ .

- ئایین و عەلمانییەت و کۆمەڵگەی مەدەنی، گفتوگۆ لەگەڵ د. محەمەد ئارکۆن، سازدانی: هاشم ساڵح، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٢.

- لە نێوان بلیمەتی و شێتیدا، نووسینی: هاشم ساڵح، کتێبی گیرفان (٢٣) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم ٢٠٠٢.

- چاپی دووەم لە کتێبخانەی سۆران لە هەولێر ٢٠٠٤.

- مەملەکەتی تیشکەکان، کۆمەڵی چیرۆکی جەلیل قەیسی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

- چاپی دووەم لە بڵاوکراوەکانی ڕەخنەی چاودێر، ٢٠١٤.

- عەلمانییەت و ئایین: ئیسلام-مەسیحییەت-خۆرئاوا، نووسینی: د.محەمەد ئارکۆن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم ٢٠٠٥.

- چاپی دووەم پرۆژەی شەست کتێبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان ٢٠٠٩.

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

• ئیسلام و گلۆبالیزم، د. محەمەد ئارکۆن، کتێبی گیرفان (٦٦)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.
• ئەزموونی خوێندنەوە، چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٦.

• ئیسلام و عەلمانییەت، د. محەمەد ئارکۆن، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبیی نما، هەولێر، ٢٠٠٧.

• شوناسی تەواونەکراو، داهێنان-ئایین-سیاسەت-سێکس، نووسینی: ئەدۆنیس، لە بڵاوکراوەکانی ڕەخنەی چاودێر، سلێمانی، ٢٠٠٨.

• نوێکردنەوەی ئەقڵی عەرەبی، نووسینی: ئەدۆنیس، کتێبی گیرفان زنجیرە (١٠٥) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٩.

• سەرەتایەک لەبارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٩.

• فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١١.

**بە زمانی عەرەبی:**

• نصوص كردية حديثه، قصائد وقصص مترجمة، الطبعه الاولى، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠٠٩
- الطبعه الثانية، من منشورات مهرجان "گەلاوێژ" الثالث عشر في السليمانية، ٢٠٠٩.

PDF 4 KURD

- المدينة في قصص جليل القيسي، قراءة سايكو- سوسيولوجية، دار تموز
للطباعة والنشر، دمشق- سوريه، ٢٠١١.
- ترجمه كتاب (سبعون نافذة متجولة)، قصائد للشاعر شيركو بيكس، من منشورات مهرجان كلاويز السابع عشر في السليمانية، تشرين الثانى ٢٠١٣.

- ثلاثية وادي كفران للروائي الكردي زهدي الداوودي- دراسة سوسيوتاريخية، دار تموز للطباعة والنشر، دمشق، ٢٠١٤.

## زنجیرە چاپكراوەكانی ناوەندی غەزەلنووس

١ جیهانی سۆفیا/ یۆستاین گاردەر/ و: بەهرۆز حەسەن

٢ كچەی پەرتەقاڵ/ یۆستاین گاردەر/ و: بەهرۆز حەسەن

٣ لەتەمدا دیارنیم/ دلاوەر قەرەداغی

٤ سەفەرنامە/ هیوا قادر

٥ ئێستا كچێك نیشتمانمە/ شێركۆ بێكەس

٦ هەزار ماڵ لە خەون و ترس/ عەتیق ڕەحیمی/ ئازاد بەرزنجی

٧ زۆربای یۆنانی/ نیكۆس كازانتزاكیس/ و: ڕەووف بێگەرد

٨ دەروازەیەك بۆ جوگرافیای سیاسی/ هاوڕێ یاسین محەمەد

٩ پاسەوانێك لە مەزرا/ ج.د. سالنجەر/ و: ژوان جەلال

١٠ نامبینیت چون پاییز دەبمەوە/ جەمال غەمبار

١١ جوگرافیای هەرێمی كوردستان/ هاوڕێ یاسین محەمەد

١٢ تەنیاییيەكی پڕ هەراوزەنا/ بوهیمیڵ هراباڵ/ و: دلاوەر قەرەداغی

١٣ كازینۆی مندالآن/ كاروان كاكەسوور

١٤ ڕاپۆرتی مەرگێكی پێشوەخت ڕاگەیندراو/گارسیا ماركیز/ و:حەمە قادر

١٥ خێراكە... مردن خەریكە بگات/ شێركۆ بێكەس

١٦ سوارچاكێكی نەبوو/ ئیتالۆ كالڤینۆ/ و: ئەحمەدی مەلا

١٧ ئەحمەد شاملوو/ ئەحمەد شاملوو/ و: بەڕۆژ ئاكرەیی

١٨ نوسین بە ئاوی خۆڵەمێش/ شێركۆ بێكەس

١٩ جوگرافیای ستراتیجی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست/ جیفری كەمپ رۆبەرت هاركاوی/ هاوڕێ یاسین محەمە

١٩ كەوتن / ئەلبێر كامۆ/ و: سەیوان محەمەد

٢٠ حەفتاكێل/ یەدۆڵلا روئیایی/ و: بەروژ ئاكرەیی

٢١ ئیتر لە دەرگا نادات پۆستەچی/ بوشرا كەسنەزانی

٢٢ لۆلیتا/ ڤلادیمێر نابۆكۆڤ/ و: توانا حەمەنووری

٢٣ جۆناسانی نەورەس/ ڕیچارد باخ/ و: ئازاد بەرزنجی

٢٤ عاشق هەمیشە تەنیایە/ سوهراب سپهری/ و: ئازاد بەرزنجی

٢٥ ژنێك لەبەردەم ورزێكی ساردداا/ فرووغ فەڕوخزاد/ و: ئازاد بەرزنجی

٢٦ دیوانی لەتیف هەڵمەت



PDF 4 KURD

٢٧ دیوانی رەفیق سابیر
٢٨ ئیمپراتۆریای لم/ رەفیق سابیر
٢٩ بەستاندارکردنی زمان و ئەلفوبێی کوردی/ رەفیق سابیر
٣٠ ئەفسانەی سیزیف/ ئەلبێر کامۆ/ و: ئازاد بەرزنجی
٣١ کورپێژگە بیجامە خەتخەتەکە/ جۆن بۆین/ و: ماردین ئیبراهیم
٣٢ گوڵی ڕەش/ شێرزاد حەسەن
٣٣ حەسار و سەگەکانی باوکم/ شێرزاد حەسەن
٣٤ لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا/ سامویل بێکێت/ و: سەرکەوت جەلیل
٣٥ فەهرەنهایت ٤٥١/ ڕەی برادبێری/ و: سەیوان محەمەد
٣٦ جوگرافیای خاک/ د.هاوڕێ یاسین محمدامین
٣٧ جیۆپۆلەتیکی گۆڕانی ئاووهەوا/ جیمس. ئار. لی/ د.هاوڕێ یاسین محمدامین
٣٨ چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمیدا/ د. سەبور عەبدولکەریم (شکار)
٣٩ ڕەنگدانەوەی کەسێتی و دنیابینی حەلاج لەشیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا/ د. سەبور عەبدولکەریم (شکار)
٤٠ تاوان و سزا/ فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی/ و: ڕەووف بێگەرد
٤١ مەسخ/ فرانس کافکا/ و: پێشەوا فەتاح
٤٢ ماڵی نانی/ کاروان کاکەسوور
٤٣ بێگانە/ ئەلبێر کامو/ و: د. موحسین ئەحمەد عومە ر
٤٤ مەنفا و مەملەکەت/ ئەلبێر کامو/ و: د. موحسین ئەحمەد عومەر
٤٥ زەماوەند و هاوین/ ئەلبێر کامو/ و: د. موحسین ئەحمەد عومەر
٤٦ هەزار خۆری درەوشاوە/ خالید حوسەینی/ و: ئازاد بەرزنجی
٤٧ چیاکانیش دەنگیان دایەوە/ خالید حوسەینی/ و: ئازاد بەرزنجی
٤٨ زۆربای یۆنانی/ نیکۆس کازانتزاکیس/ و: ڕەووف بێگەرد
٤٩ چیرۆکی ئەیووب بە گێڕانەوەی تەورات/ و: حەمە قادر
٥٠ پاریس جەژنی نەبڕاوە/ ئێرنست هەمنگوەی/ و: ژوان جەلال
٥١ بەرەی ڕۆژئاوا ئارامە/ ئێریش ماریا ڕیمارک/ و: کەریم پەڕەنگ
٥٢ دەروازەیەک بۆ میتافیزیکا/ ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام/ و: هۆشمەن جەلال
٥٣ گفتوگۆ لەگەڵ مێژوودا/ ئۆریانا فالاچی/ و: عەزیز گەردی
٥٤ گاتسبیی مەزن/ ف. سکۆت فیتزجێراڵد/ و: سەیوان محەمەد
٥٥ کاک برایم و گوڵەکانی قورئان/ئێریک ئیمانۆئیل شمیت/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
٥٦ مێروولەکان بەژێر ڕووناکیی مانگدا دەڕۆن/ بەختیار حەمەسوور



PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

٥٧ بەخێر بێن بۆ بیابانی ڕیاڵ /سلاڤۆی ژیژەک/ و: وەلید عومەر
٥٨ حیکایەتی چل شەوەی شاری قەلەندەران/ بە ڕیوایەتی بوشرا کەسنەزانی
٥٩ قاوەکان خراپ سەفەر دەکەن / پەری کەریمی نیا
٦٠ کێ-لە-من-و-ڤیرجینیا-ڤۆلف-دەترسێت/ پەری کەریمی نیا
٦١ هەموو ڕێگاکان دەچنەوە قرەجاڕ؟ / پەری کەریمی نیا
٦٢ ئاسمان و ڕیسمان /حوسێن حوسێنی
٦٣ گیرۆدەیی: گەورەترین نهێنیی فیزیا /ئامیر ئەسڵ/ و: حوسێن حوسێنی و د. ئومێد غەریب
٦٤ عەشیقی وەرگێڕ / جان دۆست / و: سەباح ئیسماعیل
٦٥ مێژووی ڕەخنەسازی / پ.د.کامل حەسەن بەسیر
٦٦ ئیسلام لە شەبەنگی فەلسەفەی ئایینەوە / ئازاد قەزاز
٦٧ کۆمار / ئەفلاتوون / د. محەمەد کەمال
٦٨ سۆسیۆلۆژیای بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان / عادل باخەوان
٦٩ وڵاتێک بۆ مردن / عەبدوڵڵا تایع / و:سەلاحەدین بایەزیدی
٧٠ ئەودیوی فیزیا چاوپێکەوتن و گفتۆگۆ/ ویرنەر هایزەنبێرگ / و: حوسێن حوسێنی
٧١ فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان/ د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
٧٢ بوودای ناو هەورەبانەکە / جولی ئۆتسوکا / و: سەیوان محەمەد
٧٣ سەرهەڵگرتن / هێرتا مولەر/ و: عەبدولغەنی کاکۆ

## پرۆژەی هاوبەش لە گەڵ ماڵی سوهرەوەردی

١ فەلسەفەی ئیسلامیی/ کیندیی و فارابیی / هاوژینی مەلا ئەمین
٢ نظرية الحكمة الخالدة في الفلسفة الإسلامية دراسة نقدية / هاوژینی مەلا ئەمین
٣ موساو یەکتاپەرستیی / سیگمۆند فرۆید / هاوژینی مەلا ئەمین
٤ رامان لە سەروەختەکانی جەنگ و مەرگ / سیگمۆند فرۆید / ئارام حاجی

PDF 4 KURD